# زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا

فەرهاد شاکەلی

# زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا

کۆمەڵەدیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف،
ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەستەڵات
١٩٩٠ – ٢٠١٠

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

فەرهاد شاکەلی
زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٢٠
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٦٩ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ناوت بهێنم،
ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دەبن بە گڕ و
بەر دەبنە بیرەوەرییەکانی ئێستا و جارانم.
ناویشت نەهێنم،
عەشقی تۆ دەبێتە ئاگرێک و کەنارەکانی ڕۆحم دەسووتێنێت.
با ئەم بەرهەمە ببێتە ڕازێک،
لە ئاستانەی ئاشنایەتیی
تۆدا گوڵ بکات.

فەرهاد
ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٧/١٢/٤

# فەرهەنگی خۆڕووخێنی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا

نەخشەی فەرهەنگی کوردی لەم سەردەمەدا هێندە ئاڵۆز و شێوێنراوە کە بوارێکی یەکجار تەسک و ڕەقەنی بۆ گوتوبێژێکی زانستی و مەنتیقی هێشتۆتەوە. ئەمەی دەیڵێم دەکرێ لەبارەی هەر ڕۆژنامە یا گۆڤار یا وەستگەی تەلەڤیزیۆن و ماڵپەڕی ئینتەرنێت و دەستگایەکی فەرهەنگییەوە، کە سەر بە کورد بێت، بگوترێت. ڕادەی رەخنەگرتن و لێپرسینەوە پێوەندییەکی ئاشکرای بەو گیانی بەرپرسایەتییەوە هەیە کە ڕەنگە لای دەستگایەک بە دی بکرێت و لای یەکێکی دیکە وای دابنێیت کە هاوتای سفرە (مەبەستم ژمارەی سفرە). بەرەی فەرهەنگی شێوێنراوی کورد هێندە بەرین و گشتگرە کە لە هەر لایەکەوە هێرشی بکەیتە سەر هەر ڕووبەڕووی ئەو وێرانکاری و نیازی خۆڕووخێنییە (خۆڕووخێنی: self-destruction) دەبیتەوە کە بوونەتە نیشانە و تایبەخۆی ئەو فەرهەنگەی تۆ چاوەڕوانی ئەوە بوویت بەرەو ئاسۆیەکی دیکە بڕۆیشتایە.

ئەو وێنە مەیلەو ڕەشبینانەیەی سەرەوە دەکرێ بخرێتە چوارچێوەیەکەوە کە ڕەنگە هێندەی تر تاریک بێتە پێش چاو، بێ ئەوەی ئەمە کاردانەوەی گیانی خۆڕووخێنیی فەرهەنگەکە خۆی بێت، یا بەشداریکردنێک بێت لە وێرانکارییەکەدا. چوارچێوەکە ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و تەکنیکییەیە کە دەکرا تا سنووری ڕێنێسانسێکی (renaissance) فەرهەنگی سوودی لێ وەربگیرێت و تا داوێنی بووژانەوە و خۆدروستکردنێکی ڕاستەقینەی سیاسی و نەتەوەیی بخرێتە کار. کەچی ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەیبینین شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت کە تا ڕادەی بێئومێدی لە تەرازووی هۆشیارییەوە دوورە و لەگەڵ بنەماکانی ئەزموونگری و بەو پێیەیش سەرخستنی ئاستی زانیاری، بەتایبەت زانیاریی ناوکۆی نەتەوایەتی، ناتەبایە.

من کارم بەسەر ئەوەوە نییە ئامارە ڕەسمییەکانی دەستەڵات چیمان پێ دەڵێن و

دەسـتگاکانی ڕاگـەیاندن چۆن هۆش و بیری بەشی هـەرە زۆری ئـەوانەی تەمـاشـایان دەکـەن و گـوێیـان لـێ دەگرن و دەیانخـوێننـەوە لە خـشـتـە دەبەن. ئەمـە نە پەسندان و پێـداهەڵدانی لێـوەشـاوەیی و زیرەکـیی ئەو دەسـتگایانەیە و نـە بەڵگەی دەبـەنگی و کـەمـهـۆشـیی خـەڵکە. دەسـتـەڵات، لە وڵاتێکی وەک کوردسـتـاندا، هەر چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستەی لێوە دەکرێت و زۆربەی خەڵکی ئەم جیهانەیش لەو بابەتەن کە بە شێوەی جۆراوجـۆر فریـو دەدرێن. من لەم ڕووەوە و لێرەدا هـەرچییـەک بڵێم ناگاتـە چمکێکی ئەوەی کۆمـەڵناسـی گـەورەی فـرانسـی گوسـتـاڤ لێـبـۆن (Gustave Le Bon 1841-1931) لە کـتـێـبی (سـایکۆلۆگـیی حـەشـامـات: جـەمـاوەر)دا، کە سـاڵی ١٨٩٥ بڵاو کـراوەتەوە، نووسـیـویەتی. ڕەنگە ئەگەر تۆزێک گەشبینانە لە مـەبەسـتی نووسینەکەم بڕوانم، ئەو مـافە بە خـۆم بدەم بە لێکدانەوەیـەکی هەندێ لە بیروبـاوەڕەکانی بیریاری کۆچکردووی کورد مامۆستا مەسعوود محەمەد (١٩١٩ - ٢٠٠٢)ی دابنێم.

چ لەم نووسـینەدا و چ لە بـەشـێکی زۆری نووسـینـەکـانی پێـشـوومـدا، مـن زیاتر پەرۆشـی زمـان و فـەرهـەنگی کـوردیم. ڕەنگە جێی خـۆیشـی بێت لێرەدا ئـەوە جـەخت بکەمـەوە کـە من وشـەی فـەرهـەنگ بەرانبـەر (Culture)ی ئینگلیـزی و (ئەورووپایی) و (ثقـافـة)ی عـەرەبی بە کـار دەهێنم. کـە ئەمـە دەڵێـمـەوە هەر هێندەم مـەبەسـتـە ئەو ڕاستییـە وە بیر بهێنمەوە کە وشـەی باوی (ڕۆشنبیری، ڕووناکبیری) هەرگیز ناکرێ و ناتوانـێ بەرانبـەر (کـەلـچـەر، کـولتـوور و ثەقـافـە) بوەسـتـێت و ئێـمـە لە وشـەی (فـەرهـەنگ) چاکتـرمـان نییـە. ئێـسـتـا بـواری ئەوەم نییـە کـارنامـەی ئەردەشـیـر (ئەرتەخشـیـر)ی پاپەکان ڕابکێشـمـە ناو بـاسـەکەوە، یا بە تەنگ ئەوەوە بم سـوپای لەبننەهـاتووی دۆست و لایەنـگرانی وشــەی ڕۆشـنبـیـری تێک بشکێنم. هـەر کـاتێ دەرفـەتی ئەو بـەسـەرکـردنـەوەیەم بۆ ڕەخـسـا، دیارە شـتـێکم هـەر پێیـە بۆ گـوتن و ڕاگەیاندن.

کێـشـەکـانی زمـانی کـوردی بەتایبـەت و فـەرهـەنگی کـوردی بەگشـتـی بە ڕوواڵەت پێبـەسـتی بابەتـەکانی زمـانەوانین و سـەر بە چوارچێوەیەکی زانسـتی و ئەکـادیمین، بەڵام ڕاسـتییـەکەی ئەوەیە کـە ئەوانەیش بەرهـەمی پلـەی شـارسـتـانـەتی و هۆشیـاریی نەتەوایـەتی و ویسـتی سـیـاسـیی ئەمـڕۆی کـوردن. لەگـەڵ ئەوەیشـدا کـە هـەندێجـار کێشـەکان زۆر ڕوون دێنە پێش چاومـان و بەو پێیـەیش دەبوو دۆزینەوەی چارەسـەر

ئاسـان و بابەتی بەردەست بـووایە، کەچی نەک هـەر پەی بەوە نابەین کـە ئێـمـە وەک نـەتەوە و وەک فـــەرهـەنگ ڕووەو تێکشکـان و هـەڵوەشـــانەوە دەچـین، بەڵکە زۆریـش شـێلگیـرانە دەچینە پیریی مـەترسی و ئاگربارانەوە، وایش دەزانین بەمـە دەتوانین بە پلەکانەی فەرهەنگ و شارستانەتیدا سەر بکەوین. ئەم جۆرە ڕەخنە و توانجە دەکرێ بدرێ بـە ڕووی هەر ڕۆژنامــە و گــۆڤــارێکدا، یا هـەر دەســتگایـەکی فــەرهەنگی و زانسـتیی کوردسـتاندا. پێشتر لە هەندێ دیمانەدا ئەم باوەڕانەم باشتر پێشکێش کردووە. لـە یەکێک لەو دیمانانەدا گوتوومە: (ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامـە نییـە کە بە کوردییـەکی ڕاست و بـە ڕێنووسـێکی ڕاست نووسـرابێت). ئێسـتـایش ناتوانم لەوە کەمتر بڵێم. ئەم نیگەرانییە، ئەم ترسە و ئەم ڕەشبینییە کرۆکی بەشێکی زۆری ئەو باوەڕانەن لەم دیمانانەدا دەرمبڕیون و جار لە دوای جار جەختم کردوونەتەوە.

ناوەڕۆکی دیمانـەکانی ناو ئـەم کتـێبـە بەشـێکی گرنگ و گـەوهـەرینی نیگەرانی و بایەخــپـێـدان و خـەونـەکـانی ڕووناکـبـیـرانی وریا و جـیـددی و دووربینـی ئەمـڕۆی کوردستـان بە سـەر دەکاتەوە. ڕووناکبیر لەم ڕستەیـەدا هەرگیز بەو مەعنا نەریتـانە پانوپۆڕە بە کـار نەهاتووە کە ڕەنگە لە سـەردەمێکی دیکەی مێژووی کـوردسـتـاندا، تەنانەت مێژووی زۆر نزیکیشدا، پێناسـەمـان کردبێت. پێناسـەکردنی ڕووناکبیـری کورد لە هیچ سـەردەمێکی دیکەی مێژووی تازەی کوردستاندا، هێندەی پێناسەکردنی پلەی وریایی و دووربینی و جیددیبوونی ڕووناکبیری ئەمڕۆی کوردستـان، ناچاری ئەوەی نەکردووم بنەڕەتـەکانی جیـۆگرافی و دووری و نزیکی لە دەسـتـەڵاتەوە بکەمـە مــەرجــێکی پێــویست و گـرنگ بۆ دامـــەزراندنی ئـەو پێنـاســـەیە. بـە خــوێندنەوەی دیمانەکان سەرچاوەی ئەو گومان و ناباوەڕییەی من ڕوونتر دەبێتەوە.

وردبوونەوە لە کـۆمـەڵگەی کـوردەواری لەم پانزدە سـاڵەی ڕابوردوودا ئەوەمـان پێ دەڵێت کـە ئەم قـۆناغـە چیـرۆکی تایبــەتی خـۆی هەیـە و دەبێ بە شـێـوەیـەکی تەواو بگێڕدرێتـەوە، هـەم بە شێوەیەکی سیـاسی و هەمیش بە شێوەیەکی هونەری. یەکەمین ڕێگر لە بەردەم گێڕانەوەیەکی سەرتاسەریدا ئەوەیە کە ئێمە دوو چیرۆکی جیاوازمان هەیە، دوو گێـڕانەوەی جیاوازمـان هـەیە، کە ناکرێ وەک چیـرۆکی تاکە نەتەوەیەک و تاکە نیشـتمـانێک بگێڕدرێتـەوە. هەر ئەم ئـەنجـامگرییـە پرسـیـارێک بە دووی خـۆیدا

دەهێنێت: کێ چیرۆکی ئەم سەردەمەی کورد دەگێڕێتەوە؟

من پێم وایە ئەرکی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ڕووناکبیران. ئەوانن کە دەبێ ڕاپۆرتی سەردەمەکەیان بنووسن و بیدەنە دەست مێژووەوە و بیدەنە دەست نەوەی داهاتووەوە. بەڵام ڕووناکبیر تەنیا یەکێک لەو دوو چیرۆکە دەزانێت و تەنیا یەکێکیشیان دەنووسێتەوە. ئەو لە کوێ وەستابێت و چ کەسانێک بناسێت، هەر باسی ئەوێ و باسی ئەوانە دەگێڕێتەوە.

ڕەنگە پرسیارێکی ڕەوا لای خوێنەرەوەی ئەم کتێبە ئەوە بێت کە کۆکردنەوەی ئەم دیدارانە چ سوودێکی هەیە؟ لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یا فیکریدا، من دەتوانم بە قووڵی لە گەوهەری بابەتێک نزیک ببمەوە و هێندەی شیکردنەوەیەکی زانستی ڕێگە بدات لایەنە جۆراوجۆرەکانی یەکالا بکەمەوە. لە لێکۆڵینەوەدا تۆ دەتوانیت بە شێوەیەکی ستوونی لەگەڵ بابەتەکەدا خەریک ببیت و هەموو ئەو لایەنە لاوەکییانەیش پێبەستی ناوەڕۆکەکەن، بە جۆرێک تێهەڵکێش بکەیت کە ببنە پاڵپشت بۆ ڕاگرتن و بەهێزکردنی بابەتی سەرەکی. بەڵام چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و تەنانەت نیوچەزانستییش بواری ئەوەت پێ نادات دیسیپلینە زۆر و جیاوازەکان تێکەڵ بکەیت و هەموویشیان لە یەک پلە و لە یەک ئاستدا بخوێنیتەوە و شی بکەیتەوە. کۆسپێکی دیکەی نێوان لێکۆڵەرەوە و خوێنەر، مێتۆدۆلۆگیی کاری زانستی و ئەکادیمییە کە دەبێتە هۆی قەتیسمانی زانیارییەکان لەناو کۆمەڵە چوارچێوەیەکدا، کە ڕێگە نادەن هەموو خوێنەرێک و هەموو خوێنەرەوەیەک لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەکردنی بابەتەکەدا بەشدار بن و سوود لە ئەنجامگرییەکانی وەربگرن. لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا ئەوەندەی لێکۆڵەرەوە بە بیر و نرخاندنی خۆیەوە، بە عەقڵ و تیۆرییەوە ئامادەیە، هێندەیش و بگرە زیاتریش مێتۆدۆلۆگی و وردەکارییەکانی پێکهاتە و قەوارەی نووسین ئامادەیە. گرنگیی دیمانە [دیدار، چاوپێکەوتن، هاوپەیڤین Inter-view] بۆ خوێنەرێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێت. لە دیمانەیەکدا تۆ دەتوانیت بە شێوەیەکی ئاسۆیی بابەتی جۆراوجۆر بە سەر بکەیتەوە بێ ئەوەی ترسی ئەوەت هەبێت لە سنووری ئامانج و ئەنجامگرییەکان دوور بکەویتەوە. نووسەر، شاعیر، زانستکار یا بیریار کە دیمانەی لەگەڵ دەکرێت ئەو ئازادییەی هەیە بیروباوەڕەکانی خۆی بەو شێوەیە دابڕێژێت کە هەم لەگەڵ سەرچاوە عەقڵی و مەنتیقییەکاندا

بگونجێت و هەمیش نەهێڵێت کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی (Apparatus) ببنە ڕێگرێک لە بەردەم هەستی خۆیدا وەک مرۆڤێک و لە بەردەم خوڕاوگەی بیرەکانیدا، بێ ئەوەی ئەمە مەعنای ئەوە بێت لە دیمانەدا ناکرێت مەنتیقی زانستی بە کار ببرێت.

ئێمە گەلێ جار لە بیری خۆماندا چەندان هاوکێشەی فیکری و سیاسی و زانستی هەڵدەبەستین و دەیانکەینە بنەما بۆ ئەو باوەڕ و بۆچوون و هەڵوێستانەی دەریاندەبڕین و لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانخەینە کار. ئەو هاوکێشانە دەکرێ بەرهەمی ئەزموونەکانی ژیانی تاکەکەس یا کۆمەڵگە بن و لەوانەیشە تیشکدانەوەی تیۆری و فەلسەفە و زانست و زانیارییە دامەزراو و چەسپیوەکان بن. لە هەردوو بارەکەدا ڕەنگە پێوەرێکی نەگۆڕی ڕاستی و ناڕاستیی هاوکێشە و هەڵوێستەکانیش تەنیا کات بێت. کە دەشڵێم کات، بە ڕادەی یەکەم مەبەستم کاتە وەک چەمکێکی مێژوویی، نەک وەک چەمکێکی فەلسەفی. من ئەو شانازییە بە خۆم ڕەوا دەبینم کە لە ماوەی ٢٠ تا ٢٥ساڵی ڕابوردوودا گەلێ لەو پێشبینییانەی هەستم پێ کردوون و دەرمبڕیون، بە تێپەڕینی کات هاتوونەتە دی و دەرکەوتووە کە چەند زوو ڕاستیم ناسیوەتەوە و دەستنیشانم کردووە. دیارە لەبەر ئەوەی من هەرگیز بەشێک نەبوومە لە دەستەڵاتی سیاسی، بیر و بۆچوونەکانیشم هەرگیز نەگەیشتوونەتە پەراوێزی پیرۆزی مەملەکەتی دەستەڵاتداران. دوژمنایەتیی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە دەستەڵاتی سیاسیی کورد لەگەڵ ڕووناکبیری سەربەخۆ و ئازادەبیر و ڕەخنەگردا، بەئاشکرا لە چارەنووس و سەرئەنجامی ئەم دیمانانەدا بە دی دەکرێت.

***

لەم کتێبەدا نۆزدە دیمانە بڵاو کراونەتەوە، کە لەناو نزیکەی شەست حەفتا دیمانەدا هەڵمبژاردوون. بەشێکی زۆری ئەو تێکستانەی پێم وا بوو پێویست ناکات سەرلەنوێ بڵاویان بکەمەوە، ئەوانەن کە لەگەڵ هەندێ بابەتی فەرهەنگی و سیاسیی وەهادا خەریک دەبوون، کە بە تێپەڕبوونی کات نرخ و گەرمیی خۆیان لە دەست دەدەن و ناتوانن ببنە وەرامدەرەوەی پرسیار و نیگەرانییەکانی ئەم سەردەمە. دیارە ناکرێ بڵێم سەرتاسەری ئەو تێکستانە تازەیی و نرخی خۆیان بۆ ئەمڕۆ لە دەست داوە، چونکە دیمانەی وا هەیە کە لە کۆی دە پانزدە پرسیار و وەرام، تەنیا دوو یا سێیان لەو بابەتە تەمەنکورتانەن. بەڵام دیسانیش هەڵبژنین و هەڵاواردنی ناوەڕۆکە

جیاوازەکان کات و کارێکی زۆری دەویست، کە بۆ ئێستای من هیی ئەوە نەبوو تەنانەت بیریشی لێ بکەمەوە.

دەمەوێ دەرفەتی بڵاوکردنەوەی ئەم تێکستانە بۆ ئەوە بە کار بهێنم لە دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا و ڕۆژنامەوان و نووسەرانە بکەم، کورد و ناکورد، کە کاتی خۆی ئەم دیمانانەیان ساز کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە و نامیلکەی جیاوازدا بڵاویان کردوونەوە. بەداخەوە لەگەڵ هەندێکیان بە جۆرێک لە یەکدی دابڕابووین، کە ڕێگایەکم نەبوو و نەمدەتوانی پێوەندییان پێوە بکەم و لە دەرچوونی ئەم کتێبە ئاگاداریان بکەم.

هەر لێرەدا دەمەوێ زۆر سوپاسی دۆستانی خۆشەویستم کاک ئاسی ڕەباتی، کاک ئاسۆ گەرمیانی و کاک کاوە ئەمین بکەم کە بێ یارمەتیی ئەوان هەرگیز نەدەکرا ئەم کتێبە لە کاتی خۆیدا ڕووناکی ببینێت. هەروەها سوپاس بۆ (زریان)ی کوڕم و بۆ دایکی زریان، کە هەر یەکێکیان بە شێوەیەک لە پەیدابوونی ئەم کتێبەدا کۆمەکیان کردم.

دەبێ زمانێکی تایبەتی بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بتوانم سوپاسی شاعیر و ڕووناکبیر و هاوڕێی خۆشەویستم کاک خەبات عارف بکەم، کە لەپێناوی وشەی کوردیدا هیچ زەحمەتی و سەختییەک لە ورەی کەم ناکاتەوە. زۆرجار بەوە دڵی خۆم دەدەمەوە کە نیگەرانی و خەم و ئومێد و بێئومێدییەکانمان خزمی یەکن و یەکڕەنگ و یەکشێوەن.

فەرهاد شاکەلی

سۆللەنتونا، ستۆکهۆڵم، ١١-٨-٢٠٠٧

## فەرهەنگی ئێمە زۆر لاوازە، زۆر لەدوایە

بەربانگ: حەز دەکەین، ئەگەر بە کورتییش بێت، باسی خۆت بۆ خوێنەرانی بەربانگ بکەیت.

شاکەلی: پێم وایە خۆپێشکێشکردن بۆ هیچ شاعیرێک و بۆ هیچ هونەرمەندێک ئاسان نەبێ. هۆی زۆرە و گەلێکیشیان بەجێن. ئەوە لێ دەگەڕێم بۆ دەرفەتی دیکە. من ساڵی ١٩٥١ لە ناوچەی کەرکووکی خوارووی کوردستان لە دایک بوومە. ساڵانی منداڵی و بەشێکی لاوێتیم لە گوندەکەی خۆمان، شاکەل، بردۆتە سەر. چەند ساڵێکیش لە بەغدا خوێندوومە. وێڕای خوێندن دوو ساڵ ڕۆژنامەگەر بووم. ساڵی ١٩٧٤–١٩٧٥ پێشمەرگە بووم و لە بەشی ڕاگەیاندنی شۆڕش کارم دەکرد. بە تێکچوونی لانە و کاشانەی کورد، ١٩٧٥، ئیدی ژیانی ئاوارەیی بۆ زۆربەمان دەستی پێ کرد. پاییزی ١٩٧٧ هاتمە ئەڵمانیا(ی جاران ڕۆژاوا). لە هاوینی ١٩٧٨یشەوە لە سوێد دەژیم. ئێستا لە زانستگەی ئوپسالا خوێندکاری دۆکتۆرام و هەر لەوێیش، لە ئەنستیتووتی زمانانی ئاسیا ئافریقا مامۆستام و دەرسی زمانی کوردی دەڵێمەوە.

ژیانی شاعیریم لە کۆتاییی شەستەکانەوە دەست پێ دەکات. پێشتریش، لە تەمەنێکی زۆر منداڵترا، شیعرم نووسیوە، بەڵام شتی منداڵانە و نەگەییو. یەکەمین دیوانم، پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی، بەهاری ١٩٧٣ بڵاو کرایەوە.

بەربانگ: هەتا ئەمڕۆ بەرهەمی شیعری چیت بڵاو کردۆتەوە و لە بوارەکانی تردا چیت هەیە؟

شاکەلی: لە بواری شیعردا، دوای یەکەم دیوانم، دوو نامیلکە و دیوانێکی شیعرم بڵاو کردۆتەوە: ڕووبارە تیشکێک لە هەتاوی سوورەوە (بەیرووت ١٩٧٧)، هەوراز (سوێد ١٩٨١) و ژێ (سوێد ١٩٨٥). دوو لێکۆڵینەوەی ئەکادێمیم بە هۆی خوێندنەکەمەوە نووسیون: کوردایەتی لە مەموزینی خانیدا (ساڵی ١٩٨٣ بە

ئینگلیزی و ١٩٨٥یش بە سوێدی)، پەخشانی مۆدێرنی کوردی، بە سوێدی (ئەمەیانم بڵاو نەکردۆتەوە). شتێکی دیکەی شایانی ناوهێنان بێت (فرمێسک و هونەر)ە کە بریتییە لە بیست شیعری گۆران، بە هاوکاریی دوو دۆست (لارش بێکستروێم و بەختیار ئەمین) کردمانە سوێدی و ساڵی ١٩٨٦ بڵاو کراوەتەوە. سەرەڕای ئەوانە ٤– ٥ کتێبی منداڵانم لە سوێدییەوە کردوونە کوردی و هەندێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم بە ئینگلیزی و سوێدی لێرە و لەوێ بڵاو کراونەوە و هەندێ شیعریشم تەرجومە کراون.

بەربانگ: بەرنامەی کاری ئێستات چییە و بە چییەوە خەریکیت؟

شاکەلی: دانانی بەرنامەیەکی کارکردن بۆ کەسێکی وەک من ئاسان نییە. ئێستا ناچمە بنجوبناوانی ئەم باسەوە، چونکە ئەودەم دەبێ ناو لە هەموو شتێک بنێم، کە ئەوەیشم پێ خۆش نییە. ئەگەر مەبەستت لە (ئێستا) ئەمساڵ و یەک دوو ساڵی داهاتووە، ئەوا دەمەوێ بەشێکی باشی کات و توانستم بۆ ئەنجامدانی دۆکتۆرنامەکەم تەرخان بکەم. ئەوە دوو سێ ساڵە لە زانستگەی ئوپسالا دەرسی زمانی کوردی دەدەم و ئەوەیش کات و خۆئامادەکردنی گەرەکە. گێڕانی سەمینار بۆ ناساندنی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کورد، لە سوێد و لە وڵاتانی دیکە، هەمیشە ڕوو لە زیادبوونە. سەرباری هەموو ئەوانە بەڕێوەبردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (مامۆستای کورد) ئەرکێکی کەم نییە. وێڕای ئەوانەیش شیعر دەنووسم و لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی و زمانەوانییش ئەنجام دەدەم. ئێ خۆ ئاشکرایشە ئەگەر بتەوێ دێڕێک بنووسیت، دەبێ هەر نەبێ سەد دێڕ بخوێنیتەوە.

بەربانگ: ئەگەر بکرێ باسێکی بەشی کوردی لە زانستگەی ئوپسالا بۆ خوێنەرانمان بکەیت؟

شاکەلی: لە زانستگەی ئوپسالا هەر لە کۆنەوە بەشی ئێرانناسی هەبووە، بەڵام لێرەیش، وەک زۆربەی بەشەکانی دیکەی ئێرانناسی لە ئەورووپا، بە ڕادەی یەکەم زمان و ئەدەبی فارسی خوێنراوە، لە کاتێکدا دەزانین ئێرانناسی و زمانانی ئێرانی سەرەڕای فارسی، کوردی و بەلووچی و پەشتۆ و تاجیکی و ئۆسیتییش دەگرێتەوە. ئەمە ئەگەر تەنیا باسی زمانانی زیندووی ئێرانی بکەین. چەند ساڵێ لەمەوبەر

پێشنیـازی ئەوەم کرد، بۆچی کوردییش نەخوێنرێ... خـوا هەڵناگرێ کەس نەیگوت نا. هەمـوو پێیـان بـاش بوو. لە سـەرەتادا، تا مـاوەی سێ سـاڵیش، هـەر وەرزی پێنج خـاڵ دەخوێنرا. لە کـاتالۆگی کۆرسـەکانی زانسـتگەدا ناوی کوردی نەبوو، هەر نـاوی زمـانـانـی ئێرانـی هەبوو. خـوێندکار بۆ ئەوەی مـافی هەبێ کـوردی بخـوێنێت، دەبوو پێشتر یەک وەرز (٢٠ خاڵ) فـارسـیی خوێندبا. لە ساڵی خـوێندنی ١٩٨٩-١٩٩٠وە هەنگاوێکی تازەمـان هەڵهـێنا. کوردی کرا بـە کۆرسـێکی سـەربەخـۆ. لە کـاتـالۆگدا سـەربـەخـۆ باس کراوە و خـوێندکار دەتـوانێ تەنیـا کـوردی بخـوێنـێ و وام (قـەرز)ی خوێندکارییشی بۆ وەربگرێت.

بەربانگ: بێجگە لە کاری مامۆستایەتی چیی تر دەکەیت؟

شـاکەلی: ئەگـەر مەبەسـتت کارێکە پێـی بژیم، ئەوا هـەر مـامۆسـتـام و کـاری دیکەم نییـە. بەڵام، وەک پێشـتریش باسم کرد، بە گەلێ شتی دیکەوە خەریکم. سـەرقـاڵم و پڕکـارم، یەکجار و لـە ئەندازەبەدەر سـەرقاڵم، بەڵام خـۆشـبـەختـانە هەمـوو کـاروبار و چالاکی و سـەرقاڵیم پێوەندیی بە زمان و فەرهـەنگ و ئەدەبی کوردییەوە هـەیە.

بەربانگ: وەک شاعیرێک بۆچوونت بەرانبەر شیعری نوێی کوردی چییە؟

شـاکەلی: پێ دەچێ تۆ بـاسـی شیـعری ئـەمڕۆی کوردی دەکەیت. شـیـعری تازە، کـە ئیدی شیـعری تازەی کوردییش دەگرێتەوە، چەمکێکی ڕەها نییە، بەڵکە پێوەندییەکی زۆری بە سـەردەم و نرخـە باوەکـانی سـەردەمـەوە هـەیـە. لە پرۆسـێسـی گـەشـەکردنی شیـعری کوردیدا گەلێ جار نوێبـوونەوە و نوێکردنەوە هەبووە و بە دی هـاتووە. خـانیی گەورە لـە سـەردەمی خۆیدا شیـعری کوردیی تازە کـردەوە و شێـوە و نـاوەڕۆکی تـازەی داهێنا. نالی نوێکردنەوەی کردە خوێندنگەیەکی، مەدرەسـەیەکی، هـونـەری.

ئەزمـوونێکی لەبـەرچاو و لە ئێـمـەوە نزیک، ئـەزمـوونی مـامـۆسـتـا گۆرانە. گـۆران ناوەڕۆک و شێـوە و زمانی شیـعری کوردیی تـازە کردەوە. ئەزموونی تازەکردنەوەکەی گـــۆرانیش تا دواســاڵەکـانی چلەکـان بڕی کـــرد. لـەوەوپاش، لـەژێر تـین و تاوی کۆمۆنیسـتـیدا، شیـعری گۆران و بەهرەی هونەرکـارانەی گۆران بەرەو سیسـبـوون و پووان چوو. لە سـەرەتای حەفتاکانیشـەوە نەوەیەکی دیکەی تازە هاتە پێشەوە. ئێمە

٧–٨ شاعیرێک بووین کە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ گۆران جیاواز بووین. سەردەمەکە بۆ خۆی ئەوەی دەویست کە دەنگی تازە و لە گۆران جیاواز پەیدا ببێ. ئەزموونی ئەو نەوەیەی ئێمە یەکجار ناکام و ئاڵۆزە. تەنیا چوار ساڵی ئاشتیی ١٩٧٠–١٩٧٤ بەشی ئەوەی نەکرد ئەو ئەزموونە لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی دابمەزرێنێ و بنەما و نرخە هونەرییەکانی ڕوون ببنەوە و جێگیر بن. لەوە بەدوایش، بەتایبەتی لە ١٩٧٥ بە دواوە، ئیدی نە زەوینەی فەرهەنگی و نە گەشەکردن و ئەزموونی تاکەکەسیی هەر یەکێک لەو شاعیرانە ڕێگەی ئەوەی نەهێشتۆتەوە کە باس لە ئەزموونی یەک نەوە، یا کۆمەڵە شاعیرێکی سەر بە یەک نەوە بکرێ. هەر یەکەمان کەوتینە لایەک و گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانوپۆڕە و هەر یەکێکمان تێکەڵاوی و ئاشنایەتیمان لەگەڵ فەرهەنگ و زمان و ئەزموونی دیکەدا پەیدا کرد. بەم پێیەیش بۆچوون و نرخاندن و جیهانبینی و چێژی هونەری و زمانەوانیمان گۆڕانی بنەڕەتی و دوورلەیەکی بەسەردا هات. بێجگە لەو ٧–٨ شاعیرەی سەرەتای حەفتاکان، پاشتر، کۆمەڵێ شاعیری دیکەیش پەیدا بوون، کە پێم وایە هەر بەردەوامی، ئەویش بەردەوامییەکی کزی، ئەزموونی نەوەی حەفتاکانن.

ڕواڵەتێکی زاڵی شیعری کوردی لەم ١٠–١٥ ساڵەی دواییدا شیعری بەرەنگاری و شۆڕشگێڕییە. من ئەمە بە شیعری نوێ دانانێم. ئەمە سیاسەتاندنی شیعرە، بەکارهێنانی تفاق و کەرەسەیەکی هونەرییە بۆ دەربڕینی مەبەستێکی سیاسی. نوختەیەکی دیکەی لاواز لای بەشێکی زۆری شاعیرانی ئەمڕۆ زمانە. ئەمانە خۆیان لە جغزێکی تەنگەبەر و کەڕووهەڵهێناودا بەند کردووە، وا پێ ناچێ تازە ئیدی بتوانن لێی بێنە دەرەوە.

بەربانگ: چۆن بیر لە فەرهەنگی کوردی بە گشتی دەکەیتەوە، چ لە وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات؟

شاکەلی: پێشەکی دەبێ لێرەدا دوو شت وە بیر بهێنمەوە: یەکێکیان ئەوەیە کە گونجاوترین و ڕاستترین وشەیەک لە کوردیدا بەرانبەر (Culture, Kultur) بە کار بهێنرێ (فەرهەنگ)ـە. شتی دیکەی وەک (ڕۆشنبیری) و (چاند) هەڵبەستراون. دووەمیش ئەوەیە کە چەمکی فەرهەنگ لای ئێمە (کوردستان و بەشێکی ڕۆژهەڵات) و لای ئەم خەڵکی ئەورووپایە جیاوازن. لە وڵاتانی خۆمان کە دەڵێین فەرهەنگ

مەبەستمان بە ڕادەی یەکەم فەرهەنگی نووسراوە؛ شیعر و چیرۆک و بابەتەکانی دیکەی ئەدەب و، تا ڕادەیەکی کەمیش نیگارکێشان و مۆسیقا. بەڵام فەرهەنگ لای ئەمان ڕووبەرێکی یەکجار فراوان و پانوپۆڕ دەگرێتەوە.

بۆ ئەوەی فەرهەنگی گەلێک، نەتەوەیەک پێش بکەوێت و گەشە بکات، لە پێش هەموو شتێکی دیکەدا پێویستی بە ئەتمۆسفێر و دەوروبەرێکە دێموکراسی و ئازادیی بیری تێدا چەسپاو بێت. ئەمە تەنیا ئازادیی دەربڕین ناگرێتەوە، بەڵکە ئازادیی بڕیاردانیش، واتە بەڕێوەبردن و پلاندانان و نەخشەکێشانیش. لە هیچ بەشێکی کوردستاندا ئەم هەلومەرجە لە ئارادا نییە. تەنانەت لە ناوچە (جاران) ئازادکراوەکانی کوردستانیشدا نەبوو. کەواتە دەبێ فەرهەنگی کورد لە چوارچێوەی هەلومەرجی دژوار و دەردەدار و گوشارهێنی ئەمڕۆدا تەماشا بکەین، نەک ئەوەی دەبوو چۆن بووبایە، یا حەز دەکەین چۆن بێت. لەو چوارچێوەیەدا و بەو گەزوگرێیەی بۆ جیهانی سێیەمی بە کار دەبەین، فەرهەنگی کورد تا ڕادەیەک خۆی پاراستووە و دەژی، بەڵام نەک لە هەموو کوردستاندا. من پێم وایە فەرهەنگی کورد ئەگەر هەموو لایەنێکی لە بەرچاو بگرین تەنیا لە کوردستانی عیراق و کوردستانی ئێراندا هەیە و بە ڕادەیەکی زۆر کز و شێواویش لە کوردستانی شوورەوی. ئەو بەشەی فەرهەنگی نەتەوەییمان کە لە باوباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و ئەنجامی کەڵەکەبوونی دەسترەنگینی و هونەرکاری و ئەزموونی هەزاران ساڵەمانە، دەوڵەمەند و فرەلایەنە: نموونەی ئەمە هەڵپەڕکێ، گۆرانی، پەندی پێشینان، تەونگەری و کاری دەستە. بەڵام فەرهەنگی نووسراو، نیگارکێشان، مۆسیقا، واتە ئەو بەرهەمانەی زادەی خوێندەواری و هۆش و بیرێکی تازە و پێشکەوتوو بن و لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا سەرەتاتکێ بکەن و پێویستییە ژیاری و ڕەوانییەکانی مرۆڤی کورد بە جێ بهێنن و نرخی تایبەت و نەتەوایەتی لا جێگیر و فراوان بکەن، ئەوا زۆر هەژارە، زۆر لەدوایە، زۆر لاوازە. دڵم چۆن بە فەرهەنگێ خۆش بێ کە یەک میلیۆن و نیو پەندی پێشینان و مەتەڵۆکی هەیە، بەڵام ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی نییە، یەک ڕەخنەگری ئەدەبیی لێزانی نییە، مێژووی نە تازە و نە کۆنی نەتەوەکەی نەنووسراوە، چوار کتێبی زانستی کە منداڵان بە کاری بهێنن نییە و سەدان (نییە)ی دیکەیش.

لە دەرەوەی وڵات فەرهەنگی کورد دەرفەتێکی باشتری لە پێشدایە. لێرە ئاستەنگ کەمترن، بەڵام گیروگرفتیش هەن. هەر بۆ نموونە، هێزە سیاسییەکانی کورد

دەیانەوێ فەرهەنگی کورد بکەنە دەستگایەکی حیزبیی بێگیان. دۆگماتیزمی یەکجار کوێرانە و ڕێوێڵکەر بەسەر زۆربەی دەستگا فەرهەنگییەکاندا زاڵە. لە هەموو ئەوانەیش بترازێ دەرەوەی وڵات، واتە دەرەوە و دوور لە کوردستانەوە...! ئەم بەشەی فەرهەنگی کوردی لێدوانێکی زۆرتر هەڵدەگرێ، بۆیە لێرەدا ناتوانم باسی وردودرشتی بکەم.

بەربانگ: پێشتر لە پرسیارێکدا باسی ئەوەت کرد کە لێکۆڵینەوەیەکت لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە نووسیوە. ڕێبازی گەشەکردنی چیرۆکی کوردیت پێ چۆنە؟

شاکەلی: چیرۆکی کوردی لە ماوەیەکی کورتدا پێشکەوتنێکی لەبەرچاوی وەدەست هێناوە. ناوەڕۆکی چیرۆکی کوردی لەم ١٥–٢٠ ساڵەی دواییدا قووڵتر و فرەلایەنەترە لە چیرۆکی هەموو ٤٠–٥٠ ساڵی پێشتر، بەڵام فۆرمی چیرۆکی کوردی بارتەقای ناوەڕۆک پێش نەکەوتووە. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم چیرۆکی کوردی وەرامدەرەوەی ئەمڕۆی باری کۆمەلایەتی و سیاسی و گەواهینامەیەکی هونەرمەندانەی ئەم بەشەی مێژووی کوردستانە. ئەگەر بیر لەو لایەنانە بکەینەوە برێک تووشی بێهومێدی دەبین. هەر کاتێک بووین بە خاوەنی شاکارێکی وەک (کەلیدەر)ی مەحموودی دەوڵەتئابادی، ئیدی هیوامان بە چیرۆک و چیرۆکنووسانی کوردیش دەگەشێتەوە.

لێکۆڵینەوەکەی من زیاتر دەکەوێتە خانەی مێژووی ئەدەبییەوە، نەک ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، چونکە من ڕەخنەگری ئەدەبی نیم و ئەوەیشم هەر وەک کارێکی ئەکادێمی نووسی. بەڵام ئەو ٩–١٠ مانگەی خەریکی لێکۆڵینەوەکە بووم، گەلێ ئەنجامگریی سەیر و سەرنجڕاکێشم دەستگیر بوو. هەر بۆ نموونە یەک دوو شتێ باس دەکەم: جارێ دەبێ پێشەکی پێ لەوە بنێین کە ئێمە ڕەخنەی ئەدەبیمان لە بواری چیرۆکدا، واتە ڕەخنە لە چیرۆک، نییە. ئەگەرچی بە ژمارە گەلێ لێکۆڵینەوەمان لەسەر چیرۆکی کوردی و مێژووی پەخشانی کوردی هەن، بەڵام، بە لای منەوە، لێکۆڵینەوەکەی کاک حوسێن عارف (چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥–١٩٦٠) تاکە لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕێکوپێک و ڕاستگۆیانەیە. هەندێ بیروڕا و هەڵسەنگاندن لەبارەی چیرۆک و چیرۆکنووسانەوە هەن، کە ساڵانێکی دووروودرێژە

هەر دەوترێن و دەوترێنەوە. من وام پێ باش بوو وە دووی ئەو دیتنانە نەکەوم و خۆم بچمە بنجوبناوانی شتەکانەوە. کە وام کرد، خۆشبەختانە، ئەنجامی دیکەم وە گیر کەوت؛ ئەنجامی لە هیی ئەوانی دیکە جیاواز.

بەربانگ: ڕۆڵی ڕووناکبیری ئەمڕۆت پێ چۆنە؟ ئەمڕۆ ڕووناکبیران چ سیاسەتێک بگرنە بەر باشە؟

شاکەلی: جارێ من بۆ خۆم گومانم هەیە کە ئێمە ئینتێلیگێنتسیا (Intelligentsia)یەکی کوردیمان هەر هەبێ. ئەوی هەمانە و نیمانە ژمارەیەک ڕووناکبیرە، کە پێم وایە زۆریش نین، دەنا ئەوەی وا باوە کە چینێکی یا توێژێکی ڕووناکبیرمان هەیە، پێم وا نییە ڕاست بێت. دەکرێ بڵێین توێژێکی خوێنەوارمان هەیە، توێژێکی وا کە لە نەخوێندەواری ڕزگاری بووە، بەڵام خوێندەوار شتێکە و ڕووناکبیر شتێکی دیکە.

ئەگەر نووسەرانی کورد بەشێکی گرنگی ڕووناکبیران بن، ئەوا دەبێ بێ پێچ و پەنا بڵێم لە ماوەی ١٠–١٥ ساڵی ڕابوردوودا زۆر نووسەر نموونەی هەلپەرستی و بێهەڵوێستی بوون. لە ماوەی ٩ ساڵ شەڕی براکوژیدا نووسەر و شاعیر هەبوون کوتەک بوون بە دەست چەکدارانی ملهوڕەوە. بەرانبەر سیاسەتی هێرشبەرانە و شەڕخوازانە و نامرۆڤانەی سۆڤیێت و دەست و پێوەندەکانی کرۆکپ، زاریان چووبووە کلیلە. لە دەرەوەی وڵاتیش زۆرمان بینی هەر بە ناوهێنانی دێمۆکراسی و ئازادیی بیروباوەڕ شێت دەبوون و ئاگریان تێ بەر دەبوو، جەژنیان بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان دەگێڕا و نۆ میلیۆن کرێکاری پۆڵۆنیا (لەهستان)یان بە کۆنەپەرست و خۆفرۆش دادەنا (ئەگەر چەرمی ڕوویان قایم نەبێ، دەبێ ئەوانە ئێستاکە چی بڵێن؟). نووسەری (شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز)مان هەیە بە ساڵان ڕێی نەکەوتۆتە کوردستان، بەڵام فریای ئەوە کەوت سەری (کابوڵ) و دارودەستەی (بەبرەک کەرمەل) بدات.

ترسناکترین شەپۆل کە بەسەر بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیراندا هات لێلاوی چەپی ساختە و سۆڤییەتپەرستی بوو. کار گەیشتە ڕادەیەک کە دژی نەتەوەکەی خۆیان و مێژووی خۆیان ڕاوەستن، تەنیا بۆ ئەوەی پاساوی تاوانەکانی شوورەوی بدەن و ڕووی دزێوی کۆمۆنیستی بشارنەوە. ئێستا دوای ڕووخانی ڕێژیمە

دیکتاتۆرەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات و گۆڕانکارییە گرنگەکانی دنیای سیاسەت، هیوایەکی زۆر هەیە ئەمە لە بیر و لێکدانەوە و هەڵسوکەوت و ئاکاری ئەمانەی لای خۆیشماندا ڕەنگ بداتەوە و بوێرن پێ لە ڕاستی بنێن.

ڕووناکبیر ئەگەر بەڕاستی ڕووناکبیر بێت، سەربەخۆ دەبێ، بە مێشکی خۆی بیر دەکاتەوە و بە چاوی خۆی تەماشا دەکات، ڕۆڵی خۆی چاک تێ دەگات، ڕێگەی خۆی دەناسێت و پێویستی بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی من و تۆ نییە.

بەربانگ: وەک شاعیر و ڕووناکبیرێک بەربانگت پێ چۆنە و لەو بوارەدا چی بکرێت باشە؟

شاکەلی: بەربانگ ئێستا بەرەو ئەوە دەچێت ژمارەی حەفتایەمینی لێ دەربچێت. حەفتا ژمارە بۆ گۆڤارێکی کوردی کەم نییە، بگرە زۆریشە. بەڵام بەرانبەر بەوەیش وا چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر گۆڤارێک ٧٠ ژمارەی لە دەرەوەی وڵات، کە دێمۆکراسی و ئازادیی هەیە و تەکنیکی پێشکەوتوو لە بەردەستدایە، لێ دەرچووبێ، کارێکی گەورەیشی کردبێتە سەر فەرهەنگ و بیری خوێنەران و ئەو دەوروبەرەی لەپێناویاندا بڵاو دەبێتەوە و ناوەڕۆکەکەیشی گەیشتبێتە پلەیەکی بەرز. کە بیر لەمە بکەینەوە دەبینین بەربانگ گۆڤارێکی پاشکەوتووە و هیچ ئامانجێکی فەرهەنگیی بە دی نەهێناوە. هۆی ئەمەیش ئاشکرایە؛ بەربانگ هەرگیز سەربەخۆ و دێمۆکراتیک نەبووە، ڕێگەی بە ئازادیی دەربڕینی بیروڕای جیاواز نەداوە و هەمیشە لەژێر سانسۆری ئیدیۆلۆگیدا بووە.

پێم وایە دەکرێ بەربانگ پێش بخرێ و بکرێتە گۆڤارێکی کاریگەر و سەرکەوتوو بەتایبەتی، هێندەی من بزانم، بودجەیەکی باشی هەیە و بۆ پارە دانەماوە، کە ئەمە ئاستەنگ و گیروگرفتی هەرە سەختی گۆڤاری دیکەیە. دەستەیەکی نووسەرانی کارزان و لێهاتوو، ئازادەبیر و کوردپەروەر، پێڕەویکردنی دێمۆکراسی و ئازادیی بێ چەند و چۆنی بیر. ئەمەیە ڕێگەی ژیاندنەوە و خستنەگەڕی بەربانگ و دەیان گۆڤاری دیکەی کە دیلی تاریکایین.

ئامادەکردنی: ئاسۆ گەرمیانی

بەربانگ، ژمارە: ٦٨-١٩٩٠

# چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ

ئەم گفتوگۆیە، بە ئامادەکردن و پرسیار و وەرامەوە، نزیکەی دوو ساڵ و نیوی خایاند. سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ لە ورمێ، کوردستانی ئێران، دەستی پێ کرا و بەهاری ١٩٩٢ لە لەندەن، ئینگلستان، تەواو بوو. ئەوەی لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە هەر ئەو تێکستەیە کە یەکەم جار لە گۆڤاری کاروان، ژمارەی پێنجەم، مانگی تەمووزی ١٩٩٣، لاپەڕە ١٢١-١٣٣دا بڵاو کرایەوە.

ئەم دیدارە دواتر بە شێوەی نامیلکەیەک چاپ کرا:

عەزیز کەیخوسرەوی: چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ؛ فەرهاد شاکەلی لە مەسەلەکانی فەرهەنگی کورد دەدوێت، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٤٣ لاپەڕە.

هەر ئەم دیدارە بە کەمێک دەستکارییەوە لەلایەن هاوڕێی بەڕێزم پرۆفیسۆر محەمەد کەمالەوە، مامۆستای فەلسەفە لە زانستگەی مێلبۆرن، ئاوسترالیا، تەرجەمەی زمانی ئینگلیزی کرا و لە گۆڤاری نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی کوردیدا بڵاو کرایەوە:

Reflections of a Kurdish Poet; An Interview with Farhad Shakely, The International Journal of Kurdish Studies, Volume 12(1998), Numbers 1 & 2, pp. 97 - 107

کەیخوسرەوی: پێناسەت سەبارەت بە شیعر چییە؟

شاکەلی: پێم وایە ئەمە یەکێکە لەو پرسیارە هەرە زەحمەت و ناخۆشانەی لە شاعیران دەکرێن. ئەوجا شاعیری وا هەیە هەر بە بیستنی پرسیارەکە تۆپەڵێ وشەی ڕەنگاوڕەنگی سێگۆشە و چوارگۆشە دادەڕێژێ و دڵی خۆی بەوە خۆش دەکا کە شیعری ناساندووە و تیۆرییەکی تازەی لەو بابەتەوە هێناوەتە گۆڕێ، بێ ئەوەی، بێگومان، هیچی گوتبێت. لە ئەدەبی کوردیدا خەڵکی ئاوامان زۆر هەبوون و هەن. چاوپێکەوتنەکانی ئەم بیست سی ساڵەی ڕابوردوو بخوێنەوە، جا بزانە چەندین قسەی سەیر و سەمەرەت پێش چاو دەکەوێ. خۆشبەختانە من یەکێک لەو کەسانە نیم. تا ئێستایش، کە ئەوە بیست ساڵ زیاترە شیعر دەنووسم، ناتوانم پێناسەیەک

بۆ شیعر پێشکێش بکەم. دیارە مەبەست ئەوە نییە کە هەر دەبێ هەموو شاعیرێ پێناسەی خۆی لەمەڕ شیعر هەبێ؛ مەبەستەکە ئەوەیە هەر شاعیرێ کام پێناسە، یا کام پێناسانەی پێ ڕاستە. تۆ ئەگەر تەماشای سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی شیعر بکەیت، هەر لە سەردەمی کۆنی گریکەکانەوە و تا سەردەمی ڕێنێسانس و ڕۆمانسیزمی ئەورووپا و هەتا دەگاتە ئەم سەدەی بیستەمەی کە پڕە لە نوێبوونەوە و گۆڕانکاری، سەدان، بگرە زیاتریش، باس و پێناسەت بەرچاو دەکەوێ. ئەگەرچی خوێندنگە جیاوازەکانی ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی هەمیشە هەر بەرانبەر یەکیان گرتووە و گوتوبێژیان کردووە، بەڵام هێندەی تاڵەموویەک کاریان نەکردۆتە سەر ئەوەی کە شیعری سەردەمێک بەملادا یا بەولادا ببەن، یا نەیانتوانیوە شاعیرێکی لێهاتوو ناچار بکەن شیعر بەگوێرەی ئەم پێناسەیە نەنووسێت و بەگوێرەی ئەوی دیکەیان بینووسێت. ڕەنگە پێچەوانەی ئەمەیان ڕاستتر بێ؛ واتە شاعیرێکی داهێنەر کاری کردبێتە سەر لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرانی سەردەمێک و بووبێتە هۆی ئەوەی ئەمانە بێن پێناسەی بۆ بدۆزنەوە و بەرهەمەکەی بخەنە ناو چوارچێوەی تیۆری و ئێستێتیکییەوە.

با لە کورتی بیبڕمەوە. من هیچ پێناسەیەکم بۆ شیعر نییە و پێیشم وا نییە هیچ پێناسەیەکی چوارگۆشەی لەقاڵبدراو بتوانێ وزەی لەبننەهاتووی شیعر لەناو خۆیا بەند بکات.

کەیخوسرەوی: شیعر لای تۆ چۆن لە دایک دەبێ؟

شاکەلی: ئەگەر باشی بۆ چووبم، پێم وایە دەتەوێ بزانی تەکنیکی شیعرنووسینم چۆنە. ڕاستت دەوێ، دوای ئەو هەموو ساڵەی شیعرنووسین، خۆیشم لام ڕوون نییە شیعرەکانم چۆن پەیدا دەبن. من هەرگیز پێشەکی بڕیارم نەداوە شیعرێک بۆ فڵانە کەس، یا فڵانە هۆ بنووسم. شیعر کە خۆی هات ناچارم دەکات بینووسم و بیهێنمە سەر کاغەز. ساڵی ١٩٧٥ چەند هاوڕێم لە زیندانی بەعسی عیراقدا بوون. شیعری (دەنگتان)م بۆیان نووسی، کەچی هەر ئەو دۆستانەم دوای ماوەیەک کە ئیعدام کران، نەمتوانی یەک دێڕیشیان بۆ بنووسم. بۆ هەڵەبجەیش هەر شتێکی وا بوو. لە سەرەتادا کە ڕووی دا، شاعیری کورد نەما شیعر و داستان بۆ هەڵەبجە نەنووسێت،

بەڵام من دوای دوو ساڵ و سێ مانگ ئەوسا شیعری (کەوشەنی مەرگ)م نووسی.

جاری وا هەیە گەرای شیعرێک لە مێشکمدا پەیدا دەبێ، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر، چەند ڕۆژێک یا چەند مانگێک، بۆم نانووسرێت، جاری وایش هەیە هەر یەکسەر بۆی دادەنیشم و سەرلەبەری دەنووسم. دەستکاریی شیعریش، کەم و زۆر، دەکەم. جاران، کە دیوانی یەکەم و دووەمیشم بڵاو کردەوە، هێندەم دەستکاری نەدەکرد؛ هەروەک خۆی بڵاوم دەکردەوە. بەڵام ئێستا زۆرتر نیگەرانم و زۆرتر شیعر دەستکاری دەکەم. دیســـانیش شــــیــعــرم هەیە کــە هەر یەکــەندەردوو (یک اندر دو) چۆن بووە، وام هێشتووەتەوە، وەک (گەڕانەوەیەک) و وەک (تیشک)، کە پێم وایە شیعری خراپیش نین.

شاعیر هەن کە شیعر زۆر دەنووسن، هەموو مانگێ، هەموو حەفتەیەک و بگرە هەموو ڕۆژێک. من وا نیم. هەندێ جار ڕوو دەدات کە لە ماوەی هەشت نۆ مانگدا هیچ نانووسم، یا هەرچییشم نووسیبێت دڕیومە و فڕێم داوە. خوێندنەوە زۆر کار دەکاتە سەر شیعرنووسینم. ئەو ماوەیەی کە خەریکی کاری ئەکادێمیم و کتێبی زانستی و لێکۆڵینەوە زۆر دەخوێنمەوە، شیعرم بۆ نانووسرێت، بەڵام ئەگەر ماوەیەک خەریکی ڕۆمان و شیعر خوێندنەوە دەبم، شیعرم باشتر بۆ دێت.

کەیخوسرەوی: پێوانەی ڕەسەنیەتی و چاکیی شیعر لای تۆ چییە؟

شاکەلی: چاکی و ڕەســەنیی شــیــعــر، وەک لە گەلێ بواری دیکەیشدا هەر وایە، پێوەندییەکی توندی لەگەڵ جۆری جیهانبینی و تێگەیشتن و پاشخانی فیکری و فەرهەنگیی هەر یەکێکماندا هەیە. وێڕای ئەمانەیش هەموو، فاکتۆرێکی دیکەی گرنگ دەمێنێتەوە کە چێژی تاکەکەسە. نامەوێ ئەم پێشەکییە گشتی و تیۆرییە بە درێژی ڕوون بکەمەوە، چونکە لام وایە مەبەستەکەم ئاشکرایە، بەڵام تەنیا هەوڵ دەدەم بە یەک دوو نموونەی بچووک پشتی بگرم و هێزێکی زیاتری بدەمێ. ڕەنگە بە لای مەلایەکی نیوەخوێندەوارەوە شیعری چاک ئەوە بێ کە زۆرتر لە باسوخواسی دین و مردن و حەشر و نەشر، یا پەسنی کردگار و نێردراوی کردگاردا ڕۆچووبێت. بە لای خوێندەوارێکی بەرەی چەپەوە شیعری ڕەســەن ئەوەیە زۆر بە شــێــوەیەکی ئاسان و ڕوون نووسرابێت، تا ئەو ڕادەیەی گوندی و جووتیار و کرێکار تێی بگەن و

"پێویستیشە" بەرگری لە بەرژەوەندیی ئەوانە بکات و هێز و هیوا بداتە خەباتیان.

ناتوانم بڵێم لای من، لە هەموو سەردەمێکدا، یەک پێوانەم هەبووبێت بۆ ناسینی شیعری چاک و ڕەسەن. لە سەردەمێکدا کە زۆر لاو بووم و تازە دەستم دابووە شیعرنووسین، زۆرم بە لاوە گرنگ بوو شیعر کێش و سەروا (وەزن و قافیە)ی هەبێت، وشەکانی کوردیی پەتی بن و زیاتر ڕۆمانتیک بێت و لە جوانیی ژن یا سروشت یا خۆشەویستیی نیشتمان بدوێت. ئەمە ئەنجامی خوێندنەوەی شاعیرانی ڕۆمانتیکی ئینگلیز، هەڵبەت لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە، بوو. دیارە شیعری گۆرانیش دیسان ئەم تێگەیشتنەی لا دروست کردبووم. لە سەرەتای حەفتاکاندا شیعری خەبات و شۆڕشگێڕی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام. ئێستایش، کە ئەوە ١٢–١٣ ساڵە لە ئەوروپا دەژیم، بێگومان بە جۆرێکی دیکە لە شیعر و شاعیر دەڕوانم. ئەگەر بمەوێ دیتنەکەم لە بواری شیعری کوردیدا پیادە بکەم، دەکرێ بڵێم شیعری چاک و ڕەسەن ئەوەیە کە شاعیر لە دڵەوە و ڕاستگۆیانە نووسیبێتی، بێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکی یا خۆبەستنەوەیەکی ئیدیۆلۆگی، ئایینی یا کۆمەڵایەتی ناچاری کردبێت بەم شێوەیە یا ئەو شێوەیە بیڵێت. ئەوەی کە وتم، ناوەڕۆک دەگرێتەوە. ئەمجا زۆرم بە لاوە گرنگە شاعیر بیرەکەی خۆی بە کەرەستەیەکی هونەریی بەرز و پێشکەوتوو دارشتبێت. کەرەستەی هونەری بەر لە هەر شتێکی دیکە، بە لای منەوە، زمانە، زمانە کوردییەکەی، ئەوجا وێنە و مۆسیقا. ئەمەی کە دەیڵێم، بیرکردنەوەیەکە، کە هۆشیاریی ئاوەزی ئاگادارم، ڕێکی خستووە و کردوویەتییە هێڵەکێک/ گڵگیرێک بۆ بێژانی شیعر، دەنا جاری وا هەیە شیعرێک دەخوێنمەوە، یەکجار زۆرم بە دڵە، بێ ئەوەی بزانم بۆچی. جا بۆ دەبێ هەموو جار وەرامێکی ئامادەمان بۆ ئەم جۆرە (بۆچی)یانە پێ بێت؟!

لایەنێکی دیکەی ئەم باسە هەیە کە بە لامەوە گرنگە و دەبێ قسەی لەسەر بکرێ. من ڕەخنەگر نیم و بە تەمایش نیم ڕۆژێ لە ڕۆژان ببمە ڕەخنەگر. من شیعر دەخوێنمەوە و شیعر دەنووسم، کە بەو شێوەیەیش وەرامی پرسیارێکی وا گرنگ دەدەمەوە، ئەمە هیچ لەسەر من ناکەوێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم، ئەم قسانەی من هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ، کە پێوانەی ڕەسەنایەتی و چاکیی شیعر نییە، یان نابێ هەبێ. ڕەخنەگرێک کە دێت لە بەرهەمی شاعیرێک، یا لە شیعری سەردەمێک

دەکۆڵێتـەوە، دەبێ پێوانـەیەکی زانسـتیی هەبێت، دەبێ کارەکـەی خـۆی بەگـوێرەی بنەمـای زانسـتـانە و مێـتـۆدێکی زانسـتـانە ئەنجـام بدات، ئەگـەرنا، ناتوانێ بگاتە ئەنجامێک.

سـەرەڕای هەمـوو ئەمـانە، دەبێ ئەوەیشـمـان لە بیـر نەچێ، کـە هـەر سـەردەمـە و پێوانەی تـایبەتی خۆی هەیە. نـرخ و پێوانەی هەڵسـەنگاندن و جوانناسـی لە کۆمەڵگە جیـاوازەکانی مرۆڤـایەتیدا، هەمیشـە لە گۆڕاندایە. هەندێکیـان زۆر زوو دەگـۆڕێن و هەندێکیـان برێک خـاوتر و درەنگتـر. ئێمـە چوزانین هەتا سـەرەتای سـەدەی داهاتوو چەند پێوانە دەڕزێن و دەپوێن و چەندی تازە پەیدا دەبن و هێز و برەو پەیدا دەکەن!.

کەیخوسرەوی: ئایا ئەو شاعیرانەی بۆ تۆ نموونە بوون کێ بوون؟

شـاکەلی: نـازانم بە تەواوی مـەبەسـتت لـە نموونە چیـیـە؟! بـەڵام پێم وایە ئەمـەیش یەکێکە لەو پرسیـارانەی کە گەلێ جار، وەک نەریتێک، لە شاعیران دەکرێن. بە هەر حاڵ من بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆم لە پرسیارەکەت وەرامیش دەدەمەوە.

بۆ ئەوەی لە پرسـیـارەکـەت نزیک ببمـەوە، دەبێ تۆزێکیش باسـی خـوێندنـەوەکانم، لێرەدا مـەبەسـتم شیـعرە، بکەم. لە سـەرەتای شـیـعرخوێندنەوە و شـیـعرنووسـینمـدا هەرچییەکم بەردەست بکەوتایە دەمخوێندەوە. دیارە لەو تەمەنە و لەو هـەلومەرجـەدا ئەوەی لە بـەردەسـتـدا بوو، شـتـێکی زۆر نەبوو. لە لایێکەوە من هـەر تەنیـا کـوردی و عـەرەبیم دەزانـی، لە لایێکی دیکەیشـەوە، ئێمـە گوندنشـین بـووین، لادێیی بووین. هەتا تەمـەنی شـانزدە حـەڤدە سـاڵان دیوانی زۆربـەی شـاعـیـرانی کـوردم خـوێندبووەوە. مـەبـەسـتم ئەوە نیـیـە بڵـێم لە هـەمـوویشـی تێگەیشـتـبـووم. هەر بۆ نموونـە دەڵێم، ئەوسـاـیش مـەولـەوی و نالیم خـوێندبووەوە، بەڵام بـێ ئەوەی لە نـرخـە هـونەری و زمانەوانی و عەقڵییەکانیـان تێگەیشتبێتم. نێزیکەی ١٤-١٥ ساڵ لەوەوپاش کە نالی و مەولەویم بە وردی و بـە مەبەستێکی دیکە خوێندەوە، ئەوجا توانیم برێک بچمە ناو دنیای شیعر و فەلسەفەی ئەم دوو شاعیرە، یا شاعیرانی گەورەی دیکەوە.

لەو سـەردەمـەدا گۆران و کـامـەران مـوکـری (ئەودەم هەر ناوی کـامـەران بوو) لە هەمـووان زیاتر سـەرنجیـان ڕاکێشـام. لە بیرمە لە تەمـەنی دوانزدە سـاڵاندا، دیوانی (گـوڵ ئەسـتـێـرە)ی کـامـەرانم لەمسـەر بۆ ئەوسـەر لە بـەر بوو. لە تەمـەنی شـانزدە

ساڵاندا دەیان شیعری گۆرانم لە بەر بوو. نابێ ئەوەم لە بیر بچێ کە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی ڕەفیق حیلمی، لەو تەمەنەدا، یارمەتییەکی زۆر چاکی داوم بۆ نێزیکبوونەوە لە دنیای شیعر و هەوڵی تێگەیشتن و چێژلێوەرگرتنی. شیعری گۆران تا ماوەیەکی زۆریش هەر سەرنجی ڕاکێشام. تەنانەت گەلێ بەرهەمی سەرەتای شیعرنووسینم لەسەر شێوەی گۆران بوو؛ وەزن و قافییە، خەیاڵی ڕۆمانتیکییانەی باڵدار، باسی جوانیی ژن و سروشت... هتد. بێگومان لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا، کە گۆران لە ئەزموونەوە قسەی کردووە، ئیدی ئەزموونی ژیان یا تێگەیشتنی هونەری بێت و من بێئەزموون یا کەمئەزموون بووم. ڕووناکبیر و ڕەخنەگرێکی کورد، یادی بە خێر و ڕەوانی شاد، دوو جار کە باسی شیعری منی کردبوو، ئەودەم، نووسیبووی دەبێتە خەلیفەی گۆران. پێنج شەش شیعری لەو بابەتەم لە ساڵانی ١٩٦٨-١٩٧٠دا بڵاو بوونەوە. بەڵام پاشان، کە دیوانم چاپ کرد، ئەو شیعرانەم بڵاو نەکردنەوە. خۆشبەختانە پێشبینییەکەی ئەو ڕەخنەگرە نەهاتە دی. لە کۆتایی شێستەکاندا، کە خوێندکاری خوێندنگەی ئامادەیی (دبیرستان) بووم شاعیرانی عەرەب، بەتایبەت شاعیرانی عەرەبی عیراق و شاعیری دیکەی جیهانیم بە عەرەبی دەخوێندەوە. لەناو شاعیرانی عەرەبدا، شیعری بەدر شاکر سەییاب (بدر شاكر السياب) لە هەمووان زۆرتر دڵ و مێشک و دەروونمی داگیر دەکرد. زمانی سەییاب و وێنەی شیعریی سەییاب و هونەرکاریی سەییاب شتێکە من ناتوانم (بە کوردی) بۆتی بگێڕمەوە، مەگەر بۆ خۆت عەرەبییەکی چاک فێر ببیت و بیخوێنیتەوە. بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە ساڵانی نەخۆشی و لە نەخۆشخانەکانی ئەورووپادا نووسیبوونی، بۆ ئەو کاتەی من تام و چێژێکی لەباسکردن نەهاتوویان هەبوو.

هەر لەو ساڵانەدا شاعیرە نوێخوازەکانی عەرەبی عیراق گۆڤارێکی چاکیان دەست پێ کرد (الشعر ٦٩). پێم وایە هەموو چوار پێنج ژمارەی لێ دەرچوو، بەڵام بۆ ئێمەی تامەزرۆی خوێندنەوە دەرووبەکی باش بوو. هەروەها گۆڤاری (شعر) کە شاعیرانی نوێخوازی لوبنان و سووریا، لە بەیرووت، بڵاویان دەکردەوە. ئەو ژمارانەی دەست ئێمە دەکەوتن کۆن بوون، بەڵام شیعری باش کوا کۆن دەبێ؟! هەردوو گۆڤارەکە دەیان شاعیری گەورەی جیهانیان پێشکێش دەکرد و لێکۆڵینەوەی چاکیان تێدا بڵاو دەکرایەوە.

کۆتاییی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان ساڵانێکی گورجتێپەڕ و سەرشار لە ئەزموون و گۆڕان بوون، چ بۆ من وەک تاکەکەس و چ بۆ گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا. دڵداری و سیاسەت دوو ئەزموونی کاریگەر و گرنگ بوون. ئەوجا، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، دوورکەوتنەوەیشم لە شار و ناوچەی خۆمان و خوێندنم لە زانستگەی بەغدا (پێتەخت)، ئەمانە کۆمەڵە ڕووداوێک بوون، لە زۆر ڕووەوە کاریان کردە سەر جۆری بیرکردنەوە و خوێندنەوە و هەڵسوکەوتم. لەو ساڵانەدا زۆرم دەخوێندەوە، یەکجار زۆر. هەموو جۆر و بابەتێکم دەخوێندەوە. هەر ئەم ئارەزووی خوێندنەوەیە هانی دام کە هەوڵ بدەم ئینگلیزییەکەم پێش بخەم؛ بە کۆمەکی فەرهەنگ و بە خۆماندووکردنێکی زۆر ئیدی دەمتوانی هەندێ شتی پێ بخوێنمەوە. ساڵی ٧٤-٧٥یش کە پێشمەرگە بووم، ئەوەندە فارسی فێر بووم کە ئیدی شیعر و ڕۆمان و لێکۆڵینەوەی پێ بخوێنمەوە. شیعری نیما و شاملو و فروغ فرخزاد، سەرنجیان ڕاکێشام. ئەزموونی هاتنە ئەوروپام و ئەم ١٣-١٤ ساڵەی ئێرەیش بۆ خۆی داستانێکە و قۆناغێکی تایبەتە.

وەک دەبینی ئەنجام دەگەینە ئەوەی کە ناتوانم بڵێم شاعیرێکی دیاریکراو یا چەند شاعیرێک بەتایبەتی بۆ من نموونە بوون. دەتوانم سەرجەمی باسەکە بە جۆرێکی دیکە دەرببڕم؛ نە لە ڕابوردوودا و نە ئێستایش، من هەرگیز بە ئاواتم نەخواستووە کە وەک فلانە شاعیر بنووسم، یا ببمە شاعیرێکی وەک فلانی. هەمیشە پێم خۆش بووە دەنگی خۆم، بە چاک و خراپ، هیی خۆم بێت.

کەیخوسرەوی: هەلومەرجی ئێستە و بارودۆخی ئەدەبی و دواڕۆژی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستان چۆن دەبینی؟

شاکەلی: ئەگەر بتوانم وەرامی ئەم پرسیارە بەتەواوی بدەمەوە، ڕێک وەک ئەوە وایە پلانێکی دە ساڵەم بۆ وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان دانابێ.

ئێمە کە باسی فەرهەنگی کوردی دەکەین، ناچارین پاشخانی جیۆگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانیش لە بەرچاو بگرین، چونکە ئەمانە کۆمەڵە فاکتۆرێکن ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە شێوەپێدان و گەشەکردن یا نەکردنی ئەم فەرهەنگەدا. لەوەیش گرنگتر چەمکی فەرهەنگ خۆیەتی. من دڵنیام کە تۆ لەم

پرسـیـارەدا باسـی فـەرهـەنگ دەکـەیت، ئەو چەمکەت لە بیـرە کـە لە وڵاتانی خـۆمـاندا باوە. دیارە هـەلومـەرج و دەوروبەرەکـە وای کـردووە فـەرهـەنگ بخـەینە ئەو قـاڵبـەوە. لە ئەوروپا و لـە زمـانانی ئەوروپاییدا فـەرهـەنگ شـتـێکی دیکـەیە. لە کـوردسـتـان و لە ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی، کە دەگوترێ فەرهەنگ بە زۆری مەبەست فەرهەنگی نووسـراوە (شـیـعـر و ڕۆمـان و چیرۆک و ڕۆژنامـە و کـتێب) و تا ڕادەیەکی کـەمـیش مـۆسـیـقـا و نیگـارکـێشـان، بەڵام لە ئەوروپا فـەرهـەنگ زۆر لـەوە فراوانتـر و قـووڵتـرە. لێـرە، لە ئـەوروپا، فـەرهـەنگ، بێـجگە لە بابەتـەکانـی ئەدەب، مـۆسـیـقـا و گـۆرانـی و شـانـۆگـەری و نیگارکـێشـان و پەیکەرتاشـی، هـەڵپـەڕکـێ، خـانووبـەرە، چـنـین و کـاری دەست، جلوبەرگ و خۆراک و ڕێوشـوێنی ژیان و هـەڵسوکەوتی ڕۆژانـەیش دەگـرێتەوە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا من هـەوڵ دەدەم، تا ڕادەیەک وەرامـی پرسـیـارەکـە لە چوارچێـوەی چەمکی کوردانەی فەرهەنگدا بدەمەوە.

دابەشـبـوونی کـوردسـتـان بـەسـەر پێنج شـەش وڵاتـی فـرەنەتەوە و سـیـسـتـەم و سیاسـەت جیاوازدا، بوونی زاراوای جیاوازی قسەکردن، نووسینـی زمانی کوردی بە سێ جـۆرە ئـەلفـوبێ، ئـەمـانە هـۆی سـەرەکـیی کـزبوون و لـەیەکـداپچـڕانی ئەدەب و فـەرهـەنگی کـوردییـە. ئەمـجـا دەمـێنێتـەوە سـەر کـۆمـەڵێ هـەلومـەرجی دیکە کـە تەنـها ئێـمـەی کـورد نـاگـرێتـەوە، بـەڵکە ڕۆژهـەڵاتـی نێـوەڕاست و بـەشـێکـی زۆری وڵاتانی جـیـهـانـی سـێـیـەمـیش (ڕەنگە دوای ڕووخـانـی جـیـهـانـی دووەم، شـوورەوی، مـانـای جـیـهـانـی سـێـیـەمـیش گـۆڕابێت) دەگـرێتـەوە، بۆ نموونـە: نەخـوێندەواریی بەربڵاو و فراوان، نەبوونی ئازادیی سیاسـی (و لە ئەنجامـیشدا نەبوونی ئازادیی نووسـین و بیر و بڵاوکردنەوە)، دواکەوتنی یا هـەر نەبوونی تەکنیک و گەلێ شتی دیکەیش.

ئەو بەشـەی فەرهـەنگی کورد کە ڕەگوڕیشـەی دەگـەڕێتەوە بۆ سـەردەمێکی کۆنتر، لە هـەمـوو بەشـەکـانی کـوردسـتـاندا، ئەگـەرچی تا ڕادەیەکی کـەمـیش بێت، پارێزراوە: گۆرانی، مـۆسیقا، هەڵپەڕکێ، پەندی پێشـینان، گەمە و کایەی منداڵان، نەریتی ژن و ژنخوازی، ڕێوشوێنی نان و خوان و جۆڵایی و تەونگەری و شتی لەم بابەتە.

فەرهـەنگی نووسـراوی کوردی، واتە ئەدەبییات (شیعر و چیرۆک و کتێب و ڕۆژنامە و خـوێندەواری) تـەنیـا دەکرێ بلـێـین لە کوردسـتـانی عـیـراق و کوردسـتـانـی ئێـراندا هـەیە. بەشـێکی گرنگیش فـەرهـەنگی کوردە لە دەرەوەی وڵات، لە ئەوروپای ڕۆژاوا. لە

کوردستانی عیراق و ئێراندا، لەگەڵ هەموو ژێردەستەیی و دواکەوتن و باری ناخۆشی سیاسییشدا، هەندێ لایەنی فەرهەنگی کورد، شیعر و چیرۆک و شانۆ، تەکانێکی داوە و پێشکەوتنێکی وە دەست هێناوە. بەڵام لایەنەکانی دیکە؛ لێکۆڵینەوە، مێژووی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، کتێب چاپکردن، وەرگێڕان، ئەدەبی منداڵان و ڕۆژنامەگەری، دواکەوتوون، زۆریش دواکەوتوون. ئەو فەرهەنگە کوردییەی کە دەبێ ١١-١٢ میلیۆن کوردی عیراق و ئێران هەیبێ (هەیبووایە) ئەمە نییە کە ئەمڕۆ لە بەرچاوە و دەیبینین.

لە کوردستانی سووریا و تورکیادا ناتوانین باسی فەرهەنگی نووسراو یا ئەدەبی کوردی بکەین. هەلومەرجی ئەو دوو بەشە زۆر جیاوازە. ئێستا لە تورکیا وا پێ دەچێت هەڵوێستی دەستەڵاتداران ڕوو لە گۆڕان بێت، بەو هیوایەی ئەمە بەردەوام بێت و ئەنجامێکی باشی بۆ گەلی کورد و فەرهەنگی کورد هەبێت.

لە کوردستانی شوورەوی، دەستەڵاتدارانی کۆمیونیست و شۆڤێنیست هەرگیز ڕێگەیان نەداوە فەرهەنگی کوردی پێش بکەوێ. دیارە کە ئازادی نەبوو فەرهەنگیش پێش ناکەوێ. لەوێ تەنیا لە ئەرمەنستان کتێبی کوردی چاپ دەکرێت، خوێندنیش حەوتووی دوو سەعات بە کوردی دەخوێندرا. ڕۆژنامەی (ڕییا تەزە)یش ئۆرگانی پارتی کۆمیونیستی ئەرمەنستان بوو. جاروبار شیعرێ یا چیرۆکێکی بڵاو دەکردەوە، دەنا هەر باسی گاجووت و مریشکداری و گەنم و جۆ بوو. ئەدەبی کوردی لە شوورەوی هەیە، بەڵام زۆر کز و لاوازە. لەوێ چیرۆکیان لە شیعریان پێشکەوتووترە، ئەگەرچی چیرۆکەکەیش کەمتر تام و بۆنی کوردیی تێدایە. نازانم ئێستا پاش هەڵوەشانەوەی شوورەوی هەلومەرجی کوردی ئەوێ بە چی دەگات؟ لەم دوو سێ ساڵەی ڕابوردوودا نووسەرێکی چاکیان (سەعیدێ ئیبۆ) کوژرا. دووی دیکەیشیان (عەلی عەبدولڕەحمان و کنیاز ئیبراهیمۆڤ) وێڕای بیستهەزار کوردی موسڵمان لە ئەرمەنستان دەرکران و پەڕەوازەی کۆمارەکانی دیکە بوون.

لە ئەورووپای ڕۆژاوا، ئەمە ١٠-١٢ ساڵە بزووتنەوەیەکی فەرهەنگیی باش لە ئارادایە. دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە کورد لە ئەورووپا گرۆیەکی، کۆمەڵگەیەکی تازە و کەمئەزموونە. ڕاستە لە ئەورووپا نووسەر و ڕووناکبیری کورد ئازادە و کەس سانسۆر و سنووری بۆ دانەناوە، گەلێ لە دامودەستگا فەرهەنگییەکانی ئەو وڵاتانە

کۆمەکی ماددی بۆ فەرهەنگی بێگانە (کە کوردیش دەگرێتەوە) تەرخان دەکەن، تەکنیکی پێشکەوتوو هەیە و لە بەردەستدایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش گیروگرفت کەم نین. هەر بۆ نموونە بڕێکت بۆ باس دەکەم: دووری لە کوردستانەوە و نەبوونی پێوەندییەکی ئازادانە و ڕێکوپێک کاری کردۆتە سەر جۆر و ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە. مەترسیی ئەوە هەیە کە کوردی ئەوروپا لەناو فەرهەنگی ئەوروپادا خۆ ون بکەن و فەرهەنگی نەتەوایەتیی خۆیان لە بیر بکەن، یا بە چاوێکی نزمەوە تەماشای بکەن (ئەمەیان هەر لە ئێستاوە هەستی پێ دەکرێ). تەشەنەکردنی گیانی خۆپەرستی و بێدەربەستی (هەر خۆم خۆش بم، خودای دەکرد هەموو دنیا ئاو دەیبرد)، نەبوونی هاوکاری و کاردابەشکردن بۆتە هۆی شڵەژان و پشێوییەکی ئاشکرا. بۆ نموونە لە ئەوروپادا ١٠-١٢ پەخشخانە (انتشارات)ی کوردی هەن، ٢٠-٢٥ گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاو دەکرێتەوە، کەچی تا ئێستا کارێکی وا نەکراوە کە دابەشکردن و بڵاوبوونەوە و فرۆشتنی بەرهەمەکان ڕێک بخرێ. هێزە سیاسییەکانی کورد هەوڵ دەدەن دەست بەسەر چالاکی و دامودەستگا فەرهەنگییەکاندا بگرن بۆ سیاسەتاندن یا سیاسەتاویکردنی فەرهەنگەکە، بێ ئەوەی هیچیشی لێ بزانن یا شایانی ئەوە بن. دوو لایەنی گەش لە فەرهەنگی کورد لە ئەوروپادا، بە لای منەوە، شایانی باسن؛ ئازادی و زانست (تەکنیک). لەم دوو بوارەدا گرۆیەکی دەستچن و هەڵبژاردە و ئەزمووندار، ئێلیتێک، لە دروستبووندایە و دروست دەبێ، کە لە پاشەڕۆژدا کارێکی چاک دەکاتە سەر فەرهەنگی کورد لە کوردستان خۆیدا. دیارە پێوەندی لەگەڵ کوردستان هەروا نامێنێتەوە و بەو هیوایەوە دەژین کە هەلومەرجی کوردستان بەرەو چاکتر بڕوات...!

کەواتە ئەمڕۆی فەرهەنگی کوردی بەو شێوەیە زۆر جێگەی دڵخۆشی نییە، با بڕێک بوێرانەتر و ڕەخنەگرانەتر قسە بکەین: فەرهەنگی کورد پاشکەوتووە و ناتەواوییەکانی یەکجار زۆرن.

کەیخوسرەوی: کارتێکردنی تاقیکردنەوەکانی ژیانت لەسەر بەرهەم و ئەزموونی شیعریت چۆن تەماشا دەکەی؟

شاکەلی: لە ژیانی هەموو شاعیرێکدا و لە شیعری هەموو شاعیرێکدا قۆناخی

جیاواز هەن. ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی هەر قۆناخێکیش کار دەکاتە سەر شیعر و سەرجەمی بەرهەمی شاعیرەکە.

من هەر لە سەرەتاوە، چ بە منداڵی و چ وەک ڕەواڵێک و لاوێک، زۆر بزێو بووم، واتە هەمیشە لە جموجووڵدا بووم. بەڵام بزێوییەکەم زیاتر لایەنی هۆشیاریی هەبوو. دەمویست شتی تازە و ئەزموونی زیاتر فێر ببم، دەمویست سەری سەرداپۆشراو هەڵدەمەوە. دەنا وەکو تر زۆر شەرمن بووم. هەر لەبەر ئەوەیش ڕەنگە خوێندنەوە ئەزموونێکی گەورە و نەپساوە بێ لای من. پاشتر دێمەوە سەر باسی ئەمە.

وەک لە وەرامی پرسیارێکی پێشوودا باسم کرد، من لە لادێ گەورە بوومە. دەتوانم بڵێم تا تەمەنی بیست سالانیش هەر لە لادێ ژیاوم. چونکە کە بۆ خوێندنی ئامادەیی چوومە شاریش، هەموو حەفتەیەک و بۆ وچانی بەهاران و هاوینانیش هەر دەهاتمەوە بۆ شاکەل، بۆ گوندەکەی خۆمان. ژیانی لادێ، بێگومان، کاری کردۆتە سەر پلەی هۆشیاری و تێگەیشتنم لە ژیان، بە تایبەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ نەبوونی و هەژاری و سەدان جۆری بەدبەختی و بێدەستەڵاتیدا. چوونەشاریش ئەم بیرکردنەوەیەی لا تیژتر کردووم، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەم ئەزموونە ڕاستەوخۆ لە شیعرمدا ڕەنگی دابێتەوە. لەوانەیە وەک وێنەی شیعری، یا هەستێکی تایبەتی، یا با بڵێین بە چاوی گوندییەک، دێنشینێک، تەماشاکردنی شت لە شیعرمدا دیار بێ. دەبوو سروشت، سروشتی لادێ کاری بکردایەتە سەر شیعرەکانم، بەڵام پێم وا نییە کردبێتی. لە سەرەتای شیعروتنمدا ڕەنگە لە یەک دوو شیعرێکدا وەسفی سروشتم کردبێ، کەچی لەوەوپاش سروشت هەر بە جارێ ونە.

سیاسەت، دڵداری، پێشمەرگایەتی، سەفەر و گەشتی وڵاتان و ئاشنایەتی لەگەڵ خەڵک و فەرهەنگ و نەریتی جیاوازدا، لێقەومان و ساردی و گەرمیی ژیان و ئەوجاریش ژیانی دوورەوڵاتی، هەموو ئەمانە تاقیکردنەوەی گرنگ و دەوڵەمەندن و کاریان کردۆتە سەر ڕەوتی ژیان و شیعر و بەرهەم و بیرکردنەوەم. بەشێکیان لەو بابەتەن کە لەگەڵ پێکهاتنی بیر و هۆش و جیهانبینیمدا هەڵشێلراون و تەنیا مەگەر یەکێک بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕەگەز و ڕەگوریشەیان بگەڕێ، بتوانێ لە شیعرەکانمدا سەرەداوی چنگ بکەوێ. من هەرگیز نەهاتووم بە شێوەیەکی دەستکرد ئەزموونێکی خۆم، کە لەگەڵ هەست و گیانمدا تێکەڵ نەبووبێ، بترنجێنمە ناو

شـیـعرەکـانمەوە. دەزانم شـاعـیـری دیکە هـەن، شـاعـیـری کـوردیش، وا دەکـەن. با نموونـەت بۆ باس بکەم. لە مــاوەی ١٤ ســاڵـی ڕابوردوودا گــەلـێ وڵاتی ئـەم دنیــایە گــەڕاوم و لـە زۆر شــاری گــەورە و جــوان و ناوداردا مــاومــەتەوە. بـەڵام هەرگــیــز دانەنیـشـتـووم شـیـعـرێک بنووسم ئـەو ئەزمـوونـەی پـێ تۆمـار بکەم، یا هـەر نـەبـێ بۆ ئەوەی پێشانی بدەم ئەم شـیـعرەم لە لەندەن، پاریس، مۆسکۆ یا نـیـویۆرک نووسیـوە. من ئێـسـتـاکـە بابی سێ منداڵم و زۆریـشـم خـۆش دەوێن، بـەڵام تا ئێـسـتـا لە یەک شـیـعـردا نەبێ، ئـەویش هێند نـاڕاسـتـەوخـۆ کـە تەنیـا خـۆم پێی دەزانم، نـەهاتووم شـیـعـریان بۆ بنووسم. شـیـعـر کـە هـات دەینووسم و کـە نەیشــهـات، بـە دیاریەوە دانانیشم، چاوەڕوانی بم.

کە تازە هاتبوومـە سوێد ماوەی دوو مانگ لە نەخۆشخـانە کەوتم. زۆر نەخۆش بووم و لەسـەر سنووری نێوان ژیان و مـردن بووم. ئەوە ئەزمـوونێک بوو سەرشـار لە ژان و هەست و دەردەداری و هومێد و بێهومێدی و لە هەندێ شیعرمدا جێپەنجەی دیارە.

دوورەوڵاتی تاقیکردنەوەیێکە، نە بە نووسـین و نە بە قسـە لە باسکردن نایەت. من هەر لە ئێستاوە تا ساڵێکی دیکە باسی دوورەوڵاتیت بۆ بکەم و شیعری دوورەوڵاتیت بۆ بخـوێنمــەوە، تۆ تەنیــا ڕەنگە وەک هاودەردییـەک لێم تێبگەی. دیارە مـەبەسـتم دوورەوڵاتییەکە کە بەزۆر تووشی بووبیت و بێ ئـەوەی خۆت هـەڵیـبـژێری، ناچار بیت وڵاتەکەت بە جێ بهێڵـیت و نەتوانیت بۆی بگەڕێیتەوە. دەنا ئـەگەر لاوێک بۆ خـوێندن بچێ چوار پێنج ساڵ لە وڵاتێکی ئەوروپا یا ئەمـەریکا بخـوێنێت و پاشان بە دڵنیـایی بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و زێدی خۆی، چی لەوە خۆشترە؟!. هەموو جار دەیڵێم، دەڵێم دوورەوڵاتی ڕێک وەک ئەوە وایە فەرمانی کوشتن و خنکاندن بەسەر مرۆڤێکدا درابێ. برا و دایک و باب و خزم و کەسوکار دەچن و چاویان پێ دەکەوێ و دوعاخوازیی لێ دەکـەن، بـەڵام پاشــان دەگــەڕێنەوە ســەر خــواردن و خــەوتن و ژیانی خــۆیان. ئەوی چاوەڕێی پەتی سـێدارە، یا گوللەی بکوژەکانی دەکات، تەنیـا ئـەو خـۆی دەزانـێ ئەم فەرمانە یانی چی؟! دوورەوڵاتی لەو نەخۆشییانەیە کە چاکبوونەوەی نییە، بەتایبەت ئەگەر ماوەی دوورکەوتنەوەکە دووروردرێژ بوو. مرۆڤ نازانێ ڕەگوڕیشـەی لە کوێیە. هەمیشە تاسـەی "وڵاتەکەی دیکە" دەکات.

خـوێندنەوە ئەزمـوونێکی تایبـەت و جیـاوازە. ئەزمـوونەکـانی دیکە تا ڕادەیەک بە

بەرچاوەوەن و کەسانی دیکەیش تێیدا بەشدارن، بەڵام خوێندنەوە وا نییە. جاری وا هەیە گۆڕانێکی بنەڕەتی، ڕادیکال، لە مێشکی ڕووناکبیردا دروست دەبێت، بێ ئەوەی چواردیواری ژوورەکەی بە جێ بهێڵێ. ئەم هێزە لە خوێندنەوەوە پەیدا دەبێ. خۆشبەختانە من لەم بوارەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندم هەیە و لە شیعرەکانیشمدا پوولەکەی زەرد و سووری باوەڕ و بیر و کتێبی جۆربەجۆر بەرچاو دەکەوێ و دەبریسکێتەوە. شیعری (ژێ)، کە درێژترین شیعری دیوانی (ژێ)یە، ئەنجامی ئەزموونێکی قووڵی لەم بابەتەیە. لە ماوەی ئەو پانزدە مانگەدا کە شیعری ژێم تێدا نووسیوە، ئامۆژگارییەکانی زەردەشت (ئاڤێستا)، نووسراوەکانی (مانی) و دینی مانیکیم دەخوێندەوە، دوو سێ شاعیری گەورەی سوێدیم دەخوێندەوە، بۆ جاری چوارەم و پێنجەم گۆران و مەحوی و نالیم بە وردی دەخوێندەوە، لە مێژووی کورد ورد دەبوومەوە و هەموو مێشکم بە دەرد و کەسەری شەڕی براکوژییەوە خەریک بوو.

وەک دەزانی من لە زانستگە کاری لێکۆڵینەوە دەکەم و دەرس دەڵێمەوە. ئەم دەوروبەر و کارە ئاکادێمییە، بەداخەوە، کاری کردۆتە سەر بەرهەمەکانیشم. ئێستا شیعر کەمتر دەنووسم، بەرانبەر زمان هەستکارییەکی زیاد لە پێویستم لا دروست بووە. بەڵام لەولایشەوە، هەر بە هۆی دەوروبەرەکەوە، ئەو هەستەم لا پەیدا بووە کە بە شتی نیوچە ڕازی نەبم و دڵم ئاو نەخواتەوە، زیاتر لە سۆفیگەری، دین، فەرهەنگ و شارستانەتیی جۆربەجۆر و زانستی دیکەدا قووڵ ببمەوە. ئەمانە هەموو ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە تاقیکردنەوەی ژیان ڕەنگ و ڕووی تازە دەدەنە بەرهەم و ئەزموونی شاعیر.

کەیخوسرەوی: دەوری شیعری نوێ لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟

شاکەلی: هەلومەرجی کوردستان شتێک نییە لە کەسمان شاراوە بێت. لەناو چوارچێوەی، یا ڕاستتر بڵێم، لەناو سنووری تەلبەند و داخراوی ئەو هەلومەرجەدا باوەڕ ناکەم فەرهەنگێکی لەشساغ و تەندروست و ئازارپێنەگەیشتوویش پەروەردە ببێ و گەشە بکات. ڕەنگە دەوروبەر و ئەتمۆسفیری کوردستان ببێتە هۆی پەیدابوونی شیعری شۆڕشگێڕانە، شیعری بەرهەڵستی، بەڵام ئەمە شیعری نوێ نییە، ئەمە کاردانەوەیێکی (رد الفعل، عکس العمل) هونەرییە، دەربڕینی سیاسەتە بە

کەرەستەی هونەری. هەر ئەم ئەتمۆسفێرە ڕەنگە ببێتە هۆی پەیدابوونی ڕەوتێکی، بۆچوونێکی تایبەتی لە شیعردا، بۆ نموونە سیمبۆلگەریتی، یا سیمبۆڵ بەکارهێنان (وا دەڵێم بۆ ئەوەی ئەمە جیا بکەمەوە لەو مەدرەسەیەی کە پێشتر لە شیعری ئەوروپادا هەبوو). بەڵام کە ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد نەبێ ڕەخنەگران تێیدا بتوانن نرخ و پێوەرەکانی ئەو شیعرە سیمبۆڵدارە شی بکەنەوە و خوێنەری پێ ئاشنا بکەن، چۆن دەبێتە مۆدی سەردەم و کار دەکاتە سەر سەرجەمی شیعر و تازەی دەکاتەوە؟ ئەگەرچی ئەمەیش، بە لای منەوە، دیسان نوێکردنەوە نییە. لەم سەدەی بیستەمەدا ماوەیەکی باشی وا هەڵکەوت کە گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) شیعری کوردی لە زۆر ڕووەوە نوێ بکاتەوە. لەبارەی شیعری نوێی گۆرانەوە، دوو شت گرنگە لێرەدا بگوترێ: (١) گۆران لە سییەکان و چلەکاندا زۆر پێش کەوت، بەڵام لە پەنجاکاندا و تا کۆچکردنەکەی شتێکی گرنگی پێ نەمابوو، بەڵکە بۆ دواوە چوو و زیانی بە ڕابوردووە هونەرییەکەی خۆی گەیاند؛ (٢) ئەزموونی شیعری نوێی گۆران لە کاتی گەشەکردنەکەیدا نەناسرا، بەڵکە پاشتر، کۆتاییی پەنجاکان، سەرەتا و کۆتاییی شەستەکان و بە تەواوییش حەفتاکان بەدواوە ناسرا، نرخێنرا و لێی کۆڵرایەوە. لە هەموو پەنجاکان و شەستەکاندا تاکە لێکۆڵینەوەیەکی جیددیی ئەو بەشەی کتێبەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمییە کە بۆ شیعری گۆرانی تەرخان کردووە. تۆ سەرنج بدە مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی مامۆستا عەلائوددین سەججادی. خۆ مێژوو ساڵی ١٩٥٢ بڵاو کرایەوە و ئەو کاتە گۆران چاکترین شیعری خۆی پێشکێش کردبوو، ڕەنگە بڵێم ئەزموونی نوێکردنەوەکەی گەیشتبووە کۆتایی و ڕاوەستابوو، کەچی مامۆستا سەججادی، کە دۆست و ئاشنای گۆرانیش بوو، بایەخی پێ نەداوە. بۆچی؟ چونکە ژیانە فەرهەنگییەکە، ئەتمۆسفێرە فەرهەنگییەکە ئەوەندەی لە باردا نەبوو ئەزموونی گۆران، بە شێوەیەکی فراوان، بناسێنێ.

سوارەی ئێڵخانی شاعیرێکی هەستکار و بەهرەدار بوو. من پێم وایە ئەگەر سوارە دە ساڵ پێش مردنی لە کوردستانی عیراق ژیابایە، زۆر شتی تازەی دەهێنایە شیعری کوردییەوە و لە گۆرانی تێدەپەڕاند. بەڵام دەردەکەی سوارە ئەوە بوو لەناو ئەتمۆسفێری فەرهەنگی فارسی و شیعری نوێی فارسیدا هەناسەی دەدا و دەیویست ئەو ئەزموونە بە کوردی دەرببڕێت. دووەمیش ئەوەیە کە سوارە لە هەلومەرجی زۆرداری و سەرکوت و تاساندنی سەردەمی پەهلەویدا دەژیا کە ئەویش

و فەرهەنگی کوردیشی بەگشتی لە پەلوپۆ خستبوو. ئەزموونی سوارە، ئەگەرچی ئەزموونێکی کەم و سنووردارە، ئێستایش بەتەواوی نەناسراوە و نەناسێنراوە.

چوار ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ی کوردستانی عیراق کە ئاشتییەکی بەچەکپارێزراومان دەست کەوت، فەرهەنگی کوردی یەکجار سەیر گەشەی کرد. شیعری کوردی بزووتنەوەیەکی تێ کەوت، بەڵام چوار ساڵ ماوەیێکی کورتە، بەشی ئەوە ناکات بزووتنەوەی نوێکردنەوە، ئەویش نوێکردنەوەی شیعر، پەڕ و باڵ بکات و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ.

سەردەمی گۆران و نوێکردنەوەی گۆران بە سەر چووە. لە دوای ئەویش هەرچی هەیە کۆمەڵێ سەرهەڵدان، کۆمەڵێ هەوڵ و ئەزموونی جیاواز و یەکنەگرتووە، کۆمەڵێ دوڕگە، جەزیرەی جیاجیایە. تەنیا بە دروستبوونی پرد و هاتوچۆ لەنێوان ئەم دوڕگانەدا و بەستنەوەی هەموویان بە خاک و زێدی شیعر و فەرهەنگی کوردییەوە، لەوەیە بزووتنەوەیەکی نوێکردنەوە پەیدا ببێ. ئەوەیش هیوایەکە وا پێ ناچێ بەم زووانە بێتە دی. لەم بارەیەوە زۆر شتی دیکە هەیە دەکرێ بیڵێم، بەڵام ڕووبەری پرسیارەکە هەر هێندەی بە بەرەوەیە.

کەیخوسرەوی: ئەو ڕەگەزانەی شیعری نوێ پێک دێنن چین؟

شاکەلی: ئەگەر ئێمە جارێ هەروا بەگشتی لەبارەی شیعرەوە قسە بکەین، پێم وا نییە جیاوازییەک لەنێوان ڕەگەزەکانی شیعری نوێ و شیعری کۆن، یا شیعری قۆناغێکی پێشوودا هەبێ. جیاوازییەکە لە جۆری پێشکێشکردنی ڕەگەزەکان، وەرووخستنیان و شێوەی بەکارهێنانیاندا هەیە، نەک لە خۆیان یا لە ژمارەیاندا.

لە لێکۆڵینەوەی شیعر، یا هەر ئەدەبدا، بەگشتی، باسی شێوە و ناوەڕۆک دەکرێ. بەڵام تەنانەت ئەم دوو تێرمەیش هێندە چەسپاو و دیار نین کە ڕێکوڕەوان بتوانی بڵێی ئەمە ناوەڕۆکە و ئەمەیش فۆرم/شێوە. هەر بۆ نموونە، ئێمە تێرمی ستیل (شێواز)مان هەیە. ئایا ستیل شێوەیە یا ناوەڕۆک؟ بێگومان هیچ کامیان نییە و هەردوویشیان ڕەگەزی پێکهێنەری ستیلن. نموونەی گرنگتر زمانە. ناکرێ بڵێی زمان تەنیا ڕەگەزێکی شێوە یا ناوەڕۆکە، چونکە زمان لە هەردوو لایەنەکەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە.

نوێکردنەوەی هەر یەک لە ڕەگەزەکانی شیعر لەوەیە پلە بە پلە ڕوو بدات. یا جاری وا هەیە یەک یا دوو لایەنی شیعر نوێ دەکرێتەوە. ئەمە پێوەندیی بە پاشخانی شیعری ئەو گەلە خۆیەوە هەیە.

ئەگەر ئەمڕۆ شاعیرێکی کورد بێت و شیعرێکی زۆر بەرز و جوان و ڕۆمانتیک لەمەڕ ژن، دڵداری یا سروشت بنووسێت، هیچی نوێی نەهێناوە. گۆران و هەردی کاری بەرزیان لەو بابەتەدا پێشکێش کرد. ئەگەر شیعری ڕوون و ئاسانت دەوێ، ئەوە پیرەمێرد و قانیع و جگەرخوێن و مەدهۆش سەدان شیعری وایان بۆ بە جێ هێشتووین.

نوێکردنەوە دەبێ گۆڕینی چۆنایەتی بێ، گۆڕینی ڕادیکالانەی بابەت و ڕوخسار بێ.

کەیخوسرەوی: سەبارەت بە شیعری بەرەنگاری چی دەڵێی؟

شاکەلی: شیعری بەرەنگاری، یا بەرهەڵستی، دیاردەیەکە لای میللەتانێ کە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی خەبات دەکەن پەیدا دەبێ و گەشە دەکات. سروشتی داگیرکردنی وڵاتان لەلایەن هێزی بێگانەوە و خەباتی گەلانی ژێردەستە و داگیرکراو لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن: گیانمان دەبەخشین، بە خوێنی خۆمان دار و بەردی وڵات دەنەخشێنین، خاکی باب و باپیران ڕزگار دەکەین، دوا سەربازی داگیرکەر وە دەر دەنێین و... گەلێ شتی لەم بابەتە. ئەم جۆرە شیعرە ئەرکێکی سیاسیی هەیە؛ ئەرکی ڕاپەڕاندن و وە جۆش و خرۆشهێنان. ئەمە بەکارهێنانی کەرەسەیەکی هونەرییە بۆ ئامانجێکی سیاسی؛ واتە سیاسەتاندنی هونەرە.

لە هەندێ وڵات کە دوای ڕزگاربوون، هێزێکی سیاسیی شۆڕشگێڕ و خاوەن ئیدیۆلۆژییەکی ڕادیکال و شۆڕشگێڕانە دەستەڵات دەگرێتە دەست، دیاردەکە پلەیەکی دیکەیش سەر دەخرێت و ئەوجا شیعر دەکرێتە بڵندبێژی ئایدیلۆگیی دەستەڵاتدار و شاعیریش دەبێتە کارمەندێکی دەستگاکانی ڕاگەیاندن. ئەمە ئەگەر شاعیرەکە شاعیرێکی باش بێ، دەنا تێیاندا هەیە دەبنە پۆلیسیش.

لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیدا پێشمەرگە دەبێ هەبن و نیشانەی تێکۆشانن و خەڵک خۆشیان دەوێن و شانازییان پێوە دەکەن. بەڵام بیهێنە پێش چاوی خۆت،

دوای ڕزگاربوونی وڵات، گەل ژیانێکی خۆش و هێمن و پڕ لە ئاسایش دەبەنە سەر، منداڵان دە نێو مێرگ و باغچەکاندا کایە دەکەن، جووتە دڵدار دەست لە مل یەک دەکەن و ڕاز و نیازی ئەوین دەدەن بە گوێی یەکدیدا. لە کاتێکی ئاوادا پەلێ پێشمەرگەی خاکیلەبەر، بە کلاشنیکۆڤەوە بەو ناوەدا زرمەزرم بێن و بچن. ئەو چەکدارە خاکیلەبەر و کلاشنیکۆڤبەدەستانە شیعری بەرەنگارین. دوای ڕزگاری مرۆ حەز دەکات وێنەی پێشمەرگە لەناو ئەلبوومی یادگار و لە کتێبەکانی مێژوودا ببینێ، نەک لە کۆڵان و شەقام و کێڵگە و خوێندنگەکاندا، خۆیان، بە چەک و قایش و قورووشەوە ببینێت.

سروشتی شیعری بەرهەڵستی بۆ خۆی بە جۆرێکە، کە کەمجار جێگە بۆ نرخی هونەری و ئێستێتیکی دەهێڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا هێندێ شاعیر هەن سەرکەوتووانە هەردوو لایەنی ئێستێتیکی و سیاسییان تێکەڵ کردووە و شیعری شۆڕشگێڕانە و بەرز و جوانیشیان نووسیوە، بەڵام شاعیری وا کەمن.

کەیخوسرەوی: تایبەتمەندیی چیرۆکەشیعر چییە و لە مێژووی شانۆی شیعری و شانۆی پەخشان و ئەدەبی درامای شیعریمان بۆ باس کە!

شاکەلی: پرسیارەکە یەکجار پانوپۆڕە. خۆزگە هەر نەبێ پرسیاری ئەوانەت لە جغزی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیدا دەکرد. بە هەر حاڵ، بێ ئەو خۆزگەیەیش، من هەر هەوڵ دەدەم لە کورتی بیبڕمەوە و لە ئەدەبی کوردی بەولاوەتر نەڕۆم.

ئەگەر چیرۆکەشیعر مەبەستت داستانە Epic، ئەوە بەشێکی گرنگی شیعری ڕۆژهەڵاتە و ئەدەبی فارسی نموونەی گەلێ بەرز و بەنرخی تێدایە. لە کوردیدا بەرزترین نموونەمان مەم و زینی شێخی خانییە. شاعیری دیکەیش هەن داستانیان نووسیبێ، بەڵام کەس لە مەم و زینی تێنەپەڕاندووە. لە سەردەمی ئەمڕۆیشماندا نووسینی داستان لەسەر شێوەی لەیل و مەجنوونی نیزامی و مەم و زینی خانی بێسوودە و کاتی بە سەر چووە.

شێوەیەکی دیکە کورتەچیرۆکە بە شیعر Balad. ڕەنگە شیعری "بووکێکی ناکام"ی گۆران نموونەی ئەم هونەرە بێت. زمان و چوارچێوەیەکی جوانی بۆ باسێکی کۆن و نەریتانە بە کار هێناوە. لە ئەدەبی کوردیدا من کارێکی گرنگی لەم بابەتە بە دی

ناکەم و بوونیشی بە پێویست نازانم.

شـانۆی شـیـعریمان بـە کوردی یـەکجـار کـەمـە و نموونەی بەرز و سـەرکـەوتووی وایشـمـان نیـیـە شـایانی ئەوە بێ بەتـایبـەتی باس بکرێ. بەڵام شـانـۆی پەخشـان لەم بیست ساڵەی دواییدا برێک پێش کەوتووە و خۆشبەختانە زۆربەی تێکستەکانیش هەڵیـان بۆ ڕەخسـاوە و وەک شانۆگەری پێشـان دراون. پیرەمێرد سـاڵانی ٣٠ و ٤٠ دوو سێ "شـانۆنـامـە!"ی نووسـیـبـوو؛ مـەم و زین و مـەحـمـووداغـای شـیـوەکەل، بەڵام ئەوەندە بێتام و ناشیرین، دەڵێم کاشکی هەر نەینووسینایە.

کـەیخـوسـرەوی: دەوری چیرۆک لە کـوردسـتـانی ئێسـتـادا چۆن دەبینی؟ ئێستە کوردستان پتر پێویستی بە پەرەپێدانی چیرۆک هەیە یا شیعر؟

شـاکـەلی: ئەگـەرچی چیـرۆکی کـوردی، لە گـوێرەی شـیـعـر، هونەرێکی تـازەیە لە فـەرهـەنـگی کـوردیدا، بـەڵام تا ڕادەیەکی باش پێش کـەوتووە و گـەشــەی کـردووە. هەڵبەتە کە دەڵێین چیرۆک مەبەستمان، لێرەدا، زیاتر کورتەچیرۆکە، دەنا ڕۆمان زۆر درەنگ دەسـتی پێ کردووە و ڕۆمـانمان زۆر نییـە. ئەوانەیش کە هەن لەوانە نین کـە بە بڵاوبوونەوەیان گۆلی فەرهەنگ دەشڵەقێت.

من لەوانە نیم بەرهەم ببەستمەوە بە نـاوەوە. مەبەستم ئەوەیە چاوەڕوانی ئەوە نیم ئەو نووسـەرەی زیاتر ناوی دەرکردووە، چاکترین بەرهـەمیشی هـەبێ. ئەگەرچی ئەمە پێـویست ناکـات وایش بگـەیێنێ کـە بەرهـەمـی چاک و ناوی گـەورە یەک ناگـرنەوە. مامۆستا عەلائوددین سەججادی وەک چیرۆکنووس (یا وەک چیرۆکنووسێکی گەورە) نەناسـراوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە بەرهـەمی چیرۆکی کـەمن و لە لایەکی دیکەیشـەوە بە لێکۆڵینەوە و نـووســـراوەکـــانی دیکەی نـاســـراوە. بەڵام مـن پێم وایە لـەناو نـەوەی چیـــرۆکنووســـانی ســـاڵانی چلدا، لـە هەمـــووان پێـــشکـەوتووتـر و ســـەرکـــەوتـووتر سـەجـجـادییـە. حـەسـەنی قـزڵجی چیرۆکنووسـێکی گـەورە بوو، یەکجـار گـەورە بوو. چیرۆکەکانی و زمـانی چیرۆکەکانی زۆر تایبەتین. هـەندێ وردە شـتی لێ دەر بکە (بۆ نموونە چیـرۆکی کـەشکۆڵی جـادوویی کـە کـەڕووی سـیـاسـەت و ئـیـدیۆلۆگـیی لێ نیشـتـووە)، ئیدی زۆربەی چیـرۆکەکانی "پێکەنینی گەدا" نموونـەی بەرزن لە ئەدەبی کـــوردیدا. دیـارە بیـــری هـەندێ چیـــرۆکی هیـی خـــۆی نین، لـە نووســـەری دیکەی

وەرگـرتوون، بەڵام زۆر جـوان کـوردانـدوونی، بۆ نموونـە چیـرۆکی "پێکەنینی گـەدا" خۆی.

لەوانەی زینـدوویش چیـرۆکنووسی چـاک و گەورەمـان هەن، پێم خـۆش نییـە نێوی کـەس بهێنم. لێکۆڵینـەوەیەکی دوورودرێژم لەمـەڕ چیرۆکی کوردی بە زمـانی سـوێدی هەیە، لەوێدا گەلێ شتم گوتووە، کە ناکرێ لەم کورتە بوارەدا دووبارەیان بکەمەوە.

بەشی دووەمی پرسـیارەکەت هەسـتێکی وا دەداتە مرۆڤ وەک بڵێی دەکرێ زیاد و کەمکردنی شـیعر یـا پەخشـان بە پلان و نەخشە بڕیار بدرێ!. لەگەڵ ئەوەیشدا دەڵێم بێگومـان کورد پێـویستییـەکی یەکجـار زۆری بە نووسـینی ناشـیعرە، مـەبەستم تەنیـا چیرۆک نییـە، بەڵکە هەمـوو بابەتە نووسـینێک؛ ڕەخنـە، مێـژووی ئەدەبی، فـەلسـەفـە، کۆمەڵناسی، بایۆلۆگی، فیزیک، کیمیا ... هتد.

کـەیخـوسـرەوی: بە بیـروڕای تۆ ئـەدەبی منداڵان لـە کـوردسـتـانـدا لە چ پلەیەکدایە؟

شاکەلی: دەبێ مەبەستت ئەدەبی نووسراو و تازە بێ، دەنا تۆیش دەزانیت و منیش دەزانم کە نەریتی چیرۆکی گوێئاگردان و حـەکایەت و ئەفسـانەی کوردەواری چەند دەوڵەمەندە و جیهانێکی چەند ڕازاوە و ئەفسووناوییە.

لێرەدا دەبێ پێشـەکی شـتێک ڕوون بکەمـەوە. لای ئێمـە کە بـاسی ئەدەبی منداڵان دەکـەین، مـەبەسـتمـان تەنیا چیـرۆک و شـیـعری منـداڵانە، بەڵام لای ئەوروپاییـیـەکـان ئەدەبی مـنداڵان زۆر لایەنی دیکـەیش دەگـرێتـەوە، بۆ نموونە مـێـژوو، جـیـۆگـرافـیـا، فیـزیک، بایۆلۆگی و تەنانەت فەرهـەنگیش. واتە مەبەسـتیان ئەوەیە کتێبێک، فیلمێک، شانۆگەرییەک کە بەتایبەتی بۆ منداڵ بەرهـەم هێنرابێ و لە پلەی تێگەیشتنی منداڵدا بێت و تێگەیاندن و بارهێنانی ئەوانی کردبێتە ئامانج.

ئەدەبی منداڵان لە کوردستاندا لە پلەیەکی یەکجار سەرەتاییدایە، ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکـــردبێت ئـەگــەر بڵــێم تەنیــا یەک دوو هـەنگاوێک لە پلـەی ســفــر (هـیچ) دوور کەوتووەتەوە. نازانم تا ئێسـتا چەند کتێب بۆ منداڵی کـورد نووسـراوە، بەڵام ڕەنگە هەمـووی ٢٥–٣٠ کتێبێک هەبێت. ئەمـەیش تەنیـا شـیـعـر و چیرۆکە. بەمـە ناگوترێ ئەدەبی مـنداڵ. ئێـمـە نووسـەری وامـان نیـیـە کـە بەتەواوی خـۆی بۆ ئەدەبی منداڵ

تەرخان کردبێ. هەندێ نووسەرمان هەن، پێشتر "بۆ منداڵ" دەیاننووسی، کەچی لەم دواییانەدا "لەبارەی منداڵەوە" دەنووسن.

لە وڵاتانی ئەوروپا، بێجگە لە ئەدەبی منداڵان، ئەدەبی لاوان "کیژان و ڕەواڵان Teenagers" هەیە، بەڵام ئێمە هێشتا شارەزای ئەم بابەتە نین.

بەشێک لەو بەرهەمانەی بۆ منداڵی کورد نووسراون، کە دەیخوێنیتەوە، هەست دەکەی بە لۆگیک و بیر و بۆچوونی گەورەساڵێک نووسراوە، نەک بەگوێرەی جیهانی بیرکردنەوە و فانتازیای منداڵ.

ئێمە کەرەسەی چاک و هێژا و بەکارنەبراومان یەکجار زۆرە: مێژووی گەلی کورد، چیرۆک و ئەفسانەی کوردەواری و ڕووداوەکانی ئەمڕۆیش. ئەگەر نووسەری توانا و لێهاتوومان هەبێ، هیی وەک هانس کریستیان ئەندەرسن و ئاستریدلیندگرێن و سەمەدی بیهرەنگی، بێگومان شاکاری سەیر و سەمەرەیان لێ دروست دەکەن. من دڵنیام نووسەری چاکمان هەن، بەڵام بەداخەوە نووسەرانی ئەدەبی منداڵ، وەک زۆربەی نووسەرانی دیکەمان، زمانێکی گەورەی دنیا نازانن تا پێی بخوێننەوە، ئەو هەلەیشیان بۆ هەڵنەکەوتووە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا ببینن تا بزانن هونەری کتێبنووسین و چاپکردن گەیشتووەتە چ پلەیەکی بەرز.

کەیخوسرەوی: ئافرەت چ ڕۆڵێکی لە ژیان و بەرهەمی شیعریتدا هەیە؟

شاکەلی: هێندەی پێوەندیی بە ژیانی تایبەتمەوە هەیە بە پێویستی نازانم شتێک باس بکەم، بەڵام لە بەرهەمی شیعریمدا، ئەوە دیارە شیعرم هەن، ئەگەرچی زۆریش نین، ڕەنگی جوان و بۆنی خۆشی ژنیان پێوەیە. هەڵسوکەوتی شاعیر، لە شیعرەکانیدا، لەگەڵ ژندا پێوەندییەکی زۆری بە تەمەن، ئەزموون و هەڵکەوتنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە هەیە. من بە منداڵی زۆر شەرمن بووم. لە تەمەنی لاوێتیمدا شەرمکردنەکەم بە ڕادەیەک زیادی کرد، کە بەڕاستی هەندێ جار ژیانی پێ تاڵ دەکردم. ئێستا لە گوێرەی جاران زۆر گۆڕاوم، بەڵام دیسانیش لە شوێنەواری ئەو شەرمۆکییە ڕزگارم نەبووە. لە سەرەتای لاوێتیمدا هێندێ شیعرم هەن باسی جوانیی ژن و "دڵداری" دەکەن، بەڵام هەمووی ئەنجامی سەرنجی دووراودوور و هەست و تاسە و خەیاڵن، دەنا چ ئەزموونێکم نەبووە. پاشتر کە

شیعری خۆشەویستیم نووسیوە، زیاتر لە ئەزموونەوە بووە. بە کورتییەکەی دڵداری بابەتێکی گرنگ و بەرچاوی شیعری من نییە. ئەمە هەرگیز ناشێ وا بگەیێنێ کە من ژنم نەناسیوە و ڕۆڵی لە ژیانمدا نەبووە، بەڵکە خۆم وای بۆ دەچم ئەزموون و ئاشنایەتیم لەگەڵ ژندا، خۆش بێ یا ناخۆش، بە زۆری لە جیهانی هۆشیاریمدا کۆ بووەتەوە و کەمتر لە چوارچێوەی شیعر و فانتازیادا دەرکەوتووە.

ئەوجا با هەر لێرەدا ئەوەیش بڵێم، کە گەلێ جار پێوەندیی شاعیر (یا هونەرمەند بەگشتی) و ژن دەخرێتە چوارچێوەیەکی یەکجار گوڵڕەنگی ڕۆمانتیکییەوە. ئەمە هەموو جارێ ڕاست نییە. هونەرمەند و شاعیر و نووسەریش هەن کە بە دەست ژنەوە شێت و وڕ و کاس بوونە و ژیانیان لێ بووەتە دۆزەخ (تۆڵستۆی وا نەبوو؟!).

کەیخوسرەوی: دەوری ڕەخنەی کوردی چۆن دەبینی و نەخشی لە فەرهەنگ و ئەدەبدا چییە؟ کام ڕەخنەگر شوێنپەنجەی دیارە و جیاوازیی لەگەڵ جوابەجەنگیدا چییە؟

شاکەلی: ڕەخنە، یا ڕەخنەی ئەدەبی، زانستێکە بە تێپەڕبوونی ساڵانی دوورودرێژ بنەما و مێتۆد و چوارچێوەی بۆ پەیدا بوون و لک و پەلوپۆی جۆراوجۆری لێ بۆتەوە. بەشێکی زانیاریی مرۆڤ کە ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر گەشەکردن و گۆڕانی چەمکی ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفە و ئیدیۆلۆگیی سیاسییە. ئەمە لە ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتیش لە ٢٠-٢٥ ساڵی ڕابوردوودا بە ئاشکرا دیارە.

ئێمە ڕەخنەمان بە مانای زانستیی وشەکە نییە. تاک و تەرا هەوڵدان، هەوڵدان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەوێ. وتار و نووسینەکانی نووری شێخ ساڵح و ڕەفیق حیلمی لەو بابەتەن. بەشێکی زۆری بەرهەمی ئاغاکانی دیکە کە ئەوە ساڵەهایە قاووقیژیان "گوێی فەلەکی کەڕ کردووە"، پیادەکردنی سیاسەتە، پیادەکردنی کۆت و زنجیر و کەلەپچە و بەندی ئیدیۆلۆگییە لە بواری ئەدەبیدا، بەڕێوەبردنی فەرمانی سیاسەتمەدار و ئیدیۆلۆگەکانە بەسەر شاعیر و نووسەری هەژار و قوڕبەسەردا. دیارە من نامەوێ بە تەنیا یەخەی ئەو "ڕەخنەگرە" شۆڕشگێڕانە بگرم، چونکە نووسەران خۆیشیان بە دەمی خۆیان ئەو مافەیان بە ڕەخنەگرەکان داوە. نازانم ڕۆمانی "تاریکی بە نیوەڕۆ"ی ئارتۆر کوێستلەرت

خوێندۆتەوە؟ زۆر شاعیر و نووسەری ئێمەیش ڕێک وەک پاڵەوانی ئەو ڕۆمانەیان بە سەر هاتووە.

ئەوە بیست ساڵ زیاترە من، کەم تا زۆرێ، ئاگام لە بزووتنەوەی فەرهەنگیی کوردە و بەشداریی تێدا دەکەم. هەروەها کەم تا کورتێ ئاگام لە هەندێ لایەنی ئەدەب و فەرهەنگی ئەورووپایش هەیە. بەڵام باوەڕ بکە هەتا ئێستا نە کتێبێ، نە لێکۆڵینەوەیەک، نە وتارێکی ڕێکوپێک و زانستیم بە کوردی نەخوێندووەتەوە کە هێندەی پێ دڵخۆش بوو بێتم، بڵێم ئۆخەی! کوردیش ڕەخنەگری چاک و لێزانی هەیە. ئەم قسەیەم لێکۆڵینەوەکانی مامۆستا مەسعوود محەمەد لەمەڕ نالی و حاجی قادر ناگرێتەوە. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانە لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبی دەرچوونە و سەریان لە هەرێمی ئەنترۆپۆلۆگی و کۆمەڵناسی و فەلسەفەوە دەرهێناوە.

من کە باسی ڕەخنەی ئەدەبی دەکەم مەبەستم بزووتنەوەیەکی ڕێکوپێکی فراوانە کە پێ بە پێی بزووتنەوەی داهێنانی ئەدەبی بڕوات و هەر نەبێ دوو سێ ڕەخنەگری باشی تێدا هەڵکەوتبێ. لە ماوەی ئەم ١٥-٢٠ ساڵەی دواییدا گەلێ شیعر و کورتەچیرۆک و ڕۆمان نووسراون و دیارە لێرە و لەوێ کاری بەرز و نایابیان دە ناودا هەبووە، بەڵام ڕەخنەگرێک نەبوو هەر ئاگایشی لێیان هەبێت.

بە کوردییەکەی پێت بڵێم: ئێمە ڕەخنەی ئەدەبیمان نییە!

کەیخوسرەوی: ڕەسەنایەتیی شیعر ئەوەیە کە ببێتە خۆراکی هەمووان و بچێتە ناو زۆرتری خەڵکەوە، بە بڕوای تۆ چۆن شاعیر لەو پلەیەدا سەرکەوتوو دەبێ و تۆ پتر بۆ چ چینێ دەنووسیت؟ بە بیروڕای تۆ شیعری قورس چاکترە یا سەهل و مومتەنیع؟ فەرهەنگ و ئەدەب دەبێ ڕەوتی لەگەڵ خەڵکا بێ یا ببێتە پێشەنگ و ڕێنیشاندەری خەڵک؟ بیروڕات سەبارەت بە شیعری بێلایەن چییە؟ تێڕوانینت سەبارەت بە مەسەلەی ئیلزام چییە؟

شاکەلی: ئەو پێنج پرسیارە هەموو هەر سەرچاوەیەکیان هەیە، بۆیە منیش هەوڵ دەدەم لە وەرامێکی گشتگردا بۆچوون و دیتنی خۆم ڕوون بکەمەوە. دیارە وەرامەکەیشم تەنیا جۆری بیرکردنەوە و بۆچوونی خۆم دەردەخات و بەتەما نیم

تیۆرییەکی گشتی و چوارگۆشە دابنێم و داوا لە خەڵک بکەم باوەڕی پێ بهێنن و وە دووی بکەون.

مەسەلەی ئەوەی کە نووسەر بۆ کێ دەنووسێ و پێوەندیی نووسەر و خەڵک دەبێ چۆن بێ و هەر بەو پێیەیش دەبێ چۆن بنووسێت، باسێکی ڕەنگە تازە نەبێ، بەڵام ئەوەی زۆر سوور بووە لەسەر هەمیشە بە زیندووهێشتنەوەی، ئەوانە بوون کە لە ڕوانگەی سیاسەتەوە تەماشای ئەدەب و هەموو شتێکیان کردووە. مارکسیستەکان لە هەمووان زیاتر بە تەنگەوە بوون کە ئەدەبیش بکەنە داردەست و پرد و پێپلکە بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان. هەمیشەیش خزمەتی خەڵک و چینی چەوساوە و تێگەیشتن و تێنەگەیشتنی ئەوانیان وەک یاسایەکی پۆلیسی بە کار هێناوە بۆ ئەشکەنجەدانی هونەرمەندان و بۆ دیلکردن و لە چوارچێوەگرتنی هونەر. پێوانەیەکی ناهونەری و نائەدەبییان بە کار هێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی هونەر و ئەدەب.

نەخێر! شیعری چاک و ڕەسەن، ئەدەبی چاک و ڕەسەن مەرج نییە بۆ هەمووان بێ. ئاخر بۆ دەبێ بۆ هەمووان بێ؟ کوا هەموو خەڵک بە دووی شیعر و ئەدەبدا گەڕاون و حەزیان لێ کردووە و خوێندوویانەتەوە؟ بۆ دەبێ شیعری ئاسان نیشانەی چاکی و بەرزی بێت؟ بۆ دەبێ شاعیر و هونەرمەند هەمیشە لە بەردەم دادگادا بن و ناچار بکرێن لایەن بگرن، بەرەیەک هەڵبژێرن و دژی لایەنێک ڕاوەستن؟ ئەگەر هونەرمەند بە ئارەزووی خۆی بەرەیەکی هەڵبژارد و لایەنێکی گرت با بیکات. با یەک دوو نموونەت هەر لە ئەدەبە کوردییەکەی خۆمان بۆ بهێنمەوە. ڕەنگە مەم و زینی خانی ناسراوترین بەرهەمی ئەدەبیی کوردی بێت. بەڵام تو خودا، چەند کەس بەتەواوی لە مەم و زینی خانی گەیشتوون؟ من نازانم چەند کەس، بەڵام دەوێرم بڵێم لەناو هەموو خوێندەوار و ڕووناکبیرانی کورددا، ئەوانەی بە تەواوی لە مەم و زین تێدەگەن ناگەنە ٥٪. ئایا ئەمە لە نرخی مەم و زین کەم دەکاتەوە؟ ئەی دەبێتە بەڵگەی ئەوەی مەم و زین لەپێناوی کورد و ڕزگاریی مرۆڤی کورد و بەتایبەتییش هەژاری کورددا نەنووسرابێت؟ ئەم ڕاستییە شیعرەکانی مەلای جەزیری و مەولەوی و نالی و مەحوییش دەگرێتەوە. نموونەی شیعری ئاسانت دەوێ، بڕوانە شیعرەکانی قانیع و جگەرخوێن و هەژار و بەشێکی شیعرەکانی گۆران و هێمن. با بزانین ئەم بەرهەمانە تا چەند ساڵی دیکە دەژین؟ مەبەستم ئەوەیش نییە بڵێم شیعری قورس و لە

تێگەیشتن بەدەر، شیعری چاک و نەمرە.

ئەوجار ڕەوتی فەرهەنگ و ئەدەب لەگەڵ خەڵکدا بێ یا ببێتە پێشەنگ و ڕێنیشاندەریان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی لۆگیکەوە قسەیەکی نارێکە، دەربڕینی بۆچوونێکی سیاسیی ڕووتیشە، کە لای وایە ئەم جیهانە هەمیشە بەڕێوەیە بچێت شەڕەتێلا بکات و دەبێ ڕووناکبیران و هونەرمەندان، بە خۆیان و شیعر و شانامەیانەوە، پێشی بکەون! فەرهەنگ و ئەدەب کە پێشەنگایەتیی دەکەن و دەبنە هۆی گۆڕینی کۆمەڵ و پێشخستنی بیر و تێگەیشتن و ئاوەزی مرۆڤ، کاری یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ نییە. کاری ساڵ و دوو ساڵیش نییە!. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وا دەنوێنێ وەک نووسەر و هونەرمەند هەموو ژیانیان هەر نووسین و هەر داهێنان بێ. ئەوە لە بیر دەباتەوە کە نووسەریش مرۆڤە و هاونیشتمانی وڵاتێکە و گەلێ لەو ئەرکانەی داوای لێ دەکرێ بە نووسینەکەی و بە هونەرەکەی ئەنجامی بدا، بە شێوەی دیکە و لە دەرفەتی زۆر و زەبەندی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامی داوە و دەدات.

کەیخوسرەوی: بزووتنەوەی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا چۆن ئەبینی؟

شاکەلی: ئەگەر باسی "بزووتنەوە"ی وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی بکەین، دیارە هەر خۆهەڵخەڵەتاندنە و هیچی دی. دەنا وەرگێڕانی چی و بزووتنەوەی چی؟ ئەگەر چوار کتێبە کۆن کراون بە کوردی، ئەویش لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، ئەمە پێی ناگوترێ وەرگێڕان.

لە دنیای ئەمڕۆدا وەرگێڕان مەسەلەیەکی ژیارییە. بە زمانە گەورە و تەنانەت ناونجییەکانی دنیایش ڕۆژێ میلیۆنان لاپەڕە چاپ دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە. لە وڵاتێکی بچکۆلەی وەک سویددا نێزیکەی ٥–٦ هەزار ڕۆژنامە و گۆڤار و حەفتەنامە و وەرزنامە بە ڕێکوپێکی بڵاو دەکرێنەوە. سەری کتێبفرۆشییەکی گەورەی لەندەن بدە، بزانە زانست ماوە و شت ماوە لەسەری نەنووسرابێ؟ لەم سامانە گەورە و گرانەی مرۆڤایەتی چەندی دەگاتە خوێنەری کورد؟ باوەڕ بفەرموو ئەگەر لە میلیۆن یەکی بگەیشتایەتە کورد سوپاسبژێر دەبووین و کوردم بە خاوەنی فەرهەنگێکی زۆر پێشکەوتوو دادەنا.

ژیاندنەوە و پەرەپێدانی فەرهەنگی کورد و خستنەگەڕی مێشک و هۆشی خوێنەری

کورد بەبێ بزووتنەوەیەکی وەرگێڕان بە دی نایەت. بزووتنەوەیەکی ئاوایش پێویستی بە داوودەستگای توانا و بەکار و چالاکی نەتەوایەتی هەیە. خەڵکی زمانزان و لێهاتووی دەوێ. پارەی باشی دەوێ. تەکنیکی تازە و کارهاسانکەری دەوێ.

نووسەران و ڕووناکبیرانی کوردی دانیشتووی ئەوروپا و ئەمەریکا دەبوو لەم بوارەدا کارێکی باشیان بکردایە، بەڵام بەداخەوە، پێی لێ دەنێم، چونکە خۆیشم دەگرێتەوە، هیچمان نەکردووە و کەمترین ئەرکێکمان بە جێ نەهێناوە.

لەندەن، بەهاری ١٩٩٢

ئامادەکردنی: عەزیز کەیخوسرەوی

## ئێمە پێغەمبەر نین بڵێین دوای ئێمە پێغەمبەری تر نایەت

وان: لە گۆڤاری "یەکگرتن"ی ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٠دا، باستان لە ئەزموونی شیعریی خۆتان کردووە و دەربارەی قەسیدەی "ژێ" وتووتانە: "ئەنجامی ئەزموونێکی درێژخایێنی چڕی هونەری و سایکۆلۆژییە، پێم وایە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕەخنەگرێکی لێزان و شارەزامان هەبێ دەتوانێ ژێ بکاتە یەکێک لە سەرچاوەکانی دیاریکردنی مەودا و چوارچێوەی تێڕوانینێکی تازەی شیعری." کە جەوهەری ئەم وتەیەتان ئەمانگێڕێتەوە بۆ کۆنترین فیکرە، کە هێزی قەناعەتکردنی کەم تیایە، کە ئەڵێ: "شاعیر تەنها خۆی ئەزانێ شیعر چییە!" بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێین نوقسانیی شاعیر وەک ڕەخنەگرێک لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە هەمیشە هەوڵ ئەدات بەرگری لەو شێوە شیعرییە بکات کە خۆی ئەینووسێت. ئایا هەتا ئێستا هەمان بیر و بۆچوونتان هەیە لەسەر شیعری "ژێ" و سووربوونتان لەسەر ئەم قسەیە هۆی چییە؟

شاکەلی: ڕاستییەکەی پێم وایە حاڵەتێک هەیە لە ژیانی نووسەران و هونەرمەنداندا، بەتایبەت شاعیران، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی تازەکردنەوە و گەڕاندایە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی تازە و ئەزموونی تازە. بەو پێیە ڕەنگە بتوانێت خۆی و کەرەستە هونەرییەکەی بگۆڕێت. ئەوەی پێوەندیی بە قەسیدەی "ژێ"یشەوە هەیە، پێم وایە ئەو قسەیەی کردوومە لە ئاگادارییەوە بووە، کە لە چەند لایەنێکی قەسیدەکەدا تازەگەری هەیە، وەک لایەنی زمان. من نامەوێت بەسەر بەرهەمەکەی خۆمدا هەڵبدەم، ئەمە کاری ڕەخنەگرە کە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت لە پێشاندان و ناساندنی لایەنە هونەرییەکانی، بەڵام دیسانیش ئەوە دەمێنێتەوە کە ڕەنگە شاعیرێک بۆ خۆی لە شێوەی دەربڕین و بۆچوونی خۆی باشتر

بزانێت و ئەو ئەزموونەی کە هێناویەتی باشتر بناسێنێت. ئێستایش پێم وایە "ژێ" لە ڕووی فۆرمەوە ڕەنگە تاکە قەسیدەیەک بێ هەتا ئەو سەردەمە، تاکە قەسیدەی پەخشانەشیعرە کە بەو دووردرێژییە نووسرابێت. دەمێنێتەوە سەر لایەنە سایکۆلۆژییەکەی یان ئەو هاندەرانەی بوونەتە هۆی لەدایکبوونی قەسیدەکە، ڕەنگە ئەوەیان خۆم لە کەسێکی دیکە باشتر ئاگادار بم کە ڕەنگدانەوەی لە قەسیدەکەدا بە دی دەکرێ. ئەو سەردەمەی کە قەسیدەکەم تێدا نووسیوە لەنێوان ٩-١٠ مانگدایە، لەو ماوەیەدا بەڕاستی سەرقاڵی خوێندنەوەی فەلسەفەی کۆنی ئێران بووم، کە کوردیش دەگرێتەوە، چ مانی و چ زەردەشتییەت، با بڵێین فیکرەکانی مانی (هەڵبەتە لەناو کورددا بە مانی بەناوبانگە)، هەروەها خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی و خوێندنەوەی شیعری ئەوروپایی بەتایبەت ئەوەی بۆ من مەبەست بوو خوێندنەوەی (گوننار ئێکەلوێف) بوو، کە بۆ خۆی لە ڕووی باکگراوندەوە پێوەندییەکی زۆری بە فەلسەفە و فیکری ڕۆژهەڵاتییەوە هەیە. سەرەڕای هەموو شتێکیش شەڕی براکوژی کە ئەو وەختە، بەداخەوە، گەرمەی پێکدادان و شەڕ بوو، بێگومان وەک شاعیرێکی کورد، بەشێکی زۆری هەستی خەریک کردبووم، بە تێڕوانینی ئەو کارەساتەی کە لە وڵاتەکەمدا ڕووی دەدا. دەتوانم بڵێم بەگشتی ئەو چوارچێوە هونەری و سایکۆلۆژییەی کە قەسیدەکەی تێدا لە دایک بووە ئەو حاڵەتانە بوون. بێگومان وەک شاعیرێکیش پێم خۆشە بەرهەمی تازەتر بنووسم و هەمیشە لە خۆتازەکردنەوەدا بم.

وان: لە ڕەزمی شیعری "ژێ"دا خاوییەک دەبینرێت، ئایا بە کاریگەریی ئەو ماوەیەی دەزانن کە شیعری فارسیتان خوێندۆتەوە، یان وەک دەڵێن دەیگێڕنەوە بۆ بارە دەروونییەکانی خۆتان، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی قەسیدەکەدا ئەو وورووژاندنە لای خوێنەر دروست نابێت!

شاکەلی: لەوە دەچێت ئێوە لە خاڵێکدا لە من نەگەیشتبن. من لەو سەردەمەدا شیعری فارسیم نەخوێندۆتەوە، بەڵکە خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفەی کۆنی ئێران بووم، کە پێوەندیی بە مانی و زەردەشتەوە هەیە و وەک فیکر ڕەوتێکی خاوی هەیە. لەبەر ئەوە تۆ ئیشارەتێکی چاکت کرد، کە پێم وایە ئەگەر خاوییەک لە قەسیدەکەدا هەبێت، خاویی فەلسەفە و درەنگ تێگەیشتنی فەلسەفەیە، چونکە ئەو شیعرە ئەوەندەی لەگەڵ فەلسەفە و بیردا هەڵسوکەوت دەکات، ئەوەندە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی

سیاسیدا هەڵسوکەوت ناکات. شەڕی براکوژی کە بەشێکی زۆری هەستی داگیر کردبووم، لە شیعرەکەدا لە قاڵبێکی هونەری و فەلسەفیدا دامرشتووە، کە باکگراوندێکی فەلسەفیی هەیە؛ بۆ دەبێ ئێمە وا بین و بۆ دەبێت مێژوومان بەم شێوەیە بێت؟ من ڕایەکی تایبەتم هەیە دەربارەی هونەر، کە پێم وایە هونەر یا شیعر بۆ هەمووکەس نییە و منیش شیعرم بۆ هەموو کەس نەنووسیوە، بەڵکە بۆ خوێنەرێکی تایبەتم نووسیوە.

وان: "کە باران باری حەقیقەت سەوز دەبێت" ئەمە سەرناوی نامەیەکە کە سەمیح ئەلقاسم بۆ مەحموود دەروێشی هاوڕێی نووسیوە کە دەڵێت کە منداڵ بووم باوکم لەگەڵ براکەمدا بەزۆر دەیناردین بۆ کاری چاندنی ئەو کێڵگەیەی کە هەمانبوو. باوکمان پێی ئەوتین هەر چاڵێکی زەوییەکە یەک دوو دەنک گەنمی تیا بچێنن. ئێمەیش لەبەر خاتری ئەوەی کە زوو ئەم کارە بە ئەنجام بگەیێنین و بگەڕێینەوە ناو منداڵانی گەڕەکەکەمان بۆ یاریکردن، هەر چاڵێک مشتێ گەنممان تیادا دەچاند. کاتێکیش کە زوو من و براکەم دەگەڕاینەوە، باوکم سەرسام دەبوو و لە ئاکامدا دەیوت: "کە باران باری حەقیقەت سەوز دەبێت". ئێمەیش هەر لەم مەغزایەوە دەپرسین، ئێوە وەک شاعیرێکی ڕوانگە وا هەست ناکەن کە باران باریوە و حەقیقەتی بوون و شاعیرێتیی خۆتان سەوز بووە بۆ وەچەی دوای خۆتان؟

شاکەلی: هیوادارم ئەو نموونەیەی تۆ هێناتەوە، بەسەر ئێمەدا نەشکێتەوە. دەمەوێت ڕاستییەک بڵێم، کە من لە شاعیرانی ڕوانگە نەبووم. ڕاستە شیعرم بڵاو کردۆتەوە و لەو سەردەمەیشدا یەکێک بووم لە شاعیرە چالاکەکان کە بەشداریم لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەکاندا دەکرد.

وان: ئەو سەردەمە وەک ئەنوەر شاکەلی، کە بەو ناوەوە دەناسران...

شاکەلی: بەڵێ، ڕاستە. ئەو سەردەمە کۆمەڵێک هەبوون کە خۆیان بە پێشڕەوی ڕوانگە دەزانی و هەندێ خەتی کارکردن هەبوو کە ئێمە لەگەڵ ئەواندا یەکمان

نەدەگرتەوە و سەوزبوونی حەقیقەتەکەیش ئەوەیە کە لە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەوە، یان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لەم بارەیەوە چی دەنووسرێ. بەداخەوە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەک کۆمەڵگەی کورددا کە فەرهەنگێکی زۆر دواکەوتوومان هەیە، زۆربەی ڕووناکبیرانمان لە زۆر لایەنەوە شارەزای نین. تەنانەت لەو بابەتەیشدا کە خۆی بە شارەزا دەزانێت تێیدا. مەبەستی ئەم قسانەم نیشاندانی سیمای کۆمەڵگاکەمانە. لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا تەنانەت ڕاستیدەرکەوتنیش پەیوەندییەکی زۆری بە واقیعەوە هەیە. بۆ نموونە لەم سالانەی دواییدا گۆران وەک شاعیرێکی زۆر گەورە نیشان دراوە. من نکۆڵیم لە گەورەیی گۆران نییە، بەڵام ئەو گەورەییەی من لە گۆراندا دەیبینم ئەو گەورەییە نییە کە چەپی کورد نیشانی دەدات. گۆران بە "کچێکی بێگانە و دەروێش عەبدوڵڵا و گەشتی هەورامان و قەراخ بە لامەوە گەورەیە، بەڵام چەپی کورد بە "پاڵەوان و جق و نق و من عیراقم من عیراقم، کورد ئەم لاقم، عەرەب ئەو لاقم" بەلایەوە گەورەیە. ئەم دوو بۆچوونە جیاوازە لە شیعر و هونەر و دەربڕینە ئینسانییەکاندا هەیە.

هەروەها مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ڕەنگە دوای ١٥ ساڵێکی تر مێژووی ئەدەبی ئەم ٣٠-٤٠ ساڵەی ڕابوردوو بنووسرێتەوە، لەوەیە خوێنەر هەبێت بەرهەمی منی بە دڵ نەبێت و نەیخوێنێتەوە یان بە پێچەوانەوە.

وان: کەواتە خوێنەر ئەو بڕیارە دەدات و شاعیریش خۆی دەزانێت کە بۆ چ خوێنەرێک دەنووسێت؟

شاکەلی: پێم وایە تۆ خاڵێکی باشت باس کرد؛ نووسەر بۆ کێ دەنووسێت؟ ڕەنگە شاعیرێک کە ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتی هەبێت بە لایەوە گرنگ بێت کە هەموو کرێکار و جووتیاری کوردستان بەرهەمەکانی بخوێننەوە. من نە ئەو "طموح"ـەم هەیە و نە پێیشم باشە شیعرێک بنووسم کە هەموو کەس تێی بگات.

وان: هەڵبەتە ئەو بۆچوونەی پێشتر کە باست کرد، تایبەتە بە حاڵەتی ئایدیۆلۆژیای نووسەرەکەوە بۆ ئاسانکردنەوەی ئەدەب کە جێدەستی بە خراپی دیارە نەک بە باشی. دەمانەوێت بپرسین کە ئێوە سەرنووسەری گۆڤاری "مامۆستای کورد"ن کە بە ڕای زۆربەی خوێنەران ڕەوتێکی

کیسەڵییانەی هەیە کە لە جەوهەردا خۆدووبارەکردنەوەیە و هیچ گۆڕان و خۆتازەکردنەوەیەک بە خۆیەوە نابینێ لە چۆنایەتیی ئەو بەرهەمانەی کە تیایدا بڵاو دەکرێنەوە و هەوڵی گۆڕانیشی بۆ نەدراوە، بۆ نموونە لە دروستکردنی مەلەف لە بەشە جیاجیاکانی ئەدەبدا. دەکرێت بڵێین هۆی ئەمە ڕادەی چێژوەرگرتنی خۆتانە بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمانەی کە دەگات بە گۆڤارەکە؟

شاکەلی: پرسیارەکەت لایەنی زۆرە. هەڵبەتە مانای ئەوە نییە کە تەنها من لە گۆڤارەکەدا کار دەکەم. هەندێ جار چوار کەس و هەندێ جار کەمتر یا زیاتریشین. هەڵبەتە بەپێی بەشە جیاجیاکان لایەنی هونەری و مێژوو و ... کە هەموومان پێکەوە کار دەکەین. ئایا "مامۆستای کورد" ڕەوتێکی خاوی هەیە یان نا، نازانم تا چ ڕادەیەک وایە؟ کەسی دیکەیش هەیە وای نەبینێ و، ڕەنگە لای هەندێکیش باشترین گۆڤار بێت. ئەمەیش دیسان پەیوەندیی بە خوێنەرانی گۆڤارەکەوە هەیە. من بۆ خۆم ڕایەکی تایبەتم نییە لەو مەسەلەیەدا، بەڵام ئەوەی کە مەلەفێکی تایبەتی بۆ چیرۆک یا شیعر تەرخان بکرێ، ڕاستە و خۆزگە بمانتوانیایە کارێکی وا بکەین، بەڵام ئەمەیش کۆمەڵێ هۆی هەیە کە نەتوانین کاری بۆ بکەین. "مامۆستای کورد" لە ئەورووپا دەردەچێت و خوێنەری کورد لە ئەورووپا خوێنەرێکی پێشکەوتوو نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە باس دەکرێت. خوێنەری ئێرە مەسەلەی زمان و فەرهەنگی میللەتەکەی خۆی زۆر پێ گرنگ نییە، بەداخەوە ئەمە وای کردووە کە من پێم وایە تەرخانکردنی مەلەفێکی تایبەت بۆ لایەنێکی تایبەت لە ئەدەبدا، لە چەند ڕوویەکەوە، سەرکەوتوو نابێت؛ یەکەم: ئەو خوێنەرەت نابێ کە بەتایبەتی ڕووی تێ بکەیت و بەشێکی گۆڤارەکە یان هەمووی بۆ تەرخان بکەیت، دووەم: نەبوونی کادر لەو نووسەرانەی کە مەلەفێکی تایبەت پێک دێنن، ئەگەر ئێمە تەجروبەی گۆڤاری "یەکگرتن" وەربگرین پێم وا نییە ئەو مەلەفانەی کە هەن سەرکەوتوو بن. ڕاستە کارێکی باشیان کردووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە کارەکەیاندا، چونکە کاتێ کە ویستوویانە مەلەفێکی تایبەت بۆ چیرۆک یان سیاسەت یان هەر بەشێکی تر دروست بکەن، ئەو بەرهەمانەی بۆیان هاتووە ناچار بوون هەمووی بڵاو بکەنەوە بەبێ لە شەن و کەو دان. پێم وایە لایەنی لاواز لە "مامۆستای کورد"دا هەیە و چەند جارێکیش

بیرمان لە دروستکردنی مەلەف کردۆتەوە، بەڵام زوو گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە کارێکی باش نییە و سەرکەوتوو نابێت.

وان: کەواتە دەبێت هەموو ئەو گلەییيانە قبووڵ بکەن کە لەلایەن خوێنەرانەوە لێتان دەکرێت؟

شاکەلی: ببووره! نەک هەر گلەیی، بەڵکە لە گلەیی زیاتریش چاوەڕوانین. ڕاستییەکەی کاری گۆڤار وەک کاری پارلەمانی وایە؛ ئەگەر خەڵک ڕازی نەبێ ناشتوانێ بەردەوام بێت.

وان: بەڵام هەوڵدان بۆ هەندێک لە ڕازیبوون ئەدەب بەرەو خەفەبوون دەبات. هەروەک لە تاقیکردنەوەی مەسەلەی نێوان ئەدەب و سیاسەت بینیمان و، ئایا ئێوە چۆن دەتانەوێت لەو زەرەرمەندییە خۆتان ڕزگار بکەن؟

شاکەلی: خۆڕزگارکردنمان لە ڕاستیدا پەیوەندیی بەو سێ چوار کەسەوە هەیە کە کاری تێدا دەکەین. ڕەنگە تا ساڵێکی تر ئێمە نەتوانین هەنگاوێکی بنەڕەتییانە لە گۆڤارەکەدا بنێین و گۆڤارەکە لەو شێوەیەی ئێستاوە بگۆڕین بۆ شێوەیەکی تر، بەڵام هیوادارم هەموومان لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە گۆڕانێکی گشتی و بنەڕەتی لە گۆڤارەکەدا بە دی بێنین، گەرچی ئەو ئیمکانیاتەی ئەمڕۆ هەیە بەداخەوە ئەوەندە سنووردارە کە لە دەستی ئێمەدا نییە و ئەگەر ڕۆژی خۆی هاتە پێشەوە و نەمانکرد ئەوا چاوەڕوانی لە گلەیی زیاتریش دەبین.

وان: نەوە لە دوای نەوە شیعر تێڕوانینی تازە لە خۆ دەگرێت. نەوەی ڕوانگەیش تووشی گرفتێکی گەورە بوو لە هەوڵدانیاندا بۆ دۆزینەوەی پانتاییەکی نوێ، شیعری ئەمڕۆش هیی دوێنێ نییە و تێڕوانینتان چییە بەرامبەر شاعیرانی نوێ؟

شاکەلی: من وەک شاعیرێک، ڕەنگە بڵێم خۆشبەختانە، کە ماوەیەکی زۆرە لێرە ژیاوم و پەیوەندییەکی باشم بە زمانی بیرکردنەوەی ئەوروپاوە هەیە، بەڵام لە یەک

خاڵدا لەگەڵ ئێوە نیم بە دەستنیشانکردنی نەوەی نووسەران. من باوەڕم بەوە نییە کە شتێک هەبێت ناوی نەوەی حەفتا و نەوەی هەشتا و نەوەی نەوەد بێت. واتا مۆدێل نییە، تا ئەو ڕادەیەی بڵێین ئەم نەوەیە هەمووی وەک یەکە...

وان: بەڵام جیاوازیی فیکر و تێڕوانین هەیە، جیهانبینی هەیە، هەڵبەتە هیچ کام لەم شاعیرانە: محەمەد عومەر عوسمان، بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانیع و... چەندەها شاعیری تر لە وەچەی جەنگ وەک فەرهاد شاکەلی نانووسن. لەو تێڕوانینەوە ئێمە دەتوانین بڵێین وەچە کە بە هەر دە ساڵێک کۆمەڵێ ئەدیب و نووسەران لای ئێمە دەرکەوتوون و هەر یەکە بەپێی قۆناغەکەی خۆی خاوەنی تێڕوانینی تایبەتە...

شاکەلی: من دژی بۆچوونەکەت ناوەستم، بە هەرحاڵ، چونکە ئەوە گفتوگۆیەکی دوورودرێژی دەوێت. یەک شت هەیە و پێم وایە تۆیش هەر ئەوەت دەویست... لە حەفتاکاندا ئەو شاعیرانەی کە ئێمە بووین، چالاک بووین و ئێستا شاعیرانی تر خۆشبەختانە دەرکەوتوون و بەرهەمەکانیان بڵاو کردۆتەوە و دەنگیان بیستراوە. بەڕاستییەکەی نەک هەر من، ڕەنگە زۆربەمان کە لە ئەوروپا ژیاوین بە هۆی نەبوونی هاتوچۆوە بۆ کوردستان، کە ژیانی فەرهەنگی لەوێ پێش کەوتووە و نەوە لە دوای نەوە هاتۆتە گۆڕێ و ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕەی کە تۆ لە وڵاتدا تیایدا ژیاویت، من لە دەرەوە نەمبووە و نەمتوانیوە شوێنی نووسینەکان بکەوم و یەک بە یەک ئەو شاعیرانە بناسمەوە و دەنگیان ببیستم. خۆشبەختانە ئێستا کە ڕێگە کراوەتەوە و تا ڕادەیەک ئاگاداری ئەو گۆڤار و نووسینانەم، دەزانم کە شاعیری چاک دەرکەوتوون، کە دەنگی تایبەتی خۆیان هەیە، کە هەندێکیشیان ڕەنگە ئەو کامڵبوونە هونەرییەی نەبێ. بەش بە حاڵی خۆم هیچ کاتێک و هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە ئێمە، نەوەی حەفتاکان، وەک دیکتاتۆری شیعر خۆمان بە ڕێبەری شیعر بزانین و بڵێین کەس نییە دوای ئێمە بێت و ئێمە پێغەمبەرین و دوای ئێمە پێغەمبەری تر نایەت. ڕەنگە لە مێژووی سەدساڵی داهاتوودا ناوێک لە ئێمە هەر نەمێنێت، ئەگەر شتێکی تازەمان نەکردبێت. من قەت بە لووتبەرزییەوە تەماشای شیعر و هونەرم نەکردووە. لە بەرهەم و ئازاری ئەم دنیایە تەنها هونەرمەندە زۆر گەورەکان دەمێننەوە و لەناو کوردیشدا هەر بەو پێوانەیە وەری بگرە. با بڵێین لە ساڵانی ١٨٨٠ بەدواوە تا

١٩٢٠، كه سەدان شاعیر شیعریان نووسیوه، بەڵام لەمانه چەندی ماوه وەک شاعیر. ئەوەی مابێت مەولەوی و شێخ ڕەزا و مەحوی و ...، ئەمه بۆ ئێمەیش هەر وایه و ڕاستە. نەوەی تازه و شاعیری چاکیش دروست دەبن و هیوادارم زۆر لە ئێمەیش باشتر و پێشکەوتووتر بن.

ئامادەکردنی: هیوا قادر

یەکەم جار بە هۆی تەلەفۆنەوه ڕاستەوخۆ له بەرنامەی هونەری سەر بە ڕادیۆی کوردیی ستۆکهۆڵمەوه پەخش کراوه و دواتر لەگەڵ دیدارەکانی دیکەدا وەک مەلەفێک له گۆڤاری واندا بڵاو کرایەوه: وان، گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی، ڕۆشنبیرییه، ژماره: ٩ و ١٠ی ساڵی ١٩٩٤، لاپەڕه: ١٦٣– ١٦٧.

## سۆفیزم بۆ من عەشقێکی زۆر گەورەیە

یەنی پۆلیتیکا: بەڕێز شاکەلی، تۆ بە یەکێک لە شاعیرە هەرە چاکەکانی کوردستانی باشوور دادەنرێیت. بە کورتی دەتوانی چیرۆکی خۆت و شیعر بگێڕیتەوە؟

شاکەلی: چیرۆکەکەم کۆنە، دەمێکە دەستی پێ کردووە. من لە منداڵییەوە دەستم بە نووسین کرد. بەڵام لە تەمەنی شانزدە ساڵیدا، لە ڕۆژنامەی دەنگوباس کە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، یەکەمین پارچەشیعرم بڵاو کردەوە. بێگومان شیعرێکی زۆر جیددی نەبوو. بەڵام بە هەرحاڵ شیعری سەرەتا بوو. یەکەمین کۆمەڵەشیعرم لە ساڵی ۱۹۷۳دا لە بەغدا بڵاو کرایەوە. ناوی "پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی" بوو. لە دەرەوەی وڵات، لە بەیرووت، کۆمەڵە شیعرێکی دیکەم بڵاو کردەوە، دوای ئەوەیش لە سوێد دوو دیوانی دیکەم بڵاو بوونەوە.

یەنی پۆلیتیکا: بێجگە لە شیعر، دەتوانی هەندێک باسی کارەکانی دیکەی خۆتمان بۆ بکەی؟

شاکەلی: زۆر شتی جۆربەجۆرم تەرجەمە کردووە. لە سوێدییەوە بۆ کوردی پێنج کتێبی منداڵانم تەرجەمە کردووە. یەکێکی دیکە لە تەرجەمەکانم ئەنتۆلۆگییەکی شیعری گۆران بوو بە زمانی سوێدی. یەکێکی دیکە ئەنتۆلۆگییەکە کە لە شیعری پانزدە شاعیری کورد پێک هاتووە. کارێکی ئەکادێمیی‌شم هەیە بە ناوی "کوردایەتی لە مەم و زینی خانیدا" کە بە ئینگلیزییە.

## شاعیری و ژیانی ئەکادێمی لەگەڵ یەک ناکۆکن

یەنی پۆلیتیکا: ئێستا کە باسی بیری کوردایەتی لە مەم و زینی خانیدا دەکەین، دەکرێ باسی ئەوە بکەیت چۆن شاعیری و ژیانی ئەکادێمی

پێکەوە دەگونجێنیت؟

شاکەلی: کە لە سوێد دەستم بە خوێندنی ئەکادێمی کرد، لە دوو ساڵی یەکەمدا بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ڕەنگە شاعیری و کاری زانستی و ئەکادێمی پێکەوە نەگونجێن. بەڵام ئێستا ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی کۆنکرێت هەست پێ دەکەم و تێیدا دەژیم. بەڕاستی دوو دنیای جیاوازن... ژیانی شاعیرانە برێک ناعەقڵانییە، ڕێکوپێک نییە. بەڵام ژیانی ئەکادێمی ناچارت دەکات دیسیپلینت هەبێت و ڕێوشوێن و شێوەژیانێکی عەقڵانی بژییت. ئەمە لە نووسیندا بە تەواوی ڕەنگ دەداتەوە. ژیانی شاعیرانە ناهێڵێ ئەکادێمییەکی باش بم و ژیانی ئەکادێمییش ناهێڵێ شاعیرێکی باش بم.

یەنی پۆلیتیکا: ئایا تۆ بەمە زوڵم لە لایەنی شاعیرێتیی خۆت ناکەیت؟

شاکەلی: ئەمە ڕاستییەکە. من ئەگەرچی پلەی شاعیریم لە هیی هاوڕێیانی شاعیرم کەمتر نییە، بەڵام ڕەنگە ئەگەر هەموو کات و هەموو ژیانی خۆم بۆ شیعر تەرخان بکردایە باشتر دەبوو. ئێستا بەشێک لە کاتەکانم بۆ کاروباری ئەکادێمی دادەنێم، لە زانستگەیەکدا، زانستگەی ئوپسالا لە سوێد، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، دەرس دەڵێمەوە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە لە کۆنفرانسی جۆربەجۆردا بەشداری دەکەم. بێگومان لەو کۆنفرانسانەدا ئاستێکی ئەکادێمی پێویستە... بۆ نموونە لەم ماوەی ڕابوردوودا، لە کۆنفرانسێکدا بەشداریم کرد سەبارەت قەسیدە لە ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتیدا. لەوێ لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر قەسیدە لە ئەدەبی کوردیدا پێشکێش کرد. لە پێش هەمووانەوە، دیارە، قەسیدە لای مەلای جەزیری. کاری لەم بابەتە، بێگومان، کاتی دەوێ. بارتەقای ئەمە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی تێزێکم. ناوی تێزەکە "پەیدابوونی شیعری کلاسیکی کوردی"یە. لەمەیشدا بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر مەلای جەزیری دەنووسم.

یەنی پۆلیتیکا: ئەگەر پرسیارت لێ بکەین لەمەڕ هۆیەکانی، فاکتۆرەکانی کە تۆیان کرد بە شاعیر، چۆن وەرامان دەدەیتەوە؟

شاكەلی: ئێوە دەزانن ئەمە شتێک نییە بە بڕیاردان بکرێت، کەی، لە کوێ، و چۆن، ئەمانە هیچیان ڕوون نین. ناشکرێ ئەوە نەڵێم کە کارکردی بنەماڵەکەمان لەم باسەدا هەیە. من لە خێزانێکی خوێندەوار و ڕووناکبیردا پەروەردە بوومە. ئێمە بنەماڵەیەکی شێخین. باوباپیرانم هەموو کەسانێکی خوێندەوار بوون. باوکم کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو. خوێندنەوەی ئەوانە کارکردێکی چاکی لای من هەبوو و سوودێکی چاکم لێ وەرگرتووە. مامم، شێخ ئەحمەدی شاکەلی، شاعیر بوو. شاعیرێکی کلاسیکی سۆفی بوو. لە سەرەتاوە کە هێشتا لاو بووم لەژێر کارکردی مامۆستا گۆراندا بووم.

## شتێک نییە ناوی ڕێنێسانس بێت

یەنی پۆلیتیکا: لە بواری فەرهەنگدا باسی ڕێنێسانس دەکرێت، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی، چۆنی دەبینی؟

شاکەلی: من لە هێندێ جێگا لە کوردستانی باکوور گوێم لێ بووە باسی ڕێنێسانس دەکرێت. ئەگەر وەک زاراوەیەک بیر لە ڕێنێسانس بکەینەوە، وەک ئەوەی کە لە ئیتالیا و فرانسادا هەبوو، شتی وا نییە... ڕێنێسانس زاراوەیەکەی گەورە و گرانە، بۆ ئەوەی بتوانین باسی ئەوە بکەین کە نەتەوەیەک بە ڕێنێسانسدا بڕوات دەبێ بە چەند قۆناخێکی گەورەدا بڕوات و کۆمەڵێ فەیلەسووف و بیریار، چەند شەپۆلێکی هونەر و ئەدەب و چەند تەوژمێکی بیری ڕادیکال هەبووبێت... ئەگەر وا بیر لە باسەکە بکەینەوە، شتێکی وەها لە کوردستاندا نییە و نایبینم. بۆ ئەمەیش دەستەڵاتێکی سیاسی پێویستە. لە وڵاتێکی وەک تورکیادا و لەژێر سەردەستیی زمانی تورکیدا تۆ ناتوانی ڕێنێسانس بە دی بهێنیت. تۆ تەنیا دەتوانی بڵێیت کوردی باکووریش ئێستا دەستیان بە نووسین کردووە. هیوادارم ئەمە بەهێزتر ببێت و ببێتە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی. ئەمە بەوەوە بەستراوە کە زمانی کوردی لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا چەند کاریگەرانە بە کار دەبرێت.

یەنی پۆلیتیکا: چۆن شیعری کوردی دابەش دەکەیت و بە بۆچوونی ئێوە دەتوانن باسی کامە خوێندنگەی ئەدەبی و شیعری بکەن کە لە ئارادان؟

شاکەلی: تۆ ناتوانی هەموو ئەو قۆناخانەی کە لە دنیادا هەن لە کوردستانیش بۆیان بگەڕێیت و وا بزانیت هەن و دەست دەکەون، هەم هەڵەیە و هەم هیچ مەعنایەکیشی نییە. چونکە ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک خاوەنی شێوەی تایبەتی خۆیەتی. ئەمە تەنیا لە کوردستاندا وا نییە، بەڵکە لە وڵاتانی دیکەیش هەر وەهایە. دەکرێ باسی چەند گرۆ و کاتەگۆرییەک بکرێت. لە ئەدەبیاتی کوردیدا گرنگترین بەشی ئەدەبییات، ئەدەبییاتی کلاسیکە، کە شیعری کلاسیکە. ئێمە دەتوانین بڵێین زۆربەی شاعیرە گەورەکانمان سەر بەم مەدرەسەیەن. دووەمیش بە مامۆستا گۆران دەست پێ دەکات. گۆران، کە زۆریش لەژێر کارکردی ئەدەبییاتی ڕۆژاوادا بووە، بەڵام بیستساڵی یەکەمی ژیانی شاعیریی گۆران دەکەوێتە ناو ئەم مەدرەسە کلاسیکییەوە. دواتر، بە کارکردی هەندێ باوەڕ و ئیدیۆلۆگی قۆناغێکی دیکەی شاعیریی گۆران دەست پێ دەکات کە دەکرێ ناوی بنرێ ڕیالیزم یا سۆسیال ڕیالیزم. لێرەدا دەتوانین باسی گۆرانێک بکەین کە کەوتووەتە ژێر کارکردی مارکسیزمەوە.

### سۆفیزم کارێکی یەکجار گەورەی لێ کردووم

یەنی پۆلیتیکا: یانی دەکرێ بڵێین چەند گۆرانێک هەن؟

شاکەلی: ڕاستە. دوو یا تەنانەت سێ گۆران هەن. چونکە یەکەمین قۆناخی گۆران شێوەیەکی کلاسیکە. لەم سەردەمی کلاسیکەدا گۆران لە ڕووی شێوازەوە لە نالییەوە نزیکە. من پێم وایە جوانترین و چاکترین شیعرەکانی گۆران هی قۆناخی ڕۆمانتیکیەتی. لە قۆناخی ڕیالیزم یا سۆسیال ڕیالیزمدا، شیعرەکانی ئەگەر نەڵێین خراپن، بەڵام ناشتوانین بڵێین چاکن.

یەنی پۆلیتیکا: یانی پێتان وایە گۆران زۆری لە خۆی کردووە؟

شاکەلی: نازانم... من گۆران خۆیم نەناسیوە. هێندەی من بزانم شیعرە ڕیالیستییەکانی، لە هەندێ جێگەدا تا ڕادەی دروشمی سیاسیی ڕووت دابەزیوە. وەک مارکسیستێک، ڕەنگە هەستی ئینسانی لای گۆران زۆریش چووبێتە سەرێ،

بەڵام لە ڕووی چۆنایەتیی شیعرەوە زۆر دابەزیوە.

یەنی پۆلیتیکا: تۆ خۆت لە کامە قوتابخانەدا دەبینیتەوە؟

شاکەلی: لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا، کە سۆسیال ڕیالیزم بەرەو کزبوون چوو، لاسایی سورریالیزم و داداییزم دەکرایەوە. بەڕاستی هەندێ لە شاعیران هەوڵیان دەدا وەک سورریالیست و دادایستەکان بنووسن. لەو ساڵانەدا بزووتنەوەیەکی ئەدەبی دەستی پێ کرد. ئەمە کۆمەڵێ هۆی سیاسیی هەبوو. ڕێژیمی عیراق لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی باشووردا گەیشتنە ڕێککەوتنێک؛ واتە چوار ساڵی ٧٠-٧٤، سەردەمی ئاشتی بوو. ئەم ساڵانە هەلومەرجی پێشکەوتنی ئەدەبیاتی کوردی دابین کرد. نەوەیەکی نوێی نووسەران پەیدا بوون، لەناویاندا؛ شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر قادر محەمەد، فەرهاد شاکەلی و جەلالی میرزا کەریم هەبوون. لەناو ئەمانەدا ئەوەی کە بۆ داهێنانی سورریالیزم و دادابیزم کاری دەکرد هەڵمەت و من بووین. ئێمە لە فۆرمە کلاسیکەکان دەردەچووین، زمانمان تازە دەکردەوە. بێگومان ئەو کاتە کە گەنج بووین، زۆر تەبیعی بوو کە وە دووی نوێگەری بکەوین. ئێمە ئەگەرچی ڕەنگە لە هەندێ شتدا لاساییمان کردبێتەوە بەڵام داهێنانی ڕەسەنی خۆیشمان هەبوو. لە شیعری منیشدا قۆناخی شیعریی جیاواز هەیە: لە سەرەتادا لەژێر کارکردی ڕۆمانتیزم و مامۆستا گۆراندا بووم. ئەمە ماوەیەکی زۆر کورت بوو. سەردەمی دووەمی شیعریم سورریالیزم و دادابیزمە. سێیەمیش شیعری چەپ و شۆڕشگێڕانە. لەم قۆناخەدا کۆمەڵە شیعرێکم هەیە بە ناوی "ڕووبارە تیشکێک لە هەتاوی سوورەوە". لە هەشتاکانەوە و تا ئەمڕۆیش ئەزموونی شیعرێک دەکەم کە باسی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، فیکری ئینسان، هەندێ هاندەری فەلسەفی و وجوودی، دنیای ناوەوەی مرۆڤ، دوور لە دنیای دەرەوە و بینراو. ئێستا لەژێر کارکردی سۆفیزمدام. ئەوەی ئێستا من دەینووسم ڕەنگە بکرێ پێی بڵێین "نوێسۆفیزم". سۆفیزم بۆ من عەشقێکی گەورەیە و زۆرم کار تێ دەکات. من خۆم لەوێدا دەدۆزمەوە. دیوانی پێشووم بەشێکی گەورەی لەم بابەتە بوو. دیوانی دواییم "نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم"، ئەویش هەر لەم بابەتەیە.

یەنی پۆلیتیکا: دەڵێن لە ئەدەبی کوردیدا ڕەخنە نییە، تۆ ئەمە چۆن دەبینی و لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

شاکەلی: لەم ساڵانەی دواییدا، بە تایبەتی لە حەفتاکانەوە ڕەخنەی ئەدەبی زۆر لاوازە. هۆیەکی سەرەکی ئەوەیە لەم ساڵانەدا شەپۆلی چەپ و مارکسیزم، یا ڕەنگە ڕاستتر ئەوە بێ بڵێین نەناسینی مارکسیزم، بۆتە هۆی ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی جیددییەت و بابەتیی خۆی لە دەست بدات. ئەمڕۆ ناتوانین باسی ڕەخنەیەکی جیددیی ئەدەبی بکەین. ئەگەر ڕەخنە نەتوانێ بۆ بەرزکردنەوەی ئەدەب و بزووتنەوەی ئەدەب، جوانکردنی ئەدەب کار بکات، ئەدەب چۆن پێش دەکەوێت؟ من لەم ڕووەوە زۆر نیگەرانم. ئەگەر لە وڵاتێکدا ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژانە نەبێت ئەوا هەلومەرجێکی ئاڵۆز و مەترسیدارە. چونکە ڕەخنە دەبێتە پردێک لەنێوان خوێنەر و نووسەردا، هەروەهایش ئەدەبییات بەهێزتر دەبێت. نووسەریش ناچار دەکات کە بەرەو ئەوە بچێت چاکتر و جوانتر بنووسێت. ئەو وڵاتەی ڕەخنەی تێدا نەبێت، مەترسیی ئەوە هەیە کە هەموو کەسێک دەبێتە شاعیر و نووسەر و بیریار. ئەوەیش ئاژاوەیە. بەکورتی کە ڕەخنەی ئەدەبی نەبێت، ئەدەبییات نابێتە بەشێکی زیندووی ژیان و خوێنەریش سەری لێ دەشێوێت.

ئامادەکردنی: جان گویلشەنئۆغلو

یەنی پۆلیتیکا

ژمارەی ڕۆژی ٢١-٧-١٩٩٥

## شیعرا باش لسەر هوندورێ

### مرۆڤ دپەیڤە

نوودەم: ئەز بەرێ دخوازم ئەم ڤێ تێرما "شیعر"ێ زەلال بکن. هن کەس دبێژن هەلبەست، هن کەس دبێژن شئیر، هن کەس شێر و هن کەسژی شئێر دنڤیسین. گەلۆ کیژان ژ ڤان ڕاستە؟

شاکەلی: پرسا (بێژەیا) شیعرێ، د ئەسلێ خوەدە وشەیەکە عەرەبییە و ژ ڕێگەها کولتورا ئیسلامی هاتییە ناڤ زمانێ کوردی و کەتییە ناڤ زمان و کولتورێن گەلەک میللەتێن دن یێن ل ڕۆژهلاتێ. مرۆڤ دکارە بێژە کو نها بوویە پرسەکە ڕۆژهلاتی، پرسەکە ئیسلامی. نە تەنێ پرسا "شیعر"ێ، گەلەک پرسێن دنژی هەنە کو ژ ڕێگەیا زمان و کولتورا عەرەبی هاتنە ناڤ زمانێ مە و یێ گەلێن دن. بۆ نموونە: قەڵەم، کتێب، ئەدەب، ئەدەبییات هەموو ژ زمانێ عەرەبی هاتنە. لێ ڕاستییەکە دن هەیە، ئەڤ پرس نها نە تەنێ پرسەکە عەرەبییە، بەڵکوو پرسن مەرەڤ دکارە بێژە کوردینە، فارسینە، ئۆردوونە و د زمانێ گەلەک میللەتێن دندەژی ب کار تێن. پرسێن وەها ئێدی بوونە پرسێن ڕۆژهلاتی.

ئەز ب خوە پرسا شیعر پرسەکە باش دبینم. ئەگەرچی گەلەک نڤیسکارێن کورد، بۆ نموونە: مامۆستا گۆران د چەند جییاندە پرسا "هەڵبەست" ب کار ئانییەژی، لێ ئەز ب خوە پرسا شیعرێ باشتر دبینم. لێ کیژان ڕاستە، ئەو ناڤێن کو تە ب خوە نڤیسینە، ڕاستی ئەوە کو هیچ یەک ب خوەژی نە ڕاستن. لێ ئەگەر ئەم ل ئۆرگینالا وێ بنەڕن "شیعر"ـە و ناڤێن دن نە ڕاستن.

نوودەم: شئیرا کوردی کەنگی و ب چ زاراڤایێ کوردی هاتییە نڤیساندن؟ سەبەبێن کو ب تایبەتی شئیر ل وێ دەڤەرێ هاتە نڤیساندن چ بوو؟

شاکەلی: ئەگەر ئەم بخوازن دەستپێکا ئەدەبییاتا کوردی پێشان بدن کو ژ کو

دەرێ دەست پێ کرییە، کارەکی نە هێسانە و زەحمەتە. ئەو زەحمەتی ژ چەند تشتان تێ: دیرۆکا ئەدەبییاتا کوردی ب تەمامی نەهاتییە نڤیسین. ئەگەر هاتبە نڤیسینژی، ب شێوەیەکی زانستی و باش چێ نەبوویە.

یا دنژی، مەسەلا دیالێکت و زاراڤایێن زمانێ کوردییە. بێگومان ئەم وان کەسان تەڤ کورد دحەسبینن، لێ هن خەلک هەنە کو نیشانا پرسێ دادنن سەر زاراڤایێن کوردی. بۆ ڤێژی دەستپێکا ئەدەبییاتا کوردی دبە مەسەلەیەکە موناقەشێ و بەحسن کو زمانزانی و زمانەوانینە. ئەڤ دو سەبەبن باوەڕ دکم کو دیاریکرنا دەستپێکا ئەدەبییاتا کوردی نە هێسان بە. لێ دیسانژی ئەم کورد دکارن بێژن، ئەگەر ئەڤ دیالێکتێن کو ژ زوودە ئەدەبییات، شیعر پێ هاتنە نڤیسین یەک یەک ل بەر چاڤ بگرن، ئەز باوەڕ دکم کو دیالێکتا گۆرانی و یا هەورامی بەری دیالێکتێن دن بۆ نڤیسین و شیعرێ هاتنە بکارئانین. بۆ ڤێژی مرۆڤ دکارە بێژە: ئەدەبییاتا کوردی ب زاراڤایێ هەورامی دەست پێ کرییە.

پرسا کو بۆ چ ژ هەرێما هەورامانێ دەست پێ کرییە؟ ئەز باوەڕ دکم ئەڤ گرێدایێ ب مەسەلەکە دینیڤەیە. ژبەر کو ناڤچەیا هەرێما هەورامانێ، دینەکی خوە یێ تایبەتی هەبوویە کو "دینێ ئەهلی حەق"ە، نهاژی ژێرە دبێژن "کاکەیی" و "یارسان" و پڕانییا ستران و ئایینێن وان یێن دینی ب ڤێ دیالێکتێ چێ بوونە. مومکینە کو ئەڤژی بوویە سەبەب کو مرۆڤ نە تەنێ سترانێن دینی، ژێ زێدەترژی سترانێن "ڕووحی"، بەحسا ڕووح و ژیانا خوە کرنە و فۆرمەک دیتنە کو بوویە فۆرما شیعر. ئەوژی دبە دەستپێکەک بۆ ئەدەبییاتا کوردی.

شیعرێن گەلەک مەزن ب زاراڤایێ هەورامی هەنە. نها ناڤێ گەلەک ژ وانژی وندا بوویە کو مرۆڤ نزانە کینە و چ وەخت ژیانە. تشتێن کو وان نڤیسینەژی نها کێم ل بەر دەستێن مە هەنە. لێ دیسان د ناڤ کلاسیکێن ئەدەبییاتا کوردیدە، ب دیالێکتا گۆرانی، ناڤێن مەزن مانە، وەک خانای قوبادی، سەیدی، مەولەوی، بێسارانی و گەلەکێن دن.

پاشی وێ، مرۆڤ دبینە کو ئەدەبییات ب شێوەیا/ زاراڤایێ کورمانجییا ژۆرین، دەست پێ کرییە. پشتی وێژی ب زاراڤایێ/ دیالێکتا کورمانجییا باشوور دەست پێ کرییە. لێ مرۆڤ ئیرۆ نکارە بێژە کو ئەدەبییات ب زاراڤایێ هەورامی هەیە. مومکینە

کو هن کەس ل مالا خوە پێ بنڤیسینە، لێ وەک ئەدەبییات ئێدی رۆلا وی نەمایە. زاراڤایێ هەورامی د ئەدەبییاتا کوردیدە بوویە بەشەک ژ کلاسیکێن مە. لێ ئەم دبینن کو ئەدەبییات ب دو زاراڤایێن کورمانجییا ژۆرین و یا ژێرین پر خورتە و ب پێش دکەڤە، گەش دبە و پێ ئەدەبییاتەکە دەولەمەند تێ نڤیسین.

نوودەم: ئەم دزانن کو دەولەمەندییەکە شئیرا کوردی یا کلاسیک هەیە، تو ڤێ دەولەمەندییێ ب چ گرێ ددی؟

شاکەلی: ئەدەبییاتا مە یا کلاسیک، پر دەولەمەندە. ئەڤ دەولەمەندی، ب دیتنا من، مەسەلەیەکە کولتوری و فەرهەنگییە. کولتور و فەرهەنگا کوردی د قەرنێن ١٧، ١٨ و ١٩دە بوویە بەشەکە زیندوو، بەشەکە پرژیان ژ کولتورێن رۆژهەلات و کولتورا ئیسلامی.

ئەدەبییاتا کوردی نە ب سەرێ خوە ژییایە و نەژی ژ ئەدەبییاتێن دەوروبەرێن خوە و کولتورا ملەتێن دن هاتییە برین. ب دیتنا من سەبەبەکی ڤێ دەولەمەندییێژی ئەڤە: سەبەبێ فەرهەنگی و یێ کولتورییە. لەورا ئەم دبینن کو پرانییا شاعیرێن مە یێن کلاسیک سێ چار زمان زانبوونە. ئەم جەزیری بگرن، ئەحمەدێ خانی، نالی یا مەولەوی ب کێمانی هەر یەکێ وان ب سێ زمانان کوردی، عەرەبی، فارسی، جارانژی ب تورکی شیعر نڤیسینە.

نموونەیێن کو ل بەردەستێن وان هەبوونە، وەک ستاندارد ژ ئەدەبییاتا عەرەبی و مرۆڤ دکارە بێژە زێدەتر ژ ئەدەبییاتا فارسی بوونە. لێ نموونەیا بەرز، نموونەیا ئەدەبییاتا فارسی بوویە، وەک بەرهەمێن مەولانا جەلالوددینی رۆمی، حافز، سەعدی و وەکی دن. شاعیرێ کورد خوەستییە کو ئەوژی ببە یەکی وەک حافز، یەکی وەک مەولانا. ئەم ڤێ مەسەلێ ب ئاشکرا د شیعرا مەلایێ جەزیریدە دبینن کو دبێژە:

گەر لوئلوئێ مەنسوورێ ژ نەزمێ تو دخوازی

وەر شیعرێ مەلێ ببین، تو ب شیرازێ چ حاجەت؟

یانی مەلا خوە ژ حافز کێمتر نابینە. مرۆڤ دکارە بێژە کو ئەو خوە ژ حافز مەزنترژی دبینە. ئەڤ خوەمەزنبینی کولتوور و ئەدەبییاتێ پێشان ددە. لەورا مەلێ و وان شاعیران، خوە بەشەک ژ ڤێ ئەدەبییات و کولتوورێ دیتنە.

ناليژى د شيعرەكە خوەدە ديسا عەينى مەعنا، عەينى پرس ب كار ئانييە، دبێژە:

فـارس و كـورد و عەرەب هـەرسێم بە دەفتـەر گرتووە

نالـى ئەمــڕۆ، حــاكـمـى سىێ مــوڵكـە، ديوانى هـەيە

وەكـە كـو ئەم دبينن، يانى شـاعيرێ كورد يێ كلاسيک خـوە دناڤ ئەدەبييـاتەكـە زەنگين، ئـەدەبيـياتەكـە دەولەمـەنددە ديتـيـيـە كـو مـرۆڤ دكـارە بێـژە: "ئەدەبيـياتا ڕۆژهـلاتـێ" و "ئەدەبيياتا ئيـسلامى" بوويە. هـەر يەک ژ گـەلێن ڕۆژهـلاتا ئيـسـلامى، ب ئەدەبييات و ب كولتور، ب ڕۆناكبيرێن خوەڤە تێدە بەشدار بوويە.

ئيـرۆ مـخـابن ئەدەبيياتـا كوردى و هـەروەهـا ئەدەبيياتا مـللەتێن دنژى ژ هـەڤ دوور كەتنە، گەلەک سنوور د ناڤا مللەتاندە چێ بوونە، سنوورێن سياسى، يێن ئێكۆنۆمى، يێن فەرهـەنگيژى چێ بوونە. ئيرۆ مرۆڤ نكارە بێژە كو ڕۆناكبيرەكى كورد ب گشتى ئەدەبيياتا عەرەبى، يا توركى يا فارسى ناس دكە. لێ مـومكينە كو ڕۆناكبيـرەكى ژ باكوورێ كوردسـتـانێ ئەدەبيياتا تـوركى ناس بكە، لێ ئەدەبيياتا فـارسى و عـەرەبى ناس ناكـە. هـەروەهـا ڕۆناكـبيـرەكى ژ بـەشـێن دنژى، غـەيرێ ئەدەبيـياتا فـارسى و عەرەبى ئەدەبيياتێن دن ناس ناكە.

لێ وەكـە ئەم دبينن د سـەدسـالا ١٧، ١٨ و ١٩يانده ڕۆناكبيـرێن كورد، ڕۆناكـبيـرێن وێ سـەردەمێ، بێ(ژ غەين) ئەدەبيياتا كوردى، ب كێمانى ئـەدەبيياتێن سێ مللەتان ـ فـارس، عـەرەب و تورک ـ باش ناس كرييـە. ئەڤ دەولەمـەندى (يا كـلاسـيكان) ژ ڤێ هـاتييە.

نوودەم: ژبـەر كـو ئەز دزانم تو ژ نێزيكڤە لسـەر ئەحـمەدێ خـانى دخـەبتى، ئەزێ بخوازبم تو چەند كورتەپرسێن من ب بەرسيڤەكە فرەهـ ببەرسڤينى. د سـالا ١٩٥اندە كوردان سێـسەدسـاليـيا نڤيسـاندنا مەم و زينا ئەحمـەدێ خــانى پيــرۆز كــرن. ژ بۆ وى جـڤـين و كـۆنفـەرانس ل دار كـەتن، بـەند و پرتووک هـاتن نڤيسـاندن؛ گـاڤـا مـرۆڤ ڤـێژى ل بەر چاڤـان بگرە، گـەلۆ ب ڕاسـتـى كورد ئيـرۆ ئەحـمـەدێ خـانى نـاس دكن؟ يا كـو ئەحـمـەدێ خـانى كرييـە چييـە؟ مـەم و زينا وى بـەحـسـا چ دكـە؟ فـەلسـەفـەيا وى چ بوو؟ وى خوەستييە ب ڤێ بەيتێ چ ببێژە:

شـەرحـا غـەمـێ دل بکم فـەسـانە،

زینـێ وو مــــــەمـێ بکم بـەهـانـە.

شـاکـەلی: بەری هەر تشـتـی، دڤـێ ئەز چەوتیـیـەکـە کـو د ناڤـا مـەدە بـەلاڤ بوویە ڕاست بکم. ئەو چەوتـی ژ کـو و ژ کێ هـاتیـیـە، ئـەز نزانم، لێ مـرۆڤ دکـارە بێـژە "چەوتییـەکـە تەکنیکی، چەوتییـەکە زانستییە". پڕانییا کوردا سالا ١٩٩٥ان وەک سـێسـەدسـالـیـیـا مـەم و زینـێ دانینە. لێ ئەڤ ڕاسـتـیـیـا خـوە ژ ئـالییـێ تاریخـی و عیلمیڤە تونە، تشتەکی نەڕاستە.

لەورا ئەحـمـەدێ خـانی سـالا ١٠٦١ێ کـۆچێ - هـیـجـری ژ دایک بوویە، کـو دبە هەمبەرێ ١٦٥١ێ زایینێ. ئەڤ تشتەکی ڕاستە و کەس نکارە بێژە نە وەهایە. پاشێ ئەحمەدێ خانی د مەم و زینا خوەدە گۆتییە:

ئـیـسـالـی گـەهـیـشـتـە چلوچاران

وی پـێـــشـــرەوێ گـــوناهکاران

ئەگـەر ئەم ٤٤ بێخن سـەر ١٠٦١ێ کو خـانی ژ دایک بوویە، دبە ١١٠٥ێ کـۆچی. ئیرۆ ئەم نکارن ب زۆر تاریخـا زایینـێ لسـەر ئەحـمـەدێ خانی فـەرز بکن. لەورا وی حسـابا کۆچێ کرییە. ب حەسـابا کۆچی کو ١١٠٥ـە، دکە هەمبـەرێ ,١٦٩٣ یانی مەم و زینا خـانی د ١٦٩٣اندە هاتییە نڤیسین. ئەگەرئەم سێسەدسالییا مەم و زینێ لگۆر تاریخا زایینێ حساب بکن، سالا ١٩٩٣ دکاربوو ببوویا تاریخا سێسەدسالییا مـەم و زینێ. ئەڤـژی لگۆر حـسـابێ مـە، لێ لگۆر حـسـابێ ئەحـمـەدێ خـانی دیسـا نەڕاسـتـە. ئەگـەر ئەم لگۆر تاریخـا هیـجـری ١١٠٥ کو مـەم و زین هـاتییـە نڤـیسین حەساب بکن، سێسەدسالییا وێ دکە ١٤٠٥ێ کۆچێ، هەمبەرێ وێ (تاریخا زایینێ) ١٩٨٤ دکە. ئەگەر ئەم لگۆر دلێ خـانی سێسـەدسالییا وێ حـەساب بکن، ب ڕاسـتی سـالا ١٩٨٤ دبە سێسەدسـالییا نڤیسینا مـەم و زینێ. ئەڤ مـەسـەلەیەکە تەکنیکییە کو جارا یەکەمە ئەز ب نڤیس بەحس بکم.

لسـەر پرسـیـارا کـو "گـەلۆ کورد ئەحـمـەدێ خـانی ناس دکن،" ئەز نکارم ببێژم کو پڕانییا کوردان ئیرۆ ئەحـمەدێ خـانی ناس دکن. نە تـەنێ پڕانییا کوردان، بێ ترس ئەز دکارم بێـژم کو ٥٪ێ ڕۆناکبیرێن کـوردان - ئەز نزانم چەند ڕۆناکبـیرێن کورد

هەنە، لەورا ستاتیستیک ل با من تونە ـ مەم و زین یان ئەحمەدێ خانی ناس دکن. ئەوێن دن ـ ٩٥٪ ـ ئەحمەدێ خانی ناس ناکن، فەلسەفەیا وی ناس ناکن و مەم و زینێ ناس ناکن. ڕاستە کو خوەندنە، ڕاستە کو هەر یەکێ سێ چار جارانژی مەم و زینا ئەحمەدێ خانی خوەندنە، لێ ناس نەکرنە. ئەز نها ناخوازم ب دووردرێژی بێژم کو چما ناس دکن و چما ناس ناکن، لەورا مەسەلەیەکە درێژە و مرۆڤ دکارە ل جهەکی دن بەحس بکە.

د مەسەلا ئەحمەدێ خانی و مەم و زینا ویدە، دو نوقتەیێن گرنگ هەنە؛ یەک: فۆرم/ شێوەیا مەم و زینێیە. پرانیا(کەسێن) کو بەحسا مەم و زینێ دکن، یان دبێژن "بەیت" یان "چیرۆک"، لێ پرسا وەک تێرمەکی ئەدەبی کو پڕ گرنگە مەسەلا "مەسنەوی" یان "مەسنەڤی"یە، کێم کەس بەحس دکە. مەم و زین ب خوە مەسنەوییە و چیرۆکەکە کو ب فۆرما مەسنەوی هاتییە نڤیسین.

مەسنەوی ژ قەرنێ ١٤ هەتا یێ ١٨ژی د ئەدەبییاتا ڕۆژهلاتێدە فۆرمەکە گەلەکی مەشهوور و پۆپولێر بوویە. بەری ئەحمەدێ خانی گەلەک شاعیرێن فارس و تورکژی ب مەسنەوی نڤیسینە. ڕەنگە کو یەک ژ وانا یێ هەری ناسکریژی نیزامی گەنجەوییە کو ئەحمەێ خانی گەلەک گەلەک د بن تەئسیرا ویدە بوویە. پێنج مەسنەوییێن نیزامی گەنجەوی هەنە کو هەر ژێرە "خەمسە" یانی "پێنج مەسنەوی"یێن نیزامی دبێژن.

"مەسنەوی" د ناڤا کوردان‌دا هاتییە ناس کرن، ب تایبەتی ل با ئەحمەدێ خانی و هن شاعیرێن دن. لێ د ڕۆژا ئیرۆدە کەس "مەسنەوی" نانڤیسە و وەک فۆرمەکە ئەدەبی ڕۆلا وێژی نەمایە. لێ ئەڤ گرنگە کو مرۆڤ بزانبە مەم و زینا ئەحمەدێ خانی ژ ئالییێ فۆرمڤە "مەسنەوی"یە و بەشەکە ژ ئەدەبییاتا ڕۆژهلاتێ.

یا دن، مەسەلا فەیلەسووفبوونا ئەحمەدێ خانییە کو د ناڤا کوردانده پڕ مەزن کرنە. ب ڕاستی ئەحمەدێ خانی نە فەیلەسووف بوویە، لێ وی فەلسەفەیا سەردەما خوە باش ناس کرییە و دیارە کو فەلسەفە د ڕۆژگارێن ئەحمەدێ خانیدە نە گەلەک بەلاڤ بوویە. سەبەبێن وێ گەلەکن کو چما و چقاس فەلسەفە د ناڤا کوردانده بەلاڤ بوویە. لێ فەلسەفەیا کو زێدە هاتییە ناسکرن، یا تەسەووفە ـ سۆفیزمێیە. ئەحمەدێ خانی سۆفییەکی مەزن بوویە، مرۆڤ دکارە بێژە کو وی فەلسەفەیێ ب ڕێیا تەسەووفێ ناس کرییە. ئەحمەدێ خانی گەلەک د بنێ تەئسیرا فەلسەفەیا

"وەحدەتولوجوود" ێدە بوویە، کو فەلسەفا موحییددین ئیبن عەرەبییە. مرۆڤ ڤێ فەلسەفێ ب ئاشکرا د پڕانییا بەشێن مەم و زینێدەژی دبینە. بێ ڤێیا، ئەحمەدێ خانی فەلسەفەنە دنژی ناس کرنە؛ فەلسەفا ئیسلامی ناس کرییە و چ کەتییە بەر دەستێن ویژی خوەندییە.

هەر کەس مەم و زینا ئەحمەدێ خانی ب شێوەیا خوە، لگۆر ئیدیۆلۆژییا خوە، لگۆر دیتنا خوە تەفسیر کرییە. بەری ١٥ –٢٠ سالان کو پڕانییا کوردان چەپ بوون، مارکسیست بوون، گاڤا کو بەحسا ئەحمەدێ خانی دکرن وەکە چەپەکی (یەکی چەپ) بەحس دکرن و دخوەستن کو بێژن: "ئەحمەدێ خانی ئالیگرێ چەپێتییێ بوو، ئالیکارێ کارکەر، جۆتکار و پرۆلیتەران بوویە." ئەڤ گۆتن ب نڤیسینژی هەنە، نەکو مە بهیستییە. بێگومان ئەڤ نەڕاستە، نەڕاست بوو و نهاژی نەڕاستە. هەروەها ئیرۆ کو مۆدێلا چەپ نەمایە، ئیجار گەلەک کەس دخوازن کو ئەحمەدێ خانی تەنێ وەک کەسەکی نەتەوەیی نیشان بدن، ئەڤژی نەڕاستە. ئەرێ ڕاستە کو ئەڤ تشت، ئەڤ بیروباوەڕی د مەم و زینێدە هەیە، لێ مرۆڤ نکارە بێژە کو فەلسەفە و باوەڕییا وی نیشان ددن.

فەلسەفە و ئیدیۆلۆژییا هەری سەردەست یا د مەم و زینێدە تەسەووف و سۆفیزمە. لێ وەک ئینسانەکی هۆشیار، یەکێ تێگەیشتی دەرد و کولێن مللەتێ خوەژی ناس کرییە و خوەستییە کو مللەتێ کوردژی وەک مللەتێن دن ڕزگار ببە، ئازاد بژی و خوەستییە کو ڕێیەکێ نیشانی وان بدە.

نوودەم: ب قاسی ئەحمەدێ خانی، تو لسەر مەلایێ جەزیریژی دخەبتی. گەر تو هونەر، فەلسەفە و زمانێ هەردو شائیران بەرانبەری هەڤ بکی، کیژان شائیر بێتر ب سەرکەتییە؟ کوورانییا فەلسەفەیێ بێتر ب کیژانیرا هەیە؟

شاکەلی: ئەڤ پرسیارەکە پڕ زەحمەتە. ب تایبەتیژی بۆ من گەلەک زەحمەتە. ڕاستە کو من لسەر ئەحمەدێ خانیژی و لسەر مەلایێ جەزیریژی کار کرییە و نهاژی کار دکم. زەحمەتییێن منژی ژ ڤێ تێن. ئەز حەز ژ هەردووان دکم، بۆ من هەردوژی مرۆڤێن گەلەک مەزن و پیرۆزن. لێ ب کورتی ئەگەر کاربم بەرسیڤا ڤێ

پرسیارێ بدم؛ ئەحمەدێ خانی ژ ئالییێ فکر و فەلسەفەیێ فرەهترە. مرۆڤ د مەم و زینێدە ڕۆناکبیرییا وی، فرەهئالیبوونا وی باشتر دبینە. لێ ئالییێ هەری مەزن یێ مەلایێ جەزیری تەسەووفە و سۆفییەکی مەزن بوویە. ئەگەر ئەم وەکە شیعر لێ بنێڕن، بێگومان ئەز دکارم بێژم کو هونەرا مەلایێ جەزیری یا شیعری گەلەک ژ یا خانی بلندتر بوویە. مەبەستا من نە ئەوە کو ئەز خانی بچووک بکم. ڕاستی ئەڤە کو ژ ئالییێ هونەریڤە فۆرمێن جودا ل بەردەستێن مەلایێ جەزیری هەبوونە. لەورا وی قەسیدە، غەزەل، ڕوباعی(چارینە) و گەلەک فۆرمێن دن ب کار ئانینە. لێ خانی یەک فۆرم ب کار ئانییە کو ئەوژی مەسنەوی بوویە و پێ مەم و زین نڤیسییە. چەند شیعرێن خانیژی هەنە، لێ نە گەلەکی خورت و بلندن. بلا ژ بیر نەبە کو مەم و زین ژ ئەووەل هەتا ئاخر یەک وەزن، یەک کێشا شیعر تێدە ب کار ئانییە. لێ بۆ جەزیری نە وەهایە، جزیری هەر نەبە ١٠٠–١٢٠ غەزەل و قەسیدە و ڕوباعی نڤیسینە. بێگومان فۆرمێن مەلێ زێدەتر بوونە کو هەست، حس، بیربرن، ئیدیۆلۆژی و فەلسەفا خوە پێ نیشان بدە.

نوودەم: د ئەدەبییاتا کوردی یا کلاسیکدە ب قاسی شئیرێ، نەسر (پرۆسا) نەهاتییە نڤیساندن. سەبەبێن وێ چنە؟

شاکەلی: ڕاستە کو د ئەدەبییاتا کلاسیکا کوردیدە پەخشان (نەسر) نەبوویە، یان درەنگ دەست پێ کرییە. ئەگەر مرۆڤ ل سەبەبێ وێ بگەڕە، ئەز باوەڕ دکم کو دەستهەلاتییا سیاسی سەبەبەکی گرنگە. ئەم دبینن کو مللەتێن کو دەستهەلاتا وان یا سیاسی هەبوویە، پەخشان ل با وان زووتر ب پێش کەتییە، وەکە فارس و تورک. شاعیرێن کورد ژ غەیری شیعرێ، تشتێن خوە یێن دن ب پەخشان نڤیسینە وەکە نامە یان تشتێن دینی، لێ پڕانی زمانەکی دن ب کار ئانینە. بۆ نموونە: شاعیر و سۆفییێ مەزن مەولانا خالیدێ نەقشبەندی، گاڤا شیعر نڤیسییە ب کوردی نڤیسییە، لێ نامەیێن وی یێن کو نها ل بەر دەستێن مە هەنە ـ نێزی ٣٠٠ نامەیێن وی مانە ـ ب فارسی و عەرەبی نڤیسینە. ئەز ب دلنیایی دبێژم گاڤا مەلایێ جەزیریژی نامە نڤیسینە ب فارسی نڤیسینە. هەروەها ئەحمەدێ خانیژی... لێ شیعر ب کوردی نڤیسینە. چاوا کو من ئیشارەت کر، باوەڕ دکم کو دەستهەلاتا سیاسی هۆیەکی

مەزنە کو ئەدەبییاتا پەخشان درەنگ دەست پێ کرییە.

نوودەم: د سەدسالا داویدە، ڕەوشا ئەدەبییاتا کوردی یا ل باکوورێ کوردستانێ ل بەر چاڤانە، د حەفتێ سالاندە حەفتێ پرتووکێن ب کوردی دەرنەکەتنە، گەلۆ ڕەوشا ئەدەبییاتا کوردی ل باشوور چاوان بوو؟ گەر تو ڕەسمەکی حەفتێ سالانە یێ باشوورێ وەلێت، دگەل سیاسەت، شەڕ، شۆڕەش و دەمێن ئاشتییێ ڕاخی بەر چاڤان، وێ ڕەسمەکی ئەدەبییاتێ یێ چاوان دەرکەڤە مەیدانێ؟ د ڤێ ڕەسمێدە شئیر جهەکی چاوان دگرە؟

شاکەلی: ل باشوورێ کوردستانێ د ڤان ١٥٠ سالێن داوییێدە و تا ڕادەیەکی ل ڕۆژهلاتا کوردستانێژی، ئەدەبییات ڕۆژ ب ڕۆژ پێش کەتییە. ژبەر هندێ مرۆڤ نکارە موقایەسا ڕەوشا باشوور و باکوور ب هەڤوودوورە بکە. سەبەبێن سیاسی، سەبەبێن دینی وەها کرنە کو ل باشوور ئەدەبییات پێش بکەڤە. ب تایبەتی ژ سالا ١٩١٨–١٩ هەتا نهاژی ل باشوور ژیانەکە کولتوری یا دەولەمەند هەبوویە و ڕۆژ ب ڕۆژ دەولەمەندتر بوویە؛ ڕۆژنامە و کۆڤارێن کوردی کو د سەردەما شێخ مەحمووددە دەست پێ کرنە، بوونە سەبەب کو ئەدەبییات و زمان پێش بکەڤن. هەروەها ژ وان سالانڤەیە کو ل باشوور زمانێ کوردی بوویە زمانێ خوەندنێ، زارۆکێن کورد بەشەکە مەزن ژ خوەندنا خوە د مەکتەباندە ب کوردی خوەندنە. ئەڤ تشتەکی گرنگە. ژیانا ڕۆژنامەگەری ژ ١٩١٨–١٩یان دەست پێ کرییە و هەتا نهاژی بەردەوامە.

ڕاستە شیعر د ناڤا ئەدەبییاتا کوردیدە فۆرما هەری مەزن بوویە، لێ ئەڤ هەتا سالێن ٤٠ و بەر ب ٥٠ وەها بوویە. لێ پاشێ ڕەوش هاتییە گوهارتن، ئێدی پەخشان؛ چیرۆک، شانۆگەری، ڕەخنە، گۆتار، نڤیسارێن سیاسی و گەلەک شێوەیێن دن یێن ئەدەبی د ئەدەبییاتا کوردیدە دەست پێ کرنە.

نها گەلەکی زەحمەتە کو ئەز بکارم د جهەکی وەهادە وێنەیەکە گشتی لسەر فەرهەنگ و کولتورا کوردی ل باشوورێ کوردستانێ پێشان بدم و نە هێسانەژی کو دیرۆکا فەرهەنگا کوردییا ٧٠–١٠٠ سالان د ناڤا چەند دەقیقەیاندە کورت بکم، لێ ب گشتی ئەز دکارم بێژم: ئەگەر زۆردەستی لسەر نەتەوەیێ کورد هەبوونەژی و

ڕەوشـا سـیـاسـی گـەلەکـڒی خـراب بوویە؛ هـەر شـۆڕەش ب گـرتن و کـوشـتن هـاتنە دۆماندن، لێ شـانازییەکە مـەزنە کو زمان و ئـەدەبییات ڕۆژ ب ڕۆژ پێش کەتنە، گەش بوونـە و بەردەوام بـوونە. ئەڤ خــالەکــە گــەش و گــرنگە د دیرۆکــا فــەرهەنگی و کولـتوریدە. لێ ڕاسـتیـژی ئەڤە دڤێ ئەم گەلەک مەغروور نەبن، ژ خوە باییژی نەبن و نەبێژن کو ئەدەبییاتا مـە پێشکەتییـە و ئەم گـهیشـتنە قۆناخەکە مـەزن. دڤێ ئەم ب چاڤەکی واقـعی و ڕیالیسـتـی ل ئەدەبییـاتا خـوە بنێـڕن. ئەم دبینن کـو ئەم د گەلەک بوارانده، د گـەلەک مـەجـالاندە ل پاش مـانە. ئەرێ ڕاسـتـە شـئـیـرا کـوردی ب پێش کـەتییـە لێ ئەدەبـییـات نە وسـانە. بۆ نموونە ئەز دکارم بێـژم کـو ڕەخنە ب گشـتی د ئەدەبییاتا کوردیدە ل پاش مایە و مرۆڤ دکارە بێژە کو ڕەخنە د ئەدەبییاتا کوردیدە تونە. هـەروەها ئەدەبییاتا زارۆکانژی پێش کـەتییـە و هن ئالییێن دنـژی هەنە کو پاش کەتینە. لێ دیسانژی مرۆڤ کێفخوەشـە کو کورد ڕۆژ ب ڕۆژ دخـوازن ئەدەبییاتا خوە دەولەمەندتر بکن.

نوودەم: گـەر مـرۆڤ بەحـسـا دەمـەکە ئەکـتیـڤ یـا ئەدەبـییـاتێ ل باشـووری وەلێت بکە، مـرۆڤێ بـکاربە د ناڤبـەرا کـیـژان سـالاندە بکە؟ د وان سـالاندە ڕەوشــا شــئــیــرێ چاوان بـوو؟ مناقــەشــەیا تەندەنســێـن ئەدەبی مــینـا؛ ســورریالیـزم، فـوتوریزم، ڕیالیـزم و ئیـزمـێن دن دهـاتن کـرن؟ تو ب خـوە نێزیکی کیژان"ئیزم"ی بوو؟

شاکەلی: گاڤا ئەم ل دیرۆکا ئەدەبییاتا کوردی یا باشووریێ کوردستانێ بنێرن، ب ڕاستی ئەم چەند قـۆناخێن ـ سەردەمێن جـهێ دبینن. قۆناخێن هـەری ئاکتیڤ و باش مرۆڤ دکارە بێژە سـالێن١٩٤٠ –٥٠ بوونە. پاشـی ١٩٥٩ هـەتا ١٩٦٢ان قۆناخەک پڕ دەولەمــەند و باش بوویە. لێ ژ وان هـەری دەولەمــەندتـر و ب پێـشکەتیـتـر بێگومـان ســالێن ١٩٧٠–٧٤ بوونـە . د وان ســالانـدە ب ڕاســتـی ئەدەبیــیـاتا کـوردی ب پێش کەتییە و مەجالەکە باش ژ بۆ ڕۆناکبیرین کورد ڤەبووبوو کو بەرهەمێن خوە بنڤیسن و بەلاڤ بکن، مناقـەشـە بکن و بەحس بکن. د ڤێ قـۆناخا داویندە گەلەک مەسـەلەیێن فکری و ئیدیۆلۆژی د تیۆریێدە هـاتن بەحس کرن.

ژیانا من ئا ئەدەبیژی د وان سـالاندە دەست پـێ کرییـە. د دەسـتپێکێدە چ دەکـەتە

دەسـتێ من، من ئەو دخـوەندن، وەکە شـیـعـر، تیـۆرییـا ئەدەبیـیـاتـێ، ڕەخنە و هەرچ هەبوویا. شیعر و مەقالەیێن منژی د کۆڤار و ڕۆژنامەیاندە دهاتن وەشاندن.

وێ چاغێ من تەنـێ دو زمـان ـ کـوردی و عـەرەبی ـ زانیـبـوو. پاشـی د سـالێن داوییێدە ئینگلیزییا من باشـتـر بوو و ئەز فـارسـیـژی هـین بووم. د دەسـتـپێکێدە ب ڕاسـتی ئەز پڕ نێزیکێ سورریالیزمێ بووم و بەشـەک ژ وێ قـۆناخێژی دادایـیزم بوو کـو من حـەز ژێ دکـر. لێ ئەو قـۆناخـەکـە کـورت بـوو. پاشـێ سـەبەبێن سـیـاسـی ـ ئیدیۆلۆژی وەها کرن کو ئەز شیعرەکە ڤەکریتر بنڤیسیم دا خـەلک ژێ ڕند فێم بکە، ئەوژی ئیزمەکە دن بوو. لێ ڤان ١٥–٢٠ سالێن داوی ئێدی ئەز نکارم بێژم کو ئەز ژ ئالییـێ ئەدەبیـڤـە نێـزیکی چ ئیـزمـەکـیـمـە. ئەگەر مـرۆڤ ئیـزمـەکێ ب کـار بینە، ئەز زێدەتر نێزیکی ئەدەبییاتا تەسەووف و سـۆفیگەرییێمـە کو بەحسـا هوندورێ ئینسان دکە و کو بەشێن ڤەشارتی یێن د ڕووح و گیانا مەرۆڤاندە تینە زمێن.

> نوودەم: تـێ گـوتن کـو ل وەلاتـەکی ئەمـەریکا لاتینی شـائیـر بەلاش ل ئۆتۆبووسان سوار دبوون، یانی ئەو ژ نڤیسکارێن نەسرێ بقیمەتتر بوون. ل هن وەلاتێن شـەرقـێـژی شـائیـر مـینا پێـخـەمـبـەران دهـاتن دیتن. ل کورسـتانێ ڕەوشا وە ب گەلرە چاوان بوو، ئانژی گەل و جڤاکێ چ قیـمەت ددان شائیران؟

شـاکەلی: ب گـشـتی ل ڕۆژهلاتێ و ل کـوردسـتـانێـژی، بێگومـان، جـیێ شـاعـیـر جـییـەکی بلندە و خـەلک ب چاڤـەکی ڕێز و خـۆشـەویسـتی لێ دنێـرە، لێ نە هـەمـوو کەس، کەسێن کو شیعر ناس دکن و کو شـارەزاهییا وان لسەر کولتـور و ئەدەبییاتێ هەبە.

جـییێ شـاعـیـر ل کـوردسـتـانێـژی جـییـەکی مـەزن بوویە، ب تایبـەتی د سـەردەمێن کـلاسـیکدە و هـەتا سـالێن ١٩٢٠–١٩٣٠ژی. لـێ جـیـیێ شـاعـیـرێن کلاسـیک ژ جـیـیێ شاعیرێن ئیرۆ مـەزنتر بوویە. ئیرۆ ب خـوەژی ل کوردستانێ جییێ شاعیر جێیێەکی باشـە و خـەلک ژێ حـەز دکە. لێ ڕاسـتـیـیـەکە دن هەیـە کو دڤـێ مـرۆڤ بەحسـا وێژی بکە کو سیاسەت یان نرخێن سیاسی ئیرۆ جهێ نرخێن ئەدەبی گرتنە.

د سـالێن٧٠ییـدە چاغێ ئەم ل ئونیـڤەرسـیـتەیا بەغدایێ خـوەندکار بوون، ل ور ئەم

سێ چار شـاعـیـر بوون کـو ل عـەینی بەشێ دخـوەندن. چ خـوەندەکـاران و چ خوەندەکارێن بەشێن دن کو ئەدەبییات ناس دکرن ژ مە حـەز دکرن و ب چاڤەکی ڕێز و خۆشەویستی ل مە دنێڕین. نە تەنێ وان، مامۆستاییێن مەژی ب چاڤەکی تایبەتی ل مە دنهێڕتن. هەروەها شاعیرێن دن کو د جڤاتا کوردیدە نرخ و جهێ وان هەبوو و کو خەلکی حەز ژ وان دکر، پێشان ددە کو جییێ شاعیر ل ڕۆژهلاتێ هەیە، لێ نە وەک بەرێ.

نوودەم: من گەلەک جاران ژ تە بهیستییە کو تو گۆران مینا باڤێ شئیرا کوردی یا مۆدەرن دبینی؟ تو دکاری هنەکی بەهسا گۆران بکی و تەسیرا وی یا لسەر نڤشێ ل دوو بینی زمێن؟

شـاکەلی: لسەر دەستێن مـامـۆسـتـا گۆران چەند ئـالییێن نووکرن یان تازەکرنا شـیعرا کوردی هەنە. ئـالییێ کو پڕ گرنگە مـەسـەلا زمـێنە. یەک، مـامـۆسـتـا گۆران شیعرێن خوە ب زمانەکی نڤیسییە کو زمانێ کوردی یا پەتی، کوردییا پاکە. دووهەم، ژ ئالیـیێ فـۆرمـڤـە: شـاعـیرێن کلاسـیک هـەمـوو "عـەرووز" یان وەزنـێن "بەحـر" ێن کلاسیک یێن عەرەبی و فارسی ب کار ئانینە. جارا یەکەم مامۆستا گۆرانە کو ل دژی وان فۆرمان دەرکەتییە و فۆرمنە کوردی ب کار ئانییە و وان فۆرمان ژ فۆلکلۆر و ستـرانێن کوردی گرتنە. ئەڤ گوهارتنا فـۆرمێ ژ بۆ شیعرا کوردی گاڤەکە مەزن بوو. سێـهەمژی بێگومان ناڤەڕۆکە. گۆران شاعیرەکی ڕۆمانتیک بوو، ب تایبەتی بەشەکە دووروددرێژ ژیانا ویدە وەک شاعیرەکی ڕۆمانتیک پڕ سەرکەتی و مەزن بوو. ناڤەڕۆکا شیعرا کوردی ژ وەسفێن کلاسیکی، ژ وێنەیێن کلاسیکی، ژ دەربڕینێن کلاسیکی ڕزگار کرییە و ئانییە قۆناخەکە دن کو تازەبوون و مۆدەرنیزم تێدە ئاشکرا بوونە. ئەڤ چ ژ ئالیـیێ بکارئانینا زمـێنڤـە بە، چ ژ ئالیـیێ دەربڕین و ژ ئـالیـیێ وێنەیان و مێتافۆرێن شیعریڤە بە، ژ گەلەک ئالییانڤە تازە کرییە.

د دەستپێکێدە تەئسیرا مامۆستا گۆران لسەر نفشێن ئان نەوەیێن تازە، مـەزن بوو. یانێ شاعیرێن گەنج بخوازن و نەخوازنژی، د دەستپێکێدە دکەتن بنێ تەئسیرا وی، لێ چاوا کو زارۆکەک گاڤا مەزن دبە هەم شەخسییەتا دێ و باڤێ خوە دگرە، هەروەها شەخسییەتەکە تایبەتی بۆ ویژی چێ دبە، بۆ مەژی وەها چێ بوو. ڕاستە

کو د دەستپێکێدە تەئسیرا مامۆستا لسەر هەموویان هەبوو، لێ پاشێ هەر یەکێ مە شەخسییەتەکا ئەدەبی یا شاعیرییێ پەیدا بوو و بوو سەبەبژی کو ئەم ئیدی، هێدی ژ بنێ تەئسیرا مامۆستا گۆران دەر بکەڤن. لێ ئیرۆ مرۆڤ نکارە بێژە کو ئێدی تەئسیرا مامۆستا گۆران لسەر نفشا مە و نفشێن کو ل پاش مە هاتنە، مایە.

نوودەم: نها گەلەک ژ شائیرێن کوردییا ژێر ل دەرڤەیێ وەلێت، ل ئەوروپایێ دژین. ل ئەوروپاییێژی پرۆسا د پێشییا شئیرێدەیە. گەلۆ تەسیرێن دی یێن ئەرێنی و نەیێنی چنە؟ ئانژی ژیانا سرگوونی تەسیرێن چاوان ل شائیرەکی دکە؟

شاکەلی: ئەم کەسێن وەک شاعیر کو مە د سالێن ٧٠ ییدە دەست پێ کربوو، باوەڕ دکم کو ئەم شەش حەفت کەس بوون. لێ سەیر ئەڤە کو پرانییا مە ژ کوردستانێ دەرکەتن و ل دنیایێ بەلاڤ بوون. باوەڕ دکم کو نوها یەک ل کوردستانێ مایە. بێگومان ئاوارەیی و تاراوگە تەئسیرەکە مەزن ل شاعیری دکە. ب دیتنا من ئەڤ تەئسیر ژ دوو ئالینە؛ یەک، تەئسیرا وێ کولتور و فەرهەنگا کو مرۆڤ دکەڤە ناڤێیە. ئەگەر ڕۆهنیتر بکن، زمانێن کو مرۆڤ فێر دبە و پێ دخوینە، تەئسیر دکە. لەورا مرۆڤ ب ڕییا زمانان کولتور، فەرهەنگ و ئەدەبییاتێن مللەتێن دن ناس دکە. هەر یەک ژ مەژی، ئەزموونەکە (تەجروبەیەکە) یا تایبەتی چێ بوویە. ژ بەر کو هەر یەکێ مە، ئەم کەتن وەلاتەکی جودا و چەند زمانێن جهێ فێر بوون، چەند ئەدەبییاتنە دن ناس کرن. ژ بەر هەندێژی، ئەڤ مەسەلەیەکە گرنگە. ئیجار مرۆڤ ب هێسانی وێ تەئسیرێ د بەرهەمێن وان شاعیرێن کورد یێن ل دەرڤەیی وەلێتدە دبینە.

گرنگییەکە دنژی ئەڤە کو پسیکۆلۆژییە؛ حس و تەجروبەیێن مرۆڤ د وارێ هونەرێدە زێدەتر دبە. مەسەلا بۆ من تاراوگە (ئێکسیل) تەجروبەیەکی پڕ دووورودرێژ و مەزنە. هەر نەبە تەئسیر کرییە کو ئێدی ئەز شیعرێ ب نەوعەکی دن دنڤیسم و بۆ من نە گرنگەژی کو خەلک شیعرێن من فێم بکە یان نە. بۆ من نە گرنگە ئەز بەحسا تشتەکی بکم کو ل بەر چاڤێن خەلکێ بەژی، لەورا ئەز بەحسا تشتەکی دکم کو نە ل بەر چاڤێن خەلکێیە، دخوازم بیر و هەستێن هوندورێ مرۆڤ پێشان بدم و دەرببڕم.

نوودەم: گۆتنا عالمەکی هەیە، دبێژە جارنان پرتووکەک دکارە ژ شەڕەکی مەزنتر ببە. ب هێلێن ڤێیێن ئەرێنی و نەیێنیرە، شعیرەکژی دکارە ژ شەڕەکی مەزنتر ببە. د وەلاتێن کو د شەڕێ ئازادیدەنە، دۆزا شئیرا شەڕکەرژی ژ شائیران تێ کرن. هەروەها شئیر ژ بۆ یێن کو ژ بۆ ئازادییا وان وەلاتان، ئانژی سنفان بوونە سەمبۆلژی هاتنە نڤیساندن و تێ نڤیساندن. مینا تێ زانین، د دەما شەڕێ جڤاکی و سیاسی یێ بۆلشەڤیکاندە لسەر لەنین گەلەک شئیر هاتنە نڤیساندن. سەرکێشێ تەڤگەرا فوتوریزما ڕووسی مایاکۆڤسکی ب خوە گەلەک شئیر لسەر لەنین نڤیساندنە. د دەما شەڕێ "خەلاسییێ" ل تورکیەیێ و پشتی وێ ب هەفتێ سالانژێ ژ ئالییێ شائیرێن ترکیەیێ یێن بژارتە مینا نازم هیکمەت، ئاتلا ئیلمان، فازل هوسنو داگلارجە و ب دەهان شائیرێن دن لسەر موستەفا کەمال گەلەک شئیر نڤیساندنە. لسەر مستەفا بارزانیژی گەلەک شئیر هاتنە نڤیساندن. ئیرۆژی لسەر هن سەرۆکێن دنژی گەلەک شئیر تێنە نڤیساندن. تو شئیرا ب ڤی بابەتی چاوان دبینی؟ تو دکاری هنەکی ب فرەهی بەهسا تێکلیێن هونەر و پۆلیتیکایێ بکی؟

شاکەلی: ئەز ل ڤێرێ ناخوازم کو تیۆرییەکە دن بینم مەیدانێ و ژ خەلکێن دن، ژ ڕۆناکبیر و شاعیران بخوازم کو لگۆرا ڤێ تیۆرییێ بفکرن و کار بکن، ئەز تەنێ بەحسا بیروباوەڕییێن خوە دکم. ئەو مەسەلا کو "نڤیسکار بۆ کێ دنڤیسە" و "دڤێ کو پێوەندییێن نڤیسکار و خەلکێ چاوان بە،" باوەڕ ناکم کو تازە بە و ئەڤ مەسەلە ژ زووڤە هەیە و پرژی هاتییە بەحسکرن. لێ ئەوێن کو هەمیشە خوەستنە وکارژی کرنە کو ئەڤ مەسەلە ژیندار بمینە، کەسنە وسان بوونە کو ل مەسەلێ ب ڕوانگە و چاڤێن سیاسەتێ نەیرتنە. د ناڤا واندە ب تایبەتی ژ هەمووان زێدەتر بۆ مارکسیسیتان گرنگ بوویە کو بۆ مەبەستێن خوە یێن سیاسی، ئەدەبییات و شیعر و هونەرژی بەردەست بکن و ژ خوەرا بکن مینا نەردەوانەکێ. هەمیشەژی یەک بەیان و یەک بەلگەیێ وان هەبوو کو خزمەتا میللەت، یا کەسێن هەژار، فەقیر و بەلەنگاز بکن، لێ وەکە یاسایەکە، قانوونەکە، پۆلیسی ب کار ئانینە بۆ ئەشکەنجەکرنا هونەرمەند، بۆ دیلکرنا هونەرێ، تا بێخن ناڤا چارچێوەیەکێ. یانی پیڤانەکە

نەئەدەبی و نەهونەری، بۆ مەسەلەیەکە هونەری و ئەدەبی ب کار ئانینە.

ئەز نکارم بێژم کو شیعرا باش بلا بۆ هەموو کەسی بە و هەرکەس ژێ تێبگهیژە. گۆتنا کو "چما، بلا هەموو کەس ژێ فێم بکە"ژی، لەورا هەر کەس ل شیعرێ ناگەڕە، ناخوینە و ژێ فامژی ناکە. هەروەها هێسانبوونا شیعرێژی نابە دەلیل و بەلگە بۆ باشبوون و چاکبوونا وێ. ئەگەر شاعیر ب ئازادییا خوە ئارەزوو بە کو ئالییەکی بگرە و ژ خوەرە بەرەیەکی هلبژێرە، بلا بکە و ئەز نە دژمژی. لێ کەسەکی دن ئەگەر شاعیر مەجبوور بکە کو ئەو ئالییەکی هلبژێرە، نە ڕاستە و دژێ هونەرێیەژی.

ئەزێ ژ ئەدەبییاتا کوردی بەحسا چەند نموونەیان بکم: مەم و زینا ئەحمەدێ خانی د ناڤا هەموو بەرهەمێن ئەدەبییاتا کوردیدە زێدەتر هاتییە ناسکرن. لێ چاوا کو من بەرێژی بەحس کرییە، ئەز باوەڕ ناکم کو ژ ڕۆناکبیرێن کورد یێن کو مەم و زین فێم کرنە ژ ٥٪ زێدەتر بن. لێ گەلۆ ئەڤ تێ وێ مەعنایێ کو مەم و زین نە ئەدەبییاتەکە بلندە؟ یان نە باش و نە گرنگ و نە مەزنە! نا، ئەز وەها نابینم! هەروەها نایێ وێ مەعنایێژی کو مەم و زین نە بۆ مرۆڤێ کورد، نە بۆ نەتەوەیێ کورد، نە بۆ هەژار و بەلەنگازێ کورد هاتییە نڤیسین. ئەڤ مەسەلە نە تەنێ بۆ مەم و زینێ، بۆ شیعرێن دنژی وەک شیعرێن مەلایێ جەزیری، یێن مەولەوی و یێ نالیژی هەر وەهانە ؛ ئەدەبییاتنە پر بلند و بەرزن، لێ گەلەک کێم خەلک وانا فێم دکە و ناس دکە. ئەڤ کێم ناسکرن و کێم فێمکرن هەرگیز نابت بەلگە کو قیمەتا وان یا ئەدەبیژی کێم دکە.

ئەگەر مرۆڤ نموونەیێن شیعرا هێسان و سادە بخوازە، ئەوژی گەلەکە: شیعرێن قانیع، یێن جگەرخوین ببینە، یێن هەژار، تا حەدەکێ یێن هێمن ـ ژی.

مەسەلا فەرهەنگ و ئەدەبییاتێ کو ب خەلکیرە بن و بن پێشەنگ و ڕێشانێن خەلکێژی، ژ ئالییێ لۆگیکیڤە نە ڕاستە و گۆتنەکە نە زانستییە. ئەڤ دەربڕین و گۆتنەکە سیاسییا ڕووتە. ئەڤ دەربڕینا سیاسیژی وەها دبینە کو دنیا هەموو د ناڤا شەڕدەیە و مرۆڤ هەموو بەر ب شەڕەکی مەزنڤە دچن، دڤێ کو ڕۆناکبیر و هونەرمەندژی دگەل شیعر و دیوانێن خوە بکەڤن پێشییا وان و هەڕن شەڕ. لێ ئەگەر فەرهەنگ و ئەدەبییات کو بخوازن بن پێشەنگ، کۆمەل و جڤاتێ بگوهۆڕن، هەروەها بن سەبەبێ پێشکەتنا بیر و تێگهیشتن و عەقلێ مرۆڤان، نە کارێ ڕۆژەکێ

دو ڕۆژانە، نە کـارێ سـالەکێ دو سـالانەژی. ئەڤ ب دەهان سـال و بگرە ب سـەدان سال دگرە. ئەڤ مەسەلەیەکە شارستانییەتە، مەسەلەیەکە کولتوری و فەرهەنگییە کو وەختەکی دووڕودرێژ دخوازە.

لسـەر شـیعرا بەرهەلسـتـیـیا سـیـاسـی، بێژە نەبێژە کـو بۆ شـەڕێ ڕزگـاری ب کـار تێت، دیاردەیەکـە (فـەنۆمـێنـەکـە) کـو ل با مـیللەتێن بۆ ڕزگـاری و سـەربخـوەیـیـیا وەلاتێ خـوە خـەبات دکن هەیە و پێش دکـەڤە. تەبیـعەت و سـروشـتـا داگیرکرنا وەلاتان ژ ئالییێ هێـزێن بێگانەڤە و خـەباتا گەلێن بندەست بۆ ڕزگـارییێ، ژ گەلەگ ئالییـانڤە وەکە هەڤن. ئەڤ فەنۆمەن و باگەرا گەلەک ملەتان کو هەنە، بوونە سـەبەب کو شـیـعرا بەرهەلستی و شـیـعرا خـەباتکاری، چ ژ ئالیـیێ فۆرمـڤـە و چ ژ ئالییێ ڕۆحیڤە، ل جەم میللەتێن جـهێ جـهێ وەک هەڤن. ب گۆتنێن وەک "ئەم جان و ڕوحـێن خـوە دبەخـشـن، ئەم دار و کەڤرێن وەلات ب خـوینا خـوە دخـەملینن، ئەم ئاخـا باڤ و باپیران ڕزگار دکن، ئەم سەربازێن دژمن ژ وەلاتێ خـوە دەردخینن" هن وێنەنە کو ئەم د ئەدەبییـاتـا گەلەک مـیللەتاندەژی دبینن. لەورا ئەڤ جۆرە شـیـعر ئەرکـەکی خوە یێ سیاسـی هەیە، دا ب گشتی خەلکێ گەرم بکن و وان بۆ خەباتێ ئامادە بکن. ئەڤ بکارئانین کەرەسەیەکە هونەرییە بۆ مەبەستەکە سیاسی.

هن وەلاتێن کو پاشـی ڕزگار بوونە و کو هێزەکە سیاسـی، شۆڕەشگێر و خوەدانێ ئیدیۆلۆژییەکە ڕادیکال کو دەستهەلاتی گرتییە دەستێن خوە، ئەڤ فەنۆمەن و دیاردە پلەیەکە و دەرەجەیەکە دنژی بسـەر دکەڤە. وێ گاڤێ شـیـعر نە تەنێ دبە شـیـعرەکـە سـیـاسـی، هـەروەها دبە مـیکرۆفـۆنا ئیـدیـۆلۆژییـا دەسـتـهـەلاتداران و شـاعیـرژی د دەستگەهێن ماسمێدیاییدە دبن کارمەندێن وێ ئیدیۆلۆژییێ. ئەڤژی ئەگەر شاعیر، شـاعیرەکی باش بە کـارمـەندی دکەڤە دەسـتێن وی، لێ ئەگەر نە باش بە وێ گـاڤێ شاعیر تەنێ دبە پۆلیس.

سروشتـا شیعرا بەرهەلستییا شـەڕکەر و جەنگاوەر ب خوە وەهایە کو کێم جاران جـهـ بۆ نرخێن هـونەری و ئێستێتیکی دهێلە. لێ دیسـانژی شاعیـر هەنە کو دکارن ئالیێ ئێسـتـێتیکی و سیاسـی ب هەڤـدووڕە گرێ بدن، شـیـعرەکە هونەرمـەندانە و شۆڕەشگێڕ بنڤیسن. لێ گاڤا مـرۆڤ ل دیرۆکا ئەدەبییاتا میللـەتان بنێڕە، ب ڕاستی یێن وەهـا گەلەک کـێـمن. مـومکینـە نازم حـیکمـەت نموونەیەکـە باش بە، کـو مـرۆڤ

بەحسا وی بکە، لەورا وی سیاسەت و هونەر ب هەڤودووره گونجاندییە و کرییە بەرهەمەکە سەرکەتییا باش.

گەر ئەز ب کورتی ببێژم، ئەز وەها دبینم کو جیاوازییا د ناڤبەرا چەند نرخێن جهێ جهێدە ژ هەڤ دوورن؛ نرخێن ئێستێتیکی، نرخێن هونەری، نرخێن ئیدیۆلۆژی و سیاسی... ب دیتنا من، نرخێن ئیدیۆلۆژی و سیاسی زوو دمرن و تەمەنێ وان کورتە. لێ تەمەنێ نرخێن هونەری، نرخێن ئێستێتیکی درێژە و زێدەتر دژین. هەروەها مرۆڤ دکارە ژ وانرا بێژە کو نەمرن. لەورا هن نرخێن ئینسانی هەنە کو ژ ١٠٠٠٠ سالانڤەیە هێژی وەکە خوە مانە و نەهاتنە گوهارتن. لێ کێژان نرخێ سیاسی هەبە، نکارە ژ سەد، سەدوپێنجی سالان زێدەتر بژی. مە د ڤێ سەدسالا داویندە دیت کو دەیان سیاسەت هاتن و هەتاکو نێزیکێ نیڤێ دنیایێژی گرتن، لێ پاشێ رووخیان و مرن. ئەو، تەنێ بوون بەشەک ژ دیرۆکێ و مرۆڤ دکارە وان ئێدی د موزەخانەیاندە ببینە.

ب دیتنا من، چ شاعیرێ کو بخوازە شاعیرەکی باش بە نێزیکی نرخێن نەمر، نرخێن ئێستێتیک و یێن هونەری دبە، ژ نرخێن کو زوو دمرنژی دوور دبە.

نوودەم: گەر تشتەکی دن کو تو بخوازی لێ زێدە بکی، تونەبە، ئەز دخوازم ئەم هەڤپەیڤینا خوە ب پرسەکە کو ژ مێژڤە تێ مناقەشەکرنڤە گرێ بدم. شائیرێ کورد کییە؟ یێن کو ب کوردی نانڤیسین و ب زمانن دن دنڤیسین، مرۆڤ دکارە وان مینا شائیرێن کورد بهەسبینە؟ ب گەلەمپەری د ئەدەبییاتدە و ب تایبەتیژی د شئیرێدە ژ بۆ تە رۆلا زمان چییە؟

شاکەلی: ل ڤر گەلەک فاکتۆرێن سیاسی، ئیدیۆلۆژی و یێن دن هەنە کو رۆلا خوە دلیزن. ئیرۆ ل دنیایێ گەلەک سنوور هەنە و بوونە هۆیەک کو بۆ نرخێن مەژی سنوور بێنە دانین. ئەگەر ئەم پچەکی د دیرۆکا ئەدەبییاتێدە بەرەپاش بچن، ئەم دبین کو گرنگییا زمێن ل با شاعیرەکی بەری هەزار سالی وەکە ئیرۆ تونەبوویە. ئەزێ نموونەیەک ژ ئەدەبییاتا رۆژهلاتێ بینم: شاعیرەکی وەکە مەولانا جەلالەدینێ رۆمی و وەک نیزامی گەنجەوی. دیرۆکڤانێن ئەدەبی دبێژن کو مەولانا جەلالەدین ژ

ئاليىێ ئێتنيكڤـه تورک بوويه. لێ ڕاسـتـی ئەوە کـو وی شـيـعـرێن خـوه ب فـارسـی نڤيسينه. ئەز ب خـوه گاڤا شيعرێن مـەولانا دخوينم، ئەز نافكرم کو ئەو تورک بوويه، فـارس بوويه يـان وەکی دن، ژبەر کـو شـيـعـرێن وی گـەلەک گـرنگن، گـەلەک بـلندن، هونەری و نەمرن، ژبەر هندێ ئەز ژ وان حەز دكم.

ئەز خانمەکە ئەمەريكی ناس دكم کو ئەدەبييـاتا ڕۆژهـلاتـێ، ب تايبەتيژی يا فارسـی باش ناس دكە. ئەو ژ دو ئاليـيانە؛ ئاليـيەک جهوويه و ئاليـيەکژی فەلەهە. ڕۆژەکێ مە بەحسـا ئەدەبييـاتا مـەولانا جـەلالوددين دكر کـو گاڤـا مـرۆڤ شـيـعـرێن وی دخـوينە، مـرۆڤ تێدە سنوور و نـەتەوەيان نابينە؛ مـرۆڤ دنيـايـەكە پڕ فـرەهـ و يونيـڤـێـرسـال دبينە. وێ گۆت: ئەز ب خـوه ئەمەريكيمـە و ژ دو كولتوران تێم. گاڤا ئەززی شـيـعرێن جـەلالوددين دخـوينم، ل با منژی عـەينی هـەست و شـعـوور چـێ دبە. وێ خـانمێـژی، مينا مـن، مەولانا وەک مرۆڤ، وەک شـاعير دديت و ل زمان، ئێتنيک و باوەڕييا دينی نەدفكری.

هـەروەها نيـزامـی گـەنجـەويژی، ئەم دزانن کـو دييـا وی كـورد بوويه و مـومكينە کـو باڤێ وی، وەک ئـازەربايجـانی دبێـژن، توركێ ئازەری بـوويە. لێ ب فـارسـی شـيـعـر نڤيسييە. ئەڤ يەكژی بۆ مـن نابە سەبەب کـو ئەز نرخا نيزامی كێم بكم، لەورا ئەو بۆ مـن شـاعيرەكی مەزنە.

ئەڤ مـەسـەلەيێن کو مـن بەحس كـرن، د دنيايا مـە يا ئيـرۆدە هـاتنە گوهـەڕتن. ئيـرۆ دنيــا پەرچە پـەرچە بـوويه و سنـوور زێدە بـوونە. بۆ ڤــێــژی ئيــرۆ نـەبوونا زمــێن، بكارنەئانينا زمێن، يان پەرچڤاندنا زمێن نەتيجـە و ئەنجامێن خـوە يێن دن هـەنە. بۆ نموونە: ئەگـەر زمانێ ميللـەتەكی بێتـە قەدەغەكرن، ئەو ميللەتژی بەر ب مـرنێ دچە و دبە سـەبەبژی كـو ژ ئازادييـا خـوه دوور بكەڤـە. نـوهـا زمـان بـۆ مـيللـەت ئيـدی بوويه مەسـەلەكە ژيان و مرنێ. بۆ ڤێژی مرۆڤ نكارە ئێدی وەک بەرێ ل زمێن بنێرە. ئيرۆ بۆ من شـاعيرێ كورد، ئەو كەسـە كو ب كوردی دنڤيسـە. ژ بەر كـو ڕۆلەكە گـرنگ يا زمان هـەيە و بۆ هـەر ميللەتەكی، بۆ هـەر نەتەوەيەكيژی بوويه ناسنامە.

شـاعير و نڤـيسكار ب كـيـژان زمـانی بـنڤـيـسـن، د ئەنجـامـێدا بـەرهـەمـێن وان دبە مولكێن وان زمانان. ئەڤ مەسـەلە ئيرۆ ئيدی ئاشكرايە، لێ هن سـەبەب هـەبوونە كو شـاعير و نڤيسكارێن هن مللەتان نكاريبوونە زمانێ خوه ب كار بينن. مەسـەلا مللەتێ

جـەزایریژی، چـەندی کـو عـەرەبەژی، لێ بـاشـتـرین شـاعـیـر و نڤـیـسـکارێن وان ب فرانسی دنڤیسن. ل سێنیگالێ شاعیرێ مەزن لیۆپۆڵد سێدار سینگۆر کو پاشی بوو سەرەککۆمارژی، ب زمانێ فرانسی دنڤیسی، نهاژی ئەندامێ ئەکادێمییا فرانسییە.

بەرهەمـێن شـاعـیـر و نڤـیـسکار، دو ئالـیـیـێن خـوە هەنە: ئـالـیـیـەک ئەوە کـو وەک ئینسـان ژ کـیـژان مـیـللـەتیـیـە، پڕ گرنگە. ئەگـەر ئەم نموونەیـەکێ بدن وەک یاشـار کـەمـال، تو بخـوازی و نەخـوازیژی ئەو کوردە. ئەو ب خـوەژی، خـوە کـورد دبـینە، لێ ئالـیـیـێ ئەدەبـیـیـاتا وی، تورکـە و ب تـورکـی بەرهـەم دنڤـیـسـە. هەروەهـا سـەلمان ڕوشدیژی، هندییە، لێ ئەدەبییاتا وی ئینگلیزییە.

ژ بو من، د ناڤ چارچێوا دیرۆکا ئەدەبییاتا کوردیدە، نڤیسکارێ کورد ئەو کەسە کو ب زمانێ کوردی دنڤیسە.

ئامادەکردنی: فرات جەوەری
نوودەم، هەژمار ١٨ (١٩٩٦)

## هەڵسەنگاندنی ڕابوردوومان بە عەقڵێکی سیاسییانە ئەنجام دراوە، ئەمەیش زیانێکی فیکریی زۆری لێ داوین

ڕامان: ئەو بەیانەی کاتی خۆی لەسەر شیعر لەگەڵ (لەتیف هەڵمەت) بڵاوتان کردەوە و چەند جارێ باس کراوە، ئەگەر لە یادت مابێ، ناوەڕۆکی ئەو مانیفێستە چۆنە...؟

شاکەلی: دوو حەفتە لەمەوبەر جارێکی تر چاوم بە تێکستی ئەو مانیفێستە کەوتەوە کە کاتی خۆی لەگەڵ کاک (لەتیف هەڵمەت) پێکەوە نووسیبوومان و بڵاومان کردبووەوە. دیارە ناوەڕۆکەکەی بەپێی ئەو سەردەمەی ئێمە برێک یاخیبووانە و برێک شیعرییش بوو، ئێمە هەوڵمان دابوو هەندێ باری سەرنجی خۆمان لەبارەی شیعر و تازەکردنەوەوە بخەینە ڕوو، کاردانەوەیش بوو بۆ ئەو هەراوەزاتەی کە لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا بووبوو لەبارەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و یاخیگەرییەوە کە لە سەردەمێکدا باو بوو. ئێمەیش چ وەک تەمەن و چ وەک تەجروبە لەبار بووین بۆ ئەوەی خۆمان بخەینە ناو ئەو جۆرە باسانەوە. پێم وایە بۆ ناوەڕۆکەکەی، تێکستەکە هەیە و لە بەردەستدایە، کەسێک پێی خۆش بێ، دەتوانێ بیخوێنێتەوە و بزانێ چیی تێدا نووسراوە و وتراوە.

ڕامان: ئەو مانیفێستە چ کاریگەرییەکی هەبوو..؟

شاکەلی: کاریگەرییەکەی باوەڕ ناکەم گەورە بووبێت چونکە لەناو خەڵکدا بە شێوەیەکی ڕەسمی بڵاو نەبووەوە. میدیای کوردی، دەستگاکانی ڕاگەیاندن خۆیان لە قەرەی نەدەدا و نەیاندەویست بڵاوی بکەنەوە، لەبەر هۆیەکی ئاسان، ئەویش ئەوە بوو نە من و نە لەتیف دەستمان نەدەگەیشتە ئەو دەستگایانە و لەو کەسانەوە کە بڕیار بەدەست بوون نزیک نەبووین. لە ڕوویەکی ترەوە تەجرەبەیەک بوو بۆ ئەوانەی ئەو ساڵە، ١٩٧١، لە کۆنگرەی نووسەرانی کورددا لە هەولێردا ئامادە بوون، یان ئەو

دۆستانەی لە بەغدا و شارەکانی ترەوە هاتبوون و ئاگادار بوون و تێکستەکەیان دەست کەوتبوو. هەر نەبێ ئەو ئاگادارییەیان لا پەیدا بوو کە خەڵکانێک هەن باس لە نوێخوازیی شیعری کوردی دەکەن.

ڕامان: کاک لەتیف پێی وایە ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی لێ نەکەوتەوە... تۆ چۆن لە ڕوانگە دەگەیت؟

شاکەلی: پێم وایە لەتیف باشی بۆ چووبوو. ڕوانگە چ ئەو سەردەمە و چ ئێستایش، ناکرێت وەک گرووپێک کە پێکەوە کاریان کردبێ، تەماشا بکرێن. دەبێ تۆ یەکە یەکەیان بگری، شێوەی پێشکەوتن و جۆری بیرکردنەوەیان لە سەردەمی جیاوازدا تەماشا بکەی، لەو ڕووەوە بڵێی ڕوانگە وابوو یان وا نەبوو.

ئەو ئیددیعایانەی ڕوانگە و برادەرانی ڕوانگە دەیانکرد، زۆر پووچ بوو و دەرکەوت کە زیاتر کەفوکوڵێکە و تەقلیدی شاعیرە عەرەبەکانی عێراقە لەو سەردەمەدا. ئەوان بە حیساب بەیانێکی ئەدەبییان دەرکردبوو، بەڵام بەیانەکەیان زیاتر ئیسلاحی و سیاسی بوو نەک ئەدەبی، چونکە بە هیچ جۆرێ تۆ لەبارەی تیۆریی ئەدەبی و دیتنی ئەوان لەسەر ئەدەب هیچ شتێکی تێدا نابینی، کەچی زۆر بە دوورودرێژی باسی کۆمەڵگەی کوردەواری و گۆڕینی ناو کۆمەڵ دەکەن کە ڕەنگە سیاسەتمەدارێکی ڕێفۆرمیست بتوانێ ئەوانە باس بکات. هەر لە کردەوەی ڕۆژانەیشیاندا باسکردنی مەلا و فڕێدانی عەبا و پەچە ئەمە کاری شاعیر نییە. من پێم سەیرە شاعیر و نووسەر باسی شتی وا بکات و خۆی پێوە خەریک بکات... ئەرکی یەکەمی شاعیر و نووسەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەرکی یەکەمیان داهێنانی ئەدەبییە نەک عەبا و پەچە فڕێدان.

ڕامان: بۆچوونی تایبەتی خۆت بەرانبەر نوێخوازی چۆنە؟

شاکەلی: نوێخوازی ناکرێ وەک مۆدەیەک وەربگرین. ئەمە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە گیانی داهێنەرانەی شاعیرێک یان نووسەرێک یان هەر هونەرمەندێکەوە هەیە؛ ئەگەر باوەڕی بە نوێخوازی نەبێ و نوێخوازی بەشێک نەبێ لە گیانی هونەرمەندانەی، هەر زوو لێ دەچێتەوە و دەگاتە بنبەست و ڕەنگە ئیتر لە ڕووی

نوێخـوازییـەوە شـتێکی پێ نەمێنـێ پێشکێشـی بکات. من نوێخـوازی وەک ئـاگرێک دەبینم. تۆ ئەگەر بتـەوێ ماڵەکەت گەرم ڕابگری، دەبێ ئەو ئاگرە هەمیشـە بەردەوام بێ و گڕی بەرز بێتـەوە و بتوانێ ڕووناکی و گەرمایی بدات بە مـاڵەکەت. نوێخـوازی ئەو هەسـتـەیە، ئەو بەشـەیە لە سـروشـتی مرۆڤێک بـەتایبـەتی هونەرمـەندێک، تا ئەو ڕۆژەی دەمـرێ، دەتـوانێ هـەر بەردەوام بێت و گـڕ و تین بـدات بە خـۆی و خـۆی تازە بکاتەوە. نـوێخـوازی پێوەندیی بە سـەردەمێکی تایبـەتیی ژیانی مرۆڤـەوە نییـە، زۆر کـەس وا تێـدەگـات کـە نوێخـوازی تەنیـا لای گـەنجـان هەیە یـان گـەنجێک دەتوانێ نوێخـواز بێ و ئـیـتـر کـە دەچێتـە تەمـەنـەوە لێ دەچێتـەوە. مـن وای نابینـم، ڕەنگە پیـرەمـێـردێکی وەک (گـراهـام گـرین Graham Greene) لە دواسـاڵەکـانی ژیانیـدا ئەوەندەی شـتی جـوان پێـشکێش کـردبێ، بە گـەنجی ئەوەندەی نـەکردبـێ. هـەروەها شـێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەو شـیـعـرانەی بـە پیـری نووسـیـونی هەمـوو یـاخـیگەری و نوێبوونەوەی تێدا بووە و هـەموویشـمان دەزانین خەڵکی دیکە زۆرن لەو بابەتە.

ڕامان: لە ڕۆمـاننووسـین ئەوە واریدە چونکە ڕۆماننووسـین تەجرەبە و دیتن و ڕۆشنبیـریی زیاتری دەوێ، ڕەنگە بۆ شـاعیـر ئەوە زۆر نەچەسپێ، چونکە زۆرترین بەخشین و مغامەراتی شیعری لە سـەردەمی گەنجایەتی ڕوو دەدا وەک لە تەمەنی پیربوون.

شـاکـەلی: بۆ بەڵگەهێنانـەوە بۆ ئەم قسـەیە، ئەم مـەنتیق و لۆگیکە، چ بە سـەلماندن یان نەفیکردن، نموونە هەیە. شـاعیـرێکی وەک ڕامبۆ لە گەنجێتیدا شـتـە باشـەکانی پێـشکێش کـرد و وازی لە شـیـعـر هێنا، بەڵام مـن نموونەی دیکەیشم هەیە؛ مـەولانا جەلالەدینی ڕۆمی جوانترین شیعرەکانی ئەوانەن کە لە سـەردەمی پیریدا نووسیونی، چ پەخشـان و چ شیعر، مەسنەوی یان دیوانی شـەمسی تەبرێزی، یا ( فیە ما فیە) کە بە پەخشان نووسـیویەتی. ئەمانە کۆمـەڵە بەرهەمێکن ئێستایش نـەمرن، لەو نووسینە گرنگانەن کـە مـەولانا پێشکێشـی کـردوون بە مـێژووی مـرۆڤـایەتی و هـونەر. مـەولانا وەختـێک نووسـیـونـی ئیدی دەمێک بـوو تەمـەنی گـەنجـیی بە جێ هێـشـتـبـوو. ئێـمـە دەزانین مـەولانـا مـوفـتی بـووە، مـوفـتـیی شـاری قـۆنیـە بووە، کـە شـەمـسی تـەبرێزیی ناسیـوە و ماوەیەکی زۆریش بە هـۆی شـەمسـەوە خـەریکی فێـربوونی تەسـەووف بووە و ویستـوویەتی بە هـۆی شـەمسـەوە بگا بە هـەندێ حـەقـائیـقی ئیـشـراقی کـە دواتر لە

شـیـعرەکـاندا ڕەنگ دەداتـەوە. ئەو هـەمـوو شـیـعـرە زۆرەی کـە لە دیوانی شـەمـسی تەبریزیدا هـەیە، دوای ناسـینی شـەمس نووسـیونی. تەجـرەبە ڕۆحـییـەکـەی مـەولانا زیاتر لە پیریدا تەکامـولی کردووە و تەعبیرە هونەرییـەکەیشی بۆ ئەو تەجرەبەیە، وەک دەبینن، ئەو دوو دیوانە گەورەیەی لێ دەرچووە.

ڕامـان: ئەی ئێستـا لاوان بە تایبـەتی لەو سـالانەی دوایی، هـەر گـرووپێ بە شێوەیەک جاڕی نوێخوازی دەدا، تۆ ئەگەر موتابەعەی ئەو بزاڤەت کردبێ، ئەو نوێخوازییانە چۆن دەبینی؟

شـاکەلی: مـن ناتوانم بلـێم چاوم بە هـەمـوو نووسـین و بەرهـەمـەکـانی ئەم ١٥–٢٠ سـاڵەی ڕابوردوو کـەوتووە. ئەوەی لە کـوردسـتـاندا دەنووسـرێت و بڵاو دەکـرێتـەوە، بەشـێک لەوەم پێ دەگـات و خـوێنـدوومـەتەوە، بەڵام ڕەنگە چاوم بـە بەشی هـەرە زۆری ئەو نووسـینانە نەکـەوتبێ. تەبیـعـەتی لاوان بۆ خـۆی هـەر وایە کـە دەسـت بە نووسـین دەکەن. ئێمەیش بە گەنجی ڕەنگە وامان بیـر کردبێتەوە. گەنج برێک خۆی بە گەورەتر دەبینێ لەوەی کە هـەیە، یان تەجرەبەی خـۆی زۆر لەوە بە گرنگتر دەزانێ لەوەی کە لە واقیـعدایە، پێی وایە ناوەندی هـەموو ئەدەبییـات و تەجرەبەی میللەتەکەیان لە خـۆیدا کۆ بووەتەوە. ئەمە تـەبیـعـەتی گـەنجایەتییـە و ڕەنگە لایەنی خراپ و بـاشـیـشـی هـەبێ. لەو بەرهـەمـانەی کـە پێوەندیی بە پانزدە بیست سـاڵی ڕابوردووەوە هـەیە بەڕاستی من ناتوانم بلـێم نموونەی زۆر چاکم بەرچاو کـەوتبێ. دەکـرێ بلـێـم کـۆمـەڵە تێکسـتـێکم بەرچـاو کـەوتوون کـە تێکسـتی باشن، بـەڵام سـەرجـەمی کـارە هونەرییـەکـان و بەرهـەمەکانی یەک نووسـەر، ناتوانم دەستنیـشـان بکەم. کە دەڵێی ئەو گرووپانە نازانم مەبەستت کامە گرووپە؟ ڕەنگە بتوانم بڵێم فلانە نووسـەر ئەو شیعرە یان ئەو چیرۆکە جوانەی نووسیوە، واتا من زیاتر شوێن تێکست دەکەوم نەک شوێن نووسـەرەکەی.

ڕامـان: گـرووپەکـان وەک بـەخـتـیـار عـەلی و برادەرانی گـۆڤـاری ڕەهـەند، هـەروەهـا گرووپی هـەولێر کە لە ناوەڕاستی هەشتـاکان بە ناوی تەڵیعییەت پەیدا بوو، هـەروەهـا زناکییەکان کە گرووپی زانا خـەلیل و هـاشم سەڕاج و دوای ئەوەیش تەجـرەبـەی فـەرهـاد پیـربـاڵ و کـۆمـەڵێک شـاعـیـر لە گـۆڤـاری (وێران)دا؟

شـاکـەلی: لەو گـرووپانەی باسـیـان دەکـەی، ڕەنگە بـەرهـەمی هەندێکیـانم بەرچاو کەوتبێ. ئاگام لـە زناک نییـە و بەرهـەمیانم نەخـوێندۆتەوە، ڕەنگە بەرهـەمی کەسـێکم بەرچاو کـەوتبێ لەو بـرادەرانەی لەو گـرووپەدان، بەڵام ناوی زناکم نـەبیسـتـووە. ئەو گـرووپ و نووسـەرانـەی ناویان هات، ناتـوانم وەک گـرووپ تەمـاشـایان بکەم. ڕەنگە بتـوانم هەندێ تێکسـتی ئەم یان ئـەو باس بکەم، بەڵام وەک گـرووپێکی (مـتجـانس)، وەک گرووپێکی هاوشـێوە و هاوڕەنگ، کە ئەدەبەکەیان نزیک بێ لە یەکەوە، من وای نابینم. تێکسـتی زۆر دەکەوێتـە بەرچاوم، بەڵام تێکسـتی زۆر سەرکەوتوو کە لە ڕووی هونەری و ناوەڕۆکەوە سەرنجی منی ڕاکێشابێ، یەکجار کەمە.

ڕامان: دەڵێن ئەو شیعرەی نەتوانێ لەنێوان خۆی و کۆمەڵانی خەڵک پردێ دروست بکات، زوو دەڕووخێ و نامێنێ... تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

شاکەلی: ئەوە تا ڕادەیەک چەمکێکی سیاسییە و پێی وایە هونەرمەند ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییشی لە ئەستۆدایە، پێشڕەو بە مانای سیاسیی وشەکە لێک دەداتەوە، نەک بە مانای فەرهەنگی و ڕووناکبیرانەی وشەی پێشڕەوایەتی. من پێم وا نییە شیعر هەر دەبێ بۆ جەماوەر بنووسرێ و جەماوەریش دەبێ لە شیعر تێبگات. ئەگەر لە ئەدەبی کوردی و میللەتانی دیکەدا تەماشا بکەین شاعیرە زۆر چاک و سەرکەوتووەکان ئەوانەن کە جەماوەر بە هیچ جۆرێ لێیان تێناگات. جەماوەر لێرەدا مەبەستم خوێنەری ناوەندی و خوار ناوەندییە. شاعیری باش ئەوەیە بە تەنیا نوخبە لێی تێبگات. با تەنیا نموونەیەک لە ئەدەبی کوردی بهێنمەوە: مەلای جەزیری. هیچ کەسێک نکۆڵیی لەوە نییە کە شیعری مەلای جەزیری یەکجار گەورەیە، زۆربەمان ئەوە دەزانین کە نەک هەموو خوێندەواری کورد، لەناو خوێندەواری کوردیشدا لەوانەیە (٤٪ یان ٥٪) لە مەلای جەزیری تێبگات، بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێ مانای ئەوە نییە مەلای جەزیری شاعیرێکی بچووکە یان باش نییە.

ڕامان: ئەی خۆت لە کوێی شیعری کوردیدا دەبینی؟

شاکەلی: نووسـەر یان شـاعیر باسی خـۆی بکات شـتێکی خـۆش نییـە. من لەو ڕووەوە نازانم چی بڵێم، ئەوەی نووسیومە وەک بەرهەم لەو کۆمەڵە کتێبەدا دیارە کە

لە ساڵی (١٩٧٣)وە بڵاوم کردوونەتەوە. لەوانەیش تا ئێستا (٤-٥) کۆمەڵە شیعرم چاپ کـردووە، بەڵام لە کـوێ دەوەستن، پێـوەندیی بەوەوە هەیە کـە ئایا ئێـمـە ڕەخنەیەکی ئەدەبیی وامان هەیە بتوانێ بەڕاستی جێگە بۆ نووسەر و بەرهەمەکانی دیاری بکات و پلەیان بۆ دابنێ و بیانناسێنێ بە خوێنەری کورد؟ دەبێ بڵێم زۆر بەداخەوە ئێمە ڕەخنەمان بە هیچ جۆرێ لەو بابەتە نییە و من نامەوێ وێنەیەکی ڕەشی وا بدەم بڵێم ڕەخنەمان هەر هیچ نییە، بەڵام ڕەخنەی ئێمە هەنگاوێکی زۆر کەم لە سفر دوور کەوتۆتەوە.

ڕامان: تا ئێستا ڕەخنەگرێ ڕۆژباشی لە بەرهەمەکانی تۆ نەکردووە؟

شاکەلی: وەک تاکە وتار بەڵێ، (ئەحمەدی مەلا) لەبارەی (ژێ)وە شتێکی نووسیوە، (مەحفووز مایی) دیسان لەبارەی (ژێ)وە شتێکی نووسیوە. کاتی خۆی کە (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)م بڵاو کردەوە کـۆمـەڵێ لەو برادەرانەی کە ئەودەم شـتـیـان دەنووسی لە ڕۆژنامەنووسان و شاعیران شتیان لەبارەیەوە نووسیبوو. لای ئێمە دیاردەی بیرکردنەوەی سیاسی لە قاڵبی هونەریدا شتێکی دیار و ئاشکرایە، ئەو دەرەجاتانەی کە لە شیعری کوردیدا دادەنرێ، پلەیەکە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە سیاسەت و نزیکبوونی هونەرمەند لە سیاسەتەوە هەیە، نەک ئەو ناوەڕۆکە هونەری و ئێستێتیکییەی ئەو هونەرمەندە یان ئەو شاعیرە پێشکێشی دەکات.

ڕامان: تۆ پێت وایە پلە بۆ شیعر و شوێنی خۆت دانەنێی؟ لە کاتێکدا بەر لە (٢٧) ساڵ لە دیوانی پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنیی پرکێشیی تێدایە بەرانبەر مامۆستا گۆران کە دەڵێی ئەو شیعرانە بە شانازییەوە قۆناغی گۆرانیان تێپەڕاند، پاش ئەو زەمەنە چی دەڵێی؟

شاکەلی: پێشتریش باسم کردووە، ئەمە دوو لایەنی هەیە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە وەک گەنجێ ڕەنگە برێ کەفوکوڵی گەنجانەی تێدا بووبێ، کە پێم وابوو بەو شیعرانە گۆرانم بە جێ هێشتووە. لایەنی دووەمی ئەوەیە کە لە وتارێکدا بە ناوی "پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک" باسم کردووە و ئەوەم وتووە. بۆ نەوەی ئێمە نموونەی هەرە بەرز مامۆستا گۆران بووە و وەک شاعیرێکی پلەبەرز تەماشام کردووە.

ڕاستییەکەیش ئەوەیە کە تۆ بتەوێ شتێک نوێ بکەیتەوە و بگۆڕیت، دەبێ بە گژ ئەو نموونەیەدا بچیت کە لەو بوارەدا بووە بە ڕووگە. کە مامۆستا گۆران نموونە و پلەی یەکەم بووە لە شیعری کوردیدا تۆ هەر تازەبوونەوەیەک بکەی، دەتەوێ ئەو نموونەیە تێبپەڕێنی. من هەر لەو ڕوانگەیەوە وتوومە و ئێستایش ئەوەی وتوومە هەر واریدە. ڕەنگە من تاکەکەسیش نەبم باسی ئەوەم کردبێ کە مامۆستا گۆرانمان بە جێ هێشتووە. بەجێهێشتن بەو مانایە نییە کە سووکایەتیکردن بێ بە مامۆستا گۆران، یان خۆ بە گەورەتر زانین بێ لە مامۆستا گۆران، بەڵکە لەو مونتەڵەقەوە کە مامۆستا گۆران لە سەردەمێکدا ژیاوە و توانیویەتی بەرهەمێکی گەورە پێشکێش بکات، بەڵام تەجرەبەی ئێمە زۆر جیاوازە لە تەجرەبەی مامۆستا گۆران.

ڕامـــان: دوای ئەوە زۆر بە هێـــز ئاوڕت لە گـــۆران دایەوە و کـــردت بە سوێدی...

شاکەلی: وەک ڕێزگرتن و خۆشەویستی بەرانبەر گۆران، دوای ئەوەی چوومە ئەورووپا و لە سوێد گیرسامەوە و ژیانێکی دامەزراوم لەوێ دەست پێ کرد، یەکێ لەو کارانەی کە کردوومن و شانازیی پێوە دەکەم ئەوەیە کۆمەڵێ بەرهەمی گۆرانم بە هاوکاریی برادەرێکی کورد و شاعیرێکی سوێدی، کردە سوێدی و بڵاومان کردۆتەوە. خەڵکێکی زۆریش بە سوێدی لەسەریان نووسی و پێیان خۆش بوو. ئەمە بەشێک بوو لە ئەرکی هونەری و نەتەوایەتی. ڕەنگە هەر ئەمـــەیش بەڵگەیەکی باش بێ کـــە نە ئەوسا و نە ئێستایش نەمویستووە بە چاوێکی نزمەوە سەیری مامۆستا گۆران بکەم.

ڕامان: کە واتا ئێستا پێت وایە هیچ تەجاوزێ کراوە لەسەر (گۆران)، ئەگەر نموونە هەبێ..؟

شاکەلی: نامەوێ ناوی کەس بێنم، بەڵام پێم وایە نموونە باشەکانی شیعری کوردیی ئەمڕۆ هەر هەمووی تەجرەبەی گۆرانیان بە جێ هێشتووە. با ئێمە بە زمانێکی زانستییانەتر قسە بکەین! دەبێ تۆ تەجرەبەیەکی ئەدەبی لە چەند بوارێکدا پێشان بدەیت؛ لە ڕووی زمانەوە ئەمجا لە ڕووی میتافۆر و لە ڕووی ئێستێتیکەوە.

ئەگـەر بێین لەم بـوارانەدا تەمــاشـای بەرهـەمـەکـانـی گـۆران بکەین، زمـانـی نموونە سەرکەوتووەکانی شیعری ئەمڕۆ لەگەڵ زمانی شیعری گۆران زۆر جیاوازە. مامۆستا گـۆران سنوورێکی بۆ خـۆی لە زمـانـدا دانابوو کـە نەیدەتوانی لەوە زیاتر تێپـەڕێ، زمـانەکەی تا ڕادەیـەک سـاکـار بوو، لە کـاتێکدا زمـانی شـیـعـری ئەمڕۆ نـاتوانی بە ئاسـانی لێی تێبگەی؛ هەندێ جـار لە زمـانـی شـیـعـرە سـەرکـەوتووەکـانی ئەمـڕۆدا وشەیەک دەبینی کە چەند مەودایەکی هەیە. میتافۆر لای مامۆستا گۆران میتافۆرێکە کە پێوەندیی زیاتر بە مـاوەی ڕۆمانسـیزمی ئەدەبی ئینگلیزییـەوە هـەیە، لە دواییشـدا هەندێ مـیـتـافـۆری زۆر سـاکـارتر کـە بە کـاریگەریی ئەدەبی واقـیـعی گـەیشـتبـووە لای گۆران، ئیتـر مـیـتـافـۆر لەوە زیاتر تێپەڕی نەکردووە، مـیـتـافـۆری دوولایەنەی لا بە دی ناکـرێ. گـۆران کـە باسـی بەرزیی باڵا دەکـات هـەر یەک لایەن و (بوعـد)ی پێ دەدات، بەڵام لای شاعیرێکی چاکی ئەم سەردەمە ئەو باسە بوعدی زیاتری هەیە.

دوای ئەوە مـامـۆسـتـا گـۆران ڕاسـتـە لە تەفعیلـەی عـەرەبی دوور کەوتەوە و هەندێ شـێوەی وەزنی تـازەی هێنایە ناو شـیـعـری کـوردییـەوە، بەڵام هـەر لەوێدا وەسـتـا و نەیتوانی لەوە زیاتر و ئەولاوەتر بڕوات.

من لەوانەیە بتوانم لەم حـاڵەتەدا باسـی شیعری خۆم بکەم کە پەخشـانەشیـعر بووە بە دیاردەیەکی باش و پێشـکەوتوو لە ئـەدەبی کـوردیدا و دەرگـای کـردۆتەوە بۆ زۆر بابەتی قووڵتـر و ئێستێتیکیتر لە ئەدەبی کوردیدا. ئەمـەیشیان لای مـامۆسـتـا گۆران نییە، نەکراوە و پێویست نەبوو لەو سەردەمەدا بشکرێ.

ڕامـان: لەوەوە دەگـەینە ئـاکـامـێ؛ ئـایا مـامـۆسـتـا گـۆران بە شـۆڕشگێـڕ تێدەگەی لە شیعردا یان کوودەتاچی؟

شـاکەلی: ئـەوانە چەمکی سـیـاسـین و ڕێژەیین، نەک هـەر شـۆڕشگێـڕ، مـامـۆسـتـا گۆران ئەو کەسە بوو کە شیعری کوردی بە تەواوی گۆڕی.

ڕامـان: باشـە تەوەری شـیعـرەکانی ئێـوە زیاتر لەسـەر چی دەسـووڕێتـەوە؟ مەرگ، ئافرەت، بوارەکانی تری ژیان..؟

شاکەلی: ئێمـە کە باسـی تەجرەبەی شیـعری دەکەین، ناتوانین بڵێین فـلانە شـاعیر

دەقی بە فلآنە بابەتەوە گرتووە و ئیتر تا دەمرێ هەر وا دەنووسێ.

من لە سەرەتادا ئەگەر باسی تەجرەبەی شەخسیی خۆم بکەم، ئەو شیعرانەی کە نووسیومن بە تایبەتی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) بەشێکیان شیعری دڵدارین و بەشێکیان پێوەندیی بە دەربڕینی گەنجێکی یاخییەوە هەیە کە چۆن بیری لە کۆمەڵگە و مرۆڤ و سیاسەتی سەردەمی خۆی کردۆتەوە. پاش ئەوە کە من گیرۆدەی سیاسەت بووم لە دوو سێ ساڵێکدا هەندێ شیعری سیاسیم هەیە، تەنانەت دیوانێکیشم هەیە بە ناوی (ڕووبارە تیشکێک لە هەتاوی سوورەوە)، ئەوانە هەموو سیاسین. قۆناغی دواتر لە سەرەتای هەشتانەوە دەست پێ دەکات و تا ئێستایش هەر بەردەوامە، ئەویش ئەو قۆناغەیە کە بەرەو مەسائیلی فیکری ڕۆیشتووم. لە سەرەتادا گیرۆدەی مێژووی فیکریی ئێران بووم، بە هۆی ناسینی ئاڤێستاوە، هەر بۆ ناسینی ئەو فیکرەیش زمانە کۆنەکانی ئێرانم خوێند. سەردەمێک خەریکی ئەو خوێندنە بووم. دواتر دەستم بە خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیکی فارسی کرد، بە تایبەتی حافز و جەلالەدینی ڕۆمی و سەعدی و جامی و شاعیرانی دیکەی فارس. دیوانی (نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم) و ئەو دیوانەیش کە هێشتا چاپم نەکردووە دەتوانم بڵێم سەرتاسەری دەربڕینی حاڵەتەکانی تەسەووفە.

ڕامان: پێت وایە شاعیرانی شێوەزاری گۆران هەر بە سیلابی گاتا شیعرەکانی خۆیانیان نووسیوە؟ تۆ بڵێی ئەم هەشت بڕگەییە کە لە هەورامان ماوە هەر ئەم سیلابە بێ کە گاتاکەی پێ نووسرابێتەوە؟

شاکەلی: شیعرەکانی مەولەوی هەشت بڕگەیی نین بەڵکو (١٠) بڕگەیین، من پێم وا نییە (مەولەوی) بە هیچ جۆرێ شارەزایی لە گاتا و ئاڤێستا هەبووبێ. لەو ڕووەوە هیچ لێکۆڵینەوەیەکم نەکردووە، لەبەر ئەوە نایشتوانم وەڵام بدەمەوە.

ڕامان: ئەگەر بکرێ باسێکی تێگەیشتنی خۆت بۆ تەسەووف بکەیت کە تێیدا ژیاویت، ئەمجا بە لای تۆوە خواناسین خۆناسینە یان بە پێچەوانەوە؟

شاکەلی: من دەگەڕێمەوە بۆ قسەیەکی ئیمامی غەززالی کە دەڵێ: (من عرف نفسە

فقد عرف ربه) واتا له پێشدا خۆت بناسه ئەوسا خوایش دەناسی.

ڕامان: نزیکی لەنێوان شیعر و دراما چۆن دەبینی، له دیوانی (ژێ) تا چ ڕادەیەک لەو تەوەرەوە نزیک بوویتەوە.. ئایا توانیوتە شیعرێ بنووسیت هەموو ڕەگەزەکانی شیعری درامیی تێدا بووبێ؟!

شاکەلی: شیعر و دراما لە ڕووی مێژووییەوە زۆر نزیکی یەکن، ڕەنگە پرکێشی نەبێ ئەگەر بڵێم شیعر له دراماوە پەیدا بووە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تێکستەکانی کۆنی یۆنانی هەموو درامان و تێکستی دراماتیکی بە شیعر نووسراون، هەموو ئەفسانە گەورەکانی میللەتانی جیهان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بە شیعر نووسراون. ئەمە له ڕووی مێژووییەوە، دواتر تا سەردەمی شەکسپیر دەبینین شیعر و دراما زۆر له یەکەوە نزیکن، شیعر له سەردەمی دواتردا خۆی له دراما جیا کردۆتەوە، ئەگەرچی ڕەگەزی درامای لەگەڵ خۆیدا هەر هێناوە. ڕەنگە لای هەموو شاعیرێ ئەمە وا نەکەوێتەوە، شیعری لیریک تا ڕادەیەک خۆی له دراما جیا کردۆتەوە.

له (ژێ)دا نەفەسێکی درامی بە ئاشکرا دەبینرێ، بە تایبەتی شیعری (ژێ) خۆی کە له شیعرە هەرە درێژەکانی ئەو دیوانەیە و ئەویش ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە جۆری نووسینی ئەو سەردەمەوە هەیە کە من خووم دابووە خوێندنەوەی مێژووی ئێران و پێوەندیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەو باسانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بەو بابەتەوە هەبوو. ڕەنگە ئەمە لای شاعیرانی دیکەیش هەبێت، بەڵام من بوعدێکی فیکریی زیاترم پێ داوە.

ڕامان: شاعیری ئەمڕۆ دەتوانێ بە ڕۆشنبیرییەکی بەرتەسک ببێ بە شاعیرێکی داهێنەر؟

شاکەلی: ئەگەر وەڵامی کورتت دەوێ نەخێر، بەڵام بۆ ئەوەی هەر بەو تاکە وشەیە نەیبڕینەوە، نەک هەر شاعیری ئەمڕۆ، شاعیرانی کۆنیش هەرگیز بە تەنیا بەهرەی شیعری فریایان نەکەوتووە. ئێمە دەتوانین ئەم بۆچوونە وا دەربڕین کە بەهرە بەشێکی کەمە له پێکهاتەی هونەرمەند و شاعیر. بەهرە وەک شتێکی سروشتی و خوایی دەبێتە بناغەیەک، بەڵام خۆپێگەیاندن و خۆڕۆشنبیرکردن، چ لە ڕووی

هونەرییەوە بێت چ ڕۆحی، ئەوە ئەرکی هونەرمەند خۆیەتی چەند خۆی ماندوو دەکات و چەند خۆی پێ دەگەیێنێ.

بەشێک لە شاعیرە گەورەکانی کورد و فارس، لە بەرهەمەکانیاندا دیارە کە خوێندەوار و ڕووناکبیری گەورەی سەردەمەکەی خۆیشیان بوونە. دیسان دەگەڕێمەوە سەر نموونەکەی جەلالەدینی ڕۆمی؛ ئەوەندە شارەزای زمانی یۆنانییە دێت میسراعێک بە فارسی دەنووسێ، لە میسراعی دووەمدا بە تورکی دەنووسێ یان بە گریکی (بە یۆنانی) دەنووسێ، لە هەندێ شیعردا زمانی تورکی و گریکیی تێکەڵ کردووە. مەبەستم لەوەیە کە بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مەولانا دەردەکەوێ ئەم پیاوە شارەزاییی زۆری لە زانست و زانیارییەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە و تەجرەبە ڕۆحییەکەیشی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە سەرڕێژە و هەست دەکەی شیعر لای ئەو بووەتە هەناسەدان، ئەگەر نەینووسێ دەخنکێ و لێ دەبێتەوە. ئەمە پێوەندیی زۆر بە خوێندنەوەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و تەجرەبە ڕۆحییەکەیشیەوە هەیە. نالی و مەلای جەزیری و خانییش هەر وا بوون. بۆ شاعیری ئەمڕۆیش بەهرە بە تەنیا بەش ناکات تا ببێ بە شاعیرێکی باش، ئەگەر بەهرە ١٠٪ شاعیری دروست بکات ٩٠٪ دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چۆن خۆی پێ دەگەیێنێ و چەند دەیەوێ لە ڕووی هونەرییەوە خۆی پێش بخات و کەرەسە ڕۆحییەکانی بە شێوەیەکی بەرز و باڵا پێشکێش بکات.

ڕامان: مەبەستت لە خۆپێگەیاندن هەر لاهووتە؟

شاکەلی: لاهووت بەو مانایەی کە ئێمە تێی دەگەین کە گوایە دین بێ بە مانا تەقلیدییەکەی، من وای تێناگەم. مەسەلەی ڕۆحی پێوەندییە لەنێوان مرۆڤ و ئەوەی کە خوایەتی، دەتوانین بڵێین پێوەندییەکی میستیکالە، کە دەکرێ بە زمانەکانی لای خۆمان بڵێین عیرفانی یان سۆفییە، پێوەندییەکە ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەی دیندا تەماشای بکەی.

ڕامان: ئەی پێت وایە شیعر هەم کێشە بێ بۆ شاعیر و هەم هەڵوێست بێ بەرانبەر بە گەردوون و ژیان و خودی مرۆڤی شاعیر؟

شاکەلی: من بە چاوی کێشە تەماشای شیعر ناکەم، بەڵکە بە چاوی ئەوەی کە بەشێکە لە ژیانی هونەرمەند خۆی و پێگەیاندنی هونەری لە لایەن شاعیرەوە. ئەگەر مەبەستت لە کێشە ئەو مەعنایە بێت کە من دەیڵێم، بەڵێ ڕاستە کێشەیەکە هەر وەک چۆن منداڵێک لە ساواییەوە، لەو شلکییەوە، دەبێ پێ بگرێ و فێری ساردی و گەرمییەکانی ژیان بێت، شاعیریش دیسان بەو قۆناخەدا تێدەپەڕێ و هەوڵ و وزەی خۆی دەبێ یارمەتیی بدات و لەو بوارانەدا پێش بکەوێ. لەو ڕووەوە ڕەنگە بتوانی بڵێی کێشەیەکە، بەتایبەتی مشتوماڵکردنی کەرەسە هونەرییەکانی شاعیرێک یان هونەرمەندێک یەکێکە لە گەورەترین ئەو تەگەرە و تەحەددییانەی کە شاعیر و هونەرمەند لە ژیانی خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، دەکەوێتە بەردەم دووڕیانێک یان دەبێ ڕێگەی سەخت هەڵبژێرێ و خۆی پێ بگەیەنێ، یان ڕێگای ئاسان هەڵبژێرێ و لێ بێتەوە. ئەوە یەکێکە لەو هاوکێشانەی کە بۆ شاعیر و هونەرمەند ئاسان نییە.

لەبارەی ئەوەوە کە شیعر هەڵوێست بێت، من دیسان ئەوە دووبارە دەکەمەوە، ئەو چەمکانەی کە گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، هەمیشە تارماییی سیاسەتیان بەسەرەوەیە. کە دەگوترێ هەڵوێست خەڵک وا دەزانن ئیللا دەبێ هەڵوێستی سیاسی بێت و هەڵوێست بێ بەرانبەر بە ڕووداوێکی ڕۆژانەی سیاسی. هەڵوێست مەسەلەیەکی ئەخلاقی و ئێستێتیکییە. تۆ بە چ چاوێک تەماشای دیاردەیەک دەکەیت، ئەمە هەڵوێستێکی مرۆیی و ئێستێتیکییە، هیچ پێوەندیی بە هەڵوێستی سیاسییەوە نییە. لەو ڕووەوە بێگومان شیعریش هەڵوێستە و شاعیر دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە بەرانبەر مەسەلە هونەرییەکان و مەسەلە ئێستێتیکییەکان و بتوانێ بە شێوەیەکی کراوە و ئێستێتیکی کەرەسەکانی خۆی هەڵبژێرێ و بڕیاری خۆی بدات.

ڕامان: هیچ شیعرت بۆ گۆرانی نووسیوە یان شیعری گۆرانی خاسییەتی خۆی هەیە؟

شاکەلی: نەخێر، من شیعرم بۆ گۆرانی نەنووسیوە و هیوادارم نەیشینووسم، چونکە پێم وایە بەشێکی زۆری هونەرمەندان هەمیشە پەنایان بردۆتە بەر تێکستە خراپەکان و پێیان وایە کە شیعری باش ناکرێتە گۆرانی. نازانم لە بێدەسەڵاتیی هونەرمەند خۆیەتی یان لە تێنەگەیشتنە لە شیعر، ڕەنگە هەندێ نموونەی کەممان

هەبێ کە شیعری باشیان هەڵبژاردبێ.

ڕامـان: ئەو هەمـوو نـاوبانگ دەرکردن و هـەرا و هوریایانەی دوای مـەرگی شاعیر دەکرێ، لای تۆ ئەو بەزمە چۆن دەکەوێتەوە؟

شـاکـەلی: ئەوەیش بەشـێکە لەو کەلەپوورەی ئێمـە لە ڕۆژهەلات هەمـانـە. پێم وایە (مـام هـەژار) لە یەکـێک لە وتارەکـانیـدا بـاسـی پێـسـتـی ڕێوییـەک دەکـات، ئەویش بەشـێکە لە پێسـتـە ڕێوییـەکە بـۆ شـاعیـر و ناوداری کورد، کـە دەمرێ ئەو وەخـتـە هەراوهـوریای بۆ دەکرێ، بەلام لە ژیاندا هیـچی بۆ ناکرێ.

ڕامـان: باسـی کـاریگەریی ڕۆشنبیریمان کرد بۆ شـاعیری ئـەم سـەردەمـە، پێت وایە زاڵبوونی ئەقڵ بەسەر شیعردا نابێتە هۆی لەدەستدانی هەست و نەستی گەرموگوڕ لای شاعیرەکە و شیعرەکە؟

شاکەلی: من دوولایەنی دژکارییەک لەنێوان عەقڵ و شیـعردا نابینم، ڕەنگە ناکۆکی و جیـاوازی ئەگـەر هەبێ لـەوەدا بێ کـە هەر یەکـەیان زمـانی تایبـەتیی خـۆی هەیە بۆ دەربڕینی هەڵوێستێک یا جیهانبینییەک. من کە دەڵێم ئەقڵانی، بیر و فیکرم زیاتر بۆ مەسائیلی فیکر و فەلسەفە دەچێ. ڕاستیشە کەسانێ کە زۆر لە مەسائیلی فەلسەفە نزیک دەبنەوە زمانەکەیان دەبێتە زمانی فەلسـەفە و حیکمەت و عیرفان، بەلام دیسان وەک وتم ڕەنگە تەعـاروزێکی زۆر نەبێ لەنێـوان چەمکی شـیـعـر و چەمکی مـەعریفـەدا. دیسـان دێمـەوە سـەر نموونە خـۆشـەویستـەکـەی خـۆم کـە سـۆفـییـەت و تـەسـەووفـە لای شـاعیرێکی مەزنی وەک (مـەلای جەزیری) کە زمانی شیعری دەگاتە ئەوپەڕی جوانی و ئێستێتیکی، هاوکاتیش دەربڕینی حاڵـەتێکی سۆفییـانەیە کە بێگومان تەسـەووف لایەنێکی باشی مەسـەلەی عەقلانییە و لایەنێکیشی مـەسـەلە ڕۆحییـەکەیەتی. ئەوانەی ئەقلانییەت یان تەنیا لایەنە مادد‌ییەکەی فەلسەفە و حیکمەت وەردەگرن یان دوورن لە لایەنە ڕۆحـیـیـەکـەی، کـە تەسـەووف ئەو لایـەنە فـەراهەم دەکـات، دیارە ئەو وەخـتـە زمانیش دەگۆڕدرێ و زیاتر لە شیعر دوور دەکەوێتەوە.

ڕامـان: کەواتا شـیـعر زیاتـر بە زەین دەنووسرێ یان لـۆژیکی ئەقڵ؟ چونکە

باسی پێگەیشتنی فیکر و ڕۆحیشت کرد لە لای شاعیر.

شاکەلی: نازانم بۆ ئەقڵ و زەین بەرانبەر یەک بگرین وەک دوو تەوەری دژ بە یەک! ئەگەر مەبەست لە هەست بێ دیارە شیعر لە هەستەوە نزیکترە.

ڕامان: هۆیەکی گرنگ لە قەیرانی شیعر (ئەگەر لەگەڵماندا هاوڕا بی و شیعر لە قەیراندا بێ) دەگەڕێتەوە بۆ بزربوونی ڕوئیا کە شاعیری کورد کەمتر خاوەنی ڕوئیایەکە لە شیعردا؟

شاکەلی: لە ماوەی (٢٠ ـ٣٠) ساڵی ڕابوردوودا ئێمە قەیرانی شیعرمان هەر هەبووە، با بڵێین دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵام ئەوەی کە شاعیر ڕوئیای لا دروست نەبووبێ، هۆکاری زۆرە، چ ماددی، چ ڕۆحی. هۆکاری زۆر هەن وایان لە بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد کردووە ئەو ڕوئیایەی لە پرسیارەکەدایە هەست دەکەی کە نییە، یان دەرگای زۆری لەسەر داخراوە و گەیشتۆتە حاڵەتێ کە ئیدی ئەودیوی دیوارەکان نابینێ. لە کاتێکدا بۆ شاعیرێک دیتنی ئەودیوی دیوار مەرجێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێ وەک شاعیرێکی سەرکەوتوو، وەک شاعیرێکی زیندوو تەعامول لەگەڵ شتەکاندا بکات.

ڕامان: پرۆسەی تەسەووف لەم حاڵەتەدا نزیکی دەکاتەوە؟

شاکەلی: زۆریش. تەسەووف ئەو کلیلەیە کە دەرگای زۆربەی شوێنەکان دەکاتەوە، تەسەووف ئەو ئاوێنەیەیە کە پشتی دیوارەکانمان پێشان دەدات، ئەو ڕووناکییەیە کە پشتی حەفتا پەردەت بۆ ڕووناک دەکاتەوە. ئەمەیش پێوەندیی بە تەجرەبەی ڕۆحیی کەسەکە خۆیەوە هەیە، خەڵک هەیە لەو حەفتا پەردەیە حەوتی دەبڕێ و هەیشە هەمووی دەبڕێ.

ڕامان: ئەگەر شاعیری کورد بە شێوەی گشتی (تاک و تەرای لێ دەرکەین) ڕوئیای نەبێ، ئایا زۆربەی ئەو تەجرەبانەی کە بە ناوی نوێخوازی دەخرێنە ڕوو ناکەونە ژێر پرسیارەوە؟

شاکەلی: من لە لای خۆمەوە دەمێکە ئەوانەم خستۆتە ژێر پرسیارەوە. بەشێکی زۆریان ئەو نموونانەی کە پێشکێشی دەکەن، پێم وا نییە لە ڕوئیای شیعرییەوە هاتبێ، بەڵکە لە لاساییکردنەوەی نموونەکانی دەوروپشتمانەوە، ئەویش نەک بە قووڵی، بەڵکە بە سادەیی. بەشێکی زۆری شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووسانی کوردستان ڕێکوپێک لاسایی شیعری پلەدوو یان پلەسێی فارسی و عەرەبی دەکەنەوە، سەرچاوەی خوێنەواری و ڕۆشنبیریی ئەوان ئەو شتانەن کە لە زمانی دووەم و سێیەمەوە دەکرێنە عەرەبی و فارسی و ئەوانیش بە زمانێکی نیوەناتەواو دەیخوێننەوە و باشیشی لێ تێناگەن. ئەمە نەک تەنیا لە نموونەی داهێنانەکاندا، واتە لە شیعر و چیرۆکدا، بەڵکە لە لێکۆڵینەوەکانیشدا هەستی پێ دەکرێ. با لێرەدا نموونەیەکتان بۆ باس بکەم. لەم ساڵانەی دواییدا مەسەلەی بونیادگەری بووەتە یەکێک لەو دیاردانەی کە زۆر باس دەکرێ. من ناڵێم هەموو ئەو شتانەم خوێندوونەتەوە، بەڵام ئاگام لە بەشێکی باشی هەیە. بە حوکمی ئەوەیش کە دەبێ من شارەزاییم هەبێ لە تیۆرییە ئەدەبییەکاندا، ئەوەندەی بتوانم تیۆرییە ئەدەبییەکانی ئەورووپا دەخوێنمەوە، بە زمانێک دەیخوێنمەوە ئەگەر ئەسڵییەکەیش نەبێ ئەوا لێیەوە نزیکە، مەبەستم ئینگلیزییە کە پێی دەخوێنمەوە یان هەندێ جاریش بە سوێدی. ئەو بونیادگەرییەی کە من دەیناسم و تێی گەیشتووم لەگەڵ ئەوەی کە لە کوردستان باس دەکرێ دوو شتی جیاوازن. گۆڤاری (ڕەهەند) یەکێکە لەو نموونە خراپانەی کە نەیتوانیوە وێنەیەکی ڕاستەقینە لەبارەی ستراکچرالیزم و لەبارەی تیۆرییە تازەکانی ئەدەبەوە پێشان بدات، زۆربەی ئەو شتانەی کە لە ڕەهەنددا دەنووسرێن یان ئەو خەڵکانەی کە نزیکی ڕەهەندن دەینووسن، دیسان وەک لاساییکردنەوەی نووسەرانی فارس و عەرەب دەیبینم، نەک وەک داهێنانێک یان تێگەیشتنی قووڵی ئەو تیۆرییە ئەدەبییانە.

ڕامان: کەواتە سیمۆلۆژیا ـ زانستی دەلالەت ـ چیی پێیە بۆ ئێمەی بکات و بتوانین سوودی لێ وەربگرین، یان کێ ئەمە بکات؟!

شاکەلی: سیمۆلۆژیا وەک هەر زانستێکی تر دەکرێ سوودی لێ وەربگیردرێ و بخرێتە خزمەتی هونەر و داهێنانەوە.

ڕامان: گرووپێ هەن دەستی لێ دەدەن و بە خراپییش دەیکەن؟

شاکەلی: ئەوە یەکێکە لە دیاردە هەرە خراپەکانی ئەدەبی کوردی؛ زۆربەی ئەوانەی ئەو باسانە دەکەن، من ناتوانم بڵێم هەموویان، چونکە هەموویان ناناسم، کە شتەکانیان دەخوێنمەوە یەکسەر تێدەگەم کە ئەم کابرایە بە ڕاستی نییە، چونکە ئەو کەرەسەیەی نییە بیگەیەنێتە تێگەیشتنێکی قووڵ، کەرەسە لێرەدا زمانە، دیارە ئەویش بەش ناکات چونکە شارەزابوون لە کولتووری میللەتانێک و لە شارستانەتییەک و تیۆرییە ئەدەبییەکانی ئەم سەردەمە تەنیا زمانەکەیش بزانی بەش ناکات!

تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو ژانرە ئەدەبییە پێویستییەکە. کابرایەک لە کوێرەدێییەک یان شارێکی عێراق دانیشتبێ و نەتوانێ حەفتانە و ڕۆژانە بکەوێتە دوای ئەو گفتوگۆ فیکرییانەی کە لە ئەوروپا دەنووسرێن، چۆن دەتوانێ بڵێ شارەزاییم لێی هەیە و لێی ئاگادارم. کۆڵەوارییش لە زماندا یەکێکە لە دەردەکان، دەکرێ سوود لە زۆربەی تیۆرییە ئەدەبییەکان بۆ لێکۆڵینەوە وەربگیردرێ، بەڵام سوودوەرگرتن خۆیشی هونەرێکە، بنەما و ڕێگەی خۆی هەیە.

ڕامان: لەو قسانەی ئێوە چ لە بواری شیعر و چیرۆک، چ لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنە، تووشی جۆرێک لە بێئومێدی بوون، پێت وایە بەشێک لەوانەی کە موتابەعەی دەکەی لە شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە هیچ نموونەیەکی گەشت لەناو گەنجەکاندا لە بەرچاو نییە کە ئومێدێکی لێ بکرێ؟

شاکەلی: من پێم ناخۆشە ئەنجامی گفتوگۆکانمان وێنەیەکی وا بدات کە بڵێی ئەدەبی کوردی هیچی تێدا نییە و ئەو نموونانەی کە هەن هیچیان سەرکەوتوو نین. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەداخەوە من لەناو چوارچێوەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی کوردیدا نموونەی ڕووناک یەکجار کەم دەبینم، ڕەنگە تاکە تێکستێ لێرە و تێکستێ لەوێ بەرچاو بکەون، نایشتوانم بە تاکە تێکستێ دڵم ئاو بخواتەوە و بڵێم (کل شیء بخیر، علی ما یرام). من مەسەلەکە وا نابینم. فەرهەنگی میللەتێ بە تاکەکەس پێش

ناکەوێ، مەسەلەی شارستانەتی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە مێژوو و تێپەڕبوونی زەمانەوە هەیە، بە تەجرەبەی ماددی و ڕۆحیی میللەتێکەوە هەیە، ئێمە لەو بوارەدا کۆڵ و دواکەوتووین، فەرهەنگمان فەرهەنگێکی دواکەوتووە، دەبێ پێی لێ بنێین و نموونەی گەشمان یەکجار کەمە. هەرگیز نابێ ئەمە بە بێئومێدی وەربگرین، خۆیشم بەو مانایە لێی تێنەگەیشتووم، بەڵکە دەبێ ئێمە خۆمان نەخەڵەتێنین. دەبێ لەپێناوی گەیشتن بە شتی باشتر هەنگاو بنێین و پێ لە ناتەواوی و کەم و کوورییەکانی خۆمان بنێین کە فەرهەنگی ئێمە فەرهەنگی میللەتێکی پاشکەوتووە.

ڕامان: ئەوانەی لە بواری داهێناندا ئیش دەکەن ناتوانن بەجوانی هاوکێشەی ڕەسەنایەتی و هاوچەرخێتی تێکەڵی یەکتر بکەن؟

شاکەلی: گەلێ جار ئێمە گفتوگۆی ئەم شتانەمان کردووە چ لە ڕابوردوودا یان ئێستا. ڕەسەنایەتی و مۆدێرنیستی دوو شتی دژ بە یەک نین، بەڵام بەستنەوەی ئەم دوو شتە بە خەڵکی ئاسایی ناکرێ، ڕەنگە لە ژیانی ڕۆژانەدا کابرا بتوانێ گونجاندنێ بدۆزێتەوە لەنێوان ئەو شتانەدا، بەڵام بۆ هونەرمەند کارێکی ئاسان نییە. پێم وایە چەند مەرجێ پێویستە تا ڕەسەنایەتیی خۆیشی بپارێزێ و پێ بە پێی مۆدێرنەتیی ئەمڕۆیش هەنگاو بنێ. ڕۆشنبیری و خۆپێگەیاندنی قووڵ زۆر گرنگە، خۆناسین مەسەلەیەکی گرنگە، ئایا ئەم مەرجانە لای چەند هونەرمەند و نووسەری کورد بە دی دەکەی؟

ڕامان: دیسان لەمەش ڕەشبینی؟

شاکەلی: بەداخەوە دەبێ بڵێم: بەڵێ ڕەشبینم.

ڕامان: هەندێ شاعیری ئەمڕۆ بە ڕۆح و شێوازی کلاسیک دەنووسن، تۆ پێت وایە ئەمانە هیچ بیانووی هونەرییان مابێ بۆ ئەوەی لەسەر ئەو جۆرە نووسینانە بەردەوام بن؟

شاکەلی: ئەگەر مەبەست لە شێوەی کلاسیک ئەوەیە قەسیدە بە وەزن و قافییەی جاران بنووسێت، پێم وا نییە تەبریری ڕۆحی و ئێستێتیکی مابێ بەو شکڵە

بنووسێت. دیاره ئەگەر هونەرمەندێ بیەوێ تەجرەبە شیعرییەکەی خۆی لەو شکڵەدا جوانتر دابرێژێ دژی ئەوە نیم.

ڕامان: بۆ نموونە مامۆستا (هێمن)ی ڕەحمەتی دەبینی شیعرەکانی دەخوێنرێتەوە و جەماوەرێکی بەرفراوانی لە کوردستان هەیە، چ بیانوویەک بوو، قەیناکا کەوتە تەمەنەوە و نەیدەتوانی شتی تازە بنووسێ، بەڵام تا ئێستا ڕێچکەی هێمن لە کوردستان هەر ماوە، موبەڕیر بۆ ئەمە چییە؟

شاکەلی: پێم خۆش نییە ناوی کەس بێنم، بەڵام کە ناوی مامۆستا (هێمن) دێنن دەبێ شتێک ڕوون بکەمەوە. پێشەکی بە قەولی ئێرانییان من ئیرادەت و ئیخلاسی زۆرم بۆ مامۆستا هێمن هەیە، بەڵام ئەگەر من بە چاوێکی هونەریی تەواوەوە تەماشای مامۆستا هێمن بکەم، بە شاعیرێکی باشی نازانم، بە شاعیرێکی گەورەیشی نازانم. پێم وایە لەناو هەموو دیوانەکانی مامۆستا هێمندا (من ئەم قسەیەم جارێکی تر بە نووسینیش نووسیوە)، ڕەنگە بتوانین دە شیعر هەڵبژێرین و بڵێین شیعری چاکن. بەشێکی زۆری شیعرەکانی مامۆستا هێمن سیاسین و تەقلیدین و شیعرێکن لایەنی داهێنانیان یەکجار کەمە و زمانێکی زۆر سنوورداریان تێدا بە کار هێنراوە، لە میتافۆردا هەمیشە دەچێتەوە سەر میتافۆری شاعیرە فارسەکان و شتێکی تازەی ئەوتۆی نەخستۆتە سەری. بەڵام دیسانیش ئەوە دەڵێمەوە مەبەستم کەمڕێزی نییە بەرانبەر مامۆستا هێمن. ڕەنگە جێگای سەرنجدان بێ کە لەناو شیعرەکانی مامۆستا هێمندا یەکێکیان، کە ناڵەی جودایییە، من بە شیعرێکی چاک و سەرکەوتووی دەزانم، ئەگەرچی لە قاڵبێکی تەقلیدییشدا نووسراوە. خۆشبەختانە من ئەو شیعرەم بە هاوکاریی ڕۆژهەڵاتناسێکی ناسراوی سوێدی تەرجەمەی زمانی سوێدی کردووە و ساڵانێکە بڵاو کراوەتەوە. مامۆستایان (هێمن) و (هەژار) بێگومان شاعیر و کوردیزان بوون، بەڵام شاعیری گەورە نەبوون.

ڕامان: لەناو جیهانی نوێخوازیدا دەقی وا نەمرمان هەیە کە لە ڕوومان بێ بیخەینە سەر زمانی بێگانە؟

شاکەلی: ئێمە هەندێ جار گرێی ئەوروپامان لا هەیە، پێمان وایە هەرچی دەخەینە بازاڕ و پێشەنگای ئەوروپاوە دەبێ لەو شتە گرنگانە بێ کە ئەوروپایی پێی خۆش بێ. بازاڕی ئەوروپا ئەوە نییە کە ئێمە تێی گەیشتووین، ئەوروپا و ڕۆشنبیری ئەمڕۆ لە ئەوروپا پێوەندیی زۆری بە ماسمێدیاوە و بە دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە، دیارە ڕاگەیاندنیش تا ڕادەیەکی زۆر بووەتە کەناڵی دەربڕینی سیاسی لە ئەوروپا، بەرژەوەندیی سیاسی لە کوێ بێ، دەستگاکانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەو سیاسەتەدان. ئەم بازاڕە دیارە کۆمەڵێ هەلومەرجی دروست کردووە بۆ ئەوەی بەرهەم بگاتە ئەوێ و بڵاو بکرێتەوە. کۆمەڵێ تەگەرە و کۆمەڵێ فیلتەری دروست کردووە ناوی لێ ناوە پێوەری ئەدەبی و هونەری. کە ئەدەبی کوردی ناگاتە بازاڕی جیهانی، ئەمە پێوەندیی بە کۆڵەواریی تێکستەکە خۆیەوە نییە. من باسی دواکەوتوویی تێکست و فەرهەنگی کوردیم کرد، بەڵام هاوکات دەبێ ئەوەیش عەرز بکەم کە هەر لای ئەوروپییەکان هەندێ جار ئەدەبیاتی وا تەرجەمەی زمانەکانی ئەوروپا دەکرێ کە زۆر لە ئەدەبی کوردی دواکەوتووترە، بەڵام بۆ دەیکەن؟ چونکە لە ڕووی سیاسییەوە پێویستیان پێیەتی.

هەر لەم ساڵانەدا (تەسلیمە نەسرین)ێکیان دروست کردووە کە خەڵکی بەنگلادیشە. ئەم خانمە لە سوێد دەژی. من شەخسی نایناسم، بەڵام هەندێ دۆستم هەیە دەیبینن و دەیناسن. تەسلیمە بە دەمی خۆی دەڵێ من نووسەر نیم و هیچ پێوەندیم بە دنیای نووسینەوە نییە و بۆ خۆم هەندێ شتم نووسیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەسلیمە نەسرین کەرەسەیەکی باشە بۆ پڕوپاگەندەیەکی دیاریکراو دژ بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، ماسمێدیای ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی زۆر ناڕەوا و ناشیرین بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی بە کاری دەهێنێ، ئەمە نموونەیەکە.

ڕامان: ئەی دیواری زمان ڕێگرێ نییە لەبەردەم بەرهەمی کوردی کە نەگاتە کەناڵەکانی جیهان، بەتایبەتی نەزانینی زمانە زیندووەکانی ئەوروپی چ لە لای خۆمان چ لە لای ئەوانەوە؟

شاکەلی: لەم چەند ساڵەی دواییدا ئێمە کۆمەڵە خەڵکێکمان هەیە کە لە ئەوروپا دەژین و دەشکرێ لەو ڕووەوە کاریان پێ بکرێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە

هەموو ئاستەنگ و کۆسپەکانمان خستۆتە لاوە و تێیدا سەرکەوتووین، ئەمە ڕەنگە سەرەتایەکی باش بێ. لە وڵاتەکانی ئەوروپا لەو هەزاران و سەدان هەزار کوردەی لەوێ دەژین، خۆشبەختانە چەند کەسێک پەیدا بوون و هەن کە هەم شارەزاییی باشیان لە زمان و ئەدەبی کوردیدا هەیە و هەم دەسەڵاتێکیشیان بەسەر هەندێ زمانی ئەورووپیدا دەشکێت و دەتوانن ببنە پردێ بۆ گواستنەوەی داهێنانی مرۆڤی کورد بەرەو میللەتانی دیکە یان بە پێچەوانەوە. هەندێ شت کراوە، بەڵام لەو ئاستەدا نییە کە پێویستە هەبێ.

ڕامان: کە شیعرێ دەنووسیت پێش نووسینی سرووتی نووسینەوەی ئەو شیعرە لای تۆ چۆن دەست پێ دەکات، ئایا زۆر تەئەمول دەکەی یان زۆر بیر دەکەیتەوە، یان چۆن؟

شاکەلی: باوەڕ بفەرموون کە هەرگیز بە پلان شیعرم نەنووسیوە و نەموتووە سبەی شیعرێک لەبارەی فلانە شتەوە دەنووسم. ئێستا لە ئەوروپا شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم. من لەوێ شاعیری ئەوروپایی دەناسم پێی وتووم ئێستا خەریکی نووسینی دیوانێکم لەبارەی فلان شتەوە. زۆرم پێ سەیرە کە شاعیر شتی وا بڵێ. من ناتوانم نەخشەدانان بۆ شیعر پێڕەو بکەم، بەڵام وا دیارە کەش و هەوایەک هەیە و تقووسێک هەیە کە شیعر دەخولقێنێ. لای من ئەمە حاڵەتێکی دەروونی و ڕۆحییە، بێ ئەوەی خۆم بمەوێ یان پلانی بۆ دابنێم، شیعر خۆی پەیدا دەبێ و ناچارم دەکات کە دەبێ بینووسم. ڕاستییەکەی من ناتوانم وەسفی ئەو کەشە و ئەو تەقسە بکەم کە دەبێتە هۆی خولقاندنی شیعر، بەڵام ڕەنگە بەشێکی لەناو شیعرەکاندا ئەگەر بۆی بگەڕێی بتوانی بیدۆزێتەوە. دیارە پاشخانی ماددی و ڕۆحی و ڕۆشنبیری هەمیشە بۆ پەیدابوونی شیعرێ کاریگەرە. ڕەنگە خوێندنەوەی هەندێ شت لە سەردەمێکدا ببێتە هۆی ئەوەی کە تۆ شیعرەکەت بەم جۆرە بنووسیت نەک بە شێوەیەکی تر. بیرکردنەوە لە مەسەلەیەکی سیاسی دیسان کاریگەریی هەیە، بەڵام تێگەیشتنی تەجرەبەیەک وەختێکی دەوێ بۆ ئەوەی بتوانی تۆ بە شێوەیەکی هونەری دەریببڕی. هەندێ نموونە دێنمەوە؛ لەساڵی (١٩٧٦) بوو هەندێ هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستم لە لایەن ڕێژیمی عێراقەوە گیرابوون، یەکێک لەوانە کاک شەهابی شێخ

نووری بوو. من بۆ گرتنەکەی شیعرێکم نووسی بە ناوی (دەنگتان)، بەڵام هەر ئەو هاوڕێیانە سێ کەسیان هەڵواسران و لە سێدارە دران. من بۆ کوشتنەکەیان نەمتوانی هیچ بنووسم، کەچی گرتنەکەیان هەژاندنێکی سەیر بوو بۆ من، تەجرەبەیەک بوو توانیم ئەو شیعرە بنووسم. بۆ ( هەڵەبجە)یش دیسان ئەو تەجرەبەیە دووبارە بووەوە؛ سەرەتای کارەساتەکە کەس نەما لەسەر هەڵەبجە نەنووسێ، من هیچم نەنووسی، نەمدەتوانی بینووسم، تا ساڵ و نیوێ ئەوجا توانیم شتێکم لا گەڵاڵە بێ و تەعبیری هونەریی لێ بکەم، ئەگەرچی تەنیا یەک وشەی هەڵەبجەم لەو شیعرەدا بە کار هێناوە.

ڕامان: شتێکی تر هەیە پێوەندیی بە ڕوئیای خۆتەوە هەیە بەرانبەر بە شیعر، زۆر کەس لەو فەوزای شیعرەی کە دەیبینین پێ دەچێ تا ئێستا نەزانن پێناسەی شیعر چییە، ئەو پێناسەیە لە لای تۆ چۆن دەکەوێتەوە؟

شاکەلی: گەلێ جار وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە تەماشای پێناسەکانی شیعر بکەین، لە هەر سەردەمێکدا یەک، دوو، سێ یا ڕەنگە زیاتریش پێناسەی شیعر هەبووبن. بەڕاستی شاعیر ناتوانێ خۆی پێناسە بۆ شیعر دابنێ، ڕەخنەگران و تیۆریزانەکان دێن ئەو کارە دەکەن، کاتێک شاعیرێک شیعرێکی جوان دەنووسێ، ڕەخنەگرێ پێناسەیەک بۆ شیعرەکەی دادەنێ و قاڵبێکی بۆ دەدۆزێتەوە، من هیچ پێناسەیەکم بۆ شیعر نییە.

ڕامان: زۆر چێژ لە زمان وەردەگری... چۆن سەیری زمان دەکەی بە تایبەتی بواری سایکۆلۆژیا و زانستی زمان؟

شاکەلی: لەوەتەی چوومەتە ئەوروپا یەکێک لەو شتانەی کە زۆر چێژی لێ وەردەگرم و کاری لەسەر دەکەم، چ وەک کاری ڕۆژانە و چ وەک لێکۆڵینەوەی زانستی، مەسەلەی زمانە. ناسینی پێکهاتەی زمان خۆی، ستروکتوورەکەی، چێژی تایبەتی دەداتە کەسێ کە شارەزاییی هەبێ. من چوار ساڵ لە زانستگەی بەغدا زمانی کوردیم خوێند، بەڵام بەڕاستی هیچی لێ تێنەگەیشتم، کەچی کە چوومەتە ئەورووپا و بە شێوەی زمانەوانیی تازە تەماشای ستروکتوور و پێکهاتەی زمانی

کوردیم کردووه، زۆر شتی سەیرسەیرم تێدا دۆزیوەتەوە کە پێشتر هەرگیز هیچی لێ تێنەگەیشتبووم.

زمان و فیکر دوو چەمکی سەیرن و پێوەندییەکی قووڵیان بە یەکترەوە هەیە. لای ئەو خەڵکانەی کە فەرهەنگێکی دواکەوتوویان هەیە و زۆر بە پلەی شارستانەتیدا سەر نەکەوتوون، وشە بوعدێکی زۆر ساکاری هەیە، کەچی وشە لای میللەتانی تر بوعدی زۆر جیاواز وەردەگرێ بەوەی کە وشە لێکسیکالییەکە، ئەوەی کە لە قاموسدا هەیە، مەعنا فەرهەنگییەکەی، بوعدی تازەیش وەردەگرێ. ئەمە پێوەندیی بە ژیانی فیکریی میللەتانەوە هەیە. لای ئێمە ڕەنگە لە سەردەمێکی تایبەتدا و لەناو گرووپێکی تایبەتدا، مەبەستم سۆفییەکانە، زمان ئەو شەفافییەتەی وەرگرتووە و کۆمەڵێ بوعدی دیکەی پەیدا کردووە، بەڵام وەکو تر و لەوە بترازێ زمان لای زۆربەی شاعیران و نووسەران یەک بوعد و لایەنی هەیە و بەداخەوە وای کردووە زمان بەرەو سادەیی و سەراوبیبوون ببات. لای شاعیرە بەرزەکانی دنیا کۆمەڵە بوعدێ کە فیکر بووەتە هۆی خولقاندنی ئەو بوعدانە، بە ئاشکرا هەست پێ دەکەیت. دیارە نامەوێ مەسەلەی زمان و فیکر بە تەنیا ببەستمەوە بە شیعرەوە، بەڵکە زمان تەعبیرە لە شارستانەتیی میللەتێ بە هەموو لایەنەکانیەوە.

ڕامان: بە درێژاییی تەمەنی ڕۆشنبیری و نووسینی خۆت چ کتێبێکی زانستی و فەلسەفی و ئەدەبی و فیکری کاری لەسەر فیکر و داهێنانت کردووە؟

شاکەلی: ڕاستییەکەی بۆ کەسێک کە (٣٠ ـ ٤٠) ساڵێک بێ خەریکی خوێندنەوە بێ، دەستنیشانکردنی کتێبێک و چەند کتێبێک کارێکی ئاسان نییە و زۆریش زەحمەتە. ڕەنگە سەیر ئەوە بێ کە نەک لە سەرەتاوە، بەڵکە دواتر، درەنگێ، کۆمەڵێ کتێب هەژاندوومی و بەرەو ئەوەی بردووم هەوڵ بدەم لە هەندێ مەسائیل تێبگەم و بیریان لێ بکەمەوە.

کاتێ دەستم بەوە کرد شارەزایی لە تەسەووف و لە فیکردا بە گشتی پەیدا بکەم، کۆمەڵێ کتێب هەن زیاتر کاریان تێ کردووم و هەژاندوومیان و زیاتر لە مەسەلەکانی فەلسەفە و فیکریان نزیک خستوومەوە: بەرهەمەکانی نووسەری ئەڵمانی پرۆفیسۆر

(ئانماری شیمەل) لەو کتێبانەن کە بەڕاستی کاریگەر بوون و پێم خۆش بوو. لەناویاندا کتێبێک کە لە هەموویان ناسراوترە (Mystical Dimensions of Islam) واتە (لایەنە عیرفانییەکانی ئیسلام) کە کتێبێکی نایابە و نەکراوەتە عەرەبی و نەیشمبیستووە کرابێتە فارسی. خۆزگە خۆم ڕۆژێ لە ڕۆژان کاتم بۆ دەرەخسا و دەمکردە کوردی. هەڵبەتە لەو بوارەدا کتێب زۆرن، بەڵام ڕەنگە ئەگەر لە لێکۆڵینەوە دوور بکەوینەوە و باس لە کتێبی دیکە بکەین، من پێم وایە دیوانی (شەمسی تەبریزی) و دیوانی (حافز) لەو کتێبانەن کە پێم خۆشە چەندین جاری دیکەیش بیانخوێنمەوە.

ڕامان: ئەی لە چەمکی مێتۆلۆژیا و ئایینە کۆنەکاندا وشەی (شەیتان) چۆن دەکەوێتەوە و واتای چییە؟

شاکەلی: دیارە کە من بیر لە شەیتان دەکەمەوە ناتوانم لەو وێنە دینی و نەریتانەیەی پێی ڕاهاتووم زۆر دوور بکەومەوە. بە هۆی ئەوەوە کە من موسوڵمانم، لە کۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا پەروەردە کراوم وێنەیەکی تایبەتیشم لا دروست بووە. مەفهوومی (شەیتان) مەفهوومێکە کە ڕاستەوخۆ لە هەندێ تێکستی قورئان و لە قسە ڕۆژانەکانی ئایینەوە وەرگیراوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە من ئێستا زۆرجار بە شێوەیەکی دیکەیش بیر لە شەیتان دەکەمەوە، من بە پێویستی نازانم شەیتان مەخلووقێکی فیزیکی بێ کە لە هەموو کات و سەردەمێکدا حازر بێ و یەخەی ئەم و ئەو بگرێ و شەڕیان پێ بفرۆشێ. ڕەنگە شەیتان وای تەعبیر لێ بکرێ، ئەگەر بە زمانی تەسەووف باسی مەسەلەکە بکەم، شەیتان نەفسی مرۆڤ خۆیەتی. چونکە پێغەمبەر دەڵێ هەموو مرۆڤێ شەیتانی خۆی هەیە، وتیان ئەی تۆیش هەتە؟ وتی (بلی، ولکن اسلم شیطاني). ئەگەر ئەم حەدیسە ڕاست بێت، دەبێ بڵێین هەر لە سەرەتاوە وێنەی شەیتان، وێنەیەکی فرەلایەنەیە و بە شێوەی جیاواز نوێنراوە. کەواتە ئێمە هەرکەسێکمان شەیتانێک لە ناخماندایە، هەر وەک خوایەکیش لە ناخماندایە، ئەم خوا و شەیتانە هەمیشە لە شەڕدان. تۆ بەشێکی هەڵبژاردنی ئەوەت بە دەستەوەیە کە لایەنگری کامیان دەبیت و پێت خۆشە کامیان سەر بکەوێ. ئەمە بە ڕاستی کارێکی ڕۆژانە نییە کە تۆ بڕیار بدەی ئەمڕۆ پشتگیریی شەیتان دەکەم و

سـبـەی پـشـتـگـیـریی لایەنەکـەی تر دەکـەم؛ ئەمـە پرۆسـەیەکی دوورودرێژە لە مـاوەی تەمـەنی مـرۆڤێکدا، بـە تایبـەتی ئەگەر تەکامـولی ڕۆحـیی لـەگـەڵدا بێ، دەگاتە ئەوەی شـەیتـانی خـۆی ببـەزێنێ. بەزاندنی شـەیتـان کـارێکی ئاسـان نـییـە، من پێم وایە لای سۆفییەکان لە هەموو شتێک باشتر تەعبیریان لێ کردووە. کاتێ نەفسیان بە سەگ و درندە شـوبـهـاندووە، کـاری تۆ ئەوەیە شـەڕ لـەگـەڵ نەفـسـی خـۆتدا بکەی. هەر لەو بارەیەوە جـارێکیـان پێغـەمـبەر کە لە شـەڕ گەڕایەوە وتـی: (عدنا من الجـهـاد الاصـغـر الی الجـهـاد الاکبـر) وتیـان مـەبەسـتت چییـە؟ وتـی جیـهـادی نەفس. جیـهـادی نەفس ڕاسـتـە و هەیە و پێم وایە هـەمـوو کـەسێ تەجـرەبەیەکی لەو بـوارەدا هەیە، جـا ئـیـتـر بچووک بێت یا فراوان و قووڵ، کە چەند دەتوانی شەڕی نەفسی خۆت بکەیت و چەند بەسـەریدا سـەر دەکەوی. یەکێ لـەو شـتـانە کە سـۆفـیـیـەک لەزەتی زۆر لێ وەردەگرێ ئەنجامی ئەو شەڕەیە لەگەڵ نەفسی خۆیدا.

هەر لە ئەدەبی کوردییشـدا هەندێ جار شەیتان بە جۆرێک وێنەی گیراوە کە ڕەنگە لەگەڵ وێنە نەریـتـانەکەدا نەگونجـابێت. شـەیـتـان لە مـەمـوزینـی خـانیـدا نە ئەو هێـزە گـەورە و ترسـناکـەیە و نە زۆر دووریشـە لە ئیـرادە و ویسـتـی خـودا خـۆیەوە. خـانـی ئەمەی زۆر بەڕاشکاوی نەوتووە، بەڵام تێگەیشتنیشـی زۆر زەحمەت نییە.

ڕامـان: ئەگـەر وا بێ سـۆفـیگەرە کوردەکان توانیـویـانە لە مـرۆڤی تەواو بە مەفهوومـی نیتشـە ـ بدوێن بۆ ئەوەی بگەنە خوا؟

شاکەلی: مـەفـهوومـی (مرۆڤی کـامڵ) لە پێش نیتـشـەوە لای سـۆفـیـیـەکـان هـەبووە بە تایبــەتی لای ئیـبن عـەرەبی و یـەکـێکە لە بناغـە هـەرە گـرنگەکـانی تیـۆریی (وحـدة الوجود). ئەو کە باسـی (مرۆڤی کـامڵ) لە کتێبی (فصـوص الحکم)دا دەکات، محـەمـەد بە نموونەی (مرۆڤی کامڵ) دادەنێ.

مـەفـهـوومـی (مرۆڤی کـامڵ) لای سـۆفـیـیـەکانی ئیـسـلام و فـەیلەسـووفەکان دواتریش زۆر باسـی لـێ کـراوە. کـۆمـەڵێ لـە سـۆفـیـیـە عـەرەبەکـان لە دوای ئیـبن عـەرەبی ئەو مـەسـەلەیەیان ورووژاندووە بە گفـتـوگۆ و مـامـەڵە لەسـەر کردن، لەوانە (عـەبدولغـەنی نابلسـی) و خـەڵکی دیکە. لای کـورد تاکـە کـەسێ کە بە باشـی گـوزارشـی لە (مـرۆڤی کامڵ) کـردووە مەلای جـەزیرییە. لە شـیـعـرەکانی مـەلادا مەفـهوومـی (وحدة الوجود) و

بناخـە گرنـگەکـانـی تیـۆرییـەکـە وەک لای ئیبن عـەرەبـی دەبینریێن، هەن. پێم وا نییـە حـافزیش مـامۆسـتـای مەلای جـەزیری بووبێ لە فیـکردا. حافـز لە ڕووی دەربڕین و لە ڕووی ئێسـتێتیکی و فۆرمەوە مـامۆسـتـای جـەزیری بووە، بەڵام لە ڕووی فیـکرەوە، بە پێـچـەوانـەی تێگەیشـتنی خـەڵکەوە، من حـافـز بە شـاعـیـرێکی سۆفی دانـانێم. ڕەنگە هەوڵی جوانی هەبووبێ، بەڵام شـاعیرێکی سۆفی نییـە. ئەویش وەک نالیی خۆمان. لە شـیـعـرەکانی نـالییـشـدا بۆ گوزارەی سـۆفـێـتی بگەڕێی هەیەتی، بەڵام نالـی بە هیچ جۆرێ شاعـیرێکی سـۆفی نەبووە. لەبەر ئەوە (مـەلای جـزیری) لەو ڕووەوە بە تەواوی لە حـافـز جیـاوازە. لە هەندێ میـتـافۆردا سـوودی لە حـافـز و عەبدولڕەحمـانی جـامی وەرگرتووە. جامی هەم سـۆفییە و هەم وەحدەت وجوودییـە. تەنیا کەسێک لە کورددا کە تەعبیری لە تیۆریی (مرۆڤی کامڵ) کردبێ وەک بەشێک لە تیۆریی (وحدة الوجود) مەلای جەزیرییـە.

ڕامان: جەزیری خۆی گەیشتۆتە ئەو تەکامولە؟

شـاکـەلـی: بەڵێ. پێم وایە سـۆفـیـیـەکی گـەورەی کـورد بوو کـە نـەک هـەر تـەجـرەبەی ڕۆحـی، بەڵکە بە تەعبیری هونەری لە تەجرەبەی سۆفییەتیی خۆی دواوە.

ڕامـان: ئەگـەر لایـەنـی دینیی مـەحـوی لاببـەین، ناکـەوێتـە ئەو خـانـەیەی کـە حسـابێکی سۆفییانەی چاکی لەگەڵ بکرێ؟

شاکەلی: مەحـوی سۆفـییـە، بەڵام پێم وا نییـە بکرێ مەحـوی لەگەڵ مـەلای جەزیری بەراورد بـکرێ. مــەحــوی ئەوەنـدەی جــەزیری بنـەمــا گــرنـگـەکــانـی ســۆفــیــزمـی لە شـیـعـرەکـانیـدا دەرنەبڕیوە. لەوەیش گـرنگتـر چەمکی (وحـدة الوجـود) لای مـەحـوی بەرچاو نییە.

ڕامان: ئەی پێت وا نییە مەحوی توانیبێتی زاراوەی سۆفییانە، کە زۆربەی زۆری عـەرەبی و فارسـییـە، زیرەکـانە بێنێتـە ناو شیـعـری کوردی و چێـژی کوردی هـەر بۆ یەکەم جار ئەم هێنابێتی؟

شاکەلی: مەحـوی ئەو کارەی کردووە، بەڵام یەکەم کەس نییـە لە مێژوودا ئەو کارەی

کـردبـێ، چونکە مــەلای جـەزیری زۆر لە مــەحـوی کـۆنـتـرە و ئەو کـارەی بـە کـوردی کردووە. ئەگەر مەبەستت تەنیا کوردیی خواروو، ئەوە شتێکی دیکەیە. مەحوی یەکێکە لەوانەی پێش خەڵکانی دیکە چەمکەکانی سۆفیزمی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. هاوکات (مەولەوی)یش ئەو کارەی کردووە کە لە مەحوی بڕێک بەتەمەنتر بووە.

ڕامان: لە بواری فیکردا پێت وایە ئەفسانە پێش پرۆسەی فەلسەفە و ئەقڵ کەوتبێ؟

شاکەلی: ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە لێکی بدەینەوە پێشی کەوتووە، بەڵام پێم وا نییە ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون بەتەواوی ئەسبەقییەتی ئەفسانە و فەلسەفە و حیکمەت دەرببڕن و ڕوونی بکەنەوە. لەو ڕووەوە ناتوانم شتێک بڵێم چونکە کارم تێدا نەکردووە.

ڕامان: باشە دەڵێن ئەو لێکۆڵینەوانەی کە هەیە شارستانەتیی چینی زیاتر مۆرکی ئەقڵی وەرگرتووە وەک لەوەی مۆرکی ئەفسانەی وەرگرتبێ، کەچی شارستانەتیی سۆمەری نەگەیشتە ئەوە، هەر شارستانەتییەکی زەینی نەبوو بە شارستانییەتی ئەقڵانی.

شاکەلی: من مێژوونووس نیم تا بۆ سۆمەری و ئەوانە بگەڕێمەوە، یان بتوانم ڕوونی بکەمەوە. ڕەنگە کەم تا کورتێ شارەزاییم لەو مەسەلانەدا هەبێت. چینییەکان شارستانەتییەکەیان نەکوژاوەتەوە و تا ئێستا بەردەوامە، لەبەر ئەوە کولتووری ئەقڵی و فیکری و زەینیی چینییەکان تا ئەمڕۆ ماوەتەوە و لەبەر ئەوەیشە ئەمڕۆ خەڵک دەتوانێ باسی بکات، بەڵام هی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوورییەکان شارستانەتییەکن لە ماوەیەکی دیاریکراودا کوژاونەتەوە و ئەوەی بۆ ئێمە ماوەتەوە ڕەنگە لە هەزار یەکی ئەوانە بێ کە فەوتاون. ئێمە وێنەیەکی تەواومان لەبارەی ئەو شارستانەتییەوە نییە.

ڕامان: لە بەردەم حەللاجدا چ هەڵوێستێک دەکەی؟

شاکەلی: یەکێکە لە کەسێتییە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ژیانی تەسەووف و ڕۆحی و فیکری لە ئیسلامدا. هیچ گومان لەوەدا نییە کە حەللاج سۆفییەکی زۆر گەورەیە، هیچ گومان لەوەیشدا نییە کە هونەرمەندێکی گەورەیە و یاخییەکی زۆر گەورەیشە، بەڵام ناکرێ لە چوارچێوەی ئەو تەسەووفەیشدا تەماشای بکەین کە دەکرێ پێی بڵێین تەسەووفی ئەقڵانی. حەللاج زیاتر موغامیرێکی سۆفییە، هەر ئەوەیش بووە هۆی مەرگی. لە (شبلی)یان پرسی: بۆچی حەللاج لە سێدارە درا؟ وتی: لەبەر ئەوەی نهێنییەکەی ئاشکرا کرد، خەتای خۆی بوو.

ڕامان: تۆ پێت وایە (ماسینیۆن) توانیویەتی هەقی حەللاج بدات؟

شاکەلی: ئەویش وەک زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەوروپا هەوڵی داوە حەللاج و هەموو دیاردەکانی تری جیهانی ئیسلامی لە تەسەووفدا بناسێت، بەڵام بەداخەوە نە ماسینیۆن و نە کۆربێن و نە خەڵکی دیکەیش، کە لەبارەی ڕۆژهەڵات و ئیسلامەوە دەنووسن، لەو گرێی ئەوروپاییە بەرانبەر ڕۆژهەڵات ڕزگاریان نەبووە؛ هەمیشە لەناو دێڕەکاندا تۆ هەست بەو گرێیە هەر دەکەیت.

ڕامان: سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سۆفیزم لە کوردستان لە کوێوە دەستنیشان دەکەیت؟

شاکەلی: سۆفیزم دەبێ بە دوو شێوە تەماشای بکەین. یەکەمیان ئەوەیە کە سۆفیزم لە ئەسڵدا کە دەستی پێ کردووە بەشداریی کورد لەوەدا چەند بووە، لەو ڕووەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکە خەریکی لێکۆڵینەوەم لەبارەی کورد و مێژووی بیرەوە هەندێ ڕاستیی باشم دەست کەوتووە.

بۆ نموونە تەریقەتێکی وەک ـ ڕیفاعی ـ کە تەریقەتێکە بە هیچ جۆرێ کوردی نییە، لەناو کورددا نییە، چونکە عەرەبییە و زیاتر لە خوارووی عێراق و هەندێ دەوڵەتی دەوروبەری عێراقدا برەوی پەیدا کردووە، کەچی یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو تەریقەتە (ابو الوفا تاج العارفین)ی کورد بووە و پێشتر، پێش ئەوەی ببێتە سۆفی، جەردە بووە و پاشان گەیشتووەتە جیهانی تەسەووف و بووەتە یەکێک لە ڕێبەرانی تەریقەتی ڕیفاعی. هەڵبەتە لە تەریقەتی خواجەگاندا، کە پێشینەی تەریقەتی

نەقشبەندییە، کۆمەڵە کوردێ دەوریان لە پێگەیاندنی تەریقەتەکە و پێشخستنیدا هەبووە. ئەوەی لە کوردستاندا برەوی هەبووە تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندییە، قادری پێش نەقشبەندییە، بەڵام قادری لە رووی فیکرەوە ئەوەندەی تەریقەتی نەقشبەندی کاریگەریی لەسەر فەرهەنگی کورد و مرۆڤی کورد نەبووە.

تەریقەتی نەقشبەندی ئەو تەریقەتەیە کە بە تەواوی مۆری خۆی ناوە بە زۆر لایەنی ژیانمانەوە. نەقشبەندی بە دوو شەپۆل هاتۆتە کوردستانەوە، شەپۆلێکیان مەلا عەبدوڵڵای ئیلاهی لە سەدەی پانزدەدا لە رێگای خواریزمەوە و لە رێگەی خەلیفەکانی شاهی نەقشبەندەوە لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هێناویەتی بۆ تورکیای عوسمانی و لەوێوە گەیشتۆتە کوردستانیش.

شەپۆلی دووەم بە هۆی مەولانا خالیدی شارەزوورییەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتووەتە کوردستان. ئەمەیان زۆر کاریگەرتر بووە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا. زۆربەی ئەو ئەدەبییاتەی کە هیی تەریقەت و تەسەووفە بە هۆی مەولانا خالیدەوە پەیدا بووە. مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی لەوانە نین، چونکە ئەوان پێش مەولانای شارەزووری ژیاون و سەر بەو لقەی نەقشبەندین کە لە تورکیای عوسمانیدا بە هۆی مەلا ئیلاهی و کەسانی دیکەوە گەیشتووەتە کوردستان.

دیارە مەلای جەزیری لە سەردەمێکدا ژیاوە کە ئیمامی سرهندی لەو سەردەمەدا ژیاوە (شێخ ئەحمەدی فاروقی سرهندی) کە پێی دەوترێ "مجدد الالف الثاني" نوێکەرەوەی ئیسلامە لە هەزارەی دووەمدا. تیۆریی (یەکێتیی شهوود) کە بەرپەرچدانەوەیەکی فیکری بوو بۆ تیۆریی (وحدة الوجود)، بە بەرهەمی فیکری سرهندی دادەنرێت. بەڵام تیۆرییەکەی سرهندی لە وەختی مەلای جەزیریدا نەگەیشتبووە کوردستان، لەبەر ئەوە ناکرێ مەلای جەزیری ئاشنایەتیی لەگەڵ تیۆریی (وحدة الشهود)دا هەبووبێ. تەسەووف بەو مانایە لە ماوەی (٥٠٠ – ٦٠٠) ساڵی رابوردوودا لە کوردستان هەبووە، بەڵام ئەو شەپۆلەیان کە بە تەواوی کوردستان و ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیر کرد، ئەو شەپۆلەی نەقشبەندی موجەددیدی بوو کە دواتر مەولانا خالید بوو بە نیشانە و ئاڵاهەڵگری.

راman: زۆر کەس لە باسکردنی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی تەفسیری سیاسیی بۆ دەدۆزنەوە و ململانێی ناخۆش دەبەنەوە بۆ سەر ئەو

تەریقەتانە، تۆ وەک ڕووناکبیرێ پێت وایە ئەو تەریقەتانە چەند پێوەندیی بەو مەسەلە سیاسییانەوە هەیە کە بە زۆر دەخرێتە ناو ئەو قاڵبەوە؟

شاکەلی: خۆشبەختانە لەم سەردانەمدا سەمینارم لەبارەی ئەو بابەتەوە هەیە: کورد و مێژووی بیر. ڕاستییەکەی لە سەرەتادا دوای هاتنەوەی مەولانا خالید ناکۆکییەک لەنێوان ئەو دوو تەریقەتەدا هەبوو، بەڵام ناکۆکییەکە زۆر درێژەی نەکێشا، لە ماوەی ژیانی مەولانا خۆیدا یەکالا کرایەوە و خرایە لاوە. لە ڕووی فۆرم و شکڵەوە ڕەنگە هەندێ جیاوازی لەنێوان ئەو دوو تەریقەتەدا هەبووبن و تا ئێستایش هەبن، بەڵام وەچەکانی دوای مەولانا ئەوەندە نزیک بوونەوە لە تەریقەتی قادری کە تەنانەت شێوەی زیکر لە تەریقەتی نەقشبەندی کە (زیکری خەفی)ی پێ دەوترێ و لە تەریقەتی قادریدا (زیکری جەهر)ی پێ دەوترێ، لە سەردەمی شێخی سیراجوددینی یەکەمدا و لە سەردەمی شێخ عومەری زیائەددینی کوڕیدا، زیکری جەهر وەک بەشێک هێنرایە ناو تەریقەتی نەقشبەندییەوە. ئەمە تازەکردنەوە بوو لە نەقشبەندیدا. مەولانا خۆی ئەوەی نەکردبوو، کەچی شێخ عومەری زیائەددینی بیارە ئەو شێوە زیکرەی هێنایە ناو تەریقەتی نەقشبەندییەوە. ئەم نموونەیە بۆ ئەوە دەهێنمەوە بڵێم ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییەی گوایە لەنێوان ئەو دوو تەریقەتەدا هەبوون، من بە ڕاستی نازانم. ئەگەر هەشبووبێ ناکۆکییەکی فۆرمێلە و زیاتر لە ڕووی شێوەی هەست و نەستی سۆفیانەوەیە، نەک لە ناوەڕۆکدا دژ بە یەک بن، چونکە هەردووکیان یەک پەیامیان پێیە. زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا مەسەلەی ناکۆکیی ناوخۆی کوردستان دەبەستنەوە بە مەسەلەی تەریقەتی قادری و نەقشبەندییەوە و وای تەفسیر دەکەن. ئەمە ڕاست نییە، ئەمە بەشێکە لەو یارییە ناشیرینەی ڕۆژهەڵاتناسان و ئەوروپییەکان بەرانبەر بە کورد و میللەتانی ڕۆژهەڵات بە کاری دەهێنن.

ڕامان: هەندێ سەرچاوە دەڵێن گوایە مەولانای گەورەی سۆفی پرۆژەی سیاسیی هەبووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی؟

شاکەلی: برێک کارم لەبارەی مەولاناوە کردووە و تا ڕادەیەک شارەزاییم لە سەردەمی مەولانا و نووسینەکانی و ژیانی ئەودا هەیە. خەڵکی تر هەیە کە کاری

باشتری کردووە. دەتوانم لەو ڕووەوە باسی پرۆفیسۆر ـ حامید ئەلگەر ـ بکەم کە سێ ساڵ لەمەوبەر، سێ چوار ڕۆژێ لە کۆنگرەیەکدا لە ئەستەمبووڵ پێکەوە بووین، باسی ئەوەی بۆ کردم کە کتێبێکی گەورەی بە ئینگلیزی لەسەر مەولانا خالید بە دەستەوەیە و دەبێ لەم ساڵانەدا بڵاو ببێتەوە. ئەوەی کە مەولانا هەستی سیاسی و پلانی سیاسیی لە مێشکدا هەبووبێ، دیارە ئەگەر لە ڕووی تەسەووفەوە تەماشای بکەی ڕەنگە نەگونجێ. لە لایەکی ترەوە مەولانا هەستێکی زۆر وردی هەبووە بەرانبەر ناوچەکە و لە زۆربەی نامەکانیدا وەک سیاسییەک بیر دەکاتەوە. لە نووسینیشدا باسی ئەوەم کردووە، کاتێ کە مەولانا قسە دەکات، نامە دەنووسێت، تۆ وا هەست دەکەیت پاشایەکە، نەک ڕێبەرێکی تەسەووف. بە دووری نازانم هەستی سیاسیی هەبووبێ و دوو سێ نموونەی بچکۆلەیش کە ببنە پاڵپشتی ئەم بۆچوونە لە بەردەستدان. بۆ نموونە مەولانا کە ساڵی ١٨٢٢ دەگاتە شام و یەکەم نامە بۆ خەلیفەکانی خۆی لە بەغدا دەنێرێ، باسی ژیانی خۆی دەکات و دەردەکەوێ کە یەکسەر نوێنەری خۆی بۆ شەش ناوچەی ڕۆژهەڵات داناوە و هەر شەشیان کورد بوون. دیارە باوەڕی زیاتری بە نوێنەرە کوردەکان هەبووە. یەکێک لە نوێنەرەکانی مەولانا، شێخ مەحموود سووسەییە و ئەم نوێنەری مەولانا پێوەندییەکی زۆر بچکۆلە لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی پەیدا دەکات، ئەگەر بە لێکدانەوەی ئەمڕۆ باسی بکەین، سوڵتانی عوسمانی دەیەوێ (شێخ مەحموودی سووسەیی) بکڕێ و بە لای خۆیدا ڕایکێشێ. مەولانا یەکسەر لە تەریقەت دەریدەکات و نامەیش بۆ هەموو خەلیفە و موریدەکانی دەنووسێ و دەڵێ (سووسەییمان لە تەریقەت دەرکرد و جارێکی تر بۆی نییە بگەڕێتەوە ناو تەریقەت).

ڕامان: ئەی پێوەندیی لەگەڵ (شەریکەی هیندستان)، چۆنە؟

شاکەلی: ئەوە یەکێکە لەو قسە هەڵبەستراوە ناشیرینانەی بەرانبەر مەولانا دەکرێ. مەولانا زۆر لەوە گەورەترە بەو شێوەیە باس بکرێ. ئەوە سووکایەتیکردنە نەک بە مەولانا بەڵکە بە کورد و مێژووی کوردستان. نووسەرێکی ڕووسی دەناسم بە شەخسی کە ناوی ـ ئەکیمۆشکین ـە، لە زانستگەی پێترۆگراد مامۆستایە ـ من ڕووسی ناخوێنمەوە، بەڵام دۆستێکم، کە ڕووسی دەزانێ، وتی ئەکیمۆشکین

کتێبێکی لەبارەی تەسەووفەوە لە ئینگلیزییەوە کردووەتە ڕووسی، بەڵام سەرەڕای تەرجومەکە کۆمەڵێک پەراوێز و لێکدانەوەیشی لێ زیاد کردووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە. لەو پێشەکییەدا، ئەو دۆستەم بۆی باس کردم، کە ئەکیمۆشکین باسی مەولانا دەکات، زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مەولانا هەستی کوردایەتیی هەبووە و بیری لە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد کردۆتەوە؛ ئەکیمۆشکین ئەوەی باس کردووە، من لەبەر ئەوەی ڕووسی ناخوێنمەوە، خۆم ڕایەکەی (ئەکیمۆشکین)م نەخوێندۆتەوە، بەڵام دۆستەکەم، کە بڕوام بە قسەکەی هەیە، ئەوەی بۆ باس کردم.

ڕامان: ئێستا وەک کەسێ بایەخ بە سۆفییەت بدا، پێت وایە بونیادی ئەقڵی کوردی لەناو سۆفیزمدا بخوێنیتەوە؟

شاکەلی: ئەگەر ئێمە بۆ بونیادی ئەقڵی کوردی بگەڕێین بەداخەوە دەبێ پەنا ببەینە بەر چەند شتێ، یەکێ لەوانە تێکستە، بەتایبەت تێکستی ڕۆحی و دینی، کە بەشێکیان لە چوارچێوەی سروود و تقووسی دینی و تێکستی شیعری و هونەریدایە، بەڵام بەشێکیش لە پراکتیکی ڕۆژانەدا بۆمان ماوەتەوە.

من پێم وایە ئەگەر بۆ بونیاد و ڕەگوڕیشەکانی ئەقڵی کوردی بگەڕێینەوە بەشێکی هەرە زۆری، لە (٩٠٪)ی، لە سۆفیزمدا دەبینینەوە. بەشێکی تری ئەوەیە کە خەڵک دەیبەستنەوە بە لایەنەکانی وەک پەندی پێشینان و شتی فۆلکلۆری، کە من بەسەرچاوەی فیکر و عەقڵ تەماشایان ناکەم و ناتوانم بەو جیددییەتە بیریان لێ بکەمەوە. ڕەنگە دەربڕینی ساکار و ڕۆژانە بێ یان حیکمەتی ڕۆژانە و دەربڕینی ئەزموونی پیاوێکی دنیادیتوو بێ، بەڵام ناکرێ وەک تەجرەبەی فیکری و فەلسەفی تەماشای ئەوانە بکەی. لەبەر ئەوە بونیادی ئەقڵی کوردی وەک سەرچاوە لە سۆفیزمدا دەدۆزینەوە. دیارە پاشخانی سیاسی دەورێکی زۆری لە شکڵپێدانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بینیوە، ئەگەر ئێمە سیاسەت ببەستینەوە بە فیکرەوە و جەمسەرێکی تری سیاسەت ببەستینەوە بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. دیسان سۆفیزم، بەتایبەت نەقشبەندی، دەوری گەورەی بینیوە. ئێمە ئەگەر باسی ڕاپەڕینی کورد دژی زوڵم و زۆرداری بکەین یان تەعبیرێکی سیاسییانە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کورد بکەین لە نەقشبەندیدا دەیدۆزینەوە؛

سێ ڕێبەری گەورەی ئەم چەرخەی ئێمە کە سەرکردایەتیی شۆڕشی گەلی کوردیان کردووە نەقشبەندی بوون، لەوانە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و بنەماڵەی بارزانی، هەرسێکیان سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوون.

ڕامان: کەواتە تۆ شاعیرێکی سۆفییت یان سۆفییەکی شاعیریت، پێت وایە شیعری سۆفی کاملترین شیعرێ بێ لەناو ئەدەبی کوردیدا، نموونەیشت ئەگەر هەبێ؟

شاکەلی: بەڵێ، نموونەم بەشێکی باشی دیوانی مەلای جەزیرییە.

ڕامان: زێتر جەخت لەسەر مەلای جەزیری دەکەی، تێزێکت هەیە لەسەر (مەلای جەزیری) پێشکێشی بکەی؟

شاکەلی: من خوێندنی ئەکادێمیم بۆ خۆم نەکردووەتە ئامانج، پێشکەوتنی ژیانی ئەکادێمی و بوون بە دۆکتۆر و مامۆستا لای من هەرگیز مەتڵەب نەبووە و ناشبێتە مەبەست. من بۆ خۆشیی خۆم لە مەلای جەزیری دەکۆڵمەوە. لەو بوارەدا ساڵانێکە مەشغوولم بە سەردەم و ژیان و بەرهەمی مەلای جەزیرییەوە؛ کۆمەڵێ شتم لەو بارەیەوە نووسیوە و هەندێکی بڵاو بووەتەوە و بەشە زۆرەکەی ئەوەیە کە تا ئێستا بڵاوم نەکردۆتەوە.

ڕامان: لەم سەر و سۆراغەدا مێیینە چ دەورێکی هەبووە لە ژیانی سۆفی بۆ گەیشتنە خوا؟

شاکەلی: ئەگەر وەک ئەو چەمکەی کە ئەمڕۆ بۆ ئەو بەشەی ئینسان کە ناوی ژنە تەماشا بکەی، ئەمە بۆ خۆی چەمکێکی زۆر دنیاییە، بەڵام لایەنێکی دیکەیشی ئەوەیە کە تۆ ئیشراقاتی خوا لە هەموو شتێکدا دەبینی، پەرچدانەوەی نووری خوا لە هەموو شتێکدا دەبینی. ڕەنگە نزیکترین شتێک لە پیاوەوە ژن بێ و بۆ ژنیش پیاو بێ. قسەیەکی زۆر باو لەناو سۆفییەکاندا هەیە دەڵێن (ان الله جمیل یحب الجمال) خودا جوانە و حەزی لە جوانییشە، دە باشە بۆ پیاوێک دەبێ چی لە ژن جوانتر بێ یان بۆ ژنێک چی لە پیاو جوانتر بێ؟

ڕامان: له پێنجاب لای سۆفییەکان مێیینە نابێتە کەرەستەی داهێنەر، بەڵکو نێرینە دەبێتە کەرەستەی داهێنەر. بەڵام لە تیۆریی ئەفلاتوون دەبێ مێیینە هەبێ بۆ پیاو، مومارەسەی ڕۆحی و زەینی و جنسی لەگەڵ دەکات بۆ ئەوەی پەرەی پێ بدات و پاکی بکاتەوە و بەرەو ئیشراق بیبات.

شاکەلی: لە تەسەووفدا بە چ شێوەیەک تەعبیر لەو ئەوینە دەکەی بەرانبەر بە مرۆڤ، پێوەندیی بە زمان خۆیەوە هەیە. بۆ نموونە زمانی فارسی و تەنانەت کوردییش لەبەر ئەوەی ڕاناوە کەسییەکان شێوەی نێر و مێ وەرناگرن، (ئەو) و (ئەوی دی) هەر (ئەو)ە، بۆ ژن بێت یان پیاو. لە ئەدەبییاتدا بەشێکی زۆری ئەمە شاردراوەتەوە کە ئایا موخاتەب ژنە یان پیاو. لە شیعری زۆربەی سۆفییەکاندا ئەو لایەنە جیا ناکرێتەوە، ڕەنگە لە زمانی عەرەبیدا ئاسان بێ چونکە بە (هو) و (هي) جیا دەکرێتەوە. کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە کە سۆفییەکان نووری خودایان تەنیا لە جوانیی ژندا بینیوە. نموونەی وەهایش لای سۆفییەکان هەیە کە عاشقی کوڕ بووبن، بەڵام نەک عاشق بەو مانایەی عاشقی جەستەیی و سێکسی، بەڵکو گەورەییی خالقی لە جوانیی ئەو مرۆڤەدا بینیوە. یەکێ لە شێخانی تەریقەت دانیشتبوو کوڕێکی گەنجی لە تەنیشتەوە بوو لای ئاگردانێکدا، ئەوەندە لێی نزیک کەوتبۆوە کە ڕانی کەوتبووە سەر ڕانی کوڕەکە، کۆمەڵە خەڵکێک لە سەربان خۆیان داگرتبوو، لە کونێکەوە تەماشایان دەکرد بزانن چی ڕوو دەدا و ئەم سۆفییە خەریکی چییە، سۆفی ئەوەندە ئاگادار بوو کە تێدەگەیشت مەسەلە چییە، ڕانی خۆی لەسەر ڕانی کوڕەکە لابرد و خستییە ناو ئاگرەکە، ئەو کاتە تێگەیشتن کە مەسەلە ئەوە نییە عاشقی جەستەی ئەو بووە. دەربڕینی هونەری لە عەشق زۆر لەوە قووڵترە بیبەستینەوە بە نێرینە و مێیینەوە.

ڕامان: نێوانی شەمسی تەبریزی و جەلالەدینی ڕۆمی، ئەم تۆمەتە چییە؟

شاکەلی: ئەمەیش یەکێکە لەو قسە بێتام و بێچێژانە کە لەبارەی پێوەندیی شەمسی تەبریزی و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییەوە دەکرێ، مەبەستم ئەو لایەنەیەتی کە دەخرێتە قالبی ماددییەوە، من بە هیچ جۆرێ باوەڕم بەوە نییە و بە ڕاستی نازانم.

ڕامـــان: کــە بـەڕاســـتی نازانی دەق و تێکســـتت هەیە یان تـوێژینـەوەت لەبارەیەوە هەیە؟!

شاکەلی: هەموو دیوانی شەمسی تەبریزی بخوێنیتەوە هەست بە لایەنێکی ماددی ناکەی. تۆ بڵێی مەولانا ئەوەندە کۆڵەوار بووبێ نەیتوانیبێ تەعبیر لەو لایەنەی بکات ئەگەر بیویستایە، لەبەر ئەوە من باوەڕم بەوە نییە.

ڕامان: بێینە سەر ڕۆڵی کورد لە بونیادنانی شارستانەتیی ئیسلامی، ئێوە ئەو ڕۆڵە چۆن دەبینن؟

شـاکەلی: ئێمـە دەبێ مـێژووی بیـر لای کـورد ببەسـتـینەوە بە مـێژووی کـورد و ناوچەکـەوە بە گـشـتی. من وای دەبـینم کورد لە ڕابـوردوودا بەر لە ئیـسـلام بەشـێک بووە لە مێژووی فیکر و شـارستانەتیی ئێرانی. ئەگەر کورد بەشدارییەکی کردبێ لە شارستانەتیی مرۆڤایەتیدا لە چوارچێوەی ئێراندا کردوویەتی، ئێرانی شارستانەتی نەک سـیـاسی، بـەڵام بەداخـەوە بـە ناوی کـوردەوە تـۆمـار نەکـراوە و ئێـمـە ئەمـڕۆ نایناسینەوە. مەسەلەی زەردەشت یەکێکە لەو شـتـانەی کە کوردی ئەمڕۆ بەتەواوی دەسـتی پێوە گرتووە وەک سـیـمـبـۆڵی سـیـاسی. بەڕاسـتی من بە لامـەوە گرنگ نییـە زەردەشت کـورد بووبێ یان نـا، ئەمـە مـەسـەلـەیەک نیـیـە بۆ ڕۆژگـاری ئەمـڕۆمـان سوودمەند بێ. دواتر، دوای هاتنی ئیسلام فەرهەنگ و شارسـتانەتیی کوردی بووەتە بەشـێک لە فـەرهـەنگ و شـارسـتـانـەتیی ئیـسلامـی. کورد ئەگەر لەو مـاوانەدا شـتـێکی پێـشکێش کـردبێ لە چوارچێـوەی فـەرهەنگی ئیـسـلامـیـدا کـردوویەتـی، لەو چوارچێوەیەیشدا، ئەگەرچی ئیسلام خۆی کۆمەڵێ تەوژمی جیاوازی فیکریی تێدا هەبووە، بـەڵام تەوژمی هەرە زاڵ هـەمـیـشـە تەسـەووف بووە. جـێـدەسـتی کـورد لە تەسـەووفدا دیارە، بەڵام لە بـوارەکانی تردا من بەڕاسـتی جێدەستی کورد نابینم. لە سەدەکانی ڕابوردوودا کورد بەشدارییـەکی زۆر چاک و چالاکانەی لە تەسـەووف و لە تەریقـەتەکـاندا کردووە، بە تایبـەتی لە قـادری و نەقشـبـەندیدا. تەنیا بـەشـدارییـەکی کورد لە بوارێکدا کە تەسەووف نەبێت، ئەوا لە سەدەی بیسـتەمدا دەست پێ دەکات. بەداخەوە لەوەیشدا ڕۆشنبیری (Consumtion)، یان با بڵێین ئیسـتهلاکی، بووە. لەم

بارەی دواییياندا كورد موستەهليك بووە، بەڵام لە تەسەووفدا كورد موستەهليك نەبووە، بەرهەمهێن بووە. كەچی كە گەیشتۆتە سەدەی بیستەم، شەپۆلی فەلسەفەی ماددی هاتە ناو كوردەوە و كورد وەك موستەهلیكێك كەڵكی لێ وەرگرت، نەك وەك بەرهەمهێنێ. بۆ نموونە ئێمە ئەگەر تەماشای عەرەبەكان بكەین تەنانەت لە بواری فەلسەفەیەكی وەك ماركسیزمدا كۆمەڵێ خەڵكی وەك سەمیر ئەمین و مەحموود ئەمین ئەلعالم و نەجیب مەحموودیان هەیە و ئەمانە بیریاری ماركسیستی عەرەبن، بەڵام توانیویانە بە چاوی نەتەوایەتیی خۆیان كەڵك لە لێكۆڵینەوە ماركسییەكان بۆ شیكردنەوەی كۆمەڵگای خۆیان وەربگرن، یان بۆ دانانی چارەسەر بۆ كێشەكانیان. كورد لەو بوارەیشدا كە بووەتە ماركسی تەنیا لایەنە سیاسی و ئایدۆلۆژییەكەی وەرگرتووە، نەك لایەنی فیكری. هاوشانی ماركسییەت ئێمە بیریاری وەك مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستمان مامۆستا (مەسعوود محەمەد)مان هەیە كە توانیویەتی سوود لە تیۆرییەكانی برتراند ڕەسڵ و كارڵ پۆپەر وەربگرێ و جێدەستی خۆیشی دیارە بە فیكری ئەمڕۆی كوردەوە.

ڕامان: كاتی ئەوە نەهاتووە ئێستا بە گشتی هەوڵ بدەین ئەوەی هیی كوردە لەناو شارستانەتیی ئیسلامی و شارستانەتیی ناوچەكە جودای بكەینەوە و بیكەینە پشتیوانێ بۆ ڕۆشنبیریی داهاتوومان؟

شاكەلی: ڕاستییەك هەیە كە ئێوەیش و منیش دەیزانین، هەلومەرجی سیاسی لەم ٥٠ ـ٦٠ ساڵەی دواییدا لە كوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كارێكی وای كردووە كە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ڕابوردوو بە ئەقڵ و چاوی سیاسی كراوە، ئەمەیش لە ڕووی فیكرییەوە زیانێكی زۆری لە ئێمە داوە.

گەنج و خوێنەواری كوردی ئەم ٥٠ ـ٦٠ ساڵەی ڕابوردوو هەمیشە ویستوویەتی خۆی لەگەڵ مۆدێلە باوەكانی سەردەمدا (چ مۆدێلی فیكری یان ئایدۆلۆژی و سیاسی) بگونجێنێ. گونجاندنەكەیش هەمیشە لەسەر حیسابی ڕابوردووی میللەتەكەی و ئەو كەلەپووره فیكرییە بووە، هەرچەندە توراسێكی گەورە و گرانمان نییە، بەڵام هەر شتێك بێن، ئێمە بەشێكین لەو كەلەپووره گەورە و گرانە كە ئیسلام لەم ڕۆژهەڵاتەدا دروستی كردووە، بەڵام ئەقڵی سیاسیی كوردی لەم٥٠ ـ ٦٠ ساڵەی

دواییدا کارێکی وای کردووە خوێنەواری کورد دوور بکەوێتەوە لە ڕابوردووە فیکری و شارستانەتییەکەی خۆی.

ئەمە زیانی گەورەی لە ئێمە داوە. ئایا ئێستا ڕۆژی ئەوە نەهاتووە؟ پێم وایە دەمێکە ئەو ڕۆژە هاتووە، بەڵام ئێمە خۆمان لەوەدا دوا کەوتووین، خۆمان نەمانتوانیوە بچین بە دوای ئەو داواکارییەی کە ڕۆژگار داوامان لێ دەکات. گەڕانەوە بۆ شارستانەتیی ئیسلامی و تەریقەکانی تەسەووف و گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕەکانی تەسەووف کە لە سەردەمێکدا سەرچاوەی داهێنان و ئێستێتیک بووە بۆ مرۆڤی کورد، پێم وا نییە ئەمە بەو مانایە بێ و گەڕانەوە بێ بۆ دواوە بە مانا کۆنەکەی وەک کۆنەپەرستی و پاشکەوتوویی.

ڕامان: ئێمە لە بواری هونەرەکانی وەک بیناسازی یان مۆسیقا کە ئێستا لەودیو عەندەلیبی و کامکارەکان کەلەپووری عیرفانی گۆرانیی کوردی دەژێننەوە، لەبەر ئەوە کاتی ئەوە هاتووە شتەکانی خۆمان چ لە بواری خۆشنووسی و زەخرەفە یان شێوەکاری، وردە وردە جودای بکەینەوە، کامەی هی ئێمە بووە و کامەی هیی میللەتانی تری ناو ئیسلام بوون؟

شاکەلی: ڕەنگە تۆ پێت سەیر بێ پیاوێکی وەک ئەمیر شەرەفخانی بەتلیسی کە حاکمێکی سیاسی بووە، بەڵام پەروەردەی فەرهەنگی ئیسلامە. ئەو پیاوە نەک هەر یەکەم مێژووی چاکی بۆ کورد نووسیوە، بەڵکە هونەرمەندێکی گەورەیشە. ئەو تابلۆیانەی خۆی بۆ شەرەفنامەی دروست کردوون ئەمڕۆ دەکرێنە سەرچاوەیەک بۆ سەرەتای هونەری کوردی لەم سەردەمەدا، تابلۆکانیش خۆ ماون و بڵاویش کراونەتەوە. ئەمە قوتابخانەی تایبەتی دامەزراندووە، بەڵام لە چوارچێوەی هونەری ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیدا پیاوێکی داهێنەر و بەرهەمهێن بووە.

بۆ مۆسیقایش بە داخەوە من ناتوانم بڵێم بەرهەمی بیستراومان لەو سەردەمەوە ماوەتەوە، بەڵام بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقی لای شاعیرەکانی کورد هەیە، بۆ نموونە (مەلای جزیری) باس لە ئامێری مۆسیقا دەکات و لە شارەزاییەوە دەیکات و دەزانێ باسی چی دەکات. هەروەها خانییش. ئەمە مەسەلەیەکی تەقلیدی نییە، بەڵکە شارەزاییەکە هەبووە و بەشێکە لە مێژووی کولتووری سەردەمەکە.

ڕامـان: مـێـژووی ئـەو هونەرانەمــان زۆر پچــڕپچــڕ نووســراونەتـەوە، ئایا پێـویست نییـە هـەرچی زووتره مێـژووی خـۆمـان لە هـەمـوو بوارەکـاندا بە شێوەی ئەکادیمی بنووسرێتەوە؟.

شـاکـەلی: ئـەگـەر ئێمـە بـاسـی دواکـەوتوویی خـۆمـان لە مـێژوونووسـیندا بکەین لە بواری مێژووی ئەدەبی و سیاسی و لایەنەکانی تریشدا، دەتوانین هـەر لە ئێسـتاوە تا دە ڕۆژی تر دابنیشـین و باسـی ئـەو دواکەوتنە بکەین و نموونەیشـمـان زۆرە. ئەگەر بۆ کـارە گرنگەکـانی مـێـژووی کـورد بگەڕێینەوە، ئەوەی هـەمـانە و نیـمـانە شـەرەفـخـانی بەتلیـسی و مـحـەمـەد ئەمـین زەکـییـە کـە مـێـژووی گشـتگیـریان بۆ کـورد نووسـیـبێ. دواتریش مـامـۆسـتا کـەمـال مـەزهـەر ئەحـمـەد. لەم نموونانە تێبـپـەڕێ، ئێـمە مێـژووی ڕێکوپێکمـان نییە. ئەو شـتـانەی کـە هـەن هـەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی هـەندێ چەمک لە مـێژووی کورددا، بە تایبـەت لایەنـە سیـاسـییـەکانی، بەڵام مـێژووی مـیللەتێ بە تەنیـا مێژووی سیـاسـی نییە. لە پرسیـاری پێشـوودا باسـی مـێژووی فیکرت کرد، ڕەنگە ئەوە لایەنێکی بێت و لایەنەکانـی تریش، مێژووی کۆمـەڵایەتی، ئەدەبی، چینایەتی، هونەر و کۆمەڵێ لایەنی دیکە کە دەبێ بنووسرێ و لەو بوارەدا هیچمان نەکردووە.

ڕامان: بڕوات بە تەفسیری ماددی هەیە بۆ مێژوو؟

شاکەلی: نەخێر.

ڕامان: واتا لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەد تەبایت.

شاکەلی: ئیتر نازانم، لەگەڵ کێ تەبام و لەگەڵ کێ ناتەبام!

ڕامــان: لە ڕووی فــەلســەفــیــیــەوە چەمکی نـامــۆبـوون لە لای تـۆ چۆن دەکەوێتەوە و لە شیعرەکانتدا ڕەنگیان داوەتەوە؟

شـاکـەلی: نامۆبوون یـەکێکە لـەو چەمکانەی کـە ئێسـتـا لـەم سـاڵانەی ڕابوردوودا لە لایەن ئەوروپاییـیـەکـانەوە باس کـراوە و دواتریش هـاتۆتە نـاو ئەدەبیـیـاتی ڕۆژهـەڵات و بـاسـی لێـوە کـراوە. ڕاسـتـیـیـەکـەی نـامـۆبـوون پێـوەنـدیی بە هـەنـدێ گـۆڕانـکـاریی

مێژووییەوە هەیە، ئەوەی لە ئەوروپا ڕووی داوە، بەتایبەتی لەنێوان ماوەی بورجوازی و ماوەی سەرمایەداریدا واتە پەیدابوونی پیشەسازی و کارگەی گەورە و دروستبوونی شار، ئەمانە کۆمەڵە شتێکن بوونەتە هۆی ئەوەی چەمکی نامۆبوون دروست بێ و هونەرمەندان باسیان لێوە کردبێ. لە شیعری مندا نامۆبوون بەو شێوەیە تەعبیرم لێ نەکردووە، بەڵام نامۆبوون لایەنی ڕووحی زیاتر دەوری تێدا هەیە، بۆ نموونە ئەگەر شاعیرێکی وەک سەعدی وەربگرین کە باسی ئەوە دەکات، تۆ هەست بە نامۆبوونێکی زۆر دەکەی لە شیعرەکانیدا، بەڵام نامۆبوونەکانی سەعدی ئەو چەمکە فەلسەفەییەیە کە خودا مرۆڤی دروست کردووە و فڕێی داوەتە سەر زەوی و بۆ قەدەری خۆی بە جێی هێشتووە. ئەوە نامۆبوونە کە هەست بکات خوا ئیرادەی لێ سەندۆتەوە وەک مەخلووقێکی لاواز فڕێی داوەتە سەر زەوی. ئەم نامۆبوونە لە شیعری سەعدیدا هەستی پێ دەکەی، لای سۆفییەکانی تریش هەستی پێ دەکەی. من ئەگەر هەوڵم دابێ تەعبیرێ لە لاوازیی ئینسانیی خۆم بکەم ڕەنگە ئەوە بکرێ بە نامۆبوون لێک بدرێتەوە.

ڕامان: زۆر کەس پێی وایە سیاسەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاسۆی ڕۆشنبیری بەرتەسک بکاتەوە، بەلای تۆوە سیاسەت چ سوودێکی بە لایەنی ئەدەبیی تۆ گەیاندووە و چ زەرەرێکی لێ داویت؟

شاکەلی: ئێستا من لە حاڵێکدا نیم بۆ زەرەر و قازانجی سیاسەت بگەڕێمەوە. دیارە وەک زۆر گەنجی کورد لە سەردەمێکدا نزیک بووم لە سیاسەتەوە، پێم وا بوو سیاسەت ڕێگەیەک بوو بۆ دەربڕینی هەست و نەست و ئەو وەزعەی کوردی تێدایە و ڕێگەچارەیەکیش بێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، یان بە نزیکترین ڕێگەم زانیبێ بۆ ئەو گۆڕانکارییەی پێم وا بووە دەبێ بکرێت. ئێستا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من دەمێکە، بۆ بیست و ئەوەندە ساڵ دەچێ، لە سیاسەت دوور کەوتوومەتەوە؛ سیاسەت بە مانای کاری ڕۆژانەی حیزبایەتی، ئەگەرنا بەو مانایەی تۆ هەڵوێستت چییە بەرانبەر میللەتەکەی خۆت، بەو مانایە باس ناکەم.

دەبێ بڵێم سیاسەت زیانی هونەریی زیاتر بووە بۆ من وەک لە قازانجی. زیانەکانی تری بە لامەوە گرنگ نییە چونکە پێم وا بووە لەپێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆمدا

دەیکەم. زیانی هونەری لەو ڕووەوە بوو کە هەندێ چەمکی هونەریم لا پەیدا بوو، پێم وا بوو دەبێ ئەدەب وا بنووسرێت و دەبێ وا بێ، ئەوانە لای من بوونە هۆی پەیدابوونی هەندێ نموونەی شیعری کە ئێستا بە نموونە خۆشەویستەکانی بەرهەمی خۆمیان نازانم. تەعبیرکردن لە بیرکردنەوەی سیاسی بە شێوەی هونەری کەم کەس تێیدا سەرکەوتووە. من پێم وا نییە ئەو شیعرانەی لەو سەردەمەی دەرگیربوونی سیاسیدا نووسیومن شیعری باش بن، لەو ڕووەوە سیاسەت زیانی بۆ شیعری من هەبووە. خۆشبەختانە زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لە سەردەمێکی یەکجار زوودا هەستم بەوە کرد من لەگەڵ سیاسەت ناگونجێم و دەبێ لێی دوور بکەومەوە و پێم وایە بڕیارێکی بوێرانەیشم دا کە بێ ترس و بێ سێ و دوو کردن لە سیاسەت دوورکەوتمەوە. هەر لەگەڵ ئەو بڕیارەیشمدا دەمزانی کە من دەمەوێ خۆم بۆ شتێ تەرخان بکەم کە باشتری دەزانم.

ڕامان: تا چەند لەگەڵ ئەو ڕایەدای کە ئەدەب لە پاش ڕاپەڕین دووچاری قەیران بووە؟

شاکەلی: دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرژمێر و بۆ ئەوەی بزانین چی لە بازاڕی ئەدەبی کوردستاندا هەیە. ئەمە دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە وەک چەندایەتی لە ماوەی ئەم مانگەدا کە من هاتوومەتەوە بۆ کوردستان، دەبینم سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار و هەفتەنامە و شتی لەو بابەتانە بڵاو دەکرێنەوە. ئەمە لایەنێکە ڕەنگە بە شتێکی باش حیسابی بۆ بکەین و پێمان وا بێ ئەو تینوێتی و ئەو باری دواکەوتنەی کورد تێیدا ژیاوە یان ئەو باری بێبەشییەی کە کورد پێیدا تێپەڕیوە بووەتە هۆی ئەم هەموو بڵاوکردنەوەیە.

لایەنی دووەم ئەوەیە ئایا زۆربوونی گۆڤار و ڕۆژنامە مانای ئەوەیە کە فەرهەنگ و ئەدەبییاتی میللەتێ پێش کەوتووە؟ من وای نابینم. لەناو ئەو نموونانەدا کە بڵاو دەکرێنەوە، کە بە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەن، ئەو نموونانەی کە زۆر سەرنج ڕادەکێشن و گۆڕانی چۆنایەتی دروست دەکەن لە فیکر و شارستانەتی و فەرهەنگی کورددا تا ئێستا بەرچاوم نەکەوتوون.

ڕامان: وەک مامۆستایەکی زانکۆ، مامۆستایانی زانکۆی کوردستان تا

چەند توانیویانە پەیامی ڕاستەقینەی خۆیان بگەیەنن؟

شاکەلی: ئاگاداری کاری زانکۆکانی کوردستان نیم، ئەگەر لایەنێکی کاری مامۆستاکانی زانکۆ لێکۆڵینەوە بێ، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من لێکۆڵینەوەم نەبینیوە، یان با بڵێین لێکۆڵینەوەیەک لەو پلەیەدا بێ کە دەبێ ئەمڕۆ لە کوردستان بنووسرێت و بڵاو بکرێتەوە، بەداخەوە نەمدیوە. لایەنەکەی تریان کە وانەوتنەوە و پێگەیاندنی قوتابییە، هیچ ئاگام لێی نییە و ناتوانم هیچ شتێ لەو بارەیەوە بڵێم.

ڕامان: جگە لە بواری شیعر و لێکۆڵینەوە مامۆستایت، وەک مامۆستایەکی زانکۆ، چ وەک چیرۆکنووس و چ وەک توێژینەوە تێزێکت لەبارەی چیرۆک و پەخشانی کوردییەوە هەیە، پێمان چاکە خوێنەرانی کورد لە ڕێگای ڕامانەوە نوێشکێک لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوەیە بزانن.

شاکەلی: لە کاتی خۆیدا کە چوومە ئەورووپا بە هەر شێوەیەک بێ دەمویست ئەدەبییاتی کوردی بە خەڵکانی دیکە بناسێنم. دیارە ئەمەیش بەوە دەکرێ کە زمانی تر بزانیت و کار بکەیت، ئەمەیش دوو لایەنی هەیە، لایەنێکیان ئەوەیە کە تۆ تێکست وەربگێڕی، نموونەی شیعر و چیرۆک و ئەدەبی کوردی بخەیتە سەر ئەو زمانانە تا خەڵک بیخوێنێتەوە. لایەنەکەی دیکەیش ئەوەیە کە تۆ لێکۆڵینەوە پێشکێش بکەی، لێکۆڵینەوە لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردی و قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی کوردییەوە، لەبارەی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبی کوردییەوە. دوای ئەوەی دەستم بە لێکۆڵینەوە کرد توانیم کۆمەڵێ چیرۆک بخوێنمەوە، چیرۆکی کوردی، چ ئەوانەی لە بەردەستدا بوون و چ ئەوانەی کاتی خۆی لە کوردستان ئاگام لێیان بووە. پێم وا بوو دەبێ کارێک لەم بوارەدا بکرێ و لێیان بکۆڵمەوە. دیارە خەڵکانی دیکەیش لە بواری پەخشانی کوردیدا کاریان کردبوو. ڕەنگە جیاوازی، ئەگەر هەبێ، لەنێوان کاری من و کاری خەڵکانی دیکەدا، ئەوە بێ کە من کوردستانم هەمووی وەرگرتووە، هەموو ئەو چیرۆکانەی کە لە کوردستاندا نووسراون، بێ گوێدانە سنووری سیاسی و زمانەوانی و زاراوە و ئەلفوبێ. لە پێشەکیی لێکۆڵینەوەکەیشدا باسی ئەوەم کردووە کە من باسی چیرۆکی بە کوردی نووسراو دەکەم، بێ ئەوەی گوێ بدەمە سنووری زمانەوانی و سیاسی و شتی دیکە. هەر لە بواری لێکۆڵینەوەدا دوای ماوەیەک

گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانم، بۆ نموونە، کورتەچیرۆکی کوردەکانی سۆڤێتی جاران بە کار بێنم وەک بەشێک لەو لێکۆڵینەوەیە، چونکە هەستم دەکرد جیاوازیی یەکجار زۆر لەنێوان چیرۆکی کوردی لە هەموو کوردستاندا و ئەو بەشەی کوردستاندا هەیە. دواتر گەیشتمە بڕیاری ئەوەی کە ڕۆمانی لێ دەرهاوێژم، پێم وا بوو پێویست ناکا لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە بکەم، چونکە لە لایەکەوە بە ژمارە کەمن، لە لایەکی تریشەوە ژانرێکی سەربەخۆیە کە ڕەنگە تێکەڵکردنی بە چیرۆک ئیشکالییەتێ بۆ لێکۆڵەرەوە دروست بکات.

ڕامان: دیسانەوە ئەو مێژووە، ئەو زەمەنە دووروودرێژە و باسکردنی چیرۆکی چوارپارچە، لە ماوەی٦٠ ـ٧٠ ساڵدا پێم وایە قۆناغێکی پانوپۆڕ و دووروودرێژە. زاڵبوون و دەستکەوتن و خوێندنەوەی ئەو هەموو بەرهەمە زۆری دەوێ، لە ڕووی ئەکادێمییەوە چۆن چارەسەری ئەو لایەنەت کرد؟

شاکەلی: خۆی ڕاستە لە کاری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا مرۆڤ چەند کارەکەی سنووردارتر بێ باشترە، واتە زیاتر هەقی خۆی دەداتێ.

بە نیسبەت چیرۆکی کوردییەوە ڕاستییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەو تێکستانەی کە پێویست بوو موعامەلەیان لەگەڵ بکرێ و لەسەریان بدوێین، ئەو کەرەسە و مادده زۆرە نین کە مرۆڤ بترسێنێ. ڕەنگە بۆ زمانی عەرەبی کارێکی ئاسان نەبێ کە هەموو پەخشان یان چیرۆکی عەرەبی وەربگرین، بەڵام لای کورد لەبەر ئەوەی کەسەرەکە کەمە و سەرەتاییە، کۆنترۆڵکردنی بۆ من ئەو زەحمەتە نەبوو. بۆ نموونە لە هەندێ بەشی کوردستاندا، وەک ئەو بەشەی بە سووریاوەیە، چیرۆک تا ئەم دەساڵەی پێشوویش ژانرێ نەبوو کە تۆ بتوانی باسی چیرۆکی کوردی لە کوردستانی سووریا بکەی. ئەوجا لە کوردستانی تورکیا نموونەیەکی زۆر کەممان لە بەردەستدا بوو، بە پلەی یەکەم دەمایەوە کوردستانی عێراق و دوای ئەو کوردستانی ئێران.

ڕامان: هەن، وەک دۆکتۆر فەرهاد پیربال، دەیبەنەوە سەدەی نۆزدە و لە مەلا مەحمودی بایەزیدەوە دەست دەکەن بە دەستنیشانکردنی یەکەم چیرۆکی کوردی، لە کوردستانی عێراقدا هەن دەیبەنەوە سەر فوئاد تەمۆ. بۆ ئەم دوو بۆچوونە چی دەڵێی؟

شاکەلی: ڕاستییەکەی چیرۆک و کورتەچیرۆک و ڕۆمانیش چەمکێکی ڕۆژئاواییە، دیارە پێناسە و پێوەری تایبەتی هەیە کە مەبەستت لە چیرۆک چی بێ، ئەگەر چیرۆک (فابل) یان ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە بێ کە میللەتان هەیانە ئەوە کورتەچیرۆکی مۆدێرنی ئەمڕۆ نییە، ئەوە حەکایەتە، دەبێ ئەو واقیعە بزانی کە چوارچێوە هونەرییەکە چوارچێوەیەکی ڕۆژئاواییە و دەبێ لەسەر ئەو بناغەیە خۆت پێش بخەیت. چیرۆکی مۆدێرن و ڕۆمانی ئەمڕۆ هونەرێکی ڕۆژئاواییە، ئێمە لەوانمان وەرگرتووە، ئەوەیش مەفهوومێکی تایبەتیی خۆی هەیە. گەڕاندنەوەی سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی بۆ مەلا مەحمموودی بایەزیدی کارێکی ڕاست نییە، چونکە مەلا مەحمموودی بایەزیدی نە چیرۆکی ناسیوە و نە چیرۆکی نووسیوە، بەڵکە کۆمەڵێ ئەفسانە و چیرۆکی گوێئاگردان و حیکایەتی باوی کوردەواریی کۆ کردۆتەوە.

مەلا مەحمموود لێکۆڵەرەوەیەکی باش بووە و لێکۆڵینەوەی لەبارەی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە کردووە، دەکرێ بگوترێ سەرەتایەکە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژی لەبارەی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، بەڵام بڵێی چیرۆکنووس بووە، ئەمە ناهەقییە لە چیرۆک و لە مەلا مەحمموودیش.

فوئادی تەمۆ ئەگەرچی تێکستەکەی لەژێر سەرناوی چیرۆکدایە، بەڵام بەڕاستی بە چیرۆکی نازانم، نە ئەو و نە خەڵکانی دوای ئەویش تا چیرۆکی -لە خەوما-ی جەمیل سائیب بە چیرۆکی هونەری دانانێم، هەوڵدانێکە کە دەکەوێتە نێوان چیرۆکی گوێئاگردان و چیرۆکی تازەوە. پێم وایە سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سییەکان و دواتریش نەک پێش ئەوە.

ڕامان: وەک خوێنەرێک ئیشت لە مەیدانی چیرۆکی کوردی کردووە و کۆمەڵەچیرۆکێکی زۆرت خوێندووەتەوە، گەیشتیتە چ بڕوایەک؟ ئایا گەشبینی بەرانبەر چیرۆکی کوردی کە نموونەی جوانی تێدا بێ، یان باری سەرنج لە لای تۆ بە چ جۆرێ دروست بووە؟

شاکەلی: گەشبینی یان ڕەشبینی هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئێمە چیرۆکی کوردیمان هەیە. سالانێکە کورد فێری ئەوە بووە کە هونەری چیرۆکنووسی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەکار بهێنێ، نموونە زۆرە، بەڵام ئایا ئەوانە هەمووی شتی

باشن؟ من لێرەدا دیتنێکم هەیە کە ڕەنگە برێک جیاواز بێ لە هیی خەڵکی. دەتوانم لە سەرتاسەری چیرۆکی کوردیدا کۆمەڵە تێکست و چیرۆکێ دیاری بکەم و بڵێم چیرۆکی باشن، بەڵام بە چیرۆکی نموونە و هەرە سەرکەوتوویان بزانم، ناتوانم وا بڵێم. لەو نموونانەی کە کارم لەگەڵدا کردبن و لە بیرم مابن، دوو سێ تێکستێکن سەرنجیان ڕاکێشاوم وەک ناوەرۆک و کەرەسەی هونەری، زمان بێ یان فۆرم، نووسەرەکانیان زۆر سەرکەوتووانە باسەکانیان پێشکێش کردووە. یەکێکیان چیرۆکێکی عەلائەددین سەجادییە بە ناوی (لەپێناوی ئافرەتا) کە بەڕاستی نموونەی هەرە سەرکەوتووی چیرۆکە لە چلەکاندا. ئێمە لە چلەکاندا ناوی کۆمەڵە نووسەرێکمان هەیە چ لە کوردستانی عێراق و چ لە مەدرەسەی (هاوار)، چیرۆکیان دەنووسی، لەناو ئەوانەدا لە هەموویان سەرکەوتوتر تێکستی مامۆستا عەلائەددین سەجادییە، ناوەڕۆکی دەوڵەمەندە و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردووە و تەنانەت ئەو هونەری چیرۆکنووسییە کە وا لە خوێنەر بکەی ڕایبکێشی و تەلیحاتی هونەریی بدەیتێ کە پاشان پاڵەوان چیی بەسەر دێ، لای عەلائەددین سەجادی بەتەواوی بەرجەستە کراوە و هەستی پێ دەکرێت. دواتر لەناو هەموو تێکستەکاندا زۆر تێکست سەرنجی ڕاکێشاوم و تەرجەمەی سوێدیشم کردوون. هەر وەک چیرۆکی (لەپێناوی ئافرەتا)یشم کردووەتە سوێدی. ئەمجا چیرۆکێکی مامۆستا (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بە ناوی (لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا)، ئەوەیش چیرۆکێکە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم، هەروەها قزڵجی چیرۆکنووسێکی باشە، بەڵام وەک سەجادی گەورە نییە.

ڕامان: یەشار بە تورکی، دەروێشیان بە فارسی، محێدین زەنگەنە و سەلیم بەرەکات کۆمەڵێ بەرهەمیان بە عەرەبی نووسیوە، کامەیان توانیویانە تەعبیر لە کۆمەڵگەی کوردەواری بکەن و لە کەش و هەوای کوردیدا بەتەواوی بەرجەستە بووبێ؟

شاکەلی: ڕاستییەک هەیە کە دەبێ لێرەدا بە ڕوونی و بە ڕاشکاوی باسی بکەم. من کە باس لە ئەدەبییات دەکەم پێم وایە ئەدەبییات زمانە، ئەو ئەدەبییاتەی ئەو بەڕێزانە نووسیویانە سەر بەو زمانانەن پێی دەنووسن، ئەگەرچی دووان لەوانە

دۆست و ناسیاومن و دەیانناسم. سەلیم بەرەکات و عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، بەڵام ئەوە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکییە و ئەدەبی کوردی نییە. ئەوان چەند توانیویانە وێنەی کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆسپ و گیروگرفتەکانی مرۆڤی کورد لە ئەدەبەکەیاندا پێشان بدەن؟ ئەمانە دەکرێ یەکە یەکەی تێکستەکانیان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. من پێم وایە لەناو ئەو چوار بەرێزەدا لە هەموویان سەرکەوتووتر عەلی ئەشرەف دەروێشیانە کە توانیویەتی وێنەیەکی باشی کۆمەڵگە و مرۆڤی کورد نیشان بدات، ئەگەرچی هەمیشە تارماییی سیاسی و ئایدۆلۆژی بەسەر چیرۆکەکانیەوە هەیە. ڕاستە یەشار کەمال هەندێ نموونەی کوردیی هەمیشە باس کردووە، بەڵام بەڕاستی ئەوانە نموونەی باشی کۆمەڵگەی کوردەواری نین کە باسیان دەکات، ناتوانم لەبارەی محەمەد زەنگەنەوە شتێکی ئەوتۆ بڵێم، چونکە شارەزای نووسینەکانی نیم و نەمخوێندوونەتەوە. سەلیم بەرەکات کە باسی گوندەکەی خۆیان دەکات وێنەیەکی باشی ئەو شوێنە دەردەخات، بەڵام ئەوەیش دەمێنێتەوە سەلیم کە دەنووسێ، هەمیشە ئەو هەستە زاڵە بەسەریدا و لەوە تێگەیشتووە کە خەڵک پێی دەڵێن تۆ بە عەرەبی دەنووسیت، هەمیشە بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتە لەسەر خۆی لا ببات، تا ڕادەیەک پەرگیری لە نووسینەکانیدا پێشان دەدا. پێم وایە ئەوە کاردانەوەی ئەو سەرنجەیە کە خەڵک بەرانبەر سەلیم هەیەتی، هەرچەندە هونەرمەندێکی زۆر گەورەیشە و شتی باشی پێشکێش کردووە، بەڵام وەک وتم نووسەرێکی عەرەبە پێش ئەوەی نووسەرێکی کورد بێ.

ڕامان: ئەوە بە لاتەوە هەر مەسەلەی زمانە یان پێش ئەوە زۆر دوورە لە شتی کوردییەوە؟

شاکەلی: بە پلەی یەکەم زمانە، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئەو بە چاوی کێ تەماشای کۆمەڵگەی کوردەواری و مرۆڤی کورد دەکات؟

ڕامان: لە نووسین و کاری داهێنان مەرج نییە ئەو نووسەرە هەر بە واقیعی ئیشی کردبێ بۆ ئەوەی بەروونی کەش و هەوا و مەلامیحی کۆمەڵگە بخاتە بەرچاو؟

شاکەلی: من لەگەڵتام، نووسەر هەیە لە وڵاتێکدا نەژیاوە و باسی ئەو وڵاتەیشی کردووە، بۆ نموونە (سەلمان ڕوشدی) کە نووسەرێکی ئینگلیزە و بە ئینگلیزیش دەنووسێ، کەچی زۆر جار لە نووسینەکانیدا باس لە کەش و هەوای هیندستان و پاکستان دەکات، بەڵام ئەو پیاوە هەر نووسەرێکی ئینگلیزە. لای ئەو نووسەرە کوردانەیش کە بە زمانانی تر دەنووسن دەتوانی ئەوە پرسیارە بکەیت کە چەند شارەزای کۆمەڵگەکەی خۆیەتی. ڕەنگە ئەشرەفیان وا نەبێ، بەڵام سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال پێم وا نییە کۆمەڵگەی کوردی بە چاکی بناسن.

ڕامان: چیرۆکنووسان زۆر جار مامەڵەیان لەگەڵ داستان و مێژوو و فۆلکلۆر کردووە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەم تەعامولانە سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. پێت وایە چیرۆکنووسی کورد ئەگەر بیانەوێ موتیڤاتی داستان و فۆلکلۆر و مێژووی خۆیان بە کار بهێنن، چۆن سەرکەوتن بە دەست دێنن؟

شاکەلی: ئەوەی کە چیرۆکنووس، یان هونەرمەند بەگشتی، بتوانێ سوود لە مێژووی میللەت و هونەر و کەلەپووری خۆی وەربگرێ، دیارە تەجرەبەیەکە لە لای میللەتانی دیکە چاومان پێ کەوتووە و دەیبینین. لای کورد ئەو نموونانەی کە هەن و لە بەردەستدان نموونەی لاوازن یان با بڵێین سەرکەوتوو نین، لێرەدا بۆ نموونە (قەڵای دمدم) باس دەکەم، لە لایەن دوو چیرۆکنووسی کوردەوە بە کار هێنراون وەک پاشخانێکی مێژوویی بۆ کارێکی ئەدەبی، بەڵام پێم وا نییە کاری سەرکەوتوویان کردبێ، بەتایبەتی ئەوەیان کە بە کورتەچیرۆکی درێژ تەعبیری لە دمدم کردووە. نموونەی تر –پێشمەرگە–ی ڕەحیمی قازییە، کە هەوڵی داوە بەشێکی یان قۆناغێکی بچکۆلەی مێژووی کوردستان بکاتە کارێکی هونەری، ئەوەیش نموونەیەکی نەک سەرکەوتوو نییە، بەڵکو زۆر لاوازیشە، چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی پێکهاتەوە. مامۆستا سەججادی بۆ نموونە جەوهەر ئاغای کردووە بە چیرۆک، ڕەنگە هێشتا ئەوەی مامۆستا سەججادی لەوەی ئەوان سەرکەوتووتر بێ، بەتایبەتی لە ڕووی زمانەوە کە بەڕاستی زمانێکی جوانی بە کار هێناوە. (مەم و زین) کە پیرەمێرد ویستوویەتی کارێکی هونەریی تری لەسەر هەڵچنێت، سەیر ئەوەیە پیرەمێردێ کە

دووسەد ساڵ دوای ئەحمەدی خانی هاتووە، کارێکی ئەوەندە لاواز و سەرنەکەوتووی بە ناوی (مەم و زین) پێشکێش کردووە، دەڵێم بریا هەر نەینووسیبایە. هەروەها (مەحموود ئاغای شێوەکەڵ) و (دوازدەسوارەی مەریوان) هەر هەموویان تێکستی خراپن و سەرنەکەوتوون.

ڕامان: زۆر ڕەشبینی لە هەردوو بواری چیرۆک و ڕۆماندا. باشە شتێکی جوانی کوردیمان لە بواری ڕۆماندا نییە؟

شاکەلی: شتمان هەیە ئەگەر بۆ تێکست بگەڕێینەوە، ناکرێ بڵێی فلانە چیرۆکنووس باشە و سەرکەوتووە لە هەموو شتەکانیدا. ڕەنگە بتوانین لێرە و لەوێ هەندێ تێکست بدۆزینەوە کە بە نموونەی باشی حیساب بکەین وەک ئەوەی مامۆستا سەججادی. لەناو ڕۆمانە کوردییەکاندا ئەوەندەی کە ئاگام لێ بێ و خوێندبێتمەوە، ڕەنگە ڕۆمانی – شار–ی حوسێن عارف نموونەیەکی باش بێ، یا (غەوارە)ی عەزیزی مەلای ڕەش، ئەگەرچی لایەنە هونەرییەکەی پێویستی بە پێداچوونەوەیە. ڕەنگە کەسانێک هەبن کە لەگەڵ من نەبن، بەداخەوە بەرهەمەکانی (موکری)، تەنیا بەرگی یەکەمی –هەرەس–م خوێندۆتەوە لەبەر ئەوە ناتوانم بڕیاری لەسەر بدەم.

ڕامان: لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابوردوودا باسی باشترین کەسێتیی سەردەم لە هەر بوارێکدا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە، ئەگەر بکرێ لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردوودا باشترین نووسەر و شاعیر بە لای تۆوە کە زۆر درەوشاوە بێ چ لەناو کورد یان لە جیهاندا کێیە؟

شاکەلی: پرسیارێکی یەکجار گرانە، ناتوانم وەڵامێک بدەمەوە کە هەم خۆیشم قەناعەتم پێی هەبێ و هەم خوێنەری کوردیش ڕازی بکا. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابوردوو بە دەیان و سەدان و هەزاران نووسەر و شاعیرمان هەیە، ڕەنگە هیی کورد کەمتر بن، هەڵبژاردنی کەسێک لەناویاندا زەحمەتە، من هەمیشە بە دوای تێکستی جواندا گەڕاوم بێ بیرکردنەوە لە ناوەکان.

ڕامان: ئەی ئەگەر بتەوێ دە کتێبی زۆر گەورە دەستنیشان بکەی کە

وەرچەرخـانیـان لە ئەدەبی دنیـادا دروست کـردووە و بیـخـەیتـە بەرچاوی خوێنەران، ئەو دە کتێبە کامانەن؟

شاکەلی: ئەوەیش زۆر زەحمەتە.

ڕامـان: قۆناغـێکی باش لەگـەڵ ڕۆژنامـەگـەری ژیایت و جـێی پەنجـەیشت دیارە، دەمـــانـەوێ لە تۆوە واقـــیـــعی ژیانی ڕۆژنامـــەگـــەری لە هـەندەران ببـیـسـتین، لە شـەسـتـەکـانەوە تا ئێـسـتـا، پێت وایە ئەم بزاڤـە بەشـێکی زیندووی بزاڤی ڕۆژنامـەگەریی کـوردسـتـان بێ؟ ئەی دیارترین گۆڤـار و ڕۆژنامـەیەک کـە لەوێ دەوری گێڕابێ؟ ئـەی سـەروسـۆراغی (مـامـۆسـتـای کورد)؟

شـاکـەلی: ڕەنگە جـیـاوازی ئەگـەر هەبێ لە ڕۆژنـامـەگـەریی کـوردی لە دەرەوەی کــوردســتـــان و ناوەوەیدا لـە دوو بواردا بێ؛ یـەکــێکیــان لـە ڕووی تەکنیکەوە، ئەو تەکنیکەی کە لە ڕۆژئاوا هەیە و بە دەست ڕۆژنامـەوانی کورد و مـرۆڤی کوردەوەیە، دیارە لە کوردستان دەست ناکەوێ، ئەوە بۆ خـۆی هەنگاوێکە ئەگەر بە باشی بـە کار بهێنرێ کارێکی باش دەکاتە سـەر جۆری دەرچوونی گۆڤارەکان، لە هەندێ گۆڤـاری دەرەوەی وڵاتدا ئەوە دەبـینن چۆن تەکنیک بە شـێـوەی باش بە کـار هێنـراوە، لایەنی دووەم کە گرنگە مەسـەلەی ئازادییە. لە ناوەوەی کوردستان نە جاران و نـە ئێستایش ئەو ئازادییـە نـەبووە و نییـە کـە ڕۆژنامـەگـەری کورد ئەوەی لە دڵیدایە بیـخـاتە سـەر کـاغـەز و ڕای خـەڵکی بێ قـەید و شـەرت بـخـاتـە سـەر لاپەڕەی ڕۆژنامـەکـان و بڵاو بکرێتـەوە. هـەمیـشـە یـان ڕێژیمە داگیـرکـەرەکانی کوردستـان نەیانهێـشـتـووە ڕای خـەڵکی بخـرێتـە سـەر لاپەڕەکـانی ڕۆژنـامـەکـان و بـخـرێتـە بەرچاو، یـان هێـزە سـیاسـییـەکانی کوردسـتـان خۆیان ڕێگا بە ئازادیی بیروباوەڕ نادەن و بڕوایان پێی نییـە. ئەو یاسـایە و ئـەو هەلومـەرجـەی ئـەوان دروسـتـیـان کردووە گـەر بەم شـێوەیە بمێنێتـەوە ناتـوانێ ڕێگە بە ئازادیـی بیـروباوەڕ بدات، ئەمـە دوو نموونەی ئـاشکرای جیـاوازیی دەرەوەی وڵات و نـاوەوەی وڵاتە. ئەگەر باسـی دیارترین ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان لـە دەرەوەی وڵات بکەین، ناتوانم چونکە خـۆم بەشـێکم لەو بوارە و کـارم تێـدا کـردووە، گـۆڤـار و ڕۆژنامـــەی ســەرکـەوتـوو هـەن، بەڵام چەنـد باشن و چـەند

سەرکەوتوون پێوەندیی بە خوێنەرانەوەیە چۆنی دەبینن. دواسۆراغی (مامۆستای کورد)، لە ١٩٩٦ـەوە داخراوە و بڵاو ناکرێتەوە.

ڕامان: ئەگەر بەراوردێ بکەی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، جیاوازییەکان لە چیدا دەبینی؟

شاکەلی: جیاوازییەکان چەندایەتییە. ئەمڕۆ ژمارەیان زۆرە و دوێنێ کەمتر بوون، لە ڕووی تەکنیکیشەوە هەست بە پێشکەوتنی باش دەکەین، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی وێنە و بەکارهێنانی تەکنیک بە شێوەی باش بۆ ڕێکخستنی گۆڤاری کوردی، لەو لایەنەوە زۆرم پێ خۆش بوو. لایەنێکی تر کە حەزم دەکرد بە بەرچاوەوە بووایە، مەسەلەی ئازادیی بیروباوەڕە. زۆر بە داخەوە گۆڕانی گەورە لەو بوارەدا نابینم کە دەبوو لە کوردستاندا هەستی پێ بکرێ.

ڕامان: لە یادی سەدوئەوەندە ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە بەسەر تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تێپەڕیوە، دەتەوێ چ شتێک بە بیری ڕۆژنامەنووسان بهێنیتەوە؟

شاکەلی: گرنگترین شتێ کە ڕۆژنامەگەریی کوردی دەتوانێ بەشداریی تێدا بکات و بیگەیەنێتە ئەنجام مەسەلەی بیروباوەڕی ئازادە، کە یەکێکە لە شتە هەرە گرنگەکان و نابێ سازشی تێدا بکرێ و بە هیچ جۆرێ ڕێگە بەوە نەدرێ سانسۆری حیزبی و ئایدۆلۆژی ڕێگە بە بیروباوەڕی ئازاد بگرێ. بریا ڕۆژنامەنووسی کوردیش بێ ترس ئەو دیواری بەرلینەیان بڕووخاندایە کە زۆر جار بووە بە هۆی ڕاگرتنی بیروباوەڕی مرۆڤی کورد و شاردنەوەی بیروباوەڕی ڕاستەقینەی خۆی و نەگەیشتنی میللەت بە حاکمانی خۆی. ئەگەر ئەو دیوارە بڕووخێنرێ پێم وایە کاری باش دەکرێ و دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردەوارییش.

ڕامان: کوردناسی و ڕۆژهەڵاتناسی چۆن تێدەگەن؟ ڕوونکردنەوەیەکتان لەو دوو بوارەدا هەیە؟

شاکەلی: ئەو دوو بوارە لە یەکتر جیاواز نین، ئەگەر وەک زانست تەماشای بکەی

کوردناسییش بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتناسی، دوو لایەنی هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە کوردناسەکانی کورد خۆیان چییان پێشکێش کردووە و لایەنی دووەم ئەوەیە کوردناسە ئەوروپییەکان وەک بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسی، دیراسەی کۆمەڵگەی کورد و وڵاتەکەیان کردبێ و لێیان کۆڵیبێتەوە، پێم وایە ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپایی هەندێ کاریان کردووە کە ڕەنگە شتی باش بن، بۆ نموونە پاراستنی کۆمەڵێ دەستنووس یان لێکۆڵینەوەی شاکارەکانی ئەدەبی کوردی وەک (مەم و زین) کە ڕۆژئاواییەکان کاریان لەسەر کردووە، یان لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد. ئەمانە کۆمەڵە شتێکن ڕەنگە ئەو سەردەمە کاری وا بە کورد خۆی نەکرابێ؛ ڕۆژئاواییەک هاتووە و کاری لەسەر کردووە. لایەنەکەی تریش ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپایی بووە بە بناغەیەک بۆ جۆرە چەمک و بیرکردنەوەیەک لە کۆمەڵگەی کوردەواری کە تێگەیشتنی ناڕاستە. تەماشاکردنی کۆمەڵگەی کوردەوارییە بە چاوی ئەوروپایی، کە هەمیشە بە نزم تەماشاکردنی ئەو کۆمەڵگایە، نەک تەنیا کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو ڕۆژهەڵات بە گشتی. من لێرەدا هەرچی بڵێم ناتوانم بیگەیەنمە ئەو ئاستە بەرز و جوانەی کە بیریارێکی ناسراوی وەک ئیدوارد سەعید لە کتێبەکانیدا باسی کردووە، بە تایبەتی لە کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)دا کە زۆر بە ئاشکرا باسی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەکات و ئەو ئەرکە سیاسییە نامرۆڤانەی کە ئەوان لە ئەستۆیان گرتووە بۆ داماڵینی ڕۆژهەڵات لە هەموو نرخە مرۆیی و شارستانییەکانی بەشدارییەکی زۆریان تێدا کردووە.

ڕەنگە من نەتوانم وەک ئیدوارد سەعید قسە بکەم، چونکە ئەو تەنیا باسی هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسان بەرانبەر عەرەب و ئیسلام ناکات، بەڵکە باسی کارەکانی ڕۆژهەڵاتناسان بە گشتی دەکات کە دیارە کوردیش دەگرێتەوە. دیارە نموونەی وایش هەیە کە کابرا کوردناسە یان ڕۆژهەڵاتناسە، بەڵام جۆرە هاودەردی و عەتفێ لەگەڵ کورد دەردەبڕێ. ئەمانە نموونەی ڕێزپەڕن.

ڕامان: ئەگەر بۆت بلوایە چ شاکارێکی جیهانیت لە بواری ڕۆمان و لێتوێژینەوەی زانستی دەکردە کوردی؟

شاکەلی: لەو بارەوە دوای هیچ کارێ نەکەوتووم، بریا هەرچی شاکاری دنیا هەیە، لە هەر بارەیەکەوە بێ، بکرایەتە کوردی.

ڕامان: ڕۆشنبیریی تۆ لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

شاکەلی: پێم وایە دۆستان و برادەرانمان دەزانن، کە وەک بنەماڵە، بنەماڵەی (شێخانی شاکەل)مان پێ دەڵێن، لە بنەماڵەیەکی شێخین و بە حوکمی ئەوەیش خوێندەوار و ڕووناکبیر بووین، هێندەی من بزانم و خوێندبێتمەوە ئێمە هەر خەڵکی خوێنەوار و زانای باشمان پشتاوپشت هەبوون. کە چاوم کردۆتەوە لە ماڵێکدا گەورە بووم کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بەشێک بووە لە ماڵی ئێمە، باوکم کەسێکە کە زۆر دەخوێنێتەوە و ئاگاداریی باشی لە ژیانی فەرهەنگی کورد و تا ڕادەیەک غەیری کوردیش هەیە. هێندەی من بزانم لە چلەکان و پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا ئابوونە و بەشداریی هەبوو لە گەلاوێژ و هیوا و هەتاو و ڕۆژی نوێ و خەبات و ئەوانەی دەردەچوون، مانگ بە مانگ بۆی هاتوون. پێش ئەوەی بچمە قوتابخانەی دەوڵەتی، یان بخوێنم، لە ماڵەوە باوکم فێری زمانی کوردیی دەکردم و دەمتوانی بە کوردی بخوێنمەوە. دواتر چوومەتە مەکتەب و فێری زمانی عەرەبی بووم. دوای ئەوە زوو فێری زمانێکی باشی عەرەبی بووم و هەر بەو پێیەش هەوڵم داوە و ئێستایش هەوڵ دەدەم پێی بخوێنمەوە و شارەزایی زیاتر پەیدا بکەم لە کولتوور و شارستانێتیی عەرەبیدا . زمانی عەرەبی لەو زمانانەیە کە بەڕاستی خۆشم دەوێ. من عەرەبی وەک (زمانی عەرەب) سەیر ناکەم، بەڵکە وەک (زمانی عەرەبی) سەیری دەکەم کە دوو چەمکی جیاوازن؛ زمانێکە بووەتە گەنجینەیەک بۆ هەڵگرتنی شارستانییەت و فەرهەنگی عەرەب، لەو ڕووەوە من زمانی عەرەبیم خۆش دەوێ. بەداخەوە لەم سالآنەدا کە چوومەتە ئەوروپا و زمانانی دیکە فێر بووم، ئەو بوارەم نەما کە بەردەوام بە عەرەبی بخوێنمەوە، بەلآم هێندەی بۆم بکرێ هەر هەوڵ دەدەم شارەزاییی زیاترم هەبێ.

ڕامان: ئەی یاخیبوونی جاران لە کوێ سەرچاوەی گرت کە ئێستاش خەریکی تەسەووفی؟

شاکەلی: بۆ پێتان وایە موتەسەویف یاخی نییە؟ تەسەووف خۆی یاخیبوونە لەو نەریت و شتە ناڕەوایانەی کۆمەڵ و لە شتە خراپەکانی مرۆڤ. لەو ڕووەوە من هەر

یاخیبووەکەی جارانم. سەرچاوە لە ڕووداوی دیاریکراوەوە دەست پێ ناکات، بەڵکوو لە گەوهەری مرۆڤەکە خۆیەوە کە چۆن هەست دەکات بەرانبەر ئەو یاسایانەی کە بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵدا زاڵن، بەرانبەر ئەو یاسایانە تەسلیم دەبێ، یاخود پێی وایە دەبێ چاک بکرێن یان بگۆڕدرێن؟ سەرچاوەی یاخیبوون لای من دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی لادێ، کە تێیدا ژیاوم، بە هەموو ناتەواوی و دەرد و ئازارەکانیەوە، بەڵام دواتریش وەک کەسێکی کورد کە ناڕەوایی بەرانبەر گەلەکەم کراوە و دوای ئەوەیش بینینی کۆمەڵگەی زیاتر و شارەزابوون لە فەرهەنگ و شارستانەتی و میللەتانی جیاواز، ئەو هەستەی لا بەهێزتر کردم.

ڕامان: دوو سیمفۆنیا لەگەڵ دوو گۆرانیی کوردی کە تۆ کەڵک یان چێژت لێ وەرگرتبێ؟

شاکەلی: لە سیمفۆنیا ئەگەر بەو مانایە بێ کە گۆران دەڵێ:

لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای وەڵڵا،

ڕاستییەکەی شارەزاییم لە مۆسیقای ئەورووپاییدا زۆر نییە و تەنیا گوێم لە هەندێ سیمفۆنیا گرتووە، مۆزارت و بیتهۆڤن و چایکۆڤسکی، بەڵام بڵێی شارەزایی، نە بە خوا، شارەزاییم نییە.

ڕامان: دوو گۆرانیی کوردی.

شاکەلی: زۆرن ئەوانەی چێژم لێ وەرگرتوون، بەڵام ناوی کەسیان ناهێنم، لەبەر ئەوەی بەشێک لە هونەرمەندانی ئەمڕۆ دۆست و خۆشەویستمن. لەوانەی نەماون و ئێستا لە خەیاڵمدان، عەلی مەردان و سەید عەلی ئەسغەر.

ڕامان: هەر یەکە و بە دێڕێ ڕات لەسەر ئەمانە بڵێ: (سەججادی، ئەنوەر قەرەداغی، خەیام، کامکاران، هەژار، مەم و زین، مەولەوی، ماملێ، سەعدیی شیرازی، جەواد سەلیم، محەمەد موکری، شەکسپیر، هیگڵ، داڤینشی، د. نەوال سەعداوی، مۆراڤیا، رابیعەی عەدەوییە، سارتەر، پیکاسۆ، میقداد بەدرخان، مەسعوود محەمەد، مینۆرسکی، هادی

عەلەوی، پیرەمێرد، کامۆ، جۆرج ساند، بۆدلێر، محێدینی عەرەبی، جەلالەدینی ڕۆمی، مەحوی، خۆت..؟).

شاکەلی:

سەججادی: دڵسۆزێکی یەکجار گەورە و هونەرمەندێکی مەزنە لە فێس و جبەیەکی ئیسلامیدا.

ئەنوەر قەرەداغی: هونەرمەندێکی کوردە، بریا هەمیشە لە کوردستاندا بژیایە.

خەیام: شاعیرێکی نیمچە سۆفی و نیمچە مەست.

کامکاران: خێزانێکی مۆسیقازان. بریا شەش خوشکی دیکەیشیان هەبوایە.

هەژار: زیاتر سیاسی بوو، کوردیزان بوو، شیعریشی بە کار دەهێنا.

مەم و زین: شاکارێکە کە تەنیا موڵکی کورد نییە و هیی هەموو مرۆڤایەتییە.

مەولەوی: شاعیرێکی یەکجار ناسک و گەورە.

ماملێ: هونەرمەندێکی مەهابادی بوو پاشان بوو بە هیی کورد.

سەعدیی شیرازی: شاعیرێکی گەورە.

جەواد سەلیم: (نصب الحریة)م بیر دێنێتەوە.

محەمەد موکری: چیرۆکنووسێکی کورد. هیوادارم هەرچی زووترە دڵەکەی چاک بێتەوە.

شەکسپیر: شاعیر و شانۆنووسێکی یەکجار گەورە کە موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە.

هیگڵ: فەیلەسووفێکە زۆر شتی دەخەنە پاڵ و ڕەنگە وایش نەبووبێ.

داڤینشی: هونەرمەند و زانایەکی گەورەیە.

د. نەوال سەعداوی: خۆشم ناوێ.

مۆراڤیا: خۆشم ناوێ.

ڕابیعەی عەدەوییە: سۆفییەکی زۆر گەورە، بریا لە مێژووی هەموو بەشەرییەتدا دووانی تری وا هەبووایە.

سارتەر: فەیلەسووفێکی گەورە و بزێو.

پیکاسۆ: هونەرمەندێکە، کاتێ شتە وردەکانیم لە بەرشەلۆنە بینی زیاتر گەورەیی

ئەوم بۆ دەرکەوت.

میقداد بەدرخان: سەرەتای ڕۆژنامەگەریی کوردی.

مەسعوود محەمەد: بیریارێکی گەورە کە هێشتا بەشێکی بیری نەناسراوە.

مینۆرسکی: ڕۆژهەڵاتناسێ کە لەنێوان خۆشەویستیی کورد و ڕۆژهەڵاتناسیدا دەهات و دەچوو.

هادی عەلەوی: بیریارێکی عێراقی، ڕۆژهەڵاتی، ئیسلامیی پاک و بێگەرد.

پیرەمێرد: ناوەکەی زۆر لە ڕاستیی خۆی گەورەترە.

کامۆ: ڕۆماننووسێکی فرانسییە کە مەرگ ڕێگەی نەدا بگاتە مەنزڵ.

جۆرج ساند: نایناسم.

بۆدلێر: شاعیرێکی فرانسییە پێم وایە زۆر لە خۆی زیاتری لەسەر دەنووسرێ.

محێدینی عەرەبی: ڕەنگە بکرێ بگوترێ گەورەترین بیریاری ئیسلامی و مێژووی مرۆڤایەتییە.

جەلالەدینی ڕۆمی: شاعیرێکە کە نەک وەک ئەو نەبووە، ڕەنگە پێتان سەیر بێ ئەگەر بڵێم وەک ئەویش دروست نابێ.

مەحوی: شاعیرێکی سۆفیی کورد.

خۆت: خۆمم.

هەڤپەیڤینی: مەحموود زامدار و ئازاد عەبدولواحید

ڕامان، ژمارە: ٤٤، ٥/٢/٢٠٠٠، لاپەڕە ٩٩ – ١١٨

## ساتەپشوویەک لە مەینەتخانەکەی شاکەلیدا

بەربانگ: لە چاوپێکەوتنەکانی کوردستاندا کە باسی شیعری کوردیی حەفتاکان و هەشتاکانت کردووە، وا پێ دەچێت شاعیرانی حەفتاکانت زیاتر بە دڵ بێت و بە جۆرێکی ڕەخنەگرانە باسی شاعیرانی هەشتاکان دەکەیت. جیاوازیی ئەم دوو ئەزموونە لە چیدا دەبینیت؟

شاکەلی: نەخێر، مەسەلەکە بەدڵبوون و بەدڵنەبوون نییە. من کە بیر لە نەوەیەکی شیعری دەکەمەوە و کە سەرنج لە ئەدەبییاتی سەردەمێک دەدەم، لە پێش هەموو شتێکدا لە تێکست ورد دەبمەوە و تێکست دەکەمە دەروازەی چوونە ژوورەوە. دڵنیا بە لای شاعیرانی حەفتاکان و هەشتاکانیش تێکستی بەهێز و تێکستی لاوازیش هەیە. من زیاتر ئاشنای بەرهەمی حەفتاکانم، چونکە خۆم یەکێکم لە شاعیرانی ئەو نەوەیە. با هەر لێرەدا ئەوەیش بڵێم کە من هێندە باوەڕم بەم دابەشکردنە میکانیکییە نییە، چونکە ئەمە جۆرە ستەمێکی تێدایە بەرانبەر بەشی هەرە زۆری شاعیران و شیعرەکانیان. ئەوجا خۆ ئەوەیش ئاشکرایە کە ناکرێ وا دابنرێت نەوەیەکی شیعری، دە ساڵ شیعر دەنووسێت و ئیدی جێگە چۆڵ دەکات بۆ کەسانی دیکە. شاعیرانی نەوەی حەفتاکان خاوەنی ئەزموونێکن کە ڕەنگە هەتا ئێستایش لە گەشەکردن و کامڵبووندا بێت.

لەنێوان شیعری حەفتاکان و هەشتاکاندا جیاوازی زۆرە. حەفتاکان نەوەیەکی دروست کرد کە لە زۆر شتدا لە یەکدییەوە نزیک بوون. بێگومان کۆمەڵە دەنگێک بوون، سەرەڕای نزیکییان، هەر کەسەیش دەنگی تایبەت و کەسایەتیی تایبەتی خۆی هەبوو. لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا تێکڕا نزیکەی بیستوپێنج، سی شاعیرێک هەبوون، بەڵام لەناو هەموویاندا ئەمڕۆ تەنیا شەش حەوت شاعیرمان ماون کە لە داهێنان و پێشکێشکردنی بەرهەمی تازەدا بەردەوامن. ئەوانی دیکە هەر بە تەواوی لێ چوونەتەوە، یا هیچی تازەی ئەوتۆیان پێ نەماوە. دوای قۆناغی مامۆستا گۆران، شاعیرانی حەفتاکان، هەڵبەتە شاعیرە باشەکان، تەوژمێکی یەکجار بەگوڕ

بوون و سیمایەکی ئاشکرا و لە گۆران جیاوازیان هەبوو.

ئەو شاعیرانەی لە هەشتاکانەوە دەستیان پێ کردووە لە ڕووی هونەرییەوە نەیانتوانیوە بەرهەمێک پێشکێش بکەن کە خۆی لە بەرهەمی نەوەی ئێمە ڕاپسکاندبێت. بەشێکی زۆریان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە بەرهەمێک بنووسن وەک بەرهەمی شاعیرە چاکەکانی نەوەکەی ئێمە، بەڵام مەرج نییە لەمەدا سەرکەوتبێتن.

گرفتێکی هەرە گەورەی نەوەی هەشتاکان و نەوەکەی دوای ئەوانیش زمانە. بەڕاستی ئەو زمانە کوردییەی کە لەسەر دەستی گۆران و نەوەکەی دوای گۆران گەیێنرایە و، گەیێنراوەتە، پلەیەکی بەرزی جوانی، ئێستا بە هۆی نەشارەزایی و تێکچوونی میزاجی کوردەواریی بەشێکی زۆری نووسەرانی ئەمڕۆوە، بەرەو پووکانەوە و ژاکان دەچێت. دیسانەوە دەمەوێ ئەوە جەخت بکەمەوە کە من نامەوێ هەروا بە شێوەیەکی گشتی هەموو نووسەرانی نەوەی هەشتا و نەوەدەکان تێوە بگلێنم. بێگومان لەناو ئەوانیشدا دەنگی ڕەسەن و بەهرەدار هەیە و تێکستی چاک و سەرکەوتوویش هەیە. ڕەنگە من بۆم نەلوابێت بە ڕێکوپێکی هەموو بەرهەمەکانیان بخوێنمەوە، بەڵام دیسانیش هەست دەکەم لێرە و لەوێ هەندێ دەنگی ڕەسەن و هەندێ تێکستی سەرکەوتوو هەن.

بەربانگ: زمانی یەکگرتووی کوردی یەکێکە لە باسە گرنگەکانی ناو ڕووناکبیرانی کورد، دوای سەردانەوەی ئەمجارەی کوردستان، ئەم باسە چۆن دەبینیت؟

شاکەلی: لە کوردستان، لە پاڵ کۆمەڵێ شتی چاک و دڵخۆشکەردا، گەلێ شتیش هەن، دەبنە هۆی نیگەرانی. من کە لەوێ بووم بیرم لەوە دەکردەوە، دەبێ چۆن و لە کوێوە دەست بکرێتە ڕاستکردنەوە و چاککردن. یەکێک لەو شتانە وەزعی زمانی کوردییە. ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی لە بوارێکی یەکجار پانوپۆڕ و بەربڵاو و تا ڕادەیەکی زۆریش لە کەش و هەوایەکی ئازاددا، بە کار دەبرێت. ئەگەر سانسۆر و سانسۆردانانێکیش هەبێت، بۆ زمانەکە خۆی نییە، بەڵکو بۆ هەندێ ناوەڕۆک و هەندێ باسی سیاسی و فیکرییە. ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی کە هەر زمانە کوردییەکە خۆی قەدەغە بێت و ڕێگا نەدرێت بە کار بهێنرێت. لەم هەلومەرجەدا

دەرفــەتێکی چاک و یەکــجــار دەگــمــەن هـاتۆتـە پێـشـــەوە بۆ پێـشـــخـــستن و بە ستـانداردکـردنی زمـانی کـوردی، هـەر نەبێ لەو بـەشـەی کـوردسـتـاندا. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لەوێ دەبینرێت ڕێک بە پێچەوانەوەیە. ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی لە بواری ڕێزمـان و ڕێنووسـدا زاڵە، لە هیچ سـەردەمێکدا ڕووی نەداوە. ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە بەکارهێنانەکە چەند فراوان و بەربڵاوە لە گوێرەی ڕابوردوو. جوانکاریی زمـان، یان بەکارهێنانی زمـان بە شـێوەیەکی جوان و هونەرمـەندانە، لەژێر تەپوتۆزی هەرەسـهێنانی دیوارەکـانی ڕێنووس و ڕێزمـاندا وردە وردە ون دەبێت. ئەم بەرەڵڵایی و ناماقـووڵییە دەکرێ چارەسـەر بکرێت. ئەمە تەنیـا بەرپرسـیاریی زمـانزان و نووسـەر و ڕووناکـبـیران نییـە، بـەڵکو بەرپرسـیـاری و ئەرکی سـیاسـەتمەدار و دەسـەڵاتدار و سـەرکـردەکـانیـشـە. چارەسـەرکـردنیش تەنیـا مـەسـەلەیەکی زمـانەوانی نییـە، بەڵکە پێوەندیی بە شـێوەی بیرکردنەوەی سـیاسـەتمەدار و دەسـەڵاتدارانیـشـەوە هەیە؛ چ لەبارەی پاشـەڕۆژەوە و چ لەبارەی تێگەیشتنەوە لە مێژوو، شارستانێتی و لە مێژووی نەتـەوەی کــورد لەو نـاوەندانـەدا. من وا هــەست دەکــەم بـەشــێکی ئەم کــارەســـاتە زمانەوانییە ئەنجامی دەستتێوەردانی کەسانێکە لە دەرەوەی کوردستانەوە دەیانەوێ بیـروبـاوەڕی ناکـوردانەی خـۆیان بەسـەر خـەڵکی کـوردسـتـاندا بسـەپێنن. هەم لە پرۆسـەی پاشـاگـەردانییـەکە خـۆیدا و هەم لە چارەسـەرکـردنیـشـیدا، ڕۆڵـی پارتیی دیموکراتی کـوردسـتـان لە هەمـووان زیاترە، لەبەر گەلێ هۆ، کە هـیـوادارم دەرفـەتی لەبار بێتـە پێشـەوە بۆ ڕوونکردنەوەیـان. چارەسـەرکردنـی ئاژاوە و ناڕێکیی زمـان لە چوارچێـوەی سـیـاسـەتی فـەرهـەنگیـدا Cultural Policy دەبێت. لە کـوردسـتـاندا سـیـاسـەتی فـەرهەنگی نییـە و پێم وایە هیچ کـەسـێکیش لە دەسـەڵاتداران نـە لێی دەزانێت و نە بیری لێ کردۆتەوە.

بەربانگ: دوا بەرهەمت چییە؟

شاکەلی: ڕاستییـەکەی ئەوەیە کە سالانێکە فێری ئەوە بوومە، هاوکات لەسەر دوو سێ پرۆژە یان بەرهەمـی ئەدەبی کار بکەم. ڕەنگە ئەمـە خـوویەکی بـاش نەبێت، بەڵام بۆ من وا باشتر دەلوێت.

ئێستـا دیوانێکی تازەم ئامـادەیە بۆ چاپ، بەو هـیـوایەی ئـەمـسـاڵ بڵاوی بکەمـەوە. شـانۆنامـەیەکی (ئـاوگوست سـتـریندبێرگ)م کـردۆتە کوردی و لەوانەیە ئەم بەهارە

بگاته دەست خـوێنەری کـورد. کـاتـی خـۆی لێکۆڵینەوەیەکم بـە ئینگلیـزی لـەبارەی ڕووناکبـیرانی کوردەوە نـووسـیـوە، ئەگـەر بۆم ڕێک بکەوێت هەوڵ دەدەم سـەرلەنوێ کـاری تێـدا بکەم و بۆ بـڵاوبوونەوەی ئـامـادە بکەم. یـەک دوو وردە پرۆژەی دیکـەشـم هـەن، خوا یار بێت، هێدی هێدی خەریکیان دەبم.

بەربانگ: ئێستا چی دەخوێنیتەوە؟

شـاکـەلی: لە خـوێندنەوەیشـدا هـەر وام. هاوکـات دوو سێ کـتـێب دەخـوێنمـەوە. لەم ڕۆژانەدا کـۆمـەڵەشـیـعـری Birthday Lettersی (تێد هـیـووز)ی شـاعـیـری ئینگلیـزی دەخـوێنمـەوە، دوو سـێ سـەرچاوەی چاکیـشـم بـەدەسـتـەوەن لەبارەی تـیـۆریی (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبییەوە.

بەربانگ: ڕۆژی چەند سەعات دەخوێنیتەوە؟

شـاکـەلی: دڵنیـا نیم. ئەمـە پێـوەندیی بە ژیـانی ڕۆژانە و کـار و زۆر شـتـی دیکەوە هەیە. پێم وایە ئەگەر تێکڕا وەربگرین، ڕۆژی تا سنووری دە سەعات دەخوێنمەوە.

بەربـانگ: ئـەگـەرچـی ئەوە سـاڵانێکی دووروودرێژە کـۆمـەڵێک نووسـەر و ڕووناکـبـیـری کـورد لە دەرەوەی کـوردسـتـان دەژین، کـەچی تا ئـێـسـتـا نەیانتوانیـوە کۆمـەڵەیەکی یان یەکێتییەکی نـووسـەران دروست بکەن. هۆی ئەمە بە لای ئێوەوە چییە؟

شـاکـەلی: ئەو ئـاژاوە و پشـێـوییەی لە دەرەوەی کـوردسـتـان هـەیە، تەنیـا لـەناو نووسـەران و ڕووناکبیراندا نییـە، بەڵکو هەمـوو لایەنەکـانی ژیانمانی گرتۆتەوە. من خـۆم ئـەگـەرچی ئەوە نزیکەی بیـسـتـوسێ سـاڵە لە ئەورووپا دەژیم، بەڵام هـەرگـیـز نەمویستـووە تێکەڵی ئەو جۆرە هەوڵدانانە ببم کە بۆ دامەزراندنی یەکێتی و کۆمەڵەی نووسەران دراون، چونکە دەمزانی بەر ناگرن.

هۆ زۆرن، هۆیەکی گرنگ، بێگومـان، سیاسـەت و حیـزبایەتییە. نـووسـەرێک بیـەوێت سیـاسـەت و ئـیدیۆلۆگیی حیزب و تاقمـەکەی خـۆی لە ناو کۆمـەڵەیەکی ئەدەبیدا پیادە بکات، دیارە وەک نوێنەری حیزبێک هاتووەتە پێشەوە نەک وەک نووسەر و ڕووناکبیر.

هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە ئێمە پێناسەیەکی ڕاست و باشمان بۆ نووسەر و ڕووناکبیر نییە. ئەمڕۆ لەم سوێدەدا کە تۆ و منی تێدا دەژیین، بە لای کەمەوە دووسەد کەسێک هەن کە خۆیان بە نووسەر دەزانن و کتێبیان بڵاو کردۆتەوە. لە هەموو ئەوروپادا ڕەنگە پێنجسەد کەسێکی وا هەبن. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمانە نووسەرن؟ ڕووناکبیرن؟ بێگومان نا. بەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان بە نووسەر و ڕووناکبیر دەزانن، ئەو کۆنە کادر و سیاسەتمەدارانەن کە دوای تێکشکانی سیاسی، ئێستا ڕوویان کردۆتە ئەم بازارە. ئێمە کۆمەڵێک خەڵکمان هەن کە پێش ئەوەی بێنە ئەوروپا، نووسەر و ڕووناکبیر بوونە و کتێبیان بڵاو کردۆتەوە و لە بواری ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا جێدەستیان دیار بووە. ئەگەر کاتی خۆی نیگەرانییەکیان هەبووبێت، ئەوە بووە کە سەرەڕای ڕاونرانیان لەلایەن ڕژێمەکانەوە، هەندێ لەم سیاسەتمەدارە ژدانۆڤیست و ستالینیستانەیش خۆیان و بەرهەمەکانیان ڕاو ناون. کەچی ئەمڕۆ کابرای کۆنە سیاسی و کۆنە نازانمچی دێت بەرانبەرت دەگرێت و باسی فەرهەنگ دەکات و بە شانوباڵی ئازادیی بیروباوەڕدا هەڵدەدات!! بێگومان کەسێک ڕێزی وشە و فەرهەنگ بگرێت، ناتوانێت لەگەڵ ئەمانەدا کۆ ببێتەوە. هۆیەکی دیکەیش، بیرکردنەوەی خێڵەکی و ناوچەگەرییە. چی بڵێم، هەر لێ گەڕێ...!

بەربانگ: کۆمەڵگەی کورد لە ئەوروپا یان لە دەرەوەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی پەرت و ناتەبایە. بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگەیە ببێتە گرۆیەکی خاوەن دەنگ و قورسایی، ببێتە لۆبییەک، دەبێ چی بکرێت؟ ئایا ڕێکخراوی وەک فیدراسیۆنی کورد لە سوێد، یا ئەنیستووتەکانی کورد لە پاریس و برۆکسەل، دەتوانن لەم ڕووەوە چی بکەن؟

شاکەلی: وەرامی ئەم پرسیارەیش پێوەندییەکی پتەوی بە وەرامی پرسیاری پێشووەوە هەیە. لەوەیش بترازێ هۆکاری دیکەیش لەم ڕووەوە ڕۆڵیان هەیە. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خۆی پەرتوبڵاوە و بێ بەرنامەیە. ئەمەیش بەئاشکرا لەناو کوردی دەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە. کوردی دەرەوەیش خۆیان گرۆیەکی هاوچەشن نین. پاشخانی زۆر جیاواز و دوور لە یەکیان هەیە. ئەوەیشت لە بیر نەچێت کە دەوڵەتانی ئەوروپایش دەستیان خستۆتە ناو کوردەکەوە و هەوڵ دەدەن یارییان پێ بکەن و بە کاریان بهێنن.

خۆشبەختانە من لەو کەسانە نیم کە بە شان و بازووی کەسێکی وەک (مەدام میتران)دا هەڵبدەم و بیکەم بە دایکی کورد، هەر لەبەر ئەوەی دوو سێ جار سەری کوردستانی داوە، یا لە دوو جێگە ناوی کوردی هێناوە. ئەمە گاڵتەکردنە بە کورد و دابەزاندنی ئاستی مەسەلەکەیەتی و خۆدزینەوەیەکی ڕێویئاسای سیاسەتمەدارانی ڕۆژاوایە لە مەسەلەی کورد. هەروەهایش ڕێکخراوە ناحوکوومەتییەکان NGO بە فریشتەی خێر و بەرەکەت دانانێم، کە بە مووچەی پێنج قات و دە قات دەچنە کوردستان، بۆ ڕابواردن و بۆ دزی و، بەڵام هاوکاتیش بۆ مەبەستی دیکەی نهێنی و بۆ ئاژاوە و دووبەرەکی نانەوە و بڵاوکردنەوەی ژەهری ئیدیۆلۆگی و فەرهەنگی و سیاسیی ئیمپریالیستانە.

ئەو ڕێکخراوە کوردییانەی ناوت هێناون و زۆری دیکەیش، هیچیان بە خواست و بە ویستی کورد خۆیان دروست نەکراون و بڕیاریان بە دەست خۆیان نییە. ئەمە لە چوارچێوەی کۆمەڵە یاسا و بنەمایەکدا دامەزرێنراون کە ڕێگەیان پێ نادات (کوردایەتی) بکەن. هەر کامێکیان دەگریت سیاسەتێکی لە پشتەوەیە و بۆ ئامانجێکی تایبەت و بەپێی بەرنامەیەکی پشووودرێژانە بە ڕێوە دەبرێن و بەخێو دەکرێن. ڕەنگە بەشێک لە کارمەند و کادرەکان خۆیشیان ئاگایان لەو ڕاستییە نەبێت و پێیان وا بێت خزمەتی کورد دەکەن. ئەمانە ئەگەرچی ساڵانێکە لە ئەورووپا دەژین، بەڵام لەناو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا بەپێی بنەماکانی دێمۆکراسی کار ناکەن. بێجگە لە دەیان دیاردەی ناشیرینی دیکە کە ئێرە جێی باسکردنیان نییە. کەواتە ئەمانە ناتوانن ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن.

لەوەیە ئەگەر هەلومەرجی کوردستان بە جۆرێک پێش بکەوێت کە بەرنامە و ئامانجی ڕوون هەبێت و هێزێک بتوانێت ببێتە ژمارە یەک، ئەودەم ئەمە کار بکاتە سەر کوردی دەرەوە و بەرەو ئەوە بچن، کە ببنە لۆبییەک.

بەربانگ: ئێمە دەزانین کە تۆ دۆستێکی نزیکی مامۆستا مەسعوود محەمەدیت و بیروباوەڕەکانیت پێ باشن. ئایا لەم سەردانەی کوردستاندا چاوت پێ کەوت؟ بەرهەمی تازەی مامۆستا چییە؟

شاکەلی: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە ساڵانێکە پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا

مەسعوود محەمەددا هەیە. بەڵام پێوەندییەکە هەر بە هۆی نامە و تەلەفۆنەوە بووە نەک ڕووبەڕوو. ئەم جارە لە هەولێر چوومە خزمەت مامۆستا و بۆ یەکەمین جار چاومان بە یەکدی کەوت. بەداخەوە تەمەن و بڕێکیش تەنەندروستی تەنگی پێ هەڵچنیوە. ئەمڕۆ لە هەموو کوردستاندا و لەناو هەموو ٣٠-٤٠ میلیۆنە کوردەکەدا مامۆستا مەسعوود محەمەد گەورەترین بیریارە. ئەو پیاوە هێندە بەرچاوڕوونە، هێندە بیری تیژە و هێندە دڵسۆزە کە بە ڕاستی لە مێژووی کوردستاندا دیاردەیەکی دەگمەنە.

مامۆستا مەسعوود لە سەردەمێکی زۆر دەگمەن و ڕیزپەڕیشدا دەژی. ئەو وەک تاکە بیریارێکی گەورەی کورد زۆر بەرهەمی گرنگ و قووڵی پێشکێش کردووە، بەڵام هێشتا بەشێکی گەورەی خوێنەواری کورد فیکر و بەرهەم و کەسایەتیی ئەو پیاوەیان نەناسیوە. فیکر و فەلسەفە هەر وایە، خوێنەری ئاسایی و سادە ناتوانێ تێی بگات، بەڵام دەبوو ڕووناکبیران بە ئامانجی ناساندنی بیر و بەرهەمی مامۆستا، بە هۆی لێکۆڵینەوەوە، خوێنەری کوردیان لە بیری مامۆستا نزیک بکردایەتەوە. دەبوو کۆمەڵێ سەمینار و کۆنفرانس لەبارەی بیری مەسعوود محەمەدەوە ڕێک بخرێت. کاری وا دەبێ لەپێشدا لە کوردستان بکرێت. من لێرە هەوڵی ئەوەم دا بانگهێشتنی بکەین بۆ زانستگەی ئوپسالا و زانستگەیش بڕیاری لەسەر دا و زۆر پرۆگرامی باشیشمان بۆ ئامادە کردبوو، بەڵام ڕێژیمی عێراق ڕێگەی دەرچوونیان بە مامۆستا نەدا، چونکە قەدەغەی لەسەر بوو.

بەرهەمی تازەی مامۆستا سێ کتێبن: بەرگی سێیەمی مرۆڤ و دەوروبەر، المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين؟ و ژیان و جیهانبینی، کە وتووێژێکی دوورودرێژە.

من بیرە فەلسەفییەکانی مامۆستام زۆر بە لاوە گرنگن، چونکە لە دەشتی وشک و شۆرەکاتی بیری ئەمڕۆی کورددا تەنیا مامۆستا مەسعوودە پەیامێکی گرنگی پێیە و زۆر بەرچاوڕوونانە و بوێرانە دەنووسێت و قسە دەکات.

دەزانم کەسانێک هەن دژی فیکری مەسعوود محەمەدن، ئەمەیش زۆر سروشتییە، بەڵام هەتا ئێستا کەسێک نەیتوانیوە بە فیکر و بە بیروباوەڕ و بە لۆگیکی فەلسەفی وەرامی بداتەوە. ئەوانەی شتیان دژی بیری مەسعوود محەمەد وتووە و نووسیوە کەسیان ڕووناکبیری جیددی نین. ئەوەی کە نووسیویانە لە بازنەی جنێو و قسەی ڕۆژانەی ئیدیۆلۆگی نەچۆتە دەرەوە. ئەوەیش، دیارە، بە فیکر دانانرێ.

من خۆیشم ڕەخنەم لە هەندێ لایەنی بیری مـامۆسـتـا هەیە، بەڵام ئەمـە هێندەی سەری دەرزییەک کار ناکاتە سەر ڕێز و خۆشەویستیی من بەرانبەر ئەو پیاوە.

بەربانگ: لە چ ڕوویەکەوە ڕەخنەت لە بیری مامۆستا مەسعوود محەمەد هەیە؟

شـاکـەلی: مـامـۆسـتـا مـەسـعـوود نووسـەرێکی فرەلایەنەیە. لایەنە گرنگەکـانی بەرهەمـەکـانـی ئەمـانەن: فـیکری فـەلسـەفی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمـانـەوانی، لە بواری زمـانـەوانیـدا، بۆ نموونـە، هەندێ دیتن و باوەڕی هـەن کـە من پێم وایـە لەگـەڵ بنەماکانی زمـانەوانیی تازەدا ناگونجێن. ئەمـە بـە نۆرەی خـۆی کـاری کردۆتە سـەر ئەوەی لـە ڕووی ڕێنووســیــشــەوە تووشی هـەڵە ببــێت. هـەروەها لە بـەکــارهێنانی تێرمینۆلۆگیی زمانەوانیدا یەک دوو جارێک بینیومـە ئامـانجی نەپێکاوە. کە ئەمـە لە کاری زانستیدا قەبووڵ ناکرێت.

مامۆستـا بەرانبەر ڕۆژهەڵاتناسـەکان و کوردنـاسەکان زۆر دڵفراوان و خۆشـباوەڕە. لێتی ناشـێرمەوە منیش پێش ئەوەی بێمـە ئەوروپا و ڕەنگە تا سێ چوار ساڵێکیش وام بیر دەکردەوە. ئێستا ئەو تیۆرییەی کە کاری ڕۆژهەڵاتناسەکان دەخاتە گومانەوە، بە ناوی بیریاری فەلەستینی– ئەمەریکایی ئیدوارد سەعیدەوە تۆمار کراوە. باوەڕ بکە من پێش خوێندنەوەی کتێبی (Orientalism)ی ئیدوارد سـەعید گەیشـتبوومە ئەو گومانە، من پێم خـۆش بوو مـامـۆسـتـا مـەسـعـوود لە پاڵ هاندانی ڕووناکـبـیـری کـورددا بۆ خـوێندنەوەی ڕەخنـەگـرانەی کـۆمـەڵگە و مـێـژووی کـوردسـتـان، ئەوەیشی بۆ ڕوون بکردنایەتەوە کـە ڕۆژهەڵاتناسـەکـان، با بڵـێـین زۆربەیان، سـەربازی سـەرلەپێناوی زانست و زانستخوازی نین، بەڵکە نوێنەری بەرژەوەندیی کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزمن.

ئەم سـەرنجـانەی مـن هەمـووی دەکـەونە ئەو چوارچێـوەیەوە کـە دەکـرێ بە تەماشاکردن لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ناو ببرێت، دەنا بە شانازییەوە دەیڵێمەوە کە ئەمڕۆ لە هەمـوو کوردستاندا مامۆستا مەسعوود محەمەد گەورەترین بیریارە.

بەربانگ: هەر بە کورتی، لەبارەی ئەم چەمک و ناوانەوە دەڵێن چی؟
ئاڵای کوردستـان، بارزانی، ئیسلام، ئاوارەیی، کۆمـۆنیزم، ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی.

شاکەلی:

ئاڵای کوردستان: هەر ئەو خەونەیە کە کاتی خۆی خانی و حاجی دەیانبینی و ئەمڕۆیش پەشێو و تۆ و من دەیبینین. لەوە دەترسێم کە هاتە دی ئێمە لە سێبەریدا نەژیین.

بارزانی: لە هەموو سەدەی بیستەمی مێژووی کوردستاندا، مەلا مستەفای بارزانی بە گەورەترین سەرکردە دادەنێم. ناشمەوێت ئەم قسەیە وەک پەسندانی پارتیی دیموکراتی کوردستان تەفسیر بکرێت، چونکە بارزانی سیمبۆڵە بۆ هەموو کورد، بە یەکێتی و پارتی و نەتەوەپەرست و کۆمونیست و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایەوە. پارتی بەوەی کە خۆی دەکاتە تاکە خاوەنی بارزانی، زیانێکی گەورە بە ناو و ناوبانگی ئەو پیاوە دەگەیەنێت.

ئیسلام: لە شارستانێتیی مرۆڤایەتیدا نەخشێکی یەکجار گەورە و گرنگی هەبووە. لە داهاتووی مرۆڤایەتیدا نەخشێکی زۆر گەورەتریشی دەبێت.

ئاوارەیی: مەینەتێکی هەزارڕەنگە بە هیچ، تەنانەت بە مردنیش، لێم نابێتەوە.

کۆمونیزم: لاپەڕەیەکی ڕەش، یا سوور، بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا . چەندە بە ڕووخانی ئەو سیستەمە دڵخۆش بووم، لەوەیش زیاتر بە سەرکەوتنی قسەی ڕۆژاوایی و ئیمپریالیستەکان دڵگران بووم.

ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی: کە لە کوردستانیش بووم زۆر جار ئەم پرسیارەیان لێ کردم. ئێستایش هەر ئەو وەرامە دەدەمەوە. ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی هەمووی یەک دوو هەنگاوێک لە سفرەوە دوور کەوتووەتەوە.

ئامادەکردنی: ئاسی ڕەباتی

بەربانگ، ژمارە: ١١٥، ساڵی نۆزدەیەم (٢٠٠٠)،

لاپەڕە: ١٩ – ٢٣

## پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن

هـ. بەرزنجــەیی: تابلۆی شــیــعــری تۆ بە وشـــەی ناسک و ئاوازدار و پرشنگدار ڕازاوەتەوە، بەگــشــتی خــوێنەر هەست بە گــەڕان بە دووی ڕۆحێکی وێل، بە دڵێکی پڕخورپە دەکات... ئەمە ڕێکەوتە یاخود سەلیقەی شاعیرانەی تێدا خەرج کراوە؟

شـاکەلی: هەڵوێستی من بەرانبەر زمان، پێوەندیم لەگەڵ زماندا، دیارە لێرەدا لە پلەی یەکەمدا مەبەست زمانی کوردییە، ئەوەندەی لە بیرم بێت، هەمیشە هەڵوێست و پێوەندیی خۆشەویستی و عەشق، هاوکاتیش سەرسووڕمان، بووە. هێشتا نەچووبوومە خوێندنگە، کە باوکم بە کوردی فێری خوێندن و نووسینی کردم. یەکێک لەو وشانەی کە لە سەرەتای فێربوونی ئەلفوبێدا فێری نووسینی بووم، وشەی (گوڵ) بوو. ئەو ئێوارەیە باوکم تیپێکی تازەی فێر دەکردم، تیپی (ڵ). وەک نموونەی ئەو تیپە چەند وشەیەکی بۆ نووسیبووم کە منیش مەشقیان لەسەر بکەم، بەڵام ئێستا هەر وشەی (گوڵ)ەکەیانم لە بیر ماوە.

پێشتریش دوو سێ مانگێک لە مزگەوت، لای مامۆستا مەلا سمایل، دەرسم خوێندبوو. ئەو کاتە زۆر منداڵ بووم و ماوەی خوێندنەکەیش ئەوەندە کورت بوو، کە باوەڕ ناکەم شتێک فێربووبێتم. لە بیرمە دەرگایەکی تەختەی ئەستوورمان هەبوو، هەندێک خەتخەتۆکەم لەسەر کێشابوو، زۆریش لەسەر ئەوە سوور بووم ئەوەی نووسیومە دەبێت شتێک بێت و مەعنایەکی هەبێت. جارێکیان خواوڕاسان لەناو ئەو شتانەدا خەتێکی تێدا بوو لە وشەیەک دەچوو، ئێستا نازانم چی بوو، کاکم، کاک ئەمجەد، وتی ئەمە وات نووسیوە. نازانی چەندە بەوە دڵخۆش بووم کە شتم نووسیوە.

یەکەم زمانێ کە خوێندبێتم زمانی کوردی بوو. دواتر کە چوومە قوتابخانە، لەبەر ئەوەی کەمێک خوێندن و نووسینم دەزانی، یەکسەر لە پۆلی دووەم وەرگیرام، بەڵام

ئەم جارە بە عەرەبی دەمانخوێند. ئەمە ڕێگەی لەوە نەگرت کە پێوەندیی پتەوم بە خوێندنەوە و نووسینی کوردییەوە هەر بەردەوام بێت.

باوکم کتێبخانەیەکی باشی هەبوو. ئەندامێکی چالاکی پارتیی دیمۆکراتی کوردستانیش بوو. لە ڕۆژنامەی (خەبات) و گۆڤاری (ڕۆژی نوێ)دا و دواتریش لە حەفتەنامەی (کوردستان)دا ئابوونەدار بوو. پێشتریش لە گۆڤاری (هیوا) و (هەتاو)دا. پێم وایە لەو ساڵانەدا هەرچییەک بە کوردی دەرچووبێت ئێمە هەمانبووە. من زۆربەی ئەم شتانەم دەخوێندەوە. نامەوێ بڵێم لێیشیان تێدەگەیشتم. چونکە لە بیرمە دیوانی مەولەویم بە منداڵی خوێندۆتەوە، بەڵام بێ تێگەیشتن. (مەم و زین)یشمان هەبوو، هەندێکم لێ دەخوێندەوە، بەڵام هەر زوو وازم دەهێنا چونکە لێی تێنەدەگەیشتم. هاوینی ساڵی ١٩٦٣ بە هۆی شەڕەوە قوتابخانەکەی لای ئێمە داخرابوو. دوو جاریش ناچار بووین بار بکەین و شاکەل بە جێ بهێڵین. دیوانی (بەهەشت و یادگار)ی مامۆستا گۆران و (گوڵ ئەستێرە)ی کامەرانم ئەوەندە خوێندبوونەوە، لە بەرگەوە تا بەرگ لە بەرم کردبوون. زستانی ئەو ساڵەیش یەکجار سەخت و سارد بوو. باشترین شتێک خۆمان پێوە خەریک بکردایە خوێندنەوەی کتێب بوو. ئەمە لای من بوو بە خوو. لە هەموو ئەم ساڵانەی ژیانمدا، ئەو بەختەوەرییەم دەستگیر بووە کە هەمیشە بەشی هەرە زۆری کاتم بۆ خوێندنەوە تەرخان کردووە. ئەمە لە پاڵ خۆشی و لەزەتەکەیدا، کۆگای وشە و دەربڕینێکی دەوڵەمەندی بۆ پێک هێنام. دیارە لە ڕووی دیکەوە ڕەنگە زیانیشی هەبووبێت، کە ئەگەر لە بیرم بمێنێت دواتر باسی دەکەم. هەر ئەم خوێندنەوەیەش بوو کە بوو بە هۆی تەقینەوەی بەهرەی شیعری و ئەدەبیم. لە تەمەنی دوانزدە ساڵاندا دەستم کردە شیعرنووسین، شیعری منداڵانەی بێ سەروبەر.

لە قوتابخانەیشدا هەر زوو فێری عەرەبی بووم و هێشتا لە پۆلی سێیەمدا بووم کە بەچاکی کتێب و چیرۆکی منداڵانم پێ دەخوێندەوە. ڕێزمانی عەرەبیم زۆر چاک دەزانی. تازە چووبوومە ناوەندی کە دەمتوانی بە عەرەبییش بنووسم. وردە شتم پێ دەنووسی؛ بیری ڕاگوزاری و وتاری ئەدەبی، بەڵام بە کەڵکی ئەوە نەدەهاتن بڵاو بکرێنەوە. مامۆستای زمانی عەرەبیمان، تالیب ڕەئووف بوو، نازانم دەژی یان نا، یادی بەخێر، پێشبڕکێیەکی ڕێک خست بۆ قسەکردنی ڕاستەوخۆ بە عەرەبی، لەتیف

هەڵمەت و من بردمانەوە. یەکی قەڵەمێکمان بە خەڵات پێ درا.

پێم وایە پێکهاتەی بنەماڵەکەیشمان کارێکی زۆری کردۆتە سەر بەهرەی ئەدەبی و زمانەوانیم. مامێکم، شێخ مەحموودی شاکەلی، لە چلەکاندا ئەندامێکی چالاکی پارتی (هیوا) بووە و زۆریشی حەز لە شیعر بووە. دوای کۆچی خۆی کەشکۆڵێکی گەورەی لێ بە جێ مابوو کە سەدان پارچە شیعری جوانی تێدا تۆمار کردبوون. لە زۆر جێگای لاپەڕە نەنووسراوەکانیشدا دروشمی هەستێکی گەرمی کوردایەتی و کوردستانپەروەریی نووسیبوو. من بەو منداڵییە بە دیار ئەم کەشکۆڵەوە دادەنیشتم و لاپەڕە لە دوای لاپەڕە دەمخوێندەوە. مامێکی دیکەم، شێخ ئەحمەد شاکەلی، شاعیرێکی کلاسیکی ناسراوە، بەشێک لە شیعرەکانی لە(گەلاوێژ)دا بڵاوکرابوونەوە و دواتریش وەک دیوان، سێ جار چاپ کراوەتەوە. مامێکی باوکیشم، شێخ عەلی، شاعیر بووە. پێم وایە لە کەشکۆڵەکەی مامدا یەک دوو شیعرێکی ئەم شێخ عەلییە هەبوون.

ئێمە لەبەر ئەوەی ماڵە شێخ بووین و دیوەخانی گەورەمان هەبوو، میوانێکی زۆر، لە ناوچەی جۆربەجۆرەوە، ڕوویان تێ دەکردین. شاربازێڕی دەهاتن بۆ ترێ فرۆشتن. هەورامی و هەجیجی گوێز و میوەی وشکەوەکراو و کەرەستەی دارین و شتی دیکەیان دەهێنا، قەراخی بە بارەتووتنەوە دەهاتن و ڕوویان دەکردە گەرمیان و خوارتریش، قەڵەوزییەکانی دەوروبەری مەندەلی خورما و دۆشاویان دەهێنا و بەرەو قەراخ دەڕۆیشتن. ئەمانە هەموو دوو شەو و سێ شەو لای ئێمە لایان دەدا. جاری وا هەبوو بە هۆی باران و تەڕ و تووشییەوە زیاتریش دەمانەوە. دەمەوێت بڵێم ئەم بارە کۆمەڵایەتییە بووبوو بە پاشخانێکی پتەو بۆ حەزکردن لە شیعر و ئەدەبییات و بۆ بیرکردنەوە لە زمان و هەڵسەنگاندن و تاووتوێکردنی وشەی جۆربەجۆر و کرانەوەی مێشک بۆ شتی تازە و جیاواز. ساڵانێکی دواتر کە فێری چەند زمانی دیکە بووم و فێری هەندێک زاراوای دیکەی زمانی کوردی بووم و زمانە کۆنەکانی ئێرانم خوێند و زمانەوانیم بە شێوەیەکی زانستی خوێند، ئەم پاشخانە یارمەتییەکی زۆری دام.

من کە شیعرێک دەنووسم زۆر خۆم بە هەڵبژاردنی وشەوە خەریک ناکەم. هەر نەبێ لە یەکەم داڕشتندا وا ناکەم. ئەو کۆگای وشەیەی لە مێشکمدایە خۆی دێت بە هانامەوە و دەبێتە کەرەستەی دەربڕین. بەڵام ئیدی لەوە بە دوا، دەستکاریی زۆر

دەکەم. لە هەڵبژاردنی وشەی لەبار و دەربڕینی گونجاودا تا ڕادەی ماندووبوون پێوەی خەریک دەبم. دەبێ لێرەدا پێ لەوەیش بنێم کە ئەمەی دەیڵێم زیاتر دیوانی (ژێ) و بەرهەمەکانی دواترم دەگرێتەوە، نەک ئەو سێ نامیلکەیەی لە حەفتاکاندا نووسیومن. لە نووسینی پەخشاندا، چ پەخشانی هونەری بێت یا وتار و لێکۆڵینەوە، بواری دەستکاریی زمان زۆر بەرفراوانترە. نووسەر دەتوانێت زۆر شت بگۆڕێت، چەندە بکرێت بە کورتی مەعنا و ناوەڕۆک بدا بە دەستەوە. ئەمە لە شیعریشدا زۆر گرنگە. تۆ دەبینی شاعیری وا هەیە وێنەیەکی شیعری لە تێکستێکدا پێنج جارە و شەش جارە دەکاتەوە. ئەمە تێکستەکەی جوانتر ناکات. ئەمە وەک ئەوە وایە کچێکی ناسک و جوان و نەشمیلە بێت، کیلۆ لە دوای کیلۆ خۆی قەڵەو بکات. هەستەوەری بەرانبەر وشە هەر ئەوە نییە، وشەی جوان بۆ تێکستەکەت هەڵبژێری. دەبێ بیر لە لایەنی ئاهەنگ و مۆسیقایش بکەیتەوە، بیر لەو دەنگانە، لەو تیپانەیش بکەیتەوە، کە لە تێکستەکەدا دووبارە دەبنەوە. مەسەلەی زمان ئەو شتە سادە و ساکارە نییە کە بەشێکی زۆری نووسەر و خوێنەرانی کورد تێی گەیشتوون.

بەشی دووەمی پرسیارەکە پێوەندیی بە ناوەڕۆکی شیعرەکانمەوە هەیە. ڕەنگە لەو ڕووەوە نەتوانم زۆر شت بڵێم. ڕۆحی مرۆڤ بە تایبەتیش ڕۆحی شاعیرێک، بێگومان وێڵە و بە دووی شتێکی نادیار و نەناسراودا وێڵە. ئەگەر تەماشایەکی یەکەمین دیوانم، پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی، کە بەهاری ١٩٧٣ چاپ کراوە، بکەیت، دەبینیت لە پێشکێشکردنەکەدا ئاوام نووسیوە: پێشکێشە، بەوەی نازانم کێیە؟ لە کوێیە؟ چۆنە؟ بەڵام هەر بەدوایا وێڵم... ئەمە دەربڕینێکی سادە و ڕاستگۆیانەی هەست و نیگەرانی و دوودڵیی مرۆڤێکە هێشتا لە سەرەتای ژیاندایە و دەیەوێ لە زۆر شت تێ بگات و هەرچی پەنا و کەلەبەر و نهێنیی گەردوونە بپشکنێت. هەر ئەم کونجکۆڵییەش بوو وای لێ کردم خوو بدەمە خوێندنەوەی بیر و فەلسەفە، بەو هیوایەی شتێک لەبارەی ژیان و جیهان و گەردوونەوە فێر ببم. بەشێکی زۆری شیعرەکانم دەربڕی ئەم تینوێتییەیە، گەڕان بە دوای ئەو ڕاستییەدا کە ڕەنگە مرۆڤ هەموو ژیانیشی بباتە سەر بێ ئەوەی بە هیچ بگات. حەزرەتی ئیبراهیم، دروودی خوای لێ بێت، پەیامبەری خودایش بوو، کەچی هەر دەیویست چاوی بە خودا خۆی بکەوێت. خودا دەیزانی هێشتا دوودڵە، بۆیە لێی پرسی: بینینی منت بۆ چییە،

باوەڕت نەهێناوە؟ وەرامەکەی ئیبراهیم زۆر بەناوبانگە؛ فەرمووی: "بلی، ولکن لیطمئن قلبي"، واتە بەڵێ، بەڵام با دڵنیا بم! ئەگەر پەیامبەرێکی خودا ئاوا نیگەران و دوودڵ بووبێت، دەبێت حاڵی ئێمەمانان چی بێت؟ لەم ڕووەوە کەس هێندەی ئیمامی عەلی، ئەگەرچی پەیامبەریش نەبوو، باوەڕی بتەو نەبووە. عەلی هەم وەلی و پیاوچاک بوو هەمیش شاعیر.

هـ. بەرزنجەیی: باوەڕ وایە هەر شاعیرێ کاریگەریی شاعیرانی پێش خۆی بە گشتی بە سەرەوە بێت. گەلێک جاران ڕێچکەی یەکێک لەو شاعیرانە دەگرێتە بەر... لای ئێوە کام شاعیر بۆتە نموونە و پێشڕەو؟

شاکەلی: من لە هەموو ژیانی شیعرنووسینمدا لە بیرم نییە بە دڵ ویستبێتم و حەزم کردبێت وەک فلان شاعیر بنووسم. زۆر شاعیر هەن کە بە دڵ پێم خۆش بووە شیعریان بخوێنمەوە و لە بەر بکەم. هێشتا دوانزدە ساڵان بووم بەشێکی شیعرەکانی گۆران و کامەرانم لە بەر کردبوو. لە تەمەنی حەڤدە و هەژدە ساڵاندا کۆمەڵێک شیعری بەدر شاکر سەییاب و مەحموود دەروێش و هەندێ شاعیری دیکەیشم لە بەر بوون. بەڵام لەوە دڵنیام کە دەیان شاعیر هەبوون و هەن، لە دڵەوە حەزم کردووە وەک ئەوان نەنووسم. تازە، ئێستا، پێویست ناکات ناویان بهێنم.

دوای فێربوونی هەندێ زمانی دیکە، ڕووبەرێکی فراوانترم بۆ کرایەوە بۆ ناسینی شیعر و تێکستی جوان و ئاشنابوون لەگەڵ ئەدەبییات و فەرهەنگی جۆربەجۆری ئەم دنیایە. کاتی خۆی من بە عەرەبی ڕۆمانەکەی هەمینگوەیم خوێندبووەوە، ماڵاوایی لە چەک، بەڵام چواردە ساڵ دواتر کە بە ئینگلیزی خوێندمەوە، بەڕاستی خەریک بوو شاگەشکە ببم، هێندە بە لامەوە جوان و شاعیرانە بوو.

لە تەمەنێکی کرچ و کاڵدا شیعر و دیوانی زۆر لە شاعیرانی کلاسیکی کوردم خوێندبوونەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم توانیبێتم لە نرخە هونەری و عەقڵییەکانی ئەو کارانە نزیک ببمەوە. نەدەکرا، ناکرێ لەو تەمەنەدا لایەنە هونەری و ئاڵۆز و پێچەڵپێچەکانی شیعری نالی تێ بگەیت. ئەمە ئەگەر باسی زمان و فیکر بکەین. ئەوجا هەندێ هەستی مرۆڤانە هەن، بێ ئەوەی خۆت ئەزموونێکی وەها، یا ئەزموونێکی بارتەقایت هەبێت، ناتوانیت تێبگەیت کابرا دەیەوێ چی بڵێت و باسی

چی دەکات. تۆ وەرە بۆ منداڵێکی پێنج شەش ساڵان باسی ئەوینی نیشتمان بکە، یان سووتان بەدەم تاسەی عەشقی ژنەوە بکە، ئەو چوزانێ باسی چی دەکەیت؟ منداڵێک، هەموو نیشتمان و هەرچی ژنی دنیایش هەیە، دایکی خۆی لێ دەرچێت، بە مشتێ نوقڵی ترش و شیرین دەفرۆشێت. هەقی خۆیشیەتی و نۆشی گیانی بێت.

پانزدە بیست ساڵێ لەوەودوا بەوردی دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد، ئەم جارە تام و چێژێکی دیکەی هەبوو. مەم و زین ئەوەندە قووڵ و هونەرمەندانە نووسراوە کە تەنیا بە دە جار و دوانزدە جار خوێندنەوە ناتوانی تێی بگەیت. دەبێ شارەزای کۆمەڵێ زانست و بیر و هونەری دیکەیش بیت، بۆ ئەوەی بچیتە ناو وردەکارییەکانیەوە. شیعری مەلای جەزیری و نالیش هەر وایە. بیروباوەڕی تەسەووف یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی شیعری کلاسیکی ڕۆژهەلاتی. بەلام تۆ ئەگەر شارەزای بنەما گرنگەکانی فەلسەفەی تەسەووف نەبیت، ناتوانیت بزانیت مەلای جەزیری چی دەڵێت. من زۆر جار باسی هەندێ وردەکاریی شیعری جەزیریم بۆ خوێندەوار و ڕووناکبیری کورد کردووە. بینیومە سەری بۆ لەقاندووم، بەلام دڵنیایش بووم تەقەی سەری دێت و خواخوایەتی زووتر بیبڕمەوە. شیعر هەتا زیاتر بە فیکر و عەقڵ و فەلسەفە ئاخنرابێت، تێگەیشتنی ئەستەمترە. تۆ دژوارییەکی وەهات لە شیعری گۆراندا، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیی زۆریشمدا بۆ مامۆستا گۆران، تووش نابێت. لە شیعری زۆربەی شاعیرانی ئەمڕۆی کوردیشدا دیسان هەر وایە.

حافزی شیرازی و مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی و مەولانای جامی لەو شاعیرانەن کە ناکرێ بە یەک یا دوو جار خوێندنەوە وازیان لی بێنیت. زمانی ڕۆمی لە زمانی حافز ئاسانترە، ئەگەرچی لای ئەمیان فیکر و تەسەووف قووڵترە. حافز هێندەی گیرۆدەی فیکر بووە، باوەڕ ناکەم سۆفی بووبێت، دە هێندە گیرۆدەی هونەری بەکارهێنانی زمان و میتافۆر بووە. دە ئەوەندەیش ئەویندارى مۆسیقای وشە بووە. لە شیعری تازەی فارسیدا شاملوویش وەک حافز زیاتر عاشقی زمان و وێنە و نیشانەیە، بەلام بیرکردنەوەی سوهرابی سێپەهری قووڵترە، هەر نەبێ کاتێ ڕوو دەکاتە سروشت یا بەرەو لای ڕۆح و هەوارگەکانی ڕۆح شۆڕ دەبێتەوە.

ڕەنگە لە سەرجەمی شیعری شاعیرێکدا هەندێک شت بدۆزیتەوە کە شیعرێک یا

بەیتێکی شاعیرێکی دیکەت بهێنێ بە بیردا. ئەگەر شاعیر دوای ئەزموونی کۆمەڵێ ساڵیش دیسان لە تەئسیری شاعیرانی دیکە رزگار نەبووبێت، کەواتە نەیتوانیوە ببێتە شاعیر، نەیتوانیوە کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی دروست بکات. لە ئەدەبی فارسیدا لەوەیە ناوی دە شاعیری گەورەی سۆفیت بۆ هەڵدەم، بەڵام هەر یەکەیان تام و بۆنی خۆی هەیە و هەر یەکەیان بە شێوەی خۆی ئەو عیشقەی دەربڕیوە. دڵداری و خۆشەویستییش هەر وایە. لەوەتی ژن و پیاو هەیە و لەوەتی شیعر و شاعیر هەیە، دڵداری بابەتی هەرە گرنگی شیعر بووە، بەڵام تۆ دەبینی ئەگەر لای شاعیرێک دێڕێک، وێنەیەکمان بەرچاو بکەوێت لە هیی شاعیرێکی دیکە بچێت، یەکسەر دەڵێین ئەمەی دزیوە، ئەمە هیی خۆی نییە. هەر شاعیرێک، هەر شاعیرێکی باش، شێواز و زمانی تایبەتی خۆی هەیە. کولووی بەفر هەمـوو لەیەک دەچن، کەچی ئەگەر بە میکرۆسکۆپ تەماشای بکەیت، هیچ کولوویەک لە یەکێکی دی ناچێت. لە هەموو دنیادا دوو کولوو نادۆزیتەوە لەیەک بچن. گەڵای داریش هەر وایە. شاعیر و نووسەر و هونەرمەندیش هەر وەهان. دەبوو بڵێم شاعیر و هونەرمەندی ڕاستەقینە و بەهرەدار! وا نییە؟

هـ. بەرزنجەیی: لە هەر شاعیرێ داوای پێناسە و تێڕوانین و بۆچوون لەسەر شیعر دەکرێت... تۆ چیمان لەم ڕووەوە پێ دەڵێیت؟

شاکەلی: نازانم بۆ دەبێ هەر شاعیرێک پێناسەیەک بۆ شیعر بێنێتە کایەوە؟ من پێم وایە لەوە گرنگتر دەبێ پێناسەیەک بۆ شاعیر هەبێت. یا هەر نەبێ جاروبار چاوێک بە چەمکی شاعیردا بگێڕینەوە، یا چەمکی شاعیر بێنینەوە بیری ئەو خەڵکە. لەو ڕۆژهەڵاتەی خۆمان، بە تایبەتیش لە کوردستان، چەمکی شاعیر زۆر شێوێنراوە. ئەم شێواندنە ئەگەر بە چاوێکی ڕۆژانەی کورتخایێن تەماشای بکەین ڕەنگە سوودێکی شاعیری تێدا هەبێت، بەڵام لە ڕوانگەیەکی فراوانی شارستانی و فەرهەنگییەوە تەماشای بکەین دەبینین بە زیانی شاعیر خۆی و بە زیانی نەتەوەکەی و بە زیانی فەرهەنگەکەی شکاوەتەوە. سوودە ڕۆژانەکەی شاعیر لەوەدایە دەتوانێت بازارێکی پانوپۆڕ بۆ خۆی پەیدا بکات، بێ ئەوەی داوایەکی زۆری لێ بکرێت. بێ ئەوەی چۆنایەتی بکرێتە مەرج بۆ ئەوەی پێشکێشی دەکات. ئەم دەردە سیاسەت و

ڕێکخراوی سیاسی و سیاسەتمەدار دروستی کردووە. لەم ڕووەوە پاشا و میر و دەستەڵاتداری جاران پێشکەوتووتر و هونەرپەروەرتر بوون لە دەستەڵاتداری ئەمڕۆ. ئەوان ئەگەر داوای وەفاداری و ئەرکناسیشیان لە شاعیر کردبێت، بەڵام دیسان لایەنی هونەری و ئێستێتیکییان فەرامۆش نەکردووە و وەک مەرجێک هێشتوویانەتەوە. بۆ شاعیرێک ئەوەندە بەس نەبووە داوای تەمەندرێژی و سەرکەوتن بۆ پاشا بکات، دەبوو بە شێوەیەکی هونەری ئەمەی بکردایە. بەڵام شاعیری سیاسیی ئەمڕۆ، ئەوانەی وەفاداری حیزب و سیاسەت و ئیدیۆلۆگین، بە وتنی کۆمەڵە دروشمێکی سواو و بێتام خەڵاتی خۆیان هەر وەردەگرن. حیزب و دەستەڵات بەمەیش واز ناهێنن، بەڵکە دەیانەوێت بە زۆر مێشکی خەڵکەکەیش بەوە بئاخنن کە ئەدەبی چاک و سەرکەوتوو ئەمەیە و شاعیری گەورە و شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر ئاوا دەبێت. بۆ بەڕێکردنی ئەم کاڵایە کۆمەڵێ تیۆریی ئاڵووالایش دەخەنە بازاڕەوە و دەیکەنە بناخەیەک بۆ پێوانی کارێکی هونەری. کە سیاسەتمەدار و حیزبی سیاسی گەز و گرێی هونەر دیاری بکات، ئیتر دیارە چ کاولستانێک دروست دەبێت. لە ڕابوردوودا شاعیر پێش هەموو کەس خۆی ڕەخنەی لە خۆی گرتووە، خۆی بۆتە سانسۆری خۆی، چونکە ئەو دەوروبەرەی ئەو تێیدا چالاک بووە ئەمەی ویستووە و ئەمەی سەپاندووە.

هیچ گومانم لەوە نییە کە بەهرە مەرجێکی گرنگی شاعیری و هونەرمەندییە، بەڵام ئەمە تەنیا ڕەنگە یەک لە دەی مەسەلەکە بێت، نۆ بەشەکەی دیکە خۆپێگەیاندن و ڕۆشنبیری و زانست و زانیارییە. زمان نەخشێکی یەکجار گرنگی هەیە، نەک تەنیا زمانی شاعیر خۆی، بەڵکە زمانی دیکەیش، بۆ ئەوەی بتوانێت فەرهەنگی جۆربەجۆری ئەم دنیایە بناسێت. خوێندنەوە، شارەزابوون، پشکنین و سەردەرکردن، هەموو گرنگ و کاریگەرن. شاعیر و هونەرمەندی ئەمڕۆ دەبێ ڕووناکبیرێکی وریا و گەورەی سەردەمەکەی خۆی بێت. ئەمە مەرجێکی گران نییە. مەرجێکی تازەیش نییە. بەڵکە گەڕانەوەیە بۆ مەرجێک کە پێشتر هەبووە و ئێستا تا ڕادەیەک، هەر نەبێ لای بەشێکی زۆری نووسەرانی کورد، فەرامۆش کراوە. تۆ تەماشای بەرهەمی کەسانێکی وەک مەلای جەزیری، خانی، نالی و شێخ ڕەزا بکە، بزانە چۆن بە تیشکی دەیان زانیاری و فەرهەنگ دەدرەوشێتەوە. لای فارس و عەرەب و تورکیش هەر وا بووە. ئەم مەرجە لە ڕۆژئاوا ئەگەر گرانتر و سەختتر نەکرابێت، ئاسانتر نەکراوە.

شاعیری ڕۆژئاوایی، شاعیره چاکەکانیان، ڕووناکبیری گەورەیشن، شاعیرێکی وەک گۆرانیش، پیاوێکی خوێندەوار بووە. بەڵام کاتێ لەپێناوی سیاسەت و ئیدیۆلۆگیدا پێوەری هونەری، ناڵێم واز لێ هێناوە، بەڵام فەرامۆش کردووە، بەرهەمەکەی هاتۆتە خوارەوە. گۆرانێک کە (دەروێش عەبدوڵڵا) و (هەڵبەستی دەروون)ی نووسیوە، دواتر (مام چەوەنەر) و (کورد ئەم لاقم، عەرەب ئەو لاقم)ی داناوە.

ئێمە ئەگەر توانیمان چەمکی شاعیر و هونەرمەند لە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بازاڕی دوور بخەینەوە، کە ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە، ئەوسا دەشتوانین پێناسەی شیعر بە شێوەیەکی دیکە بکەین. ئەوسا شاعیر خۆی بە بەرهەمەکەی، بە شیعرەکەی، بە بۆچوون و باوەڕ و تیۆرییەکانی بناخەیەک بۆ ناسینی شیعر دادەنێت. لەوەیە پێناسەیەکی تازە دابنێت، بەڵام دڵنیام مەرجەکانی سادە و ئاسان نابن و نرخە هونەری و ئینسانییەکان دەبنە بڕیاردەر.

هـ. بەرزنجەیی: بۆچی شیعر ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئەدەبی کوردیی داگیر کردووە؟ ئەم دیاردەیە ئەرێتییە یان نەرێتییە؟

شاکەلی: منیش نازانم بۆچی. ساڵانێکە ئێمە هەر ئەم پرسیارە دەکەین و تا ئێستایش وەرامێکی وامان چنگ نەکەوتووە کە ئیتر پێویستیمان بەو پرسیارکردنە نەمێنێ. زۆرجار وەک بیانوویەک دواکەوتوویی و سەرەتاییبوونی گەلێک و کۆمەڵگەیەک باس دەکرێت، بەڵام من زۆر باوەڕ بەمە ناکەم، چونکە نموونەی زۆری وایش هەن کە ئەم بۆچوونە لەق دەکەن. کۆمەڵگەکانی دەوروبەری کورد ڕەنگە زۆر لە ئێمە پێشکەوتووتر نەبووبن، بەتایبەت لە ڕابوردوودا، کەچی دەبینین لای ئەوان پەخشان دەمێکە دەستی پێ کردووە و پلەیەکی باشی بڕیوە و لە زۆر بواردا بە کار هێنراوە. هەر بۆ نموونە دەکرێ باسی ئێرانییەکان، ئاسوورییەکان و ئەرمەنییەکان بکرێت.

لەوەیە نەبوونی دەستگایەکی ناوەندی کە کاروباری کۆمەڵگەیەک ڕێک بخات و ببات بە ڕێوە، وەک دەوڵەت لای ئێرانییەکان و کڵێسە لای ئاسووری و ئەرمەنییەکان، هۆیەکی گرنگ بووبێت کە کورد زۆر درەنگ دەستی بە نووسینی پەخشان کردبێت. ئەگەرچی ئەمەش بەتەواوی قەناعەت بە من ناکات. تۆ دەبینی پیاوێکی وەک

شەرەفخانی بەتلیسی کە زۆر خوێنەوار و سیاسەتزان و دنیابینیو و شارەزا بووە و زۆریش هەستی کوردایەتیی لەلا بەهێز بووە، کە دەستی داوەتە نووسینی مێژووی کوردستان بە فارسی نووسیویەتی نەک کوردی. ڕەنگە بگوترێ لەبەر ئەوە بووە کە شارەزای کوردی نووسین نەبووە، یان پێشینەی کوردی نووسین لە کاتی ئەودا نەبوو. چاکە، بەڵام خۆ پێشینەی نووسینی شیعر بە کوردی لە کاتی مەلای جەزیریشدا نەبووە، ئەی چۆنە جەزیری شیعری بە کوردی نووسی؟ ئەویش چ شیعرێک؟ هەتا بڵێی بەرز و هونەرمەندانە. لەوەیش بترازێ شەرەفخان سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردی بووە، کە بەڕاستی دەیتوانی لە دەوڵەتەکەی خۆیدا کوردی بکاتە زمانی ڕەسمی.

دواتریش دەبینین کەسانێکی وەک شێخ حوسێنی قازی و مەلا مەحموودی بایەزیدی، کە نە دەستەڵاتدار بوون و نە سەرۆکی گەورەی دینیش بوون، پەخشانیان بە کوردی نووسیوە. بە کوردییەکەی، من ڕوونکردنەوەیەکی ئاوەزکارانەی ڕێکوپێکم لا نییە.

ئەوەی کە شیعر شێوەی هەرە زاڵی دەربڕینی ئەدەبییە لای کورد، بێگومان دیاردەیەکی باش نییە، ئەگەرچی پێم وایە ئێستا ئەم دیاردەیە بڕێک گۆڕاوە و پەخشان تا ڕادەیەکی باش تەکی بە شیعر هەڵچنیوە. تۆ ناتوانی ئەدەبییاتی نەتەوەیەک لە چوارچێوەی شیعردا بەند بکەیت. بێجگە لەوەیش شیعر بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێ مەرجی قورسی هەیە، ناتوانێت ببێتە کەرەسەی دەربڕینی، یان نووسینی، هەموو شتێک.

من کە باسی پەخشانیش دەکەم دیارە مەبەستم تەنها پەخشانی ئەدەبی نییە. دەمەوێ بڵێم ئێمە پێویستمان بەوەیە لقە جۆراوجۆرەکانی زانستی ئەم سەردەمە بگوێزینەوە بۆ زمانی کوردی: فەلسەفە، سایکۆلۆگی، کۆمەڵناسی، تەکنیک، فیزیک، دەرماننناسی و سەدان زانستی دیکە. خۆ ئەمانە ناکرێت بە شیعر بکرێن بە کوردی.

هـ. بەرزنجەیی: ئایا وا بووە بە نیازی ڕەخنە و بڕیاری سەخت و ڕەفز و دڵی بێڕەحمانەوە بە شیعرەکانی خۆتدا بچیتەوە؟ چ بڕیارێکت داوە؟

شاکەلی: کە تازە دەستم بە نووسین کردبوو، زۆر گوێم بەوە نەدەدا کە بە تێکستەکاندا بچمەوە، چ شیعر یان پەخشان. ئەمە هۆیەکی سایکۆلۆگی و ڕەنگە

برێکیش مـیتـۆلۆگیی هەبوو. بەرهەمـی ئەو وێنەیە بوو کـە نووسـەر و هـونەرمـەند، بە تایبەتیش شاعیر، لە وڵاتی ئێمەدا هەیانە. شاعیر وەک پەیامبەرێک، یا کەسێک کە بەهرە و پەیامـی لە ئاسـمـانەوە، لە نـادیارەوە بۆ دێت، تەمـاشـا دەکـرا. لەبەر ئەوەیش ئەوەی دەینووسـێت دەبێت وەک شـتێکی پیرۆز تـەمـاشـا بکرێت، وەک نووسـراوێکی ئاسـمـانی و دینی. بێـجگە لەوەیش کـەمـئـەزمـوونی و تەمـەن لەم شـتـەدا گـرنگە. لە تەمـەنی لاوێتیدا پیـاو کەس لە سـەرووی خـۆیەوە نابینێ و پێی وایە ئەوەی لە قـەڵەمی ئەو دێتە خوارەوە ئیتر شاکارە و مێژووگۆڕە و داهێنانە.

من ســاڵانێکـی زۆرە خـۆمم بەوە ڕاهـێناوە پێش هەمـوو کـەسـێک خـۆم ڕەخنـە لە بەرهەمـی خـۆم بگرم. ڕەنگە خــۆم بڕیارێکم لەم ڕووەوە نەدابێت، بەڵام لە ئەنجـامـی خـوێندنەوە و هەسـتـی زمـانەوانی و جـوانناسـیـم و پەیوەندی لەگـەڵ ڕووناکـبـیـرانی ئەوروپادا، ئەم میکانیزمەم لا دروست بووە. ئێسـتا هێندەی بتوانم بە نووسینەکانمدا دەچمـەوە و بـە چاوی ڕەخنەگـرانەوە دەیانخـوێنمـەوە. بـۆ بڵاوکـردنەوەی شـیـعـر و بەرهەمـی دیکەم هـیـچ پەلەم نیـیـە و دوای نووسـینیـان مـاوەیەکی بـاش بە جـێـیـان دەهێڵم. درەنگێ دیسان دێمەوە سەروکاریان. دەڵێی شەرابم لە کووپەدا گرتۆتەوە. تا دڵنیـا نـەبم کـە گـەیشـتـوون و بۆ ئـەوە دەشـێن بخـرێنە بـەردەم خـەڵک، لە کـووپە دەریانناهێنم. نووسـەری وا هـەیە هێشـتا مەرەکەبی نووسینەکەی وشک نەبۆتەوە، بۆ چوار گۆڤار و ڕۆژنامەی دەنێرێت و لە هەموویشیاندا بڵاوی دەکاتەوە. خۆشبەختانە من لەو بابەتە نیم. بەم حاڵەیشەوە دیسان مرۆڤ گەلێ جار تووشی هەڵە دەبێت و وا ڕوو دەدات کـە لە بڵاوکـردنەوەی بەرهـەمێکی پەشـیـمـان دەبێتـەوە، یا حـەز دەکـات بە جۆرێکی دیکە بینووسیایە و دایڕشتایە.

من لەم بوارەدا بۆ خۆم پێوەرێکم هەیە. کە کتێبێک بڵاو دەکەمەوە، ماوەیەک دواتر، ساڵێک، یا زیاتر، جارێکی تر بە وردی دەیخوێنمەوە. جاری وا هەیە، وا ڕووی داوە، کە لە بڵاوکردنەوەی بەشێک، پارچەیەک، یان وشـەیەک پەشـیمـان بوومەتەوە. وتوومـە ئەگەر بە عەقڵی ئێستام بووایە، ئەو بەشـەم وا نەدەنووسی، یان لە جێی فلانە وشـە وشەیەکی لەبارترم بە کار دەبرد. دوو کتێبم هەن کە ئەوە ساڵانێکە بڵاوم کردوونەوە، بەڵام هەتا ئێسـتـایش لە یەک دانە وشـەشـیـان پەشـیـمـان نیم و پێم وایە لە ڕووی هونەرییـەوە هێـزێکی ئەوتۆیان هەیە کـە بەرگـری لە خـۆیان بکـەن. سـەرنجـڕاکـێش

ئەوەیە کە یەکێکیان لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندییشەوە یەک هەڵەی تێدا نییە. لە ئەوی دیکەیشیاندا، تەنها نوختەیەک و وێرگول (کۆما)ێک بە هەڵە دانراون. بەڵام کێ دەڵێ لە تەمەنێکی هەڵکشاوتردا لە هەمووی پەشیمان نابمەوە؟ نیگەرانبوون بەرانبەر نووسین و بەرهەم، پێوەرێکە بۆ ئەوەی کە هونەرمەند، نووسەر یا بەرهەمهێن بەگشتی، چەند بەرانبەر بەرهەمەکەی و بەرانبەر پیشەکەی دڵسۆز و جددییە. من کە بە بەرهەمی کرچوکاڵ و لاوازی خۆم ڕازی بم و چاوپۆشی لە شتی نەگەیشتوو بکەم، نەک هەر خوێنەر هەڵدەخەڵەتێنم، بەڵکە لە پێش هەمووکەسێکدا خۆم هەڵدەخەڵەتێنم. لە لایەکی دیکەیشەوە بەم کارەم ڕێگە لە خۆم دەبەستمەوە کە بتوانم لە ڕووم بێت ڕەخنە لە بەرهەمی کەسانی تر بگرم چونکە ترسی ئەوەم هەیە ئەوانیش شتە خراپەکانی خۆم بدەنەوە بە چاوما.

پێداچوونە و ڕەخنەلەخۆگرتنی هونەرمەند زۆربەی جار ئەنجامی ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر چێژ و هەڵسەنگاندنی هونەری و زمانەوانیی ویدا دێت. هەڵکشانی هەستی هونەری و ئێستێتیکی وا دەکات کە هونەرمەند، نووسەر و شاعیر، بە شتەکانی پێشووی خۆی ڕازی نەبێت و بە چاوێکی دیکە تەماشایان بکات. ئەمە هەستێکی زۆر ئاسایی و گەشەکردنێکی زۆر سروشتییە لای هونەرمەند کە ڕەنگە هەتا مردن هەر لەگەڵیدا بژی. بەرانبەر بەم دیاردەیە ئەوەیش هەیە کە ڕەنگە هونەرمەند بە هۆی گۆڕانی ئایدیۆلۆگییەوە، سەلیقە و چێژی هونەرییشی بگۆڕێت، بەڵام نەک بەرەو چاکتر و جوانتر، بەڵکە بەرەو نشێوتر، بەرەو سیاسەتاندنی هونەر. ئەودەم بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دەبێتە کەرەستەیەکی حیزبی و سیاسی، جۆرە نرخ و پێوانەیەکی دیکە دێتە گۆڕێ بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هونەر، کە بەزۆری دەبێتە هۆی داڕووخانی جوانیی هونەر. نموونەی لەم بابەتەیشمان لە ئەدەبی کوردیدا هەبووە و هەیە.

هـ. بەرزنجەیی: شیعری سەرکەوتوو دەبێت چۆن بێت و چۆن شاعیر لە گەیاندنی پەیامەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت؟

شاکەلی: ئەمە بەوەوە بەستراوەتەوە کە تۆ شیعرت بۆ چی، بۆ چ مەبەستێک دەوێ. ئەگەر دەتەوێت شیعر بکەیتە کەرەسەیەک بۆ ڕاگەیاندنی پەیامێکی سیاسی،

دینی یا ئەخلاقی ئەوە ئاشکرایە کە تۆ بارێکی یەکجار سەخت و گران دەخەیتە سەر شانی. نموونـە هەرە جوان و بەرز و سەرکەوتووەکانی شیعری ئەم دنیایە ئەوانە نین کە بۆ پەیامێکی ئاوەها تەرخـان کراون. بەڵام کـە ئەمـە دەڵێم مەبەسـتم ئەوە نییـە شیعری چاک و سەرکەوتوو ناتوانێت ناوەڕۆکێکی وای هەبێت لەگەڵ کۆمەڵێ نرخی مـرۆڤانە و ئاسـمـانیدا یەک بگرێتـەوە. بەڕاسـتی لەوەتەی مـرۆڤ دەسـتی داوەتە داهێنانی شیعر، هەمیشە ئەو شیعرە بە نەمری ماوەتەوە کە لەگەڵ باس و نرخە نەمرەکانی مرۆڤدا تێکەڵە. بە پێچەوانەشەوە ئەو شیعرەی لەگەڵ باسوخواسی ڕۆژانە، بە تایبەت سیاسیدا، خەریک بووە، هە زوو سیس بووە و کوژاوەتەوە.

شـتی هەرە گرنگ ئەوەیە شـاعیر لەگەڵ خـۆی و لەگەڵ هونەرەکەی و لەگەڵ خوێنەردا ڕاستگۆ بێت. ئەوەی باوەڕی پێیەتی و لە ناخیدا دەژی و پێوەی دەتلێتەوە، ئەوە بگێڕێتەوە. بۆ ئەم گێڕانەوەیەش دەبێ کەرەسە هونەرییەکانی بە شێوەیەکی چاک و سەرکەوتووانە بە کار ببات، کە لە ناویاندا زمان ڕۆڵی هەرە بناخەیی و گرنگی هەیە. لێرەدا باسێکی تریش دێتە پێشەوە کە پێوەندیی بە ناوەڕۆکەوە هەیە. من خۆم زیاتر حەز لەو شیعرە دەکەم کە باسی ناوەوەی مرۆڤ دەکات. هەوڵ دەدەم لە شـیعرەکانمدا باسی ئەو هەرێمە بکەم کە خەڵکانی دیکەی شـارەزای نین و نەیانبینیوە. باسی ئەزموونێک دەکەم کە خۆم پێیدا تێپەڕیوم، بەڵام بەشێکی زۆری خوێنەران هەر ئاگایشیان لێ نییە. ڕەنگە خەڵکانێکیش هەبن لە ئەزموونی ئاوەهادا ژیابن، بەڵام ئەزموونی ناوەوەی مرۆڤ، بەتایبەتی ئەزموونێکی ڕۆحی، هێندە تایبەت و وردە کە هەر کەسێ بە شێوەی تایبەتی خۆی لێی تێدەگات و بە شێوەی تایبەتی خۆی بیری لێ دەکاتەوە. سۆفییەکان دەڵێن "ژمارەی ئەو ڕێگایانەی خەڵک دەگەیێننە خوا، هێندەی ژمارەی خەڵکەکە خۆیەتی،" واتە هەر کەسێک کە دەگاتە خواناسین و لەو ئەزموونەدا دەژی، بە شێوەی تایبەتی خۆی ئەم کەشفە دەکات. ڕەنگە ئەزموونی هیچ خواناسێک لە هیی یەکێکی دیکە نەچێت. کەواتە باسکردن و گێڕانەوەی ئەم جۆرە ئەزموونانەی لە ناوەوەی مرۆڤدان و لە بەرچاو نین، وزەیەکی هونەرمەندانەتر و جوانکارانەتری پێویستـە، زیاتر لەوەی باسی شـتێ بکەم کە تۆیش و یەکێکی دیکەیش شارەزای بن و چاوتان پێ کەوتبێت. ئەو شاعیرانەی شیعری سیاسی و شیعری مەسەلە ڕۆژانەکان دەنووسن، وەک ئەوە وایە باسی دیمەن و کۆڵان و کووچە بە کووچەی شارەکەی خۆتت بۆ بکەن، کە تۆ خۆت لەو چاکتری دەزانی و دەناسیت.

کارەکەی ئەو هەر ئەوەندەیە ڕەنگە لە قاڵبێکی جوان و ڕازاوەدا پێشکێشی بکات، وەک ئەوەی باسی شارەکەی خۆت لە کاتالۆگێکی توریستیدا بخوێنیتەوە و بەرچاوت بکەوێت. بەڵام کە شاعیر باسی ئەزموونێکی ناوەوەی خۆی دەکات، باسی ئەزموونێکی ڕۆحی دەکات، ئەمە باسی وڵاتێک و هەرێمێک و شارێکە کە تۆ نەتبینیوە و نازانی لە کوێیە و چۆنە. باسی نەبینراوت بۆ دەکات. من خۆم ئەم جۆرە شیعرەم پێ خۆشترە و ئەم جۆرە شیعرەیش دەنووسم. بەڵام بێگومان ئەم جۆرە شیعرە هەر وا بەئاسانییش ناتوانێ خۆی بباتە پێشەوە و ببێتە ئەو شیعرەی کە هەموو کەس تێی بگات و حەزی لێ بکات و نرخی بزانێت. ئەمە خوێنەری وریا و شارەزای دەوێت، بەڵام لەوەیش گرنگتر، ڕەخنەیەکی وریا و لێزان و قووڵی دەوێت.

نازانم شاعیر پەیامێکی دیاریکراوی هەیە یان نە، بەڵام دەزانم وەک هەر هونەرمەندێکی دیکە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیە کە دڵسۆزی هونەرەکەی بێت و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بێت بەرەو چڵەپۆپەی کامڵبوون و جوانی و چاکی بەرزی بکاتەوە. ئەمەیش ئەرکێک نییە بەو مەعنایەی کەسێک یان لایەنێک یا دەستەڵاتێک داوای لێ دەکات و ئەمەی بەسەردا دەسەپێنێت، بەڵکە بەو لێکدانەوەیەی کە بەشێکە لە سروشتی هونەرمەند خۆی و لە میکانیزمی پێشکەوتن و گەشەکردنی. ئەم هەوڵدانە، بێگومان، ئەو لایەنەیش دەگرێتەوە کە دەبێ کۆمەڵە نرخێکی مرۆڤانە و مرۆڤدۆستانە لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکەیدا بگونجێنێت و تێکەڵاو بکات.

هـ. بەرزنجەیی: تۆ شاعیرێکی دیاری ئەزموونەکەی ناوچەی "کفری" و سەردەمی ڕوانگەیت، ئێستا چۆن لەو دوو ئەزموونە دەڕوانیت؟

شاکەلی: تا ئێستا گەلێ جار پرسیاری ئەم باسەیان لێ کردووم. ساڵێ لەمەوبەریش وتارێکم بڵاو کردەوە بە ناوی "پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک" و بەوردی باسی ئەزموونی شاعیرانی کفریم تێدا کردبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە باسەکە لە بنەڕەتدا زۆر شێوێنراوە و بە شێوەیەکی وا خراوەتە ڕوو کە لەگەڵ ڕاستی و مێژوودا یەک نەگرێتەوە. ئەم ڕاستی شێواندنە گەلێ هۆی هەیە کە ڕەنگە نەتوانم هەمووی لێرەدا باس بکەم. پێم وایە ئەم مەسەلەی گرۆی کفری و ڕوانگەیە، پێویستی بەم هەموو خۆپێوەخەریککردنە نییە. کێ پێشتر بووە یان نەبووە، شتێکی زۆر گەورە

لەوە ناگۆڕێت کە نووسەری باش بە بەرهەمدا دیارە، نەک ئەوەی ڕۆژێ زووتر یان درەنگتر نووسیبێتی. لەم ڕووەوە وا هەست دەکەم هاوڕێی خۆشەویستم کاک لەتیف هەڵمەت لە هەموومان زیاتر پەرۆشی ئەم چەسپاندن و جەختکردنەیە. من لای خۆمەوە لەبەر ئەوەی سالانێکە لە دەرەوەی کوردستان دەژیم و ڕاستەوخۆ، وەک لەتیف هەڵمەت، ڕووبەڕووی کارکردی ئەم شێواندنە نەبوومەتەوە، تەنیا ئەو وتارەم نووسیوە کە لە سەرەوە ناوم هێنا.

جارێ خۆی هەر باسکردنی ئەزموونی نوێگەرییەکەی ئێمە وەک ئەزموونی ناوچەی کفری یا گەرمیان سنووربۆدانانێکی ئاشکرایە و هەوڵدانێکە بۆ کەمکردنەوەی بایەخ و کارکردی ئەزموونەکە. ئێمە تەنیا شاعیرانی ناوچەی کفری یا گەرمیان نەبووین، بەڵکە ئێمە ئەو شاعیرە کوردانە بووین کە بۆ یەکەم جار دوای گۆران شیعری کوردیمان تازە کردەوە و ناوەڕۆک و فۆرمێکی نوێمان هێنایە ناو شیعری کوردییەوە.

پێم وایە هەر کەسێک بە ویژدانەوە بڕوانێتە ئەو پرۆسێسە ئەدەبییەی لە دوا سالانی شەستەکان و سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا گەشەی کرد، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە شاعیر و نووسەرانی کفری یا گەرمیان زۆر پێش نووسەرانی ڕوانگە تێکستی نوێیان پێشکێش کردووە؛ تێکستێک لە ڕووی زمان و لە ڕووی شێوە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە ئاشکرا خۆی لە ئەزموونەکەی مامۆستا گۆران جیا کردۆتەوە و دەیەوێ بە شێوەیەکی دیکە خوێنەر بدوێنێت. بێگومان ئەو تێکستانە لە سەرەتاوە هەموو مەرجەکانی نوێکردنەوەیان نەگەیاندبووە پلەی کامڵبوون، بەلام گرنگ ئەوەیە شاعیرەکان بە ئاگادارییەوە، بە زانینەوە، هەوڵیان دەدا تێگەیشتنی هونەریی خۆیان لە چوارچێوەی تێکستدا جێ بکەنەوە و بە زمانێکی دیکە مەلی دەروونیان بهێننە گۆ.

من گەلێ جاریش ئەوەم وتووە و دووبارە کردۆتەوە کە ئێمە هەرگیز وامان بیر نەکردۆتەوە کە خۆمان بە تاقمێک و بە گرۆیەک دابنێین و سەنگەرمان لە کەسی دیکە گرتبێت. بە ڕاستی باوەڕ ناکەم کە ئێمە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان و جارێک لە جاران پێکەوە دانیشتبێتین و نەخشە و پلانمان داڕشتبێت بۆ دژایەتیکردنی هیچ کەس و لایەنێک یا تەنانەت بۆ ئەوەی کە چۆن بنووسین و چی بنووسین. ئەوەی ئێمەی بە ڕواڵەت یەک خستووە و وای کردووە وەک گرۆیەک دەربکەوین، جۆری بیرکردنەوە و

بۆچوونە هونەری و ئێستێتیکی و ئەدەبییەکەمانە. ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەش دیارە بەرهەمێک بوو کە لە هیی نووسەرانی دیکەی ئەو سەردەمە جیاواز بوو. ئێمە لەو ڕووەوە کە چەمکی نوێکردنەوە و نوێخوازی ڕوونتر تێگەیشتبووین و دەمانزانی سیمای ئەو ئەدەبەی بە لامانەوە تازە بوو دەبوو چۆن بێت، یا هەر نەبێ دەمانزانی کە دەبێ چۆن نەنووسین. زووتر توانیمان قاڵبێکی هونەری بۆ دەربڕین بدۆزینەوە، قاڵبێک کە تازە بێت و جیاواز بێت. ئەم تێگەیشتنەی ئێمە لە پلەیەکدا بوو کە ئێمەی لە هەموو نووسەرانی نوێخوازی سەردەمەکەمان جیا دەکردەوە.

بێگومان برایانی ڕوانگەیش و نووسەرانی دیکەیش پێیان خۆش بووە و هەوڵی ئەوەیان داوە شتێکی تازە پێشکێش بکەن، بەڵام حەزکردن و هیواخواستن شتێکە و توانستی بەدیهێنانی شتێکی دیکەیە. ئەوان ئەگەرچی بە نەخشە و پلان کاریان دەکرد و زۆر لە هۆڵی کۆبوونەوە ڕێکخستن و بەیاندەرکردندا بوون، بەڵام چەمکی ئەو نوێخوازییەی حەزیان دەکرد بیهێننە دی، ڕوون نەبوو. پێشکێشکردنی بەرهەمی تازەیش لە لایەن ئەوانەوە دوا کەوت، چەند ساڵێک دوای ئێمە، چوار پێنج ساڵێک، ئەوسا توانییان هەندێ نموونەی تازە پێشکێش بکەن.

لەگەڵ ئەوەیشدا من نامەوێ لەبەر مەبەستێکی شەخسی و خۆپەرستانە، لە توانست و بەهرەی ئەو برایانە دابشکێنم و ڕۆڵی ئەوان بکەم بە ژێر لێوەوە. ئەدەبی نوێی کوردی، ئەو ئەدەبەی کە دوای لووتکە ئەدەبییەکەی مامۆستا گۆران، لووتکەیەکی دیکەی دروست کرد ئەنجامی بۆچوون و بەرهەمی هەموومان بوو. من شانازی بە تاکە وشەیەکیشەوە دەکەم کە شتێکی نوێی هێنابێتە ناو فیکر و ئەدەب و داهێنانی کوردییەوە، خاوەنەکەیشی کێ دەبێت با ببێت.

هـ. بەرزنجەیی: قەدەرێکە سەرگەرمی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیت لە ئەدەبی تەسەووفدا. ئەم بیرکردنەوەیە چۆن سەری هەڵدا؟ ئایا دەرئەنجامێکت دەستگیر بووە؟

شاکەلی: ئەمە چیرۆکێکی درێژی هەیە. هەوڵ دەدەم هەر بە کورتی شتێکی کەمیت بۆ بگێڕمەوە. لەوەیە پاشخانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیم دەخلێکی زۆری هەبووبێت بەسەر پێوەندیی ئێستامەوە بە سۆفیگەرییەوە، بەڵام پێوەندییە ڕاستەوخۆیەکە بە

جۆرێکی دیکە دەستی پێ کرد.

من کــە هـاتمە ئـەوروپا، بەڕاســتی دوای ئەزمــوونێکی چڕ و پڕی ژیان و لە گــەڵێ بواری جـیـاوازدا بـوو کـە ڕۆژهـەڵاتم بە جێ هێـشت. لە ناخـەوە هـەسـتـم دەکـرد ئەو ئەزموونانە هەموویان گەیشتبوونە تێکشکان و بنبەست، دەنا هەر وا بە ئاسانی ئەو ڕۆژهەڵاتە و ئەو بوارانـەی ژیانم بە جێ نەدەهێشت و واز لێ نەدەهێنا. من کـەسێک نەبووم لەبەر سـەربازی هەڵهاتبێتم، یا بۆ خوێندن هاتبێتمـە دەرەوە و دواتر ڕێگای گەڕانەوەم لێ گیرابێت. من ئەو کاتە خەباتی سیاسیم دەکرد، ئەندامی کۆمـەڵەیەکی سیاسی بووم و زۆریش بە گەرمی و دڵسـۆزی خۆمم بۆ خزمـەتی بیروباوەڕە سیاسی و قەناعەتە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانم تەرخان کردبوو. وەک سەربازێکی گومناو بە دڵ و بە گـیـان شـەوورۆژم دەگـەیـانده یەک. وەک لە شـیـعـری (گـەڕانـەوەیەک)یشـدا ئیشارەتێکم پێ داوە، ژیان و مردنم بە لاوە یەکسـان بوو، بەڕاستی بە هیچ جۆرێک باکم لە مردن نەبوو. ڕەنگە ئەمانە هیچیان لەبەر ئازایی و عاقڵیم نەبووبێت، بەڵام چاک بێت یان خـراپ، من وا بووم و ڕاسـتـیـیـەکـەت بۆ دەگـێـڕمـەوە. لە ڕووی پلە و پایەیشـەوە تا ڕادەیەکی باش لە سـەرەوە بووم و چەندیشم بویسـتـایە هەڵدەکشـام. بەڵام ئەمـانە هیـچیـان دادی منیـان نەدەدا، دەروونی تینووی مـنیـان پاراو نەدەکرد و وەرامی ئەو دڕکەپرسیارانەیان نەدەدایەوە کە دڵ و هەناومیان خوێناوی دەکرد.

دوای ئەوەی هاتمە ئەوروپـا، مـاوەی یەک دوو سـاڵێک بەڕاسـتی تووشـی گێژاوێکی یەکجار ناخۆش بووم. خـۆیشم نەمدەزانی چی دەکەم و بە تەمای چیم. ئێستا کە بیر لەو سـاڵانە دەکەمـەوە هەسـتـێکی وام بە دڵدا دێت کـە بە هیچ شـێـوەیەک بڕیارم بە دەست نەبووە و هێزێکی دیکە، هێزێکی نەبینراو، هەمـوو شتـەکانی ڕێک خـستووە و پێشـەکی بڕیاری لەسـەر داوە. ڕەنگە ئەودەم نە لەو باسـە گەیشتبێتم و نە بمتوانیبایە تێبگەم، بەڵام ئێستا، خۆشبەختانە، ئەو شتانە ڕوونتر دەبینم.

سـاڵی ١٩٨١ بە نیـازی خـوێندنی شـتێک کە لەگەڵ پاشـخـانی فـەرهەنگیم و لەگەڵ توانسـتـی مندا بگونجێ ڕووم کـردە زانسـتگەی ئوپسـالا. بۆ ئەوەی بتـوانم دەست بە لێکۆڵینەوە بکەم، دەبوو هەندێ کۆرسی تازە بخـوێنم کە پێشتر لە بەشە کوردییەکەی زانستگەی بەغدا نەمخوێندبوون. دەبوو کارێکی زانستییش پێشکێش بکەم، کارەکەم ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو کـە لەسـەر "کـوردایەتی لە مـەم و زینی خـانیـدا" نووسـیم. هەر

ئەوەیش بوو کە گیرۆدەی خانی و جیهانی خانیی کردم. بە هۆی خانییەوە مەلای جەزیریشم ناسی. دیارە پێشتریش خانی و جەزیریم خوێندبوونەوە، بەڵام خوێندنەوە لە کوێ و ناسین و ئاشنایەتی لە کوێ؟ ئەم ئاشنایەتییە ڕایکێشامە ناو دنیای تەسەووف و بیری عیرفانییەوە. دەستم کردە خوێندنەوەی شوێنەوارە هونەری و فیکرییەکانی شاعیر و بیریارانی سۆفی. نەمدەویست هەر بەوەیشەوە بوەستم کە بەرهەمەکانیان بخوێنمەوە، دەبوو مێژووی تەسەووف خۆیشی بناسم و لێی بکۆڵمەوە. پێیشم خۆش بوو بزانم سۆفییەکانی کوردستان چییان پێشکێش کردووە. تەریقەتی نەقشبەندی لە مێژووی کوردستان و لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هێندە گەورە و گرنگە کە هیچ خوێنەر و لێکۆڵەرەوەیەک ناتوانێ هەروا سەرپێیی بە لایدا ڕابووریێ. دەبێ پیاو بە قووڵی سەرنجی بدات و هەوڵی تێگەیشتنی بدات. لەم بوارەدا کەسایەتیی پرشنگدار و تیشکهاوێژ و ڕووناکیپژێنی مەولانا خالیدی شارەزووری هەر بەتەواوی دڵ و دەروونی داگیر کردم. هەر لەم دنیا ڕەنگینەی تەسەووفدا هەوڵم دا ئاشنایەتییەکی چەندە کەم و کورتیش بێت، لەگەڵ ئیمامی غەززالی و مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی و ئیبن عەرەبی و جامیدا پەیدا بکەم.

پێت وا نەبێت، بە قەولی مام هێمن، لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵدابێتەوە. باوەڕ بکە ئێستایش کە ئەوە چواردە پانزدە ساڵێکە خۆم بەم شتانەوە خەریک کردووە، هەست دەکەم هیچی تێنەگەیشتووم. هەست دەکەم لە جاران زیاتر عەوداڵی ئەوەم دوو حەرف فێر ببم. تەسەووف هیی ئەوە نییە لێی بکۆڵیتەوە و بیخەیتە ئەم قاڵب و ئەو چوارچێوەوە. تەسەووف عەشقە، هەتا زیاتر بە دڵ و دەروونتدا بچێتە خوارێ و هەتا زۆرتر ڕەگوڕیشەت لە بن دەربهێنی، چاکتر چێژی لێ وەردەگریت.

هـ. بەرزنجەیی: تا کوێ هەوڵت داوە بە شیعر هەڵوێست لەسەر دیاردە و پێشهاتەکانی ناوەوەی وڵات وەربگریت؟ وەک دەزانین شیعریش هەڵوێستی گەرەکە؟ ڕۆڵ و هەڵوێستی ئێوەمانان لەم قۆناخەدا گەرەکە چۆن بێت (مەبەستم لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانە)؟

شاکەلی: باوەڕ بفەرموو من هەندێ جار تا ڕادەی بێزهاتنەوە، لە گەمەی هەڵوێست و هەڵوێستبازی بێزارم. دروستبوونی ئەم هەستەش، دەزانم، لە لایەکەوە

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە ناهەموار و ناقۆڵا و بێسەروبەرەی کوردستان پێیدا تێپەڕیوە و تێدەپەڕێ و لە لایەکی دیکەیشەوە بۆ ڕۆڵی بەشێکی ڕووناکبیرانی کورد خۆیان کە هەلپەرستی و درۆ و بێڕەوشتی و بیرنزمییان کردۆتە پیشە. من هیچ گومانم لەوە نییە کە ڕووناکبیرێک، شاعیر یان نووسەرێک، دەبێت هەڵوێستی هەبێت و دەبێ بەرانبەر ڕووداو و پێشهاتەکانی وڵاتەکەی و ناوچەکەی و بگرە جیهانیش بەپەرۆش بێت و تەنانەت خۆیشی بە بەرپرسیار بزانێت. بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم کە پێویستە و ئیللان و بیللان و دەبێ ئەم هەڵوێستە بخرێتە چوارچێوەی کارێکی هونەرییەوە؛ شیعرێک یا ڕۆمانێک یا کورتەچیرۆکێک. من ئەمەیش جیا دەکەمەوە لەو هونەرەی کە بۆ خۆشەویستیی نیشتمان و گەل دەنووسرێت، یا مێژووی نەتەوەی پێ زیندوو دەکرێتەوە. ئەوەی من بە تەواوی پێی سەخڵەت دەبم هەڵوێستە بەرانبەر ڕووداوی ڕۆژانەی سیاسی. لە ماوەی ژیانی هەمووماندا دەیان ڕووداوی گرنگی سیاسی لە مێژووی کوردستان و ناوچەکەدا ڕوویان داوە، کە دەبوو و دەبێ پیاو هەڵوێستی هەبێت لە ئاستیاندا. ئەگەر بڕیارە هەموو هونەرمەندێ؛ شاعیر بێت، نیگارکێش، چیرۆکنووس، دەهۆڵژەن یا پەیکەرتاش، هەڵوێستی هەبێت و هەڵوێستەکەی لە ئافەریدەیەکی هونەریدا دەرببڕێت، کەواتە ئەدەب و هونەر دەبێتە تۆمارگا و ئەرشیف و (جريدة الوقائع العراقية).

کە شۆڕشی چواردەی تەمووز لە عێراق ڕووی دا، زۆر شاعیر و چیرۆکنووسی کورد شتیان بۆ شۆڕشەکەی عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەی نووسی. حوسێن عارف (لە کۆڕی خەباتا)ی نووسیوە، نەریمان شانۆنامەی (ڕووخا)، گۆران و ئیبراهیم ئەحمەد شیعریان بۆ ڕێژیمی جەمهووری و بۆ پەسندانی کاکە کەریم نووسیوە، بێجگە لە دەیانی دیکە کە ئێستا نە ناویان ماوە و نە بەرهەمیان. هێمن و هەژار بەشی هەرەزۆری شیعرەکانیان بۆ ڕووداوی سیاسی تەرخان کردووە، بەڵام ئەمڕۆ تازە کەس بە بیستنی (دە بڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ) ناڵێ هونەر یان شیعر. ڕەنگە خوێنەری ئەمڕۆ نەزانێ شا کێیە و بۆ بە خائین دانراوە. هەر لەم سەردەمەیشدا زۆر نموونەی لەم بابەتەمان هەن. لە کوردستان پەرلەمان دادەمەزرێت، شاعیر دێت (قەسیدەیەکی عەسماء)ی بۆ دەدوورێ، عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەگیرێت، یەکێکی دیکە شاکارێکی بۆ هەڵدەڕێژێت.

دەكرێت ئەم هاوكێشەیە لە چوارچێوەی پێوەندیی نێوان هونەر و سیاسەتدا باس بكرێت و لێی بكۆڵرێتەوە. لەم بارەیەشەوە ئەوەندە شت نووسراوە كە ئیدی پێویست ناكات ئێمە زۆری لەسەر بڕۆین. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە نووسینەكانیدا، بەتایبەت لە (چەپكێك لە گوڵزاری نالی)دا، ئەم باسەی جوان بە سەر كردۆتەوە.

كەمجار وا ڕێك دەكەوێت كە شیعری سیاسی یا هونەری سیاسی هونەرێكی بەرز و باش بێت. لە كلاسیكی كوردیدا، خۆشبەختانە، نموونەی شیعری سیاسی یەكجار كەمە. مەلای جەزیری دوو شیعری بۆ پەسندانی میر شەرەفخان نووسیوە، وا پێ دەچێت هەردوویانی لە ماوەیەكی كورتدا نووسیبێت، چونكە لە ڕووی كێش و قافییەیشەوە هەر وەك یەكن. خانی لە سەرەتای مەموزیندا ئیشارەت بۆ میری جەزیرە دەكات، جارێك ڕەخنەی لێ دەگرێت و جارێكیش پەسنی دەدات. نالی بە شانازییەوە باسی تاقمە مومتازەكەی تایبەتی پاشای بابان دەكات. جەزیری و خانی و نالی، بە ڕادەی یەكەم هونەرەكەیان بە لاوە گرنگ بووە، بۆیە كارەكانیان دانەبەزاندووەتە ئاستی سیاسەتی ڕووت. لە ئەدەبی جیهانیدا هەندێ نموونە هەن كە شاعیر توانیویەتی بە شێوەیەكی سەركەوتووانە هونەر و سیاسەت لەیەك نزیك بكاتەوە؛ نازم حیكمەت، پێم وایە، لە هەمووكەسێك زیاتر ئەم دوو دژەی پێكەوە گونجاندووە. بەشێك لە شیعرەكانی لۆركا، پابلۆ نێروودا و مەحموود دەروێش، ئەگەرچی شیعری سیاسین، بەڵام هونەرێكی جوانیشن.

لە سەرەتای حەفتاكاندا، ماوەی پێنج شەشساڵێك كەوتبوومە ناو كاری سیاسییەوە. دیارە ئەم خۆبەستنەوەیە وەك شاعیر كاری تێ كردبووم، ئەگەرچی تا ڕادەیەك باییی ئەوە ئاگام لە خۆم بوو كە هونەرەكەم نەدۆڕێنم. لەو ساڵانەدا هەندێ شیعرم نووسیون كە ڕاستەخۆ دەربڕینی سیاسین. ڕەنگە یەك دوویەكیان بە كەڵكی ئەوە بێن ناوی شیعریان لێ بنێم، ئەوانی دیكە زڕەشیعرن. ئەگەر چەند ساڵێكی دیكە لەناو سیاسەتدا یا لە نزیكی سیاسەتەوە بمامایەتەوە، بێگومان منیش دەبوومە دەهۆڵژەنێكی بێبەهرەی دەرباری سیاسەت و حیزبایەتی.

لایەنێكی دیكەی ئەم باسە ئەوەیە كە مەرج نییە شاعیر و هونەرمەند هەڵوێستی سیاسییان دەبێ هەر لە چوارچێوەیەكی هونەریدا دەرببڕن. ئەمانیش وەك خەڵكانی دیكە مرۆڤن و هاونیشتمانی وڵاتێكن و ئەركی دیكەی كۆمەڵایەتییان لە ئەستۆدایە.

ئەمـــانیش ســـەربازی دەکـــەن و باج دەدەن و ئەگـــەر لە ڕێگاوباندا، لە سنووری دیاریکراو زیاتر لێ بخوڕن، با بڵێین لە سەد و پەنجا یان دووسەد کیلۆمەتر خێراتر لە سـەعاتێکدا، دەبێ سـزا بدرێن. هـەر بەو پێیـەیش دەکرێ هـەڵوێسـتی سـیاسـیی خۆیان بە شێوەی دیکە دەرببڕن.

هـ. بەرزنجـەیی: زمـان بە ڕۆحـی ئەدەب و ئەدەبیش بـە ناسنامـەی نەتەوە دادەنرێت. ئێوە چ ڕوونکردنەوەیەکتان لەسەر ئەم ڕاستییە هەیە؟

شاکەلی: پرسیارەکە لە ڕاستییەکی زۆر پانوپۆڕ و گشتییەوە سەری دەرهێناوە و دەکرێ بە زۆر شێوەی جیاواز وەرام بدرێتەوە. من لە گۆشەیەکی زۆر تایبەتەوە بۆی دەچم، کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کورد و ئەدەبی کوردییەوە هەیە.

ئەدەب، مەبەستیشم ئەدەبی داهێنانە، نەک لێکۆڵینەوە، بە لای منەوە ناسنامەیەکی خۆی هەیە، نووسـەر و شـاعیر بە کامـە زمـان نـووسـیـیـان، بەرهەمـەکـانـیـان دەبێتـە موڵکی ئەو زمانە، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدرێت خۆی، وەک تاکەکەس، سـەر بە کام گەل و وڵات و نەتەوەیە. لە زۆر جێگای ئەم دنیایە دیاردەی دزێوی کۆلۆنیالیزم بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراو زمانی خۆیان لە بیر بچێتەوە، یا هەر نەبێ نەتوانن وەک زمانی ئەدەب و داهێنان بە کاری بهێنن. ئەنجامەکەیشی ئەوە بووە کە نووسەرە داهێنەرەکانی نەتەوەی داگیرکراو بە زمانی داگیرکەر بنووسن: نووسەرانی جەزائیر بە فرانسی، نووسەرانی هەندێ وڵاتی ئەفریقا و هیندستان بە ئینگلیزی، نووسەرانی کوردستان بە عەرەبی و فارسی و تورکی.

لێرەدا دەبێت دوو قۆناغی جیاواز لە مێژووی بەکارهێنانی ئەم زمانانە لە لایەن نووسـەرانی کوردەوە دەستنیشـان بکەین. لەو سـەردەمـانەدا کە دەوڵەتی ناوەندیی ئیسـلام حوکمی کۆمەڵێ وڵات و نەتەوەی پێکەوە کردووە، زمـانی عـەرەبی (لینگوا فـرانکا)ی هـەمـوو ئەو نەتەوانە بووە و ناکـرێ مـەسـەلەکـە بخـەینـە چوارچێـوەی داگیرکردن و سەپاندنی زمانەوە، چونکە نووسەرانی زۆر نەتەوەی دیکەیش زۆر جار هەر بە زمـانی عـەرەبی نووسـیـویانە. بێجگە لەوەیش لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییـەوە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکان و سەپاندنی زمانی عەرەبی لە ئارادا نەبووە. بەڵام دەوڵەتانی تازەی ئێـران و عـیـراق و تورکـیـا، سـیـاسـەتێکی داڕێژراویان هەبووە و

پێــڕەوی کــردووە و بــە پلانێکی تۆکــمــەوە هــەوڵی تواندنەوەی کــورد و ســەپاندنی زمانەکانی خۆیان داوە.

ئێــستــا کۆمــەڵێک نووســەری چاکمــان هــەن کــە خۆیان وەک تاکــەکــەس کــوردن و هــەندێکیــان کــوردی زۆر نیــشــتمــانپــەروەر و دڵگەرمی کوردایەتیــشن، بەڵام بە زمــانی یەکــێک لە داگــیرکــەران دەنووسن. ئەو ئــەدەبەی ئەم نووســەرانە بەرهــەمــی دەهێنن، بمانەوێ و نەمانەوێ، لە خانەی ئەدەبییاتی ئەو زمانەدا کە پێی نووسراوە دادەنرێت.

لە بیرمــە ســەردەمێک هــەندێ نووســەری کــورد زۆر پێیــان لەســەر ئەوە دادەگــرت کــە بۆچی لیکۆڵەرەوەکــانی عیــراق کاتێ بــاســی ئەدەبی عیــراقی دەکــەن، ئەدەبی کــوردیش بە بەشێک لەو ئەدەبە دانانێن. دیارە ئەمــە تێــزێکی سیــاســیی ناکوردانە بوو. دەنا نــە ئەدەبی کوردی دەبێتە بەشێک لە ئەدەبی عیــراقی و نە ئەدەبێکیش هــەیە ناوی ئەدەبی عیــراقــی بێت. دەکرێ بــاســی ئــەدەبی عەرەبی لــە عیــراقــدا بکرێ، بەو مــەعنایەی ڕەنگــە هــەندێ تایبەتێتیی خۆی هــەبــێ کە جیای دەکاتەوە لەو ئەدەبە عەرەبییــەی، بۆ نموونە، لە مەغریب یا لە بەحرەین دەنووسرێت... هــەروەهــایش دەتوانین بــاســی ئــەدەبی کوردی لە کوردســتانی خــواروو یا لە عیــراق بکەین. ئێستا لە ســوێد ئەوەندە نووســەری کورد هــەن کــە ڕەنگە پیــاو بتــوانێت باسی ئەدەبی کوردی لە ســوێد بکات. هــەر لە یەکێتــیی نووســەرانی ســوێددا نزیکەی ٣٠-٤٠ ئەندامی کــورد هــەن. نووســەرانی ســوێدی زۆر جــار بەگاڵتــەوە دەڵێن گەورەترین یەکێتیی نووسەرانی کورد، یەکێتــیی نووســەرانی ســوێدە. بەشی هــەرە زۆری ئەم نووســەرانە هــاونیــشــتــمــانی ســوێدن. بــەڵام ئەو کــوردییــەی لە ســوێد دەنووســرێت نابێتــە بەشێک لــە ئەدەبی ســوێدی و لە مێــژووی ئەدەبی ســوێددا جێی نابێتــەوە. هــەر لە ســوێد، دیســان، نووســەری دیکە هــەن، یۆنانی یا هــەنگاری یا نەتەوەی تــر کــە بەگــەنجی هــاتــوونەتە ســوێد و بە ســوێدی دەنووسن. بەرهــەمی ئەمانە بۆتە بەشێک لە ئەدەبی سوێدی.

گرنگیی ئەدەب بۆ زمــانی نەتــەوەیەک لەوەدایە کــە هــەمــوو گەنجینەی ئــەو نەتەوەیە هــەڵدەگرێت و دەیپــارێزێت. ئێمــە ئێــستــا ئەگــەر تەنیا دە دوانــزدە دێڕ نووســراومــان لە ســەردەمی مــادەکانەوە یا لە ســەردەمــەکانی دواترەوە بە کوردی پێ بگەیشــتــایە، زۆر لەو گــێچــەڵ و شــەڕانەی ئەمــڕۆ بەرۆکمــانی پێ دەگــرن، لە کــۆڵمــان دەبوونەوە و بە جــۆرێکی دیکە باس دەکــراین. بــەڵام ئەوەتا ئێــســتــا بــە هۆی تێکســتــەکــانی مــەلای

جـەزیری و خـانی و نالی و حـاجـیـیـەوە زۆر لایەنی کـۆمـەلآیەتی و فـەرهـەنگی و زمانەوانیی کوردمان بۆ ساغ بۆتەوە.

ئەدەب و زمـانی ئـەدەبی لە پێکهـێنانی نەتەوە و هـەسـتی نەتەوایەتیشـدا ڕۆڵێکی گرنگیـان هەیە. نەتەوەی عـەرەب ئەمڕۆ لـەبەر گـەلێ هۆی سـیاسی و نـاسیـاسی زۆر پارچە پارچە و لەیـەک هـەڵبڕاوە، بەڵام بە هـۆی زمـانی عـەرەبییـەوە دیسـان یەکێتیی خۆی پاراسـتووە. ئەم دیاردەیە لای کورد بە پێچـەوانەوە کەوتۆتەوە. لەبەر ئەوەی لە سـەردەمـێکی زوودا زمـانـێکی ئـەدەبیی یەکگرتووی پێک نەهێناوە، ئێسـتـاکـە بۆتە خـاوەنی دوو زاراوای سـەرەکی، کە گـەلێ جـار ئـەمـە بۆتە هـۆی کـزکـردنی هـەسـتی نەتەوایەتی و کەلێنێکیش بۆ ئەوەی دوژمنانی کورد بە کاری بـهێنن بۆ هاتنە ژوورەوە و دەستێوەردان.

هـ. بەرزنجـەیی: ئەزمـوونت لەگـەڵ دەرکـردنی ٣١ ژمـارەی گـۆڤـاری (مامـۆستای کورد) چۆن هەڵدەسـەنگێنیت؟ بە لاتانەوە ئاستی چاپەمەنیی کوردی بە کوێ گەیشتووە؟ ئەی گۆڤاری مامۆستای کورد بۆ وەستا؟

شـاکـەلی: مـامـۆسـتـای کـورد ئەزمـوونێکە تازە بووەتە بەشـێک لە مـێـژووی فەرهەنگیمان و زۆر جاریش لەبارەیەوە پرسیاریان لێ کردووم و وەرامم داوەتەوە. با ئەم جارەیشی بچێتە سەر.

ئەگـەر لە بیرمـان مـابێت لە ناوەڕاسـتی هەشـتـاکـاندا بزووتنەوەی کـوردایەتی تا ڕادەیەکی زۆر خـراپ کەوتبـووە ژێر کـارتێکردنی بیـری سـۆڤـیـێـتـپـەرسـتییـەوە و بێ ئەوەی هیچیشی دەست کەوتبێت خۆی بەدناو کردبوو. ئەم ڕێبازە سیاسییە کارێکی زۆری کـردبووە سەر هـەڵسـوکەوتی تاقم و گرۆ و هێـزە سـیاسـییـەکان کە لە ناوخـۆی ڕێکخـراوەکـانی خـۆیـاندا و بەرانبـەر مـەسـەلەکـانی ئـازادیی بیـروبـاوەڕ و ئازادیی دەربڕین بە شێـوەیەکی ستالینستانە بیریان دەکردەوە. هەر لەو سەردەمـەیشەوە زۆر لە نووسـەرانی کورد شـارەکانیان بە جـێ هێشـتـبوو، ئیـتر یا لە شـاخ بوون و خـۆیان دابووە پاڵ هێـزێکی سـیاسی، یا ڕوویان کـردبووە ئـەوروپای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوا. بۆ نووسـەر و ڕووناکبیـرانی کورد دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهـەمەکانیـان یەکجار تەسک بوو. نەیاندەتوانی لە چاپەمەنییەکانی بەغدادا بڵاویان بکەنەوە. هێـزە سیاسییـەکانی

کوردیش ڕێگەیان نەدەدا خەڵکی بە ئازادی بنووسێت و بڵاو بکاتەوە. لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیشدا بواری هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی نەبوو. تەنانەت لە ئەوروپای ڕۆژئاوایش ئەو چاپەمەنییانەی هەبوون هیی هێزە سیاسییەکان بوون کە دیسان لێرەیش ڕێگەیان بە هیچ بیرێکی جیاواز نەدەدا.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا بوو بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ سەکۆیەک هەبێت لە سەکۆی هێزە سیاسییەکان جیاواز بێت و ببێتە جێگەیەک بۆ ئەوەی ڕووناکبیر و نووسەرانی کورد بتوانن بە ئازادی تێیدا بنووسن و باوەڕەکانی خۆیان بگەیێننە خوێنەری کورد. مامۆستای کورد ئەو سەکۆیە بوو، کە خۆشبەختانە لە ماوەی پانزدە ساڵدا خەڵکێکی یەکجار زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردەوە. بۆ یەکەم جار تەکنیکێکی تازەی هێنایە ناو ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە و لە ڕووی داهێنان و مۆنتاژەوە هەنگاوی زۆر گرنگ و پێشڕۆیانەی هاوێشت. هەر دوای پێنج شەش ژمارە گۆڤارەکە وای لێ هات لە زۆر وڵات و جێگەی دنیادا دەخوێنرایەوە و داوا دەکرا. لە هەموو ژمارەیەک نزیکەی ٤٠- ٥٠ دانەی دەگەیشتەوە کوردستان. بەتایبەت شارەکانی کوردستانی عیراق کە لە ژێر دەستی ڕێژیمی بەعسدا بوون. لە کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراقیش بە نهێنی سەرلەنوێ کۆپی دەکرایەوە و ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد.

من هەر لە سەرەتایشەوە دەمزانی ئەو دێمۆکراسی و ئازادییەی ڕێبازی نەگۆڕی گۆڤارەکە بوو، هەر وا بەئاسانی لەلایەن خوێنەری کوردەوە، بەتایبەت خوێنەری سیاسەتێنراوەوە، وەرناگیرێ و تێی ناگات. بەڵام زۆر جاریش ئەوەم دووبارە دەکردەوە کە ئەو پشێوی و ئاژاوەیەی بە هۆی ئازادیی بیروباوەڕەوە پەیدا دەبێت، زۆر لەو هێمنی و ئاسایش و ڕێکخستنە چاکترە کە بە هۆی زۆر و داپڵۆسین و سەرکوتکردنەوە دێتە کایەوە. هەروەها ئەوەیشم لا ڕوون بوو کە ئەوە گرنگ نییە بە وتار و لێکۆڵینەوەی دووروودرێژ (باسی!) دێمۆکراسی و ئازادی بکەین و بنووسین. بەڵکە دەبێ بە کردەوە، بە نموونەی بەرچاو و زیندوو ئەو نرخانە لای خوێنەر دامەزرێنین و بیکەینە بەشێک لە نەریتێکی چەسپاو. تۆ ئەگەر ژمارەکانی گۆڤارەکە تەماشا بکەیت دەبینی دەیان جار وامان کردووە کە دوو یا سێ بیروباوەڕی جیاواز و تەواو دژ بە یەک، لە یەک ژمارەدا جێگایان دراوەتێ و بڵاو کراونەتەوە. بەڵام

کەسانێکی نەخۆش و ڕەوشتنزم و ترسنۆک هەبوون کە دەیانویست ئەو ئەزموونە لە ناو ببەن و بۆ مەبەستی پیس و چەپەڵی خۆیان بە کاری ببەن. لە زۆر لاوە هێرشی ناڕەوا دەکرایە سەر گۆڤارەکە و دەیانویست وەک نموونەی ئاژاوە و پاشاگەردانی ناوی بزڕێنن، بەڵام دوای پێنج شەش ساڵ کە گۆڤارەکە بە تەواوی خۆی چەسپاند و لای خوێنەری کورد جێیەکی گرنگ و خۆشەویستی پەیدا کرد، هەر ئەو لایەنانە دەستیان کردە ماستاوساردکردنەوە و دەیانویست هەر چۆنێک بێت ناویان بهێنرێت و چاپەمەنییەکانیان باس بکرێت.

لایەنێکی دیکەی گەشی گۆڤارەکە، پێم وایە، ئەوە بوو کە وتارەکان لە ڕووی زمانەوە چاک بژار دەکران و هەوڵ دەدرا زمانێکی پاراو و کوردانە بە کار بهێنرێت. هەروەها لە ڕووی ڕێنووسیشەوە هەنگاوێکی یەکجار گەورەمان نا و نووسینەکانمان هەموو دەخستە سەر یەک شێوە ڕێنووس کە بە ڕێنووسی مامۆستای کورد ناسراوە و خەڵکێکی زۆر دەستیان کردە پێڕۆییکردنی. بە هۆی مامۆستای کوردەوە زۆر نووسەری تازەپێگەیشتوو پێشکێش کران و دواتر نووسەری باشیشیان لێ دەرچوو.

بەڕاستی کاری دەرکردن و بڵاوکردنەوەی مامۆستای کورد ئەرکێکی یەکجار سەخت بوو. من تا ماوم سوپاسی ئەو دۆست و برایانە دەکەم کە زۆر پیاوانە هاتنە پێشەوە و کاریان تێدا کرد و خۆیان پێوە ماندوو کرد. بێ هەوڵ و ماندووبوونی ئەوان مامۆستای کورد هەرگیز نەدەبوو بەو گۆڤارەی کە بوو.

لە کۆتاییدا کار گەیشتبووە ڕادەیەک کە بەڕاستی من خۆم ئیدی دەرۆستی نەدەهاتم. هۆی ڕاستەخۆ ئەوە بوو کە من هاوکات گۆڤارێکیشم بە زمانی سوێدی بڵاو دەکردەوە، ڕەنگە تەنها خوێنەرانی سوێد ئاگایان لێی بێت، هەروەهایش مامۆستایەتیم دەکرد. نەخشەکەی من ئەوە بوو کە ڕاست وایە ئێمەی کوردیش فێر ببین کە کەسێک سەرەتای کارێک، یا دەستگایەک دادەمەزرێنێ و دەست پێ دەکات و چەند ساڵێک دەیبا بە ڕێوە، بەڵام با دواتر کەسانێکی دیکە وەریبگرن و لەسەری بڕۆن و تێیدا بەردەوام بن. گۆڤار و دەستگای وا لە دنیادا هەیە کە سەدوپەنجا ساڵە دەژی و دەیان کەس سەرپەرشتییان کردووە و دواتر یا مردوون، یان خۆیان وازیان هێناوە و خەڵکی دیکە هاتوونەتە جێیان. ئەودەم باسەکەم لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی نزیکدا کردەوە، کە خۆشبەختانە ئێستا ماون و سپ و ساغن. بەڵام کەسیان

نەیاندەتوانی ئەرکێکی وا بگرنە ئەستۆ. من تێ دەگەم کە ئاسان نەبوو. لە ئەورووپا مرۆڤ ناچارە کار بکات. کە کاریشت کرد، ئیدی کاتی ئەوەت نامێنێتەوە فریای زۆر شتی دیکەیش بکەویت. ئەگەر دەتەوێ کەسێک خۆی بۆ کارێکی وا، یا هەر کارێکی فەرهەنگیی ڕێکوپێک و جیددی تەرخان بکات، تۆ ژیان و ئابووریی بەڕێوەچوونی بۆ دەستەبەر بکە، جا بزانە چۆن سەر دەگرێت. با لە کورتی بیبڕمەوە، دوای پانزدە ساڵی ماندووبوونی تا ڕادەی پرووکان، ئیدی نەمتوانی بەردەوام بم و، ژیان و ئەرکی ناخۆشی گۆڤاری مامۆستای کوردی کوشت.

هۆیەکی گرنگی تریش بەڕاستی ئەوە بوو کە دوای ڕزگاربوونی بەشێکی باشی کوردستانی باشوور و دامەزرانی حکوومەتی کوردستان، من پێم وا بوو، ئێستایش پێم وایە، کە کورد دەبێ بیر لە داوودەستگای گەورە و زانستی و نوێباو بکاتەوە و، هەموو کاروباری خوێندن و پێگەیاندن و دەستگاکانی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری لە چوارچێوەی سیاسەتێکی فەرهەنگیدا، سیاسەتێکی بەرچاوڕوونی نیشتمانپەروەرانەی زانستیدا، جێبەجێ بکات. بەداخەوە ئێستاکەیش، واتە نزیکەی دە ساڵ دوای ڕزگاربوونی ئەو بەشەی کوردستان، بار و هەلومەرج و ئاسۆی پێشکەوتنی فەرهەنگ و زمان و ژیانی خوێندەواریمان نەک چاکتر و گەشتر نەبووە، بەڵکە خراپتر بووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو هەڵدێر دەبرێت.

هـ. بەرزنجەیی: "شاعیر و حیزبایەتی" لە کوێدا هاوجووت و هاوشانن و سوود بە یەکتر دەگەیەنن؟ لە کوێدا ناکۆکن بە یەک؟

شاکەلی: شاعیریش وەک هەر کەسێکی دیکە مافی ئەوەی هەیە حیزبێک هەڵبژێرێت و بەپێی بڕوا و قەناعەتی خۆی کاری تێدا بکات. گرفتەکە لەوێوە دەست پێ دەکات ئەگەر شاعیر یا هونەرمەند، یا هەر مرۆڤێکی داهێنەر، تا ئەو ڕادەیە خۆی بخاتە خزمەت حیزب و ئیدیۆلۆگییەوە کە هەم هونەرەکەی خۆی بدۆڕێنێت و هەم لە گەل و نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە و حیزبی پێ گرنگتر و پیرۆزتر بێت لەوانە.

لە هەندێ وڵاتی ئەورووپا کە هێشتا سیستەمی پاشایەتی ماوە، پاشا لە دەرەوەی سیاسەتی حیزبایەتی و شەڕی ئیدیۆلۆگیی ناو وڵاتەکەی ڕادەوەستێت و بەپێی

دەستوور مافی دەنگدان و ڕادەربڕینی لەبارەی مەسەلە سیاسییەکانەوە نییە، چونکە لەو وڵاتانەدا پاشا بە سیمبوڵ و بە نیشانەی پیرۆزی یەکێتیی خاک و نیشتمان دادەنرێت. بەڕاستی دەبوو شاعیر و هونەرمەندیش وا بوونایە... خۆیان نەخستایەتە ناو شەڕی حیزبایەتییەوە، بەتایبەت حیزبێک کە گەیشتبێتە دەسەڵات، ڕۆڵی یەکخستن و کۆکردنەوەیان ببینیایە و ئەو هێزە بوونایە کە خەڵک لە تەنگانە و لە قەیرانە گەورەکاندا پەنایان بۆ ببردنایە.

لە پێوەندیی نێوان شاعیر و حیزبدا دیارە هەردوو لایان سوود وەردەگرن و بازرگانییەکی دوولایەنەیە. لە پلەی یەکەمدا شاعیر دەدۆڕێنێت، چونکە حیزب بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی و ماددیی خۆیەوە، شاعیر دەستەمۆ دەکات و دەیکاتە ئەو مەیموونەی کە بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەپەڕێنێت و پێشانی خەڵکی دەدات. دیارە بەرانبەر بەو خزمەتەیش، وەک هەر مەیموونەوانێک، باش دەیژێنێت و گەردن و سینگ و بەرۆکی بە زریزەی زێڕ و بە هەموو جۆرە تەتکە و لەرزانەیەک دەڕازێنێتەوە. شاعیریش خۆی و هونەرەکەی دەخاتە خزمەتی حیزبەوە و ناچار دەبێت تەنانەت نرخە هونەری و مرۆڤایەتییەکانی خۆیشی پێماڵ بکات و ئەوەی کە نەدەبوو بیڵێت و بیکات، دەیڵێت و دەیکات.

لێرەدا پێم وایە دەبێ دوو قۆناغی جیاواز لە ژیانی حیزبدا ڕەچاو بکەین. حیزبێک کە لە شەڕی ڕزگاریخوازیدایە بەرانبەر داگیرکەر و دوژمنەکانی نیشتمان، نەتەوە یا چینەکەی لەگەڵ حیزبێکدا کە دەسەڵاتی گرتبێتە دەست جیاوازە. لەم قۆناغەیشدا حیزب دیسان هەر نموونەیەکی بچووکی دەسەڵاتە، میکرۆدەسەڵاتە، بەڵام ڕەنگە شاعیر دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبێت لەوەدا کە بداتە پاڵی. بەپێچەوانەوە ڕەنگە ئەم پێوەندییە بکێشێتەوە بۆ زیندان و دەربەدەری و کوشتن و زۆر نەهامەتیی دیکە. بەڵام حیزب کە گەیشتە دەسەڵات ئیدی بەرەو گەنین دەچێت و شاعیریش و نیشتمانیش و هەموو شتێکی دیکەیش لەگەڵ خۆیدا ڕادەپێچێت.

هـ. بەرزنجەیی: بۆ ڕووداوی مێژوویی و کەلەپووری میللی لە شیعرەکانتدا ڕەنگ نادەنەوە؟

شاکەلی: نازانم مەبەستت شیعری کام سەردەمەیە؟ شاعیر دەتوانێت ڕووداوی

مێژوویی و کەلەپوور وەک ڕەمز لە شیعردا بە کار ببات، یا چوارچێوەیەکی دیکەی بۆ بدۆزێتەوە و بیخاتە گەڕ. مەرجیش نییە تەنیا کەلەپووری گەلەکەی خۆی بە کار بهێنێت. تۆ دەبینی میتۆلۆگیای یۆنانی هێندە دەوڵەمەندە و ناسراوە کە زۆر شاعیری دنیا پەنایان بۆ بردووە و پێکهاتەی سیمبۆلی شیعری خۆیانیان لەسەر دامەزراندووە. ڕووداوی مێژووییش هەر وایە. زۆر شاعیری کورد هەن کە لێنین و فەهد و ئۆرۆرا و کۆمۆنەی پاریسیان کردۆتە ڕەمز. کوژرانی لۆرکا و گویڤارا و نێروودا تێکەڵی شیعریان بووە.

من لە دیوانی یەکەممدا کۆمەڵێ ڕەمزم لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگیی کوردەوە وەرگرتووە: وەک شێخ مەحموودی حەفید، قازی محەمەد، چوارچرا، بەردەقارەمان، کچە نەغەدە، مەولەوی و عەنبەر خاتوون و تاوەگۆز، ئەختەر، چەمی ڕێزان، قامیشلی، مەهاباد، دیاربەکر، داریکەلی، مەم و زین و ئاگری. بێجگە لەوانەیش کۆمەڵێ ڕەمزی دیکەم بە کار بردوون کە لە کەلەپووری سیاسی و دینی و فەرهەنگیی گەلانی دیکەوە هاتوون؛ عیسا و مریەم و ڕۆمیۆ، سیزیف، سپارتاکۆس، گویڤارا، کاسترۆ، خەوەرنەق و سینیممار. (فاتکە)یش کەسێکی ڕۆمانەکەی ئیڤۆ ئەندرێڤیچە (پردەکەی سەر درینا).

ئێستا ئیدی بە شێوەیەکی دیکە شیعر دەنووسم. بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی ئەم پانزدە ساڵەی دواییم زێتر لەگەڵ بابەتەکانی فەلسەفە و ئۆنتۆلۆگی و تەسەووفدا خەریک دەبن. لەم شیعرانەیشدا ڕەمز قورساییی خۆی هەیە، بەڵام کەمجار پەنا دەبەمە بەر ئەو ڕەمزە کۆنکرێتانەی جاران ئاشنایان بووم. بەشێک لە تێرمینۆلۆگی و ڕەمزەکانی ئێستای ناو شیعرەکانم هەر ئەوانەن کە شاعیرانی سۆفی پێشکێشیان کردوون و بوونەتە بەشێکی بنەڕەتانەی ئەدەبی تەسەووف. ڕەنگە بکرێ باسی فەرهەنگێکی، قامووسێکی تایبەتی وشە و ڕەمز و دەربڕینی ئەدەبی سۆفییانە، ئەدەبی عیرفانی بکەین، بەڵام ئەوەیش دەزانین کە زۆر جار شاعیرانی سۆفی هەر یەکەیان ڕەمزەکانیان بە شێوەی جیاواز و تایبەتی خۆیان بە کار هێناون.

شاعیر لە ئەنجامی کارکردنێکی درێژخایێندا قامووسی تایبەتی خۆی دروست دەکات، کە تا ڕادەیەکی زۆر دەکرێ نیشانەکانی بکرێنە کلیلی کردنەوە و

تێگەیشتنی تێکستەکان. بەڵام لە هەندێ ڕوویشەوە تەئسیری شاعیرانی پێش خۆی لە قامووسەکەیدا دەردەکەوێت.

هـ. بەرزنجەیی: بە وەرگێڕانی کۆمەڵێ بەرهەمی ئەدەبی لە کوردییەوە بۆ سوێدی، توانیوتە چ ئاشنایەتی و دۆستایەتییەک بۆ ئەدەبەکەمان لای سوێدییەکان بخوڵقێنی؟

شاکەلی: خوێنەری ئەوروپایی لە بەردەم هەڕەشەی مێشکشۆردنەوەدایە و هەر بەڕاستی بەشێکی زۆریشیان مێشکیان شۆردراوەتەوە. فەرهەنگی ئەمڕۆی ئەوروپایش فەرهەنگێکە کارکردی بیری ڕەگەزپەرستانەی بە ئاشکرا پێوە دیارە و بە سەدان پێشبڕیاری نارەوا و نامرۆڤانە ئاخنراوە. لە بارێکی ئاوادا باوەڕ ناکەم مرۆڤ بتوانێ چاوەڕێی ئەوە بێت مەسەلەیەکی ڕەوای گەلێکی یا وڵاتێکی جیهانی سێیەم، یا ڕۆژهەڵات و بە تایبەتیش گەلێکی موسڵمان، لە مێشک و ویژدانی مرۆڤی ئەوروپاییدا جێگایەکی باشی دەست بکەوێت. ئەوپەڕی هاودەردیی کابرای ئەوروپایی لە پلەی بەزەیی ناچێتە سەرەوە. ئەوجا ئەگەر دۆستایەتییەک بە هۆی ئەدەبییاتەوە دروست ببێت، دیارە ڕووبەرێکی یەکجار تەسکیش دەگرێتەوە. ڕووداوی سیاسی و ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دنیای ئەمڕۆ دەخڵێکی زۆری بەسەر خوێندنەوە و تێگەیشتنی خوێنەر و ڕووناکبیری ئەوروپاوە هەیە. ڕووناکبیری سوێدی، کە پێم وایە چاکیان دەناسم، ترسنۆکترین ڕووناکبیری دنیایە. هەمیشە هەوڵ دەدات بە زمانی ڕەسمیی ماسمێدیا (دەستگای ڕاگەیاندن)ی وڵاتەکەی قسە بکات. هەرگیز ناوێرێت بێ پێچوپەنا پشتگیریی مەسەلەی ڕەوای گەلێکی داگیرکراو و ستەمبینیو بکات. زۆر زۆر پیاوەتیت لەگەڵ بکات ئەوەیە کە خۆی بە بێلایەن پێشان بدات لەنێوان تۆ و دوژمنەکانتدا. هەندێ ڕووناکبیری چەپ یا بەڕاستی هیوومانیست هەن، کە بڕێک باشترن. بەڵام ئەمانەیش یەکجار کەمن و نابنە نموونە و بنەما، بەڵکە ڕێزپەڕن.

لەم سوێدە گەلێک جار چاوم بە سەرژمێری ئەو کتێبانە کەوتووە کە لە ماوەی ساڵێکدا کراون بە سوێدی. ئێستا ژمارەکانم لە بەردەستدا نین، بەڵام ئەوەم لە بیرە کە ئەگەر لە ماوەی ئەو ساڵەدا ٢٠٠٠ کتێب تەرجەمەی سوێدی کرابێت، ئەوا نزیکەی ٦٥ –٧٠٪ لە ئەمریکایی و ئینگلیزییەوە دەکرێت، نزیکەی ٢٥٪ لە فرانسی و

ئەڵمانی و ئیتالییەوە، نزیکەی ٥ , ٤٪ لە زمانەکانی دیکەی وەک هۆڵەندی و ڕووسی و ژاپۆنییەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە، واتە نزیکەی ٥ , ٠٪، کە دەکاتە ١٠ کتێب لەو دوو هەزارە، لە زمانی وەک هندی، ئۆردوو، فارسی، تورکی و کوردییەوە دەکرێتە سوێدی. (جاری وا هەیە لە حەوت ساڵدا یەک دانە کتێب لە کوردی یا ئۆردووەوە ناکرێتە سوێدی). ئەمە وێنەیەکی زۆر ڕوونی هەلومەرجەکەیە. بەشی هەرە زۆری تەرجەمەکان وەک ئەرکێک لەلایەن پەخشخانەکانەوە بە وەرگێڕان دەسپێردرێت و پارەیەکی باشیشیان دەدەنێ. بەڵام پەخشخانەکانی سوێد خۆیان بەوەوە ماندوو ناکەن کەسێک ڕاسپێرن ئەدەبی خەڵکی کورد یان ئەرمەن یا جابوڵقا بکەنە سوێدی. لەم بوارەدا هەرچییەک کرابێت بە چاوقایمیی ڕووناکبیر و نووسەرانی کورد خۆیان کراوە و بە هۆی دۆستایەتی و پێوەندیی شەخسییەوە ئەنجام دراوە. کورد لە سوێد یەکێکە لە گرۆ بزێو و چالاکەکانی ناو بێگانەکانی سوێد. ڕووناکبیر و نووسەر و خوێنەواری کوردیش لە گوێرەی گرۆیەکانی دیکە کەم نین و بە بەرچاوەوەن. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا، وەک کتێبی سەربەخۆ، تەنیا دیوانی چوار شاعیری کورد تەرجەمەی سوێدی کراون: گۆران، شێرکۆ بێکەس، فەرهاد شاکەلی و ڕەفیق سابیر (ڕێزکردنەکە کرۆنۆلۆگییە). ئیدی ئاو بێنە و دەستان بشۆ! تا ئێستا هیچ ڕۆمانێک یان کۆمەڵەچیرۆکێک لە کوردییەوە نەکراوەتە سوێدی.

دوو سێ ساڵێک دوای هاتنم بۆ سوێد، کەوتمە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە دەبێ هەندێ نموونەی ئەدەبی کوردی بکەمە سوێدی و ئەو وێنەیەی لای سوێدییەکانەوە لەبارەی کوردەوە دروست بووبوو، بگۆڕم. ئەوان پێشتر تەنیا کوردستانی تورکیایان ناسیبوو، لەناو ئەوانیشدا هەندێ کۆلکەخوێندەوار هەبوون، کە بەڕاستی بووبوونە پەڵەی شەرمەزاری بۆ کورد. سوێدییەکانیان وا تێگەیاندبوو کە کورد نە زمانی هەیە و نە ئەدەبییات. خۆیان لێرە هەرچییەکیان دەنووسی، دەیانوت ئەمە یەکەمین جارە کورد ڕۆمان، کتێبی منداڵ، شانۆنامە یا هەر شتێکی دیکەی نووسیوە، بۆ ئەوەی خۆیانی پێوە گەورە بکەن و پارە لە دەستگا سوێدییەکان وەربگرن.

یەکەمین کار ئەوە بوو کە لەگەڵ کاک بەختیار و شاعیری سوێدی لارش بێکستروێمدا کۆمەڵێ شیعری مامۆستا گۆرانمان کردە سوێدی. کتێبەکە دەنگێکی باشی دایەوە و ١٣ جار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە باشی لەسەری نووسرا. دوو

کوردیش زۆر بە خراپی لەسەریان نووسیبوو. یەکێکیان نەک کوردیی خواروو، بگرە کرمانجییش نازانێ. ئەوی دیکەیشیان وتبووی گۆران شیعری چاکتری هەیە، دەبوو ئەوانە تەرجەمە بکرێن وەک (لێنینی مەزن و مۆسکۆی جوان!).

ساڵی ١٩٨٥ دەستمان کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی فەرهەنگی بە زمانی سوێدی. ژۆرناڵی سوێدی کوردی، کە من سەرنووسەری بووم و چەند دۆستێکی کورد و سوێدی لە دەستەی نووسەرانیدا بوون. لە ماوەی چوار ساڵدا ١٦ ژمارەمان لێ بڵاوکردەوە و گۆڤارەکە دەگەیشتە دەست باشترین ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری سوێدیش. لە هەموو ژمارەیەکدا شاعیرێکی کورد، چیرۆکنووسێکی کورد و کوردناسێکمان پێشکێش دەکرد. هەروەها وتار و لێکۆڵینەوەمان لەبارەی زمان، مێژوو، کۆمەڵگە و ئەدەبی کوردییەوە بڵاو دەکردەوە. لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٩١دا شیعرەکانمان لە ئەنتۆلۆگییەکدا کۆکردەوە و چاپمان کردن (بۆنی هەوری وڵاتەکەم)، کە بەرهەمی چواردە شاعیری کوردی گرتەوە. ئەمەیش دەنگێکی باشی دایەوە و لەسەری نووسرا.

هەر لە ساڵی ١٩٨٥دا ئەو لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی لەسەر بیری کوردایەتی لە مەموزینی خانیدا بە ئینگلیزی نووسیبووم، کرایە سوێدی و وەک کتێب بڵاو کرایەوە. لە ساڵی ١٩٩٨یش کۆمەڵێ لە شیعرەکانی خۆم، کە سێ وەرگێڕی سوێدی تەرجەمەی سوێدییان کردبوو، بە کتێب بڵاوکرایەوە: مروارییەک لە گۆمی لێڵی خەوندا، کە تا ئێستا دوو جار خەڵاتی ئەدەبیی وەرگرتووە. هەر لەم ساڵانەیشدا بە هاوکاریی چەند دۆستێکی سوێدی نزیکەی ٢٥ کورتەچیرۆکی ١٥- ١٦ چیرۆکنووسی کوردمان تەرجەمەی سوێدی کردووە و خۆیشم پێشەکییەکی دووروودرێژم بۆ نووسیون، بەو هیوایەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەیش وەک ئەنتۆلۆگییەک بڵاو بکرێتەوە.

من ناڵێم ئەم کارانەی ئێمە هیچ تەئسیرێکیان نییە، بەڵام تەئسیرەکە یەکجار کز و لاوازە. ئەمە مەسەلەیەکی سیاسیی ڕووتە و مەعنای ئەوە نییە ئەدەبی کوردی یا ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئەدەبێکی خراپ و نزمە و بە کاری خوێندنەوە و لێوردبوونەوە نایەت. مرۆڤی ئەورووپایی مێشکی پڕ کراوە لە درۆ و دەلەسە لەبارەی ڕۆژهەڵات و لە پێش هەمووانیشدا لەبارەی ئیسلامەوە. ئەمە شتێک نییە بە نەزانی بکرێت، یا

جارێک و دوو جار بە هەڵکەوت ڕوو بدات و هەڵەیەکی هونەری و تەکنیکی بێت. ئەمە سیاسەتێکی نەخشەبۆکێشراو و چەسپاو و دارێژراوە. کاتێ کاریان بە خەڵکی ئەفغانستان هەبوو، بۆ دوژمنایەتیکردنی سۆڤیێت و کۆمونیزم، بە میلیۆنان دۆلاریان خەرج دەکرد بۆ باسکردنی ئەو وڵاتە. دەیان فەرەنجی لە شانی ئەفغانییان دەهێنا بۆ ئەوروپا و وەک قارەمان و پاڵەوان پێشکێشیان دەکردن. ئەگەر نووسەرێکی ڕۆژهەڵاتی دژی ئیسلام بنووسێت، بە تایبەتیش ئەگەر ژن بێت، بەرهەمەکانی تەرجەمەی دەیان زمان دەکەن و سەدان جار دەیهێننە سەر تەلەڤیزیۆن و گەورەی دەکەنەوە: سەلمان ڕوشدی، نەوال سەعداوی و تەسلیمە نەسرین. ژنە ئەمەریکاییەکی بێفەرهەنگی وەک (بێتتی مەحموودی) دەکەنە ڕۆماننووس و ڕۆمانە ڕەگەزپەرستانە و فاشیستییەکەیشی (بەبێ کچەکەم، نا Not without my) (daughter تەرجەمەی دەیان زمان دەکەن و بە میلیۆنان دانەی لێ دەفرۆشن و دواتر دەیکەنە فیلم و لە سەرتاسەری سینەما و تەلەڤیزیۆنەکانی ڕۆژاوای خاوەن شارستانەتیدا جار لە دوای جار و ساڵ لە دوای ساڵ دووبارە و دەبارەی دەکەنەوە و هەزاران سووکایەتی بە میلیاردێ مرۆڤی ئەم جیهانە و فەرهەنگێکی هەزاروپێنجسەد ساڵە دەکەن.

لە وڵاتانی لای خۆمان و لە زۆر جێگای ئەم دنیایەیش خەڵاتی نوبێل (نەک نۆبڵ!!!) وەک ڕووداوێکی زۆر گەورە و پاداشتێکی ئەدەبیی یەکجار پیرۆز تەماشا دەکرێت. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە سەرنج بدەیتە پرۆسێسی هەڵبژاردن و بڕیاردانی ئەم خەڵاتە، بۆت دەردەکەوێت کە هەمووی مەیموونبازییەکی بێتامی درۆزنانە و چەواشەکارانەیە. با بە کوردییەکەی عەرزت بکەم، مێشکی خوێنەواری ئەوروپایی، بە گشتی، دیلی دەستی سیاسەتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمە و دیلی چڕنووکی ئەژدیهای دەستگاکانی ڕاگەیاندنە و لەبەر ئەوەیش خوێنەوارێکی کۆنفۆرمیستە (conformist نازانم بە کوردی چیی پێ بگوترێ باشە؟).

هـ. بەرزنجەیی: وا بۆ ٢٠ ساڵ پترە پەڕاگەندەی ئەوروپا بوون. ژیانی تاراوگە چ ئەزموونێکی لا دروست کردوون؟ تاراوگە گەشەپێدەر و یارمەتیدەرت بوو، یاخود...؟ تاراوگە لاتان چی دەبەخشێ؟

شاکەلی: ئێمە زۆرجار بە هەڵە وا تێگەیشتووین کە خۆمان بڕیاری چارەنووسی خۆمان دەدەین و ئەمە خۆمانین کە نەخشە بۆ قۆناغی جیاوازی ژیانمان دەکێشین. بەڵام باوەڕ بفەرموو هیچ وا نییە. پیاو کە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ بیر لە بەسەرهاتی ژیانی خۆی یا کەسانی دیکە دەکاتەوە، وای دێتە پێش چاو وەک بڵێی، ئێمە هەموو خرابێتینە ناو لابرینتێکەوە و بێ ویستی خۆمان، مشکئاسا، بەم کۆڵان و بەو کووچەیەدا دێین و دەچین و پێیشمان وایە، ڕێگەمان هەڵبژاردووە و ڕێگەمان دۆزیوەتەوە. ئەگەر هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان بە دەست خۆم بووایە، ڕەنگە بەشێکی زۆریم بە شێوەیەکی دیکە دابڕشتایە. من خۆم تاراوگە و ژیانی تاراوگەم هەڵنەبژارد، بەڵکە تاراوگە یەکێک بوو لە سێ یا چوار ئەڵتەرناتیڤی خراپ، بەڵام، پێم وا بوو، خراپییەکەی ئەمیان لەوانی دیکە کەمترە. ئەزموونی ژیانی تاراوگە یەکجار زۆر و سەرشار و دەوڵەمەندە، کە ناکرێ لێرەدا کورتیان بکەمەوە و هەر پێویستیش ناکات.

من هەر لە سەرەتاوە، خۆشبەختانە، بە چاوکراوەیی بیرم لە ژیانی ئەورووپا دەکردەوە. زۆر لەو هاوڕێ و دۆستانەی کە هەر لەو ساڵانەدا، یان ساڵانی دواتریش، هاتنە ئێرە ڕێگەی دەوڵەمەندبوونیان هەڵبژارد. خوا پێیان ڕەوا ببینێت، زۆریان گەیشتنە ئامانجی خۆیان و هەندێکیان بوونە میلیۆنێریش. منیش ڕێگای دەوڵەمەندیم گرتە بەر، بەڵام جۆرێ دەوڵەمەندیی دیکە و جیاواز. من حەزم لەوە بوو هێندەی بتوانم خۆم لە بواری زانست و زانیاریدا پێ بگەیێنم و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم دنیا پانوبەرینەدا پەیدا بکەم و هەر وایشم کرد. بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێگام گرتە بەر: یەکەم، خوێندنەوە و خوێندن و دووەمیش سەفەرکردن و گەڕان. سەرمایەی من ئێستا ئەو هەزاران کتێب و گۆڤار و سەرچاوانەیە کە هاوڕێ و هاودەمی خۆشەویستمن و ئەو یادگار و بیرەوەرییانەیە کە لە سەفەری وڵاتی جۆربەجۆری ئەم دنیایە بۆم ماوەتەوە.

ژیانی تاراوگە ئەزموونێکی یەکجار قووڵە. ئەوەی بە شیعر و چیرۆک و هونەر دەرمبڕیوە تەنیا بەشی سەرەوە و بەرچاوی سەهۆڵەچیایەکە (ئایسبێرگ Iceberg) کە کەسی دیکە بەشە نادیارەکەی نە دەبینێت و نە ئاگای لێیەتی. هونەر و ئەدەبییاتیش ناتوانێت ئەو بەشە شاردراوەیە دەرببڕێت. لە وتاری (بە جامی ئەوینێک گیان مەستە و تەن وێران)دا شتێکم لەبارەی ئەزموونی دوورەوڵاتییەوە نووسیوە.

هـ. بەرزنجەیی: زمانی شیعری هاوچەرخی کوردی لە چ ئاستێکدا دەبینن؟ بە بینینی ئێوە خودی ئەدەبەکەمان لەم سەردەمەدا لە کوێدا دەبینن؟

شاکەلی: زۆر زەحمەتە هەر وا بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی زمانی شیعری سەردەمێکەوە قسە بکرێت. لە هەموو سەردەمێکدا شاعیری چاک و خراپ هەن. تەنانەت لە ژیانی ئەدەبیی شاعیرێکیشدا قۆناغی جیاواز هەن. لەوەیش بترازێت، ئێمە کە باسی زمانی شیعر دەکەین دەبێ لە دوو لایەنی گرنگەوە سەرنجی بدەینێ؛ لە ڕووی ڕێزمان و بەکارهێنانی ڕاست و دروستەوە و لە ڕووی هونەری و جوانییەوە، کە وێنەی شیعری و سەلیقەی هەڵبژاردنی وشەیش دەگرێتەوە. ئەو شاعیرانەی کە هەردوو ئەو بوارانەیان سەرکەوتووانە پێکەوە گونجاندووە یەکجار کەمن. ئەمە جیاوازییەکی گەورەی نێوان سەردەمی ئێمە و سالآنی چل و پەنجا و شەستەکانی کوردستانە. لەو سەردەمەدا مامۆستا گۆران لووتکەی جوانی و بەبڕشتیی زمانی کوردی بوو. بەڵام هاوکات کۆمەڵێک شاعیری دیکە هەبوون کە ئەگەر لە ئاستی گۆرانیشدا نەبووبن، دیسان لە بەکارهێنانی کوردیدا سەرکەوتوو بوون. هەر لە سەردەمی ژیان و چالاکیی شاعیرانەی گۆراندا، شاعیری وەک ئەسیری، دڵدار، کامەران، عەونی، هەردی، دیلان، هێمن، هەژار و قانع هەبوون. ڕەنگە تۆ و من ناوەڕۆکی شیعری هەندێک لەمانەمان بە دڵ نەبێت، بەڵام ناتوانین چاو لەو ڕاستییە بنووقێنین کە زمانیان چاک و ڕاست بە کار هێناوە.

ئەمڕۆ شاعیری کورد یەکجار زۆرن. بێگومان زۆریان شیعرنووس و شیعربازن نەک شاعیر. لەناو ئەم هەموو شاعیرەدا ئەوانەی کە بەڕاستی شارەزای زمانی کوردین و جوان دەنووسن و کەرەستە هونەرییەکانیان بەتەواوەتی دەستەمۆ کردووە، یەکجار کەمن. شاعیرانی هەشتا و نەوەدەکان، سێ چوارێکی لێ دەرچێت، لە ڕووی زمانەوە کۆڵەوارن و زمانە کوردییەکە بە دەستیانەوە داماوە. شارەزای ڕێزمان نین، گەنجینەی وشەیان لە نیوە زیاتری هەر بە چۆڵی ماوەتەوە، ئاگایان لە زمانی شیعری کلاسیک نییە و ئەو وردەکارییەی دەبێ شاعیرێک فێری ببێت، هەر نەشیانبیستووە و نازانن بەری چ دارێکە و بنچکی کامە بیابانە. ئەمەی لەبارەی شیعرەوە دەیڵێم لە

چیرۆکیشدا هەر وایە، ئەگەر خراپتریش نەبێت.

بەشی دووەمی پرسیارەکەتم، وا بزانم، لە جێگەیەکی تردا وەرام داوەتەوە.

هـ. بەرزنجەیی: لە کارنامەی دۆکتۆراکەتاندا بە ناوی لایەنی کوردایەتی لە مەم و زینی خانیدا چ ئەنجامگیرییەکی نوێت تێدا کردووە؟

شاکەلی: با جارێ پێشەکی ئەوە ڕاست بکەمەوە کە من کارنامەی دۆکتۆرام نەنووسیوە. ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر "کوردایەتی لە مەموزینی خانیدا" کردوومە، بەشێک بوو لە پێشمەرجەکانی وەرگیران بۆ خوێندنی دۆکتۆرا.

کتێبی (مەم و زین) یەکێک بوو لەو کتێبانەی کە هەر لە منداڵییەوە لە کتێبخانەکەی باوکمدا بینیبووم و چەند جارێکیش هەروا دەستم دابووێی و لێرە و لەوێ چەند دێڕێکم لێ خوێندبووەوە، بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆی تێبگەم. کە لە زانستگەی بەغدایش خوێندکار بووم (مەم و زین)مان دەخوێند، بەڵام خوێندنێکی سەراوی و بێ ئەوەی لە لایەنە هونەری و زمانەوانی و فەلسەفییەکانی نزیک ببینەوە. کە هاتمە سوێد، جارێکی دیکە دەستم کردەوە بە خوێندنەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد. ئەم جارە باشتر و قووڵتر (مەم و زین)م خوێندەوە. زۆر حەزم دەکرد شتێکی لەسەر بنووسم. کە لە زانستگەی ئوپسالا دەستم بە لێکۆڵینەوە کرد ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت. سەیر ئەوەیە لەوەتی مەم و زین نووسراوە هەر باسی ئەوە دەکرێ کە بناخەی کوردایەتی لەوێوە دەست پێ دەکات، کەچی کەس نەهاتووە بە حیساب و بە کیتاب ئەمە ڕوون بکاتەوە و لێی بکۆڵێتەوە. لایەنەکانی دیکەی مەم و زین کەموزۆر شتیان لەسەر نووسراوە، بەڵام لایەنی بیری کوردایەتی، یا ناسیۆنالیزم، هیچی ئەوتۆی لەسەر نەنووسرابوو. بۆیە بە چاکم زانی لەسەری بنووسم.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵم داوە بیرە بنەڕەتییەکانی خانی لەبارەی هەلومەرجی کوردستان و ڕێگاچارەی ڕزگاربوونەوە شی بکەمەوە. خانی ئەو بیرانەی لە دیباچەی کتێبەکەیدا دەربڕیوە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەیشدا بیروباوەڕی وا هەن کە دەکرێ بۆ تێگەیشتنی شێوەی بیرکردنەوەی خانی یارمەتیدەر بن. ئەنجامگرییەکەی من لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو بەرنامەیەیە کە خانی لەبارەی کوردی سەردەمی خۆیەوە هەیبووە. من هەوڵم داوە بیرەکانی خانی لە قەوارە و چوارچێوەی خۆیاندا

دابنێم و بخوێنمەوە، نەک ئەوەی بێم بە زۆر بیر و بۆچوونی خۆم بەسەر تێکستەکەدا بسەپێنم، کە ئەوە هەڵناگرێ. لە یادی سێسەد ساڵەی نووسرانی مەم و زیندا ئەوەی تەنیا بەرگی کتێبەکەشی چاو پێ کەوتبوو دەستی دایە قەڵەم و لەسەر مەم و زینی نووسی. هەر یەکێکیش خانیی بە لای خۆی و بە لای حیزب و تاقم و بیروباوەڕێکدا ڕادەکێشا. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاژاوە و پشێوییە سیاسییە بوو کە لە ناو خوێندەوار و ڕووناکبیرانی کورددا تەشەنەی کردبوو. بەڕاستی مەم و زینی شێخی خانی هیی ئەوەیە کە دەیان لێکۆڵینەوەی جیددی و زانستانەی لەسەر بنووسرێت.

هـ. بەرزنجەیی: ئایا خوێندنەوەی ئێوە بۆ "خانی" دەکرێت لە مەم و زینی خانییەوە ساتەوەختی هزری و مێژووی ڕۆشنبیری کورد دابنرێت؟ پەیوەست و کاریگەرێتیی ئەو خوێندنەوەیە لەسەر دنیای هەنووکەی مێژوویی و سیاسی و هزریمان چەندە؟ چ جۆرە لێکنزیکی و دوورییەک لەم میانەدا هەیە؟

شاکەلی: زۆر گرنگە کاتێک خانی، یا هەر شاعیرێکی کلاسیک، دەخوێنینەوە، ئەمە نەبێتە هۆی ئەوەی مێشک و ئاوەز و توانستی بیرکردنەوەمان قەتیسی ئەو سەردەمە و نرخەکانی ئەو سەردەمە ببێت، دەنا ئێمەیش دەبینە بەشێک لە ڕابوردوو. ئەگەر کەسێک خۆی لە رابردوودا ژیابێت و ئێستا بووبێتە بەشێک لە ڕابوردوو، دیارە ئەمە زۆر ئاسایی و سروشتییە، بەڵام تۆ ئێستا کە خۆت هەیت و دەژییت و لەم سەردەمەدا چالاکیت، بە دەستی خۆت، خۆت بکەیتە بەشێک لە ڕابوردوو، ئەمەیان کارەساتە، وشکبوونەوەیە... خۆلادان لەم مەترسییە بەوە نابێت، کە ڕابوردوو، کلاسیک، یا کۆن پشتگوێ بخەین و خەتێکی چەپ و ڕاستی بەسەردا بێنین. ئەوە خۆدزینەوەیە لە ئەرکێکی هونەری، خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارییەکی گرنگ، کە بۆ کامڵکردنی ئەمڕۆ و داهاتوویش پێویستە. دەزانم هیی وا هەن خۆیان بەوە دەپەڕێننەوە، کە گاڵتە بە ڕابوردوو بکەن و خۆیان ئەوەندە بە مۆدێرن و پێشکەوتوو دابنێن کە بۆ ئەوان نەهاتووە توخنی ئەو شتە کۆن و پواوە بکەون. ئەمە کۆنەپەرستییە، کۆنەپەرستییەکی ترسنۆکانە.

خوێندنەوەی ڕابوردوو دەبێت لە چوارچێوەی دینامیزمێکدا بێت کە ڕابوردوو،

ئێستا و داهاتوو پێکەوە ببەستێتەوە. دیارە دەبێ ئەوەیشمان لا ڕوون بێت کە خوێندنەوەی ڕابوردوو کارێکی هەروا ئاسان نییە بە هەموو خوێندەوار یا ڕووناکبیرێک بکرێت، چونکە ئەمە بێجگە لە وریایی و هۆشیارییەکی یەکجار زۆری هونەری و مێژوویی، خوێندنەوەی قووڵی کۆمەڵێ زانستی گرنگیشی پێویستە، کە ڕەنگە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا فێربوونیان خۆماندووکردنێکی زۆری بوێت. من لێرەدا هەر وەک نموونە باسی دوو لایەن دەکەم کە پێوەندییان بە شێوە و ناوەڕۆکەوە هەیە. بۆ ناسین و نرخاندنی شیعری کلاسیکی، بێ شارەزایی لە زانستی (عەرووز)دا خوێنەر و لێکۆڵەرەوە دەستەپاچە دەبێت و ناتوانێ ڕادەی گونجاندنی بیر و قاڵبە هونەرییەکە تێ بگات. بەشێکی گرنگی ئەو لێکۆڵینەوە ستروکتورالیستییانەی لەبارەی شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسییەوە دەکرێن، بایەخێکی زۆر بە لایەنی کێش دەدەن. کەمال ئەبوودیب ڕەخنەگرێکی ناسراوی عەرەبە و لە نووسینەکانیدا ڕێباز و تیۆریی ستروکتورالیزم بە کار دەبات. ئەبوودیب کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی یەکجار نایابی لەسەر شیعری عەرەبی نووسیوە، کە بەڕاستی خوێندنەوەیان ئاسۆیەکی فراوان لە بەردەم خوێنەردا دەکاتەوە لە ناسینی ئەو ئەدەبە و ئاشنابوون لەگەڵ نرخە هونەری و زمانەوانی و ڕۆحییەکانی عەرەبی پێش ئیسلام. بەشێکی گرنگی کارەکانی ئەبوودیب لەبارەی فۆرمی ئەو شیعرەوەیە، کێشی شیعرەکان و توانستی شاعیر لەوەدا کە لەو چوارچێوەیەدا میتافۆر و بیر و هەستەکانی خۆی جێ بکاتەوە. نووسەر و لێکۆڵەرەوەیەکی لێهاتووی دیکە لەم بوارەدا دۆستی بەڕێزم (شتێفان شپیرل)ی مامۆستای ئەدەبییاتی عەرەبییە لە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی زانستگەی لەندەن. ئەویش لە لێکۆڵینەوەی شیعری کلاسیکی عەرەبیدا ڕێبازێکی ئاوای گرتۆتە بەر و کاری نایابی پێشکێش کردووە. هەروەها ئاشنایەتی و ناسین و شارەزابوونی تەوژمە فیکری و فەلسەفییەکانی ڕابوردوو مەرجێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی شیعری کلاسیکی. یارۆ کە نەزانێ تیۆریی (وحدة الوجود)ی ئیبن عەرەبی چییە، چۆن دەتوانێ لە شیعری مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، مەولەوی یا مەحوی بگات؟ خانی بیریارێکی گەورەی سەردەمەکەی خۆیەتی. بە خوێندنەوەی شاکارەکەی، مەم و زین، مرۆڤ تێ دەگات کە ئەم پیاوە چەندە شارەزا و ئاشنای زانستی جیا جیا بووە. بەڵام هاوکاتیش ئەوە ئاشکرایە کە خانی خاوەنی بیری خۆیەتی و زۆر سەربەخۆیانە بیر دەکاتەوە، واتە خۆی نابەستێتەوە بە قاڵبە

ئامادەکانی فیکرەوە و فیکری لا نەبۆتە دۆگما. خانی ئەڵقەیەکی گرنگە لە زنجیرەی زێڕینی مێژووی بیر لای کورد. ئەو خۆی بە بەردەوامییەکی مەلای جەزیری و شاعیرانی پێش خۆی دەزانێت. لە ڕووی هونەر و فیکرییشەوە بەشێکە لە سیستەمی هونەری و فیکریی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی. خانی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە، ئەو لقەی کە ڕاستەوخۆ لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتووە و لە بیر و ڕێبازی شای نەقشبەند، شێخ محەمەدی بەهائوددینی بوخاراوە (١٣١٨ – ١٣٨٩)، کەوتۆتەوە. لەبەر ئەوەیش زیاتر ڕێی تێ دەچێت کە باوەڕی بە تیۆریی (وەحدەت ئەلوجوود)ی ئیبن عەرەبی (١١٦٥ – ١٢٤٠) هەبووبێت، نەک (وەحدەت ئەلشوهوود)ی شێخ ئەحمەدی فاروقی سرهندی (١٥٦٣ – ١٦٢٤). خانی ئەگەر تەنانەت ناوی نیزامی و جامیی لە شاکارەکەیشیدا نەهێنایە، ئەوە هەر دیار دەبوو کە لە ڕووی هونەرییەوە ڕێبازی ئەوانی گرتووە و خۆی بە ئەندامێکی خوێندنگەکەی ئەوان دادەنێت.

باوەڕ ناکەم خانی لە سەردەمی خۆیدا کارێکی زۆری کردبێتە سەر خوێنەوارانی کورد یا لایەنگری هەبووبێت، بەڵام تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر کاری کردۆتە سەر نەوەکانی دوای خۆی. فیکری قووڵ و تازە وایە، هەر وا بە ئاسانی بڵاو نابێتەوە، بەڵکە کاتی دەوێت تا خەڵک تێی بگەن. بیری خانی لە ناو بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا زۆر کاریگەر بووە و بێگومان کاری کردۆتە سەر شێوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان. ئەو هەستی کوردایەتییەی لای زۆربەی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە دەیبینین و جێدەستیان بە مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردەوە ئەوە نیشان دەدات کە ناکرێ نەکەوتبێتنە ژێر تەئسیری بیری خانییەوە. هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە ئەم فیکرە گەیشتۆتە شاعیر و ڕووناکبیری گەورەی وەک حاجی قادری کۆیی (١٨١٦ – ١٨٩٧). ئەمیش ئەو بیرەی زیاتر پێش خستووە و گەشەی پێ داوە و بڵاوی کردۆتەوە. کەواتە سیلسیلە و شەجەرەی بیری ڕزگاریخوازانەی ئەمڕۆی کورد، بمانەوێ و نەمانەوێ هەر دەچێتەوە سەر ئەحمەدی خانی.

خانی لە ڕووی هونەرییشەوە یەکێکە لە باوباپیرانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی کورد. ڕەنگە هەر کەسە بەپێی بۆچوونی خۆی ئەم خزمایەتییە لێک بداتەوە. من پێم وایە بۆ کەسێکی هونەرناس، بۆ نووسەر و شاعیر و هونەرمەندێکی ئەم سەردەمە، مەم و زین ئەوەی فێر دەکات کە شاعیر و هونەرمەند دەبێ پلەی بەرزی ئێستێتیکی و

کامڵبوونی هونەر وەک ئامانجێک تەماشا بکات و نابێ هونەر بکاتە قوربانیی ئیدیۆلۆگی. خانی ئەگەر هەر تەنیا پەیامە سیاسییەکەی مەبەست ببووایە، دەیتوانی زۆر بە ئاسانی دەستی بکردایەتە هۆنینەوەی دروشمی بێتام و بێپێزی سیاسی: کوردنۆ، ئەم بەلەنگازن، ئەم بێتفاقن. کوردنۆ یەک بن، ڕابن. تۆ دەبینی دووسەدوپەنجا، سێسەد ساڵ دوای خانی، تازە بە تازە جگەرخوێن، یا ئاپێ جاسم دێن ئەم دروشمانە دەکەنە شیعر. ئەنجامەکەیش ئەوەیە شیعرەکانی ئەمان لەگەڵ کۆچی خۆیاندا، ڕەنگە پێشتریش، پێچرانەوە، بەڵام مەم و زینی خانی ئێستایش دەیان لایەنی هونەریی شاراوە و نادیاری ماوەتەوە، کە دەبێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێت.

هـ. بەرزنجەیی: جگە لە شیعر و وەرگێڕان لەم ماوەیەدا کۆمەڵێ چیرۆکت بڵاوکردەوە. ئەمە بەڵگە و نیشانەیە بۆ ئەوەی هەر بە (تەنیا) شیعر دەرەقەتی خەم و ئازار و ئەندێشەکان نایەت؟ یاخود دەتەوێت لە بوارێکی دیکەیشەوە تێی هەڵچیت؟ بە ئاگاییی من تۆ زیاتر لەگەڵ کاری پسپۆری و تەرخانی لە یەک بواردا، نەک توانا پەرش و بڵاوکردن و بەشاندنەوەی بە چەند بوارێکدا؟

شاکەلی: وا بزانم لەو کورتە پێشەکییەدا کە بۆ کۆمەڵەچیرۆکی (بۆنی تاریکی)م نووسیوە لەم بارەیەوە شتێکم وتووە. بەڕاستی من نە چیرۆکنووسم و نە بەتەمایشم ببمە چیرۆکنووس. بەڵام زۆر بیری وا هەن کە لە چوارچێوەی شیعردا جێیان نابێتەوە و شیعر بە تەنیا دەرۆستیان نایەت، لەبەر ئەوە دەبێت چوارچێوەی دیکەیان بۆ بدۆزمەوە. بەڵام نووسینی چیرۆک مەعنای ئەوە نییە کە من توانست و بەهرەی خۆم پەرش و بڵاو دەکەمەوە، چونکە چیرۆکیش و شیعریش دەچنە بازنەی داهێنانەوە، داهێنانی ئەدەبی و، بۆ هونەرمەندێک گرنگترین شت ئەوەیە هەستی خۆی دەرببڕێت، ئیدی چوارچێوەکە چ دەبێت با ببێت. ئەمە لەگەڵ نووسینی دیکەدا جیاوازە، مەبەستم ئەو نووسینانەیە کە دەبێت نەخشەیان بۆ بکێشیت و پێشەکی خۆتیان بۆ ئامادە بکەیت، وەک وەرگێڕان یا لێکۆڵینەوە. جاری وا هەبووە بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەک من ناچار بوومە نزیکەی یەک ساڵ خۆمی بۆ ئامادە بکەم و

کـار بکـەم. ئەو دوو لێکۆڵینەوەیەی لـەسـەر کـوردایەتی لە مـەمـوزیندا و پەخـشـانی کـوردی نووسـیـومن، هەر یەکـێکیـان سـاڵێک کـاتی خـایاند. لێکۆڵینـەوەکـان لەسـەر قەسـیدەی کوردی، تەریقەتی نەقشبەندی و ڕووناکبیرانی کورد هەر یەکەیان مانگ و نیو، دوو مانگ پێوەی خەریک بووم.

من کـە باسـی خـۆ تەرخـانکردن دەکـەم، مـەبەسـتم ئەوەیە بـوارەکـانی زانست و زانیـاری لەم سـەردەمـەی ئێـمـەدا هێنده قـووڵ و فـراوان بوونە کـە ئیـدی نـاکـرێ ڕووناکـبیـرێک خـۆی بە هـەمـوو شـتـێکەوە خـەریک بکات. ڕەنگە ئەگەر بمـانەوێت بە تەواوی لە مەسـەلەیەکی زانستی، یا بوارێکی زانیـاری تێبگەین، هەمـوو تەمەنیشـمان تەرخـان بکەین بۆ خـوێندنەوەی ئـەو سـەرچاوانەی لەو بوارەدا نووسـراون، نـاتوانین پێنجیـەکیـان بخـوێنینەوە. کەواتە ڕێگە ئەوەیە کـە ڕووناکبیـر خـۆی بۆ یەک، دوو، یا سێ لایـەنی نزیک لـە یەک تەرخـان بکـات و پەل بۆ هـەمـوو شـتـێک نەهاوێژێت. من ناتوانم شیعریش بنووسم و تەرجەمـەیش بکەم و لێکۆڵینەوە لەسـەر مێژووی ئەدەبیش بنووسم و خەریکی فۆلکلۆر و سایکۆلۆگی و ئەنترۆپۆلۆگی و برێک فیزیا و کەمێکیش بایۆلۆگی ببم. دەزانم ناتەواوی و دواکەوتنی فـەرهـەنگی کورد گەلێ جار وا دەکات کە ڕووناکبیرێکی کورد دەست بۆ هەموو لایەنێکی زانست و زانیاری و فەرهـەنگ ببات، بـەتایبـەت کـە پیـاو دێتـە ئەم ئەوروپایە و ئـەو هەمـوو پێـشکەوتن و بـابەتە سەرنجڕاکێشانە دەبینێت و دەخـوێنێتـەوە. من خۆیشم کە هاتمە ئێرە حەزم دەکرد، هەمـوو شـتـێک بخـوێنمـەوە، هەوڵ بدەم هەمـوو شـتێک بکەمـە کـوردی، یا هـەر نەبێ، ئەوەی ئەوان کردوویـانە، ئێمەیش بـە کوردی هەمانبێت، بەڵام هەر زوو تێگەیشـتم کە ئەمە ناکرێت و مەحاڵە. بەڕاستی خۆی وەک خـەونێک و وەک پرۆژەیەک مەحاڵ نییە، بەڵکە دەکـرێت کـاری بـۆ بکرێت و لـە چوارچێـوەی نەخـشـەیەکی فـەرهـەنگیـدا، لە چوارچێوەی سـیـاسـەتێکی ڕۆشنبـیـریدا بەشـێکی باشی ئەو خـەونانە بێنینە دی. مەبەسـتیشم ئەوەیە کە بۆ تاکەکەس مـەحاڵە. جارێکیـان لە قاتی سێیەم یا چوارەمی کتێبخـانە گـەورە و دەوڵەمەندەکەی بەشی ڕۆژهەڵاتناسـی و ئەفریقاناسیی سـەر بە زانسـتگەی لەندەن ڕاوەسـتـابـووم و تەمـاشـای ئەو میلیـۆنان سـەرچاوەیەم دەکرد کـە لەوێ هـەبوون. لە دڵـی خـۆمـدا بیـرم لەوە دەکـردەوە، کـە ئـەگـەر بمەوێ تەنیـا ئەو سـەرچاوانە بخـوێنمـەوە کـە خۆم حـەزم لێیـانە و لەگەڵ چێژ و کار و سـەلیقـەی مندا دەگـونجێن، دەبـێ هیچ نەبێ بیـسـتـهـەزار سـاڵ بژیم. حـەز و کـار و سـەلیقـەی من

گەردیلەیەکی بچووکی دنیای زانست و زانیارین لەم سەردەمەدا.

ئەگەرچی من لە پلەی یەکەمدا شیعر دەنووسم، بەڵام بەڕاستی زۆر حەزم لە چیرۆک و ڕۆمانە و زۆریش دەخوێنمەوە. ڕەنگە هەر ئەو حەزەیش بووبێت پاڵی پێوە نابێتم هەندێ کورتەچیرۆکیش بنووسم. زۆر جار بیرم لەوەیش کردۆتەوە ڕۆمانێک بنووسم، بەڵام ناوێرم دەستی بۆ ببەم. ڕۆمان ئامادەکاری و نەخشەی درێژخایەنی دەوێ.

هـ. بەرزنجەیی: پێ دەچێت ماوەیەکە بە دووی لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی سەر بە ڕۆژهەڵاتناسی کەوتوون، بە گومانن لە کار و کرداری هەندەک لەوانە! باوەڕتان وایە ڕۆژئاوا هێشتا زامی شەڕی خاچەکانی بە جەستەوە مابێت؟ لە ئاست ئەو زام و برینانەدا قازانج و زیانی بۆ کورد چۆنە؟

شاکەلی: تا ئەو کاتەی لە کوردستان دەژیام، بەڕاستی زۆر شارەزای کار و بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسەکان نەبووم، لەبەر ئەوەیش هەڵوێستێکی ڕوون و دیاریکراوم لەبارەی خۆیان و بەرهەمیان و نیازیانەوە نەبوو. هەندێ کتێب کرابوونە کوردی و عەرەبی، بەڵام ئەمە وێنەیەکی تەواوی ڕۆژهەڵاتناسی، یا ڕاستتر بڵێم، کوردناسی نەبوو. وەک خوێنەرێک زۆرم پێ خۆش بوو کە دەمدیت کابرایەکی ئەمەریکایی یا ئینگلیز یا فرانسی کتێبی لەسەر کورد و کوردستان نووسیوە و خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەیدانەدا تەرخان کردووە.

لەناو ئەو نووسراوانەدا جاروبار هەستم بە جۆرە ناڕەوایی و ناهەقییەک دەکرد، هەستم دەکرد ئەوەی ئەوان دەیڵێن ئەو ڕاستییە نییە کە ئێمە لێی تێگەیشتووین. بەڵام ئەم هەستەی من هێندە ڕوون نەبوو کە گومانم لە دڵدا بەرانبەر کاری ڕۆژهەڵاتناسان پەیدا بکات.

یەکەمین ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسێک لە نزیکەوە ناسیبێتم مارتین ڤان برونەسسێنی هۆڵاندی بوو، کە ئێستاکەیش هەر ناسیاومە و زۆر جار لێرە و لەوێ چاومان بە یەکدی دەکەوێت. مارتینم ساڵی ١٩٧٦ لە کوردستانی سووریا چاو پێ کەوت. ئەودەم ئینگلیزییەکەی من ئەو باشە نەبوو کە هەموو قسە و باسێکی پێ

بکەم، ناچار ئەو دوو سێ سەعاتەی پێکەوە بووین بە ئینگلیزی و بە کوردییش قسەمان دەکرد. بەڵام کە هاتمە ئەوروپا و دەستم کرد بە خوێندنەوەی بەشێکی باشی ئەو سەرچاوانەی بە ئینگلیزی لەبارەی کوردەوە نووسراون، جار لە دوای جار باشتر تێدەگەیشتم کە ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان، با بڵێین بەشی هەرە زۆریان، نەک هەموویان، چەندە بێویژدان و ناڕاست و نازانستین و هەڵوێستێکی چەند دوژمنانەیان بەرانبەر بە کورد و ڕۆژهەڵات و ئیسلام هەیە. دیارە ئەوان نایێن هەروا بەئاشکرا دوژمنایەتیت بکەن، بەڵکە بە ناوی کاری زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادێمییانەوە گومان دەخەنە سەر هەموو شتێک و کۆمەڵێ تیۆریی درۆ و ناڕەوا دادەمەزرێنن و بۆ پووچاندنەوەی ڕابوردوو، ئێستا و داهاتوویشت.

لە ماوەی ١٥– ٢٠ ساڵی ڕابوردوودا لە کۆمەڵێ کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی و ئەکادێمیدا لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا و کەنەدا و تورکیا بەشداریم کردووە. بەم هۆیەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری کوردناسەکاندا هەیە و زۆر جاریش تووشی گفتوگۆ و دەمەقاڵ و کێشە هاتووم لەگەڵیاندا.

ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان کە بە ناوی زانست و کاری زانستییەوە زۆربەی ڕاستییەکان دەشێوێنن و مێژوو ئاوەژوو دەکەنەوە، لەبەر نەزانی و ناشارەزایی نییە کە وا دەکەن. ئەمانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێکن لە بیرکردنەوە و پرۆژە و نەخشەیەکی سیاسیی ئیمپریالیستانە کە ئامانجەکەی ناسینی ڕۆژهەڵاتە بە نیازی ڕێخۆشکردن بۆ دەستەمۆ و ڕاوکردنی.

ڕەنگە جاروبار وا هەڵبکەوێت کە هەندێکیان بە هۆی ئەوەوە کە تێکەڵاوییەکی زۆر لەگەڵ کورد و کوردەواریدا پەیدا دەکەن، هەستی مرۆڤانەیان ببزوێت و دەکەونە ژێر تەئسیری ئەو هەموو بەدبەختی و ماڵوێرانییەوە کە بەسەر کورددا هاتوون و، بەو پێیەیش هەڵوێستیان دەگۆڕێت و ڕاستگۆیانەتر لە کورد دەدوێن و دۆستایەتییەکی بێ فڕوفێڵتری دەکەن، بەڵام ئەمە زۆر دەگمەنە. لە نووسینەکانی (مینۆرسکی)دا، بۆ نموونە، هەست بە جۆرێ ویژدان و هەندێک دۆستایەتی دەکرێت. هەروەهایش تا ڕادەیەک، (فرەدریک بارت)ی نۆرویژی و (هێننی هاراڵد هانسن)ی دانمارکی.

ئەمڕۆ دەیان ڕۆژئاوایی هەن وەک کوردناس ناسراون و لەو بوارەدا چالاکانە کار دەکەن. بەشی هەرە زۆریان لەگەڵ باری سیاسیی کوردستاندا خەریکن. هەندێکیش

هەن کە خەریکی زمان، کۆمەڵناسی، مەسەلەی ژن و ئەنترۆپۆلۆگین. کوردناسەکانی سەردەمی ئەمڕۆ لە هیی نەوەکانی پێشوو زۆر هێرشبەر و شەڕانیترن (Aggressive). ئەمانە بە ڕۆژی نیوەڕۆ دوژمنایەتیی کورد دەکەن و هەوڵ دەدەن پارچە پارچەی بکەن و گومان بخەنە سەر هەرچییەکی هەیە و نییە. تۆ ئەو لێکۆڵینەوانە بخوێنەرەوە کە لەم ١٥ ساڵەی رابوردوودا نووسراون، دەبینی ڕۆژ لە دوای رۆژ گومان لە بوارە جیاوازەکانی بابەتەکانی سەر بە کورد و کوردەواریدا هەر بەرەو زیادبوون دەچێت. ئێستا کابرای کوردناس زۆر بە ڕاشکاوی پێت دەڵێت کوردیی باشوور و کوردیی باکوور دوو زمانی جیاوازن، هەورامی و زازایی و لوڕی زمانی سەربەخۆن و کوردی نین، یەزیدی کورد نین، کورد یەک نەتەوە نییە چونکە زمان و جیۆگرافیا و مێژوویەکی هاوبەشی نییە، ئەوەی ئەحمەدی خانی باسی کردووە بیری نەتەوایەتیی کوردی نییە، بەڵکە داخوازێکی فیۆدالانەیە. شەڕی یەکێتی و پارتی شەڕی سۆران و بادینانە، یا شەڕی قادری و نەقشبەندییە و دەیان بەیت و بالۆرەی لەم بابەتە. هەر ئەمانن زۆر بەگەرمی پشتگیریی دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بۆ یەزیدی و عەلەوی و بۆ زازا و بۆ گرۆی دیکە دەکەن. هەر ئەمانن لە ئەورووپا و لە کوردستانیش دەیان و سەدان دامەزراو و دەستگای بەناو فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و زانستی دادەمەزرێنن و خەباتێکی بێوچان دەکەن بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بنەما ئەخلاقی و دینی و سیاسی و فەرهەنگییانەی بوونەتە کۆڵەکەی خۆڕاگرتنی کورد و مانەوەی وەک نەتەوەیەک. مەرج نییە ئەم پرۆژە ئیمپریالیستییە هەمیشە لەژێر چەتری کوردناسیدا بکرێت. زۆر جار دەیان ڕووپۆشی دیکە دەدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردنی نیازەکانیان. بەشێکی زۆری ئەو ڕێکخراوە ناحوکوومییانەی NGO بە دنیادا بڵاو بوونەتەوە و بە ڕوواڵەت یارمەتیی خەڵکی لێقەوماو دەدەن، بۆ مەبەستێکی ڕووتی سیاسی لەوێن و بە جۆرێک زیان بە کورد، یا بەو گەلانە، دەگەیێنن کە ڕەنگە داگیرکەرانی کوردستان نەتوانن بەو چەشنە تێی بسرەوێنن. داگیرکارەکە چونکە دوژمنێکی ئاشکرایە، تۆ دەتوانی خۆتی لێ بپارێزی، بەڵام ئەم بە ناوی دۆستایەتی و کۆمەککردنەوە دێتە ماڵەکەت.

هەندێک ڕۆژهەڵاتناس لە ترسی ئەوەی نەوەک لەو چوارچێوەیە دەرچن یا شتێک بڵێن لەگەڵ باوەڕ و بۆچوونە باوەکەدا نەگونجێت و دواجاریش کارەکانیان بە نازانستی دابنرێت، ناچارن بکەونە دوای قسەی باو و لەگەڵ تەوژمەکەدا مەلە بکەن.

من ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپایی دەناسم کە کاتێ وەک تاکەکەس پێکەوە دادەنیشین دەڵێ ڕاستە دەزانم ئەو باوەڕانەی کە گومان دەخەنە سەر هەندێ لایەنی مێژوویی و فەرهەنگیی کورد، باوەڕی سیاسین. کەچی ناوێرێ بە ئاشکرا و لە بەردەم ڕۆژهەڵاتناسەکانی دیکەدا ئەم قسەیە بکات یا بنووسێت، چونکە دەترسێت. لەوە دەترسێت بەوە تاوانبار بکرێت کە نازانستییانە بیر دەکاتەوە. دیارە ئەوەیش هەیە ئەگەر کەسێکی ئەکادێمی بە تەواوی بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەوان قسە بکات و بنووسێت، ئەوان بە ئاسانی ئەفەرۆزی دەکەن، دەیان تاوانی درۆی بۆ هەڵدەبەستن و زیانی پێ دەگەیێنن. نموونەیەکی زۆر زەق ئەو نووسینەیە کە کاتی خۆی مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆ وەرامدانەوەی مەکینزی نووسیبووی. هیچ گۆڤار و ژۆرناڵێکی زانستی و ئەکادێمی بەرهەمەکەی مامۆستا وەهبییان بڵاو نەکردەوە، چونکە دەیویست بەرپەرچی ئەو باوەڕانەی مەکینزی بداتەوە کە دەیوت بنەچەی کورد مادەکان نییە. مامۆستا وەهبی کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی لە بواری کوردناسیدا نووسیون بە ئینگلیزی، بەڵام ئێستا و ئێستایش نەیانهێشت دانەیەکی لە گۆڤارە بەناو ئەکادێمی و زانستییەکانی زانستگەکانی ئەوروپادا بڵاو بکرێتەوە. مامۆستا جەمال نەبەزیش زۆر جار ڕێی لێ گیراوە و نەیانهێشتووە لێکۆڵینەوەکانی لە ژۆرناڵە زانستییەکاندا بڵاو ببنەوە. نموونەی دیکەیش زۆرن.

کەچی بە پێچەوانەوە دەبینین ئەگەر یەکێک شتێک لەسەر زازا، عەلەوی یا یەزیدی بنووسێت، یا لێکۆڵینەوەکەی گومان بخاتە سەر یەکێتیی زمانی کوردی، یەکسەر بۆی ڕێک دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە.

لەناو ڕووناکبیرانی گەلانی ئازادیخوازدا زۆر دەمێکە کەسانێک هەبوونە کە بەتەوسەوە و بە گومانەوە تەماشای کاری ڕۆژهەڵاتناسانیان کردبێت. ڕەنگە ئەم هەڵوێستە نەخرابێتە چوارچێوەی تیۆرییەوە و دەربڕینەکەی زیاتر بە شێوەیەکی سیاسی بووبێت. بەڵام بیریاری فەلەستینی ئەمەریکایی ئیدوارد سەعید بە نووسینی کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی Orientalism)، ئەم هەڵوێستەی خستە چوارچێوەیەکی زانستییەوە و لە گۆشەنیگایەکی مێژوویی و سیاسییەوە، بە شێوەیەکی نوێ، ڕۆژهەڵاتناسیی شی کردەوە و خوێندەوە. ئێستا ڕێبازەکەی سەعید بۆتە بەشێکی گرنگ لە دنیای لێکۆڵینەوەدا و لەناو تیۆرییەکانی ئەدەبدا وەک تیۆریی

پۆستکۆلۆنیالیزم Postcolonialism ناو دەبرێت.

لێکۆڵینەوەکەی ئیدوارد سەعید لەسەر ڕۆژهەڵاتناسییە بە گشتی. من پێم وایە ڕووناکبیرانی کورد هەر بەو مێتۆدەی سەعید دەتوانن لە بواری کوردناسیدا کارێکی لەو بابەتە بکەن، بۆ ئاشکراکردن و بەدرۆخستنەوەی زۆرەتیۆری و زۆرەزانستی کوردناسەکان و ئەو ئەنجامگیرییانەی لەبارەی زمان و فەرهەنگ و مێژووی کوردەوە نووسیویانە و دەینووسن. ئەمە کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە تەنیا بە یەک کەسیش نەکرێت. تەگەرەیەکی یەکجار گەورە لەم ڕێگەیەدا خوێنەوار و ڕووناکبیری کورد خۆیەتی. من گەلێ جار لەگەڵ هەندێ ڕووناکبیری تەنانەت گەورە و ناسراوی کورددا کەوتوومەتە باس و گفتوگۆ. دەردەکە ئەوەیە ئەمانە ئەو هەڕەشەیە نابینن و لە مێکانیزمی شێواندنی فەرهەنگ و زمان و مێژووی کورد نەگەیشتوون.

هـ. بەرزنجەیی: ئاستی گشتیی ڕۆشنبیریی کوردی چۆن دەبینن؟ جیاوازی لەنێوان ئەم بزاڤە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بە دی دەکەن؟

شاکەلی: فەرهەنگی کورد فەرهەنگێکی دواکەوتووە، زۆریش دواکەوتووە. من دەزانم، کاتێک مرۆڤ شتێکی وا بڵێ، زۆر کەس هەن یەکسەر بەیت و باڵۆرەی نەبوونی دەوڵەت و کارەساتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی کوردستان دووبارە دەکەنەوە وەک هۆیەک و پاساوێکی دواکەوتنی کورد و فەرهەنگەکەی. منیش ئەو شتانە دەزانم و چاکیش تێیانگەیشتووم، بەڵام ناتوانم بەم جۆرە بیانووانە خۆم فریو بدەم و دڵی خۆم بەوە ئاسوودە بکەم کە دواکەوتنی فەرهەنگەکەمان ئەنجامی بێدەوڵەتییە و هەر کاتێ دەوڵەتمان دامەزراند، ئیدی هەموو دەردەکانمان تیمار دەکرێن. بۆ ئەوەی وا تێ نەگەی من تەنیا لایەنی ڕەش و تاریکی شتەکان دەبینم، دەبێ عەرزت بکەم، کە لەناو ئەو تاریکییەدا پریشکیش دەبینم.

چارەسەرکردنی ئەم ئاژاوەیە و پشێوی و بێسەروبەرییەی زمان و فەرهەنگ و ڕێنووس و سیستەمی خوێندن و پێگەیاندن کارێکی نەکراو و موستەحیل نییە. من ناتوانم لە گفتوگۆیەکی وەک ئەمەدا بێم پلانێک بۆ ئەو بارە و بۆ چارەسەرکردنی دابڕێژم، بەڵام دەتوانم تۆیش و هەموو ڕووناکبیر و خوێنەر و دەستەڵاتدارانی کوردستانیش دڵنیا بکەم کە ئەگەر ئێمە بە وردی بیر لە هەموو لایەنەکانی فەرهەنگی

کورد بکەینەوە و لە گرفت و کێشەکانی بکۆڵینەوە و سوود لە ئەزموونی خەڵکی دیکە وەربگرین، دەتوانین لە ماوەی ٧ – ١٠ ساڵدا ئەو دواکەوتنە بنجبڕ بکەین. زۆر جاری دیکەیش من ئەمەم وتووە، کە فەرهەنگ لەم سەردەمەدا هەر لە خۆیەوە ناتوانێ پێش بکەوێت و هەموو شتێک بە نێت (نییەت) و داخواز و ئارەزووی باش ناچێ بە ڕێوە. هەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگی Cultural Policy، کە واقیعی نەتەوەی کورد و پاشخانی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکات و گەشەکردن و گۆڕانەکانی دنیای ئەمڕۆ لە بەرچاو بگرێت و لە مەودایەکی دووربینانەدا پاشەڕۆژی کورد ببینێت، دەتوانێ ڕووناکبیری کورد بگەیێنێتە ڕیزی پێشکەوتن و بیکاتە بەشێکی چالاک و زیندووی فەرهەنگی مرۆڤایەتی.

بەشی دووەمی پرسیارەکەت مەسەلەی ئەدەبی کوردی لە تاراوگەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستاندا گەلێ جار وورووژێنراوە و ئێستایش هەر بەردەوام باسی لێوە دەکرێت و دەهێنرێتە پێشەوە. هۆیەکی ڕاستەوخۆی ئەم پرسیارکردنە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لە ماوەی هەشت نۆ ساڵی ڕابوردوودا پێوەندییەکی گەرموگوڕ و پتەو لەنێوان کۆمەڵگەی کوردی دەرەوە و نیشتمان و گەلی خۆیاندا پەیدا بووە. ئێستا ڕۆژانە دەیان و ڕەنگە سەدان کەس لە ئەورووپا و ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی دنیاوە دەچنەوە بۆ کوردستان و لەگەڵ خۆیشیاندا دیارە کۆمەڵێ زانیاری و ڕەوشت و خووی تازە و تەنانەت شێوەی بیرکردنەوەیش دەبەنەوە، بێگومان جگە لەو هەموو دیارییە مادییانەی کە لەگەڵ خۆیاندا بۆ کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خۆیانی دەبەنەوە. ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو زیاتربوون و گەشەکردنیش دەچێت. ئێستا وای لێ هاتووە کە پێوەندیی نێوان کوردی دەرەوە و وڵاتەکەیان بە کەناڵێکی ڕێکوپێکتردا تێدەپەڕێت و لە کوردستانیش دیاردەکە ئاساییتر وەردەگیرێت و وەک بەشێکی سرشتی و ئاسایی چاوی لێ دەکرێت.

ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت ئایا ئەدەبێکی کوردی لە تاراوگە هەیە، یا ئەدەبی تاراوگەی کوردی هەیە یا نا؟ من پێم وایە هەر پەیدابوونی پرسیارێکی ئاوا وەرامیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بێگومان ئەدەبی کوردی لە تاراوگە وەک دیاردەیەکی فیزیکی و جیۆگرافی هەیە و لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردییشدا

جێگایەکی گرنگی وە دەست هێناوە. ئەگەر دیاردەیەکی وەها نەبووایە باوەڕ ناکەم پرسیارەکەیش بەم گەرمییە بکرایە.

کاتێ لەوە تێگەیشتین کە ئەدەبی کوردی لە تاراوگە هەیە، لایەنێکی گرنگی ئەم باسە ئەوە دەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە شێوە و قەوارە و ناوەڕۆکی ئەم ئەدەبە چۆنە؟ تایبەتمەندییەکانی چین و لە چ ڕوویەکەوە لەو ئەدەبەی کە لە کوردستاندا دەنووسرێت جیاوازە؟ پێم وایە تا ئێستا ئێمە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جیددیمان لەم بوارەدا لە بەردەستدا نییە. هیچ لێکۆڵەرەوەیەکی کورد نەهاتووە ئەم دیاردەیە و ئەم بوونە فیزیکییە بکاتە بابەتی سەرنجدان و وردبوونەوە و شیکردنەوە. کەچی سەیر ئەوەیە کە لێکۆڵەرەوەی بێگانە هەندێ جار خۆیان پێوە خەریک کردووە و ویستوویانە لێی بکۆڵنەوە. هێندەی من ئاگادار بم هەر لە سوێد یەک دوو لێکۆڵەرەوە، کە کورد نین، لەم ساڵانەی ڕابوردوودا خەریکی لێکۆڵینەوە بوون لەبارەی فەرهەنگی گرۆ و تاقمە بێگانەکانی نیشتەجێی سوێدەوە، کە دیارە کوردیش بەشێکی گرنگی بووە.

لە کوردستانی خواروو هەر کە باسی ئەدەبی تاراوگە دەکرێت یەکسەر بیرمان بۆ (ادب المهجر)ی لوبنانییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەچێت و ناوی وەک (جبران خلیل جبران، میخایل نوعەیمە و ئیلیا ئەبوو مازی)مان بیر دەکەوێتەوە کە لە ئەمەریکای باکوور و ئەمەریکای باشوور دەژیان و ئەدەبەکەیان تام و بۆنێکی تایبەتی هەبوو. ڕەنگە بکرێ ئەدەبی کوردی لە تاراوگە لەگەڵ ئەو ئەدەبە عەرەبییەی تاراوگەدا بەراورد بکرێت، بەڵام جیاوازیی پاشخانە فەرهەنگییەکە و جیاوازیی سەردەمەکان تا ڕادەیەک لە یەکیان هەڵدەبوێرێت.

ئەو سەردەمەی کە نووسەرانی لوبنانی لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان دەژیان، هاتوچۆ و پێوەندی بە جۆرێکی دیکە بوو. تەنانەت ناردنی نامەیەک کاتێکی یەکجار زۆری دەخایاند. ئەمڕۆ پەیدابوونی تەکنیکی نوێ و کاریگەر، هەبوونی دەیان شێوە و کەرەسەی پێوەندیکردن بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەسەر دووریی جیۆگرافیدا زاڵ بێت و دووریی جیۆگرافی و فیزیکی هەر بە تەواوی کەم بکاتەوە. ئەمڕۆ ئێمە بە هۆی فاکس و مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە دەتوانین زۆر خێرا ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئەم گۆی زەوییە پێکەوە ببەستین. بەڕاستی تازە ئیدی ئەو دابڕانە جیۆگرافی و زەمەنی و فیزیکییە ناتوانن ببنە ئاستەنگ. بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی باسەکەمان

دوور نەکەوینەوە دەڵێم، ئەمرۆ ئێمە بە هۆی دیسکێکەوە، بە هۆی فاکسێکەوە یا ڕاستەخۆ بە هۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانین وتارێک یا شیعرێک بنێرینەوە بۆ کوردستان و ڕۆژی دواتریش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بکرێتەوە. هەر دیسان بە هۆی ئینتەرنێتەوە من لێرەوە دەتوانم هەموو ڕۆژێ ڕۆژنامەکانی هەولێر و سلێمانی بخوێنمەوە. تەماشای کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆنی ساتیلایت بکەم و ئاگاداری هەموو دەنگوباسە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستان بم.

ئەم نزیکییەی بە سایەی پێشکەوتنی تەکنیکییەوە کەوتۆتە دەستمان، بۆتە هۆی نزیکی لە جۆری بیرکردنەوەیشماندا. ئەمڕۆ سەرچاوەکانی زانیاری لە بەردەستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکدایە. ڕەنگە ئەوەی ڕووناکبیرێک لە دەرەوەی کوردستان دەیخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی ڕووناکبیرێک لە کوردستان دەیخوێنێتەوە زۆر جیاواز نەبێت. لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە ئەم پێشکەوتنی تەکنیکییە لە کوردستان لە بەردەستی هەموو ڕووناکبیرێکدا نەبێت و تەنیا کەمایەتییەکی بچووک سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام دڵنیام ئەمەیش مەسەلەی ساڵ و دوو ساڵە. هەر هێندەت زانی کوردستانیش پڕ بوو لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت. بازاڕی سەرمایەداری ئەوەی دەوێت. دەبێت کاڵای خۆی بگەیەنێتە تەنانەت کوێرەدێیەکانی هەموو جەنگەڵستان و شاخستانەکانی دنیایش. لەم ڕووەوە تاکە ئاستەنگێک بە بیرمدا بێت مەسەلەی زمانە. ڕەنگە لە کوردستان شارەزایی لە زمانێکی گەورە، ئینگلیزی، فرانسی یا ئەڵمانی، زۆر ئاسایی نەبێت، بەڵام ئەوەیش دیسان چونکە بەشێکی زۆری زانیاریی ڕۆژانە دەکرێتە فارسی و عەرەبی، ڕەنگە تا ڕادەیەک سووکتر بووبێتەوە.

ئەم پێشکەوتنە تەکنیکییە و ئەم پێوەندییە گەرم و خێرایە دەریایەکی تازەیە و کارکردەکەی ماوەیەکی دەوێت تا بە تەواوی دەربکەوێت. ئێمە باس لە ئەدەبێک دەکەین کە سالانێکە هەیە و دەژی و پەلوپۆ دەهاوێت.

هـ. بەرزنجەیی: لە چەخماخەی ناوهێنانی ژندا بە (جوانی، خۆشەویستی و ئەندێشە)کانیەوە چیت دێتە یاد؟ ژن چۆن دەبێتە کەرەسەی شیعر لای تۆ؟ دایکت هیچ شوێنی لە پانتاییی بیرکردنەوەتدا داگیر کردووە؟

شاکەلی: زۆر نرخی مرۆڤانە هەن کە لە هەموو سەردەمێکدا هەوێنی داهێنان

بوون و له ناو شاکاره هونەرییەکاندا بە زیندوویی و پاراوی ڕاگیراون. دوو لەم نرخانە، جوانی و خۆشەویستی، زۆر جار، لە ژندا کۆدەبێتەوە. ڕاستت دەوێت تەنیا هونەرمەندان و داهێنەران نین کە ژنیان کردبێتە ڕووگەی خەیاڵ و بیر و هۆش و کرداریان. تۆ مێژوو بخوێنیتەوە دەبینی زۆر گەورەپیاو هەن کە دنیای سەردەمی خۆیانیان هەژاندووە و هەتا ئەمڕۆیش جێپێی خۆیان و سەربازەکانیان و شوێنپێچکەی گالیسکە و تۆپەکانیان بە ڕوومەتی دنیاوە دیارە، کەچی لە بەردەم ژندا بێدەستەڵات وەستاون و خۆیان بە دەستەوە داوە. ژن تەنیا هاوسەر و خۆشەویست و دۆست نییە، کە ئەم ڕۆڵانە پێوەندیی زۆریان بە غەریزە و ئارەزۆی خۆڕسکی زایەند و فرەبوونەوە هەیە، بەڵکە دایک و خوشک و کچ و خزم و کەسیشە. ژن لەوەیە دوژمنیش بێت.

من ژنم پێشتر وەک دایک و خوشک ناسیوە و دواتر وەک خۆشەویست و هاوسەر و کچ. بەداخەوە ئەوە بیستوپێنج ساڵە من لە دایکوباوک و کەسوکارەوە دوورم و لەم ماوەیەدا تەنیا دوو جار چاوم پێیان کەوتووە. هەتا لەوێ بووم، لە کوردستان، ئەوان بەشێک بوون لە ژیانی ڕۆژانەم و پێم وا بوو ئەو بارە هەر بەردەوامە و تا سەر دەمێنێت. بەڵام لەپڕ، بە جۆرێک لەیەکدی دابڕاین کە هەرگیز بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو. تازە ئیدی درەنگە و شتەکان ناچنەوە جێی خۆیان. بەڵام ئەوە لە دڵمدا بووەتە گرێیەک کە نەکرا زیاتر پێکەوە بژیین و نەمتوانی وەک کوڕ و وەک برا لە نزیکیانەوە بم، بەتایبەت لەو کاتی تەنگانە و نەبوونییانەدا کە ڕەنگە بمتوانییایە چاکییەک و کەڵکێکم هەبێت بۆیان. دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە دوورکەوتنەوەم لەوان لەپێناوی مەسەلەیەکی پیرۆزدا بوو، کە مەسەلەی نیشتمانەکەمە و، ئەوانیش بەشێکن لەو نیشتمانە.

لە تەمەنێکی کرچوکاڵدا کچێکم خۆش دەویست و ئەو پێوەندییە سێ چوار ساڵێکی خایاند. بەشێک لە شیعرە دڵدارییەکانی ئەو سەردەمەم بۆ ئەو نووسیون. بەڵام بە هۆی خەباتی سیاسییەوە ئەویشم بە جێ هێشت و ئیتر نەمبینییەوە. سێ مانگ پێش ئەوە، دیسان بە هۆی سیاسەتەوە ساردی کەوتبووە نێوانمانەوە. کە لە زستانی ساڵی ٢٠٠٠دا، دوای بیستوپێنج ساڵ، چوومەوە بۆ ئەو گەرمیانە، بیستم کە دوو مانگێک لەوەوبەر کۆچی دوایی کردبوو. یادی بەخێر و ڕۆحی شاد بێت.

دواتر (زینەت)م ناسی و خۆش ویست و ئەوە بیستودوو ساڵیشە پێکەوە دەژیین. هەندێ لە شیعرە دڵدارییەکانی دیوانی (ژێ)م بۆ ئەو نووسیون.

ژن بەڕاستی نهێنییەکی یەکجار گەورەیە و ناسینیشی یەکجار زەحمەتە، ئەگەر نەڵێم نەشیاوە. وا بزانم پێشتریش وتوومە، ئێمە زۆرجار ئەم باسە گەورە دەکەینەوە و بە هەزار ئۆیە و پلێپلەی خەیاڵی ڕۆمانتیکیانەی دەڕازێنینەوە. ژنیش مرۆڤە و لەوەیە نەک هەر دۆست و خۆشەویست نەبێت، بەڵکە ببێتە دوژمنیش و لەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی ژیانت لێ بکاتە دۆزەخ. ئەمە بەتایبەت لای شاعیر و هونەرمەندان دێتە دی. شاعیر و هونەرمەند لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بە ئازادییە. جاری وا هەیە مرۆڤ خۆی دەبێتە هۆی بەربەستکردنی ئازادیی خۆی، ئەوجا یەکێکی دیکە، چەند جوان و چەندیش خۆشەویست بێت، بۆ نەبێت؟ لە دەروونی مرۆڤدا، سنووری نێوان ڕق و خۆشەویستی یا دۆست و دوژمن لە تاڵەموویەک باریکترە. ڕەنگە لە پەڕینەوەی سنوورێکی وەهادا هەر هەستیشی پێ نەکەیت.

باوەڕناکەم هیچ تێکستێک توانیبێتی هێندەی قورئانی پیرۆز بە جوانی و بە قووڵی باسی ژن بکات. جارێک وەسفی فێڵ و دەهۆیان دەکات، جارێکی دیکە وەک دایک و جاری سێهەمیش وەک هاوسەر. بەڕاستی دەربڕینە هونەرییەکە لەم سێ جێگەیەدا دەگاتە لووتکەی جوانی و ڕەوانبێژی.

هـ. بەرزنجەیی: ئەو بارە ناسرشتییە سیاسییەی کوردی تێدایە بۆتە مایەی دروستبوونی دیاردەی زیانبەخش و لێکدابڕانی مەترسیدار. وەک ئەوەی نیوەئاگاین لە ئەدەب و ڕۆشنبیری و نیوەزاناین و تێگەیشتنمان لە ئاست زمانەکەمان بە کورتی و ئەدەب و نووسراومان بە "کرمانجیی سەروو و خواروو، پیتی عەرەبی و لاتینی" ئەم دیاردەیە چۆن دەبینن و لە ڕوانگەی ئێوەوە چ ڕێگاچارەیەک هەیە بۆ ئەوەی ئەدەبەکەمان بەرگی سەرتاسەری بکاتە بەر خۆی؟

شاکەلی: دیاردەی لەیەکدابڕانی کورد، یەکەم جار، دوای دابەشبوونی کوردستان و چەسپاندنی سنوورە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێ کرد. بەڵام دابڕانی دووەم، کە خەتەرناکتر و قووڵتر بوو، دوای

پەیدابوون و تەشەنەکردنی ئەلفوبێی لاتینی ڕووی دا. دابڕانی یەکەم ڕووالەتی بوو، نەک فەرهەنگی، چونکە پێوەندیی مرۆڤی کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هەر مـایەوە، ئەگەرچی هەندێ کۆسپی ڕەسمی خـرایە نێوانیانەوە، وەک هاونیشتمانێتی و پاسپۆرت و ڤیزە. کەچی دابڕانی دووەم زۆر خراپتر بوو، ئەنجامی کاریتری لێ کەوتەوە و درزی قووڵتری خستە نێوانەوە. ئەمە نەخشەیەکی دوژمنانەی نوێتر بوو. ئەوانەی وڵاتەکەیان دابەش کـرد و سنووریان لەنێوان بەشەکاندا دامەزراند، هەر ئەوانیش بوون و ئەوانیشن سنووریان خستۆتە نێوان دیالێکت و ڕێنووس و ڕێزمان و ئەلفوبێیەکەمانەوە و ئەمڕۆیش دەیانەوێ بە زۆر بیسەپێنن.

ئەمڕۆ هەندێ کەس لەبەر نەزانی و چاوبەستراوی بە دڵگەرمییەوە پشتگیری لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی دەکەن. من دڵنیام بەشێکی زۆری ئەمانە لە ڕووی دڵسۆزییەوە و وەک پەرۆشێک بۆ باری نالەباری فەرهەنگ و زمانی کوردی وا بیر دەکەنەوە، بەڵام دڵنیایشم زۆربەیان بە ڕووالەت هەڵخەڵەتاون و لە گرنگی و ئەندازەی ڕاستەقینەی باسەکە ئاگادار نین. زۆر ڕووناکبیر و نووسەری گەورەی کورد ئێستایش لە بایەخ و ناسکیی ئەم باسە نەگەیشتوون.

من پەیدابوونی ئەلفوبێی لاتینی لەناو کورددا جیا ناکەمەوە لەو هەلومەرجە سیاسییەی لە ساڵانی دابەشبوونی کوردستان و شەڕی دووەمی گێتیدا سەردەست بوو. دەبوو کوردستان دابەش بکرێت و لەناو ئەو دەوڵەتە تازانەدا پارچەپارچە بکرێت. دەبوو کێشەیەک لەو ناوەڕاستەدا بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی هەمیشە وەک بۆمبێک ئامادە بێت بۆ تەقینەوە. دەبوو جێدەستێک بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژاوا، هەر کاتێ پێویستی پێ بوو، دەستی بۆ ببات و بە کاری بهێنێت. دەبوو کوردیش بە جۆرێک دابەش بکرێت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبێتە هێزێکی یەکگرتووی وەها کە زیانی هەبێت و ببێتە مەترسییەک بۆ ڕۆژاوا و ئیمپەریالیستان، نەبێتە ئەو دێوەی جادووگەرێک ئامادەی دەکات و دواتر دەبێتە بەڵا بەسەر خۆیەوە و سەری خۆیشی دەخوات. دەبوو دینامیزمێک دروست بکرێت، بتوانرێت کوردی پێ بکرێت بە گژ یەکتردا، وەک چۆن لای نەتەوەکانی دیکەیش ڕووی داوە، تا نەتوانێ هەرگیز یەک بگرێت، دینامیزمی فەرهەنگی و سیاسی. ئەمڕۆیش خەڵکێکی زۆر هەن کە بە ژاراویی دەستگای ڕاگەیاندنی ئیمپەریالیستەکان مێشکیان شۆراوەتەوە و پێیان

وایە هەر شتێک هەنگاوێک لە ئەوروپا و لە ئەمەریکاوە نێزیکیان بخاتەوە، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و سەربەخۆیی و ئازادیی کورد و نیشتمانەکەی. ڕۆژاواپەرستی مۆدەیەکی دڵگیرە و مرۆڤی لاواز زوو فریو دەدات و خەڵک بە ئاسانی شوێنی دەکەون. ڕۆژاوا دەتوانێ ملیۆنان دۆلار خەرج بکات و دەیان دەستگات بۆ دامەزرێنێ، بەو ناوەوە کە گوایە خزمەتی فەرهەنگ و زمانی کوردی دەکات، بەڵام هەمووشیان دەکاتە پەردەیەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و نیازە ئیمپەریالیستانەکانی خۆی.

دەرچوونی گۆڤاری هاوار (١٩٣٢-١٩٤٣) و گۆڤارەکانی دیکە لە شام و بەیرووت لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا سەرەتای پیادەکردنی نەخشەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی زمان و فەرهەنگی کوردی بوو. ڕەنگە هەندێ لەوانەی لە سەرەتادا کاریان تێدا دەکرد، پێیان وا بووبێت بەم کارە خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی دەکەن و گوایە، بەپێی بیرکردنەوەی خۆیان، سوودێک لە فرانسییەکان دەبینن، کە لە کاتی شەڕی دووەمی گێتیگردا دەیانویست دەنگی کوردیش دژی بەرەی نازیزم بە کار بێنن. بەڵام ناکرێ هەموویان هێندە خۆشباوەڕ بووبێتن، بەتایبەت باوەڕ ناکەم بەدرخانییەکان، کەسانێکی وەک جەلادەت و کامران، ئەوەندە دەبەنگ و ناهۆشیار بووبێتن کە نەیانزانیبێت کۆڵۆنیالیستانی فرانسی بۆچی پشتیان دەگرن و، ئەو ئەلفوبێ لاتینییە بە چ نیازێک پێشکێش دەکرێ و پەرەی پێ دەدرێت. ئەوان زۆر لەوەپێش پێوەندییان لەگەڵ کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز و فرانسی و دەستەودایەرەیاندا هەبووە و تەنانەت لەگەڵ بەشی زانیاری و پۆلیسی نهێنیی ئەو وڵاتانەیشدا ئاشنایەتییان هەبووە. بەڵام هۆی ڕازیبوونیان بەم نەخشە گومانناوییە ناحەزانەیە ئەوە بوو، دەیانویست ئەوەی لە مەیدانی سیاسەتدا دۆڕاندبوویان، لە ڕێگەیەکی دیکەوە دەستیان بکەوێتەوە. بەدرخانییانیش ئەم کارەیان نەکردایە، کۆڵۆنیالیستانی ئەوروپایی خەڵکێکی دیکەیان هەر بە کار دەهێنا و نەخشەکانی خۆیانیان پێ دەبردە پێشەوە.

زمانی کوردی یەک ڕێگەی لە بەردەمدایە بۆ خۆپاراستن و مانەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو کورد بە یەک ئەلفوبێ بنووسێت و ئەو ئەلفوبێیەیش دەبێ ئەلفوبێی کوردی بێت (ئەلفوبێی گونجێنراو یا هەموارکراو- ی فارسی- عەرەبی، کە بە ناڕەوا و

لەبەر مەبەستێکی تەڵەکەبازانەی سیاسی هەر بە ئەلفوبێی عەرەبی ناو دەبرێت). دەنا نە ئەلفوبێی لاتینی و نە ئەلفوبێی کریلیک (ئەمیان ئێستا بەرەو نەمان دەچێت) ناتوانێ هیچ بۆ کورد و بۆ فەرهەنگ و زمانەکەی بکات و، بگرە دەبێتە هۆی رووخاندن و تێکشکاندنی ئەو هێندەیش کە لە ماوەی هەزار ساڵی رابوردوودا بنیاتمان ناوە. ئەلفوبێی لاتینی هەر لە بنەڕەتیشدا بەو نیازە هێنراوەتە ناو کوردەوە. بایەخ و گرنگیی ئەلفوبێی کوردی هەر ئەوە نییە کە جوانە، یا بۆ نووسینی دەنگەکان لەبارترە، بەڵکە ئەوەیشە کە دوای سەدان ساڵ بەکارهێنانی بۆتە گەنجینەی پاراستنی ئاوەز و بیر و هۆش و فەرهەنگ و شارستانەتیی کورد. هەروەک ئەو داوە زێرینەیشە کە فەرهەنگی کورد و فەرهەنگی بەشی هەرە زۆری گەلانی ڕۆژهەڵات پێکەوە گرێ دەدات و لە مەودایەکی مێژوویی و فیکری و شارستانەتیدا دەیانکاتە یەکەیەکی مەعنەوی و سیاسی. هەر بڕیار و هەر گۆڕانێک کە بیەوێ ئەلفوبێی لاتینی بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنێ دوژمنایەتیکردنی ئاشکرای یەکێتیی کورد و فەرهەنگ و زمانەکەیەتی و زۆر بە ڕاشکاوی دەیڵێم خیانەتێکە بەرانبەر کورد. ئەگەر بە ڕێژەیش وەریبگرین، ئەوەی بە ئەلفوبێی کوردی دەنووسرێت لەگەڵ ئەوەدا کە بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسرێت، بەراورد ناکرێت، نە لە ڕووی چەندایەتی و نە لە ڕووی چۆنایەتییەوە. ئەمڕۆ ئەوەی بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسرێت ناگاتە ١٥٪ (پانزدە لە سەددا)ی سەرجەمی نووسینی کوردی. ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە کوردی باکوور بگەڕێنەوە سەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی کوردی و خۆیان لە ئەلفوبێی تورکی ڕزگار بکەن. هەنگاوێکی وەها لە ڕووی سیاسیشەوە بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیە.

هەندێ کەس پێیان وایە ئەلفوبێی ئێستای کوردی گیروگرفتێکی زۆری هەیە و بە گۆڕینی نەبێت چار ناکرێت. لەوانەیە ئەلفوبێیەکە هەندێ ناتەواویی بچووکی تێدا هەبێت، بەڵام نە ناتەواوییەکان ئەوەندە گەورەن کە چارەسەر نەکرێن و نە چارەسەریش بەوە دەکرێت کە بە جێی بهێڵین و وازی لێ بهێنین و دەست بە ئەلفوبێیەکی تازە بکەین، لە کاتێکدا سوور دەزانین ئەو ئەلفوبێ تازەیە، ئەگەر مەبەست لاتینییەکە بێت، هەر لەگەڵ هاتنیدا و لەگەڵ لەدایکبوونیدا دەیان گیروگرفت و ناتەواویی گەورەتری تێدایە، ئەگەر باسی لایەنە فۆنەتیکییەکەی بکەین. خۆ ئەگەر لە ڕووی دیکەوە بیری لێ بکەینەوە، ئەوا تێ دەگەین کە ئەلفوبێیەکە بەو ئامانجە هێنراوەتە ناو کوردەوە کە مێشکی نەتەوەیەک بشۆرێتەوە و لە ڕابوردووی خۆی

دووری بخـــاتەوە و بیکاتە دارێکی زڕی بێـــڕەگـــوڕیشـــە و پارچەپارچەی بکات. بەکارهێنانی حەرفی لاتینی بۆ نووسینی کوردی لاساییکردنەوەیەکی تورکەکان بوو کە بە نیازی دوورخستنەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵات ئەلفوبێی خۆیانیان گۆڕی و لە هەمـوو شـتـێکدا دەسـتـیـان کـرد بە لاسـاییکردنەوەی ئەوروپا و، بەوەیش بوون بە گەلێکی بێـفـەرهەنگ. مـیـلان کـوندێرا (Milan Kundera ۱۹۲۹ لە دایک بووە) لەم ڕووەوە قـســـەیەکی جـوانی هەیە، دەڵێ: "یەکـەم هـەنگاو بـۆ لەناوبـردنی نەتـەوەیەک سڕینەوەی بیریەتی (یادەوەری). دەبێ کتێبەکانی، فەرهەنگەکەی و مێژووەکەی لەناو ببرێت، دوایی دەبێ کەسێک هەبێ کتێبی تازە بنووسێت، فەرهەنگێکی تازە بە درۆ دروست بکات، مـێـژوویەکی تـازە بنووسێت. دوای مـاوەیەکی کورت نـەتەوە ئەوەی لە بیر دەچێـتـەوە کە هەیە و کـە هەبووە. دنیـای دەوروبەریش هەمـوو شـتـێکی تەنانەت خێراتریش لە بیر دەچێتەوە."

ترکـزە (خـەتـەر)ی ئەلفوبێی لاتینی هەر ئـەوە نییـە کـە ڕەنگە خـوێنەری بەشـێکی کوردستان نەتوانێت تێکست و بەرهەمەکانی بەشێکی دیکە بخوێنێتەوە، کە ئەمەیش مەترسییەکی کەم نییە، بەڵکە ئەوەیشە کە بیرکردنەوە و مێشکێکی دیکەی جیاواز دێنێتە کایەوە و فەرهەنگێک دەچەسپێنێ کە بە تەواوی لە فـەرهەنگی هەزارساڵەی کورد جیاوازە و لە ڕابوردوویەک دایدەبڕێت کە کۆڵەکەی مانەوە و یەکێتیی نەتەوە و دینامـیـزمی پێـشکەوتن و گـەشـەکـردنی بووە. ڕەنگدانەوەی ئەم بارە فـەرهـەنگی و سایکۆلۆگییە بە ئاشکرا لای بەشێکی یەکجار زۆری ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی کوردسـتـانی تورکیـا دەردەکەوێت. ئێسـتـا نەوەیەک دروست بووە کـە هەر بە تورکی خـوێندوویەتی، ئەگـەر زمـانەکـەی خـۆیشی خـوێندبێت، ئەوا بـە ئەلفـوبێی لاتینی خوێندوویەتی و لەبەر ئەوە فرێ بەسـەر ئەدەب و فـەرهەنگ و مێـژووی کوردسـتـانەوە نییە و هیچی لێ نازانێ. ئەمە هـەر وا ڕێکەوت نییە کە خوێنەوارێکی کوردی تورکیا زۆر بێپـەروا دەتوانێ بڵێت، من زمانی کوردیم داهێناوە، منم یەکەم جار ڕۆمـانم بە کوردی نووسـیـوە، کـەس پێش من کتێبی منداڵانی بە کوردی نەنووسـیـوە، پێش من کەس شـانۆنامـەی بە کوردی نەنووسـیـوە. مێـژووی تازەی ئەدەبی کـوردی لە منەوە دەست پێ دەکات، کەس پێش ئێمـە کوردایەتیی نەکردووە، سـەرکردەکانی پێشـتـر هەمـوو ئاغا و شـێخ و مەلا و فـیـۆدال بوون، ئێـمـەین کـە گەلی کـوردمـان هۆشـیـار کـردۆتەوە و، سـەدان قـسـەی نەزانانـە و گـەوجـانـەی لەم بابـەتە. ڕووناکـبـیـرانی

کوردستانی تورکیا باسی خراپە و مەترسیی سیاسەت و ئیدیۆلۆگیی کەمالیزم دەکەن، بەڵام لەوە نەگەیشتوون کە دڵسۆزترین شاگرد و قوتابیی کەمالیزم و دڵگەرمترین برەوپێدەری کەمالیزم خۆیانن. بەڕاستی من پێم وا نییە لە کوردستانی تورکیادا ڕووناکبیری کورد هەبێت، مەگەر بە ڕیزپەڕ چەند دانەیەک هەبن، خۆیانیان پێ گەیاندبێت. ئەو ڕووناکبیرانەی خەڵکی کوردستانی تورکیان، ڕووناکبیری تورکن، نەک کورد. ئەوان ڕەنگە ڕووناکبیری گەورەیشیان تێدا هەڵکەوتبێت و هەڵبکەوێت، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە ڕووناکبیری کورد نین، چونکە مێشک و بیرکردنەوە و کۆدەکانی سیستێمی بیرکردنەوەیان بە تورکی داڕێژراوە.

هیچ گەلێکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانەتی نایێت بە دەستی خۆی ئاگر بەر بداتە ماڵەکەی خۆی و ئەوەی لە هەزاران ساڵدا بنیاتی ناوە، هەمووی هەڵوەشێنێتەوە و هەڵتەکێنێ. زۆر گەلی دیکە هەن کە ئەلفوبێی تایبەتی خۆیان بە کار دەهێنن و لەوەیە لە هەندێ ڕوویشەوە گیروگرفت لە ئەلفوبێکەیاندا هەبێت، بەڵام دیسان بە شانازییەوە بە کاری دەبەن، بۆ نموونە جوولەکە، چین، عەرەب، هیندستان، ئێران، ئەرمەن، ئاسووری، ئەریتریا، حەبەشە، بەنگلادێش، گورجستان، ژاپۆن، کۆریا و زۆری دیکەیش. خوێنەرێک یا ڕووناکبیرێکی کوردستانی باکوور کە ئەمڕۆ تەنیا بە ئەلفوبێی لاتینی ڕاهاتووە و شتێک بەو ئەلفوبێیە نەنووسرابێت ناتوانێت بیخوێنێتەوە، نەک هەر خۆی لە بەشی هەرە زۆر و فراوان و گرنگی ئەدەبی کوردی بێبەش دەکات، ئەو ئەدەبەی بە کوردیی خوارووی نووسراوە، بەڵکە لە بەشی هەرە گەورەی ئەدەبی کرمانجییش بێبەشە؛ ئەو ئەدەبەی لە بادینانی کوردستانی عیراق دەنووسرێت. لەوەیش بەولاوە لە هەموو کلاسیکی ئەدەبی کوردی بێبەش بووە. تەنانەت ئەو کەمە تێکستەی کلاسیکی کرمانجییش کە خراوەتە سەر تیپی لاتینی دادی نادات، چونکە لە تیپە لاتینییەکاندا وێنەی هەموو دەنگەکان نییە و ئەوەیش دەبێتە هۆی شێواندنی تێکستە کلاسیکییەکان. لەوەیش بترازێ، کەسێک کە تەنیا ئەو ئەلفوبێ لاتینییە بناسێت ناتوانێت لە نرخە هونەرییەکانی کلاسیک بگات. هەر بۆ نموونە دەڵێم، کە شاعیرێکی کلاسیک باسی (ئەلفی قەد) دەکات، کەسێکی شارەزای کلاسیک یەکسەر تێدەگات مەبەست ئەوەیە بەژنی یار وەک تیپی (ئەلف: ا) ڕاست و ڕێکە. یا کاتێ چاوی یار دەچوێنێتە تیپی (عەین: ع)، ئەمە لە لایەکەوە لەبەر ئەوەی شێوەی تیپەکە لە چاو دەچێت و لە لایەکی دیکەیشەوە لەبەر ئەوەی (عەین) بە

عەرەبی واتە (چاو). بەڵام کەسێک ئەو ئەلفوبێ کوردی–عەرەبییە نەناسێت، ناتوانێت ئەم تایبەتییە هونەری و ئێستێتیکییە تێبگات.

لەم ساڵانەدا ڕۆمانێکی نووسەری دیاری تورک ئۆرهان پاموکم دەخوێندەوە کە ناوی (من نێوم سووره) بوو. من ڕۆمانەکەم بە ئینگلیزی خوێندەوە، چونکە تورکی نازانم. ئەگەرچی پاموک شارەزاییەکی باشی لە فەرهەنگی کلاسیکی تورک و ڕۆژهەڵاتدا هەیە، کەچی لەبەر ئەوەی خۆی بە تورکیی نوێ، ئەو تورکییەی بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسرێت، خوێندوویەتی، کەوتووەتە هێندێ هەڵەی هونەرییەوە کە خۆی لێیان بێئاگایە. لە جێگەیەکدا پاڵەوانەکە باسی تاڵەموویەکی قژی خۆشەویستەکەی دەکات کە بەسەر سەرینەکەوە بە جێ ماوە، دەڵێ تاڵەمووەکە بە جۆرێک خوار بووبووەوە دەتگوت حەرفی عەین (ع)ی عەرەبییە. چوارسەد ساڵ پێش ئێستا، عاشقێکی کۆلکەخوێندەواری دانیشتووی ئەستەنبوولی عوسمانی ناکرێ بیری لەوە کردبێتەوە کە ئەلفوبێی دیکەیش هەیە (هەبووبێت)، بۆیە ئەوەی جەخت کردبێت کە داوە مووەکە لە تیپی عەینی عەرەبی چووە. ئەو دەبوو تەنیا بیگوتایە تاڵەمووەکە لە حەرفی عەین دەچوو. ئەوەی کە لە ڕۆمانەکەدا باسی حەرفی عەینی (عەرەبی) دەکات، ئۆرهان پاموکی ڕۆماننووس خۆیەتی نەک پاڵەوانەکە.

شێواندنی دەنگ و فۆنێمەکانیش یەکێکە لە لایەنە هەرە گاڵتەجاڕەکانی ئەلفوبێی لاتینی. لەو ئەلفوبێیەدا هیچ نیشانەیەک بۆ دەنگەکانی (ئـ، ح، ع، غ، ڵ، ڕ، وێ) دانەنراوە. بەو بیانووەوە کە هەندێکیان دەنگی عەرەبین (!!). تۆ هەر بەرهەمێکی کلاسیک و تازەی ئەدەبی کوردی بگری بە دەستەوە، سەدان جار ئەم دەنگانەت بەرچاو دەکەوێت. ئیدی چۆن دەتوانیت هەروا سووک و ئاسان لە زمان دەریانبهێنی و فڕێیان بدەیت؟ ئەمە تەنیا عەقڵێکی فاناتیکی ڕاستینەناس دەتوانێ ئاوا بیر بکاتەوە. لە مەموزیندا زۆر جار هونەری خانی لەوەدایە قافییەی بەیتەکان بە جۆرێک دادەنێت کە لە یەکدی بچن و تەنیا لە حەرفێکدا جیاواز بن (پێم وایە بەم جۆرە وشانە دەگوترێت هۆمۆنایم Homonym). بۆ نموونە (موهەییا، موحەییا)، (نەصل، نەسل)، (مەئموور، مەعموور)، (عاجیل، ئاجیل). کە ئەمانە دەخرێنە سەر ئەلفوبێی لاتینی شتێکی پێکەنینهێنیان لێ دەردەچێت. ئەگەر بە وردی بیر لە بەڵگە و بیانووە نازانستییەکان بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بیرێکی ڕەگەزپەرستانە لەپشت ئەلفوبێی لاتینییەوەیە؛ بیری دژایەتیی هەموو فەرهەنگ و شارستانەتیی عەرەب و

کورد و ئێران و ئیسلام و ڕۆژهەڵات. کە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا مستەفا کەمال (ئەتاتورک) ئەلفوبێی لاتینیی بەسەر نەتەوەی تورکدا سەپاند و زۆر شتی ڕووالەتانەی ئەوروپای وەرگرت، لە بیرێکی ڕەگەزپەرستانەوە بۆی دەچوو. هەشتا ساڵ دوای دروستبوونی تورکیای "تازە و مۆدێرن و ئەوروپایی"، گەلانی تورکیا، بە کوردیشەوە، زۆر ڕووی شارستانەتی و نرخ و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتییان لە دەست چوو، بەڵام نەبوون بە ئەوروپایی... و ناشبن.

کە باسی قەیرانی زمانی کوردی دەکرێت، دوو ڕاستیی زۆر گرنگ دەکرێن بە ژێر لێوەوە و لە گەرمەی باسەکاندا بێسەروشوێن دەکرێن: یەکەمیان ئەوەیە کە کوردیی خواروو زمانێکی ستاندارده و بە هەموو پێوەرێکی زانستی و زمانەوانی ساڵانێکە ڕۆڵی زمانێکی ئەدەبیی ستانداردی هەیە (یەک شێوە، خوێندن، دەستگاکانی ڕاگەیاندن، کارگێڕی... هتد) و دووەمیش: ئەو گیروگرفت و ناتەواوی و فرەیی و جیاوازییەی لەبارەی ئەلفوبێوە باس دەکرێ، تەنیا پێوەندیی بە کوردیی سەرووەوە هەیە (کورمانجی). تەنیا کرمانجییە بە سێ (یا چوار) ئەلفوبێ نووسراوە و دەنووسرێت، دەنا کوردیی خواروو ئەلفوبێی دامەزراوی خۆی هەیە. ئەگەر ئەو ئەلفوبێ کوردییە لەگەڵ ئەلفوبێ و ڕێنووسی ئەو زمانانەدا کە ئەلفوبێی گونجێنراوی فارسی-عەرەبی بە کار دەهێنن، بەراورد بکەین، دەبینین کورد لە هەموویان زیاتر و چاکتر توانیویەتی ئەلفوبێیەکە لەگەڵ سیستێمی فۆنێمەکانی زمانەکەدا بگونجێنێ و دەنگەکان بپارێزێت و نیشانەی نوێنەری دەنگەکان دابنێت. هیچ نەتەوەیەک لەو نەتەوانەی بە ئەلفوبێی عەرەبی (ئارامی، فارسی) یا ئەلفوبێی هەمووارکراوی عەرەبی- فارسی دەنووسن هێندەی کورد بە ڕێکوپێکی نەیتوانیوە بزوێنەکان (ڤاول، ڤۆکال، دەنگدار) بە نووسین، بە دانانی تیپی تایبەت دەرببڕێت.

هـ. بەرزنجەیی: چۆن بەسەر خەم و ئازار و برینەکانتدا بە تایبەتی لە تاراوگە زاڵ boویت یا دەبیت؟ شیعر چ یارمەتییەکت لەم ڕووەوە دەدات؟

شاکەلی: جا کوا بەسەر خەم و ئازارەکانمدا زاڵ بوومە؟ باوەڕ بفەرموو خەم و ئازار وەک تۆپەڵەبەفرن، هەتا تۆ بەرەو ژێر، بەرەو هەڵدێری پیری بڕۆی، تۆپەڵەکەش هەر گەورە دەبێت. لەگەڵ گەورەبوونی خۆماندا خەمەکانیشمان گەورە دەبن. لێتی

ناشارمەوە کە زۆر جار بە ئەوپەڕی ڕەشبینییەوە تەماشای دەوروبەر و دنیا و هەموو شتێ دەکەم.

لەوەیە شـیـعـر جـاروبارێ دڵ و دەروونمـان پڕ بکات لـە هەناسـەیەکی بۆنخـۆشـی ئاسـمانـی، بەوەی لە ڕاسـتـیـە سـاردوسـڕ و ڕەقـوتەقـەکانی واقـیع و ژیان دوورمـان بخـاتەوە. بەڵام ئەمـە دوورخـسـتنەوەیەکی کـاتـیـە و بە سـەر دەچێت. من پێم وایە بەشـێکی یەکجـار زۆری خـەمـەکانمان ئەنجامی نیگەرانییـەکی ماددین، ئەنجـامی خـۆبەسـتنەوەمـانە بە نرخـە مـاددییـەکانی دنیـاوە، کـە پەرۆشی مـاڵ و سـامـان و دەسـتـەڵاتمان دەکـەن. بۆ ئەوەی بەسـەر ئەم نیگەرانیـیـەدا زاڵ بـین، دەبێت بیـر و بۆچوون و نرخـەکـانمان بگۆڕێن. ناڵێم (بگۆڕین) چونکە ئێـمـە لـەم گـۆڕینەدا (گۆڕانەدا) باوەڕ ناکەم دەسـتەڵاتێکمـان هەبێت. تۆ باش بیری لێ بکەرەوە بزانە ئەم هەموو شەڕ و شۆڕ و خراپە و خوێنڕشتن و بەدکارییانەی هەمیشە لە دنیادا هەبوون و هەبوونە و هەن، لە چییەوە پەیدا دەبن و چییە ئاگرەکەیان خۆش دەکات. من پێم وایە هۆی هەرە گـرنگ حەز و چاوبرسـێتیی مـرۆڤە؛ مـاددە، دەسـتـەڵات، ناوبانگ و سـێکس. هـەر کـاتێ مرۆڤ توانیی لەم ئارەزووە خـراپ و شـەڕانییـانە ڕزگـار ببێت، دڵنیا بـە دنیا دەبێتـە ماسـتی مەییو و وەک دەڵێن مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. لەم ڕووەوە تەسـەووف هێـزێکی گـەورەیە. ئـەو کـەسـانەی خـوا خـۆشـی ویسـتـوون و خـسـتـوونیـە سـەر ڕێگای تـەسـەووف، لە هـەڵپـەهـەڵپی ژیانـی مـاددی، لە پـەرۆشـی دەسـتـەڵات و سێکس و سـامـان و ناوبانگ ڕزگـار بوون. سۆفـییـەکی ڕاسـتـەقـینە نە خەمی ئەم دنیای هەیە نە هیی ئەو دنیا. ڕابیعەی عەدەوییە دەفەرمووێت: خوایە! هەر بەشـێکت لـەم دنیـا بۆ داناوم، بیـدە بە دوژمـنەکـانت، هـەر بەشـێکیـشـت لەو دنیـا بۆ داناوم، بیدە دۆستەکانت؛ تۆ خۆت بەسمی.

بەداخـەوە تا ئێـسـتـا نە ڕێگایـەکم دۆزیوەتەوە لە خـەم و پەژارە و نیگەرانی دوورم بخـاتەوە، نـە باوەڕیشم بەوەیە تەمـەنی مـرۆڤ بەشی ئـەوە بکات بە دوای ڕێگـایەکی وەهـادا بگەڕێت.

هـ. بەرزنجـەیی: تێگەیشـتنی ئێـوەیش وایە کـە زمـانی ئەو بـەرهەم و نووسـینانەی مـامـۆسـتا هەژار بە کاری هێنراوە بکرێ بە بنچـینەی زمـانی یەکگرتووی کوردی؟ چۆنە ئەم کارە بە لای ئێوەوە؟

شـاکـەلی: هـەژار بە هۆی ئەوەی کـە زۆربـەی ناوچەکـانی کـوردسـتـان گـەڕابوو و تێیاندا ژیابوو، ئـەو هەلەی بۆ هەڵکەوت کە وشـەی جۆراوجۆر فـێر ببێت و شـارەزای هێندێ زاراوەی کوردییش ببێت. فێربوونەکەیشی هـەر ئەوە نەبوو وشە کۆ بکاتەوە، بەڵکە هەر زوویش لە بەرهەمـەکانیدا، بە تایبـەتی لە وەرگێڕاندا بـە کـاری دەهێنان. ئەمە یـارمەتییـەکی زۆری مام هەژاری دا کە لە بەکارهێنانـی زماندا دسـتـەڵاتدار بێت و بۆ وشــە و دەربڕین پەکی نەکـەوێت. ئەو جـۆرە ژیانە و ئەو ئـەزمـوونانە نـەبووایە نە دەیتوانـی مـەم و زین وەربگێڕێت و نە دیوانی جەزیری شـەرح بکات. دوای ئەوسـایش، ئـەوەی دەیزانـی لە فـــەرهـەنگی هەمـــبـــانە بـۆرینـەدا کـــۆی کـــردەوە. لـەم ڕووەوە بەرهەمەکانی مام هەژار گرنگن و دەکرێ سوودێکی زۆریان لێ وەربگیرێت.

زۆر جار ئەم مـەسـەلەیە بە هەڵە دەهێنرێتە پێشەوە و ئەنجامگرییـەکی ناڕاستی لێ دەکـرێت. من پێم وا نـییـە مـام هەژار زمـانناس بووبێت و بە هیچ جـۆرێ سـەری لە زمـان، وەک زانسـتـێک، دەرچووبێت. هـەژار وشــەی کـۆکـردۆتەوە بەڵام تەتـەڵەی پی نەکـردوون، بژاری نەکـردوون. ئەو هـەزاران وشــەیەی ئەو لە فـەرهـەنگەکـەیدا کـۆی کـردوونەوە بناخـەیەکی چاکن بۆ لێکۆڵینـەوە. بۆ ئەوەی کـاریان لەسـەر بکرێت. مـام هـەژار ڕێزمـانـی نەزانیـوە، لەبەر ئـەوە نۆرمــێکی دامــەزراوی نیـیــە بۆ نـووسین و بەکارهێنانی زمـان، هـەرچیی هات بە بیردا تۆماری دەکات و بە کاری دەهێنێ و پێی وایە دەوڵەمـەندی ئەوەیە هـەمـوو فۆرم و شـێوەکان بە یەکەوە بە کـار ببرێن. کە دیارە ئەمە ئاژاوە و پشێوی دروست دەکات، وەک کردوویشیەتی.

زمان تـا بەرەو ئەوە بچێت یەک نۆرمی ڕێزمـانیی هـەبێت باشـتر کاری پێ دەکرێت. من هـەر بۆ نمـوونە، هـەوڵ دەدەم لایـەنێکی بچــووکی ئـەم باســە ڕوون بکـەمــەوە. لە زاراوای کـوردیـی خـوارووداَ، کـە وەک زمـانێکی سـتـانـدارد ڕۆڵێکی گـرنگـی هـەیە، گـێنووس، وات زایەند یا جنسی ناو، ڕۆڵێکی نیـیـە. ناو ئەگـەر نێـر بێت یـا مێ، لە دۆخی کـــارادا بێت، یـا یەکێ لەو دۆخـــانـەی کــە لە چوارچێــوەی (ئۆبلیک)دا کــۆ دەکـرێنەوە، دیسـان هیچ ناگـۆڕێت. تەنیـا لە دۆخی بـانگکردندا (نداء، ڤـۆکـاتیڤ) جیـاوازییـەک مـاوە. بۆ نموونە ئێـمـە دەڵێین: کـوڕە، مـامـە، بابە، خـاڵە... بەڵام دەڵێین: کـچێ، خوشکێ، پوورێ. تەنانەت لـەمەیشـدا گۆڕان ڕووی داوە. زۆربەی خـەڵک دەڵێن (دایە)، کە بەڕاسـتی دەبوو بگوترێت دایێ. لە کوردیی سـەروودا (کرمـانجی) گێنووس

ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و ناوەندیی هەیە. تەنانەت لە کرمانجییشدا ڕۆڵی گێنووس گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە ئەو یاسا سەختەی کە دەبێ ناوی نێر لە دۆخی ئۆبلیکدا (ی)ی بچێتە سەر بە تەواوی کز بووە و کەم کەس گوێی دەداتێ یا بە کاری دەهێنێ. لە زاراوای موکریاندا پاشماوەیەکی شێواو و نارێکوپێکی نێر و مێ ماوە و لە قسەکردندا بە کار دەبرێت، بەڵام بە شێوەیەکی وەک وتم، نارێکوپێک. تۆ ناتوانیت بنەما و قانوون بۆ ئەو جۆرە بەکارهێنانە دابنێیت. ئێستا یەکێک بێت بە کوردیی خواروو شتێک بنووسێت و شێوەی ئۆبلیکی ناو بە کار ببات، بێگومان بە هەڵەی دەزانم و پێم وایە ئەمە تێکدانی زمانە.

مام هێمنیش، لەم ڕووەوە، هەر وەک مام هەژار بوو. ئەویش زمانناس نەبوو. بە شێوەیەکی زانستی لە زمان نەدەگەیشت. دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران و دامەزراندنی سروە، دیار بوو هەستی بەراوردکردنی لا دروست بووبوو، چونکە ئەو تێکستانەی نووسەران و خوێنەرانی کوردستانی ئێران بۆ سروەیان دەنارد، لەوانە جیاواز بوون کە مام هێمن ساڵانێک بوو لە کوردستانی عیراق پێیان ڕاهاتبوو. لە بیرمە کە هاوینی ١٩٨٥ چوومە سەردانی، یەکێک لەو شتانەی بۆی باس کردم ئەم مەسەلەیە بوو. دیارە ئەو نەیدەتوانی لە چوارچێوەی زانستیدا و بە تێرمی ڕێزمان و زمانناسی باسی بکات. بەڵام بە هێنانەوەی نموونە مەبەستەکەی تێگەیاندم. مام هێمن دەیویست بڵێ ئەو دۆخی ئۆبلیکەی (کاسووسی ئۆبلیک) کە لە موکریان لە قسەکردندا بە کار دەهێنرێت، پێویست ناکات، لە نووسینیشدا سەر هەڵبدات.

ئەگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای نووسینەکانی مام هەژار و مام هێمن بکەین، لە ڕووی ڕێزمانەوە، لە ڕووی سینتاکسەوە، دەیان و سەدان هەڵە دەدۆزینەوە. مەبەستم ئەوە نییە، خوانەخواستە، لە نرخ و جوانیی ئەو بەرهەمانە کەم بکەمەوە. ئەو دوو پیاوە هەموو ژیانی خۆیانیان بۆ خزمەتی زمان و فەرهەنگی کورد تەرخان کرد و کاری زۆر گەورەیان بۆ نەتەوەکەیان بە جێ هێشت. ڕەنگە بۆ ساڵانی حەفتاکان، کە هێشتا زمان و فەرهەنگی کوردی وەک ئەمڕۆ پەرەی نەسەندبوو، ئەو شێوە بەکارهێنانەی زمان کە لە نووسراو و تەرجەمەکانی مام هەژاردا بەرچاو دەکەوێت، باش بووبێت و هاندەرێک بووبێت بۆ شکاندنی بیری تەسکی ناوچەگەری و دیالێکتگەری و بۆ ئاشنابوون لەگەڵ گەنجینەی وشەی زاراواکانی تری کوردیدا. بەڵام ئەمڕۆ پێویستییەکانی زمانی کورد و بیرکردنەوەی درێژخایێنانە لە پاشەڕۆژی

زمانی کوردی وا پێویست دەکات بە شێوەیەکی جیددیتر بیر لە زمان بکرێتەوە.

لە زمانی ستانداردی کوردیدا ناکرێ جێگەی هەموو شێوە جیاوازەکانی ڕێزمان بکرێتەوە و جێیان پێ بدرێت. هەر بۆ نموونە، لە مەهاباد ڕاناوی لکاوی (تان) هەندێ جار دەکرێ بە (وو): نانوو خوارد، لە باتیی نانتان خوارد. یا دۆخ (کاسووس)ی ئۆبلیک لەگەڵ ناودا دەردەکەوێت: ئەو شارەی، ماڵە ئەحمەدی. یا بەکارهێنانی (ببوو) لەجێی (بووبوو). لە سلێمانی پاشگری (ـەوانێ) دەخرێتە سەر هەندێ کردار (بەزۆری کرداری تێنەپەڕ، بەڵام دەمکاتەکانی دیکەیش): ئەڕواتەوانێ، ئەخواتەوانێ. یا هەندێ وشە بە شێوەیەکی سەیر بێژ دەکرێ: (ئەوەنگە) لە جێی (ئەوەندە)، (یامێ) لە جێی (دامێ). لە گەرمیان و لە سنە پارتیکڵی ئیزافە نەماوە: (ماڵ باوک ئازاد)، لە جێی (ماڵی باوکی ئازاد)، (کوڕ ئازا) لە جێی (کوڕی ئازا). لە هەولێر پاشگری ڕابوردووی تەواو بە (ی) دادەڕێژرێت نەک (وو): (خواردییە، بردییە) لە جێی (خواردووە، بردووە)، یا (هەیتم، نووسیتم) لە جێی (هەمە، نووسیومە). ئەم فۆرمانە هیچیان ناچنە نێو ڕێزمانی ستانداردی کوردییەوە و بەشێک نین لە زمانی ئەدەبی. تۆ دەتوانی ڕۆژانە چۆنت دەوێ وا قسە بکەیت، من کارم بەوە نییە، بەڵام کە دەرست بە منداڵی کورد وتەوە، کە وتارێکت بۆ ڕۆژنامە نووسی، دەبێ زمانی ئەدەبی بە کار بهێنی. ڕەنگە بکرێت لە ڕۆمانێک، چیرۆکێک، یا شانۆنامەیەکدا هەندێ گفتوگۆی کەسەکان بەو زمانە ڕۆژانەیە بنووسرێت، بەڵام ئەوە شتێکی دیکەیە. من پێم وایە زمانی کوردی دەبێ لە دوو پلەی جیاوازدا بە کار بهێنرێت؛ زمانی ڕۆژانە، کە زمانی قسەکردنە و زمانی ستاندارد کە زمانی نووسینە. سنووری نێوان ئەم دوو پلەیەی زمانەکە بۆ کەسێک هەستی زمانەوانیی هەبێت ئاشکرایە و دەبێ ڕەچاو بکرێت. هەبوونی ئەم دوو پلەیە بەو مەعنایە نییە کە ئێمە لە زمانی خەڵک دوور دەکەوینەوە، بەڵکە پێشاندەری دوو پلە و دوو سیستێمی بیرکردنەوەیە، کە لە زۆربەی زمانانی دنیادا ئەم دیاردەیە هەیە. هەروەک ئاسانکردن و سادەکردنی زمان ئەوە ناگەیێنێ کە ئێمە لە گەل و لە زمانی گەل نزیک دەبینەوە. تێنەگەیشتنی ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر جار نووسەران لە سنووری تەسکی شۆڤینیزمی ناوچەگەریدا قەتیس بمێنن و زیان بە خۆیشیان و بە زمان و فەرهەنگەکەیشیان بگەیێنن.

بەکارهێنانی وشە و تەنانەت دەستەواژەی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی لە زمانی ئەدەبیدا نە هەڵەیە و نە تاوانە، ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو و لێزانانە بە کار ببرێن. ئاژاوەی زمان و ناسەقامگیری لەوەوە دروست دەبێت کە تۆ ئەو پێکهاتە ڕێزمانییەی تایبەتی دیالێکتێکە، بیهێنیتە ناو زمانە ئەدەبییەکەوە. من هەر یەک دوو نموونەی بچووک دێنمەوە. لە کوردیی سەروو (کرمانجی)دا ئەگەر ناو لە شێوەی ئیزافەدا هاتبوو، ئەوا ئاوەڵناو ناتوانێ یەکسەر بە دوای ناودا بێت، بەڵکە دەچێتە دوای دەستەواژەکەوە، بەڵام لە کوردیی خوارووودا ئاوەڵناو یەکسەر بە دوای ناودا دێت. نموونە: کەچا من ئا بچووک، برایێ من یێ خوەندکار. ئەمانە بە کوردیی خواروو ئاوا دەوترێن: کچە بچووکەکەی من، برا خوێندکارەکەم. تۆ ئەگەر ئەم دوو ڕستەیە بەپێی نموونە کرمانجییەکە دابڕێژیتەوە، ئاوەهایان لێ دێت: کچەکەی منی بچووک، براکەی منی خوێندکار. لێرەدا کچ و برا بێ ئاوەڵناو مانەوە و(من) ئاوەڵناوی بچووک و خوێندکاری وەرگرت. یا تۆ بێیت فۆرمی پاسیڤ (کارابزر) بە شێوەی کوردیی سەروو دابڕێژیت؛ لە جێی (نووسرا) بڵێی (هات نووسین). نزیککردنەوەی زاراوەکان دەتوانێ ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان، بەڵام بە مەرجێک کەسانێکی کوردیزان و زمانناس و شارەزای مێژووی زمان و ڕەچەڵەکی وشە (ئێتیمۆلۆگی) بیکەن، نەک کۆلکەخوێنەواری شۆڤینیست. ئەنیستیتووتە (بەناو) کوردییەکەی پاریسیش ئەوە دە دوانزدە ساڵە میلیۆنان دۆلار وەردەگرن گوایە خزمەتی زمانی کوردیی پێ دەکەن، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیکەن دژایەتیکردنێکی ئاشکرای زمانی کوردییە، ئەوەندەی ئەوان زیان دەگەیێننە کورد و زمانەکەی تەنانەت داگیرکارە فاشیستەکانیش نەیانتوانیوە بیکەن.

هـ. بەرزنجەیی: ئایا زمان لە ڕووی زانستەوە کامڵ دەبێت؟ یا دوا پلەی زانستی کامڵبوون هەیە؟ ئەی ڕۆڵی زمان لە زیندوویەتیی ئەدەب، بیرکردنەوەی ئەقڵانی، نووسینی ڕەسەن و هاوچەرخ، داڕشتن و لەزەتی مۆسیقایی لە ناسنامەی فەرهەنگیدا چەند گرنگە و چۆنە؟

شاکەلی: ڕەنگە پرسیارەکەی تۆ گشتی بێت، بەڵام من دەیبەمەوە سەر زمانی کوردی و تەندروستیی زمانی کوردی. لە حەفتاکاندا بزووتنەوەیەکی باش کەوتە ناو

زمانی کوردییەوە و لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ئاشتیدا گەشەکردن و پێشکەوتنێکی سەیر هاتە دی، کە کاری کردە سەر تێکڕای پلەی بیر و خوێندەواری و فەرهەنگ لە کوردستاندا. ئەودەم ئەوانەی بەتەواوی خەریکی نووسین بوون و بەرهەمەکانیان بەشێک بوون لە ژیانی ڕۆژانەی خوێنەری کورد ڕەنگە خۆی دابێ لە ٦٠-٧٠ کەسێک. لەناو ئەمانەدا کەسانێک هەبوون کە کوردییەکی لاوازیان دەنووسی و شارەزای ڕێزمان و ڕێنووس نەبوون، بەڵام لە پاڵ ئەمانەیشدا ١٠- ١٥ کەسێک هەبوون کە کوردییەکی چاک و جوانیان دەنووسی و دەبوونە نموونە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەیش شتیان لێوە فێر ببن. ئەو کوردیزان و زمانناسانە ڕێگەیان لە خراپەکاریی ئەو خەڵکە ناشارەزایە دەگرت و نەیاندەهێشت تەئسیرە خراپەکەیان تەشەنە بکات.

ئەمڕۆ ژمارەی ئەوانەی کە دەنووسن یەکجار زۆر بووە. خەڵکێکی زۆر بە هۆی زمانی کوردییەوە دەژین، واتە زمانی کوردی نان دەدات. بە پێچەوانەی سەردەمێکی کۆنەوە کە بەکارهێنانی زمانەکە مایەی دەردیسەری بوو. دیارە زۆر خۆشە زمانی کوردی بگاتە ڕادەیەک کە وەک زمانێکی ڕەسمی بە کار بێت و بە جۆرێکی هێندە فراوان بە کار ببرێت کە خەڵکانێک بتوانن پێی بژین. ئەمە شانازییەکی یەکجار گەورەیە بۆ کورد و فەرهەنگەکەی. بەڵام دەردەکە ئەوەیە پلە و ئاستی بەکارهێنانی زمانی کوردی هەتا بڵێی دالەنگاوە و بەرەو خراپی و لاوازی ڕۆیشتووە. ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری ئەوانەی دەنووسن کوردییەکی زۆر خراپ و سەقەت دەنووسن، نە شارەزای ڕێزمانن و نە شارەزای ڕێنووس. بەڕاستی ئەتک بە زمانەکە دەکەن و ئەوپەڕی سووکایەتی بە فەرهەنگی کورد و خوێنەری کورد دەکەن. ئەمانە هەر نەبێ وەک سەرچاوەیەکی بژێویی خۆیان و وەک کەرەستەیەکی پیشەیی و وەک ئامرازێک، وەک ئەسبابێکی کار و پیشە هەوڵیان بدایە زمانەکەیان چاک بکەن. کابرای کرێکار کە چەکوش بە کار دەهێنێ، هەوڵ دەدات هەمیشە خزمەتی چەکوشەکەی بکات، پاکی بکاتەوە، مشتووی باشی بۆ دابنێت. وەرزێرێکیش تا بتوانێ خزمەتی داسەکەی دەکات، لە هەسانی دەدات، دەمەزەردی دەکات و لە شکان و درزبردن دەیپارێزێ و ناهێڵێ ژەنگ بگرێ. نووسەر و ڕۆژنامەنووسانیش دەبوو هیچ نەبێ لەبەر خاتری پیشەکەی خۆیان و نانەکەی خۆیان، بەتەنگ کەرەسەی کار و پیشەکەیانەوە بهاتنایە، زمانەکەیان ئاوا سەقەت نەکردایە. ڕەنگە ئەمڕۆ لە کوردستاندا ٤ تا ٥ هەزار کەسێک هەبن کە خەریکی کارێکن پێوەندیی بە زمانەوە

هەبێت. بەڵام دەردەکە ئەوەیە لەناو ئەم ژمارە زۆرەدا ژمارەی ئەوانەی کە دەتوانی پێیان بڵێی زمانزان و کوردیزان ناگاتە ٢٠–٣٠ کەس. ئەوجا ئەم کوردیزانانە لەوانە نین کە ڕۆژانە تەئسیر لە خوێنەر و بینەری کورد دەکەن. کوردیزانەکانی سالانی حەفتاکان خۆیان ڕاستەوخۆ لە کاری ڕۆژنامە و ڕاگەیاندندا بەشدارییان دەکرد و بەو پێیەیش جێدەستیان دیار بوو. بەشی هەرە زۆری ئەوانەی ئەمڕۆ لە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە وەرزنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکاندا کار دەکەن، لە زانستگە و خوێندنگەکاندا کار دەکەن، ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ کار لە زمان و فەرهەنگی خەڵک دەکەن و دەبنە هۆی شەکڵپێدانی زمانەکە لەناو خوێنەرانی ئاساییدا کوردیزان نین. هەر ئەوانیشن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زمانی کوردی بەرەو هەڵدێر و بەرەو پوان و بەرەو داڕزان دەبەن. کوردیزانەکانی ئەمڕۆ کەمتر ئەو دەرفەتەیان بۆ دەلوێ ڕاستەوخۆ زمان بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە و کۆنترۆڵی بکەن.

کامڵبوونی زمان بەستراوە بە قۆناخێکی دیاریکراوەوە و، تا ڕادەیەک، مەسەلەیەکی تاکەکەسییە. ئەو زمانەی لە سەردەمی بابانەکاندا بە کامڵ دانراوە، نموونەکەی لە شیعری نالی و شێخ ڕەزادا دەبینین. زمانی سەردەمی شێخ مەحموود لەگەڵ زمانی پەنجاکاندا زۆر جیاوازە. زمانی ئەمڕۆ و حەفتاکانیش زۆر لە یەک ناچن. هەموو زمانێک ئاوایە. ئەگەر ئینگلیزێک ئەمڕۆ وەک شەکسپیر بنووسێت، باوەڕ ناکەم کەسێک بەرهەمەکەی بخوێنێتەوە، یا ڕەنگە گاڵتەیشی پێ بکەن. نووسەرێکی باشی عەرەبیش ئەمڕۆ وەک (جاحظ و ابو حیان التوحیدي) نانووسێت. بەڵام ئەم زمانانە لە هەموو سەردەمێکدا نۆرمی دامەزراوی خۆیان هەیە و نووسەران و ڕووناکبیران پێڕەویی دەکەن و لێی لا نادەن. کامڵبوونی زمان هەر ئەوەیش نییە جوان پێی بنووسیت. دەوڵەمەندیی زمان بەوە دەپێورێ کە بتوانی لە بوارە جیاوازەکانی زانیاری و زانستدا بە کاری بهێنێت.

هـ. بەرزنجەیی: مەرجە زمانناس و زمانزان هەر دەرچووی دەزگایەکی خوێندنی ئاکادێمی و خاوەن بڕوانامەی بەرز بێت؟ گەر وا بێت چی دەربارەی مامۆستا مەسعوود محەمەد و چەندانی دیکە دەڵێن کە بەو بەرهەمە شاکار و دانسقانەیان زمانی کوردییان پۆشتە و پەرداخت کردۆتەوە؟

شاکەلی: نەخێر، نەوەڵڵا هیچ مەرج نییە. لەوەیە زمانناس یا زمانزانی باش (نە حەرفی مەکتەبێکی خوێندبێت و نە ئوستادێ پەلی گرتبێت). دیارە پێچەوانەی ئەمەیش هەر ڕاستە، واتە دەیان کەس هەن کە بڕوانامەی بەرزی ئەکادێمییان لە بواری ئەدەبییات و تەنانەت زمانیشدا هەیە و کەچی ناتوانن نامەیەکی ڕێکوپێکی بێهەڵە بە کوردی بنووسن. "شاهیدی موعتەبەر"یشمان لەم ڕووەوە زۆرن. بەشێکی زۆری ئەوانەی کاتی خۆی دۆکتۆرایان لەبارەی زمانی کوردییەوە لە سۆڤییێتی جاران کردووە، کاک ئەوڕەحمانی حاجی مارفی لێ دەرچێت، کەسیان کوردیزان نین، کەسێکیان تێدا چنگ ناکەوێ بتوانێت نامەیەک یا وتارێک بە کوردییەکی پاراو و ڕاست و پوختە بنووسێت. کەواتە بڕوانامە دادێکیان نادات و بەوە نابن بە کوردیزان.

من کە دەڵێم خوێندنی ئەکادێمی مەرج نییە، ئەوە لە بەرچاو دەگرم کە نووسەرێک یا ڕووناکبیرێکی کوردی خۆکرد، بە کۆششی خۆی، خۆی فێری زانستە جیاوازەکان بکات و بە کاریان بهێنێت. ئەگەر زمانناس بێت، خۆ دەبێ شارەزای زانستەکەی بێت. ئەگەر کوردناس و کوردیزان بێت، خۆ دەبێ مێژووی زمانانی ئێرانی و دیالێکتەکانی کوردی بزانێت و لە زمانەکانی دەوروبەری کورد سەر دەربکات و شارەزای ئێتیمۆلۆگی بێت. ئەم زانستانە ڕەنگە لە زانستگەیەکدا باشتر بخوێنرێن، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێ سەربەخۆ فێر ببێت، نەشیاو نییە.

هـ. بەرزنجەیی: هەر کە دەمی هەندێ لە شاعیرانی کورد دەکەیتەوە، دوێنێ بە نازم حیکمەت و بەیاتی و ئەمڕۆ بە شاملوو و ئەدۆنیس سەرسام بوون و هەموو وێنەیەکی شیعری و پێناسە و پێوانەیەکیان تێدا دەبیننەوە. ئەم دیاردەیە چ لایەنێکی ئەقڵی و ئاکاری لای شاعیری کورد دەنوێنێ؟ خۆدیلکردن و توانەوە لە بازنەی ئەم ناوانەدا مانای چییە؟

شاکەلی: سەرسامبوون بەرانبەر شاعیری گەورە عەیبێکی تێدا نییە. ئەو شاعیرانەیش شاعیری گەورەن و دەکرێ خوێنەر تا ڕادەیەکی زۆر حەزی لە شیعرەکانیان بێت، بەڵام نابێت ئەم حەزلێکردنە لەبەر هۆی دیکەی نائێستێتیکی و ناهونەری بێت. نابێ لەبەر ئەوە بێت خوێندنەوەی شیعری ئەمانە وەک مۆدەیەکی سەردەم تەماشا بکرێت و خۆهەڵواسین بە بەرهەمەکانیاندا ناسنامەی

پێشکەوتنخوازی و مۆدێرنی بدا بەو کەسە، یا لەبەر خۆبەکەمزانینی خوێنەرەکە بێت و پێی وا بێت شیعری گەورە و شاعیری گەورە تەنیا لای خەڵکی دیکە هەیە و پەیدا دەبێت و ناکرێ کورد شیعر و شاعیری گەورەی هەبێت. نابێ ئەمە لەسەر حیسابی داهێنەران و شاعیرە گەورەکانی خۆمان بێت. با ڕووناکبیرێکی کورد هەموو شیعری ناوداری دنیای خوێندبێتەوە، بەڵام ئەگەر شیعری کلاسیک و نوێی نەتەوەکەی خۆی نەناسێ و تێکەڵی خوێن و دەمار و هەست و نەستی نەبووبێت، بە هەموو ژیانی ناتوانێ ببێتە نووسەرێکی گەورە یا شاعیرێکی کورد. ئەمڕۆ ئەمە بە ئاشکرا لای بەشێکی زۆری نووسەرانی کوردستانی تورکیا و سووریا بە دی دەکرێت. ئەوەی دەینووسێت بە کوردییە، بەڵام فرێ بەسەر چێژ و ئێستێتیکا و شیعری کوردییەوە نییە. کچێکی ئەوروپایی، ئەمەریکایی یا عەرەبە و جلێکی کوردییان لەبەر کردووە، بەڵام هەر کە دەمی کردەوە دەزانی کورد نییە.

شیعری هەموو دنیا و فەرهەنگی هەموو دنیا لە جێگەیەکدا و بە شێوەیەک یەک دەگرنەوە و تێکەڵ بە یەکدی دەبن، وەک ڕووبار و چەم و زەریاکان. بەڵام هەر ڕووبارێک و هەر چەمێک و هەر زەریایەک تایبەتێتیی خۆی هەیە و لە جێگە و ناوچەیەکی تایبەت و دیاریکراودا، تام و بۆن و ڕەنگ و دەنگی تایبەتی خۆی هەیە. دیجلە و سیروان لە ئەمازۆن ناچن و یانگتسی لە میسیسیپی ناچێت. شیعریش دەبێت وا بێت. شیعری کوردی لە کاتێکدا بەشێکە لە شیعری جیهان، بەڵام تام و ڕەنگ و بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە شیعری هەموو دنیا جیای دەکاتەوە.

هـ. بەرزنجەیی: ڕێبازی بونیاتگەری لە شیعر و نووسین و ڕەخنەی کوردیدا ماوەیەکە سەری هەڵداوە. هەڵگرانی ئەم ڕێبازە گلەییی زۆریان لەسەرە چونکە هەم لە نووسینەکانیاندا هیچ بە دەستەوە نادەن! هەم زمانەکەیان لاواز و تێکەڵ و پێکەڵە و جۆرە شێواندنێکیان خوڵقاندووە! لە لایەکی دیکەیشەوە کەم شارەزای باری ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کوردن. دەیانەوێت بەو تیۆرییە خوازراوانە هەموو دەقەکان هەڵبوەشێننەوە و سەرلەنوێ بە گەز و مقەست و پێوانەی خۆیان بیبڕن و دایبڕێژنەوە! هەبوون و نەبوونی ئەم مێتۆدە چۆن دەبینن و چ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە؟

شاکەلی: ئەگەر ڕێبازی یا تیۆریی ستروکتورالیزم (بونیادگەری) تا ئێستا ئەنجامێکی باشی لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی تێکستی کوردیدا نەبووبێت، تاوانی تیۆرییەکە یا مێتۆدەکە نییە، بەڵکە تاوانی ئەو کەسەیە کە بە ناشارەزایی بە کاری دەهێنێ. ستروکتورالیزم یەکێکە لە کۆمەڵێ تیۆریی ئەدەبی و خزمەتێکی باشیشی لە ناسین و شیکردنەوەی تێکستدا کردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کێ بە کاری دێنێ و چۆن؟ وا بزانم لە جێیەکی دیکەدا باسی لێکۆڵینەوەکانی کەمال ئەبوودیب و شتێفان شپێرلم کردووە. لەبارەی ئەدەبی فارسییشەوە دیسان لێکۆڵینەوەی چاک لەبەر ڕووناکیی ئەم تیۆرییەدا کراوە. بێگومان لە بواری ئەدەبی ئەورووپاییدا هەزاران لێکۆڵینەوە لە بەردەستدان. من بۆیە باسی ئەدەبی فارسی و عەرەبی دەکەم، چونکە ئەمانە لە ئەدەبی ئێمەوە نزیکن.

گەلێ کەس ئەمڕۆ لە کوردستاندا وای پێشان دەدەن کە لایەنگری ئەم تیۆرییە ئەدەبییەن و لەبەر ڕووناکیی بنەماکانی تیۆرییەکەدا تێکستی کوردی دەخوێننەوە و شی دەکەنەوە، بەڵام ئەو ئەنجامانەی تا ئێستا لە بەردەستدان وا نالێن. زۆربەی هەرە زۆریان بە هیچ جۆرێ لە تیۆرییەکە نەگەیشتوون و سەرچاوەی خوێندنەوە و زانیارییەکەیان کتێب و وتاری دەستی دووەم و سێیەمی فارسی و عەرەبییە.

لەوەیش سەیرتر ئەوەیە بەشێکی زۆری ئەمانە وەک مافیایەکی فەرهەنگی کار دەکەن، چونکە ئەوەی دەینووسن تەنیا لەسەر تێکستی برادەر و دۆست و لایەنگرانی خۆیانە، واتە ئەمانە ڕوو لە تێکست ناکەن، بەڵکە بە لایانەوە گرنگە یەکدی هەڵنێن و پلە و پایەی درۆزنانەی پووچ بۆ یەکدی دروست بکەن. کورد دەڵێ ئەو کچەی دایکی مەتحی بکات، مەگەر خاڵی بیخوازێ. تێکست و ناوبانگی ئەمانەیش مەگەر هەر خۆیان باوەڕی پێ بکەن، دەنا کەس شتی ساختە و دەستهەڵبەست ناکڕێت.

هـ. بەرزنجەیی: چەند پرسیارێک نێوەندی باسوخواسی ئەدەبی کوردی داگیر دەکات و هەتا هەنووکە وەرامێک و چەمکێکی بابەتی و گونجاوی پێناسەی ستانداردی بۆ پەیدا نەبووە، وەک: نەبوونی سەرچاوەیەک کە هەموو مێژووی ئەدەبی کوردیی گرتبێتە خۆی، پەرش و بڵاوبوونی شاعیر و نووسەرانی کورد، نەبوونی یەکێتییەکی نووسەرانی چالاک، نەبوونی ناوەندێکی ڕۆشنبیریی یەکگرتوو، نەبوونی خیتابێکی ئەدەبیی یەکگرتوو،

نەبوونی دامـــودەزگـــایەکی چالاک و خـــزمــــەتگوزار چ لە نـاوەوە و چ لە دەرەوەی کـوردسـتـان و نـەبوونی شـتـهـایەکی دیکەیش. بە بـاوەڕی ئێـوە هۆکاری ئەم شتانە چین و ڕێگاچارەی ئەم نەبوونانە چۆنە؟

شـاکەلی: ئەمـە کۆمـەڵە پرسـیـارێکە دەکرێ هەمـوویان لە چـوارچێـوەی مـەسـەلەی پـاشکەوتنـی فـــەرهـەنگ و ئەدەبـی کـــوردی و یەکنەگـــرتنـی تێـــڕوانین و گـــوتـاری ڕووناکبیرانەماندا جێیان بکرێتەوە.

لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابوردوودا چەند کەسێک هەوڵی ئەوەیان داوە مێژووی ئەدەبی کوردی بنووسنەوە، بەڵام دیارە ئەمـە کارێکی ئاسـان نەبووە و نییـە. دوو ئاسـتـەنگی گرنگ ئـەمانەن: ئەدەبی کوردی لە مێژوودا بە کۆمەڵێ دیالێکتی جیاواز نووسراوە و کەسێک بیـەوێ مـێـژووی ئەدەبـەکە بنووسێت، دەبـێ شـارەزای ئەو دیالێکتـانە بێت. ئاسـتـەنگی دووەمـیش ئەوەیە بەشێکی گەورەی مێژووی ئەدەبی کورد هێشتـا، لەبەر کۆمەڵێ هـۆی سیـاسـی، بە شـاراوەیی ماوەتـەوە. ئێمـە تەنانەت هەتا ئێسـتا شـتێکی ئەوتـۆ لەبارەی ژیان و بـەرهـەمی نالـی و حـاجـی قـادرەوە، لـە دەرەوەی کـوردسـتـان، نازانین، کـە زۆریش لـە ڕۆژگاری ئێمـەوە دوور نین. باشـترین نموونـەی نووسـینەوەی مـێـژووی ئەدەبـی کوردی، هەتا ئێـسـتـا، کـارە بەنرخـەکـەی مـامـۆسـتـا عـەلائەددین سـەجـجـادییـە. تـەنیـا ئەوە، کـە نـە سنووری سیـاسـی و نـە سنووری دیالێکتی ڕەچاو کردووە و هـەرچییـەک بە کوردی نووسـرابێت، بە سـامـانـی کوردی داناوە و تۆمـاری کـردووە. دەمــێکە کـاتـی ئەوە هـاتووە کــە مـێـژوویەکی فـراوان و تازە و یەکگرتووی ئەدەبی کوردی بنووسرێت.

پەرشــوبـڵاویی نووســەر و ڕووناکـبـیـرانـی کـورد دەکـرێ بە دوو سـێ جـۆر لێک بدرێتـەوە. لە ڕووی جیۆگرافییـەوە دیارە، ڕووناکبیـران و نووسـەران بە هـەمـوو دنیادا بڵاو بوونـەتەوە و لـەم ڕووەوە هیـچیـشـمـان پـێ ناکرێ، ئەوە نەبێ هیـوادار بین ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کوردستان ڕەوشێکی وا بێتە پێشـەوە کە خەڵکەکەی، بە ڕووناکبیرانیشـەوە، بتـوانن بە ئازادی و سـەربەسـتی تێیدا بژین. ڕووەکـەی دیکە نەبوونی دەسـتگایەک یا ڕێکخــراوێکە نـووســەران و ڕووناکـبـیــران لە چوارچێـوەیدا کـۆ ببنەوە. ئـەمـە وەک پێویسـتـییـەکی ژیانی تازە، وەک سـەندیکایەک بۆ بەسـەرکردنەوە و پارێزگاریی مـافی ڕووناکبیران، گرنگە.

له وڵاتی ئێمه یەکێتی یان کۆمەڵەی نووسەران و ڕووناکبیران، هەمیشه وەک دەستگایەکی سیاسی یا کەرەسەیەکی لەبار بۆ بەکارهێنانی سیاسی تەماشا کراوە. ئەمەش زیانێکی گەورەی بە بزووتنەوەی فەرهەنگی کورد گەیاندووە. من چاکم لە بیرە لە حەفتاکاندا چۆن پارتیی دێموکراتی کوردستان و کۆمونیستی عیراق دادەنیشتن بۆ دابەشکردنی جێگەکانی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەران و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد. بیستوومە لە دوای چواردەی تەمووزیش هەر وا بووە. لە ئەمڕۆی کوردستانیشدا دەبینین چۆن شەڕی براکوژی بوو بە هۆی لە ناوچوونی یەکێتیی نووسەران و زۆر دەستگای یەکگرتووی دیکەیش. هۆیەکی گرنگی سیاسەتاندنی کۆمەڵەی نووسەران ئەوەیە کە دەستگایەکی ئازاد و پانوپۆڕ و فراوانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە کوردستاندا نەبووە و نییە. ئەگەر دەستگایەکی وەها هەبووایە، یەکێتیی نووسەران دەبوو بە سەندیکایەکی (نەقابەیەکی) پیشەیی بۆ پاراستن و پارێزگاریی نووسەران. من ئەوە بیست ساڵی ڕێکە (لە ساڵی ١٩٨٠وە) ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوێدم. هەتا ئەمڕۆ تەنیا دوو جار لە کۆنگرەی یەکێتییەکە ئامادە بوومە، کە لە ساڵێکدا دوو جاریش ڕێک دەخرێت. لەو کۆنگرانەدا نە باسوخواسی فیکری هەیە و نە کاروباری فەرهەنگی. ئەم باسانە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و تا ڕادەیەکیش لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە دەکرێن و بە ئاشکرایش دەکرێن. لە کۆنگرەی نووسەراندا باسی مافی نووسەران یا گفتوگۆ لەگەڵ پەخشکارەکاندا دەکرێت. ئەندامەکان تەنانەت تاقەتی دەنگدانیشیان نییە. بەڕێوەبەری کۆنگرە هاوار دەکات، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیازە یا ئەم بڕیارەیە؟ کەس دەست هەڵنابڕێت. کێ دژە؟ دیسان کەس دەست هەڵنابڕێت. هەموو پەلەی ئەوەیانە وچانێک بدرێت، بچن قاوە بخۆنەوە، یا بگاتە ئێوارە و پێکەوە شیو بخۆن و شەراب هەڵقوڕێنن. تازە نووسەر و ڕووناکبیری ئەم وڵاتانە لەوە بوونەتەوە چاوەڕێی ئەوە بن بزانن جەنابی سیاسەتمەدار، یا سیاسەتباز، چییان بۆ دەکات و چییان پێ دەڵێت. نووسەر هەیە یەک میلیۆن جنێو هەواڵەی پاشا و سەرەکوەزیران دەکات، کەسیش نە وەرامی دەداتەوە و نە خۆی پێوە خەریک دەکات. لە سەرەتای هەشتاکاندا کچە شاعیرێکی سوێدی لە چێشتخانەیەک دانیشتبوو، ئۆلوف پاڵمێی سەرەکوەزیری ئەو کاتەی سوێدیش لەوێ نانی دەخوارد. کچە ڕاستوڕاست لێی چووە پێشەوە و فنجانێ قاوەی کرد بە سەروچاوی پاڵمێدا. کەسیش لە گوڵ کاڵتری پێ نەوت. پاڵمێ

یەک مافی هەبوو، دەیتوانی بە کاری بهێنێت، بچێ لای پۆلیس و دادگا شکاتی لێ بکات. ئەوەیش هیچ نەبێ سێ ساڵی دەخایاند تا دەگەیشتە ئەنجامێک.

نووسەری کورد داوای ئەوەی نەکردووە مافی جنێودانی بە سەرۆکەکان هەبێت، یا بیەوێ پیاڵەچای بکا بە سەروچاویاندا، بەڵام دەبێت سوور بێت لەسەر ئەوەی ئازادیی تەواوی هەبێت، وەک مرۆڤ و وەک داهێنەر ڕێزی بگیرێت و مافەکانی بپارێزرێن، بایەخ بە فەرهەنگ و زمانی کوردی بدرێت و بەشێکی باشی بودجەی دەوڵەتیان بۆ تەرخان بکرێت و گەلێ داوا و داخوازی دیکەی پیشەیی و فەرهەنگییش. دەوڵەت دەبێت بە هەموو شێوەیەک بە تەنگ ڕووناکبیران و نووسەرانەوە بێت و هەموو هەلومەرجێکیان بۆ دابین بکات تا بتوانن بە ئازادی و بە تێروتەسەلی خەریکی داهێنان و پێشکێشکردنی بەرهەم و خۆپەروەردەکردن بن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ لایەنگیرییەک بێت لێیانەوە، یا داوای هیچ شتێکیان لێ بکرێت.

یەکگرتنی نووسەران دوو لایەنی هەیە. ئەگەر مەبەست ئەوەیە سەندیکایەکی یەکگرتوویان هەبێت، ئەمە زۆر پێویستە. بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێت نووسەران و ڕووناکبیران وەک پارتییەکی سیاسیی یەکگرتوو بن و یەکبیر و یەکقسە و یەککردار بن، من نەک هەر هیچ پێویستییەکی وا نابینم، بەڵکە پێم وایە جیاوازیی بیروڕا و شێوەی بیرکردنەوە و شەڕەوشە و شەڕەبیری ناو ڕووناکبیران دەوڵەمەندییەکە بۆ فەرهەنگی کورد، بەو مەرجەی بە شێوەیەکی شارستانییانە ئەنجام بدرێت. جیاوازی لە بواری داهێنان و بیردا دەوڵەمەندییە. فەرهەنگی وڵات و نەتەوەیەکیش هەر بەو جۆرە پێش دەکەوێت.

پێم وایە کورد دامودەزگای زۆرە، بە تایبەت هیی فەرهەنگی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەم دەستگایانە، چ هیی ناوەوەی کوردستان و چ هیی دەرەوە، هەر هەموو دەستگای سیاسەتاوین و بڕیاردەری یەکەم و دوایی لە کاروبارییاندا سیاسەتە. بەشی هەرە زۆریان کەسانێکی بێبەهرە و ناشارەزا و نەخوێندەوار دەیانبەن بە ڕێوە. ئەو تاکوتەرا ڕووناکبیرە باش و چالاکانەیش کە ڕێیان کەوتۆتە ئەوێ، یا خۆیان خستۆتە خزمەت سیاسەتەوە و لەوە چوونەتەوە بتوانن ڕووناکبیر بن، یا ئەوەتا دەست و پێیان بەستراوەتەوە و هیچ دەستەڵاتێکیان نییە.

من لەوە دەگەم کە هۆیەکی گرنگی ئەم هەموو ناگەواری و ناهەمواریی، ڕەوشە ناسەقامگیرەکەی کوردستان خۆیەتی، کە هەمیشە لە بەردەم هەڕەشە و لەژێر

تەئسیری داگیرکاران و هێزە گەورەکانی دنیادایە. بەڵام دەبێ ڕێبەری کورد کارێکی وا بکات ڕووناکبیرەکە (و خەڵکیش) متمانەی پێی هەبێت. بە نوێنەری خۆیانی بزانن و لەوە دڵنیا بن کە درۆیان لەگەڵ ناکات، ئەمانی بۆ خزمەتکاری و دادۆشین ناوێت، لە نیوەی ڕێگەدا بە جێیان ناهێڵێت و بۆ تالانکردن و ڕووتاندنەوە و ڕووخاندن و خوێنرشتن نەهاتووە.

هـ. بەرزنجەیی: لە ڕۆژاواوە (مەڵبەندی ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆژیا و قوتابخانە مەعرفی و فەلسەفییەکانەوە) گەڕانەوە بۆ تەسەووف و لە وڵاتی تەسەووفەوە هەڵوەدابوون و خەوبینین بە ڕۆژاواوە، ئەم دیاردەیە لای هەندێ ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتیی پەراگەندەی ئەوروپا و ئەمەریکا و زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوین بەرچاو دەکەوێت، بۆ ئێوە ئەمە مانای چی دەبەخشێت؟ ئایا مەسەلەکە وەرامێکە بۆ ئەوەی کە هەر بە تەنها ڕۆشنبیری ڕۆژاوا موتڵەق و تەنیایە، یاخود بە تەنها ئەو ڕۆشنبیرییە بەس نییە بۆ بوونە ڕۆشنبیرێکی ئەنسیکلۆپێدی و خاوەن کاریگەر؟ یاخود ونبوون و خۆدۆزینەوەی ڕۆحییە؟

شاکەلی: ناسینی ڕۆژاوا بۆ ئێمە زۆر گرنگە. ڕۆژاوا ئەو ئاوێنەیەیە کە ئێمە وێنەی خۆمانی تێدا دەبینین؛ هەم وێنەی خۆمان وەک هەین، ئەگەر بوێرین تەماشای بکەین، هەمیش وێنەی خۆمان، یا ئەو وێنەیەی خۆمان، کە ئەوان دەیبینن و دەیانەوێ نیگاری بکێشن. ئێمە لە ڕۆژاوا زیاتر دەرفەتمان هەیە کە خۆمان بناسین، چونکە لێرە دوو شێوەی دژبەیەک، دوو دیاردەی ناکۆک، دوو فەرهەنگی جیاواز و دوو ڕەنگی ناتەبا بەرانبەر یەکتر ڕادەگرین و بەراوردیان دەکەین.

ڕۆژاوا ئەمڕۆ ناوەندی فیکر و تەکنۆلۆگی و زانست و سیاسەتیشە. ناوەندی جڵەوکێشی و بڕیاری سیاسییە. لە زۆر بواردا ڕۆژاوا پێشەنگ و سەرکردەی دنیای ئەمڕۆن. ئەمە مەعنای ئەوە نییە کە هەموو شتێکی ڕۆژاوا چاکە یا دەبێ ئێمە بە چاکی بزانین و پێمان خۆش بێت و قەبووڵی بکەین. زانست و فیکر و تەکنەلۆگیی خۆیان نوێنەری خراپە نین، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری هەموو شتێکی کردۆتە کالایەکی بازرگانی و لەپێناو قازانجدا بە کاری دەهێنێت، بێ ئەوەی گوێ بە هیچ

نرخێکی مرۆڤایەتی بدات، بێ ئەوەی لە هیچ تاوان و خراپییەک بپرینگێتەوە. هەر بۆ ئەوەیش ئەم کالایەنە چاکتر برەو پەیدا بکەن و بازارەکانی دنیا بتەنەوە و مێشک و ئاوەزی مرۆڤی دنیای ئەمرۆ داگیر بکەن، سەرمایەداری بە جۆرێک پێشکێشیان دەکات کە لەگەڵ لایەنە نزم و ماددی و شەڕانییەکانی دەروون و ڕۆحی مرۆڤدا بگونجێت.

سەردەمێکی دوورودرێژ ناوچەی ڕۆژهەلات ناوەندی فیکر و زانست و زانیاری بوو، ناوەندی فەرهەنگ و شارستانەتی بوو، بەلام لە ڕێنێسانس بە دواوە ئەوروپا بۆتە پێشەنگ. لەوساوە ڕۆژهەلات، بە تایبەتیش ڕۆژهەلاتی ئیسلامی، لە پاشەکشێدایە و ڕۆژبەڕۆژ بۆ دواوە دەچێت. لەم سی چل ساڵەی دواییدا ژاپۆن تەکانێکی باشی داوە و لە هەندێ بواردا شان لە شانی ڕۆژاوا دەدات، بەلام پێشەنگایەتی دیسان هەر بە دەست ڕۆژئاواوەیە. ڕۆژاوا خاوەنی شارستانەتییە، بەلام شارستانەتییەکی ماددی، بێداد، زۆردارانە، نارەوا و نامرۆڤانە. بەکارهێنانی ئەم چوار ئاوەڵناوەی دوایی، دەمخاتە سەر ئەو گومانەی کە ئەگەر وا بێت، ئایا دەکرێ ئەمە بە شارستانەتی دابنێین؟

هەڵوەدابوونی ڕۆشنبیرێکی ڕۆژهەلاتی بەرەو ڕۆژاوا هەمیشە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی زانست نەبووە، بەڵکە زۆر جار هەڵخەڵەتانە بە زریقوباقی ئەوروپا و ڕۆژاوا. بەلام هۆکارێکی یەکجار گرنگی پەرەوازەبوونی مرۆڤ، لە پێش هەموویشیانەوە ڕووناکبیران، لە ڕۆژهەلاتەوە بەرەو ڕۆژاوا ئەوەیە کە ڕۆژهەلات لە ڕووی ئازادیی بیروباوەڕەوە، لە ڕووی سینگفراوانی و تەحەممولەوە، لە ڕووی پێکەوەژیانی بیری جیاوازەوە، لە ڕووی دادی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە، لە ڕووی دێمۆکراسییەوە، لە ڕووی مافی هەڵبژاردنەوە و لە سەدان ڕووی دیکەیشەوە قوڕی پێوە دراوە و وێرانەیەکە بۆ خۆی. لە بارێکی ئاوا تەسکدا کە دەرفەتی هەناسەدانی تێدا نەبێت، بە سەیری نازانم خەڵکانێکی زۆر ملی ڕێ بگرێت و خۆی بگەیەنێتە ڕۆژاوا. سیاسەتمەدار و دەستەلاتدارانی ڕۆژهەلات دەیانەوێ تۆ نیشتمانپەروەر بیت و ملکەچی یاسا و بنەماکان بیت و خۆت بۆ نیشتمان بەخت بکەیت، بەلام ڕێگەت نادەنێ لە ڕازاندنەوەی ڕەنگوڕووی ئەو نیشتمانەدا تۆیش قسەیەک بکەیت، ڕێگەت نادەنێ لە دانان و هەڵوەشاندنەوەی قانوون و بنەماکاندا دەنگت هەبێت. ڕێگەت نادەنێ لە هەڵبژاردنی سەرکردەکان و لابردنیاندا تەنانەت لەناو دڵی خۆیشتدا بیری

لێ بکەیتەوە. بەناوی نیشتمانەوە هەزاران و میلیۆنان مرۆڤ بە کوشت دەدەن، بێ ئەوەی پرسێ بە خەڵک بکەن و بزانن ئەوان چی دەڵێن و چییان دەوێ. ئەم نەریتە تەنیا لای پاشا و سەرۆکە (ڕەسمییەکان) نەبۆتە باو، بەڵکە تەنانەت سەرکردەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش وا بیر دەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن. ئەوان کە گوایە دژی زۆرداری و چەوساندنەوەن و لەپێناوی ئازادیدا خەبات دەکەن، کەچی لەناو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا هەر یەکەیان فەرخەدیکتاتۆرێکە. کە دەستەڵاتیشیان گرتە دەست ڕێک لاسایی داگیرکار و دوژمنەکانیان دەکەنەوە.

زۆر ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی هەن کە دەگەنە ڕۆژاوا، خۆیان دەگونجێنن و، هەر نەبێ بە ڕواڵەت، دەبنە بەشێک لەو کۆمەڵگەیە و لە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی. دەبێ ئەوەیشی بخەمە سەر کە ڕۆژاوا لەم ڕووەوە یەک شتی پتەو و یەکپارچە و یەکڕەنگ نییە. ئەمەریکا وەک ئەوروپا نییە و وڵاتانی ئەوروپایش خۆیان پلەی جیاوازیان هەیە.

ڕووناکبیری جیددی هەڵوەدای ئاڵووالا نییە و بە شتی سووک و سەراوی دڵی ئاو ناخواتەوە، بەڵکە عەوداڵی وەرامی قووڵ و ڕاستگۆیانەیە بۆ پرسیارەکانی. ڕووناکبیرێکی لەم جۆرە ڕەنگە کە لە سەرەتادا دێتە ڕۆژاوا تووشی ماتی و حەپەسان ببێت، چونکە لەپڕ دەکەوێتە ناو سیستێمێکی یەکجار جیاوازەوە. ماوەیەکی دەوێ تا بتوانێت مێشکی خۆی و سیستێمی بیرکردنەوەی سەرلەنوێ ڕێک بخاتەوە. لەوە بەدوا دەتوانێ سوود لە دیسیپلین و مێتۆدە زانستییەکانی ڕۆژاوا وەربگرێت، بەڵام بە بیرێکی ڕەخنەگرانەوە لە بەشەکانی زانست و فەرهەنگ نزیک ببێتەوە. دەبێ زۆر وریا بێت و چۆن دەست بۆ دووپشک دەبات، ئاوایش دەست بۆ زانستی ڕۆژاوا ببات. خەڵک هەیە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ دووپشک بگرێت بێ ئەوەی بهێڵێ پێیەوە بدات. مەرجێکی دیکەی گرنگیش بوێرییە. ڕووناکبیر دەبێ هێندە بوێر بێت کە ئەگەر ڕاستیی بینی، چاوی خۆی دانەخات، بوێرێ باسی بکات.

سۆڤیێتی جاران لە ڕووی زانستەوە وڵاتێکی پێشکەوتوو نەبوو. ئەوەی ئازادی بێت لەو وڵاتەدا نەبوو. پڕ بوو لە نموونەی ناڕەوایی و بێدادی و درۆ. هەموومان دەزانین کە دەیان خوێندکاری کورد چوونە ئەوێ. بەڵام دواتر کە دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، چەندیان ڕاستیی ئەو وێرانەیە و ئەو زیندانەیان بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە؟ زۆربەیان نەک هەر ڕاستییەکەیان دەشاردەوە، بەڵکە کە باسی سۆڤیێتیان دەکرد، دەتگوت

باسی بەهەشت دەکەن. من ئەمە بە نموونەی ترسنۆکی دادەنێم. ترسنۆکییش یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕووناکبیری دەڕووخێنێ.

لە وڵاتی خۆماندا لێکۆڵینەوەی زانستی یەکجار کەم و پاشکەوتووە. ئەگەرچی لە ڕۆژهەڵاتدا لە زۆر زووەوە زانســـتگە هەبووە و ڕۆڵێکی گـــەورەیشی هەبووە لە پەرەپێدان و پێشخستنی زانستدا، بەڵام نەیتوانیوە پێ بەپێی دنیای ئەمڕۆ خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆگی و توێژینەوەی زانستیدا خۆی بگونجێنێت. زانستەکان تووشی جۆرە سڕبوونێک هاتوون. من ئەوە تێدەگەم کە گەلێ هۆی سیاسی و ناسیاسی، لەپاڵ کۆمەڵێ ڕاستیی دیکەدا، ئەم وەزعەیان دروست کردووە، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستـییـە ناگـۆڕێت کـە لە ئارادایە. کـە ڕووناکـبـیـری ڕۆژهەڵاتی دێتـە ڕۆژاوا هەست بەم پاشکەوتنەی وڵاتی خـۆی و پێشکەوتنی ڕۆژاوا دەکات. هەر بەو پێیەش دەتوانێت ئەم دیسیپلین و مێتۆدە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە، مێژوو، دین و گەلێ لایەنی دیکەی وڵاتەکەی خۆی یا هەر جێیەکی دیکە بە کار بهێنێت. دیارە ئەمە کارێکی هەر وا ئاسـان نییـە کـە ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی دێتە ڕۆژاوا ساختە و ڕاستی، زانست و زڕەزانست لە یەکدی هەڵاوێرێت. دەبێ لە بنەڕەتدا ئەو توانستەی لا هەبێت و خۆیشی پەرەی پێ بدات. دەبێ بتوانێت لە میکانیزمی پێوەندیی سیستێمێکی سەرمایەداری و دەستگا سیاسی و زانستییەکان بگات.

ئەگەر ڕووناکبیرێکی ڕۆژهەڵاتی لێرەوە، لە ڕۆژاواوە، بەرەو تەسەووف بڕوات، پێم وا نییە پێویست بێت بەمە بگوترێت گەڕانەوە. جارێ با لەوەوە دەست پێ بکەم کە خەریکبوون بە تەسەووفەوە لەوەیە بە دوو شێوە بێت؛ یەکێکیان ئەوەیە توێژەرەوەیەک لەو بوارەدا دەست بە لێکۆڵینەوە دەکـــات و دەیەوێ لە تەســـەووف بگات وەک بزووتنەوەیەکی فیکری و دینی و فەلسەفی و هونەری، وەک سیستێمێکی فیکری و ئەپستمۆلۆگی لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا. کەسێکی ئاوا مەرج نییە باوەڕی بە سۆفیزم هەبێت، بەڵکە وەک هەر بوارێکی دیکەی لێکۆڵینەوە تەماشـای دەکات. خەڵکی لەم بابەتە لە ڕۆژاوا زۆرن. لە ناویشیاندا، بێگومان، هیی وا هەن کـە بە نیازێکی خراپ و دوژمنانەوە لێی نزیک دەبنەوە و هەتا بشتوانن هەوڵی شێواندن و ناوزڕاندن و بەدبەکارهێنانی دەدەن. بەڵام زۆریش هەن کە بەڕاستی کاری زانستیی یەکجار بەنرخ و گەورەیان پێشکێش کردووە. لە دنیای زانستیی ئەمڕۆدا پرۆفیسۆر

(ئانماری شیمەل)ی ئەڵمانی (١٩٢٢– ٢٠٠٢) و پرۆفیسۆر (حامید ئالگار)ی ئینگلیز و زۆری دیکەیش جێدەستیان بە لێکۆڵینەوەی تەسەووفەوە ئاشکرایە. شێوەی دووەم ئەوەیە کە کەسێک بە باوەڕ و بە دڵ دەگاتە ئەوەی کە تەمەسسوک بە تەریقەتێکەوە بکات و ببێتە سۆفی. ئەمەیش دەبێ وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی فیکری تەماشا بکرێت. خەڵک هەیە دەبێتە مارکسیست، یا ئەنتیمارکسیست، دەبێتە بوودی، کریشنا، گیڤاریست یا نازانمچی.

نە فەرهەنگی ڕۆژاوا بە تەنیا و نە فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و ئەفریقایش بە تەنیا دەبێتە نوێنەری بەرهەمی عەقڵی مرۆڤایەتی. مرۆڤایەتی لە ماوەی میلیۆنان ساڵدا گەنجینەیەکی یەکجار گەورە و سەرشار و دەوڵەمەندی ئەزموون و شارەزایی و زانیاریی پێکەوە ناوە و لەسەر یەک کەڵەکە کردووە. ئەمە بەرهەمی ناوکۆی مرۆڤە و دەبێ هەموو مرۆڤایەتییش تێیدا هاوبەش بن. ئەم گەنجینەیە هیی هەموو ئەوانەیە کە هاتوونەتە سەر ئەم زەوییە، ئێستا لەسەر ئەم زەوییەن یا لە پاشەڕۆژدا دێنە سەر ئەم زەوییە. نەک تەنیا هیی مرۆڤە، بەڵکە هیی هەموو گیانەوەر و ڕووەک و تەنانەت زەوییشە. تۆ دەبینی ئێستا مەسەلەی پارێزگاریی ژینگە ئەوەندە گرنگیی پێ دەدرێت کە هەموو پارتییە سیاسییەکان ناچارن، تەنانەت ئەگەر باوەڕیشیان پێی نەبێت، بەشێک لە بەرنامەکانی خۆیان بۆ ئەم باسە تەرخان بکەن. زانستەکان لە خۆیانەوە نابنە کەرەستەی چاکە یا خراپە. ئەمە مرۆڤ خۆیەتی بۆ چاکە یا خراپە بە کاریان دەبات. بارووت کەرەستەیەکە دەکرێ چەکی وێرانکەری لێ دروست بکەیت و مرۆڤی پێ قڕ بکەیت، بەڵام دەشتوانی شاخی پێ کون بکەیت و تونێلی هاتوچۆی لێ هەڵکۆڵیت.

هیچ مرۆڤێک بە تەنیا ناتوانێت شارەزای هەموو زانستەکان بێت. ئەمڕۆ زانست هێندە زۆرن و هێندە لق و پۆپیان لێ بۆتەوە کە ئیتر مرۆڤ ناچارە خۆی بە بەشێکی یەکجار بچووکەوە خەریک بکات و سنوورێک بۆ خۆی دابنێت. دەست بۆ هەر زانستێک و هەر بوارێکی زانیاری ببەیت، دەیان و سەدان کەس هەن کە لە تۆ چاکتری لێ دەزانن. قورئان زۆر جوانی فەرمووە (و فوق كل ذي علم عليم = لە سەرووی هەموو خاوەنزانستێکەوە زانایەک هەیە). ڕووناکبیری ئەنسیکلۆپێدیایی مەعنای ئەوە نییە کە هەموو شتێک دەزانێت، بەڵکە ئەوەیە کە لە بوارێکدا، لە بوارەکەی خۆیدا، هەموو، یا بەشێکی زۆری، ئەو وردەکارییانەی دەبێ بیزانێت، دەیزانێت.

لایەنێکی دیکەی ئەم باسە ئەو ونبوون و خۆدۆزینەوە ڕۆحییەیە کە لە پرسیارەکەدا هاتووە. بێگومان ئەم دنیا ماتەریالیستییەی ئەمڕۆ کارێکی وای کردووە کە مرۆڤ، مرۆڤی هۆشیار و ویژدانزیندوو، هەست بە بۆشایی، بە چۆڵەوانی، بە بێنرخیی زۆر شت بکات. ئەو مرۆڤە دڵی بەم هەرا و مەزات و ژاوەژاوەی دنیای ئەمڕۆ ئاو ناخواتەوە. ئەو تینووی شتێکی دیکەیە، بە دوای شتێکدا وێڵە کڵوکۆی دابمرکێنێتەوە وەرامی پرسیارەکانی بداتەوە، شێتی ڕاستییەکە لە هەموو ئەو شتانەی دەیانبیستێ و دەیانبینێ باشتر و جوانتر و ڕاستتر بێت. نزیکەی نۆسەد ساڵ لەمەوبەر، کە نە دنیا ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆزکاو بوو، نە زانستەکانیش هێندەی ئەمڕۆ فراوان و بەربڵاو بوون، دەبینین زانایەکی گەورەی وەک ئیمامی غەززالی (١٠٥٨– ١١١١) تەخت و بەختی مامۆستایەتی و گەورەیی بە جێ دەهێڵێت و دە ساڵی ڕێک بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێ، بە دوای تروسکەیەکدا کە لە تاریکیی دڵیدا ببێتە مایەی دڵنیایی. ئەمیش وەک ئیبراهیم باوەڕی هەبوو، بەڵام دەیویست دڵنیا بێت (قال أولم تؤمن؟ قال بلى، ولكن ليطمئن قلبي). ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەڵ لۆگیک و مەنتیقی ئێمەماناندا گونجاو و تەبایە. بەڵام لای سۆفییەک سیستێمی بیرکرنەوەکە جیاوازە. مەلای جەزیری (١٥٧٠– ١٦٤٠) کە باسی شێخی سەنعان دەکات، پێی وا نییە شێخ هیچ هەڵەیەکی کردبێت:

مەی نەنۆشی شێخی سەنعانێ غەڵەت
ئەو نەچوو نێڤ ئەرمەنستانێ غەڵەت
میسلێ مووسا وی تەجەللایا تە دی
یێ تە دی، کانێ خەتا، هانێ غەڵەت؟

ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی

ئەم دیمانەیە بەشێکە لە پرۆژەیەکی دووروودرێژ کە کاک هەڵۆ بەرزنجەیی لە ساڵانی ١٩٩٠دا دەستی پێکرد. پرسیارەکان لە ١٩٩٦ یا ١٩٩٧دا دانرابوون. وەرامدانەوەیان هەتا ساڵی ٢٠٠١ دوا کەوت. دیمانەکە لەگەڵ دوو دیمانەی تردا (د. مارف خەزنەدار، لەتیف هەڵمەت) بە شێوەی کتێبێک ساڵی ٢٠٠٥ چاپ کرا.

## عەولەمە ئیدیۆلۆگییەکی دڕندە و نامرۆڤانە و دزێوە

بەدرخان: منالّیتان چۆن بە سەر برد؟ هاروهاج یان هێمن و لەسەرخۆ؟

شاکەلی: ئەم لایەنەی ژیانی شاعیرێک، هونەرمەندێک یان هەر مرۆڤێک بۆ ئەو لێکۆڵەرەوانە گرنگە کە دەیانەوێ سەرنجی ئەوە بدەن ژیانی منداڵی چ کارێکی کردۆتە سەر ئەو کەسە. کۆمەڵێ تیۆریی سایکۆلۆگی هەن کە ئەم پێوەندییە جەخت دەکەن. دیارە بێ ئەو تیۆرییانەش ئێمە گەر باش ورد ببینەوە ئەو پێوەندییە هەر بە دی دەکەین. هێندەی من بزانم ئێوە بە تەمای لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا نین، بۆیە بە کورتی وەرامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە.

بەشێکی تەمەنی منداڵی، ئەو ساڵانەن کە مرۆڤ خۆی لە بیری نەماوە و کەسانی دیکە، بەتایبەت ئەندامانی خێزانی خۆی و کەسانی نزیکیان، لە بیریانە. بەشێکی دیکە و گرنگیش ئەوەیانە کە مرۆڤ خۆی لە بیریەتی. هێندەی بیستبێتم و خۆیشم لە بیرم بێت، منداڵێکی هاروهاج نەبوومە. دەکرێ بڵێم منداڵێکی بزێو بووم. دەزانم وزە و چالاکی و توانستێکی زۆرم هەبوو، بەڵام ئاقاری ئەم وزەیە ڕووەو دەرەوە نەبوو، بەڵکە زیاتر بەرەو ناوەوەی خۆم بوو. بزێوییەکەم زیاتر لایەنی هوشیاریی هەبوو، دەمویست شتی تازە و ئەزموونی تازە فێر ببم، دەمویست سەری سەرداپۆشراو هەڵدەمەوە. دەنا وەکو تر زۆر شەرمن بووم. هەر لەبەر ئەوەیش ڕەنگە خوێندنەوە ئەزموونێکی گەورە و نەپساوە بێ لای من.

بەدرخان: ئەو ئینقلابەی لە (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) بەسەر شیعری کوردیتان هێنا، سەرچاوەی لە کوێوە گرتبوو؟

شاکەلی: باوەڕ ناکەم دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی) ئەو کارکردە قووڵ و گەورەیەی هەبووبێت کە ناو بنرێ کوودەتا (ئینقلاب) لە شیعری کوردیدا. پرۆژە یەکەم بەرهەمی چاپکراوی شاعیرێکی گەنج بوو کە بەشی زۆری ئەو شیعرانەی لە

تەمەنی هەژدە ساڵان تا بیست یا بیستویەک ساڵاندا نووسیبوو.

ئەگەر لە لایەنێکی دیکەوە سەرنجی ئەو کۆمەڵە شیعرە بدەین، دەبێ لە چوارچێوەی مێژوویی و ئێستێتیکیی سەردەمەکەدا تەماشای بکەین. ئەگەرچی پرۆژە لە بەهاری (١٩٧٣)دا بڵاو کرایەوە، بەڵام شیعرەکان، زۆربەیان، ساڵانێک پێشتر نووسرابوون. من ڕۆژ و ساڵ و مانگی هەموویانم نووسیوە. بەڕاستی هەر ساڵی (١٩٧١) دەمویست دیوانێک چاپ بکەم، ئەوەیان ناوم نابوو (نەء، شەقامەکان بریندارن). ئەمانەم هەموو لە وتاری (پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک)دا باس کردووە و پێویست ناکات دووبارەیان بکەمەوە.

من هەر لە منداڵییەوە بەهۆی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بنەماڵەکەمانەوە و بە هۆی باوکمەوە وام بۆ هەڵکەوتبوو کە لەناو کتێب و ژیانی فەرهەنگی و خوێندەواریدا چاو بکەمەوە. پێش ئەوەی بچمە بەر خوێندن، باوکم فێری خوێندن و نووسینی کوردیی کردبووم. هێشتا لە پۆلی سێ و چواری سەرەتاییدا بووم کە بەشێکی باشی شیعرەکانی گۆران و کامەران موکریم لە بەر کردبوون. هێشتا پانزدە شانزدە ساڵان بووم کە دیوانی زۆربەی شاعیرە کلاسیکەکانی کوردم خوێندبووەوە، ئەگەرچی زۆر کەمیشیان لێ دەگەیشتم.

کە چوومە خوێندنگەی ناوەندی دەستم دایە خوێندنەوەیەکی چڕ و پڕ بە عەرەبی. لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم کاک لەتیف هەڵمەتدا سەرومڕ قسەوباسمان هەر لەسەر ئەدەب و نوێکردنەوە بوو. بەرهەمی شاعیرە نوێخوازەکانی عەرەب ئیلهامێکی زۆری پێ دەبەخشیین. لە ئامادەیی و سەرەتای ساڵانی زانستگەی بەغدادا هەوڵم دەدا بە ئینگلیزی بخوێنمەوە. خوێندنەوەی هەندێ بەرهەمی (کۆڵین ویلسۆن، سارتر، کامۆ، کافکا، سارۆت، هۆسۆرن، دیستۆیێڤسکی و دیکنز) بەڕاستی ئاگرخۆشکەری تەقینەوەی بەهرە و خەیاڵ بوو. وایش ڕێک کەوت کە لە ماوەی یەک دوو مانگێکدا کۆمەڵێ شیعری شاعیرانی سوورریالی و دوو کتێبی لێکۆڵینەوەیشم لەسەر بزووتنەوەی سووریالیزم خوێندەوە. هەر ئەو ساڵانە لە ڕووی سیاسییەوە پڕ بوون لە ڕووداوی گرنگ، چ بۆ سەرتاسەری جیهان و چ بۆ کوردستانەکەی خۆمان. ئەم پاشخانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە بوو بە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە دەبێ شێوازێکی تازە و جیاواز بدۆزمەوە. دەبوو بە شێوەیەکی دیکە بنووسم،

دەبوو لە ڕووی هونەرییەوە سنوورێک لەنێوان شیعری خۆم و شیعری مامۆستا گۆراندا دابنێم. دیاردەی هەرە ئاسایی ئەوەیە کاتێ مرۆڤ یاخی دەبێ، ڕووی تەوژمی یاخیبوونەکەی دەکاتە ئەو سیمبۆڵ و نیشانانەی کە نوێنەری بالاترین دەستەلاتن، دەستەلاتی سیاسی بێت یا هونەری. منیش دەبوو ڕووی یاخیبوونەکەم لە گەورەترین دەستەلاتی شیعری کوردی بێت، واتە مامۆستا گۆران. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی گەورەیی و ڕێبەرایەتیی مامۆستا گۆرانە. ئەی بۆچی بە گژ قانع، کامەران موکری یا دیلاندا نەچووم؟

هەرچۆنێک بێت پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی و خوا و شارە بچکۆلەکەی هەڵمەت و هەڵسوکەوتی ئەدەبی و هونەری و کۆمەلایەتیی هەمووماں، شاعیرانی ئەو نەوەیە، تازە بوو بە بەشێک لە مێژووی ئەدەبیمان و ڕەنگە بە هەموویەوە سێ چوار دێڕێکی لە کتێبی مێژوودا بەر بکەوێت، ئەگەر ئەویشی بەر بکەوێت!!.

بەدرخان: ئێستا هەست ناکەن کوودەتایەکی دیکەتان لەسەر خودی خۆتان کردووە... چونکە دەڵێن شاکەلی لە شیعر بۆتەوە؟

شاکەلی: ڕاستت دەوێ، زۆرم بەلاوە گرنگ نییە چی دەگوترێت و چی ناگوترێت. لە ئەدەبی کوردیدا هەتا ئێستایش ڕەخنەیەکمان نییە کە نوختەی دەرچوونی (Point of departure) نرخە مرۆڤانە و ئێستێتیکی و هونەرییەکان بێت، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ دوو سێ نموونەی تاکانە و ڕیزپەڕ. ئەو هەموو شاتەشاتەی بە ناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەگوترێت و دەنووسرێت، ڕوویەکی دیکەی ستالینیزمی سیاسی و هونەرییە. کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی سەرتاپێ سیاسەتاوییە، لەبەر ئەوە فەرهەنگەکەیشمان سیاسەتاوییە، بەلام سیاسەتێکی نەخوێندەوارانە و نابەرپرسانە. بەشێکی زۆری ڕووناکبیران و نووسەران پاشکۆی سیاسەتن. لەبەر ئەوە تۆ کەمجار نرخاندنێک دەخوێنیتەوە کە تەپوتۆزی سیاسەتی لێ نەنیشتبێت. من دەیان جار ڕووی داوە نووسینی ئەدەبی و سیاسیی وام بەرچاو کەوتووە کە وەک لێکۆڵینەوە پێشکێش کراوە، لێکۆڵینەوەی زانستی و نازانم چی!! کەچی دەبینم بە ئاشکرا بە درۆ، بە حوکمی نارەوا، بە ڕەشکردنەوەی مێژوو، بە شێواندنی ڕاستی و بە بێویژدانی ئاخنراوە. جاری وا هەبووە بابەتەکە لە چمکێکەوە پێوەندیی بە خۆمەوە

هەبووە و دەبینم نووسەر بە هیچ جۆرێک بە لای ناوی من و ناوهێنانی مندا نەچووە، دیارە نەیویستووە، یان نەیوێراوە.

بۆ دەبێ لە شیعر چووبێتمەوە؟ هەمووی ساڵێک و چەند مانگێک لەمەوپێش بوو دیوانێکم بڵاو کردەوە. دیوانی شەشەمم، لە پەنجا شیعر پێک هاتبوو. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، بۆ من جوان نییە بێم و پەسنی بدەم، بەڵام ئەگەر ڕەخنەگری ڕاستگۆ هەبێت و ڕێگەی لێ نەگیردرێت، دەتوانێت نرخە هونەری و زمانەوانییەکانی بخاتە ڕوو. تا ئێستا دوو سێ لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە، کە خوێندنەوەی جیددی و بەرپرسیارانە بوون. ئەگەر خوێنەری کورد ئاگای لە کار و داهێنانەکانی من نییە، ئەوە باسێکی دیکەیە. ئەوە بیستوپێنج ساڵیش دەبێت، بێجگە لە ڕێژیمی فاشیستی بەعس و چاپەمەنییە ڕووزەردەکانی، نیوەی چاپەمەنی و دەستگاکانی ڕاگەیاندنی کوردییش سانسۆرێکی فاشیستانەی لەسەر من داناوە و هەموو داهێنان و بەرهەمێکی من لە تاریکیدا دەهێڵرێتەوە و ناهێڵن بگاتە بەر دەست و چاوی خوێنەر و بینەری کورد.

من خۆم کەسێکی کەمنووسم، بەتایبەتی لە شیعردا. ڕەنگە لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیمدا، وەک هەر لاوێک، حەزم کردبێت بەرهەمی خۆم بە چاپکراوی ببینم، بەڵام ئەوە بیست ساڵ زیاترە ئەوەی بە خەیاڵمدا نەیەت بڵاوکردنەوەیە، بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا. کە بەرهەمێکم بە پێگەیشتوو هاتە پێش چاو، دەرفەتێکی بۆ دەدۆزمەوە. ڕەنگە پێت سەیر بێت بڵێم سێ دیوانی دواییم، پێش چاپکردنیان، بەشێکی یەکجار کەمی ناوەڕۆکەکانیان بڵاو بووەتەوە. شاعیری وا هەیە کە دیوانێ چاپ دەکات، یەک شیعری تێدا نییە کە پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا بڵاوی نەکردبێتەوە. لە ئەوروپایش و لە کوردستانیش بە دەیان جار بۆم هەڵکەوتووە بەرهەم بڵاو بکەمەوە یان لە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆوە، لە چاپەمەنییەکاندا، دیمانەم لەگەڵ ساز بکەن، بەڵام زۆر جار گوتوومە نا، نامەوێ، چونکە خۆدەرخستن بە نەخۆشیی دەزانم.

بەدرخان: خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەر تەسەووف، بۆچی تەسەووفتان هەڵبژارد؟

شاکەلی: مەلای جەزیری دەفەرمووێ:

ژ هەر بێداغ و بێدەردی مەپرسن میحنەتا عیشقێ

چ زانن بێخەبەر ژانا دلێ داغ و کەسەر تێدا.

من تەسەووفم هەڵنەبژاردووە، بەڵکە تەسەووف منی هەڵبژاردووە. چۆن ڕێم کەوتە مەڵبەندی تەسەووف و بۆچی نەمتوانی لێی دەربچم؟ چیرۆکێکی دوورودرێژە و بەتەما نیم سەری ئێوە و خوێنەرانی پێ بهێنمە ژان.

تەسەووف چ وەک بیروباوەڕ و چ وەک پراکتیکی ڕۆژانە، هیچ کاتێک لە ژیانی منەوە دوور نەبووە. لەناو بنەماڵەکەماندا هەمیشە کەسانی سەر بە تەسەووف هەبوون. لە سەدوپەنجا ساڵی ڕابوردوودا پێڕۆیانی هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لەناو شێخانی شاکەلیدا هەبوونە. من لە تەمەنی دوانزدە سێزدە ساڵیدا لە ناوچەکەی خۆمانەوە دوور بووم و لە جێگەیەکی دیکە دەمخوێند. لەو گوندەدا ڕێبەرێکی تەسەووفی لێ بوو، تەکیە و دیوانی هەبوو، سەیید مودریک، کە سەییدێکی عەرەب بوو، پێم وایە سەر بە تەریقەتی (ڕیفاعی) بوو. لەو تەمەنەدا لەگەڵ سەییددا نێوانم یەکجار خۆش بوو. هەموو ڕۆژێک دەچوومە سەردانی. هەر لەوێیش ڕێبەری هەندێ تەریقەتی دیکەیشم دەبینین. مامم یەکێک لە مووریدە هەرە نزیکەکانی حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددینی دووەمی نەقشبەندی بوو. بەشێکی زۆری شیعرەکانیشی شیعری تەسەووف بوون. لە تەمەنێکی دواتردا لەو باوەڕانە یاخی بووم و بوومە مووریدی بیروباوەڕی چەپایەتی و مارکسیزم. کە هاتمە ئەورووپا، بێ ئەوەی نەخشەیەکم بۆ دانابێت، خودا وای بۆ ڕێک خستم کە بە هەموو ژیان و باوەڕەکانمدا بچمەوە. لەپاڵ خوێندنەوەی بابەتی جۆربەجۆردا دەستم کردە خوێندنەوەی هەندێ لێکۆڵینەوە لەبارەی تەسەووفەوە. ئەم خوێندنەوانە ساڵ بە ساڵ بەرەو زێدەبوون چوون. پێشتر لێکۆڵینەوە و مێژووی تەسەووفم بە ئینگلیزی دەخوێندەوە. چەند ساڵێ دواتر گەڕامەوە بۆ سەرچاوەکان کە زۆربەیان فارسی بوون. لەم بوارەدا عەرەبی و کوردی کەمتر دێن بە هاناوە. ئەنجامی خوێندنەوەی ساڵانێکی دوورودرێژ، ئەوەیە کە هەوڵم داوە لە دوو بواردا لە تەسەووف بکۆڵمەوە: مێژووی پەیدابوون و پەرەسەندنی تەسەووف لە کوردستاندا و ڕەنگدانەوەی تەسەووف لە شیعری کوردیدا.

بێگومان تۆ چاوت پێ کەوتووە، خومگەرێک کە ڕۆژانە خەریکی ڕەنگ و

ڕەنگکارییە، دەست و پلی، جلەکانی، تەنانەت ماڵەکەیشی ڕەنگ ڕەنگ دەبێت. یان کەسێک کە گوڵاو دەگرێتەوە و دەفرۆشێت، خۆی و جلوبەرگی و دوکان و ماڵی بۆنی گوڵاوی لێ دێت. منیش وام بەسەر هاتووە. ئێستا شیعرەکانم، هەڵسوکەوتم و تەنانەت ڕۆحیشم ڕەنگ و بۆنوبەرامەی تەسەووفیان گرتووە، بەڵام پێوەندیی من بە تەسەووفەوە پێوەندییەکی پتر تیۆرییە. ئەگەر بتەوێ بەڕاستی تەسەووف بناسیت، دەبێ خۆت لەناو ڕێبازەکەدا پەروەردە بکەیت، ببیتە شاگردی ڕێبەرێکی بەهێز و توانا و بتوێیتەوە. بەداخەوە من ئەو خۆشبەختییەم دەست نەکەوتووە.

بەدرخان: سۆفیێتی و خەڵوەتگە، جیهانگیری، بزووتنەوەی کوردایەتی: شاکەلی چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەو وشانە دەکات؟

شاکەلی: ئەمانە کۆمەڵە چەمکێک و کۆمەڵە ڕێبازێکن، ئەگەر لە لێکدانەوەی میتافیزیکییانە دوور بکەوینەوە، لە دەرەوەی بیری منیشدا هەبوونیان هەیە. هەر کامێکیان بگریت، دەتوانی مێژووەکەی بناسیتەوە و سەرەتایەکیشی، وەک چەمک، بۆ دیاری بکەیت. بەڵام لەوەدا جیاوازن کە تەسەووف، بە پێچەوانەی جیهانگیری و کوردایەتی (یان ناسیۆنالیزمی کوردی)یەوە، پێوەندیی نێوان مرۆڤ و هێزێکی بەرزتر و گەورەتر دیاری دەکات. هەروەها لەوەیشدا جیاوازن کە تەسەووف گەیشتنە بە ڕاستی و حەقیقەت. لەبەر ئەوە تەسەووف نەبەستراوەتەوە نە بە بڕگەیەکی زەمانەوە و نە بە جیۆگرافیایەکی تایبەتەوە، لە کاتێکدا جیهانگیری و کوردایەتی لە سنووری کات و جێگەدا قەتیس ماون و تەمەنێکی دیاریکراویشیان هەیە. ئەوەی دەبێ بۆ من مایەی گرنگی و بایەخ بێت، ئەوەیە تا چ ڕادەیەک دەتوانم لە یاسا و بنەماکانی ئەمانە تێبگەم و تا چ ڕادەیەکیش بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیهان، ئیدی جیهانی جیۆگرافیای دەوروبەر بێت یان جیهان بە مەعنا فراوانەکەی، ڕووناکاییم پێ دەدەن.

بەستنەوەی تەسەووف بە خەڵوەتگەوە وێنەیەکی ڕاستینی باوەڕەکە پێشان نادات. خەڵوەت و چوونە خەڵوەتەوە بەشێکی بچووکی مەشقی ڕۆحی و فیزیکیی سۆفییەکانە. بەڵام گەوهەری تەسەووف خۆشەویستییە، ئەوینە، خۆشەویستیی موتڵەق (یحبهم و یحبونە، مائدە: ٥٤)

جیـهـانگیـری، پێم وایە مـەبـەسـتت عـەولەمـەیە یان (Globalization)، بەو مـەعنا و ناوەڕۆکەی ئەمڕۆ بەسـەر مرۆڤـایەتیدا دەسـەپێنرێت، ئیدیۆلۆگییـەکی دڕندە و دزێو و نامـرۆڤـانەیـە. ڕەنگە لە مـاوەیـەکی کـورتدا سـەرکـەوتنێک وە دەست بهـێنێت، بەڵام ئاکامـەکەی لە دەیان ئیـدیۆلۆگیی نامـرۆڤانە باشـتـر نابێت. ئەمڕۆ هێـزێکی یەکـجـار گـەورەی چەک و پـارە و سـیاسـەتی لە پشـتـە. هـەر لەبەر ئەوەیشـە دەبینی خـەڵکانی ئۆپۆرتـونیـست (هەلپـەرست) بە دڵ و بـە گیـان دووی دەکـەون، بێ ئەوەی ئـاوڕێک لە نرخە ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەکان بدەنەوە. ئەمەیش سـەرپێشـۆڕکردنی ئەقڵ و ڕەوشتە بۆ سوودی کـاتی و زووتێپەڕ. دژایەتیکردنی جیـهانگیـری هـەرگیز ئەوە ناگـەیەنێت کە دژی پێـشکەوتنی زانست و تەکنیک و لێکۆڵینەوەی زانستی بین، هـەڵەکە لەوەدایە کـە بۆچی دەبێ پێـشـکـەوتن و گـەشـەکـردن ببـەسـترێت بە ئیـدیۆلۆگـیـیـەکی دڕندە و نامرۆڤانەی سیاسییەوە کە خزمەتی ئیمپەریالیست و سەرمایەداران دەکات.

کـوردایەتیـیش تـا ئەو ڕادەیەی کـە بیـرێکی فـەلسـەفی و سـیـاسی بێت لەپێناوی ئازادکـردنـی مـرۆڤی کـورددا و ئـامـانجـەکـەیشی دادپەروەرانە بێت و نەبێـتـە هۆی چەوسـانـدنەوەی مـرۆڤ، کــورد و نـاکــورد، بێگومــان پشــتـگیــریی دەکــەم و بۆ سەرکەوتنیشی تێدەکۆشم.

بەدرخـان: کام سـەردەم کاریگەریی لەسـەر شاکەلی جێ هێشت، سـەردەمی پێش زانکۆ، یان دوای زانکۆ، یان سـەردەمی فادیمە!!

شـاکـەلی: جارێ پێشـەکی حەزم دەکرد بزانم ئەو سـەردەمانەت لەسـەر چ بنەمایەک دیاری کردووە، زەمـانی یان سیاسی و مێژوویی؟ ئەوجا شـتێک نییـە ناوی سـەردەمی فـادیمـە بێت. ئەمـە دووبارەکـردنـەوەیەکی بێـتـامی هەڵوێست و قـسـە و نووسـینی ڕەگەزپەرستانەی ڕۆژنامەکانی سوێد و ئەوروپایە.

کـاریگـەریی سـەردەمـە جـیـاوازەکـانی ژیانی مـرۆڤ پێـوەندییـەکی زۆری بەو سەرچاوانەوە هەیە کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی زانیاری و فیکر و بیرکردنەوەی و فراوانکردنی ئاسۆی تێڕوانینی. ئەمـە نەک هـەر بۆ ڕووناکبیران بە ڕاست دەگـەڕێ، کە سەروکاریان لەگەڵ زانیاری و بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی زانیاری هەیە، بگرە بۆ کەسێکی خاوەن پیشەی فیزیکی و دەستییش هەر وایە.

سەردەمی پێش چوونە زانستگە (من زانستگەم لە زانکۆ پێ ڕاستترە) دەکاتە سالانی منداڵی و سەرەتای لاوێتی، کە بێگومان یەکجار کاریگەرە بۆ بنیاتنانی کەسایەتیی داهاتووی مرۆڤ. بەشێکی هەرەزۆری بنەماکانی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و جیهانبینیی مرۆڤ لەم ماوەیەدا دەگروێ. من لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی یەکجار دواکەوتوو، هەژار و سادەدا ژیاوم، بنەمایەکی پتەوی ڕادیکاڵبوون، هەقپەرستی، دادخوازی و دژایەتیکردنی زۆرداری، ئەم ژینگەیە پێی بەخشیوم. گەرمیان ناوچەیەکە چ لە ڕووی ئاووهەوا و چ لە ڕووی سروشتی جیۆگرافییەوە سەخت و دژوار و پەڕگرە. ئەمە کارێکی زۆری کردۆتە سەر کەسایەتیی خەڵکی ناوچەکە. لە پلەی یەکەمدا مەبەستم لادێی گەرمیانە. کەرکووکی لێ دەربچێت، شارەکانی دیکەی گەرمیان، کفری و خانەقین و جەلەولا و قەرەتەپە و خورماتوو، هەر فەرهەنگی لادێیان تێدا زاڵە. تۆ تا ئەمڕۆ چەند گەرمیانیت بینیوە، گەرمیانیی ڕەسەن و ڕاستەقینە، سازشکار بێت یان مەرایی و ماستاوی بۆ ئەم و ئەو کردبێت؟ بە دەگمەن. بەڵام لەولایشەوە بە هۆی دڵپاکییانەوە زوو هەڵدەخەڵەتێنرێن. ئامادەن بەرژەوەندیی خۆیان بکەنە قوربانیی سوودی گشتی. بە ئاسانی خۆیان بەخت دەکەن. هێندە شەرمن کە نازانن بەرگری لە مافی خۆیشیان بکەن. مەبەستم ئەوە نییە پەسنی ئەم لایەنەی کەسایەتیی گەرمیانییەکان بدەم و بەرزی بنرخێنم. خۆزگە وا نەبوونایە. خۆزگە، وەک دەڵێن، وەک دانی مار بوونایە.

لە سەردەمی یەکەمدا بنەما بنەڕەتییەکان فێر بووم، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا لەپاڵ قووڵبوونەوە لە فیکر و زانستی جیاوازدا ئەو هەلەیشم بە خۆم داوە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە بنەماکان، ئەو بنەمایانەی خۆم پەسەندم کردوون، ورد ببمەوە و هەڵیانسەنگێنم. ڕۆژگارێک خەریکی سیاسەت بووم و زۆریش بە دڵسۆزی خۆم بۆ تەرخان کردبوو. بەڵام کاتێ لەوە گەیشتم کە ئەمە بازاڕێکە لەگەڵ نرخە هەڵبژاردەکانی مندا ناگونجێ، هیچ سێودووم لێ نەکرد و لێی دوور کەوتمەوە. سالانی ئەورووپام درێژترین سەردەمی ژیانی منە، ئەوە ئێستا (کە سەرەتای ساڵی ۲۰۰۳یە) بیستوپێنج ساڵ و سێ مانگی ڕێکە من لە ئەورووپا دەژیم. ئەم ماوە دوورودرێژە وەک خومێکی حەوڕەنگ هەموو گلۆڵەکانی ژیانمی ڕەنگدار کردووە.

ئامادە نەکردووە؟ وەک بیریارێکی کورد کوشتنی ئەو کچانە چۆن لێک دەدەنەوە؟

شاکەلی: (فادیمە شاهیندال) یەکێکە لە قوربانییەکانی بەیەکدادانی دوو شارستانێتیی جیاواز. فادیمە و باوکی، هیچیان، نە نوێنەری ڕاستەقینەی فەرهەنگی کوردن و نە هیی ئیسلام. هەردوویان کوشتەن، قوربانین. دوو قەتاری تیژتێپەڕ پێکدا دەدەن، کیژۆڵەیەک ڕێک لەو کاتەدا لە سکەکە دەپەڕێتەوە، بەردەکەوێت و دەپلیشێتەوە. ئەوەیە بە کورتی چیرۆکی فادیمە شاهیندال و فادیمەکانی دیکەی ئەوروپا.

من دژی کوشتنم بە هەر ناوێکەوە بێت. باوکێک ئەگەر شێت نەبووبێت (شێت نەکرابێت) دەستی ناچێتە کچی خۆی. ئەوەی فادیمەی دا بە کوشت لە پێش هەمووانەوە ماسمێدیا (دەستگاکانی ڕاگەیاندن)ی سوێد بوو، سیاسەتی دووڕوویانەی پۆلیس و حکوومەت و دەستگاکانی سوێدی بوو، فەرهەنگی نەخۆشی سوێد بوو.

لە سوێد و لە ئەوروپا یەکجار زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسرا و قسە کرا. بەڵام ئەوەی دەنووسرێت و دەگوترێت، ڕەنگە تەنیا لە سەدا پێنجی ڕاست بێت. ئەوی دیکەی هەمووی درۆ و دووڕوویی و دووفاقییە. ڕووداوی وەها دەرفەتێکی زێرین دەخوڵقێنێ بۆ ناوزڕاندنی کورد و ئیسلام و ڕۆژهەڵات. ماسمێدیا دەستگایەکە ئەرکی پیرۆزی یەکەمی، لەم قۆناغەدا، شەڕکردنە دژی ئیسلام. مەسەلەی فادیمە پەنجا ئەوەندەی، شەست ئەوەندەی هەڵەبجە باس کراوە. سەد ئەوەندەی ئەنفال باس کراوە. هەر ئەم سوێدە دێمۆکرات و مرۆڤپەروەر و دۆستەی کورد (!!!)، ڕێک دوای کارەساتی هەڵەبجە (تاها محێدین)ی جێگری سەرکۆماری عێراقی بۆ سوێد بانگهێشتن کرد و (پییێر شووری) کە یەکێک لە سەرە گەورەکانی سۆسیالدێمۆکراتەکانی سوێدە (ئێستا نوێنەری سوێدە لە نەتەوە یەکگرتووەکان) چوو بۆ سەردانی بەغدا و دەستخۆشیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی مینهەڵگرانی جیهانی لەو بیست ملیۆن مین (لغم)ەی لە کوردستاندا هەن و لانابرێن، دە ملیۆنی ڕێکی سوێدی ئاشتیخواز فرۆشتوویەتی بە ڕێژیمی عێراقی. من ساڵانی هەشتاکانم چاک لە بیرە چۆن ماسمێدیای سوێد و ئەوروپا

خوێنرێژێکی وەک سەددام حوسێنیان بە شێوەی فریشتەیەک پێشان دەدا. ئەو دەمە عاشقی سەددام بوون. هەر ئەوانیشن ئەمڕۆ خوێنرێژێکی وەک ئاریێل شارۆن دەکەنە نموونەی سیاسەتمەداری ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست. تەماشای وتارەکانی گۆڤاری (The Nation) بکە، بزانە چۆن دەستگای سیخوڕیی ئەمەریکا (CIA) لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراقدا بە هەموو هێز و توانستی خۆی پشتی عێراقی گرتبوو. کەواتە مەسەلەکە هەق و ناهەق نییە، ڕەوا و ناڕەوا نییە. لەبەر ئەوە نییە کە پێیان وایە فادیمە بە ناهەق کوژراوە. بەڵکە لەبەر ئەوەیە کوژرانی فادیمە ئێستا ڕێک بۆ ئەو چوارچێوە ئیدیۆلۆگییەی ئەوان کاری پێ دەکەن دەست دەدات و گونجاو و لەبارە. کابرایەکی سوێدی هەیە (تۆماس کویک)، ئێستا لە زینداندایە، خۆی بە دەمی خۆی دەڵێ بیست و ئەوەندە کچی کوشتووە، دوای ئەوەی دەستی بۆ درێژ کردوون، بەڵام ڕاگەیاندنی سوێد دەڵێن ئەمە نەخۆشە، نەخۆشیی سایکۆلۆگیی هەیە. هەر لەم ساڵانەدا دەیان جار هەواڵی دەستدرێژیی سەر کچی بچووکی هەشت تا چواردە و پانزدە ساڵان لەلایەن باوک یان باپیری خۆیانەوە بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ڕۆژێ نەیانگوت ئەمە تاوانی فەرهەنگی سوێدییە، یان تاوانی دینی مەسیحییە.

من ناڵێم کۆمەڵگای کوردستان و ڕۆژهەڵات بەهەشتی سەر ڕووی زەوینە. منیش دەزانم و تۆیش دەزانیت، دەیان و سەدان خەوش و ناتەواویمان هەیە. دەیان و سەدان تاوان دەکرێت. بەڵام ئەمەی ئەورووپا دەیڵێت و دەیکات فڕی بەسەر ڕاستی و دادەوە نییە. لەبەر ئەوەیش نییە کە باوەڕیان بە دیمۆکراسی و مافی مرۆڤە. ئەمانە هەمووی قسەی ڕووتن و بە کەڵکی بازاڕەکە دێن. ڕۆژاوا دەمێکە شەڕی خۆی دژی ڕۆژهەڵات و دژی ئیسلام (نەک تەنیا دینەکە، بەڵکە هەموو گەلانی موسڵمان و هەموو ئەو فەرهەنگ و شارستانەتییەیش کە بەرهەمی ئەوانە) ڕاگەیاندووە. دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا زۆر بە لایانەوە گرنگە کەسێکیان دەست بکەوێ، خۆی ڕۆژهەڵاتی بێت، موسڵمان بێت، کورد بێت و ئامادە بێت جنێو بە فەرهەنگ و دین و شارستانەتیی خۆی بدات. ئەمانە پێش دەخرێن و یارمەتی دەدرێن و خەڵات دەکرێن. سەلمان ڕوشدی و تەسلیمە نەسرین و نایپۆلی وەرگری خەڵاتی نۆبێل لەمانەن. ئێستا لە سوێد بۆتە مۆدێل. هەر ئێرانییەک مافی پەنابەری وەرنەگرێت، پێی دەڵێن ئەگەر ئامادەیت بێیتە سەر تەلەڤیزیۆن و بە ئاشکرا بڵێی هۆمۆسێکچوەڵیت (هاوجنسباز) ئەوا دەرناکرێیت و لێرە دەمێنیتەوە.

له سـەرەتای نەوەدەکاندا فیلمی ڕەگەزپەرستانەی (بە بێ کچەکەم..، نا ) پێشان درا، کە باسـی (بێتتـی مەحمـوودی) ژنێکی ئەمـەریکایی کە شـووی بە ئێرانییـەک کردبوو، دەکات. لە وڵاتێکی وەک سوێددا کە پێشـان درا میلیۆنان کەس تەماشـای کـرد. شـەووڕۆژ لـە هەمـوو دەسـتگاکـانی ڕاگـەیاندنەوە باس هـەر باسی ئەو ژنە ئەمەریکییە و ڕەشکردنی فەرهەنگ و شـارستانێتیی ئێران و ئیسـلام بوو. دەیان و سـەدان سەمیناریان لەبارەیەوە ڕێک خست و سـەدان وتاریان لەسـەر نووسی. باوەڕ بفەرموو ئەگەر لە سەدا دەی ئەوە بۆ هەڵەبجە یان ئەنفال بکرایە ئێستا دەمێک بوو کوردستان (بە کەرکووکیشەوە) ڕزگار کرابوو.

من لە جـێگە و لە پایەیەکدا نیم کـە بتوانم ڕاسـتەوخـۆ کار بکەمـە سـەر خـەڵکی کوردسـتان و پـرۆژەیەک دژی باوکسـالاری بۆ ژنانی کـوردسـتـان ئامـادە بکەم. ئەم باسـە زۆر لەوە قـووڵتـر و ئاڵۆزکـاوترە کە ئـاوا سـەراوی لـێی بکۆڵرێتـەوە. پێکهـاتە (سـتروکتـور)ی کۆمەڵی کوردەواری لەسەر نموونە و مۆدێلی کۆمەڵگەی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی بنیـات نراوە. ئەم پێکهـاتەیە بێگومـان کۆمـەڵە درزێکی تێدایە کـە دەبێ چارەسـەر بکرێ. چارەسەرکردن بێ بەرچاوڕوونییـەکی تیۆری و فـەلسـەفەیی ناگاتە ئەنجـام. لەوەیش گـرنگتـر ئەوەیە دەبێ فـەلسـەفەیەک بکرێتـە ڕێشـاندەر کە لەگـەڵ پاشـخـانی مـێژوویی و لـەگەڵ پێکهـاتەی کـۆمـەڵایەتی و ڕۆحـیی نەتەوەکـەدا لەبار و گونجاو بێت و بنەمـاکانی بەپێی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکە هەڵێنجرابێت و گەشەی کردبێت. ئەو بنەما تیۆرییانەی مارکسیستەکانی دوێنێ و فێمێنیست و تازەلیبرال و ڕۆژاواپەرسـتـانی ئەمرۆ پێشنیـازیـان دەکەن ناتوانن چارەسـەرێک بۆ قـەیرانـەکانی کوردەواری بێننە کایەوە.

کەسـمـان نکۆڵیمـان لەوە نەکـردووە کە کۆمـەڵگەی ئـێمـە و کۆمـەڵگەکـانی دیکەی ڕۆژهـەڵات پـڕن لە ناتـەواوی و بێـدادی و چەوسـانـدنـەوە. بەڵام لەم بـوارەدا دەبێ دوو ڕاستـی لە بەرچاو بگیردرێن و نەکرێن بە ژێر لێوەوە: (یەکەم) هەڵەکانـی کۆمەڵگەکە تاوانی ئیسـلام نین. ڕەنگە بکرێ بڵـێین تا ڕادەیەک تاوانی شـێـوەی پیـادەکـردنی ئیـسـلام و تێگەیشتن لە بنەمـا ئیـسـلامـیـیـەکـانن، تاوانی خـوێندنەوەی کـوێرانەی تێکسـتـی ئیـسـلامین، بەڵام تاوانی ئیسـلام نین. چونکە دەیان کـۆمـەڵگە هـەن کـە ئیسـلامی نین و ناتەواوی و بێدادیشیـان لە هیـی کۆمەڵگە ئیسـلامـییـەکان زۆریش

زیاترن، وەک هیندستان، ئەمەریکای لاتین، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ناوەڕاست و خـواروی ئەفـریقـا. هەر لە نزیکی خـۆیشـمـانەوە نموونەی کـۆمـەڵگەی بێـداد و پاشکەوتووی ئاسووری، ئەرمەنستـان، ئیسـرائیل و گورجستـانمان هەیە، تورکیـای کەمالیستیش ئەوە حەفتا ساڵە ڕێگەی نائیسلامیی گرتۆتە پێش و خۆی بەستۆتەوە بە ڕۆژاواوە و دەیەوێ ئەو مـۆدێلە پیـادە بکات، (دووەم) ڕۆژاوا و فـەلسـەفـەی ڕۆژاوا ئامانجی ئەوە نییە دەستی ئێمە بگرێت و بمانخاتە سەر ڕێی ڕاست. ئەوان نایانەوێ کۆمـەڵگەی ئێمە چاک بکەن، بەڵکە دەیـانەوێ لە بنەڕەتەوە هەڵیتەکێنن و داری بەسەر بەردیەوە نەهێڵن، ئێستای هەڵوەشێننەوە و ڕابوردوویشی بسڕنەوە.

ڕۆژاوا لە سەردەمێکدا لە نیوە زیاتری دنیـای لەژێر دەستدا بووە و دەیان و سەدان سـاڵ بە ڕێوەیان بردووە. لەنـاو ئەو دەیان و سـەدان وڵاتەی ڕۆژێ لە ڕۆژان کـۆڵۆنیی ڕۆژاوا بوون، یەک دانـەم پێ نیـشـان بدە کـە بە کـۆمـەکی ڕۆژاوا بـووبێـتـە وڵاتێکی دێمۆکراتی و گەیشتبێتە قۆناغی ئاسـاییش و بەختیاری و پێشکەوتن. بێجگە لەوەی دەیان گێـچـەڵ و کێشـەیـان بۆ بە جێ هێشـتـووین، ئێسـتـاش نیـوەی کێشـەکـانمان ئەنجامی دەستتێوەردانی ڕۆژاوا و نوێنەرانی ڕۆژاوایە.

دەزانم هەمووی ئەوەی وتم وەرامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکەی جەنابت نەبوو، بەڵام زۆریش لێیەوە دوور نییە. کرۆکی باسەکە پێوەندیی نێوان شارستـانییە جیاوازەکان و ئەنجـامـەکانیـەتی. ئەو کـێـژە کـوردانەی کوژراون و دەکـوژرێن قـوربانیـی نەبوونی میکانیزمێکی مرۆڤانەن کە لە جێی پێکدادانی فـەرهەنگ و شارستانییە جیاوازەکان، بە یەکیان بگەیێنێ.

با قسـەیەکیش بۆ دز بکـەین: ڕۆژاوا ئەو کـاولسـتـانە نییـە کـە زۆر کـەس دەیانەوێ پێـشـانـی بدەن، بەڵکە پێم وایە زۆر لایـەنی فـیـکری و فـەرهـەنگی و شـارسـتـانی و کۆمەڵایەتی و زانستیی هەیە کە شایانی ئەوەن خەڵکی دیکەی دنیا لێیانەوە فێر بن.

بـەدرخـــان: بەدرخـــان بـڵاوکـــراوەیەکی ئەهـلـیی ئـازادە، ســـەبارەت بـە بڵاوکراوەی ئازاد دەڵێن چی؟

شاکەلی: بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان جۆرێک هیپۆتێزە کە گوێگر و خوێنەرەوە دەخاتە گومانێکی وەهاوە، تۆ بڵێی ئەمە شێوەیەکی پێداگۆگی نەبێت بۆ چەسپاندنی

بیرێک کە ڕەنگە بنەڕەتێکی ڕاستەقینەی نەبێت؟ ئەگەر ڕێگام بدەن من ڕستەکەتان بۆ دابڕێژمەوە ئاوای لێ دەکەم: بەدرخان بڵاوکراوەیەکی ئەهلییە زۆر حەز دەکات (سوێی بۆتەوە بۆ ئەوەی) ئازاد بێت، بەڵام نە توانیویەتی و نە دەیشتوانێ ئازاد بێت.

ئێوە مانگنامەکەتان لە ناوچەیەکدا بڵاو دەکەنەوە لەژێر دەستەڵاتی حیزبێکی سیاسیدایە کە دژی دیمۆکراسی و دژی ئازادیی بیروباوەڕ و هەمیشەیش دژی بووە، ئیتر چۆن دەتوانن ئازاد بن؟ بەڕاستی من زۆرم پێ سەیرە کە دەسەڵاتداری هەرە گەورەی ناو (ینک) و ڕێبەری یەکەمی حیزبەکە زۆر جار باسی ئازادیی باوەڕ دەکات، بەڵام هاوکات دەیان دەستگای ڕەشی سانسۆریان داناوە و ناو و بەرهەمی کۆمەڵێ نووسەر و ڕووناکبیری کوردیان لە هەموو ڕاگەیاندنێکی خۆیاندا قەدەغە کردووە. لە کاتێکدا سەرۆکی باڵای حیزبەکە ڕێز لە ڕووناکبیر و نووسەران دەنێ، دەستگاکانی فەرهەنگ و ڕاگەیاندنیان بە بێدەنگی دەست دەنێنە بینی دەیان ڕووناکبیر و نووسەر و داهێنەری کورد، تەنانەت دەیانەوێ مێژووی ئەدەبی و فەرهەنگی و سیاسیشیان بشێوێنن. هاوکاتیش دەیان کەسی بوودەڵە و هەلپەرست و کاسەلێس و بە قەولی ئینگلیز (Good for nothing) لە بەرچاوی خەڵک دەکەنە قارەمان و ڕووناکبیر و داهێنەر. ئەوان نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکە لە ئەورووپایش، لە ئەمەریکایش، هەر ئەو سیاسەتە ستالینیستییە بەرانبەر ڕووناکبیران و کەسانی ئازادەبیر بە کار دەبەن. تۆ دەبێ لەگەڵ ئێمە بیت، ئەگەر لەگەڵمان نابیت کەواتە لەگەڵ (ئەوانی دیکە)یت، کە لەگەڵ ئەوانی دیکەیش بیت، ئەوا تۆ دوژمنی ئێمەیت. کاتێکیش لەگەڵ (ئەوانی دیکە) ئاشت دەبنەوە و موو بە نێوانیاندا ناچێت، هەر ئەو لۆگیکە بە شێوەیەکی دیکە دەخەنە کار: تۆ ئەگەر وەک ئێمە بیر نەکەیتەوە کەواتە دوژمنایەتیی پرۆسەی ئاشتی دەکەیت، کەواتە دژی هەردوو لامانیت، کەواتە دوژمنی کوردیت. بەپێی ئەم لۆگیکە ئەوان خۆیان و حیزبەکەیان لە جێگەی هەموو نەتەوەی کورد دادەنێن. تێزەکەی ئەوان لەوەدا زۆر سەیرە کە خۆیان لە هەر کوێیەک بن هەر ئەوان لەسەر هەقن و هەر ئەو شوێنە پیرۆزە. هەر هەڵوێستێکیش وەربگرن، تەنیا ئەو هەڵوێستە ڕاستە و شتی دیکە هەموو بەتاڵە و حەرام. لە ئاووهەوایەکی وەهادا داری ئازادی بەر ناگرێت.

بەدرخان: ساڵی ٢٠٠٢ لە کوردستان بە سەردەمی ئەڵماسی دادەنرێت لە

شاکەلی: پرسیاری وەها دەکرێ سووک و ئاسان بە (نا)یەک وەرام بدرێتەوە، بەڵام ئەو رێزەی بەرانبەر ئێوە و خوێنەران هەمە، رێگەم نادات بە وەرامێکی وەها تاریکاییی باسەکە تاریکتر بکەم. کتێب خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکە ئامرازێکی گەیاندنە، کەرەسەی روونکردنەوەیە، دەربڕینی پلەی زانیاری و گەشەکردنی فەرهەنگی و زانستییە، تۆمار و گەنجینەی قۆناغێکی شارستانەتییە. کەواتە لێرەدا ئێمە باس لە پێشبڕکێیەک ناکەین ئامانجەکەی وەدەستهێنانی ژمارەی گەورە، یا دیاریکردنی دۆڕاو و سەرکەوتوو بێت. ڕاستە لە کوردستان کتێبێکی زۆر چاپ دەکرێت، ڕۆژنامە و گۆڤار و مانگنامە و وەرزنامە بە لێشاو دەردەچن. بەڵام ئایا ئەمە بارێکی فەرهەنگیی ساغ و سەلیمی دروست کردووە؟ ئایا فەرهەنگکاران و رووناکبیران و نووسەرانی کورد لەم هەلومەرجە فەرهەنگییەدا توانیویانە ببنە هێزێک لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و نەبنە پاشکۆ و (ڕەعیەت)ی دەستەڵات؟ ئەوە دوازدە ساڵی رێکە لە کوردستانی عێراقدا کورد خۆی، خۆی دەبا بە رێوە. بۆ نەتەوەیەکی ستەملێکراو و دواکەوتووی وەک کورد شاگەشکەبوون بەوەی کە کراوە بەش ناکا، دەبێ پرسیاری نەکراو بکات، دەبێ نیگەرانی ئەو شتانە بێت کە نەکراون، نیگەرانی ئەو پرۆژانە بێت کە دەبوو بکرانایە، دەکرا بکرانایە، بەڵام نەکراون. من دەتوانم سەرنجەکانی خۆم لەم بوارەدا هەر بەکورتی لە سێ بەشدا روون بکەمەوە:

(یەک) ئەگەرچی سەدان کتێب چاپ دەکرێن و هەزاران لاپەڕەی ڕۆژنامە و مانگنامە و وەرزنامە بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ئایا بابەتە بنەڕەتییەکانی زانیاری خراونەتە بەر دەست و پێش چاوی خوێنەری کورد؟ بێگومان نەء!!

(دوو) وەک دەزانی ئەوە بیستوپێنج ساڵە من لە ئەورووپا دەژیم. لە پاڵ زۆر بواری زانیاری و فەرهەنگیدا، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم سیاسەتی فەرهەنگییە (Cultural policy). ئەوە ساڵانێکیشە دەمەوێ سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد لەو خەتەرە گەورەیە ئاگادار بکەمەوە کە تۆ ناتوانی نەتەوەیەک دروست بکەی، پێ بگەیێنی، بەهێز بکەیت، پێش بخەیت ئەگەر سیاسەتی فەرهەنگیت نەبێت. سیاسەتی فەرهەنگی هێندەی ستراتێژیی عەسکەری و بگرە زیاتریش گرنگە. ئەوە پەنجا ساڵ زیاترە کۆماری کوردستان (مەهاباد) رووخاوە. لەو هەزاران چەک و چەکدار و

فـیـشــەک و قــایش و قــرووشــەی کـۆمــارەکــە، تفــەنگە شــرێکیش نـەمــاوە، بەڵام بەرهەمـەکـانی هەژار و هێـمن و قـزڵجـیـمـان بۆ مـایـەوە، ئەو سـەدان لاوەی رۆحی کوردایەتییان تێدا دەژی و بەردەوامە، بەرهەمی ئەو فەرهەنگەن کۆمارەکە پێشکێشی مرۆڤی کوردی کرد. من لە نووسینی دیکەیشمدا ئەوەم باس کردووە، باوەڕ ناکەم لە مێژووی کورددا هیچ سیاسەتمەدارێک هێندەی پێشەوا قازی محەمەد، لە گوێرەی هەلومەرجی سەردەمەکەی خۆی، لە بایەخی فەرهەنگ و رووناکبیران گەیشتبێت. ئەو پیـاوە هێندەی سـیـاسـەتمەدارێکی ئەوروپایی بۆ فـەرهـەنگ و زمـانی نەتەوەکـەی بەپەرۆش بوو.

(سێ) زمانی کوردی لە سێبەری دوو (حکوومەتی هەرێم) و چەندان حیزب و نیوە حکوومـەتدا نـەک هەر پێش نەکەوتووە، بگرە گـەیشـتـۆتە جێگایەک کـە ئەگەر فریای نەکـەوین، بەرەو هەڵوەشــانەوە و لەناوچوون و پووکــانەوە دەچێت. باوەڕ نـاکـەم لە هەموو مێژووی گەلی کورددا زمانی کوردی هێندەی ئەمڕۆ مەترسیی لەسەر بووبێت. ئەو وێرانکاری و پارچەکردنەی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و رۆژهەڵاتناسانی رۆژاوا نەیانتوانی بیهێنن بەسەر زمانی کوردیدا، ئێستا سەرکردە و پێشڕۆکانی کورد بە دەستی خۆیان جێبەجێی دەکەن.

سەردەمی بەعس، بە تایبەت لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە تا ڕاپەڕین، خوێناویترین و سەختترین سەردەمی سیاسی بوو بۆ کورد، بەڵام پێم وایە وەزعی زمانی کوردی لە سـێـبـەری رەشی رژێمی درندە و خـوێنڕێژ و فـاشـیـسـتی سـەددام حـوسـێندا، لە ئێـسـتـای باشـتـر بوو. دەزانم ئەمـە قسـەیەکی گـەورەیە من دەیکەم، دەزانم من بەم قسـەیە هیـوای زۆر لە سـیـاسـەتمەداران و تەنانەت رووناکبیـرانیش دەپووچێنمـەوە. بەڵام خۆ دەبێ کەسێک زەنگی وریاکردنەوە لێ بدات، ئەگەرچی نووسـتووەکان پێی تووڕە دەبن. با تووڕە بن، با پرسـیـار بکەن: چۆن؟ بۆچی؟ هەڵبـەتە ئەودەم منیش وەرامێکم پێیە عەرزیان بکەم!! ئەگەر بەدرخـان لە هەولێر دەرچووبایە، زۆری دیکەیشم دەگوت.

لایـەنێکی دیکەی ئـەم بـابـەتـە پێـــوەندیی بە ژیـانی فـــەرهەنگیـــیـــەوە هـەیە. لـە فەرهەنگێکی لەشسـاغدا کتێب، کتێبی چاک، نرخی خۆی هەیە. بە هۆی چاپەمەنی و رۆژنامە و دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەناسێنرێت و خوێنەر هان دەدرێت بۆ ئەوەی

بیخوێنێتەوە، تێی بگات و نرخی بزانێت. ڕووناکبیرێکی گەورەی سوێدی پێی وتم: (ئێستا وەزعی کتێب لە سوێد زۆر خراپ بووە. ئەمڕۆ کە کتێبێک بڵاو دەبێتەوە هەمووی بیست، بیستوپێنج جار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەسەری دەنووسرێ، کەچی لە شەست و حەفتاکاندا هیچ نەبێ پەنجا، شەست جار لەسەری دەنووسرا). ئەی لە کوردستانی ئێمەدا کتێب چەند جار لەسەری دەنووسرێت؟ ئەگەر کتێبی ئەندامانی سەرکردایەتی بێت، ئەگەر کتێبی شاعیرێکی زوڕناژەنی حیزب بێت، دیارە بەختی هەیە و ڕەخنەگرانی قەڵەمفرۆش هەشت نۆ جار لەسەری دەنووسن. شاعیرێکی گەورەی وەک (لەتیف هەڵمەت) سەرجەمی بەرهەمەکانی چاپ دەکات، بە یەک وشەیش باس ناکرێ. چوار دیوانی تازەی سێسەد و چوارسەد لاپەڕە چاپ دەکات دیسان دوو وشەی لەسەر نانووسرێت. باسی کتێبی خۆم ناکەم، تەنانەت هەر هەواڵی بڵاوبوونەوەیشی قەدەغەیە. کۆلکەخوێندەواری بوودەڵە و دووڕووی دانیشتووی ئەوروپا لە تەلەڤیزیۆن و چاپەمەنییەکانی کوردستاندا وەک ڕووناکبیر و فەیلۆسۆف و داهێنەر پێشکێش دەکرێت، بەڵام ڕووناکبیرە ڕاستەقینە و دڵسۆز و داهێنەر و ڕاستگۆیەکانی کوردستان و ئەوروپا لە کوولەکەی تەڕیشدا ناویان نایەت. ئەگەریش تاکە جارێک باس بکرێن بۆ سووکایەتی پێکردن و ناوزڕاندن باس دەکرێن. ئەمەیش ناو دەنێی فەرهەنگ؟ ئەمە قەحپەخانەی فەرهەنگە یان فەرهەنگی قەحپەخانە؟

بەدرخان: پرۆژەی نوێتان چییە؟

شاکەلی: من لە ئەوروپا بە نووسین ناژیم. ئەمەیش ئەو چاکەیەی بۆ من هەبووە کە هەڵبەز و دابەزی بازاڕی ئەدەبی کار ناکاتە سەر خۆم و نووسینم. بە ڕاسپاردەیش نانووسم. کەیفم لە چی بێت ئەوە دەنووسم. بۆ بڵاوکردنەوەیش پەلەم نییە. لە ماوەی دە پانزدە ساڵی ڕابوردوودا بەشی زۆری بەرهەمەکانم وەک کتێب بڵاو کردوونەوە. جاروبار گۆڤارە زانستی و ئەکادێمییەکان داوای لێکۆڵینەوەم لێ دەکەن. ئەگەر دەرفەتی لێکۆڵینەوەم هەبێت ئەوا بۆیان دەنووسم. ئەوەیان بە ئینگلیزییە. ئێستا ئەوە بۆ دوو سێ ساڵێک دەچێت، وەزعی ڕۆحی و سایکۆلۆگیم ئەو باشە نییە کە بتوانم پرۆژەیەکم هەبێت و کاری بۆ بکەم. مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی فەرموویەتی:

بنگر به خـــانهء تن و بنگر به جـــان من
از جام عشق او شده این مست و آن خراب

بەدرخـان: پەیامی شـاکەلی بۆ نووسـەران و ڕۆژنامـەنووسـان چییـە، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی بە لێشاو دێنە لای بەڕێزتان؟

شـاکەلی: باوەڕ بفەرموو من لە هەموو ژیانمدا پێم خۆش نەبووە ڕۆڵی مامۆستا و ڕێشاندەر و ڕێنوێن ببینم. لەوەیش بترازێ پێم وا نییە کارێکی ئاوەزکارانە بێت پیاو پەیامێکی گشتیی هەبێت کە بۆ هەموو کەسێک (نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، گەنجان) دەست بدات. زۆر جار، لێرەیش و لە کوردستانیش، ڕووی داوە خەڵک هاتوونەتە لام و پێیان خۆش بووە ڕێنوێنییەکیان بکەم. لە کاتی وەهادا هەر ئەوەم لە دەست دێت هەندێ ئەزموونی خۆمیان بۆ باس بکەم. من ئەگەر دەرمانێک و چارەسەرێکم شک ببردایە، پێشتر دەردی خۆمم تیمار دەکرد.

ئامادەکردنی: حەمید ئەبووبەکر و کاروان ئەنوەر

بەدرخان، ژمارە: ٢٩، ٢٢-٢-٢٠٠٣

# هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ

هەتا ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کورد لە باشووری کوردستان، ئەگەر شێواوی و بێسەروبەری لە ڕێزمان و ڕێنووسی کوردیدا هەبوو، تاوانی ئەم کەمایەسییەمان دەخستە پاڵ بێدەوڵەتی و نەبوونی کورد لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیارداندا. ئەمڕۆ ئیتر کورد بۆ هەبوون و هێشتا مانەوەی ئەو کەمایەسییە ناتوانێ بیانوویەکی هەبێ، لەبەر ئەوە خۆی ئەو دەسەڵاتەی هەیە هەر چەشنە هەنگاوێک لەپێناو پوختەکردن و ستانداردکردنی زمانەکەیدا هەڵبێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، دەبینین کەموکوڕییەکانی ڕابوردوو نەک هەر ماون، بەڵکە لە ماوەی ئەم چواردە ساڵەدا چەند هێندەی تریان هاتوونەتە سەر.

فەرهاد شاکەلی، مامۆستای زمانی کوردی لە زانستگەی ئوپسالا لە سوێد، لە وتارێکدا کە ناوی (ئەززمان وەمائەدراکە مەززمان) بوو، لە ژمارەی ٢٢٧ی (هاوڵاتی)دا دەڵێ: "کوردستانی خواروو، لەبەر کۆمەڵێ هۆی سیاسی و مێژوویی، لە هەموو کوردستاندا گرنگترین و دەوڵەمەندترین ناوەندی فەرهەنگ و زمانی کوردییە. ئەم ناوەندە سەرەکی و دەوڵەمەندە، ئەگەر هەر وەک ئەم چواردە ساڵەی ڕابوردوو لە گۆڕاندا بێت، دەبێتە گەورەترین سەرچاوەی پووکانەوە و هەڵوەشانەوە و لەناوچوونی زمان و فەرهەنگی کورد."

بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکار و تایبەتمەندییەکانی ئەم گۆڕانکارییە و هەروەها داهاتووی زمان و فەرهەنگی کوردی، بە باشم زانی ڕووی پرسیار بکەمە فەرهاد شاکەلی و داوای لێ بکەم لەم بارەیەوە بۆمان بدوێ.

م. ئەحمەدی (بەڕێوەبەری ماڵپەڕی دیمانە)

**دیمانە: کاک فەرهاد، حەز دەکەم لەو دەربڕینەی خۆتەوە دەست پێ بکەی کە لە هاوڵاتیدا بڵاو کراوەتەوە. لە تێڕوانینی تۆدا ئەو کەموکووڕی یان شتگەلە چین کە دەبنە هۆکار بۆ "پووکانەوە و هەڵوەشانەوە و لەناوچوونی زمان و فەرهەنگی کوردی"؟**

شاکەلی: بەکارهێنانی زمان لە ئاست و پلەی جیاوازدایە و بەپێی گەشەکردنی

تاک و کۆمەڵ لە ڕووی فیکری و شارستانی و ئابووری و فەرهەنگییەوە دەگۆڕێت. کەسێک کە پیشەیەکی ساکاری هەیە و ژیانێکی زۆر سادە دەژی پێویستی بەوە نییە زمانێکی دەوڵەمەندی پڕ لە تێرم و زاراوەی فەلسەفی و سیاسی و تەکنیکی بخاتە گەڕ. ئەو تەنیا لە چوارچێوەی پێویستییە ڕۆژانەکانی خۆیدا زمانی پێویستە. تەنانەت بۆ دەربڕینی هەست و بیرە ناسک و دەروونییەکانی خۆیشی وێنەی زۆر سادە و یەکتوێژی بە کار دەهێنێت. بەڵام کاتێ کۆمەڵگە، کاتێ نەتەوە بە ڕێگای شارستانێتی و پێشکەوتنی فەرهەنگی و سیاسی و ئابووریدا دەڕوات، ئیدی پێویستییەکانی ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەچێت و ناتوانێت هەر بەو کۆمەڵە وشە و تێرم و دەربڕین و دەستەواژەیەی جاران خۆی ببا بە ڕێوە. ڕەنگە بەپێی تیۆریی مارکسیزم ئەمە ببەسترێتەوە بە گۆڕانی یاساکانی کارەوە و تەفسیرێکی ماددی بکرێت، بەڵام کۆمەڵگە و تاکەکەس و ژیان تەنیا بە ماددە تەفسیر ناکرێت.

لە کوردستانی باشوور (حەز دەکەی بڵێ کوردستانی عیراق، یا باشووری کوردستان، ئێستا کارم بەوە نییە)، کۆمەڵگە لە گۆڕانێکی بنەڕەتی و قووڵدایە. ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کۆمەڵێ پێویستی و کۆمەڵێ یاسای ناچاری و کۆمەڵێ بنەما و شێوەی تازەی کار و بیرکردنەوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. گرێکوێرەی باسەکەمان لێرەوە دەست پێ دەکات. لە کۆمەڵگایەکدا کە زانست و فیکر و عەقڵ سەردەست بێت، ئەوانەی دەیبەن بە ڕێوە یا ئەوەتا هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ ئەم جۆرە گۆڕانانە ئامادە دەکەن، یا ئەوەی کە گۆڕان ڕووی دا، هەر زوو کۆمەڵێ بنەما و قانوون لەو هەلومەرجە تازەیە هەڵدەهێنجێن و کاری پێ دەکەن و دەیکەنە بناخەیەک بۆ ڕێکخستن و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵ. دیارە بۆ هەڵهێنجانی ئەو بنەما و قانوونانە، کەس چاوەڕوانی ئەوە ناکات لە غەیبەوە (لە نەپەنی و نادیارەوە) هەواڵێک و ڕێنوێنییەک بگات. ئەوەی ئەم کارە دەکات مرۆڤەکانی کۆمەڵگەکە خۆیانن. لەم ئەرکەیشدا بێگومان سوود لە ئەزموونی وڵاتان و نەتەوەکانی دیکە وەردەگرن، بەڵام بە شێوەیەکی زیندوو، بێ کۆپیکردن، دەیخەنە خزمەتی ئەزموون و کارەکەی خۆیانەوە. ئەوانەی دەبێ ئەرکی دۆزینەوەی قانوونەکان و ئەرکی ناسینەوە و گشتاندنی بنەماکان و خستنەگەڕیان جێبەجێ بکەن، ڕاست وایە کەسانێ بن شارەزای بوارەکانی کارەکەیان بن و هیچ گومانێک لە زانیاری و زانستیان نەکرێت، و لە دڵسۆزییان دڵنیا بین. ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئاژاوە سەرتاپێی کۆمەڵ داگیر

دەكات و ئەنجامەكان بە هیچ جۆرێك بەو شێوەیە نابن كە ببنە هۆی پێشخستن و گەشەكردن و چارەسەری گرفتەكان.

لە كوردستان، سیاسەتمەداران و سەركردەكان پێشتر خۆیان بۆ ئەم بارە نوێیە ئامادە نەكردبوو. ئەمەیان ڕەنگە پاساو بدرێت، ئەگەرچی هیی پاساودان نییە. بەڵام تەنانەت دوای چواردە ساڵ حوكمڕانی، هیچ نیشانەیەك، هیچ هێمایەك، هیچ گەڵاڵەی بیركردنەوەیەك نابینین پێمان بڵێ ئەمانە بەڕاستی دەیانەوێ كێشەكان چارەسەر بكەن. من باسی هەموو بوارەكانی كۆمەڵگەی كوردستان ناكەم، تەنیا و تەنیا باسی فەرهەنگ و زمان دەكەم.

ئەم ڕەوشە تازەیەی كوردستان وا پێویست دەكات زمان و فەرهەنگی كوردی بە جۆرێك نەخشەی بۆ بكێشرێت كە بتوانێت وەرامدەرەوەی پێویستی و ئامانج و داخوازەكانی نەتەوەی كورد بێت و یارای ئەوە بێت لە هەموو بوارەكانی زانست و زانیاری و گەشەكردندا وەك دەستاوێژێكی مرۆڤانە كار بكات و هەڵسووڕێت. هەروەهایش ئەوە دەستەبەر بكات كە كۆمەڵگەی كوردەواری دەكاتە ئەندامێكی كارا و چالاكی دنیای ئەم سەردەمە و مرۆڤی كورد بتوانێت لە شارستانێتیی ئەم چەرخەدا بەشدارییەك، با كەمیش بێت، بكات. دەبێ فەرهەنگی كورد وەرامدەرەوەی پێویستییەكانی مرۆڤی كورد بێت، چ ماددی و چ ڕۆحی.

لە سەردەمەكانی پێشوودا زمان و فەرهەنگی كوردی سنوورێكی یەكجار تەسكیان بۆ دانرابوو. دەستگای ڕاگەیاندنی كوردی كەم بوون و ڕێژیمە داگیركەرەكان دەیانبرد بە ڕێوە و بەشێك بوون لە سیاسەتی فەرهەنگیی ئەوان. مرۆڤی خوێندەواری كورد هەر بە هەستی خۆڕسكی خۆی، ئەو هەڵوێستەی لا دروست بووبوو كە بە هەموو هێزێكەوە دەست لە فەرهەنگ و زمانی خۆی گیر بكات و باوەشی بۆ بكاتەوە. كە گۆڤارێكی وەك (كاروان) یا (ڕۆشنبیری نوێ)ی دەخوێندەوە یەكسەر لە زەینی خۆیدا كردارێكی ماتماتیكییانەی ئەنجام دەدا، كە پێنج یا دە لاپەڕەی یەكەمی بە نوێنەری بیر و كرداری دەستەڵات دادەنا و ئەوانی دیكەیشی بەپێی ناوەڕۆك و بەپێی چێژی خۆی هەڵدەسەنگاند. لەبەر ئەوەی بڵاوكراوە و دەستگای ڕاگەیاندن كەم بوون، زیانیشیان هێندە بەربڵاو نەبوو، ئەگەرچی ئەو بەشەی لێ دەر بكە كە ئاوێنەی بیری داگیركەران بوو، ئەوی دی شتی باشی تێدا

بوو. بەڵام لەپاڵ زۆر شتی لاوازیشدا دەستگایەکی وەک کۆڕی زانیاری(ی) کورد لە بەغدا هەبوو کە، هەر نەبێ لە ساڵانی سەرەتای دامەزرانیدا، بەڕاستی جێی شانازی بوو بۆ کورد. پیاوانی وەک عەلائوددین سەججادی، مەسعوود محەمەد، کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەژار، هێمن، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، شێخ محەمەدی خاڵ، شوکور مستەفا، ئەورەحمانی حاجی مارف، جەمال نەبەز، قەناتی کوردۆ، عەلی سەیدۆ گۆرانی و زۆری دیکە کاریان تێدا دەکرد، یا پشتیوانی بوون. بێجگە لە کۆمەڵێ دەستگای گرنگی دیکەی فەرهەنگی کە لە چوار ساڵی ئاشتیی ١٩٧٠-١٩٧٤دا هەبوون.

ئەمڕۆ دەیان و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاو دەبنەوە و کتێب چاپ دەکرێن. دەیان دەستگای ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ئینتەرنێت هەن. زانیاریی خوێندەواری ناونجیی کورد لە ڕووی زمانەوە پاشەکشەی کردووە. جاران بەشی هەرە زۆری خوێنەری کورد بێجگە لە کوردی زمانێکی دیکەی دەزانی، کە لە عیراقدا عەرەبی بوو، کەچی ئەمڕۆ زۆربەی زۆری خوێنەری کورد لە کوردی بەولاوە زمانێکی دیکە نازانێت. ئەوجا ئەو فەرهەنگ و زمان و زانیارییەی پێشکێشی ئەم خوێنەرە دەکرێت، بەرهەمێکی لاواز و سەقەت و نەخۆشە، بە زمانێک نووسراوە کە، بە قەولی مامۆستا گۆران، دەڵێی حەڵوای ئاردی جۆیە.

ئەو دەستگا فەرهەنگی و بەناو زانستییانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا کاریگەرن و چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت فەرهەنگ و زمانی کوردی بەرەو چاکبوونەوە و دواتریش پێشکەوتن و گەشەکردن ببەن، بەشی هەرە زۆریان خۆیان نەخۆش و سەقەت و ڕووخاون، خۆیان بێناوەڕۆک و بێبەرنامەن.

لایەنە تێکشکاوەکانی زمان و فەرهەنگی کوردی لە کوردستانی خوارووا زۆرن، هەرە گرنگەکانیان؛ تێکچوونی ڕێنووس، ڕێزمان، سینتاکسی ڕستەی کوردی و داڕمانی ئێستێتیکی شێوازی کوردینووسین. بێجگە لەمانەیش دەکرێ باسی هەژاری یا هەژارکردنی زمانەکەیش بکەین. ئەمانە هەموو فاکتۆری ترسناکن، بەڵام ترکزەی یەکەم، پێم وایە، نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگی و نەبوونی سیاسەتێکی زمانەوانییە، کە بتوانێت بە وردی و ژیرانە کار بۆ دواڕۆژی زمان و فەرهەنگی کورد بکات. ناتەواوی و لاوازی هەن و هەر دەشبن، بەڵام مالۆێرانی ئەوەیە کە ئێمە

نەخشـەیەکمـان نەبێت بۆ بنبـڕکردنی ئەو ڤـایرۆسـانەی بەر بوونـەتە گیـانـی زمـانـی کوردی.

دیمانـە: لە هەمـان وتـاردا دەڵێی "لـە کـوردسـتـانـدا یەک دانـە ڕۆژنامــە و حەوتەنامـە و مانگنامـە نییە، کوردی بە شێوەیەکی ڕاسـت بنووسێت". ئەم دەربڕینـەت تەنیـا بۆ ئەو بـەشـەیـە کـە بە ئەلفـبێی عـەرەبی دەنـووسـێ یان بەشـە لاتینییـەکەیشـە؟ هـەر لـەم بارەیەوە ئەو پرسیـارەیشم هەیە ئاخـۆ ئەو کـەسـانەی وەک ڕەخنـەگـر یـان لێکۆڵـەر لە زمـان و فـەرهـەنگدا کـتـێب و بڵاڤۆکیان هـەیە، چی؟ ئایا ڕەخنەگرێکی زمـان کە ڕەخنە لە بەهەڵەنووسین دەگـرێ، ناکـرێ خـۆی بـەو ئاسـتـە گـەیشـتـبێت بە دروسـتـی و بـێ هەڵە بنووسێت؟ یـان وەک تۆ دەڵێی کە هیچ کەس بە دروسـتـی نانووسـێ، دەبـێ هـەر لە بنەڕەتدا ڕێنووسی کوردی بە هەڵە داڕێژرابێت؟

شـاکەلی: سـەرنج و تێبینییـەکانی مـن لە پلەی یەکەمدا زمانـی سـتانداردی کوردی دەگـرێتـەوە کـە ئەمـڕۆ لـە دوو بەشـی کـوردسـتـانـدا وەک زمـانێکی ئەدەبی بـە کـار دەهێـنرێت و لە ڕووی بـەرهـەمی نووسـراو و چاپکراویشـەوە نزیکەی ٧٥٪ تا ٨٠٪ی زمـانی کوردی دەگرێتـەوە. با من ئەوەیش ڕوون بکەمـەوە کـە نازانم بۆ بەو ئەلفوبێییـە دەڵێن ئەلفوبێی عـەرەبی؟ باوەڕ ناکـەم زمـانزانێکی فـارس یا پاکسـتـانی بە ئەلفـوبێی زمـانـەکـەی خـۆی بڵـێ عـەرەبی. تەنـانـەت ئەوروپاییـیـەکـان کـاتێ باسی ئەو جـۆرە ئەلفوبێیە دەکەن تێرمی (Modified, modefierad) بە کار دەبەن.

ئەو بەشــەی زمـانی کـوردی کـە بە تـیپی لاتیـنی دەنووسـرێت، لـە ڕووی بنـەمـاکـانی ڕێنووسـەوە ڕەنگە کـێشـەی کـەمـتر بێت، بەڵام کێشـەی گـەورەتری هەیە کە دوویان یەکجـار زەق و لەبەرچاون: ئەلفـوبێیـەکە خـۆی ئەلفوبێیـەکی سـەقـەت و نازانسـتـی و ناکـوردییـە، چونکە نەک بە کـەڵکی هـەمـوو زمـانـی کـوردی، بگرە بە کـەڵکی زاراوای کرمانجـی خۆیشـی نایـەت. کۆمـەڵێ فۆنێمـی گرنگـی زمانی کوردی هـەن کە دەبوو لە ئەلفـوبێیـەکـەدا ئیـشـارەتێک، نیـشـانەیەک بـۆ پێشـاندانیـان هەبووایە، بەڵام نیـیـە و دانەنراوە. دووەمـیش کـرمـانجی شـێـوەیەکی سـتـانداردی نیـیـە و نەیتـوانیـوە وەک زمانێکی ئەدەبی گەشە بکات و شێوەیەکی ستاندارد دروست بکات. لەوەیش بترازێ

ئەو هەموو هەڵایەی لەسەر جیاوازیی ئەلفوبێی کوردی دەکرێت، لە ڕاستیدا ئەوە تەنیا کێشەی کرمانجییە، کە بە سێ ڕێنووسی جیاواز دەنووسرێت، دەنا کوردیی خواروو (کە من پێم وایە زمانی ستاندارەدی کوردییە) هەر بە یەک ئەلفوبێ دەنووسرێت.

قەیرانێکی سەخت و بێزاریهێنی (دەبوو بڵێم ئێڵنجەهێن!) ئەم باسە ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆری، یا ڕەنگە هەر هەموو، ئەوانەی باسی زمان دەکەن و خۆیان دەخەنە ناو کێشەکەوە کەسانێکن هیچ پێوەندییەکیان بە زمانەوە نییە و تێی ناگەن و هیچی لێ نازانن. لەبەر ئەوەیش دەبینی هەرچییەک دەڵێن و دەنووسن هەر هەمووی لە نوختەی سیاسەتەوە یا لە پێگەی نەخوێندەواری و نەزانینەوە دەردەچن. کەسێکیان تاکە جارێ بەڵگەیەکی زانستی و زمانەوانیی پێ نەبووە و نییە. هەروەها لە دنیای جەنجاڵی نووسینی کوردیدا جیاوازیی نێوان کوردیزان و زمانزان یا زمانەوان ناکرێت. هەر کەسێک کوردییەکی جوانی نووسی مانای ئەوە نییە کە دەتوانێ زمانەوانیش بێت. زمانەوانی وایش هەیە کە ناتوانێت نامەیەک بە کوردییەکی جوان بنووسێت. من گەلێ جار ئەمەم گوتووە، کە پیاوانێکی وەک هێمن و هەژار و سەججادی و تەنانەت شوکور مستەفایش کوردیزان بوون، کوردیزانی گەورەیش بوون، بەڵام زمانەوان نەبوون. ڕەنگە ئەگەر لای مام هەژار باسی فۆنێم یا دیفتۆنگت بکردایە، پێی وا بووایە ئەمانە ناوی دەرمانن.

ئەو کەسانەی لەبارەی زمانی کوردییەوە دەنووسن، بێگومان، دەبێ زمانەوانیش بن، یا هەر نەبێ شتێکی وەهای لێ بزانن کە بۆ پاڵپشتی باوەڕ و بۆچوونەکانیان بەڵگەیەکی زانستییان بە دەستەوە بێت. بەشێکی یەکجار زۆری ئەوانەی لە بواری زمانی کوردیدا کار دەکەن و دەنووسن و بۆچوونێکیان هەیە، لە ڕووی ڕێنووسەوە کۆڵەوارن و ئەوەی دەینووسن هەڵەیە. من کە دەڵێم هەڵەیە، مەبەستم ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی بە لای منەوە هەڵەیە، ئیتر بە هەڵەی دادەنێم، مەبەستم ئەوەیە لە ڕووی زانستییەوە ئەوەی دەینووسێت و دەیڵێت بەرگەی ڕەخنەیەکی جیددی ناگرێت.

لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکم خوێندەوە باسی ئەوە دەکات کە بەشە کوردییەکانی زانستگەکانی کوردستان و بەشی کوردیی زانستگەی بەغدا کۆنفەرانسێکیان پێک هێناوە بۆ هاوکاری و نزیککردنەوەی بەرنامەکانی خوێندن و شتی لەو بابەتە. ئەوەی

بە لای منەوە سەرنجڕاکێش بوو، قسە و نووسینی سەرۆکبەشەکان بوو کە ڕۆژنامەکە دواندبوونی. ڕەنگە ئەو هەموو هەڵەیەی لە نووسینەکەدا هەبوو، تاوانی ڕۆژنامەنووسەکە بووبێت (حەز دەکەم ئەوەت عەرز بکەم کە هەڵەی نووسین، لای من، تاوانە)، بەڵام تەنانەت بیروباوەڕەکانیشم پێ سەیر بوون. ئاشکرا دیار بوو کە هەندێ لەو دۆستانە هەر هیچ ئاگایان لە هەلومەرجی زمان و فەرهەنگی کورد نییە و نازانن چی ڕوو دەدات. تەنانەت تێرم و زاراوەکانیان بە هەڵە بە کار هێنابوو. باشە دەبێ ئەو چەندسەد خوێندکارەی لەم بەشانەدا پەروەردە دەکرێن، چ کوردییەک فێر بن و کامە زانستیان پێشکێش بکرێت؟

ناکرێ بڵێین ڕێنووسی کوردی هەر لە بنەڕەتدا هەڵەیە. ڕێنووس، وەک زۆر بابەتی دیکەی دنیای زانست و خوێندەواری، مەسەلەیەکی پێکهاتنە (Conventional)، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەینووسین و دەیڵێین لەگەڵ بنەماکانی ڕێنووس و ڕێزماندا، لەگەڵ بنەما مەنتیقییەکاندا، هاوئاهەنگ و گونجاو بێت. کابرایەک، کە خۆی بە نووسەر دەزانێت، بە دەست ڕێنووسەوە داماوە و لە تێکستێکی نیولاپەڕەییدا حەڤدە هەڵەی هەیە، ئەمە تاوانی زمان و ڕێنووسی کوردی نییە، تاوانی خۆیەتی کە ناتوانێ بنەما و قانوونە ڕاستەکان فێر ببێت. کەسێک ساڵەهای ساڵ خەریکی کوردینووسین بێت، هێشتا ئەوەندە حاڵی نەبووبێت کە ڕاست و ناڕاست لە یەک بکاتەوە، نازانم بۆ دەنووسێت؟ من بەوەیش ڕازیم کە کابرا شێوەیەکی هەڵە بە کار بهێنێت بەو مەرجەی لە سەرتاسەری نووسینەکەیدا خۆی پێوە ببەستێت، نووسەرێک کە با بڵێین باسی شێخ مەحموود دەکات، هەر لەو نووسینەدا ناوی شێخ بە چوار پێنج شێوەی جیاواز دەنووسێت: مەحموود، مەحمود، محمود، محموود، من ئیتر ناتوانم هیچ ڕێزێکی نووسینەکەی بگرم.

ئێستا دیاردەیەکی زۆر سەیر لە دنیای فەرهەنگ و زمان و خوێندەواریی کوردیدا پەیدا بووە. دەیان کەس هەن هەر لە خۆیانەوە باسی زمان و ڕێنووس دەکەن بێ ئەوەی هیچی لێ بزانن، بێ ئەوەی زمانزان یا کوردیزان بن، بێ ئەوەی تەنانەت سەرەتا ئاسانەکانی زمان و فەرهەنگ بزانن. لە کوردستانی خواروو هەر میوانێکی نەخوێندەواری کوردی تورکیا و ڕووسیا دەچێتە ئەوێ، یا هەر کۆلکەخوێندەوارێکی ئەورووپایی (تەنانەت جاسووسەکانیش) سەر دەدات، بەپەرۆشەوە دەچنە خزمەتی و

بە جـۆرێ پرسـیـاری زمـان و ڕێنووسی لێ دەکـەن وەک بڵـێی یارۆ سـەرۆکی باڵای زمـانی کـوردی بێت. خـوێنەری نائاگـای کـوردیش کـە ئەم نـاوانە لەسـەر لاپەڕەی ڕۆژنامـە و پەردەی تەلەڤـیزیۆن دەبینێ، پێی وایە ئەمـانە بەڕاسـتی شـتێک دەزانن و ببێ و نەبێ دەرمانی هەموو دەردێکیان لە لایە.

لە بـواری کـوردینووسـیندا ڕۆژنامـەوانەکـانی کـوردسـتـان یەکجـار کـۆڵەوار و نەخوێندەوارن. بەرهەمەکەیشیان ئەو ئاژاوە بەدبەختانەیەیە کە یەخەی فەرهەنگ و زمـان و نەتەوەی کـوردی گـرتووە. تاکـە ڕیزپەڕ گـۆڤـاری (ڕامـان)ـە کـە هەوڵ دەدەن ڕێنووسێکی یەکگرتوو بە کار بهێـنن. ناڵێم لەو هەوڵەدا سەرکەوتوون، من خۆیشم زۆر کێشـەم لەگەڵیـان هەیە و پێم وایە لە هەندێ ڕووەوە هەڵەن، بەڵام ڕێزی هەوڵەکانیـان دەگرم چونکە بە جیددی بیر لە ڕێنووس دەکەنەوە. دەستگایەکی وەک کۆڕی زانیاریی کوردستان، تەنانەت ناوی دەستگاکەیشیان بە هەڵە دەنووسن. نازانم چەند ئەندامیان هەیە، بەڵام بە دڵنیایی پێت دەڵێم کە تاکە یەک زمانزانیـان تێدا نییـە، تەنانەت نیوە زمانزانێکیشیان تێدا نییە. جاران بە ناهەق بەو کۆڕەی کە ساڵانی حەفتاکان هەبوو دەیانگوت (گـۆڕی) زانیـاری، بەڵام بەڕاسـتی ئەوەی ئـەمـڕۆ هەیـە (گـۆڕی زانیـاریی کوردستان)ـە، دەستگایەکی مردوو، ترسنۆک، هەلپەرست و بۆگەن.

بەڵێ، من جـارێکی دیکەیش هـەر ئەو باوەڕەم دووبارە دەکەمـەوە: لە کوردسـتـاندا یەک دانە ڕۆژنـامـە و حـەوتەنامـە و مـانگنامـە نییـە کـوردی بە شـێـوەیەکی ڕاست بنووسێت. یەک دانە کتێبیش نییە سەرتاسەر ڕاست نووسرابێت.

دیمانە: لە وتارەکـەتدا کـە ڕوو دەکەیتـە "هەمـوو نووسـەرانی کـوردسـتـان" باس لە گـرفـتی ڕێزمـان و ڕێنـووس دەکـەی و ئامـاژە بەوە دەکـەی کـە "چارەسـەری ئەم دوو پەتایە، ڕەنگە لە ئـەرکـە هەرە ئاسـانەکـانی زمـان و فەرهەنگی کورد بێت". لە درێژەی وتارەکەدا "دەگەیتە لێواری بێهومێدی". ئەم بێـهـومـێـدییـەی تۆ لە چی و لە کێـیە؟ ئایا دەسـەڵاتدارانی نیـشـتـمـانە بێـهـومـێدت دەکەن یـان بێدەسـەڵاتیی نـووسـەران؟ ئەگـەر ئەم کـارە هێندە ئاسـانـە، چۆنە نە دەسـەڵاتدار و نە نووسـەر و نـە هیچ کـەس و نـاوەندێک کـاری بـۆ ناکـات؟ بـە باوەڕی تۆ ئێـمـە هەتاکـەی بەم ڕێگە نادروسـتـەدا دەڕۆین؟

شـاکـەلی: من نازانم هـەتا کـەی بەم ڕێگە ناپیـرۆز و نادروسـتـەدا دەڕۆین، بەڵام دەزانم ئەنجـامی ئەم بارەی ئـەمرۆ پووچانەوە و هـەڵوەشـانەوەی هەمـوو گـەنجـینە و شـانازییـەکانی مـێژووی فـەرهـەنگ و ئەدەب و زمـانی کوردییـە. دەزانم ئەنجـامـەکـەی تەنانەت هەڵوەشانەوەی کورد خۆیشییە وەک نەتەوەیەک.

ئەمڕۆ لە کوردستـانی خوارووی هـەلێکی زێڕینی وا هـاتۆتە پێشەوە کە کورد ببێتە خاوەنی فەرهـەنگێکی دەوڵەمەند، زمانێکی ئەدەبیی ستاندارد و نەوەیەکی خوێنەوار و ڕووناکبیر، بەڵام کار و کردەوەی سـەرکردایەتیی سیاسیی کورد ڕێک بە پێچەوانەوە دەڕوات و ڕێگەیەکی گرتۆتە بەر کە بەرەو هەڵدێر و ملشکان و نابووتبوونمان دەبات. خـانیی گـەورە کە گلەیی لـە سـەردەمی خـۆی و لە ژێردەسـتـیی کورد دەکـات، تاوانەکە دەخاتـە ئەستۆی دەسـتەڵاتداران و سـەرکردەکان، نەک هـەژار و خوێنەوارەکـان، یا بە زمانی ئەمڕۆ: ڕووناکبیران و چەوساوەکان:

نامـووسـە ل حـاکم و ئـەمـیـران

تاوان چییـە شـاعیر و فـەقیـران؟

ئەمـرۆ بـەشی هـەرەزۆری سـەرکـردە و سـیـاسـەتمـەداری کـورد بـەڕاسـتی نەخـوێندەوارن. نەک هـەر ئەوەیش بگرە دژی خـەڵکی خـوێندەوارن و تا بۆیـان بکرێت دەیانەوێ دووریان بخـەنەوە. ئەوان تەنیا ئەو خـوێندەوار و ڕووناکبیـرانەیان دەوێ کە ملکەچی خۆیان و حیـزبەکانیـانن، ئەوانەیان دەوێ کە ئامـادەن خۆیان بفـرۆشن و زمـانیـان گرێ بدەن و هـەرگیز وشـەی (نا) بە کـار نەبەن. ئەمـانە ئەو (حـەکیم)ەن کـە مـام هـەژار جارێ چیرۆکەکـەی بۆ گێڕامـەوە، گوتی بە سـوڵتـانی گوتووە: قـوربان من غـوڵامی حـەزرەتی سـوڵتـانم نەک حـەزرەتی باینجـان. ئەمـانـە (وعـاظ الســلاطین)ی فەرهـەنگی کۆمەڵناسییەکەی دۆکتۆر (عەلی وەردی)ی ڕەحمەتین.

چارەسـەر، دیسـانیش دەیڵـێـمـەوە، ئاسـانـە و نەکـراو نیـیـە: کـۆمـەڵێ دەسـتگای زانسـتی کە کـەسـانی شـایان و لێهـاتوو بیبـەن بە ڕێوە و کـاری تێدا بکەن، پلانێکی تۆکمەی فـەرهـەنگی بۆ بەدیهێنانی ڕینیسانسێک لە زمـان و فەرهـەنگی کوردیدا (واتە سیاسـەتێکی فـەرهـەنگی: Cultural policy) سـەرکردەیەکی (یا سـەرکردایەتییـەکی) بەجەرگ و بـوێر کە لە ڕووی مـاددی و مەعنەوییـەوە پشتیـوانیی پرۆژە فـەرهـەنگییـەکە بکات.

هۆیەکی زۆر بنەڕەتانەی قەیرانەکانی زمانی کوردی لەوەوە سەری هەڵداوە کە لە وڵاتی ئێمەدا خەڵک بەگشتی و لە پێش هەموویشیانەوە نووسەران و ڕووناکبیران، لە ڕووی زانستییەوە شارەزای زمانی کوردی نین، ئاشنای پێکهاتەکەی نین، ڕێزمانیان بە شێوازێکی زانستی نەخوێندووە و فێری نەبوونە. بێ زانینی ڕێزمانیش زۆر زەحمەتە تۆ لە بنەماکانی ڕێنووس بگەیت. لای ئەو نەتەوانەی کە مێژوویەکی دوورودرێژی نووسین و خوێندەوارییان هەیە و بە شێوەیەکی زانستی زمانەکەیان داڕشتووە و خوێندەوارانیان پەروەردە کردووە، ئەم کێشەیە بڕاوەتەوە. ڕێنووس تا ڕادەیەکی زۆر پێوەستی ڕێزمانە. دەمەوێ بڵێم ئەمە ڕێزمانە کە بە ڕادەی یەکەم بڕیار دەدات وشە دەبێ وەها بنووسرێت و وەها نەنووسرێت. من ناڵێم هەموو کەسێک کە خوێندی ئیتر دەبێ وەک زمانەوانێک شارەزای زمان بێت، بەڵام خۆ دەبێ لە خوێندنگەدا ئەوەندەی فێر بکەن کە بەشەکانی ڕستەیەک بناسێتەوە و بزانێت وشە چۆن دەنووسرێت. تۆ کە ڕێزمانت نەزانی، دیارە ناشزانی بۆچی، بۆ نموونە، هەندێ (دا) دەبێ بە وشەکەی پێش خۆیەوە بنووسرێت و هەندێکیشیان بە جیا. لەوە ناگەیت بۆچی بۆ یەکەم کەسی کۆی نەفیکراو دەبێ بنووسیت (نیین)، بەڵام بۆ دووەم و سێیەم کەس (نین). هەتا ئێستایش من تاکەکەسێکم نەدیوە لەو وردەکارییانەی زمان تێگەیشتبێت و کاری پێ کردبێت.

دیمانە: کاک فەرهاد، بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە مەبەستی تۆ تێبگات، تکایە ئامـاژە بە هەندێک لە هەڵە زەق و بەرچاوەکان بکە کە لە مێدیا و بڵاڤۆکی کوردیدا دێنە بەرچاو.

شاکەلی: هەڵەکان یەکجار زۆرن. من هەموو جارێ کە ڕۆژنامەکانی کوردستان لەسەر ئینتەرنێت تەماشا دەکەم، دەیان و سەدان هەڵەی ناقۆڵام بەرچاو دەکەوێ، کە پیاو پێیان دەهری دەبێت. بەڵام دەبێ ئەوەیش ڕوون بکەمەوە کە قەیرانی زمانی کوردی تەنیا مەسەلە هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان نییە.

وەک نموونەی هەڵەی باو دەتوانم ئەمانەت بۆ باس بکەم:

ـ نەزانینێکی تەواو لەبارەی بەکارهێنانی پۆستپۆزیسیۆنەکانی (دا، وە، ڕا... هتد)وە. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کابرای نووسەر لەبارەی دۆخەکانی ناوەوە لە زمانی

کوردیدا (دۆخ: Case, Kasus) هیچ نازانێ.

ـ تێنەگەیشتن لە بنەماکانی دروستکردنی ناوی لێکدراو، بەگشتییش بابەتی وشەسازی (Word formation). لەبەر ئەوەیش ئەم جۆرە هەڵانە هەمیشە دووبارە و سەدبارە دەبنەوە.

ـ هەڵەکردن لە بەکارهێنانی ناو لە دۆخی ئیزافەدا (Genitive)، بەتایبەت کە ناوەکەبە (ی) تەواو دەبێت.

ـ بەکارهێنانی هەڵەی ڕاناوی لکاو (بەتایبەت کەسی سێیەمی تاک و کۆ) کە بە ناوێکەوە دەنووسرێن بە (ی) تەواو بووبێت.

ـ ناشارەزایی لە بنەماکانی بەکارهێنانی خاڵبەندی (Punctuation).

ـ ونبوون و لەناوچوونی بەشێک لە پۆستپۆزیسیۆنەکان، بەڵام بەپێچەوانەوە دانانی پۆستپۆزیسیۆن لەو جێگایەدا کە پێویست نییە.

ـ بەکارهێنانی هەڵەی پێشگر (Prefix)ی هەندێ کردار وەک (هەڵ)، لە کاتی گەردانکردنی کردارەکەدا.

ـ تێکەڵکردنی شێوەی (و) و (وو) لەو فۆرمە ڕێزمانییەدا کە پێی دەگوترێت (Past particip).

ـ ناشارەزایی لە فەرهەنگ و شیعری کلاسیکی کوردی. لەم ڕۆژانەدا ڕۆژنامەیەکی گەورەی کوردستان بە خەتێکی درشت دێڕێکی (ئەی ڕەقیب)ی ئاوەها نووسیبوو: (زیندووە قەد نانەوێ...!) هەروەها هەر ئەو ڕۆژنامەیە شیعرە ناودارەکەی پیرەمێردی وا لێ کردبوو: (دایکی وەتەن دە هەستە سڵاویان لێ بسێنەوە...!).

ـ هەڵەکردن لە گەردانکردنی ئەو کردارانەدا کە ڕەگی ڕابوردوویان بە (ی) تەواو دەبێت، کاتێ دەنووسێنرێن بە ڕاناوی لکاوەوە.

ـ بەکارهێنانی شێوەیەک سینتاکس (Syntax) کە ڕاستەوخۆ لە زمانێکی بێگانەوە وەرگیراوە و کوردی نییە.

ئەمانە تەنیا نموونەی ئاسایین کە ڕۆژانە بەرچاو دەکەون. ئەوجا پێم بڵێ چەند کەس لەوانەی سەدان لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان ڕەش دەکەنەوە، ئەم بنەمایانە دەزانن و بە جێی دەهێنن؟ لەوەیش بترازێ بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین و

نەزانانە وشە لە دیالێکتی کرمانجیی سەرووەوە وەردەگرن بێ ئەوەی هیچی لێ بزانن، بێ ئەوەی شارەزای بنجوبناوانی وشەکە بن. پێیان وایە بەم بەکارهێنانە ئیتر زاراواکانی زمانی کوردی لە یەکدی نزیک دەبنەوە و زمانی یەکگرتوو دروست دەبێت.

دیمانە: لە وتارەکەتدا ئەلفبێی کورمانجیی سەروو بە هی "کەمالیستانەی ئەتاتورکانەی لاتینی" دەناسێنی. تکایە لەم بارەیەوە زێدەتر بۆمان بدوێ. لەگەڵ کورمانجیی خوارووداچۆنی هەڵدەسەنگێنی؟

شاکەلی: ئەلفوبێی لاتینی لای کورد دیاردەیەکی سیاسییە و ڕاستەوخۆیش بەستراوە بە هەوڵدانی ئیمپەریالیستانەوە بۆ دابەشکردنی کوردستان. ئەوانەی کوردستانیان لە ڕووی جیۆگرافی و سیاسییەوە پارچەپارچە کرد، هەر ئەوانیش بوون کەوتنە ئامادەکاری بۆ پارچەپارچەکردنی زمانەکەی و فەرهەنگەکەی. دیارە لەم بوارەدا ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپایی ڕۆڵێکی یەکجار ناپیرۆزیان هەبوو، چونکە دەیان درۆیان بڵاو دەکردەوە و بە ناوی زانستەوە بە خەڵکیان دەفرۆشت. ئێستایش لەسەر ئەو پیلانگێڕانەیان هەر بەردەوامن. بێگومان هەندێ لە کارەکانیان بە هۆی هەندێ ڕووناکبیری ناپاکی کوردەوە جێبەجێ دەکەن.

گەورەترین نموونەی ڕۆژاواپەرستی و شێواندنی ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی مستەفا کەمالە (ئەتاتورک)، کە ویستی بەزۆر نەتەوەی تورک بکاتە نەتەوەیەکی ڕۆژاوایی و هەموو شارستانێتی و ڕابوردووی بسڕێتەوە. هەڵوێست و ئیدیۆلۆگیی ئەتاتورک بە ئاشکرا ڕەگەزپەرستانە بوو. ئەو دژی عەرەب بوو، دژی ئیسلام بوو، دژی ڕۆژهەڵات بوو. دەیویست بە هەر نرخێک بووە لەوانە دوور بکەوێتەوە. وای دەزانی هەر بەوەی خۆی لەو فەرهەنگە دوور بخاتەوە ئیتر دەبێتە ئەوروپایی و مۆدێرن و پێشکەوتوو. ئەنجامەکەیشی ئەمەی لێ دەرچوو کە ئەمڕۆ بەسەر تورکدا هاتووە و دێت: گەلێکی بێناسنامە، نە بە ڕۆژهەڵاتی مایەوە و نە بوو بە ڕۆژاوایی(و نە دەشبێت).

لەناو کورددا کەس هێندەی بنەماڵەی بەدرخان دڵسۆزی بیروباوەڕ و ئیدیۆلۆگیی ئەتاتورک نەبوو. ئەوان ئەگەرچی بە ڕوواڵەت دژی تورکیا بوون، بەڵام لە ڕاستیدا ناکۆکییان تەنیا لەسەر دەستەڵات بوو. جەلادەت و کامەران بەدرخان لە هەموو ژیانیاندا هەوڵی ئەوەیان دەدا لاسایی ئەتاتورک بکەنەوە و زۆریش لە دڵەوە

سەرسامی کەسایەتی و بیرکردنەوەی ئەتاتورک بوون. بەدرخانییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستەڵاتی سیاسییان لە کوردستاندا نەما و ئەمارەتەکەیان ڕووخا. جەلادەت و کامران دەیانویست ئەوەی کە لە سیاسەتدا دۆڕاندوویانە لە زمان و فەرهەنگدا وە دەستی بێننەوە. بنەماڵەی بەدرخان هەر دوای ڕووخانی میرنشینی بۆتان لە ئەستەمبووڵ و لە کریتا و لە چەند جێیەکی دیکە ژیان، بەڵام هەمیشە ئاشنایەتی و پێوەندییان لەگەڵ دەستگاکانی ئیمپەریالیستیدا هەبووە. پەیدابوونی بیری گۆڕینی ئەلفوبێیش بەرهەمێکی ئەم بیرکردنەوەیە و ئەم پێوەندییە بوو. ئەمەیش هیچ سەیر نییە کاتێ کە دەزانین سەرچاوەی ئیدیۆلۆگیی ئەتاتورک و بەدرخانییەکان هەر یەک سەرچاوەیە و هەردوو لایان لە یەک کانیی ژەهراوییان خواردووەتەوە.

ئەگەر ئەو بابەتەیش بخەینە لاوە، بەڵام ئەلفوبێی لاتینی لە ڕووی زانستییەوە ئەلفوبێیەکی ناتەواو و هەڵەیە و دەرۆستی دەنگەکانی (فۆنێمەکانی) زمانی کوردی نایەت. هێندەی من بزانم بە لای کەمەوە حەوت فۆنێم لە کوردیدا هەن کە لەو ئەلفوبێیەدا هیچ نیشانەیەکیان بۆ دانەنراوە.

بۆ من پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا دەکرێ ئەلفوبێیەکە بگونجێنرێت و چاکسازی بکرێت یا نە، مەسەلەکە ئەوەیە کە بۆچی، لەپێناوی چیدا و بە چ مەبەستێک دەبێ ئەلفوبێ بگۆڕین؟ ئەلفوبێی ئەمڕۆی کوردی ئەلفوبێیەکی ڕێکوپێکە و بە جوانترین شێوە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا گونجێنراوە. ڕەنگە یەک دوو وردە کێشەی تێدا مابێتەوە، بەڵام ئەوانە بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن. ئێمە ئەگەر لە ماڵەکەماندا پەنجەرەیەکمان درزی بردبوو، نایەین هەموو خانووەکە بڕووخێنین بە نیازی چاککردنی پەنجەرەکە. پەنجەرەکە خۆی چاک دەکەین و تەواو. ئەوجا ئەگەر ئەو خانووە شوێنەوارێکی مێژوویی بوو، هەزار ساڵ تەمەنی بوو، وەک زمانی کوردی، ئەوە هەر تاوانێکی نەبەخشراوە بەرانبەر بە کورد و بە شارستانێتی و بەرانبەر بە هەموو مرۆڤایەتی، ئەگەر تێکی بدەین و بیڕووخێنین.

زۆر جار مەسەلەی کەمایەتی و زۆرایەتی وەک بەڵگە دەهێنرێتەوە. ئەمە هیچ ڕاست نییە، بەڵکە بیرکردنەوەیەکی سیاسییە، نەک زانستی. ئێمە کە باسی زمان دەکەین، باسی تێکست دەکەین، باسی زمانی نووسراو دەکەین، باسی زمانی قسەکردن ناکەین. بە گۆڕینی ئەلفوبێ هەموو گەنجینەی نووسراومان لە ناو دەچێت

و بە دەستی خاڵی دەمێنینەوە. بەشی هەرەزۆری زمانی کوردی بە ئەلفوبێی کوردی نووسراوە، من لەم ڕووەوە ئامارێکی چەسپیوم بە دەستەوە نییە، بەڵام بە خەمڵاندنێکی مەنتیقی دەتوانم بڵێم ٨٥٪ تا ٩٠٪ی زمانی کوردی بەم ئەلفوبێیە نووسراوە و دەنووسرێت. ئێمە ناکرێ بێین لەبەر خاتری کوردی کوردستانی سەروو هەموو زمان و فەرهەنگی کورد هەڵتەکێنین و واز لێ بێنین، لەبەر ئەوەی پێمان وا بێت لاتینی دەمانکاتە گەلێکی مۆدێرن و بەمە دەبینە ئەورووپایی. ئەو ١٥٪ یا ١٠٪یەی دەمێنێتەوە ئەو ئەدەبەیە کە نووسەرانی ئەمڕۆی کوردستانەکانی تورکیا و سووریا و ڕووسیا دەینووسن و بەرهەمی دێنن، کە ئەویش لە ڕووی ئێستێتیکی و هونەرییەوە نرخێکی ئەوتۆی نییە. هیچ گەلێکی خاوەنشارستانی و خاوەنفەرهەنگ نییە لە دنیادا وازی لە ڕابوردووی خۆی هێنابێت لەپێناوی شتێکی پووچ و بێناوەڕۆکی وەک ئەلفوبێی لاتینیدا. ئەوە چین، ژاپۆن، ڕووس، جوولەکە، یۆنان، ئەرمەنی، گورجی، هیندستان، پاکستان، عەرەب، فارس، ئەتیووپی و بەنگالی. کێ تا ئێستا خۆی تووشی ماڵوێرانیی وەها کردووە؟ کەس! ئەگەر ئەمڕۆ هەندێ کۆلکەخوێندەواری کوردستانی تورکیا دەهۆڵ بۆ لاتینی لێ دەدەن لەبەر دڵسۆزیی زمان و فەرهەنگی کوردی نییە، بەڵکە لەبەر ئەوەیە ئەمانە کوردی کەمالیستن، شوێنپێی جەلادەت و کامران بەدرخان هەڵدەگرن کە شەیدا و دۆستی ڕۆژاوا بوون. ئەمانەی ئەمڕۆیش بۆ تێزە نامرۆڤانەکانی ڕۆژاوا لیک بە دەمی خۆیان و مێشکیان و قەڵەمیاندا دێتە خوارەوە. هۆیەکی دیکەیش ئەوەیە ئەمانە نە کوردی دەزانن، نە ئاگایان لە ڕابوردووی فەرهەنگ و زمانی کوردی هەیە.

هەلومەرجی کوردستانی باکوور زۆر لە هەلومەرجی جەزائیر دەچێت کە فرانسا داگیری کردبوو: داگیرکارێک کە هەوڵی داوە گەلی داگیرکراو زمان و فەرهەنگی خۆی لە بیر بچێتەوە و لەو کارەیشدا زۆر سەرکەوتوو بووە. بەڵام ڕووناکبیران و خەباتکارانی جەزائیر زۆر لەوانەی کوردستانی تورکیا ژیرتر و هۆشیارتر بوون، چونکە ئەوان مێشکیان نەشۆرابووەوە. ئەوان وازیان لە زمان و فەرهەنگ و دینی خۆیان نەهێنا، وازیان لە ئەلفوبێی خۆیان نەهێنا، بە پێچەوانەوە ئەمانەیشیان کردە کەرەستەی خەبات و تێکۆشان دژی فرانسا. کاتێکیش ڕزگار بوون، مامۆستای عەرەبیزانیان لە هەموو وڵاتانی عەرەبەوە برد بۆ جەزائیر و هەڵمەتێکی عەرەباندن (تعریب)یان دەست پێ کرد بۆ گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ و زمانی خۆیان. ئەمڕۆ کە لە

کوردستانی عیراقدا دەرفەتێکی باش پەیدا بووە و ئەو بەشەی ڕووناکبیرانی کوردی باکوور دەتوانن سوودی لێ وەربگرن بۆ ئەوەی فێری کوردی ببن، بۆ ئەوەی ببنەوە بە کورد، کەچی ئەوان دێن و دەیانەوێ ئەوەی لەوێ لە ماوەی سەدوپەنجا ساڵدا بنیات نراوە، ئەویش لەناو ببەن و بیرووخێنن. بەرپرسە نەخوێندەوار و کوردینەزان و بێفەرهەنگەکانی کوردستانیش بێ بیرکردنەوە، بێ وردبوونەوە دەرگایان بۆ ئاوەڵا کردوون و کۆمەکیشیان دەکەن بۆ ئەوەی ئاگر بەر بدەنەماڵی زمان و فەرهەنگ و مێژووی کورد.

پێم وایە کەم کەس هەیە لەناو خوێنەواری کورددا هێندەی من پێوەندیی لەگەڵ کوردستانی تورکیا و خوێنەوارانی ئەوێدا هەبێت. بە دڵنیایی پێت دەڵێم لە پانزدە بیست ملیۆن کوردی تورکیا، باوەڕ ناکەم بیست کەس هەبن دیوانی مەلای جەزیری و مەموزینی ئەحمەدی خانییان خوێندبێتەوە و لێی گەیشتبن. ئەگەر بیست کەس هەبن، ئەوا نۆزدەیان مەلان و ئەلفوبێی کوردی دەناسن. جا بۆ دەبێ بە دەستی خۆمان ئەوەی خوێنەوار و نووسەر و شاعیر و زانا و ڕووناکبیری کورد لە ماوەی هەزار ساڵدا دروستیان کردووە، بیرووخێنین؟ بۆ دەبێ کارێکی وا بکەین دوای پەنجا ساڵ گەنجێکی کورد جەزیری و نالی و خانی و وەفایی و گۆران و هێمن و مەسعوود محەمەد و سەججادی نەناسێت؟

دیمانە: ئایا فەرهاد شاکەلی بەبێ هەڵە کوردی دەنووسێ؟

شاکەلی: لێتی ناشێرمەوە دەمویست هەروا سووک و ئاسان بڵێم (بەڵێ) و ئیتر بیبڕمەوە، بەڵام دەزانم ناکرێ، چونکە لە لایەکەوە وەرامەکەم ئەودەم ڕاستییەک دەشێرێتەوە کە ڕەنگە بە خۆدزینەوە بۆم حیساب بکرێت، لە لایەکی دیکەیشەوە ڕێز و خۆشەویستی و پەرۆشم بۆ خوێنەری کورد وام لێ دەکات لە نیوەی ڕێدا بە جێی نەهێڵم، بەڵکە پێبەپێ لەگەڵی بڕۆم تا دەگەینە لێکحاڵیبوونێکی باشتر.

ڕەنگە تۆ مەبەستت تەنیا هەڵەی ڕێنووس بێت، بەڵام باسەکە لای من لەوە فراوانترە: ڕێزمان، شێواز، سینتاکس، وشە و دەربڕین، ئێستێتیک، خاڵبەندی و لایەنی دیکەیش.

ئەگەر هەر بەگشتی باسی کوردینووسین بکەین، ئەوا لە دنیای ئەمڕۆی

کوردەواریدا کۆمەڵێ خەڵکمان هەن کە کوردییەکی جوان و بێ گرێ و پاراو دەنووسن، دیارە لە پلەی جیاوازدا، بۆ نموونە: عەزیز گەردی، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵای حەسەنزادە، ئەمجەد شاکەلی، حەمەسەعید حەسەن، خەبات عارف، ئامانج شاکەلی، ئەنوەر قادر، عەتای نەهایی، کوردۆ عەلی... و چەند کەسێکی دی کە بەداخەوە لەم ئان و ساتەدا بیرم بۆیان ناچێت. بەڵام هەر لەناو ئەم دۆستە بەڕێزانەیشدا هیی وا هەن کە فریان بەسەر ڕێنووسەوە نییە و لێی نازانن. پەشێو، هێندەی من ئاگادار بم، چونکە زوو زوو یەک دەبینین یا بە تەلەفۆن قسان دەکەین، لە هەموویان زێتر ئاگاداری ئەو وردەکارییانەی ڕێنووس و ڕێزمانە.

لەبارەی زمانە کوردییەکەمەوە ئەوەیان لە خۆم مەپرسە، بەڵام هەرچی مەسەلەی ڕێنووسە دەتوانم هەر وا بەکورتی دەریببڕم: هەندێ شێوەی نووسینی من هەن کە ڕەنگە بە هەڵە دابنرێن، بەڵام هۆیەکەی ئەوەیە ئەوانە لەو بەشانەی ڕێنووسن کە من خۆیشم هێشتا نەگەیشتوومەتە چارەسەرێکی تەواو و بنجبڕ لەبارەیانەوە. پێیشم خۆشە زێتر کاریان لەسەر بکەم. لەوە بترازێ، دەتوانم بە ئارخەیانی بڵێم کە نووسینی من لە گوێرەی نووسینی دیکە، کەمترین هەڵەی تێدایە. نموونەیەکی بچووک دیوانی (هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز)ـە. لەو دیوانەدا، کە ئەوە چوار ساڵ زیاترە بڵاو بووەتەوە، تەنیا یەک هەڵەی تێدایە: لە لاپەڕەی حەوتەمدا نووسراوە (بۆشەوی)، کە دەبوو وشەکان لە یەک جیا بکرێنەوە و بنووسرێ (بۆ شەوی). هەندێ جار پیاو لە کاتی نووسیندا، یا لە کاتی هەڵەبژێریدا، هەڵەی بەسەردا تێدەپەڕێ. ئەمەیان نابێ کەسی لەسەر گوللەباران بکرێت.

من دەیان جار و سەدان جار لەگەڵ دۆستەکانمدا، کە بەشێکی زۆریان نووسەر و ڕووناکبیرن، دەکەوینە باسی قووڵ و دووردرێژەوە لەسەر زمان و ڕێنووس. هەمیشە دەڵێم ئەگەر دەتوانیت بە بەڵگەی زانستی قەناعەتم پێ بکەیت کە من هەڵەم، بەڵێنت دەدەمێ واز لە باوەڕ و هەڵوێستەکەم بهێنم، بەڵام ئەگەر من قەناعەتم بە تۆ کرد، تۆیش بەڵێنێکی وا بە من بدە.

دیمانە: قوتابییەکانی فەرهاد شاکەلی ئەو شانسەیان هەیە کوردییەکی دروست و بێهەڵە فێر ببن؟

شاکەلی: ئەوانەی لای من دەخوێنن سەر بە زمان و نەتەوە و فەرهەنگ و وڵاتی جیاوازن. لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا کە من لە زانستگەی ئوپسالا کارم کردووە، ژمارەیەکی زۆر خوێندکارم هەبوون: سوێدی و فارس و فینلاندی و ئیسلاندی و ئێستلاندی و ئەڵمانی و تورک و کورد و بەلووچ. لەبەر ئەوەیش دەبێ ئەمانە لە پێشدا فێری زمانەکە بکرێن نەک ئەو وردەکارییانەی ڕووناکبیرێکی خۆیشمان تێی ناگات.

مامۆستا هەموو شتێک نییە. من دەتوانم بڵێم ئەگەر خوێندکارێکی وریا و هۆشیاری کورد دوو ساڵێک لای من بخوێنێت و خۆیشی بیەوێت، بەڵێ فێری کوردییەکی زۆر چاک دەبێت. خوێندکاری بێگانەم هەبووە کە لە ماوەی دوو ساڵدا فێری هەردوو شێوەزاری کوردیی باکوور و کوردیی باشوور بووە و توانیویەتی پێیان بخوێنێتەوە. خوێندکاری کوردیشم هەبووە لە ماوەی چوار ساڵدا نەیتوانیوە فێری زاراواکەی دیکە ببێت، واتە ئەوەیان کە پێشتر نەیزانیوە.

ئامادەکردنی: مەجید ئەحمەدی

ماڵپەڕی دیمانە، ٢٧/١٠/٢٠٠٥

## له كوردستانی ئەمڕۆدا هیچ سیاسەتێكی فەرهەنگی، له هیچ ناوچەیەكی كارگێڕی و سیاسیدا له ئارادا نییه

زەنگ: وەک شاعیرێكی یاخی له سەرەتای حەفتاكاندا بانگی نوێخوازیتان له گرووپی كفری یاخود (قوتابخانەی شیعری كفری)یەوە ڕاگەیاند، كه بەرایی شۆڕشی شیعری تازەی كوردی بوو له كوردستاندا؛ پاش تێپەڕبوونێ (٣٥) ساڵ پتر بەسەر ئەو ڕاچڵەكینەدا چ به شاعیرانی پاش خۆتان دەڵێن؟

شاكەلی: به ڕاستی من له هەموو ژیانمدا ڕۆڵی پەیامبەر یا موژدەبەرم نەبینیوه و پێیشم خۆش نییه ڕۆڵێكی ئاوەهام هەبێ یا پێ بسپێردرێت. ئەو بزووتنەوه نوێگەرییەی ئێمەی شاعیرانی كفری (گەرمیان) دەستمان پێ كرد سەرەتای نوێگەری و تازەكردنەوەی فەرهەنگ و شیعری كوردیی دوای گۆران بوو له كوردستاندا. یەک دوو ساڵێک دواتر له سلێمانی و هەولێریش بزووتنەوەی لەو بابەته دەستی پێ كرد. سەرئەنجامیش هەموو ئەم شەپۆلانه تێكڕا بوون بەو ڕووبارە بەخوڕ و ڕەنگینەی كه به شیعری تازەی كوردی ناو دەبرێت. من هەستێكی وام له لا دروست بووه كه ئەو ئەزموونەی ئێمه وەک ڕاستییەكی مێژوویی و وەک گەنجینەیەكی ئێستێتیكی و زمانەوانی و فەرهەنگی، هەرگیز بواری ئەوەی پێ نەدراوه وەک خۆی بناسرێت و خۆی پێشكێش بكات. ڕەنگه هاوڕێی خۆشەویستم كاک لەتیف هەڵمەت كەم تا كورتێ دەرفەتێكی كەمی دەست كەوتبێت و هەندێ ڕاستیی لەو بارەیەوه گەیاندبێته خوێنەری كورد، بەڵام من ئەو دەرفەتە كەمەیشم هەرگیز دەست نەكەوتووه. هەر له ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥ـەوە، به هۆی بەشداریمەوه له خەباتی ڕزگاریخوازانەدا، ناو و بەرهەمی من به تەواوی لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوه قەدەغه كراوه. سانسۆری دەستەڵاتی كوردیش لەوه كەمتری به بەرهەم و ئەزموون و دەنگی من نەكردووه. ئەگەر تاوانەكە هەر قەدەغەكردنی دەنگ و ڕەنگ و ئەزموون و

بەرهەمی من ببووایە، هێشتا ئاسان بوو، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی و چەتە و پۆلیسەکانی ئەدەب و زمان و فەرهەنگی کوردی زۆر چالاکانە کاریان بۆ ئەوە کردووە کە وێنەکەی من ڕەش بکەنەوە، کە مێژووی من وەک تاکەکەس و وەک گوژمێکی ئێستێتیکی و شیعری بسڕنەوە و نەهێڵن تیشکی بگاتە بەرچاوی خوێنەری کورد. ئێستا دوای سیوپێنج ساڵ دەبێ من چی بە شاعیرانی ئەمڕۆ بڵێم؟ پێیان بڵێم وا بنووسن و وا مەنووسن؟ ئەی ئامۆژگارییان بکەم و بڵێم بڕۆن جارێکی دیکە و سەرلەنوێ مێژووی نوێگەریی شیعری کوردی بخوێننەوە؟ بڵێم ئەوەی تا ئێستا بە ئێوەیان گوتووە هەر هەمووی درۆیە و لە بیری خۆتانی ببەنەوە؟

لە ماوەی نزیکەی هەژدە ساڵدا من و کاک لەتیف هەڵمەت هیچ پێوەندییەکمان نەمابوو. لە بیرمە کە ساڵی ١٩٩٢، بۆ یەکەم جار ڕێگەی هاتوچۆ کرایەوە، کاک لەتیف نامەیەکی بۆ نووسیبووم و باسی ئەوەی کردبوو کە چۆن بە هەموویانەوە دژایەتیی ئەو ئەزموونەی ئێمە دەکەن و دەیانەوێ دەنگمان بتاسێنن. داوایشی لێ کردبووم کە چالاکانە بکەومە گەڕ و بەرپەرچی ئەو هەموو زۆرداری و ناهەقییە بدەمەوە. بۆم نووسی: لەتیف گیان ئەگەر گەلی بۆسنیا هێرسۆگۆڤینا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی چەچانستان و میللەتی بەستەزمانی سۆمالیا بە ڕۆژی نیوەڕۆ زوڵمیان لێ دەکرێت و هەرچی ڕاستی و داد هەیە پێشێل دەکرێت، ئێمە لەوان زیاتر نین، دە با ئەو مافەی من و تۆیش بخورێت، خۆ دنیا خاپوور نابێت و قیامەت ڕوو نادات. هەر لەم بوارەیشدا پێم خۆشە وەک بیرەوەرییەکی جوان ئەوە بگێڕمەوە کە لەتیف لەگەڵ یەکەم نامەیدا بەردێکی بچکۆلەیشی بۆ ناردبووم، کە بەردی کفری بوو. ئێستایش ئەو بەردەم هەڵگرتووە.

زۆر شت هەیە کە کەسێکی وەک من بە نەوەی ئەمڕۆی ئەدەب و فەرهەنگی کوردستانی بڵێت. بەشێکی باوەڕ و بۆچوونە ئەدەبی و فیکرییەکانی خۆمم بە هۆی نووسین و بەرهەمەکانمەوە ڕوون کردوونەتەوە، بەڵام چەندی لێ دەگاتە خوێنەری کورد و داهێنەری کورد، ئەوەیان لە دەسەڵاتی من بە دەرە. پێم وایە کرۆک و ناوەڕۆکی پەیام و ئەزموونی هونەری و فەرهەنگیی من تا ئێستایش لە تاریکیدایە و کەمتر ڕووناکاییی ناسران و لێکۆڵینەوە و نرخاندنی بەر کەوتووە.

شاعیرانی ئەمڕۆ دەرفەتێکی باشیان لە بەردەمدایە. ئەوان ئازادییان لە ئێمە

یەکجار زۆرترە، تەکنیکی زانیاری بۆتە هۆی ئەوەی سەدان و هەزاران سەرچاوەی زانیارییان لە بەردەستدا بێت. بواری بڵاوکردنەوەیش لەگەڵ هیی سەردەمی ئێمەدا هەر بەراورد ناکرێت. ئەمڕۆ دەیان و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار، دەیان ڕادیۆ و کۆمەڵێ تەلەڤیزیۆن لە کوردستاندا هەن کە نووسەران و ڕووناکبیران و هونەرمەندان دەتوانن دەنگ و ڕەنگی خۆیان بگەیێننە مرۆڤی کورد. ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لەو ناز و نیعمەتە بێبەش بووین. بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەن و لێم زویر نەبن دەبێ بڵێم ئەوەی ئێمە ڕووناکبیرتر و خوێنەوارتر بوو. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت ئێمە لە کتێب و خوێندنەوە بەولاوە هۆیەکی دیکەی سەرگەرمی و خۆخەریککردنمان نەبوو. لە ڕووی زمانیشەوە پێم وایە ئەمڕۆ زمانی کوردی، نەک تەنیا لای لاوان، بگرە لای ناوە گەورەکانیش، هێندە لاواز و داهێزراوە کە بەڕاستی شایانی بەزەیی و دڵپێسووتانە.

دەکرێ پرسیارەکەتان وا لێک بدەمەوە کە شتێک لەبارەی ئەزموونی خۆمەوە بگەیێنمە نەوەی ئەمڕۆی شیعری کوردی. من پێم وایە ئەزموون هەر ئەوە نییە نووسەرێکی یا هونەرمەندێکی بەتەمەن بێت باسی ژیانی خۆی بۆ لاوان بکات. گرنگترین لایەنی ژیانی هونەرمەندێک (داهێنەرێک) بەرهەم و کارەکانیەتی، ئەو ساتە تیشکهاوێژ و گەرمانەی داهێنانە کە لە ئافەریدەیەکی نوێ و جوان و ناسکدا کۆ دەبێتەوە. تێگەیشتنی بەرهەم و داهێنان پێویستی بە پرۆسەیەکی دیکەیە، کە ڕەخنە و لێکۆڵینەوە دەتوانێ دروستی بکات. لایەنە ئێستێتیکی و زمانەوانی و هونەرییەکانی بەرهەمێک هەر لە خۆیانەوە ناناسرێنەوە. دەبێ شی بکرێنەوە، دەبێ پەردەیان لەسەر لابدرێت و ڕازە شاراوەکانیان ئاشکرا بکرێت. بەڵام دەزانم ئەو لایەنەی فەرهەنگی کوردی وێرانخانەیەکە بۆ خۆی، هەروا ئاسانیش نییە چارەسەر بکرێت.

زەنگ: دەکرێت قوتابخانەی شیعری نوێی کوردی بکرێتە بنەمایەکی فراوانی ئەمڕۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی تێکڕای ژانرە وێژەییەکانی کوردستان؟

شاکەلی: ئەوەی دەبێتە بناخەی پەرەسەندن و گەشەکردنی فەرهەنگی، قوتابخانەی ئەدەبی و شیعری نییە، بەڵکە ئەو نرخ و پێوەر و چێژانەیە کە لەگەڵ پەیدابوونی

خـۆیدا دەیانهـێنێـتە کـایەوە و دایاندەمـەزرێنێ. ئەو پێـوەر و نرخـانەیش هەمـیشـە یەکرەنگ و یەکشێوە نـین. مەرج نییە لە جێگەی جیاوازدا و لە سـەردەمی جیـاوازدا ئەو نرخـانـە لە یەک بچن. بەڵام شـتی هـاوبەش و دانەبڕاو ئەو گوژم و گەرمـییـە، ئەو وزە و دینامیزمەیە کە دەبێتە ماکی تازەکردنەوە و داهێنان و جوانکاری و گۆڕین.

پەرەسـەندن و گەشەکردنی ژانرە ئەدەبییـەکان، وەک ئێـوە نووسـیوتانە، چەمکێکی بەربڵاو و تۆزێکیش تەمـاوییە. دەکرێ ئەم باسـە لە دوو گۆشـەنیگاوە سـەرنج بدەین. یەکەمیـان ئەوەیە کـە فـەرهەنگ و زمـان بە شـێوەیـەکی گشـتی چـۆن دەبووژێنرێنەوە؟ دەبێ چی بکرێت و کێ دەیکات؟ ئەمەیان زۆر ڕوون و بەرچاوە. هـەر نـەبێ لای من زۆر ڕوونە، چونکە ژیانی ئەوروپا و سەرنجدانی فـەرهـەنگی ئەم وڵاتانە ئەوەی فێر کردووم کـە چۆن دەسـتـەڵاتی سیاسی دەتوانێت پرۆژەیەکی تۆکمـە و ڕێک و تەمـاحکارانە (بە مـەعنـا باشـەکـەی) بخـاتـە گـەڕ و کـاری پێ بکات و جـێـبـەجـێی بکات. ئەمـە پێی دەگوترێت سـیاسـەتی فـەرهـەنگی: Cultural Policy. لە کـوردسـتـانی ئەمڕۆدا هیچ سـیاسـەتێکی فەرهەنگی، لە هیچ ناوچەیەکی کارگێڕی و سـیاسـیدا، لە ئارادا نییـە، بەڵام کـاری تێکدەرانـە و ڕووخـێنەرانـە، بەتایبـەت لە بواری زمـانـی کـوردیدا، زۆر چالاکانە جێبەجێ دەکرێت.

لایەنێکی دیکەی باسـەکە ئەوەیە بزووتنەوەیەکی فـراوانی فـەرهـەنگی پەیدا ببێت و ژانرە ئەدەبییـەکان لـە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییـەوە ببـووژێنەوە و گەشـە بکەن. ئەمـەیـان بە فـەرمـانی کـارگێڕی و بە ویسـتی ئەم وەزیر و ئەو گزیر دروست نابێت. ڕەنگە ئەوان بتـوانـن لە هـەندێ ڕووەوە ڕێگە خـۆش بکەن، کـە ئـەوەیش دیسـان دەچێتەوە سـەر باسـەکەی پێشووم، واتە نەخشـەدانان بۆ ژیانی فەرهـەنگی، سیاسـەتی فـەرهـەنگی. وەرگێڕان، تەرجـەمە، بۆ نموونە، دەتوانێ نەخشـێکی گەورە و کـاریگەری هـەبێت. ئەمەیش بە بێ کۆمەک و پشتگریی دەوڵەت و دەستەڵات ئاسـان نییە.

لە پاڵ هـەمـوو ئەمـانەیشـدا دەبێ هۆکـاری خـۆیی، سـۆبژێکتـیڤی، بـە وزەی یەکـەم دابنێین. هونەرمـەندێکی داهێنەر نە چاوەڕوانی سـەرۆکە و نە پێویستی بە پشـتگریی وەزیرە و نە چاوی لە دەسـتی حیزبە. داهێنەر ئەو تەوژم و گوژمـەیە کە هیچ شـتێک ڕێگەی ناتوانێ لی بگرێت.

زەنگ: ئەو شـیـعرانەی ئەمڕۆ پانتـاییـیەکی فراوانیـان لە ڕووبەری وێژەی

کـوردیدا داپۆشـیـوە، چ خـوێندنەوە و تێـڕوانین و سـەرنجێکی لا دروست کردوون؟

شـاکەلی: لە مـاوەی ئەم هەموو سـاڵەدا من هەوڵم داوە هێندەی بکرێت ئاگایەکم لە ژیانی فـەرهەنگی و ئەدەبیی کـوردسـتـان بێت، ئەگـەرچی ئاسـان نەبووە. ڕاسـتـە ئەمـڕۆیش وەک جاران شـیعـر زۆر دەنووسرێت و بڵاو دەکرێتـەوە، بەڵام من وا هەست دەکەم ژانرەکانی دیکەیش تەکانێکی باشیان داوە، بەتایبەتی کورتەچیرۆک و ڕۆمان. وا پێ ناچێت شـانۆ پێـشـکەوتنێکی ئەوتۆی بە دی هێـنابێت. ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی جیددیش، ئەگەر لە چوارچێوەی پێشکەوتنی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامـەگەریدا چاوی لێ بکەین، یەکجار دواکەوتووە و نەیتوانیوە هەبوونی خۆی پێشان بدات.

شـیعـری ئەمڕۆ دەکرێ لە زۆر لایەنەوە سـەرنجی بدەین: زمـان، میـتافـۆر، مۆسـیقـا، بەڵام ڕەنگە لەوانەیش گرنگتر شیعرایەتی (شـیعرییەت) بێت. ئەو تێکسـتـەی بە ناوی شـیعـرەوە دەخـرێتـە بازاڕەوە تا چەند دەتوانێت وەک شـیـعـر بەرگری لە خـۆی بکات؟ چەندە هێـزی مـانەوە و خـۆژیاندنی تێـدا هەیە؟ ئایا دەتوانێ شـیـعـرێک بێت لەگـەڵ خـۆیشـیدا کۆمـەڵێ قـانوون و بنەمـای هونەری و تەکنیکی دابمەزرێنێت؟ من پێم وایە بەشـی هەرە زۆری ئەو شـیعرەی ئەمڕۆ لە کوردسـتـاندا دەنووسرێت و بڵاو دەکرێتەوە ئەو مــەرجـانـەی تێـدا نـین و دوورن لە هەمــوو چەمکەکـانی جــوانی و پێکهــاتەی شیعرایەتییەوە.

ڕەنگـە هۆیـەکی گـرنگی نـاڕازیبــوونـی من لـە بەشــێکی زۆری ئەو شــیــعــرانەی دەیانخوێنمـەوە لەوەوە هـاتبێت کـە بێجگە لە کوردی، من بە چوار پێـنج زمانی دیکەیش دەخوێنمـەوە. شیعر دەخـوێنمـەوە، لێکۆڵینەوە دەخوێنمـەوە، هەوڵ دەدەم ئاگام لە ژیانی فەرهەنگی و فیکریی دنیای ئەمڕۆ بێت. ئەم ئاشنایەتی و ناسینەی ئەدەب و فەرهەنگی دیکە، بتەوێ یا نەتەوێ، هەستێکی بەراوردکارانەت لا دروست دەکات، نموونەی بەرزت دەخاتە بەردەست کە دەبێتە جۆرێک ستانداردی جوانی و هونەرایەتی.

زۆر جـار ئەوەیش ڕوو دەدات کـە لـەپڕ دەکەوم بەسـەر پارچە شـیـعـرێکی کـوردیی جوان و بەرز و ناسکدا، یا ڕەنگە تەنیـا چەند دێڕێکی بەرز لە شـیعـرێکدا، بێ ئەوەی ئەم جـوانی و سـەرکـەوتنە ببـەسـتـمـەوە بە ناوێکی تایبـەتەوە، یا بـا بڵێم بـە ناوێکی گەورە و ناسراوەوە.

زەنگ: بە دیدی تۆ، شیعری کوردی توانیویەتی پەیامی خۆی بگەیەنێتە گەلانی دنیا و هەڵوێستە و تێڕامانی لەسەر دروست بووبێت؟

شاکەلی: جۆری دارِشتنی پرسیارەکە هەستێکی وا دەداتە خوێنەر وەک بڵێی گەلانی دنیا هیچ ئیش و کارێکیان نییە ئەوە نەبێت هەموو دانیشن و چاوەڕوانی ئەوە بن شیعرێکی جوانی کوردییان بگاتە دەست و ئیتر هەموو لە خۆشییاندا بیکەنە شایی و لۆغان. ئەوجا دەبێ (پەیامی خۆی) چی بێت؟ تۆ بڵێی ئێمەی کورد چ پەیامێکی گەورە و ناوازە و دەگمەنمان پێ بێت کە خەڵکی دیکە تا ئێستا پەییان پێ نەبردبێ؟

ئێمە دەبێ بەوەندەیش دڵخۆش بین کە هەر نەبێ بەشێکی ئەم دنیایە بمانناسێت و بزانێت هەین. بە دوای ئەوەیشدا ئەگەر بتوانین بەشێکی، با کەمیش بێت، فەرهەنگی خۆمان بە خوێنەر و ڕووناکبیر و لێکۆڵەرەوەکانی دنیا بناسێنین. خۆناساندن بە جیهان ئەوەیە کە تۆ چیت پێیە پێشکێشی بکەیت. دەتوانی چی بخەیتە سەر گەنجینەی فەرهەنگ و شارستانەتی و عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤایەتی. تۆ کە مێژوو دەخوێنیتەوە، یا کە لە دنیای ئەمڕۆ و فەرهەنگ و شارستانەتیی ئەمڕۆ ورد دەبیتەوە، هەمیشە بیرت بۆ ئەوە دەچێت، بزانیت ئەم نەتەوە و ئەو کۆمەڵە مرۆڤە چییان پێشکێش بە مرۆڤایەتی کردووە و جێدەست و دیارییەکانیان لە ئەنباری (عەماری) مرۆڤایەتی و مێژوودا ببینی.

ڕێگەی هەرە کورت و باش بۆ ناساندنی ئەدەب و فەرهەنگی کورد ئەوەیە کە بەرهەمەکان تەرجەمەی زمانانی دیکە بکرێن، ببنە بابەتی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و لەسەرنووسین و شیکردنەوە. لەم ڕووەوە کارێکی یەکجار کەم کراوە. چەند شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کورد تەرجەمەی زمانە جۆربەجۆرەکانی دنیا کراون؟ کەم. زۆر کەم. هەندێ جار نووسەر یا شاعیرێک لە ئەوروپا، لە ڕۆژاوا، لەبەر هۆیەکی سیاسی، گەورە دەکرێتەوە و بایەخی پێ دەدرێت. من ئەمە بە پێوەندیی فەرهەنگی دانانێم، بە ناساندنی دانانێم، بە ئاشنایەتی و لەیەکگەیشتنی دانانێم. تەنانەت خەڵاتی نۆبێل، کە لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی دنیادا ئەو هەموو بانگەشەیەی بۆ دەکرێت، زۆربەی جار هیچ پێوەندییەکی بە ئەدەب و نرخی هونەری و

جوانی و ئێستێتیکەوە نییە، بەڵکە بڕیارێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگی و ئەولاوەتریشە. بەڕاستی لێتی ناشێرمەوە، ئەوە ساڵانێکە وام لێ هاتووە ئەو نووسەرەی خەڵاتی نۆبێل وەردەگرێت، من ئیتر بەرهەمەکانی ناخوێنمەوە. من ڤ. س. نایپۆلم پێشتر دەناسی و بەشێکی بەرهەمەکانیم خوێندبوونەوە، بەڵام دوای ئەوەی خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت، یەک دێڕیم نەخوێندووەتەوە. نایپۆل نووسەرێکی باشە، بەڵام کە خەڵاتی نۆبێلی وەرگرت لەبەر ئەوە نەبوو کە نووسەرێکی باش بوو، بەڵکە هۆیەکی سیاسی لە ئارادا بوو. زۆری دیکەیش هەن لەو بابەتە.

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ هەوڵ دراوە بۆ وەرگێڕان و پێشکێشکردنی ئەدەبی کوردی. من خۆم زۆر بەوە دڵخۆشم کە لەم بوارەدا کارێکی زۆرم کردووە و بەشێکی باشی ئەدەب و شیعری کوردیم تەرجەمەی سوێدی و ئینگلیزی کردووە، ئەگەرچی لە کوردستان کەس هەر پێیشی نازانێت، چونکە ڕاگەیاندنی کوردی خۆی لێ کەڕ دەکات و بڕیاری داوە لە تاریکیدا بیهێڵێتەوە. لەناو شاعیرانی ئەمڕۆی کوردستاندا پێم وایە دوو کەسیان لە هەمووان زیاتر تەرجەمەی زمانان کراون: شێرکۆ بێکەس و فەرهاد شاکەلی. مامۆستا گۆرانیش تا ڕادەیەک ناسراوە، بەڵام ئەو ناسینە هەرگیز لە ئاستی گەورەیی و شاعیریێتیی گۆراندا نییە. دەبوو کارێکی زۆرتر بۆ گۆران بکرایە. لە بوارێکی ئاوهادا بۆت دەردەکەوێت کە دەستەڵاتی سیاسی چۆن دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت و فەرهەنگی نەتەوەیەک پێشکێش بە دنیا بکات. تۆ پشتگیرییەکی چاکی ماددی و مەعنەویم بۆ دەستەبەر بکە، من بەڵێنت دەدەمێ لە ماوەی دە دوانزدە ساڵدا کارێکی وا بکەم لە زۆربەی کتێبفرۆشی و کتێبخانەکانی ڕۆژاوادا چاوت بە ئەدەبی کوردی بکەوێت تەرجەمەی زمانان کرابێت و لە ناوەندە ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا باس بکرێت.

زەنگ: شاکەلی لەنێوان پێشمەرگایەتییەکی سەرەتای شۆڕش و شیعر و دواتریش گیرسانەوەی لە ئەوروپا و تێکەڵاوبوونی خوێندن و مامۆستایەتیی زانکۆ... دەپرسم ژیان چیی پێ بەخشییت لەو هەموو گەشتە جەنجاڵ و ماندووەت؟

شاکەلی: ژیان زۆر شتی پێ بەخشیوم، ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر و جوانتر و

هێـژاتر ئەو ئەزمـوونە بێت کـە لە مـاوەی سـی سـاڵ ژیانی ئاوارەییـدا لە لام کـۆ بووەتەوە. من نامەوێ باسی ئەو سەدان شار و دەیان وڵاتە بکەم کە بینیومن و سەرم لێ داون. بەڵام ئەو ئەزموونە ڕۆحی و فەرهەنگی و شارستانەتییەی بە دەستم هێناوە گەنجینەیەکی کەم نییە. ڕەنگە ناسینی مرۆڤیش ئەزموونێکی گەورە بێت، چ مرۆڤی دیکە و چ خۆم، مەبەستم ناوەوەی مرۆڤە.

زەنگ: تا چەند ئاگـاتان لەو بـزاوتە فـیکری و وێژەییـیە هـەیە، کـە ئەمـڕۆ تەکانێکی داوەتە گەرمیان و چۆنیان دەبینن؟

شاکەلی: وا پێ دەچێت ئێمـە (ئێوە و من) بە دوو شـێوەی جیاواز بیر دەکەینەوە و قسـە دەکەین. لە گەرمیاندا من نە بزاوتی فیکری دەبینم و نە هیی ئەدەبی. نەک هەر لە گەرمیاندا، با بێ پەردە و بێ لەڕوودامان عەرزت بکەم، لە کوردستانیشدا بزاوتی فیکری و ئەدەبی نابینم. ئەگەر ئێوە مەبەستتان ئەوەیە دەیان و سەدان ڕۆژنامـە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دامەزراون و سەدان کتێب چاپ دەکرێن و ئینتەرنێت و فاکس و مۆبایل و دوامۆدێلی ئۆتۆمۆبیل وڵاتەکەی داگیر کردووە، ئەمە نە فیکرە و نە فەرهەنگ، بەڵکە بەرهـەمی ئەو بیرە ستراتێگییـەی سیستـەمی سـەرمایەدارییە کە دەیەوێ وڵاتانی دنیا (بەتایبەت وڵاتانی هەژارستـان) بکاتە سەرانگوێلک (سرکەوان) بۆ کـاڵا و بـەرهەمـەکـانی خـۆی. بێ نەخـشـەدانـانێکی ژیرانـە و لێـزانانە فـەرهەنگ ناتوانێ ببێتە بزاوت و وزە و هێزێکی وا کە کۆمەڵگە بگۆڕێت و مرۆڤەکان بە پەیژەی شارستانەتیدا پلەیەک، دوو پلە سەر بخات.

کوردستـان لە ڕووی فەرهەنگی و فـیکرییەوە ناوچەیەکی داخراو و دوورەپەرێز و گەشەنەکردووە. دەرهێنانی وڵاتەکە و نەتەوەکە لە جـغزی دواکـەوتن و پەراوێزبوون بەوە نـابێت کــە تەکنیکی پێــشکەوتووی بۆ بهــێنین و لە وڵاتەکــەدا دایمەزرێنین. فــەرهەنگ و فــیکر بە شــێــوەی دیکە گــەشــە دەکــەن و مــیکانیــزمی دیکە هەڵیاندەسووڕێنێ. ئەم قانوونە وەک چۆن هەموو کوردستـان دەگرێتـەوە، بێگومـان ناوچەی گەرمیانیش دەگرێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا من ئومێدێکی گەورەم هەیە کە سەرتاسەری کوردستـان ببێتە مەیدانێکی گرنگی فیکر و فەرهەنگ و هونەر و داهێنان، بەڵام دەشزانم ئەمە کاتی دەوێت و بیری وردی دەوێت.

زەنگ: حـەمـەدامـاو هاوەڵی تەمـەنی هەرزەکـاریت، پێش مـانگێک کـۆچی دواییی کرد، حەزمان کرد جەنابیشتان هەندێک لە بیرەوەرییەکانی خۆت و ئەومان بۆ بگێڕیتەوە، کە بەردەوام پێش مردنی لە تۆ دەدوا...؟

شـاکەلی: لـە ناوەڕاستی شـەسـتەکاندا کـە لە ئامـادەییی کفری دەسـتم بە خـوێندن کرد لە پۆلی یەکەمـی ناوەندیدا، محـەمـەد ئەحمـەد ڕەشـید (ئەمـە ناوە ڕەسـمییەکەی بوو) یەکێک بوو لـەو خـوێندکارانەی هـەر لە سـەرەتاوە ناسـیم. ئەو کوڕە بە شـێوە و جلوبەرگ و ڕوواڵەت زۆر هـەژار بوو. بەڵام هـەر زوو مـنیش و لەتیفیش تێگەیشتین کـە حـەزی لە شـیعر و ئەدەبە و هـەر لـەبەر ئەوەیش بووین بە دۆست و برادەر. ئەو شـەش سـاڵەی کـە لە کفـری خـوێندم بەردەوام دەمـبـینی و زۆر جـاریش قسـە و وتـووێژمـان دەکرد و کتێبی لێ وەردەگرتم بۆ خـوێندنەوە. سنووری پێوەندییەکەمان فراوانـتریش بوو کاتێ برایەکی و دایکیشیم ناسی.

مـحـەمەد کوڕێکی خۆنزمگر، قسـەلەڕوو، وەرامـئـامـادە، دڵسۆز، نـەفسـبـەرز و پاک بـوو. لە سـەرەتادا زۆر دیـندار بوو، بـەڵام دواتر وا بـزانم هـەندێک گـۆڕا. زۆربـەی خـوێندکـارەکـان و هەندێ لە مـامـۆسـتـاکـانیش بـە شـێـتـیـان دادەنا، یا ڕەنگە بە ئەقـڵسـووک، بەڵام وا نـەبوو. مـەسـەلەکـە ئەوە بوو وەک ئەوان بـیـری نەدەکـردەوە و هـەڵسـوکەوتی نەدەکرد. جارێکیـان کوڕێکی خـەڵکی دێی کنگربان ویستـی سـەر بنێتە سـەری، وتـی: مـحـەمـەد نازانم ئـەو ڕۆژەی عـەقڵ بـەش کـرا تۆ لە کـوێ بووی؟ مـحـەمـەدیش یەکسـەر وەرامی دایەوە، وتی: لە کنگربان بووم. ئەو سـاڵانەیش کـە لە زانسـتگەی بەغدا دەمـخـوێند، کـە سـەری کفریم دەدایەوە، دیسـان جـاروبار چاوم پێ دەکەوت. ماوەیەک دەمـبینی بە عەرەبانەیەکی دەستی شیرینی و پاقلاوەی دەفرۆشت، بەڵام لەو ناو جـادەیە ڕادەوەسـتـاین و دەسـتـمـان بە قـسـە و باسـی ئەدەب و شـیـعـر دەکـرد. پێم وایـە لە بەهاری حـەفـتـاوچوارەوە، کـە من بـووم بە پێـشـمـەرگـە، ئـیـتـر نەمـبـینیـیـەوە هەتا سـەرەتای سـاڵی دووهەزار، کـە بـۆ یەکـەم جـار گـەڕامـەوە بۆ کـوردسـتـان. ئەو جـارە من لە کـفـری سـەمـینـارێکم هـەبوو، ئـاگـام لـێ بوو کـە هـاتە ژوورەوە. دوای سـەمـینـارەکـە زوو خـۆی گـەیـاندە لام و وەک دەڵێن شـاد و شـوکـر بووینەوە. ئەو جـارە بەشـێک لە کـتـێب و چاپکراوەکـانی خـۆمم بە دیاری دایێ و

دواتریش لە سوێدەوە یەک دوو جارێ کتێبم بۆی نارد.

بەداخەوە محەمەد کەمنووس بوو. لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا کە لە یەکەوە نزیک بووین هەمووی چەند جارێک بەرهەمی خۆی پێشان دابووم. ئاگاداریش نیم هیچی بڵاو کردبێتەوە. ڕۆحی شاد و گۆڕەکەی پر بێت لە ڕووناکایی.

زەنگ: سەرجەم چالاکی و بڵاوکراوەکانی بەڕێزتان و پرۆژەی ئێستا و ئاییندەتان؟

شاکەلی: هەر کاتێک پێویستی کرد دەتوانم لیستێکی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەکانی خۆمتان بۆ ئامادە بکەم. ئەوەیش کە پێوەندیی بە پرۆژەوە هەبێت، باوەڕ ناکەم بکرێ نەخشە بۆ شیعر بکێشرێت و پرۆژەی بۆ دابنرێت. بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی ئەکادێمی، بێگومان، دەبێ نەخشەی بۆ بکێشیت.

ئەوە ساڵانێکە لە زانستگەی ئوپسالا، لە سوێد، مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیم و بەشێکی کاتم بە دەرس وتنەوە و دەرس ئامادەکردنەوە دەچێت. لەوە بترازێت زۆربەی کاتم بۆ خوێندنەوە تەرخان کردووە و خۆشبەختانە زۆریش دەخوێنمەوە. زۆر جار لە شارەکانی سوێدەوە و لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە بانگ دەکرێم بۆ ئامادەبوون لە سەمینار و کۆنفرانسی زانستیدا، یا بۆ قسەکردن لەسەر کورد و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. دوو خۆشیی گەورە لە ژیانی مندا کتێب و سەفەرکردنن. لەو ڕووەوە بێدڵیی خۆم ناکەم. هەر پارەیەکم دەست دەکەوێ، لە پلەی یەکەمدا بۆ ئەو دوو مەبەستە بە کاری دەهێنم. لەوساوە کە ڕێگای کوردستان کراوەتەوە، زۆر حەز دەکەم زوو زوو سەر بدەمەوە. خۆزگە ڕۆژێک بهاتایە و بمتوانیایە هەر لە کوردستانیش بژیم.

ئامادەکردنی: فاتیح سەلام

سەرچاوە: زەنگ، ژمارە (٧)، ٢٠-١-٢٠٠٦،

ژمارە (٨): ٥-٢-٢٠٠٦، ژمارە (٩): ٢٠-٢-٢٠٠٦

## ڕاستە، پیاوانی وەک گاندی و گیڤارا و ماندێلا پەیامبەر نین، بەڵام بەڕاستی ڕێگای پەیامبەرانیان گرتووە

کۆمەڵ: لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا تا نەوەدەکانیش، ڕۆشنبیریی کوردی، بەتایبەت ئەدەب، مۆرک و کاریگەریی چەپی بەسەردا زاڵ بوو، بەڵام ئەم دیاردەیە لە نووسینی بەڕێزتاندا بە دی نەکرا. ئایا ئەمە قەناعەت نەبوونی ئێوە بوو بەو ڕەوتە، یاخود کاریگەریی ئایینیی بنەماڵەکەتان بوو بەسەرتانەوە؟

شاکەلی: جارێ با لەوەوە دەست پێ بکەم کە چەپگەری و چەپایەتی، وەک گەلێ دیاردەی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواری، بە شێوەیەکی یەکجار هەڵە و بێویژدانانە لێک دراوەتەوە و پێشان دراوە و شێوێنراوە. تەنانەت مێژووی چەپایەتییش کەوتووەتە بەر هێرشێکی ناڕەوا و دوور لە ڕاستی و ڕاستگۆیی. ئەم شێواندن و سووکایەتیکردنە، بەشێکی، تاوانی چەپەکان، یا بەناو چەپەکان، خۆیان بووە، بەڵام بەشێکی یەکجار زۆریشی تاوانی دوژمنانی چەپ بووە، کە پەنایان بردووەتە بەر شێوازی نامرۆڤانە بۆ ڕەشکردنی سیما و ناوەڕۆک و هەڵوێستی چەپ.

من ئێستاکە باسی مێژووی چەپگەری ناکەم. لە وڵاتی ئێمەدا کە دەڵێن چەپ مەبەستیان مارکسیزم و مارکسیستەکانە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. چەپ نیشانەی بۆچوون و بیرکردنەوەیەکە دەیەوێ بار و هەلومەرجێکی بۆگەن و ناڕەوا و ناهەق و پڕ لە ستەم و زۆرداری بگۆڕێت و سیستەمێکی دادگەرانە و ڕەوا و مرۆڤانە لە جێگەکەی دابمەزرێنێت. چەپ دژی زۆرداران و ستەمکاران و دیکتاتۆر و ملهوڕ و خوێنڕێژان ڕاوەستاوە و پشتیوانی چەوساوە و زۆرلێکراوان و بەشخوراوان بووە. چەپ ویستوویەتی ئەم سەرزەوینە بکاتە جێگایەکی خۆش و جوان بۆ ئەوەی هەموومان بتوانین بە خۆشی تێیدا بژیین. چەپ ویستوویەتی کۆمەڵگەیەک دروست ببێت هەموو ئەندامەکانی پێکەوە کاری بۆ بکەن و هەموویان دەنگیان ببیسترێت و

مـــافی بڕیـاردانیـــان هەبێت. چەپ بەرنـامـەیەکی هەبووە بۆ ڕزگـــارکـردنـی ژن لەو زۆرداریـیەی بە درێژاییی مـێژوو لێی کراوە و مـافـەکانی وەک مـرۆڤ پێشـێل کراوە. چەپ خوازیاری داد و عەدالەت و مرۆڤایەتی بووە.

ئێـمـە کە ئەم بیـرانە لە بەرچاو بگرین دەزانـین کە سـیـمـای ڕاسـتـەقـینـەی چەپ بەتەواوی شـێـوێنراوە و دزێو کراوە. دەنا ئاشکرایە هەمـوو شـۆڕشگێڕە ڕاستـەکانی مێژوو، هەمـوو پەیامـبەران و پیاوچاکان، هەموو سۆفی و چاکخوازان و مـرۆڤدۆستان چـەپ بـوونـە و چـەپـن. چـەپـگـەری و چـەپـایـەتـی کــــاری بـەســــەر بـاوەڕی دیـنـی و خـواپەرسـتـیـیـەوە نـیـیـە، گـرنگ ئەوەیە بەرنـامـەکەی چییـە و چیی پێیـە بۆ مـرۆڤ و مـرۆڤـایەتی. دیارە مـرۆڤی خـوانـاس زووتر و باشـتـر دەتوانێ چەپ بێت، چـونکە ئەو خودایەک دەناسێت کە هەموو نرخە پاک و ڕاستەکانی بۆ ڕوون کردووەتەوە و ڕێگەی ڕاسـتـی پـێـشـان داوە و دەشـزانێت ژیانێکی دیکە هـەیە و لێـپـرسـینـەوەیەک هەیە. پیـاوانی وەک (مـەهاتما گـاندی) و (ئەرنـیـسـتـۆ چێ گـیـڤـارا) و (نیلسـۆن مـاندێلا) نموونەی مـرۆڤی پاک و دادپەروەر و هەقـپـەرستن. ڕاسـتـە ئەمـان پەیامـبـەر نین، بەڵام ئەمانن کە بەڕاسـتی ڕێگای پەیامبەرانیان گرتووە. من نازانم (گیڤارا) لە دڵی خۆیدا بـاوەڕی بە چـی هـەبووە یـا نـەبـووە، بـەڵام پێم وایـە شــــەهیــــدی ڕێگای ڕاســــتـی و هەقپەرستییە و (حي عند ربه يرزق). تۆ بڵێی ناهەقی بگاتە ئەو پلەیەی کە گیڤارا بە شـەهید دانەنرێت، بەڵام کەسـانی بۆگەن و خـوانەناسـی وەک (عەبدولسـەلام عارف) یا (ئەنوەر سادات) بە شەهید دابنرێن؟ باوەڕ ناکەم.

تەنانەت تێکەڵکردنـی چەمکی وەک مارکسـیست و سـۆسـیـالیسـت و چەپیش ڕاست نییـە. مارکسیسـت و سۆسیـالیستی وا هەبوون و هەن کە بەڕاستی نموونەی پاکی و دادخـوازین، بەڵام هیی وایش هـەن کە بـۆگەنـترین ئافرێنراوی ئەم سـەرزەوییـەن. من ناتوانم ئەو مــارکــســیــســت و ســۆســیـــالیــست و چەپانـەی لە ئەمــەریکای لاتیـنـی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گیـانی خـۆیان لەپێناوی داد و چاکی و خـێردا بەخت کردووە، بخـەمـە ڕیزی ئەو جاسووس و خـوێنڕێژ و ئـەشکەنجەدەرانـەی لە سۆڤێتی جاران یا ڕۆمـانیـا یا ئەلبـانیـادا کـاربەدەست و ببـڕ و بکـوژ بوون. من ناتوانم پیـاوێکی وەک (کـاسـتـرۆ)، لەگـەڵ ئەو ڕەخنـەیەش کە لێی دەگـرم، لەگەڵ کـەسـێکی وەک (لیـۆنیـد بریژنێڤ)دا بە یەک چاو تەمـاشـا بکەم. مـن ناتوانم گـەورەپیـاوێکی وەک مـامـۆسـتـا

(مەسعوود محەمەد) و خۆفرۆش و خوێڕی و کۆنەبەعسییەکی وەک (شێخ ستار تاهیر شەریف) لە یەک خانەدا دابنێم. مەسعوود محەمەد بە ڕاسترۆ و کۆنەپەرست و دوژمنی چەپ دەناسێنرا و ستاریش بە چەپ و پێشکەوتنخواز!!!

ئێستا، کە مارکسیزم باری کەوتۆتە لێژی، زۆر ئاسانە دژی ڕاوەستیت و هەرچی خراپە هەیە بیخەیتە ئەستۆی مارکسیست و چەپەکان. بەڵام سەیر ئەوەیە ئەمڕۆیش ئەوەی زیاتر خۆی دەباتە پێشەوە و دژی مارکسیزم قسە دەکات و بووەتە دێمۆکرات و عەولەمەپەرست و پاڵپشتی مافی مرۆڤ، هەر ئەو ئۆپۆرتونیست و هەلپەرست و نیوپیاوانەن کە تا دوا فلسی کۆمونیزمیان وەرگرت و دوا پارووی چەوری سۆڤێتیان خوارد. هەر ئەوانەن کە پشتیوانی سۆڤێت بوون دژی گەلی بەدبەخت و چەوساوە و داگیرکراوی ئەفغانستان، ئەمڕۆیش پشتیوانی ئەمەریکان و دیسان دژی گەلی ئەفغانستانن.

ئەی دوژمنانی چەپ و چەپایەتی کێ بوون؟ هەر ئیمپەریالیزم و سەرمایەدارانی مرۆڤخۆر و جەنەراڵ و دیکتاتۆر و جاسووس و خوێنڕێژەکان نەبوون، کە هەرچییەک و هەرکەسێکیان بە دڵ نەبووایە ناویان دەنا چەپ و کۆمونیست؟ هەر ئەوانیش نین کە ئەمڕۆ هەرچییەک و هەرکەسێکیان بە دڵ نەبێت پێی دەڵێن ئیسلامیست و فوندەمێنتالیست و تیرۆریست؟ قازی محەمەد و محەمەد موسەددیق و عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفای بارزانی کەسیان کۆمونیست نەبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی نەدەبوونە پیاوی کەس، هەزار ناو و ناتۆرەیان خستە دوویان و لە ناویان بردن.

من چەند ساڵێکی تەمەنی لاوێتیم چەپ بووم و خۆیشم بە مارکسیست دەزانی. باوەڕم بە کۆمەڵێ بنەمای ڕاستی و هەقپەرستی و داد هەبوو کە لە مارکسیزم و چەپایەتیدا دەمبینینەوە. ئەم باوەڕە لە نووسین و شیعرەکانی بەشێکی ساڵانی حەفتامدا ڕەنگی داوەتەوە و ئەو بەرهەمانەیشم ماون و خوا یار بێت سەرلەنوێیش بڵاویان دەکەمەوە. لە سەرەتای هەشتاکاندا لە ڕووی فیکری و فەلسەفییەوە باوەڕم بە مارکسیزم نەما، بەڵام هیچ ئالتەرناتیف (بدیل)ێکیشم نەبوو. دواتر، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا، ڕووم کردە (تەسەووف) و ئیسلامم ناسی و پێیشم وایە موسڵمانی ڕاست چەپێکی ڕاستە و چەپێکی ڕاست دەتوانێت موسڵمانێکی ڕاست بێت. چ ئەو کاتەی باوەڕم بە مارکسیزم هەبوو، چ ئێستایش کە باوەڕم بە ئیسلامە،

من بیروباوەڕم بۆ جوانی و خۆشی هەڵنەگرتووە. من ئیدیۆلۆگی و باوەڕم بۆ ئەوەیە بیکەمە ڕێگایەک، بیکەمە چرایەک، بۆ گۆڕینی ئەم سەرزەوییەی پڕە لە ناهەقی و بێدادی و زۆر و ستەم، بۆ بەختیاریی مرۆڤ، بۆ دڕپێدانی ئەو تاریکییەی بەرچاو و ناودڵی بەشێکی زۆری مرۆڤ و مرۆڤایەتییان داگیر کردووە. بەداخەوە مارکسیزم بۆ (دڵ) و بۆ (ڕۆح) هیچی پێ نەبوو، بەڵام پێم وایە بۆ ژیانی ڕۆژانە و بۆ هەبوونی ماددی زۆری پێ بوو، ئەگەرچی مارکسیستەکان ئەوەیشیان هەڵوەشاندەوە.

کۆمەڵ: ئێوە لە نووسینێکتاندا باس لە گرفتەکانی بەردەم ڕۆشنبیریی کورد دەکەن، لەوێدا بە دەر لە گرفتی کۆمەڵگە، باستان لە گرفتی دەستەڵات کردووە. بە ڕای تۆ، چوارده ساڵ (ئازادی) دوای ڕاپەڕین چیی لە شیعر و ئەدەبییات و ڕۆشنبیریی کوردی زیاد کردووە؟

شاکەلی: من دەزانم لە وڵاتی ئێمەدا زۆر باو نییە، ڕووناکبیرێک ڕەخنەگرانە تەماشای دەستەڵات بکات و پێکهاتە و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە بخوێنێتەوە. بەڵام من ناتوانم واز لەو شێوە تێڕوانین و خوێندنەوەیە بهێنم، ئەمە بەشێکە لە بەرنامەی بیرکردنەوەم. پێوەندیی نێوان ڕووناکبیر و دەستەڵات باسێکی تازە نییە و هەزاران جار لەسەری نووسراوە. بە زمانی کوردییش زۆر جار خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. من خۆیشم لەم ڕووەوە چەند لێکۆڵینەوەیەکم بڵاو کردوونەوە.

ئەگەر ئێمە تەماشای کتێبفرۆشییەکانی کوردستان و شۆستە و ناوجادەکان بکەین، سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار و سیدی و کاسێت و هەزاران کتێبمان بەرچاو دەکەوێت. ژمارەی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆکانیش هێندە زۆرن کە مەگەر هەر خاوەنەکانیان بزانن چەندن. بەڵام کە بەوردی لەم بابەتانە دەکۆڵیتەوە و دەیانخوێنیتەوە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەم هەموو هەڵاوسان و پەنەمانە، تەنیا زیادبوونێکە لە ڕووی چەندایەتییەوە، ئەگەرنا لە ڕووی چۆنایەتییەوە فەرهەنگی کوردی پاشەکشێیەکی خراپی تووش بووە، بەتایبەتی لە بواری زماندا: زمانی کوردی. من دەتوانم زۆر بە ڕاشکاوی عەرزت بکەم، بێ ئەوەی ناهەقییەکم کردبێت، ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و

حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە نییە کە بە کوردییەکی ڕاست و بە ڕێنووسێکی ڕاست نووسرابێت. تەماشای کتێبی خوێندنگەکان بکە، لەمسەر تا ئەوسەر پڕن لە هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووس و تەنانەت زانیاری. ئەنجامی ئەم بەرەڵایی و ئاژاوەیە ئەوەیە کە لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا نەوەیەکی نەخوێندەوار و کوردینەزان و تێنەگەیشتوو پەیدا دەبێت، کە بیست تا سی ساڵی پێ دەچێت تا بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی و وەک خوێنەری حەفتاکان و هەشتاکانی لێ بێتەوە. کەواتە چیمان کرد؟ ئەم بارە نالەبار و خەتەرناکە ئەنجامی ئەوەیە کە دەستەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا لە مەسەلەی سیاسەتی فەرهەنگی تێنەگەیشتووە و تێناگات و نایەوێ تێبگات. کۆمەڵێ دەستگا و دەستەڵات هەن کە دەبێ لە بنەڕەتەوە دروست بکرێنەوە و بخرێنە خزمەت ئامانجێکی دیار و ئاشکرای فەرهەنگیی وەهاوە کە لەگەڵ تایبەتێتییە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی و ڕۆحییەکانی کورددا بگونجێت و هاوئاهەنگ بێت: وەک زانستگەکان، وەزارەتەکانی فەرهەنگ و پەروەردە و ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبەکان و پێش هەموویشیان کۆڕی زانیاریی کوردستان.

ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەڕاستی خۆمان لە گرفتەکان نزیک بکەینەوە و لێیان ورد ببینەوە، هەر ئەوە بەش ناکات ڕەخنە لە واقیعێک بگرین کە هەیە. من هەمیشە هاوکێشەکە بەم جۆرە ڕادەنێم: مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە چی کراوە، بەڵکە دەبێ پرسیارەکە ئەوەیش بێت کە دەتوانرا چی بکرێت، بەڵام نەکرا.

کۆمەڵ: هەر لە هەمان کتێبی خۆتا، باس لە دوورکەوتنەوە ئەکەی لە سیاسەت، دوای ئەوەی لە تاراوگە لە سیاسەت دوور کەوتیتەوە، هەستت کرد لە چی دوور ئەکەویتەوە؟

شاکەلی: پێم وایە لە یەک دوو نووسینمدا کە بۆ ئەزموونی شیعریی خۆم تەرخانم کردوون لەسەر ئەم باسەم نووسیوە. ئەمە ئەزموونێکە کە زۆر شاعیر و هونەرمەند و ڕووناکبیری دنیا ڕووبەڕووی بوونەتەوە و دەردێکی زۆریان لەگەڵ کێشاوە. پێیشم وایە ئەم هاوکێشەیە هەر دەمێنێت و تا سیاسەت و تا هونەر هەبێت نابڕێتەوە.

وەک بنەمایەک من دژی ئەوە نیم کە هونەرمەند ئەندامی حیزبێک بێت و خەریکی سیاسەت بێت. بەڵام کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات، کە ئەم هونەرمەندە چۆن

هاوسەنگیی نێوان نرخەکانی هونەر و نرخەکانی سیاسەت و ئیدیۆلۆگی ڕادەگرێت؟ چۆن هاوسەنگیی نێوان ئەندامەتیی حیزبێک کە دیسیپلین و خۆبەستنەوە و گوێڕایەڵی و چاوپۆشیی لێ داوا دەکات لە لایەک و نەخشی ئەو وەک ڕووناکبیرێک و کەسێکی ڕەخنەگر کە ویژدانێکی زیندووی هەیە و باوەڕی بە ئازادی و داد و پاکی و دڵسۆزی هەیە، لەلایەکی دیکەوە ڕادەگرێت؟ ئەمە هاوکێشەیەکی ئاسان نییە. ئەزموونی دوورودرێژی مرۆڤایەتی ئەوەی پێشان داوە کە ڕووناکبیرانی حیزبی کاتێ دەستیان لە چمکی دەستەڵات گیر دەبێت و لە پێچکەی تەختی دەستەڵات نزیک دەبنەوە، بەشی هەرە زۆریان خۆیان دەدۆڕێنن و نرخە مرۆڤی و هونەرییەکانی خۆیان پێپەست دەکەن. هونەرمەند دەتوانێت و دەبێت لەگەڵ سیاسەتدا هەڵسوکەوت بکات، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆڵەی نەتەوەیەکی یا کۆمەڵگایەکی بندەست و زۆرلێکراو و ستەمدیتوو بوو. بەڵام حیزبایەتی و سیاسەت یەک شت نین. ئەوجار بۆ دەبێ کاری هونەرمەندێکی ئازادەبیر بە خەبات و تێکۆشان دانەنرێت؟ بۆ دەبێ ئەوەی سیاسەتبازێکی دەبەنگ و خۆپەرست و دەم و دەست و داوێنپیس دەیکات خەبات بێت، بەڵام سووتان و دەردکێشانی هونەرمەند خەبات نەبێت؟

کۆمەڵ: هەر لەو نووسینەتاندا باستان لە پەشیمانبوونەوەی (گۆران) کردووە لە کۆمونیستی، دوای ئەوەی کە لە ڕووسیا دەگەڕێتەوە. دەکرێ زیاتر ئەمە ڕوون بکەنەوە؟ ئەم دانپێدانانە چۆن بووە و شاعیرەکە کێ بوو؟

شاکەلی: پێم وایە دەیان کەس هەن ئاگاداری ئەوە بوون کە مامۆستا گۆران دوای گەڕانەوەی لە سۆڤێت لە کۆمونیستبوونی خۆی پەشیمان بوو. ئەوەی بە سەختی دژی ئەم دەنگوباسە ڕادەوەستا دۆستە نزیکەکانی خۆی بوون، ئەوانەی پێویستیان بەوە هەبوو گۆران وەک کۆمونیستێک پێشان بدەن و بە کاری بهێنن. دیارە گۆران ماوەیەکی دوورودرێژ کۆمونیست بووە و ئەندامی حیزبی شیوعیی عیراق بووە. پێیشم وایە گۆران ڕاستگۆ و پاک بووە و بیروباوەڕی بۆ گۆڕین و بۆ دژایەتیکردنی زۆر و ستەم هەڵگرتووە. کە چاوی بە سیستەمی سۆڤێتیش کەوتووە، لەوەیشدا هەر ڕاستگۆ بووە کە نەیویستووە درۆ لەگەڵ خۆی بکات و خۆی تەفرە بدات. بەداخەوە ئەم ڕاستییەی زۆر درەنگ بۆ دەرکەوت.

من خـۆم ئەم دەنگوباسـەم لە دوو کـەسـەوە گویّ لیّ بووە: یەکـەمـیـان شـاعـیـری کۆچکردوو مامـۆسـتا جگەرخوێن و دووەمـیـشیـان خـوالێخـۆشـبوو مـامـۆسـتا هەژار. قسـەکەی مـامـۆسـتـا هەژارم بە دەنگی خـۆی و بە کـاسـێت لەلا هەیە. گوتوبێـژێکی دوورودرێژمـان پێکەوە کـردووە (پـاییـزی ١٩٨٦ لـە پاریس) کـە هـێـشـتـا بڵاوم نەکردووەتەوە.

نە کـۆمـونیـسـتـبـوونی مـامـۆسـتـا گـۆران لە پلەی ئەدەبی و مـرۆڤـایەتیی ئەو دادەشکێنیت و نە پەشـیـمـانبـوونەوەی گـەورەتری دەکـات. ئەو پـیـاوە شـاعـیـرێکی داهێنـەر و مـرۆڤـێکی خـەباتکار و کـۆڵنەدەر بووە و لەپێناوی بیـروباوەڕەکـانیـدا و لەپێناوی قـەناعـەتە فیکری و سیـاسـی و مرۆڤانەکانی خۆیدا ئـازار و ئەشکەنجـە و دەردێکی زۆری کێشا. ئەگەر لایـەنێکی سیاسی بە مـەبەستێکی ناڕەوا ناوی گۆرانی بە کـار هێناوە (یا ڕاسـتییـەکەی بەد بە کار هێنـاوە)، هـەرگیـز ئەوی وەک هونەرمـەند تەمـاشـا نەکـردووە، بەڵکە تەنیـا ئەوەی مـەبـەست بووە وەک ئەندامـێکی دەبەنگ و گوێڕایەڵی حـیـزب پێشکێشی بکات. مـن ئەم قسـەیەی ئێسـتا دەینـووسـم و دەیڵێم، بیست ساڵ لەمـەوبەریش هـەر وتوومە و نووسیومە. ئەودەم بە سـەدان کۆلکەخوێنەوار و ئەندامی مـلهوڕ و دەبەنگی حـیـزبی پەلامـاریان دەدام، چونکە لەبەر ئەوەی خـۆیان بستەباڵا بوون، خۆیان دەدایە پاڵ باڵای بەرز و کەڵەگەتی گۆران. بەڵام ئەمڕۆ کاریان بە گۆران نەمـاوە. من کە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانی مـامۆستا دڵزارم خوێندەوە، بەڕاسـتی زۆرم پیّ سـەیر بوو کە گرنگترین بیرەوەریی ئەم پیاوە لەبارەی مـامـۆستـا گۆرانەوە تەنیـا ئەو لایەنەیە کە گۆران لە ڕووی ڕەچاوکردنی کاتەوە چەند ڕێکوپێک بووە و هـەرگیز بۆ کۆبوونەوە حیزبییەکـان دوا نەکەوتووە. دەبیّ ئەمە چ دۆگماتیزمێک بێت وا لە مرۆڤ بکات داهێنەرێکی وەک گۆران تا (دەرەک)ی ئەندامـێکی گوێڕایەڵی حیزب دابەزێنیت و بیهێنێتە خوارەوە؟

نازانم ئەو لەشکرە دۆنکیشۆتییەی خۆیان دابووە پاڵ ناوی مـامۆستا گۆران چییان بۆ ئەو شاعیرە داهێنەرە کرد؟ لە ماوەی سی ساڵی دوای مردنی گۆراندا نەیانتوانی پانزدە شیـعری تەرجەمـەی ڕووسی بکەن و لە سۆڤێت وەک کتێبێک بڵاوی بکەنەوە و وەک شاعیرێکی کورد (یا وەک شاعیرێکی کۆمونیستی کورد) بە خـوێنەری ڕووسی بناسێنن. من ناڵێم شیعری دڵداری و وەسفی سروشتی گۆرانیان بکردایەتە ڕووسی،

ئەوە واز لێ بێنە، با هەر ئەو شیعرانەیان بکردایە کە باسی خەبات و چینی کرێکار و ڕێگای لێنین و مۆسکۆی جوان دەکەن. ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ دوو هاوڕێی سوێدی و کورددا (لارش بێکستروێم و بەختیار ئەمین)، پێکەوە بیست شیعری گۆرانمان کردە سوێدی و وەک کتێب بڵاومان کردەوە و دەنگێکی باشی دایەوە. هەر لە ڕێگەی ئەو وەرگێڕانەی ئێمەوە چەند پارچەیەک لەو شیعرانە تەرجەمەی ئیسلاندی و ئینگلیزییش کران. ئەوەی کە لە هەموو کەسێک زیاتر دژی ئەو کارەی ئێمە بوو ئەو لەشکرە دۆنکیشۆتییە بوو.

بەڕاستی تۆ ئەگەر بەوردی شیعرەکانی گۆران بخوێنیتەوە، هەستێکی وات لا دروست دەبێت کە ئەو پیاوە دوو ناکۆکیی گەورە لە ژیانیدا هەبووە و زۆریش ئازاریان داوە: ناکۆکیی نێوان هونەرمەند و سیاسی و ناکۆکیی نێوان کوردبوون و ئەندامەتیی حیزبێکی کۆمونیست. ئەوجا گۆرانێک کە لە سۆڤێتەوە بۆ ئەوە ناردبێتیانەوە تا لە وڵاتەکەی خۆی بمرێت، زۆر ڕێی تێ دەچێت پەشیمان بووبێتەوە و هەر نەبێ لای یەک دوو دۆستی شاعیر ئەمەی درکاندبێت.

کۆمەڵ: کۆمەڵە هەوڵێک درا بۆ گۆڕینی تیپی عەرەبی بۆ لاتینی. هەندێک لەو هەوڵانە تا ئێستەش بەردەوامن. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

شاکەلی: لەم بارەیەوە تا ئێستا سێ چوار جارێک بە دووروودرێژی قسەم کردووە و شتم نووسیوە. ڕاستت دەوێت ئەم باسە پێش ئەوەی باسێکی زانستی و زمانەوانی بێت، باسێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگییە. خۆی لە بنەڕەتدا نەدەبوو باسێکی سیاسی بێت، بەڵام چونکە هەم سەرهەڵدان و پەیدابوونەکەی و هەم گەشەکردن و بەردەوامییەکەی زادەی پرۆژە و بیرکردنەوەیەکی سیاسی بووە، ئێستا زۆر زەحمەت و بگرە نەشیاوە ئەو ڕەنگەی لێ بکرێتەوە.

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کۆلۆنیالیستانی ئەورووپایی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستیان خستە ناو کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و بە تایبەتیش لەناو هەرێمەکانی سەر بە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا. ئەوان ئامانجی یەکەمیان ڕووخاندنی ئەو ئیمپراتۆریایە و دابەشکردنی زەوییەکەی لەناو خۆیاندا و دامەزراندنی دەستەڵاتی سیاسی و عەسکەری و ئابووریی خۆیان بوو. هەر زوویش

لەو کارەیاندا سەر کەوتن. کۆلۆنیالیستان ئامانجی درێژخایەن و ستراتێگیشیان هەبوو. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە ستراتێگییانەیان دەبوو میکانیزمێکی ورد و زیرەکانە و درێژخایەن دابنێن. نزیکترین و کاریگەرترین ڕێگە ئەوە بوو کە گرۆ و تاقم و نەتەوە و ڕەگەزەکانی ناوچەکە لەتلەت و پارچەپارچە بکەن و بیانکەن بە گژ یەکتردا، بۆ ئەوەی هەر هەموویان پێویستیان بە کۆلۆنیالیستان خۆیان ببێت و سەریان بۆ شۆڕ بکەن و ئەمانیش بتوانن بە ئاسانی حوکمیان بکەن. ئەمە ئەو بنەما کلاسیکە هەم کۆن و هەم تازەیەیە کە پێی دەگوترێت: Divide and rule.

ئێمە کە ئەم پاشخانە ورد بخوێنینەوە ئیتر ئەوەیش باش تێدەگەین بۆچی هەر ئەوانەی کە خاکی کوردستانیان دابەش و پارچەپارچە کرد، ویستیان زمانەکەیشی بەو دەردە ببەن. کورد تا ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمیش هیچ کێشەیەکی زمانەوانی و ئەلفوبێ و ڕێنووسی نەبوو. شاعیر و نووسەری گەورە بەو زمانە نووسیویانە و خوێنەری کورد لە هەر بەشێک بووبێت کەم تا زۆرێک ئاگای لە تێکڕای ئەدەبی کوردی هەبووە، سەرەتای ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێ کردبوو، لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستیشدا تا ڕادەیەکی باش گەشەی کرد.

بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بو نووسینی زمانی کوردی پرۆژەیەکی دڕندانەی ئیمپەریالیستییە بۆ دوورخستنەوەی نەتەوەی کورد لە هەموو ڕابوردوو و مێژووی خۆی و لە ڕەگوریشە فیکری و ڕۆحییەکانی و بۆ ڕاگرتن و پەکخستنی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە بواری زمان و ئەدەبدا لە کوردستاندا، بەتایبەت کوردستانی عیراقدا، بە دی هاتبوو، هەروەهایش بۆ لەناوبردنی پرۆسێسی بەنەتەوەبوون کە لە سەدەی بیستەمدا سەرکەوتنی باشی چنگ کەوتبوو.

دەکرێ باسی ئەلفوبێ لە ڕوانگەیەکی زانستییی ڕووتیشەوە سەرنج بدەین. ئەلفوبێی کوردی بەو شێوەیەی ئێستای لەوەیە یەک یا دوو ناتەواویی فۆنەتیکیی تێدا هەبن، کە چارکردنیان سەخت و نەکراو نییە. بەڵام ئەلفوبێی لاتینی ـــ تورکی بە لای کەمەوە حەوت دانە فۆنێمی ناتەواوە کە بە هیچ جۆرێک ناکرێ تێکستێکی کوردی بێ ئەو فۆنێمانە بنووسرێت. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی ئەو بانگەشە ناڕاست و نازانستییەیە کە هەندێ کۆلکەخوێندەواری کوردینەزانی بێگانەپەرست دەیکەن

گوایە تیپی لاتینی دەنگەکانی زمانی کوردی باشتر دەردەبڕێت.

ئەگەر تەنیا لە ڕووی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی کوردیشەوە باسەکە لێک بدەینەوە، خۆ دیارە کە ئەمڕۆ لە سەرجەمی ئەوەی بە زمانی کوردی دەنووسرێت تا ٩٠٪ و بگرە زیاتریشی بە ئەلفوبێی کوردی دەنووسرێت، واتە تەنیا ١٠٪ بە ئەلفوبێی لاتینیی تورکی دەنووسرێت. ئەو بەشەیش نە لە ڕووی زمانەوانی و نە لە ڕووی هونەری و ئێستێتیکییەوە ناکرێ لەگەڵ بەشە زۆرەکەدا بەراورد بکرێت.

ئەمڕۆ کەسانێک هەن کە لەبەر نەزانی و ناشارەزایی هەر لە خۆیانەوە پێیان وایە بەکارهێنانی لاتینی گرفتەکانی زمانی کوردی چارەسەر دەکات. من ناڵێم گرفتمان نییە، بێگومان هەیە. بەڵام ئەو کەسانە بەڕاستی هەر نازانن گرفتەکان چین و ئەوەی دەیڵێن نیشانەی تێنەگەیشتن و نەخوێندەوارییانە. هەندێکیش هەر لەبەر ڕۆژاواپەرستی کەوتوونەتە دوای ئەم بیرە و پێیان وایە هەر بەوەی ئەلفوبێ بگۆڕین ئیتر دەبینە ئەوروپایی و لەم ڕۆژهەڵاتە پیس و دڕندە و دواکەوتووە ڕزگار دەبین. ئەتاتورکیش ڕێک وای بیر دەکردەوە، بەڵام ئەوە حەفتا ساڵە ئەتاتورک مردووە و نەتەوەی تورکیش نەبوو بە ئەوروپایی و ناشبێت.

کەمالیزم (واتە شوێنکەوتنی باوەڕەکانی کەمال ئەتاتورک) لەناو کورددا گەشەی کردووە و پێگەیەکی پەیدا کردووە. تەنانەت زۆربەی ئەوانەی کە لە ڕووی سیاسییەوە دژی دەوڵەتی تورکیان، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، لە ڕووی ئیدیۆلۆگییەوە شاگرد و قوتابیی دڵسۆزی کەمالیزمن و زۆریش بە گەرمی خەبات بۆ سەرکەوتنی ئەو باوەڕانە دەکەن. بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی لاتینیی تورکی بڕگەیەکی گرنگی بەرنامەی سیاسیی ئەمانەیە.

لە کوردستانی خوارووda، کە ئێستا دەستەڵاتی سیاسی بە دەست هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوەیە، دەرفەتێکی یەکجار باش هەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی زمانی کوردی و پێشخستنی زمانەکە. ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە و زۆر چاکیش دەتوانێت ببێتە زمانی ڕەسمیی دەوڵەتی کوردستان. ئێمە تەنیا پێویستمان بەوەیە هەوڵ بدەین ئەم زمانە دەوڵەمەند بکەین و لە گەنجینەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی سوود وەربگرین. هەروەها دەتوانین کێشەی ڕێنووس بەئاسانی چارەسەر بکەین و بە جۆرێکی زانستی بنەماکانی بچەسپێنین. ئەمە بە

تاکەکەس ناکرێت، دەبێ دەستەڵاتی سیاسی، بوێر و دڵسۆز و هۆشیار بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بێ ترس و دڵەڕاوکێ چارەسەرکردنی کێشەی زمان بکاتە یەکێک لە پرۆژە سەرەکی و گرنگەکانی خۆی.

کۆمەڵ: حاڵی شیعری کوردی لە دەرەوەی زمانی کوردیدا چۆنە، مەبەستم لە ئەدەبی وەرگێڕدراوی ئێمەیە بۆ سەر زمانەکانی دی؟

شاکەلی: کۆمەڵگەی کورد لە ئەوروپا و لە ڕۆژاوا ئێستا ئیتر مێژوویەکی هەیە، ئەگەرچی مێژوویەکی هێندەیش کۆن و دامەزراو نییە، بەڵام دەبوو لەم سی چل ساڵەدا کۆمەڵێ کاری فەرهەنگیی وای بکردایە، کە ناوی کورد و ڕەنگ و بۆنوبەرامەی ئەدەبی کوردی لای خوێنەری ئەوروپایی ئاشنا بووایە. من بەو پێیەی کە ئەوا خەریکە دەبێتە سی ساڵ لە ئەوروپا دەژیم، چاک لەوە تێ دەگەم کە فەرهەنگی ڕەسمیی ئەوروپا، واتە دەستگاکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە گەورە و ناسراوەکان، پەخشخانە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکان، دەستگا ئەکادیمییەکان و تەنانەت زانستگەکان، لە ڕووی سیاسییەوە کۆنترۆڵ کراون و، ڕاستەوخۆ بێت یا ناڕاستەوخۆ، سیاسەت و ئیدیۆلۆگییەکی دیاریکراو هەڵیاندەسووڕێنێ. ئەم ئیدیۆلۆگییەیش ناوەڕۆکێکی ڕەگەزپەرستانە و دژەڕۆژهەڵات و دژەئیسلامی هەیە. لەبەر ئەوە ئێمە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین ئەمانە لە خۆیانەوە بێن و ئەدەب و شیعر و چیرۆکی کورد تەرجەمەی زمانانی خۆیان بکەن و لەسەری بنووسن و بایەخی پێ بدەن. کاتێ ئەمە دەکەن کە کاریان بە کورد بێت و ناوهێنانی کورد خزمەتی ئامانجە سیاسییەکانیان بکات. تۆ سەرنجی ئەوە بدە تەنانەت ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە زمانی کوردیشیان زانیوە و ئەدەبەکەیان ناسیوە، نەهاتوون ئەدەبی کوردی تەرجەمە بکەن، بەڵکە هەمیشە خۆیان بە فۆلکلۆرەوە خەریک کردووە. بۆ؟ چونکە فۆلکلۆر ئەوە پێشان دەدات کە ئەو گەلە، ئەو نەتەوەیە، هێشتا لە قۆناخێکی سەرەتایی و پێشنەکەوتوودا دەژی، هێشتا فێری ژیانی مۆدێرن و شارستانەتی نەبووە و ناتوانێ شتێکی نوێ و داهێنانێکی گرنگ بەرهەم بهێنێ.

لەم ساڵانەدا هەندێ تێکستی کوردی تەرجەمەی زمانانی ئینگلیزی، سوێدی، ئیتالیایی، فرانسی و هۆڵاندی کراون، بەڵام ئەم تەرجەمانە هەرگیز بایەخی

ڕاستـەقینـەیان پێ نەدراوە و وەک ئەدەبێکی جیـددی و ڕێزگیـراو جێگەی شـایانی خۆیان وەرنەگرتووە.

بەشـێک لەو کـارانەی من خـۆم لە ئەوروپا کـردوومن، ئەوەیـە کـە کۆمـەڵـێ بەرهـەمی کوردیم کردوونە سـوێدی و ئینگلیزی. سەرەتا ساڵی ١٩٨٥ بیست شیعری مامۆستا گۆرانم، بە هاوکـاریی کـاک بەخـتیـار ئەمین و شـاعیـری سـوێدی لارش بێکسـتـرۆێم، کـردنە سـوێدی و بە کـتـێـبێک بڵاومـان کـردەوە، (فـرمـێسـک و هونـەر). لە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە سـوێدییـەکـاندا سـێزدە جـار لەسـەری نووسـرا. سـاڵی ١٩٩١ کـتـێـبی (بۆنی هـەوری وڵاتەکـەم)مان بڵاو کـردەوە کە شـیـعری چـواردە شـاعیـری کورد بوو بە زمـانی سـوێدی و دیسـان تا ڕادەیـەک لەلایەن ڕەخنەگـرانەوە بـە سـەر کـرایەوە. پار لەسـەر داوای گـۆڤـاری نێـونـەتەوەییی لێکۆڵینەوەی کـوردی کـە لە نیـویۆرک بڵاو دەبێـتـەوە، شـیـعـری دوانزدە شـاعـیـری کـوردم کـردە ئینگلیـزی و نزیکەی حـەفـتـا لاپەڕەی گـۆڤـارەکـەی گـرتەوە. چەند سـاڵێک لەمـەوبەر لەسـەر داوای گۆڤـارێکی منداڵان لە ئەمـەریکا کـۆمـەڵێ تێکسـتی ئەدەبی منداڵانی کـوردم کـردە ئینگلیـزی. ئێـسـتـایش ئەنتـۆلۆگییـەکی چیرۆکی کوردی ئامـادە دەکەم بە زمـانی سـوێدی، خـوا یار بێت لە ماوەی ئەم ساڵەدا بڵاو دەبێتەوە.

بە گشتـی بەرهـەمی شاعیـران و چیرۆکنووسـانی کورد یەکجـار کەمـی تەرجەمـەی زمـانـان بووە و خـوێنەری ئەوروپایی ئەدەبی کـوردی ناناسـێت. لەناو شـاعـیـرانی کـلاسـیکی کـورددا مـەلای جـەزیری و ئەحـمـەدی خـانی تا ڕادەیەک ناسـراون و بەرهەمـیـان تەرجـەمـەی چەند زمـانێک کـراوە (ئەویش زۆرتـر لە بازنەیەکی تـەسکی ئەکادێمیدا). لەناو شـاعیـرانی ئـەم سـەردەمـەی کوردسـتـانیـشدا پێم وایە شـیـعـری مـامـۆسـتـا گـۆران و شـێـرکـۆ بێکەس و فـەرهـاد شـاکـەلی لە هەمـووان زیـاتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانانی ئەوروپا.

کۆمـەڵ: لە کۆمـەڵە شیـعری (ژێ)دا بۆنوبەرامـە و ڕەنگی شیـعرەکانی هـەر یەک لە (مەحوی و نالی) دەبینین، ئەمە تەنیا کاریگەریی شیـعرییـە، یاخود کاریگەریی باوەڕ و بیرکردنەوەی ئەوانیشە بەسەرتەوە؟

شاکەلی: شیـعرەکانی دیوانی (ژێ) لـە ماوەی هەشت نۆ ساڵێکدا نووسراون. هەر

بەو پێیەیش دەبێ شۆپ و کاریگەریی جیاوازیان تێدا بە دی بکرێت. ڕاستییەکەی لەو ساڵانەدا من خۆم لە قەیرانێکی فیکریی زۆر قووڵ و دژوار و هەناسەچکێندا دەژیام. هەوڵم دەدا شتی جۆربەجۆر بخوێنمەوە. دەستم دابووە خوێندنەوەی فەلسەفە، ئەدەبی کلاسیکی فارسی، ئەدەبی کلاسیکی کوردی، زمانە کۆنەکانی ئێران وەک فارسیی کۆن و پارسی و پەهلەوی و مانێکی و ئاڤێستا. دەمویست شارەزایی لە تەسەووفدا پەیدا بکەم. ئیمامی غەززالیم دەخوێندەوە. گوننار ئێکەلوێفی سوێدیم دەخوێندەوە.

من پێشتریش دیارە ئەدەبی کلاسیکی کوردیم دەناسی و خوێندبوومەوە، بەڵام ئەم جارە بە چاوێکی دیکە و لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەمخوێندەوە. دەمویست نرخە زمانەوانی و ئێستێتیکی و مرۆڤایەتییەکانی ناو ئەو ئەدەبە باشتر بناسم و تێبگەم. لەو ماوەیەدا زۆر شاعیری کوردم خوێندەوە، بەڵام لەناو هەموویاندا بایەخێکی زیاتر و قووڵترم بە مەلای جەزیری، خانی، نالی، مەولەوی و مەحوی دەدا. ئیتر لەمەوە ئاشکرایە کە کارکردی ئەو شاعیرە گەورە و داهێنەرانە لێرە و لەوێ لە شیعرەکانمدا دەردەکەوێت، چ لە ڕووی هونەرییەوە و چ لە ڕووی فیکر و بیروباوەڕەوە بێت.

ئامادەکردنی: ڕەوشت محەمەد

سەرچاوە: کۆمەڵ، ژمارە (٢١٣): ١١-٣-٢٠٠٦

## شیعر منی هەڵبژارد

لانتز: چۆن بوو کە دەستت پێ کرد شیعر بنووسیت؟

شاکەلی: ئەوە من نەبووم کە شیعرم هەڵبژارد، بەڵکە شیعر منی هەڵبژارد. من لەناو خێزانێکی ڕووناکبیر و خوێنەواردا گەورە بوومە و لەوێ شیعر هەمیشە نەریتێکی زیندوو بووە. من یەکەمین شیعرەکانم لە تەمەنی دوانزدە ساڵاندا نووسی و یەکەمین جاریش کە شیعرێکم لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو بووەوە شانزدە ساڵان بووم. پێوەندیی مرۆڤ و شیعر لە کوردستاندا پێوەندییەکی بەهێز و گیانی بە گیانییە.

لانتز: تۆ ئیلهام لە کوێوە دەهێنیت؟ ئایا هەمیشە دەنووسیت یا جاروبار؟

شاکەلی: ئیلهام لەناو خۆمدایە؛ لە ڕۆحمدا، بە شێوەی بیر، یادەوەری (هیی شیرین و تاڵ)، باوەڕ، وێنە، بۆنوبەرامە، نرخ و شتی تر. ژیانی ڕۆژانەیش زۆر شتم دەداتێ. دەکرێ بڵێم بەردەوام دەنووسم، بەڵام ئەوەی دەینووسم هەموو جارێ شیعر نییە. تەرجەمە دەکەم، وتار دەنووسم، لێکۆڵینەوەی زانستی و نیوچەزانستی و ڕانانیش دەنووسم.

لانتز: ئایا شیعر بە هەردوو زمانی سوێدی و کوردی دەنووسیت؟

شاکەلی: من شیعرەکانم تەنیا بە کوردی دەنووسم و بە هیچ زمانێکی دیکەیان نانووسم. چەند ساڵێک لەمەوپێش هەوڵم دا شیعر بە ئینگلیزی بنووسم، بەڵام هەر زوو تێگەیشتم ئەوەی دەمنووسی شیعر نەبوو. بۆ پەخشان مەسەلەکە تۆزێ جیاوازە. من وتار و لێکۆڵینەوە بە سوێدی و عەرەبی و ئینگلیزییش دەنووسم.

لانتز: ئایا پێت وایە زمانێک لە زمانێکی دیکە "شیعریتر" بێت؟

شاکەلی: هەموو زمانەکان شیعری و شاعیرانەن. ئەوە زمان خۆی نییە کە بڕیاردەرە لەم بوارەدا، بەڵکە شاعیرەکەیە؛ شاعیری بەهرەدار و داهێنەرە کە وشەکان دەگۆڕێت و مێتافۆر (وێنەی شیعری) و دەربڕینی جوانیان لێ دروست دەکات.

لانتز: بۆ وەرگێڕانی شیعر چی پێویستە؟

شاکەلی: وەرگێڕانی شیعر یەکێکە لەو ئەرکە هەرە زەحمەتانەی پیاو تووشیان دەبێت. ئەوەی شیعر تەرجەمە دەکات دەبێ چێژێکی چاکی لە زمان و شیعردا و هەروەهایش لە جوانیدا هەبێت و دەبێ هەردوو زمانەکە چاک بزانێت. لە سوێد هەتا ئەمڕۆیش کەسێکی سوێدیمان نییە کە کوردی بەتەواوی بزانێت. لاوانی کوردی نەوەی دووەم کە سوێدییەکی چاک دەزانن، بە چاکی ئاشنای زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی نین. ئەو شیعرە کوردییەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سوێدی بە هاوکاری لەنێوان نووسەری کورد و نووسەری سوێدیدا "تەرجەمە" کراوە.

بەڵام شیعری سوێدی کە کراوە بە کوردی بەختی باشتر بووە، چونکە لێرە لە سوێد زۆر نووسەر و وەرگێڕی کورد هەن کە بەشێکی ئەدەبی سوێدییان پێشکێشی خوێنەری کورد کردووە. ئەمە بەس نییە، بەڵام سەرەتایەکی باشە.

لانتز: لەگەڵ نووسەرانی سوێدیدا هاتوچۆت هەیە؟

شاکەلی: هەندێ جار لەگەڵ ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی سوێددا هاتوچۆم هەیە، بەڵام لێرە، لەم سۆللەنتونایە، پێم وایە تەنیا یەک نووسەر دەناسم.

لانتز: پێوەندیت لەگەڵ هەندێ لە خوێنەرانتدا هەیە؟ لە ئێوارە ئەدەبییەکاندا بەشداری دەکەیت؟

شاکەلی: ساڵانی ١٩٨٥–١٩٩٥ ئاخێوەر و شیعرخوێنەوەیەکی چالاک بووم. سەری گەلێ جێگام داوە لە سوێد و لە وڵاتانی تریش. بەڵام ئێستاکە وا هەست دەکەم ماندووم.

لانتز: ئەوەی لە سوێد نووسیوتە، لە کوردستان بڵاو دەبێتەوە؟

شاکەلی: چاپی تازەی هەندێ لە کتێبەکانم لە کوردستان بڵاو کراونەتەوە. بێجگە لەوە وتار و تەرجەمەیش بڵاو دەکەمەوە و کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان جاروبار دیدارم لەگەڵ ساز دەکەن.

لانتز: لەناو خێزانەکەتدا نووسەر و شاعیری دیکە هەن؟

شاکەلی: من وشەی خێزان کوردانە تەرجەمە دەکەم، واتە خێزانی گەورە یا بنەماڵە، نەک خێزانی ناوکی. بەڵێ، لەناو بنەماڵەی شاکەلیدا پێشتر هەندێ شاعیر هەبوونە، ئێستایش لە نەوەکەی مندا و لە نەوەی گەنجتردا بە لای کەمەوە دوانزدە شاعیر و نووسەرمان هەن.

لانتز: ئەگەر منداڵت هەیە، کەسیان حەزیان لە ئەدەبییاتە؟ ئەی ئەوان لە شیعرەکانی تۆ دەگەن؟

شاکەلی: زریانی کوڕم زۆری حەز لە ئەدەبییاتە. منداڵەکانم شیعرەکانم بە سوێدی و بە ئینگلیزی دەخوێننەوە، بەڵام هەندێکیش بە کوردی.

ئامادەکردنی: ڕاگنی لانتز

گۆڤاری (سێندارن)

ژمارە: ١٠، ساڵی پانزدەیەم، مایسی ٢٠٠٦، لاپەڕە: ٣٨.

Ragni Lantz

Sändaren,nr.10,Årgång15,maj 2006

## ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە؛
## شۆڕشێکی ڕاستەقینەی فەرهەنگی

کەنار: تۆ ڕووناکبیرێکی ئەم گەرمیانەیت و دوایی بە دنیادا گەڕاویت و تێکەڵیت لەگەڵ شارستانەتی و فەرهەنگی تردا کردووە. ئەم گەرمیانەی کە ئێستا دەیبینی لە کوێی دنیای هاوچەرخدایە لە ڕووی ئاوەدانی و فەرهەنگیشەوە؟

شاکەلی: زۆر سەیرە! دەڵێن جۆرە ماسییەک هەیە لە دەوروبەری کەنارەکانی سکۆتلاند دەژین و دوای ئەوەی تۆزێ هەراش دەبن، ئیتر دەچن لە ئاوە گەرمەکانی ئەمەریکای لاتینی دەژین، بەڵام کاتێ مردنیان نزیک دەبێتەوە هەزاران کیلۆمەتر دەبڕن و دێنەوە بۆ شوێنی لەدایکبوونەکەیان و لەوێ دەمرن. من نازانم ئەو ماسییانە کە لە نیشتمان دوور دەکەونەوە چەند تاسەی دەکەن و بیری لێ دەکەنەوە. باوەڕیش ناکەم بیر لە نیشتمان بکەنەوە چونکە هێندەی من بزانم بیرەوەریی ماسی لە نیو دەقیقەیش کورتترە. ڕاستت دەوێ منیش زۆر جار خۆم وەک ئەو ماسییانە دێتە پێش چاو، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە من تاکە ڕۆژێکیش، تاکە ساتێکیش کوردستان و گەرمیان و شاکەلم لە بیر نەچووەتەوە.

جاران کە دوو سیستێمی سیاسی و ئابووریی گەورە و گشتگر لە دنیادا هەبوون، پەراوێزێک بۆ گەلان و وڵاتانی دیکە هێڵرابووەوە و ناوێکی ڕەنگدار و فێڵبازانەیان بۆ داتاشیبوون: (جیهانی سێیەم!). ئەودەم گەلانی هەرە دواکەوتووی دنیا بۆ قەرەبووکردنەوەی بێبەشی و بەدبەختیی خۆیان و وەک جۆرە گاڵتەیەکیش کە ڕەنگە بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بووبێت ناوێکی تریان بۆ خۆیان دۆزییەوە: جیهانی چوارەم. ئێستا ئیتر ئەو تۆزە ئاوڕووپارێزییەش نەماوە و ئەمەریکا خۆی بە گەورە و ئاغا و گشتکارەی ئەم دنیایە دەزانێت و هیچ ڕێزێکی بۆ مرۆڤایەتی و بۆ خەڵکی دنیا نییە و هەموویشیان بە خزمەتکار و بە کۆیلە و بە غوڵامی خۆی دادەنێت.

لە سیستەمێکی وەهادا دەبێ جێگە و پایەی گەرمیانێکی بەدبەخت و هەژار و دواکەوتوو چی بێت؟ نەک گەرمیان، دەبێ کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەیان کامە بێت؟ من کە بیر لەو ڕاستییە دەکەمەوە، بە دەستی خۆم نییە، زۆر جار تووشی بێئومێدی و ڕەشبینی دەبم.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دنیای ئەمڕۆ پڕە لە بێدادی و ناهەقی و ستەم و بێویژدانی، پڕە لە درۆ و فێڵ و چاوبەستی، پڕە لە ڕووخان و داتەپینی نرخە جوانەکانی مرۆڤایەتی. هێزە گەورەکان دەڵێی فیلن، دەڵێی حوشترن، بەم دنیایەدا دەسووڕێنەوە و بە ئارەزووی خۆیان هەموو شتێک پێشێل دەکەن، باکیان بەوە نییە چەند مێروولەی بەستەزمان دەپلیشێننەوە و چەند گوڵی جوان هەلاهەلا دەکەن. لە دنیایەکی ئاوەهادا تۆ چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ کێ ئاوڕ لە گەرمیان و لە کورد و لە گەلانی بندەست دەداتەوە؟ ئێمە چارێکمان نییە لەوە زیاتر کە دەبێ هەوڵی مانەوە بدەین، دەبێ بە هەموو هێزێکمانەوە دەست بگرین بەو نرخە جوانانەوە کە هەمانە، دەست بگرین بە فەرهەنگ و باوەڕ و توانست و بەهرەکانمانەوە، دەبێ بزانین کە ئێمە تەنیا نین، کە بەشی هەرە زۆری مرۆڤایەتی لێی قەوماوە. بەڵام ئەمەیش سەردەمێکە بە سەر دەچێت، ناکرێ هەر وا بمێنێتەوە، ناکرێ و ناشێ مرۆڤایەتی هەتاهەتایە دیل و پێپەستی ناهەقی و بێدادی بێت.

کەنار: با بێینە سەر زمان کە بەشێکی گەورە لە گرنگیپێدانی تۆیە. تۆ لە کۆڕێکی ئەم سەری ساڵەدا لە هۆڵی هونەرمەندان وتت هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی لە ڕووی زمان و ڕێنووسیشەوە ڕاست و دروست نییە. باسی ئەوەشت کرد کە تەنانەت لە زانکۆ و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی کوردستانیشدا زمانی کوردی حاڵی خراپە و پەرێشانە. دەکرێ ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە؟

شاکەلی: پێم وایە من هەر لە ساڵانی منداڵیمەوە پێوەندییەکی یەکجار عاشقانەم لەگەڵ زماندا هەبووە و زۆر هەستەوەرانە لێی وردبوومەتەوە و بیرم لێ کردووەتەوە. ئەو دەمەیش کە لە کوردستان دەژیام بە وردی و ڕەخنەگرانە سەرنجی نووسین و تێکست و چاپەمەنییەکانم دەدا، بەڵام بەڕاستی نەمدەتوانی پشت بە زانست و

تیۆرییەکانی زمان ببەستم، چونکە شارەزای ئەو بوارە نەبووم. لای خۆمەوە هەندێ باوەڕ و بنەمام گەڵاڵە کردبوون کە زادەی سەلیقە و بیرکردنەوەی خۆم بوون، نەک تێگەیشتنێکی زانستی. دواتر کە لە ئەوروپا بە شێوەیەکی زانستی زمانم خوێند و ئاشنایەتیم لەگەڵ هەندێ زمانی دیکەدا پەیدا کرد؛ چ زمانی تازە و چ هیی کۆن و مردوو، کۆمەڵێ بنەما و باوەڕم لەلا دروست بوون و نەدەکرا لە دەرەوەی زانستی زمانەوانی و لە دەرەوەی چێژی ئێستێتیکی بیر لە تێکستێکی کوردی بکەمەوە.

من کە ئەمڕۆ دێم ڕەخنە دەگرم و پێم وایە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێران و شێواندن دەچێت، لە سێ ڕووەوە بیری لێ دەکەمەوە: ڕێزمان و ڕێنووس و ئێستێتیکی بەکارهێنان. چارەسەری نەخۆشییەکانی ڕێزمان و ڕێنووس کارێکی تەکنیکییە، کارێکە پێوەستی بەکارهێنانی زانست و بنەما زانستییەکانە. زانستگەکانی کوردستان و کۆڕی زانیاریی کوردستان و دەستگا و دامەزراوی دیکەیش زۆرن کە ئەم چارەسەرکردنە ئەرکی ئەوان بووە و ئەرکی ئەوانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەمانە هەموویان، بێ ڕیزپەڕ و بێ هەڵاواردن، سەرنەکەوتوون و تووشی شکستێکی گەورە بوونە. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی لەباتیی ئەوەی بەرەو پێش بڕوات، دەیان ساڵ بۆ دواوە بگەڕێتەوە. ئەم دەستگایانە چەند نەوەیەکی کوردیان لە ڕووی زمانەوە سەقەت کردووە، سەدان هەزار کچ و کوڕی کورد کە ئەمڕۆ دەیانتوانی ببنە پێشەنگی تازەبوونەوەی زمانی کوردی و گەشەکردن و جوانبوون و بڵاوبوونەوەی، ئێستاکە بە دەست ڕستەیەکی کوردییەوە دادەمێنن و نازانن چۆنی بڵێن و چۆنی بنووسن، نازانن چۆن باوەڕ و هەست و بۆچوونەکانیان بە کوردییەکی جوان و پاراو و ڕاست و لە پلەیەکی بەرز و زانستانەدا دەرببڕن. لە سەرتاسەری کوردستاندا، تاکە کەسێک لەوانەی کوردیزانن، تاکە یەکێک لەوانەی کوردییەکی جوان دەنووسن، دیارە ئەمانە یەکجار کەم و دەگمەنن، بەرهەمی ئەو دەستگا بەناو زانستی و ئەکادێمییانە نییە. ئەمانە نەیانتوانیوە یەک دانە گەنجی کورد پێ بگەیێنن. تەماشای هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و وەرزنامە و کتێب و نامیلکەیەک دەکەیت سەدان و هەزاران هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووست بەرچاو دەکەوێت. سەدان ڕستە و دەربڕین دەخوێنیتەوە دەڵێی کەسێکی بێگانە کە دوو سێ ساڵێکە فێری کوردی بووە، نووسیونی.

لایەنی ئێستێتیکیی زمان شتێک نییە بە قانوون و بە دەستوور چارەسەر بکرێت. ئەمەیان لە پلەی یەکەمدا پێوەستی کار (یا شاکار) و بەرهەمی نووسەران و داهێنەرانە، پێوەستی ئەو چێژ و سەلیقە و توانستەیە کە نەتەوەیەک لە ماوەی سەدان ساڵدا پەروەردەیان دەکات و دەیانکاتە کۆمەڵە نەریتێک، کۆمەڵە (عورف)ێک، کۆمەڵە نرخێک کە هەر کەسێک کەمترین هەستی زمانەوانی و ئەدەبی و ئێستێتیکیی هەبێت، ناتوانێ و ناوێرێ لێیان لا بدات. ئەمە بەرپرسیارییەکی ئەخلاقییە، بەرپرسیارییەکی مەعنەوییە کە زۆر خۆکارانە (ئۆتۆماتیک) کار دەکات.

هەموو گرفتەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی بەشێکن لەو ئاژاوە و بەرەڵایی و نەخوێندەوارییەی کە سەرتاپێی کوردەوارییان گرتۆتەوە و بوونەتە کۆسپی گەورە و زنجیر و پێبەستی ئەستوور و، دەستوپێی نەتەوە و نیشتمانێکیان بە جۆرێ بەستۆتەوە کە نە دەتوانن بجووڵێنەوە و نە دەتوانن بیریشی لێ بکەنەوە. نەبوونی سیاسەتی فەرهەنگی (السياسة الثقافية، Cultural Policy) کە سیاسەتی زمانەوانی بەشێکی گرنگ و ناوەندیی ئەو سیاسەتەیە، سەرچاوەی هەموو ئەم کارەساتەیە. ئەمە کارەساتێکی یەکجار گەورە و خەتەرناکە. ئەمە سەرەتای داڕزان و لەناوچوونی نەتەوەیەکە. زانستگەکانی کوردستان، کۆڕی زانیاریی کوردستان، وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری، دەستگاکانی ڕاگەیاندن(ی حوکمەتی و ناحوکمەتی) و کۆمەڵێ لایەنی دیکەیش، هەموویان بەرپرسیارن. هەموویان، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، دەستیان لەم کارەساتەدا، لەم تاوانەدا، هەیە.

بوارێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە کە بەڕاستی من کەمجار قسەم لەسەر کردووە، چونکە دەزانم کەم کەس تێی دەگەن، مەبەستم هەژاریی فەرهەنگی و هەژاریی زانستییە. من زۆرجار کە کتێبێکی کوردی دەخوێنمەوە، کە چاو بە کتێبێکی خوێندنگەدا دەگێڕم، کە وتارێکی درێژ و پانوپۆڕی ناو گۆڤارێکی جیددی تەماشا دەکەم و کە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان دەبینم، بەڕاستی شەرم دامدەگرێت، بەڕاستی هەست بە رووخان و بێئومێدی و هەڵوەشانەوە دەکەم. ئایا ئەمەیە فەرهەنگی نەتەوەیەکی وەک کورد؟ ئایا ئەمە فەرهەنگ و زانستە کە دەرخواردی مرۆڤی کورد و خوێنەری کورد و منداڵی کورد و لاوی کورد دەدرێت؟ ئێمە بەم پلە نزمەی زانست و فەرهەنگەوە چۆن دەتوانین ببینە بەشێک لە دنیای

ئەمڕۆ؟ ئەی ئەو هەموو قسە زل و پووچ و بێناوەڕۆکانەی وەک (عەولەمە و کۆمەڵگەی مەدەنی و دیمۆکراسی و عەلمانییەت و یەکسانی) بەم بیر و تێگەیشتن و خوێندەوارییە گۆج و ئیفلیجە بە دی دەهێنرێن؟

پرسیارێکی مەنتیقی و لۆگیکییانە، دوای دەربڕینی ئەم بیروباوەڕانەی من، ئەوەیە ئایا چارە هەیە؟ ئەی چارە، ئەگەر هەیە، چییە؟ بێگومان چارە هەیە. ئەمڕۆ زانست گەیشتۆتە پلەیەک و بە جۆرێک بە دنیادا بڵاو بووەتەوە کە خەڵک دەتوانن سوود لە بەشی هەرە زۆری وەربگرن و بیکەنە کەرەستەیەکی فەرهەنگی و ئەپستیمۆلۆگی، بیکەنە ڕێبەرێک بۆ پێشکەوتن و گەشەکردن. ئەم سوودوەرگرتنە دەکرێ لە پلەی تاکەکەسدا بێت و دەکرێ لە پلەی گەل و وڵات و نەتەوەیشدا ڕێک بخرێت. بۆ ئێمەی کورد ئەمەی دوایی گرنگ و پێویستە. ئەمەیان دەبێ دەستەڵاتی سیاسی جێبەجێی بکات، دەبێ لە چوارچێوەی نەخشەیەکی ڕێکوپێک و تۆکمە و ژیرانەدا بێت، دەبێ دەستەڵاتی سیاسی لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە پشتگیریی بکات. ئەم پرۆژەیە پێی دەگوترێ (سیاسەتی فەرهەنگی). سوودوەرگرتن هەرگیز بەو مەعنایە نییە کە هەموو نرخە مێژوویی و ڕۆحی و شارستانی و فەرهەنگییەکانی خۆمان بسووتێنین و ببینە دیلی فەرهەنگ و شارستانەتییەکی بێگانە. ئەمڕۆ لە کوردستاندا جۆرە تێگەیشتنێکی وەها هەیە و کارکردێکی یەکجار خراپی لەناو خەڵکدا هەیە. ئەو بیرە بیری کەمالیزمە، بیری ئەتاتورکە، یا با بڵێین لاساییکردنەوەی کەمالیزمە. ئێمە دەبێ سوود لە هەموو لایەنە چاک و ڕاستەکانی فەرهەنگ و شارستانەتیی دنیا وەربگرین و بوێرین لایەنە پیس و خراپ و بۆگەنەکانی فەرهەنگی خۆیشمان فڕێ بدەین و زیندەبەچاڵی بکەین، بەڵام توند دەست بگرین بە نرخە بەرزە ڕۆحی و فەرهەنگی و شارستانەتییەکانی خۆمانەوە. دەزانم ئەمە هاوکێشەیەکی ئاسان نییە، جێبەجێکردنیشی ئاسان نییە. تەنیا سەرکردە و سەرکردایەتییەکی یەکجار ژیر و بوێر و دڵسۆز و دووربین دەتوانێ کاری بۆ بکات.

ئێمە پێویستمان بەوەیە زمانی کوردی بکەینە زمانێک لە هەموو، تۆ بڵێ لە زۆربەی، بوارەکانی زانیاریدا دەستەڵاتی هەبێت و بیگوێزێتەوە بۆ خوێنەری کورد. پێویستمان بە دەربڕینی تازەیە، پێویستمان بە تێرم و زاراوەی تازەیە، پێویستمان بە مێتۆدیکی تازەی زانستیی ڕۆژاوایە لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا، پێویستمان

بەوەیە بابەتە جۆراوجۆرەکانی زانست و زانیاری بە کوردی بەرهەم بهێنین. ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە؛ شۆڕشێکی ڕاستەقینەی فەرهەنگی.

کەنار: بە بڕوای تۆ وەک شارەزا و ئەکادیمییەکی ئەم بوارە گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی خاڵ بە خاڵ کامانەن؟

شاکەلی: من ناتوانم لە ڕێگەی وەرامدانەوەی ئەم پرسیارەوە باسێکی قووڵ و دوورودرێژی تیۆری لەبارەی زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووەوە پێشکێش بکەم. دەزانم ئەمڕۆ بووەتە نەریتێک هەر کەسێک باسی زمانی کوردی دەکات یەکسەر ئەو هیپۆتێزە دووپات و سەدپات دەکاتەوە کە گوایە کورد زمانی ستانداردی نییە. ئەمە ڕاست نییە. ئەمە قسەیەکە لەسەر بیرکردنەوەیەکی نازانستی هەڵچنراوە و لای هەندێ کەس ئامانجێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگیی لە پشتەوەیە.

دەمەوێ هەر بەکورتی عەرزت بکەم کە من پێم وایە ئێمە زمانی ستانداردی کوردیمان هەیە. ئەو زمانەی ئێستا تۆ پرسیاری پێ دەکەیت و پێی دەنووسیت و من و سەدانی وەک من پێی دەنووسین زمانێکی ستانداردە، بەڵام ئەگەر نەبووەتە زمانی فەرهەنگی و زانستیی هەموو کورد، دیارە کۆمەڵێ هۆی سیاسی و مێژوویی هەن کە نەیانهێشتووە ئەمە بێتە دی. سەرکەوتن بەسەر ئەو هۆیانەدا، بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا، کارێکی نەکراو نییە.

ئەمڕۆیش دەیان هێزی ڕەشی بێگانە و دەرەکی و هیی ناوخۆیش چالاکانە بۆ ئەوە تێدەکۆشن ئەو زمانە ستانداردە ئەدەبییە بپووکێننەوە و لە ناوی ببەن. لە کوردستانی عیراقدا، لە ماوەی چل ساڵی ڕابوردوودا دوو دیاردەی گەش و ڕووناک بەرەو کامڵبوون و پتەوبوون دەچوون: زمانی ستاندارد و ئەدەبی و بەنەتەوەبوون؛ خۆبەنەتەوەزانین. ئەمڕۆ ئەو دوو دەستکەوتە مێژوویی و نەتەوایەتییانە بەرەو پووکانەوە و هەڵوەشانەوە دەچن. هەم دوژمنانی کورد و هەم کورد خۆیشی لەو وێرانکارییەدا بەشدارن. ئەو ئەزموونەی ئەمڕۆ لە کوردستانی خوارووداء لە کوردستانی عیراقدا، لە ئارادایە دەتوانێ ببێتە ناوەندی پێشخستن و بەڕەسمیکردنی زمانی ستانداردی کوردی، لە هەموو کوردستاندا، دەتوانێت ئەو

زمــانە زۆر دەوڵەمــەند بکات و گــەشــەی پێ بدات تا ئەو ڕادەیەی کــە دەرۆســتی لەخۆگرتن و بەرهەمهێنانی بەشێکی گەورە و گرنگی زانیاری و زانستەکانی دنیای ئەمڕۆ بێت.

کەنار: ئێستا نێوەندی ڕەهەند و ڕەهەندییەکان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و ئەدەبی کوردیدا مایەی ئیعجاب و سەرسامیی بەشێکی زۆر لە گەنجی کوردن. بیروڕای تۆ دەربارەی ئەوان چییە؟

شــاکــەلی: ئەم نــاولێنانــە تۆزێک ســەیر دێتــە بــەرگــوێ. من ناتوانم ئەو دۆستــانە هەموویان وەک یەک تەماشا بکەم و هەڵسەنگێنم. چ لە سەرەتاوە و چ ئێستایش ئەمان لە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز و پلەی جیاواز و ئاستی هونەریی جیاواز پێک هاتوون. ناکرێ وەک کۆمەڵێک، وەک یەکەیەکی هاوڕەگەز قسەیان لەسەر بکرێت. دەکرێ وەک تاکە کەس، وەک تاکە نووسەر، باس بکرێن. ئەوەیش دیســان ڕەنگە ڕێگەیەکی ڕاست نەبێت بۆ ناسین و ناساندنی نەک تەنیا یەکێک لەوان بەڵکە هەر هونەرمەند و نووسەرێک. لەناو ئەمانەدا نووسەری باش و جیددی هەیە و کۆلکەنووسەری نەخوێندەواریش هەیە. ئەمانیش وەک ڕوانگە و وەک گەلێ گرۆی ئەدەبیی دیکە، لە ماوەی چەند ساڵێکدا لە بێژنگ دەدرێن؛ یەک یا دوویان دەبنە نووسەری چاک و داهێنەر و سەرکەوتوو، ئەوانی دیکەیش یا هەر لێ دەچنەوە یا دەبنە نووسەری پلەی چوارەم و پێنجەم.

(پاژنەی ئەشیل: Achille’s heel)ی نووسەرانی ڕەهەند زمانەکەیانە، زمانە کوردییەکەیان. لە سەردەمێکدا وای لێ هاتبوو پێیان دەگوترا (نووسەرانی خود و ئەڵبەتە و شوناس!)، دەگوترا ئەوەی کۆیان دەکاتەوە تەنیا کوردینەزانینە. هەر ئەم لاوازییەیشە بووەتە هۆی ئەوەی ناحەز و نەیارەکانیان، تەنانەت کەسانی دڵسۆز و ڕاستگۆیش، بە هەق (بەڵام زۆرجاریش بە ناهەق) هێرشیان ببەنە سەر. بۆ کەسێک لە تەمەنی لاوێنیدا بێت و بەهرەیەکی هەبێت، زەحمەت نییە زمانەکەی پێش بخات و لە ئاستێکی بەرزی هونەری و ئێستێتیکیدا بە کاری بهێنێت.

پێشتر چەند تێکستێکی ئەمانم خوێندبووەوە ئەگەرچی، ڕاستییەکەت پێ بڵێم، کەمجار وا ڕێک کەوتووە، شتێکم بە دڵ بووبێت، بەڵام ئەمساڵ یەک دوو بەرهەمم

خوێندەوە کە بەڕاستی جوان بوون، بەرز بوون، داهێنان بوون. لەدڵەوە گەشامەوە، بەڵام خۆزگە..... ئەمە ڕەخنەیەکە دەکرێ بەو نووسەرە خۆی بڵێم.

کەنار: تۆ لە شیعر و جیهانیشدا پیاوێکی عیرفانییت. شوێن و کاریگەریی تەسەووف بەئاشکرا بە بەرهەمەکانتەوە دیارە. دەربارەی ئایین، تەسەووف چی ئەڵێی؟ ڕۆڵی تەسەووف لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا چەند کاریگەرە؟

شاکەلی: پێشتر گەلێ جار وەرامی پرسیاری لەم بابەتەم داوەتەوە و بە دوورودرێژی قسەم لەسەر کردووە. هەروەها لە هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادێمیدا، کە بە ئینگلیزی نووسیومن، ئەم باسەم تاووتوێ کردووە. تۆ یا من هەڵوێستمان لەسەر دین و لەسەر تەسەووف هەرچییەک دەبێت با ببێت، بەڵام دەبێ پێ لەو ڕاستییە بنێین کە بەشی هەرە زۆر و جوان و بەرز و داهێنەرانەی ئەدەبی کوردی و فەرهەنگی کوردی و فیکری کوردی، تا ئاستی لەسەدا نەوەت (٩٠٪) و بگرە سەرووتریش، بەرهەمی تەسەووفی کورد و بەرهەمی مزگەوتەکانی کوردستانە.

جارێکیان لە کۆنفرانسێکی گەورەدا لە (بەرلین) ئەم باوەڕەم دەربڕی، هەندێ کەس زۆریان پێ ناخۆش بوو. برایەکی نووسەری مارکسیست لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، وتی من ئەگەرچی تا سەر ئێسقان دژی ئیسلامم و حەزم دەکرد هیچ شتێکی کورد بەرهەمی ئیسلام و تەسەووف نەبووایە، بەڵام قسەکەی شاکەلی ڕاستە. خۆزگە وا نەبووایە، بەڵام وایە.

ئەم باسە لەناو ئێمەدا بە شێوەیەکی هێندە سادە و نەزانانە دەهێنرێتە گۆڕێ، کە هیچ بوارێک بۆ زانست و مەنتیق و ویژدان و ڕاستگۆیی ناهێڵێتەوە.

کەنار: پەیوەندیی ژینگە و داهێنان بە یەکەوە چییە؟ دەوترێ گەرمیان لەبەر ئەوەی ئاووهەوای وشک و گەرمە، سەرزەمینی داهێنان نییە.

شاکەلی: ئەمە قسەیەکی فاشیستانە و ڕەگەزپەرستانەیە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، دەبوو لە میسردا هەرگیز شاخێکی وەک (تاها حوسێن) و لە کووفەدا (موتەنەببی) و لە شارەزوور (نالی) و (مەولانا خالید) و لە بەسرەدا (بەدر شاکر سەییاب) هەڵنەکەوتنایە. یان دەبوو هەموو خەڵکی سوێد و باڵەکایەتی و سویسرا شاعیر و

نیگارکێش و ڕۆماننووسی گەورە و داهێنەر بوونایە. قسەی وا کەسێکی بەئاوەز بە پوولێکی قەڵبی مسینیشی ناکڕێت. هەر ئەمڕۆیش جێدەستی داهێنەرانی گەرمیان لە زۆر بواری ژیانی فەرهەنگیی کوردستاندا دیار و لەبەرچاوە. من وایشی دەبینم لە ماوەی بیست سی ساڵی داهاتوودا کەسانی داهێنەر و هەڵکەوتووی گەرمیان بەشدارییەکی گەورە، نەک لە ئاستی کوردستاندا، بەڵکە لە ئاستی مرۆڤایەتیدا، پێشکێش دەکەن. بەڵام من نامەوێ گەرمیان لە کوردستان دابڕم و بیکەمە دیاردەیەکی بێڕەگوڕیشە و بێمێژوو. گەرمیان بە کوردستانەوە جوانە و کوردستانیش بە گەرمیانەوە.

مامۆستا (مەسعوود محەمەد)ی گەورە لە نووسینێکیدا بە سەرسووڕمان و ڕێزەوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە کوێرەدێیەکی وەک (سرهند)ی هیندستانی چوارسەد ساڵ لەمەوبەردا زانا و بلیمەتێکی وەک (شێخ ئەحمەدی سرهندی، کە ساڵی ١٦٢٤ وەفاتی کردووە) هەڵکەوتووە. ئەوە ڕووداوێکی تایبەتی سرهند و هیندستان نییە، لە هەموو جیهاندا نموونەی هەیە و زۆریشە.

ئەم ڕوانگە فاشیست و ڕەگەزپەرستانەیە تەنانەت لە دنیای بەناو مۆدێرن و پێشکەوتووی ئەمڕۆیشدا هەیە. هەر لەم ئەوروپایەدا هەزاران کەس هەن وا بیر دەکەنەوە کە عەرەب و ڕەشی ئەفریقایی بێعەقڵ و کەمهۆشن و ناتوانن داهێنەر بن.

ئامادەکردنی: حەمید عەلی

کەنار، ژمارە (٢٠)ی ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ٢٠٠٧

لاپەڕە: ٣ و ٥.

# ئێمە بووین

## لە سەرەتای حەفتاکاندا شیعری کوردیمان نوێ کردەوە

### دەستپێک

هەنار: هەست دەکەی چی ماوە لەبارەی نەوەی (بزووتنەوەی ڕوانگە)وە نەوتراوە و تۆ حەز دەکەیت لە دەستپێکدا باسی لێوە بکەی؟

شاکەلی: لەبارەی نوێخوازانی سالآنی حەفتاکانەوە، ئەگەر بمانەوێ وای ناو بنێین، واتە ئەو نەوەیەی دوای گۆران هاتووە و شیعرێ کوردیی تازە کردۆتەوە، من پێم وایە ئەو وێنەیەی تا ئێستاکە پێشکەش کراوە و لە ئارادایە، وێنەیەکی یەکلایەنەیە، وێنەیەکە بەشێکی ڕاستییەکانی داپۆشیوە و تەنیا بەشێکی باس کردووە و وێنەی کێشاوە، ئەو بەشەیش کە باس کراوە و لە بەردەستدایە مەرج نییە ڕاست بێت. ڕەنگە زۆر شتی تێدا بێت کە لە ڕووی مێژووییەوە، لە ڕووی ئێستێتیکییەوە ڕاستیی نەپێکابێت. کە دەشڵێم نیوەی ڕاستیی وتووە مەبەستم ئەوەیە بەشێک لە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمەی ئەدەبی کوردی بوارێکی باشیان بۆ هەڵکەوتووە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کە بۆچوونی خۆیان لە هەموو بوارێکدا، لەبارەی شیعرەوە، لەبارەی تازەکردنەوەوە، لەبارەی بە مێژووکردنی ئەو بزووتنەوەیەوە، دید و بۆچوونی خۆیان باس بکەن. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەو کەسانە، ئەو نووسەرانە، لە هەموو سەردەمێکدا ئەو دەرفەتەیان دەست کەوتووە: لە سەردەمی پارتیدا، لە سەردەمی بەعسدا، لە سەردەمی یەکێتیدا، لە ئێران، لە سووریا، لە کاتی شەڕی براکوژیدا و لە زەمانی ئاشتبوونەوەدا: هەرگیز لەسەر میکرۆفۆن و لەسەر سەکۆی خۆپێشاندان پەکیان نەکەوتووە، دۆستی هەموو دەسەڵات و هەموو دەسەڵاتدارێک بوون، هەستی نزم و دزێو و پیسی ناوچەپەرستییان کردووەتە سوپەرێکی ڕزیو و ژەنگگرتوو بۆ شاردنەوەی بالآی کورتی خۆیان و قەوارەی ناقۆڵای خۆیان. بەڵام زۆر کەسی تر هەیە ئەو دەرفەتەی

دەست نەکەوتووە. ئێمە ئەگەر باسێکی ئەو شاعیرانە بکەین کە بەڕاستی سەرەتای دەستپێکردنی تازەکردنەوەن لە ئەدەبی کوردیدا، مەبەستم شاعیرانی کەرکووک، کفری، یان گەرمیان یا هەرچی ناوێکی لێ دەنێی، من پێم وایە ئێمە ئەو بوارەمان بۆ هەڵنەکەوتووە و ئەو دەرفەتەمان پێ نەدراوە کە بتوانین هەموو ڕاستییەکان باس بکەین. هەمیشە دەستەڵاتێک هەبووە کە نەیهێشتووە دەنگی ئێمە بگاتە خوێنەری کورد و نەیهێشتووە وزەی داهێنەرانەی ئێمە و بەهرەی ڕاستەقینەی ئێمە و پەیامی ئێمە دەربکەوێت و ببیسترێت. ئەو دەستەڵاتە سەردەمێک دەستەڵاتی داگیرکاران بووە، دەستەڵاتی بەعس بووە، بەڵام دواتر دەستەڵاتی کوردیش هەر وای کردووە. ڕەنگە لە شێوەی هەندێ وتار و لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتندا هەندێ شتمان باس کردبێ، بەڵام بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو سەردەمە دەبێ بە شێوەیەکی زانستییانەتر و بە شێوەیەکی بابەتییانەتر باس بکرێ و ڕا و بۆچوون و هەڵوێست و لایەنە جیاوازەکانی هەموو بخرێنە ڕوو و خوێنەری کورد بتوانێ هەمووی بخوێنێتەوە. ڕەنگە پێت سەیر بێت ئەگەر بڵێم تەنانەت لە ئاستی ئەکادێمیدا، بۆ خوێندنی باڵای زانستگە، ڕێگە لەوە گیراوە کە تێز و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەزموونی ئێمە، لەسەر شیعری فەرهاد شاکەلی یا هەڵمەت بنووسرێت.

هەنار: جگە لەوەی کە ئەکرا ڕەخنەگرانی خۆمان یان ئەوانەی بە کاری توێژینەوە هەڵئەسن، ئەوان ئاوڕیان بدایەتەوە لەو قۆناغ و بزووتنەوەیە و ڕاستییەکانیان بخستایەتە ڕوو، بەڵام نەیانکردووە یان کەمتەرخەم بوونە، ئەی تاکەکانی ناو بزووتنەوەکە(گرووپی کفری) خۆیان بۆ نەیانتوانی ئەو دەرفەتە بڕەخسێنن، هیچ نەبێ وەک هاوارێ، دەنگی خۆیان بگەیەننە دەرەوەی خۆیان یان هیچ نەبێ باسی بکەن؟

شاکەلی: مەبەستت لە تاکەکانی ناو گرۆی کفری شاعیرەکان خۆیانە، پێم وایە هەر یەک لای خۆیەوە هەوڵی داوە ئەوە بکا، بەڵام وەک وتم دەستت نەگاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، نەتوانی لە ڕێگەی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانەوە دەنگی خۆت بگەیەنیتە خوێنەرێک، ئەودەم خوێنەری کورد ناتوانێ تێبگات کە تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، ئایا ڕاستییەکی تر هەیە کە جیاوازە لەوەی تا ئێستا بە ناوی ڕاستییەوە

پێی وتراوە و براوەتە مێشکییەوە. ئەوە هۆیەکی ئاشکرایە، بەڵام دیسانیش لە ڕێگەی کۆمەڵێک چاوپێکەوتنەوە، چ دۆستی خۆشەویستم لەتیف هەڵمەت و چ خۆم و چ کەسانی تریش لەو بوارەدا قسەمان کردووە. هەروەها بە شێوەی وتاریش، من ئەوەی لە بیرم بێ دوو وتارم نووسیوە لەبارەی ئەزموونی شیعرییەوە: یەکێکیان (بە جامی ئەوینێک گیان مەستە و تەن وێران) و ئەوی دیکەیشیان (پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک)ـە، باسێ ئەو ئەزموونەم بە دوورودرێژی کردووە. کاک لەتیف هەڵمەتیش چەند جارێک لە سەمینارەکانیدا و لە بیرەوەرییەکانیدا هەوڵی داوە ڕاستییە مێژوویی و ئەدەبییەکە بخاتە بەردەستی خوێنەری کورد. بۆ ئەویش هێندە ئاسان نەبووە بەرانبەر کۆمەڵەکەسێک ڕاوەستێت کە لەپێناوی دەروونی خۆپەرستانەی خۆیاندا ئامادە بوونە و ئامادەن ڕاستی و جوانی پێشێل بکەن. لایەنێکی دیکەی ئەم باسە ڕاستەوخۆ مەسەلەی ڕەوشتە. ئێمە، نە من و نە هەڵمەت، ئامادە نەبووینە و ئامادەیش نین، لەگەڵ هیچ دەستەڵاتێکدا سازش بکەین، ئەگەر هێندەی سەرەدەرزییەک، هێندەی گەردێک ببێتە هۆی ڕووشاندنی ناو و ناوبانگمان یا زیان بە نەتەوە و نیشتمان بگەیێنێت، بەڵام هەموو کەسێک ئاوا، وەک ئێمە، بیر ناکاتەوە.

## لەبارەی ڕوانگەوە

هەنار: لە دەرەوەی (ڕوانگە) ڕەخنەیەکی زۆر گیراوە لە کار و بەرهەمی ئەو گرووپە، لە کەسەکانی ناو گرووپەکە، لە بەیاننامەکەی گرووپەکە، لەو تازەکردنەوەی کە ویستوویانە بیکەن، بەڵام ئەو ڕەخنانە نەیانتوانیوە وەک پێویست گۆڕانکاری لە ماهییەتی پرۆژەکەدا بەرجەستە بکات. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە کەسەکانی ناو ئەو گرووپە دەنگەکانی دەرەوەی خۆیان پشتگوێ خستبێت، ئەگەرنا خۆ دەبێت ڕەخنە هەموو کات گۆڕانکاری بکات بە پۆزەتیڤ یان نەگەتیڤ؟

شاکەلی: بەڕاستی بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی جەنابتان پێوەندیی بە پێکهاتەی گرۆی ڕوانگە خۆیانەوە هەیە. ئەگەر پرسیارەکەتان تایبەت بێت بە ڕوانگەوە پێویست ناکات من وەڵامی بدەمەوە با خۆیان وەڵامی بدەنەوە، بەڵام هێندەی پێوەندیی بەو پاشخانەوە هەبێت کە هەموومان لێیەوە هاتووین، دەکرێ

قسـەیەکی لەبارەوە بکەم. بە گشـتی من دەتوانم بڵـێم گرۆی ڕوانگە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی و هۆشیاری و فـەرهەنگی نەبوو، کۆبوونەوەیەکی زیاتر سیـاسی و کۆمەڵایەتی بووە. لـەبەر ئەوە ئـەگـەر لەبارەشـــیـــانەوە نووســـرابێ هیـچ کـاریگـەرییـــەکی نـەبووە لەسـەریان وەک گـرووپ، ڕەنگە وەک تاکەکەس ئەو کـاریگەرییـەی هەبووبێت. چونکە وەک وتم هیچ شـتـێک ئەمـانەی کـۆ نەکـردۆتـەوە، ئەوە نەبێ کـە کـۆمـەڵە کـەسـێکن ویستوویانە هەندێ دەستکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتییـان هەبێ، ویستوویانە هەندێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسییش بکەن، یا ڕەنگە ئەوە ڕاستتر بێت بڵێم ویستوویانە لە یارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا بەشدارییەک بکەن و جێپێیەک بۆ خـۆیان بدۆزنەوە. کـۆبوونەوەکـەی ئەوان لـەسـەر ئەو بنـاغـەیە بووە، نـەک لەسـەر بناغەی ئێستێتیکی و زمانەوانی و شیعری. بێگومان دەبوو ڕەخنە، لێرەدا مەبەست ڕەخنەی ئـەدەبییـە، ڕۆڵێکی هەبووایە، ئەگـەر لە گـۆڕینی گـرۆیەکـەیشـدا نەبێت، لە گـۆڕینی کـەسـەکـاندا و لە گـۆڕینی تێکست لای ئەوان. من ناتـوانم بڵـێم هـەر هیچ گـۆڕانێک لای ئەو برایانـە ڕووی نەداوە. ئەگـەر بـە وردی تەمـاشـای بەرهەمـی یەک دوویەکیان بکەین، لـە ماوەی بیست سی ساڵی ڕابوردوودا گۆڕان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام پێم وا نییـە گۆڕانەکە هێندە قـووڵ بێت کە بووبێتە نیشـانەی قۆناغی بە تەواوی جیاواز لە ژیانی ئەدەبی و هونەریی ئەواندا.

لێـرەدا ڕوونکردنەوەیەک بـە پێـویست دەزانم؛ بەڕاسـتی دەمـێکە گـرووپی ڕوانگە نەمـاوە و شـتێک نییـە ناوی ڕوانگە بێت. ئەو شـەش حـەوت کەسـەی لە سـەرەتاوە بەیـانی ڕوانگەیـان دەرکـرد و دواتر وەک ڕێکخـسـتنێکی نیـوە فـەرهەنگی و نیـوە سیـاسی کاریان دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە شتێکی ئەوتۆیان پێکەوە نەماوە. هەندێکیـان بوونە بەشـێک لە حـیـزبە سـیـاسـیـیـەکـان، بە حـیزبی بەعـسـیـشـەوە، هەندێکیشیان لە ڕووی ئەدەبییەوە هیچیان پێ نەما. بەڵام یەک دوویەک لە ئەندامە دیارەکـانی ڕوانگە بە شـێـوەی دیکە خـەڵک لـە خـۆیان کـۆ دەکـەنەوە و لەسـەر هەڵسوکـەوتە نائەدەبی و نافـەرهەنگییـەکـانی جارانیـان هـەر بـەردەوامن. لەبەر ئەوە دەبینی لەم قسانەمدا من بە ناچاری ئەو دوو شێوە جیاوازەی ڕوانگە تێکەڵاو دەکەم.

لایەنێکی گرنگ لای ئەندامـانی ڕوانگە هەیە کە زۆر سەرنجڕاکێشـە و پێم وا نییە بە درێژاییی ئەو هەموو ساڵە گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت، ئەویش شێوەی کارکردنی

ئەوانە، شێوەی خۆ پێشکەشکردن و خۆبردنەپێشەوەیانە. لە ماوەی سیوپێنج ساڵی ڕابوردوودا سەرانی ڕوانگە هەمیشە وەک گرۆیەکی داخراو کاریان کردووە، هەمیشە هەڵوێستیان بەرانبەر کەسانی دیکە لە دڵ و دەروونێکی پڕ لە ڕق و قین و فێڵبازییەوە بووە، هەمیشە هەوڵیان داوە هەموو هەلێک بقۆزنەوە و بە کاری بهێنن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، کە زۆر جار ئەم بەرژەوەندییە ئەدەبی و فەرهەنگی نەبووە و هیچ چاکە و خێرێکی فەرهەنگ و زمانی کوردیی تێدا نەبووە.

لێرەیشدا دیسان مەسەلەی ڕەوشت دێتە پێشەوە. ڕوانگەبازەکان هەرگیز لەوە نەترساون خۆیان لە دەستەڵاتی سیاسی نزیک بخەنەوە و خۆیانی پێدا هەڵواسن... من تەنیا دوو هەڵوێستت بۆ دەگێڕمەوە کە ئێستا ئیتر بەشێکن لە ڕابوردوو بەڵام گرنگە تۆمار بکرێن، بەتایبەت کە ئێمە باسی بەشێکی گرنگی مێژووی ئەدەبیمان دەکەین... (١): من ئەوە نزیکەی سی ساڵە لە دەرەوەی کوردستان دەژیم. لەم ماوەیەدا دەیان جار بۆم هەڵکەوتووە ئەدەبی کوردی بە خوێنەری ئەوروپایی پێشکێش بکەم، بە زمانانی سوێدی و ئینگلیزی. هەرگیز نەهاتووم تەنیا باسی خۆم، یا باسی خۆم و هاوڕێ نزیکەکانم بکەم. ساڵی ١٩٩١ ئەنتۆلۆگیایەکی شیعری کوردیم بە سوێدی بڵاو کردەوە، لەو کتێبەدا شیعری بێکەس و هەڵمەت و پەشێو و هەردی و ئەنوەر قادر و کامەران موکری و عەبدولڕەحمان مزووری و فەرهاد شاکەلیم تەرجەمە کردووە و پێشکێشی خوێنەری سوێدی کردووە. پێشتریش هەڵبژاردەیەکی دیوانی (گۆران)م بە سوێدی بڵاو کردووەتەوە. سێ ساڵ لەمەوبەر گۆڤاری (International Journal of Kurdish studies)ی ئەمەریکایی داوایان لێ کردم بەرهەمی هەندێ شاعیری کورد بکەمە ئینگلیزی. لەو ژمارەیەدا شیعری هەژدە شاعیری کوردم تەرجەمەی ئینگلیزی کردووە. ساڵی پار گۆڤاری (rattapallax)ی ئەمەریکایی داوای شیعری کوردییان لێ کردم، خۆم هەواڵم بۆ کاک شێرکۆ و کاک لەتیف نارد شیعرم بۆ بنێرن و منیش ناردم بۆ گۆڤارەکە و بڵاویشیان کردەوە. من لە ڕۆژگارێکدا شیعری شێرکۆ بێکەس و چیرۆکی حوسێن عارفم تەرجەمەی سوێدی و ئینگلیزی دەکرد کە تاکە خوێنەرێکی ئەوروپایی ناوی شێرکۆ بێکەس و حوسێن عارفیان بەر گوێ نەکەوتبوو. لە کۆنفرانسی ئەدەبی و فەرهەنگیی کۆپنهاگن (دانمارک)، ڤێنیسیا (ئیتالیا)، لەندەن (ئینگلستان) و تۆرێنتۆ (کەنەدا) و گەلێ شوێنی دیکەدا کە باسی مێژووی ئەدەبی کوردیم کردووە بە ئەوپەڕی ڕاستگۆیی و

دڵسۆزییەوە ئەدەبی کوردی و مێژووی ئەدەبی کوردیم پێشکەش کردووە. بەڵام ئەوە پانزدە ساڵە کاک شێرکۆ بێکەس و حیزبەکەی کاک شێرکۆ دەستەڵاتی تەواویان لە کوردستاندا هەیە، نەک میلیۆنان، بگرە بە میلیارد دۆلاریان لە بەردەستدایە، دەیان دەستگای ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و پەخشخانە و چاپخانە دەبەن بە ڕێوە، لە ماوەی ئەم پانزدە ساڵەدا، کەسێکی وەک من، وەک شاعیرێک، وەک ئەکادێمییەک، ئایا یەک دەقیقە، تەنیا یەک دەقیقە لە تەلەڤیزیۆنێکی حکوومەتەکەی کاک شێرکۆوە بوارم هەبووە قسە بکەم یا دەربکەوم؟ ئایا یەک دانە کتێب، یەک دانە دیوانیان بۆ کەسێک چاپ کردووە کە لەگەڵ ئەوان نەبێت یا بە پێچەوانەی ئەوانەوە بیر بکاتەوە؟ ساڵانە دەیان فێستیڤاڵ ڕێک دەخەن و میلیۆنان دۆلار تەخش و پەخش دەکەن و سەدان کۆلکەخوێندەوار لە هەموو دنیاوە بانگهێشتن دەکەن، بەڵام جارێ لە جاران، بە درۆیش بێت، منیان بانگ نەکردووە، ئەگەرچی چاکیش دەزانن بەشداریکردنی من بەشدارییەکی چۆنایەتییە و وەک بەشداریی هەندێ لەو گەلۆر و نەخوێندەوارانە نابێت کە ئەوان کۆیان دەکەنەوە. ئایا لەو دەیان بەرهەم و کارە فەرهەنگی و ئەدەبییانەی لە ئەوروپا کردوومن چەندیان لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی ئەوانەوە باس کراوە و پێشان دراوە؟ جاری وا هەبووە دیوانێکی شیعرم بڵاو بووەتەوە، چەند دانەیەکم بە دیاری بۆ تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکانیان ناردووە، بەرپرسی ئەو لاپەڕەیەی دەبوو هەواڵی بڵاوبوونەوەی دیوانەکەم باس بکات، هەر وا ڕێکوڕەوان وتوویەتی بەداخەوە ناتوانم، چونکە پێیان وتووم ناکرێ ناوی فەرهاد شاکەلی بڵاو بکەینەوە. (٢) لە کاتی شەڕی کوردکوژیدا جەنەراڵەکانی ڕوانگە و عەسکەرە لاتولووتەکانیان بەئاشکرا بەشێک بوون لە خوێناویترین شەڕ و خوێڕیترین هەڵوێست. شیعریان بۆ پیاوکوژەکان دەنووسی و هانی کوردیان دەدا کورد بکوژن و تاڵان بکەن، بڕووخێنن و بسووتێنن. لەو کاتەدا چ من و چ کاک لەتیف هەڵمەت و چ هەر شاعیرێکی دیکە دەمانتوانی خۆمان بکەینە بەشێک لە شەڕەکە و سەکۆیەکی دیکەی بەرانبەر بدۆزینەوە و بە کاری بهێنین. بەڵام من هەست و هۆشی نیشتمانپەروەرانەم ڕێگەی پێ نەدام خۆم لەسەر لایەنێک ساغ بکەمەوە. کە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەم جار، دوای بیستوپێنج ساڵی دوورەوڵاتی، گەڕامەوە بۆ کوردستان و لە هەولێرەوە گەڕامەوە (ئەوسا هەر ئەو ڕێگەیە هەبوو)، زۆر بەئاسانی دەمتوانی دەستگاکانی ڕاگەیاندنی پارتیی دێمۆکراتی کوردستان بە کار بهێنم بۆ

خـۆدەرخـستن و خـۆهـەڵکێـشـان، بەڵام بـە برایانی پارتی و بـە شـەخـسـی کـاک نێچیروانیشم وت، کـە من دەمەوێ سـەری ناوچەکانی یەکێتیی نیشتمانییش بدەم و لە شـارەکـانی ئەو ناوچەیەیش سـەمینـار و شـەوی شـیـعرم بۆ ڕێک بخـەن. دەبێ بۆ مێـژوو ئەوە بڵێم کـە سـەرکـردایەتیی پارتی و کـاک نێچـیروان زۆر ڕەوشـتـبـەرزانە بیـرەکەمـیـان وەرگرت و، زۆریشـیـان یـارمـەتی دام بـۆ هـاتوچۆ لەنێـوان ناوچەکـانی هەردوو حکوومـەتەکـەدا. تەنانـەت وا ڕێک کـەوت کـە پێـشـتـر لە سلێـمـانـی چاوم بـە جـەنابی مـام جـەلال کـەوت و نزیکەی حـەفـتـەیەک دوای ئەوسـا چاوم بە جـەنابی کـاک مـەسـعـوود بارزانی کـەوت، بێ ئەوەی ئـەم شـتـانە لـە ڕێز و خـۆشـەویسـتـیی ئەوان بەرانبـەر مـن کـەم بکاتەوە. مـن، نە ئەوسـایش و نە دواتریش، نە لە سلێـمـانی دژی پارتی قسەم کرد و نە لە هەولێر و دهۆک قسەم بە یەکێتی وت. نە لە سلێمانی مەدح و سـەنای یەکێتیم کرد و نە لەهەولێر مـەدح و سـەنای پارتی. چەند سـاڵ دواتر هەر ئەو جەنەراڵە ئەدەبییانەی شەڕی کوردکوژیمان بینی چۆن زەلیلانە چوونە بەردەستی سەرکردایەتیی ئەو لایەنەی بە دوژمن و کۆنەپەرست و خائینیان دادەنا.

شـتێـکی دیکە لەسـەر گرووپی ڕوانـگە هەیە و پێم باشـە لێرەدا بگوترێ و بزانرێت. ئەو برایانە بەڕاستی لە ڕووی فەرهەنگییەوە دواکەوتوو بوون. هەرگیز ڕووناکبیرێکی ڕاسـتـەقینەیان تێدا نەبووە. هەمـیـشـە نیـوەڕووناکـبـیر و نیـوەسـیـاسـی بوون. هیچ کەسـێکی سـەر بە ڕوانگە نەبووە و نییـە لە کوردی و عـەرەبی بـەولاوە زمـانێکی تری زانیبێت و بزانێت. هەمیشـە کتێبی تەرجەمەکراوی دەسـتی دووەم و دەستی سێیەم و چوارەمیان خوێندووەتەوە.

هەنار: ئەوە ڕەخنەگرتنە لەو برادەرانە یاخود تاوانبارکردنیانە.

شاکەلی: نە ڕەخنەگرتنە و نە تاوانبارکردنیانە، بەڵکە ڕاستییەکی مێژووییە.

هەنـار: بە ڕای ئێـوە بـڕیاری تازەکـردنەوە لـە تووڕەبوونـی ئەو دەسـتـەوە سـەرچاوەی گرت یاخود تازەکردنەوە پێویستییەکی ئەو قۆناغە بوو؟

شـاکەلی: با جـارێ سـەرەتا ئەوە بـڵێم کـە دەسـتـپێکردنـی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی نە بە بەیانی ئەدەبی دەکرێت و نە بە کۆبوونەوەی نووسـەران، ئەمـە شـتێک نییـە بە بڕیار

بکرێ. من پێم وایە وەک مەسەلەیەکی مێژوویی وا ڕوو دەدات کە ڕووناکبیرێک یان شاعیرێکی بەهرەدار یان کەسێکی زمانەوان یان هونەرمەندێک هەست بە بۆشاییەکی فیکری و ئێستێتیکی دەکات لە بواری فەرهەنگی میللەتەکەی خۆیدا. دوای مردنی مامۆستا گۆران وەک شاعیرێکی گەورە و نوێخواز و ڕێبەر، کورد و خوێنەری کورد بە تایبەتی شاعیرەکان هەستیان دەکرد کە بۆشاییەک هەیە، دەبێ شتێک بگوترێ کە گۆرانیش نەیگوتووە. ڕاستە گۆران شیعری کوردیی تازە کردەوە، بەڵام دەبوو دوای گۆرانیش هەنگاوی تر بنرێ. ئەو هەنگاوەیش ئەوە بوو ئێمە هاوێشتمان، ئێمەی شاعیرانی گەرمیان، کە سەرەتای تازەکردنەوەی شیعری کوردی بوو، بەڵام ئەم شتانە وەک وتم بە بڕیار ناکرێ، دەرکردنی بەیانێک ناتوانێ ببێتە سەرەتای بزووتنەوەیەک.

لە ڕووی فۆرمێلەوە، لە ڕووی شکڵەوە ڕەنگە خەڵک پێی وا بێ سەرەتای بەیانێک گرنگە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باسی بەیانی ڕوانگە بکەین، ئەو بەیانەی ئەوان بڵاویان کردەوە لە پێش هەموو شتێکدا بەیانی سیاسی و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی بوو، نەک بەیانێکی ئەدەبی و فەرهەنگی، ناوەڕۆکەکەی یەک زەڕە باسی ئەوە ناکات ئەدەبی چاک چییە و ئەدەبی خراپ چییە، دەبێ ئەدەبێکی چۆنین بنووسرێت؟ ئێستێتیک چییە، هەڵوێست بەرانبەر زمان دەبێ چۆن بێت، پێویستی قۆناغ چییە و گەلێ پرسیاری گرنگی دیکەی لەم چەشنە. باسی ئەوانە هیچ ناکات. کردەوە و ڕەوتاری نووسەرانی ڕوانگە خۆیشیان دەلیلی ئەوەیە، هێمایەکی ئاشکرایە کە ئەوان ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسییان ویستووە نەک گۆڕین و تازەکردنەوەی ئەدەبی. بۆ نموونە ئەوان یەکێ لە کارە گرنگەکانیان کە شانازیی پێوە دەکەن ئەو تێکستەیە کە پێی دەڵێن بەیانی قەڵەمە نەترسەکان. ئەمە هێرشێک بوو بۆ سەر مەلای کورد. مەلای کورد تاوانی چییە ئەگەر بەعس وڵاتەکەی ڕووخاندووە؟. بۆ دەبێ ڕووناکبیر و داهێنەری کورد دژی مەلای کورد ڕاپەڕێت؟ باسێکی تریان ئەوە بوو دەبێ ژنی کورد پەچە و عەباکەی بسووتێنێ. پێم وایە هەندێ پەچە و عەبایشیان کۆکردبۆوە و سووتاندبوونیان. ئەمە دەکرێت کەسێکی ریفۆرمیست بیکات، بەڵام کاری شاعیرێک یان نووسەرێک ئەوە نییە شتی وەها بکات. تۆ دەبێ لە بواری وشە و لە بواری ئێستێتیکدا، لە بواری جوانکاریێ و دەربڕینی ئەدەبیدا ڕاپەڕین بکەیت نەک لە بواری ئەوەی کۆمەڵ چاک بکەیت. ڕەنگە تۆ وەک داهێنر و وەک ڕووناکبیر بتوانیت

بیـروباوەڕی تازە و تۆوی گـۆڕانکاری لەناو کـۆمـەڵدا بڵاو بکەیتـەوە، ئەمـە شـتـێکی دیکەیە و جیاوازە لە پەچە و عەبا سووتاندن و جنێودان بە مەلا و زانای کورد.

هەبوونی ئەو پێویستییە ئێستێتیکییە زمانەوانییە شیعرییەی باسم کرد، وای کرد کـە بزووتنەوەیەکی تـازەگەری لە کـوردسـتـاندا دەست پـێ بـکات، بزووتنەوەکـە دەبوو هـەر دەست پـێ بکات لە گەرمیانەوە بێت یا لە هەولێر و سلێمانییەوە، گرنگ ئەوە بوو دەبوو دەست پێ بکات، بەڵام ئەو ڕاستییەیش نابێ بشێوێنرێت کە شاعیرانی کفری، شاعیـرانی گەرمیان سـەرەتای ئەو تازەبوونەوەیە بوون و هیچ کەسێک ناکەوێتە پێش ئەوان.

هـەنار: هـێندەی من بـۆی ئەچـم دەبووایـە ئەو نـوێبـــوونەوەیـە یاخـــود ئـەو تازەبوونەوەیە وەک جەنابت دەڵێی هەموو ژانرە ئەدەبییـەکانی گرتبایەتەوە، بەڵام تۆ ئـەگەر تەمـاشـا بکەی بە زەقی ئـەوە دەبینی کـە تەنیـا شـیـعـر بە ڕادەیەکـی بەرچاو تـوانیی سـوود لەو گـۆڕانـە ببـینـی و ژانرەکـانی تـر بە ڕادەیەکی زۆر کـەم. هۆکـاری ئەمـە دەگـەڕێتـەوە بۆ چی، بـۆ ئەوەی کـە شاعیرەکانی نێو ئەو بزاوتە زۆرتر بوون یاخـود تەنیا شـاعیرەکان بڕوایان بە پێویستیی ئەو گۆڕانە هەبوو؟

شاکەلی: لە فەرهـەنگی میللەتاندا، ڕەنگە ئەگەر بکرێ بڵێم میللەتانی دواکەوتوودا، شیـعر شێـوازی زاڵی ئەدەبییـە. ژانرێکی زاڵ لـە ئەدەبدا هەمیشـە شیـعرە. ئەوەیش کۆمەڵێک هۆی مێژوویی هـەیە، کە بۆچی شـیعر شێـوەی زاڵە، شێـوەی سـەردەسـتی دەربڕینـی ئەدەبیــیــە لە لای مـیللەتانـی دواکــەوتوو. ئەمــە پێــوەندییــەکی زۆری بە پێشکەوتنی زانسـتـەوە هـەیـە، زانسـتـە کۆمـەڵایـەتییـەکان، زانسـتـە فیـزیکیـیـەکان، زانسـتـەکـانی تری وەک کـیـمـیـا و دەرمـانسـازی و گـەلێکی دیکەیش، بـەڵام ڕەنگە لەوانیش گــرنگتـــر دەســـتگای دەوڵـەت بێت. ئەگــەر زانســـتـــە کــۆمـــەڵایـەتی و مرۆڤایەتییەکان پێش بکەوتنایە، بێگومان ئەو کات زمانی کوردی بە شێوەیەکی تر بە کـار دەهێنرا و تـەنیـا زمـانـی شـیـعـر نەدەبوو. هـەر بۆیەیش بزووتنـەوەی تازەکردنەوە بێگومـان ڕاسـتـەوخـۆ ڕووی لە شـیـعـر دەکـرد و دەیویست بیگۆڕێت. بـەڵام هـەر لەو سـاڵانەدا لە بواری چیرۆکیشدا بزووتنەوەیەکی نوێخوازی هەبوو. ڕەنگە ڕێک لەگەڵ

تازەکـردنـەوەی شـیـعـردا هاوکـات نەبـوویێت، بەڵام زۆریش لێی دوا نـەکـەوت. ئەو سـەردەمـە ئێمـە چیرۆکنووسـی وەک لەتیف حامـید بەرزنجی و ئەحـمـەد شـاکەلیمـان هەیە کە جێدەستی ئەدەبییان دیارە. حوسێن عارفیش، ئەگەرچی سەر بە نەوەیەکی پێشتر بوو، بەڵام زۆر بـە جیددی دەیویست بەرهەمی تازە و تێکستی تازە پێشکێش بکات.

بە بەراورد لەگـەڵ سـاڵانی هەشـتـاکاندا ئێـستـا ئەدەبی کوردی تەکانێکی باشـی داوە، پەخـشـانی کـوردی هەنگاوی باشـی ناوە، کۆمـەڵی تێکسـتی پەخـشـانی باش نووسـراون، چیـرۆکی باش نووسـراون، ڕۆمـان دەنـووسـرێت، پێم وایە ئەو وێنـەیە وێنەیەکی برێک بەسەرچووە ئەگەر بڵێین تەنها شیعر ژانری زاڵە لە ئەدەبی کوردیدا. بەڵام ئەویش ڕاسـتـە وەک سـەرەتا شـاعـیـرەکـان پێش هەمـووان هەسـتـیـان بەو پێویستییە کرد و بوونە پێشەنگی گۆڕین و نوێخوازی. باوەڕ ناکەم مەسەلەی ژمارە، ژمارەی شـاعیر یا چیرۆکنووس لەم ڕووەوە کارکردێکی هەبوویێت. لێرەدا چۆنایەتی گرنگە نەک چەندایەتی.

هەنار: زۆرن ئەوانەی کـە ئەڵێن بزوتنەوەی ڕوانگە گۆڕانکاریی ڕیشـەییی لە ئـەدەبی کـوردیدا کـردووە، بە ڕای ئێـوە ئـەو گـۆڕانکارییـانـە چین کـە دەیبینن؟

شـاکـەلی: ئەوەی گـۆڕانـکاری ڕیشـەیی بێت و بزووتنەوەی ڕوانگە کـردبێـتـی بە ڕاستـی مـن شـتێکی گـەورە و بەرچاو نابینم! ئـەوەی گۆڕانکاریی کـردووە لە ئەدەبی کـوردیدا تەنیـا ڕوانـگە نییـە؛ ڕوانگە یـەکێکە لەو جـۆگـەلانەی ڕژاونەتـە ناو زەریای ئەدەب و زمـانی کـوردییـەوە. بەڵام لەپاڵ ڕوانگەدا چەند جـۆگـەلـە و ڕووباری دیکەیش هەبوون و هەن. ئـەوجـا ئـەمـە مێـژووی سـیـاسـی نییـە بڵـێین پـارتییـەک یا هێـزێکی سیاسـی ئەو گۆڕانکارییەی بە دی هێنا. لێرەدا مـەسـەلە نووسـەرە و مەسـەلە تێکستە. من سـەیری تێکست دەکـەم، نووسـەری وا هـەیە لە ژیانـی خـۆیدا تێکسـتی گـەورە و باشـی نووسیوە، بەڵام سـەدانی خراپیشـی نووسیوە، نووسـەریش هەیە بە پێچەوانەوە دە تێکسـتی نووسـیـوە، نۆی چاکـە و یەکێکی خـراپە. لەبەر ئەوە ناکرێ بڵـێین ڕوانگە وای کـرد یان گـرووپـی کـفـری وای کـرد یان فـلان وای کـرد، بە ڕاسـتـی ئەدەب بەو

شـێوەیە تەماشـا ناکـرێ. ئەو گۆڕانکارییـەی بەسـەر ئـەدەبی کوردیدا هاتووە، ئەو نوێکارییـەی دوای مـامۆسـتا گۆران لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا بووە، بەرهەمی کـار و بەرهەمی تازەکردنەوەی هەموومانـە و بە هەمووماناوە توانیومانە ئەو تـازەکردنەوەیە بە دی بهـێنین. لەبـەر ئەوە ناکـرێت بدرێتـە پاڵ تاکـەکەسـێک، یا تاکـە گـرۆیەک. من ناتوانم شـتێکی وا لەبارەی گرۆی کفریشـەوە بڵـێم، ناتوانم بڵـێم هەر تەنیا ئێمـەین نوێکردنەوەمان هێنـاوەتە ئەدەب و شیعری کوردییەوە، چونکە قسەیەکی وەها ڕاست نییـە. ڕەنگە هەندێکمـان لە هەندێکی دیکە زیاتر کـارمان کـردبێتـە سـەر شیـعری کوردی، ڕەنگە نووسەرێک لە نووسەرێکی دیکە زیاتر زمانی دەوڵەمەند کردبێت، بەڵام ئەو ئەنجامە هونەری و زمانەوانییەی کە ئەمڕۆ هەیە بەرهەمی هەمووم‌انە.

ئێمـە کە باسـی کارکـرد و گـۆڕانکاری دەکـەین، دەبێ بزانین بـاسی کـام لایـەنانە دەکەین؛ گۆڕین لە چیدا، لە کامە بواردا؟ بوارەکانی گۆڕین و گۆڕان لە ئەدەبدا زۆر و فرەڕەنگ و جۆراوجۆرن: زمـان، وێنە، بیـر، شـێواز، فۆرم، مۆسـیقـا و زۆری تریش. ئەگـەر ئەم ڕاسـتـیـیـە بکەینە بنەمـای وردبوونەوە و لێکۆڵینـەوە لە نەخـشی گـرۆ ئەدەبییـەکانـی کوردسـتـان، دەتوانم بڵـێم نووسـەرانی ڕوانگە هـیچ گۆڕانکارییـەکی ڕیشەیی و بنەڕەتییان لە ئەدەبی کوردیدا بە دی نەهێناوە.

## لەبارەی گرووپی کفرییەوە

هەنار: لەگەڵ ڕێزێکی زۆرمان بۆ مامۆستا لەتیف هەڵمەت کە داهێنەرێکی ڕاسـتەقینە و شـاعیرێکی دیار و گەورەیە، لەگەڵ ئەوەی کە بەڕاستی لە ڕووی بابەتەوە شـیـعرێکی دەوڵەمـەندی نووسـیـوە، بەڵام ڕەخنەیەکی زۆر هەیە لـەو زمـانەی کـە بە کـاری هێنـاوە، مـەبەسـتم تازەکـردنـەوەی ئەو لە ڕووی بابەتەوە بووە نەک زمـان، کە بێگومان هەمیشـە لەگەڵ نوێبـوونەوەدا ئەبێ زمانیش نوێ ببێتەوە؟

شـاکەلی: لەتیف وەک هـاوڕێ و دۆسـتێک سـاڵانێکی دوورودرێژە یەکـتـر دەناسین، هـاوکـاتیش دەبێ وەک شـاعیرێک و داهێنەرێک خـۆی و بەرهەمـەکانی هەڵبسـەنگێنم. ئەمە بۆ من ئاسـان نییـە. بێگومـان کاک لەتیف کـاریگەرییـەکی زۆری هەبووە لەسـەر زمـانی کوردی، بە تایبەتی دیوانەکانی (خوا و شـارە بچکۆڵەکەمان و ئامـادەبوون بۆ

له دایکبوونێکی تر و گەردەلوولی سپی)، کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی هەبووە، توانیویەتی زۆر شتی تازە پێشکەش بکات. ئەو ڕەخنەیەی ئەمڕۆ سەبارەت بە زمان لێی دەگیرێ، پێم وایە تا ڕادەیەک ڕاستە، من بە خۆیشیم وتووە. ئێستا لەتیف بە زمانێک دەنووسێت ناکرێ بگوترێ زمانێکی خراپە، بەڵام دەکرا بەهێزتر و هونەرمەندانەتر بێت. ئەوەی پێی دەڵێین مشتومالکردن و ڕێکخستنەوە و سەرلەنوێ داڕشتنەوە و دەست پێوەگرتن، بە داخەوە لەتیف ئێستا ئەوە ناکات. نازانم بە هۆی تەمەنەوەیە یان کاتی نییە و گرنگی بەوە نادات. ئەو لەو ڕووەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێ و هەقیشە ڕەخنەی لێ بگیرێت. من دڵنیام لەو دیوانەی لەتیفدا کە ناوی ناوە (کۆمارەکەی لەتیف هەڵمەت) کۆمەڵی وێنەی جوانی هێناوە، بەڵام دەکرا زمانێکی جوانتر و پتەوتر بە کار بهێنێت، دیارە خۆی پێوە ماندوو نەکردووە.

دەبێ لەم پێوەندەدا دوو قۆناغی جیاواز لە مێژووی داهێنانی لەتیف هەڵمەتدا ببینین، زمانی ئەو بۆ حەفتاکان و هەشتاکانیش زۆر تازە و بەهێز بوو. ڕەنگە ئەمڕۆ نووسەری کورد کە کوردییەکی جوان و هونەرمەندانە دەنووسێت لە جاران زیاتر بن، لەبەر ئەوەیش خوێنەری کورد مافی خۆیەتی داوای زمانێکی بەهێز لە هەڵمەت و لە شاعیر و نووسەرانی دیکەیش بکات.

لەتیف هەڵمەت سرووشتی لافاوی هەیە، نەک ڕووبار. زمانی لەتیف زمانی ڕووبار نییە، زمانی لافاوە. ڕووبار ڕێکوپێک بەناو دۆڵێکدا دەڕوات و ڕێگای خۆی دەناسێت، بەڵام لافاو دۆڵ و مۆڵ ناناسێت، دەشت و کەنار دەگرێتە بەر و هەندێ جار هەموویشی هەڵدەتەکێنێ. لەتیف، کە خاوەنی بەهرەیەکی یەکجار دەگمەن و بێوێنەیە، دەبوو لەم تەمەنەدا زیاتر و قووڵتر بیر لە زمان و بیر لە مێتافۆرەکانی بکاتەوە.

هەنار: ئەوەی جێگای تێبینی بێ زۆربەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکاری و ئاماژەکان لە نێو برادەرانی گرووپی کفریدا بۆ بەرهەمەکانی مامۆستا لەتیف هەڵمەت تەرخان کراون زیاتر لە هەر برادەرێکی تری نێو گرووپەکە، هۆیەکەی بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

شاکەلی: سەبارەت بەوەی کە زۆربەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکان بۆ هەڵمەت تەرخان

کراون، لەبەر ئەوەیە کە ئەو لێرە ژیاوە، بەڵام من لێرە نەژیاوم، بە لایێ کەمەوە ئەوە نزیکەی ٣٠ ساڵە من کوردستانم بە جێ هێشتووە. ئەوە لایەنێکە، لایەنێکی تر سانسۆری دەسـتەڵاتی سیاسییە. هەتا بەعس لەسەر حوکم بوو، ناوی من لەسەداسەد قەدەغە بوو. دیوانی یەکەمم (پرۆژەی...) بە فەرمانی وەزیری ڕاگەیاندنی عیراقی بەعس لەگەڵ کۆمەڵێ کتێبی کوردیدا قەدەغە کرابوو. دواتریش سانسۆری کورد، سانسۆری هەندێ چاپەمەنی و دەستگای ڕاگەیاندنی سەر بە هەندێ هێزی سیاسیی کوردستان لە سانسۆرەکەی بەعس پاکتر و ئاسانتر نەبوو. لە دەرەوە، لە ئەوروپا و لە ئەمەریکا، زۆر شت لەسەر بەرهەمەکانم نووسراوە. دیارە لەبەر ئەوەی بە زمانانی سوێدی و ئینگلیزی و ئیتالیایی و تورکی نووسراوە، نەکەوتۆتە بەرچاوی خوێنەری کورد. من خۆیشم لەوانە نیم دانیشم ئەو شتانە بکەمە کوردی و ڕێکلام بۆ خۆم بکەم. پێرار کە هەڵبژاردەیەکی شیعرەکانم بە عەرەبی لە دیمەشق دەرچوو کۆمەڵێ وتاری چاکی لەسەر نووسرا و هەندێکیان لە ڕۆژنامە گەورە عەرەبییەکاندا بڵاو کرایەوە. هەڵبژاردەیەکیش بە فارسی چاپ کرا و وەک بیستم لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا لەسەری نووسراوە، ئەگەرچی خۆیشم هیچم لێ نەبینیوە. من هیچ بەوە دڵگران نیم کە لەسەر کاک لەتیف زیاتر نووسرابێت، بەڵکە پێم خۆشە و ئەو پیاوە شایانی ئەوەیە دوو هێندەی دیکەیشی لەسەر بنووسرێت.

## تەلەڤیزیۆن... ڕاگەیاندن

هەنار: هۆکاری ئەو سانسۆرە ناحەزانە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

شاکەلی: هۆکارێکی سیاسەتبازانەیە، نەخوێندەواری و نەزانییە، دڵپیسی و تێنەگەیشتنە، دڕندەیی و ملهوڕییە. زۆر هێزی سیاسی لە کوردستاندا هەیە وا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر تۆ لەگەڵم نەبی کەواتە لەگەڵ دوژمنەکەمی، کە لەگەڵ دوژمنەکەیشم بوویت کەواتە دوژمنی منی! هاوکێشەیەکی زۆر ناحەزانە و زۆر بێڕەوشتانەیە بەڕاستی، بەتایبەت کاتێ ئەمە دژی ڕووناکبیر یا شاعیرێک بە کار دەبرێت.

هەنار: دیارترین بەرهەمەکانی گرووپی کفری کە تۆ بە بەرهەمێکی نوێ لە قەڵەمی دەدەی بە تایبەت بەرهەمی ئەو قۆناغە کامانەن، مەبەستم لە

شێوەی کتێب چاپ کرابێت؟

شاکەلی: پرسیارەکە زۆر سنووردارە، وەرامـەکەیش دیارە دەبێ سنووردار بێت. لە سەرەتای حەفتاکاندا کاک لەتیف دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی بڵاو کردەوە و منیش دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)م بڵاو کردەوە، هەردوویشیان لە لایەن خوێنەری کوردەوە و لە لایەن ڕەخنەگرانەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی کران. ئەو دوو دیوانە ئێستایش لە نیشانە دیارەکانی شیعری کوردین.

هەنار: با بێینەوە لایی گرووپی کفری، تۆ هێشتا سەر بەو گرووپەی؟

شاکەلی: نەخێر... نەخێر، نەوەڵا، نە سەر بەو گرۆپەم و نە سەر بە هیچ گرۆپەکی دیکەیشم. خۆ ئەو گرووپە ئەدەبییانە حیزبێکی ستالینیستی پۆلایین نەبوون و نین، ئەوەی ڕۆژی لە ڕۆژان ببێتە ئەندامیان ئیتر هەتا مردن دەبێ هەر ئەندام بێت. ئێمە کۆمەڵە گەنجێک بووین لە ڕووی جیۆگرافی و تەمەن و پاشخانی کۆمەڵایەتییەوە لە یەکەوە نزیک بووین. بە حوکمی ئەو نزیکییەش کۆمەڵی نزیکیی تر دروست بووە: ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەری و فیکری. لە هەندێ ڕووەوە بیر و بۆچوونمان زۆر لەیەکەوە نزیک بوو، لە هەندێ شتی تریشدا سەد لە سەد بیرمان جیاواز بوو. بەڕاستی هەموو مێژووی نزیکایەتیی ئێمەی قوتابخانەی کەرکووک یا گرۆی گەرمیان لە چوار پێنج ساڵێک زیاتر نییە. مامۆستا لەتیف حامید لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا کۆچی کرد و ساڵێ پێش ئەوەیش هەر نەخۆش بوو، لە بەهاری ٧٤ ەوە تا بەهاری ٧٥ من و لەتیف پێشمەرگە بووین و هاوینی ١٩٧٥یش من وڵاتم بە جێ هێشت و دوای بیستوپێنج ساڵ بۆ یەکەم جار سەری کوردستانم داوەتەوە. من ئێستا تەنیا دەتوانم بڵێم من وا بیر دەکەمەوە، یامن وا بیر ناکەمەوە. لە ماوەی سی ساڵی ڕابوردوودا چ من و چ هەڵمەت و چ کەسانی دیکە، هەر یەکێکمان بە شێوەیەکی تایبەت لە ڕووی هونەری و فیکری و زمانەوانی و فەرهەنگی و هەموو شتێکەوە گەشەمان کردووە و خۆمان دروست کردووە. لەبەر ئەوە ناکرێ ئێمە ئێستایش هەر ئەو پێوەرە فیکری و هونەرییانەی جارانمان بە ستاندارد دابنێین. ئێمە کە جاروبار ناچار دەبین باسی گرۆی کفری دەکەین، دەمانەوێ تەنیا وەک ڕاستییەکی مێژوویی ئەو پاشخانە ڕوون بکەینەوە و بەرپەرچی درۆ و فێڵ و

ساختەکارییەکانی ئەو کەسانە بدەینەوە کە نەک هەر ئەمڕۆ، بەڵکە مێژوویش دەشێوێنن و ڕەش دەکەنەوە. ئەمەی ئێمە دەیڵێین نەک تەنیا بەرگریکردنە لە خۆمان و لە هونەر، بەڵکە ئەرکێکی ئەخلاقی و ئێستێتیکیشە و دەبوو هەر کەسێکی جوانیخواز و ڕاستیخوازی تریش خۆی بە خاوەنی بزانییایە.

هەنار: تا ئەم دواییانەش کاریگەریی شیعری قوتابخانەی کفری هەبوو بەسەر شیعری نەوەی دوای خۆیانەوە، بە ڕای تۆ ئێستایش ئەو کاریگەرییە هەر ماوە؟

شاکەلی: من کاریگەری بەو شێوەیە نابینم وەک بڵێی کابرای شاعیر کە نوێنەری نەوەیەکی ئەدەبییە، شەش حەوت توورەکەی ڕەنگی بە دەستەوەیە و وەک (خومکێش) هەموو گڵۆڵە بەنەکان بەیەکەوە ڕەنگ دەکات، واتە هەر کەسێک ئەو ڕەنگەی پێوە بوو ئیتر سەر بەو قوتابخانەیەیە. من وای نابینم. کاریگەریی نەوەیەکی ئەدەبی زەمەنێکی زۆری دەوی تا دەربکەوێت و ڕەنگ بداتەوە لای شاعیرەکانی تر کە دوای ئەوان دێن. کاریگەریی نەوەی حەفتاکان چ ڕوانگە بێ، چ گرۆی کفری، چ هەولێر و بادینان بێ، بەگشتی لە ئەدەبی نەوەی دواتردا دیارە. بەڵام ئەم کاریگەرییە تا هەتایە دەمێنێ؟ نەخێر. بۆچی ئێمە لە خۆمانەوە ئیمپراتۆر بۆ شیعر دروست بکەین و پێمان وا بێ هەر کێ دوای ئێمە دێت شازادەیەکی بنەماڵەکەی ئێمەیە و هەندێکیان شازادەی تاجوەرگر (ولی عهد)ی ئێمەن؟ هەزاران گەنج دروست دەبن و سەدان خەڵکی بەهرەدار پەیدا دەبن.

زۆر جار هەر وایە کە لاوێک دەست بە نووسین دەکات دەکەوێتە ژێر کارکردی شاعیر و نووسەرانی پێش خۆیەوە. بەڵام کەسێکی بەهرەدار دوای ماوەیەک کەسایەتیی ئەدەبی و فەرهەنگیی خۆی دروست دەکات و ئەو کارکردەی بەو شێوەیە لەسەر نامێنێت. بێگومان لە سەردەمێکدا کاریگەریی ئێمە بەسەر شاعیرانی دواترەوە هەبووە. من شاعیری وا دەناسم کە یەکێک لە دیوانەکانی، کە چاپیش کراوە، نەک هەر کارکردی دیوانی (ژێ)ی منی بەسەرەوەیە، بەڵکە دەیان دێڕ و دەیان وێنەی هەر بە ئاشکرا لێ وەرگرتووە. بەڵام شاعیری بەهرەدار و داهێنەر وا ناکات.

هەنار: کەواتا باوەڕت بەوە هەیە گۆڕانکاری لە شیعری کوردیدا دروست بووە و دەنگی تازەش هەیە؟

شاکەلی: بێگومان.... بێگومان.

هەنار: ئەو خەسڵەتە شیعرییانە چین کە شیعری قوتابخانەی کفری جیا دەکاتەوە لە هەولێر و سلێمانی، مەبەستم شیعری نەوەی هەفتاکانە؟

شاکەلی: پێم وایە گرنگترین تایبەخۆی شیعری ئێمە کە بە تەواوی لە شاعیرانی دیکەی جیا دەکردینەوە زمان بوو. ئێمە بە شێوەیەکی زۆر بوێرانە زمانمان دەخستە گەڕ لە تێکستەکانماندا، بەڵام شاعیرانی تر تا ساڵانێکی زۆریش دوای ئێمە هێشتا لە کارکردی زمانی گۆران ڕزگار نەبووبوون. لە ڕووی پێکهێنانی وێنە شیعرییەکانیشەوە ئێمە جیاواز بووین. تۆ بچۆ دیوانی (پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی)ی من، یا (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی هەڵمەت بخوێنەوە، دەبینی هیچ شاعیرێکی کورد پێش ئێمە ئەو زمانە و ئەو مێتافۆرەی بە کار نەهێناوە.

بە ڕاستی من خۆیشم لە سەرەتاوە کەوتبوومە ژێر کارکردی شیعرەکانی گۆرانەوە و چەند شیعرێکم هەبوون کە کاریگەریی گۆرانیان بە ئاشکرا تێدا دیار بوو. ڕەخنەگر و ڕووناکبیری گەورەی شەهید مامۆستا مەجید کەریم ئەحمەد دوو جار شیعری منی تەرجەمەی عەرەبی کردبوو، پێشەکیشی بۆ نووسیبوون، لەو پێشکێشکردنانەدا پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە شاکەلی دەبێتە جێگرەوە (خەلیفە)ی گۆران. بەڵام من هەر زوو لەوە گەیشتم کە ئەوە زمانی من نییە و دەبێ من بە زمانی خۆم بنووسم. هەر وایشم کرد.

لەتیف هەڵمەتیش ماوەیەک ڕێک وەک گۆران دەینووسی. لە دیوانی یەکەمیدا چەند شیعرێکی هێشتوونەوە کە هەر وێنەیەکن لە شیعری گۆران:

ورد برۆ سڵ مەکە، زەردەپەڕ خامۆشە

ئەم ڕێیە بە تەنها من و تۆی لە کۆشە.

بەڵام لەتیفیش هەر زوو وازی لە زمان و مێتافۆرەکانی گۆران هێنا و زمانی تایبەتی خۆی دەست پێ کرد.

هەنار: ئەوانە هەنگاوگەلێک بوون بۆ دروستکردنی جۆرێک لە نوێگەری یان تازەبوونەوە. بەڵام من داوای خەسڵەتی تایبەتی دەکەم بۆ نموونە بیرکردنەوەیەکی شیعری کە لە دایکبووی ئەم خاکە بێ نەک ئەوەی لە هەولێر و سلێمانی لە دایک ئەبێ؟

شاکەلی: باشتر وایە کەسێک لە ڕووی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەگرانەوە بتوانێ بگاتە ئەو دەرەنجامە، من ناتوانم لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو ئەدەبەوە بکەم کە خۆم دەینووسم یان دۆستەکەم دەینوسێ، ڕەنگە ئەوە زەحمەت بێ. هەر لەو سەردەمەدا و دواتریش خەسڵەتی وا هەن کە بە تەواوی شاعیرێک لە یەکێکی دیکە جیا بکەنەوە، بەڵام ئێرە بەو جێگا گونجاوە نازانم بۆ باسکردنی ئەو وردەکارییانە.

ئەگەر باسی قۆناخەکانی دواتر بکەین دیارە ئەو شاعیرانەی کە بەردەوامن و داهێنەرانە دەنووسن هەر یەکە کەسایەتیی جیاوازی خۆی هەیە. تۆ ئەگەر ئەو چوار دیوانەی کە من لە بیست ساڵی ڕابوردوودا بڵاوم کردوونەوە بخوێنیتەوە، دەبینی کە شێواز و زمان و مێتافۆری شیعرەکانی من لە تێکستی هیچ شاعیرێکی کورد ناچێت و هیچ شاعیرێکی کوردیش وەک من نانووسێت. ئەم قسەیە نابێ وا لێک بدرێتەوە یەکێک لە یەکێکی دی چاکترە یا خراپترە، بەڵکە لە یەکتر جیاوازن.

باسکردنی بیرکردنەوەی شیعریی جیاواز بەپێی ناوچەکانی کوردستان، بیرێکی زۆر سەیرە. شتی وا لە لێکۆڵینەوەیەکی جیددیدا جێی نابێتەوە و هەر بە پێویستیشی نازانم وەرامی بدەمەوە.

هەنار: ئەتوانی پێم بڵێی شیعری ئەو گرووپە (گرووپی کفری) دەنگی گەرمیان بوو؟

شاکەلی: ئێمە نە حیزبی پێشڕەومان دامەزراندووە و نە خۆمان بۆ پارلەمان هەڵبژاردووە تا دەنگ و نوێنەری گەرمیان بین. ناکرێ بڵێین دەنگی گەرمیان بووین. نە شێرکۆ بێکەس دەنگی سلێمانییە و نە پەشێویش دەنگی هەولێرە. بەڵام لەوانەیە هەندێ سروشتی گەرمیانیانە لە بەرهەمەکانی ئێمەدا بە دی بکرێت. تەنانەت بە دووری نازانم شێوەی دارشتنی میتافۆرەکانیشمان کارکردی گەرمیانی پێوە دیار

بێت، ئەوە باسێکی دیکەیە.

ئەو قوتابخانەیە کە پێی دەوترێ قوتابخانەی کفری یا گەرمیان لە ڕاستیدا قوتابخانەی تازەکردنەوەی شیعری کوردییە، سەرتاسەری شیعری کوردی، دوای مامۆستا گۆران و ناکرێ سنوورێکی ناوچەیی و ناوچەگەرانەی بۆ دابنرێت.

هەنار: خۆت ئاماژەت پێ دا و مامۆستا لەتیف هەڵمەتیش چەندین جار ئاماژەی بەوە داوە، کە تەسەووف بەشێکی سەرەکی و زیندووی نێوەڕۆکی شیعرەکانی ئێوەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ تەسەووف لەنێو ئەم گرووپەوە سەری هەڵدا؟

شاکەلی: ئێمە لە سەرەتاوە، نە من و نە کاک لەتیفیش، هێندەی پێوەندیی بە دەربڕینی ئەدەبی و ئێستەتیکی و ناوەڕۆکەوە هەبێت، هیچ پەیوەندییەکمان بە تەسەووفەوە نەبووە. بەڵام ڕاستییەک هەیە و پێم وایە زۆر کەسیش ئەوە دەزانێت، ئێمە هەردووکمان لە ڕووی پاشخانی فیکری و کۆمەڵایەتییەوە، بەشێک بووین لە تەسەووف و تەریقەت. منیش و لەتیفیش سەر بە دوو بنەماڵەی شێخین: بنەماڵەی کاک لەتیف سەر بە تەریقەتی قادرین و بنەماڵەی ئێمەیش سەر بە تەریقەتی نەقشبەندیین. ئەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دروستبوونی جیهانبینیی ئێمەدا لە پاشەڕۆژدا. ئەو پاشخانە تۆوێک بوو کە لەناو کرۆمۆسۆمە شیعرییەکانماندا هەڵمانگرتووە. تۆ تەماشای پێشکەشکردنەکەی یەکەم دیوانی من بکە (چاپەکەی ساڵی ١٩٧٣) کە ئاوام نووسیوە: پێشکەشە بەوەی نازانم کێیە؟ لە کوێیە؟ چۆنە؟ بەڵام هەر بە دوایا وێڵم... خۆ پێویست ناکا من هیچ بڵێم، خۆت دەبینی ئەمە بە ئاشکرا دەربڕینی ئەو پێویستییەیە کە دواتر هەندێ لە وەرامەکانیم بەهۆی تەسەووفەوە دۆزییەوە.

من بەش بە حاڵی خۆم بە هۆی خوێندنەوەوە، بەهۆێ کاری ئەکادێمییەوە، لە ئەورووپا و لە ڕێگەی سەرچاوەی فارسی و ئینگلیزییەوە، تەسەووفم ناسیوە و بەرەو تەسەووف ڕۆیشتووم. کە دەڵێم تەسەووف مەبەستم تەنیا تەسەووفی کوردی نییە، بەڵکە سەرجەم میراتی تەسەووف، بەتایبەت بە شێوەی دەربڕینی ئەدەبی و هونەری. ئەوە کارێکی زۆری لە من کردووە. بەشێکی زۆری دیوانەکانی پانزدە بیست ساڵی

دواییم تەرخان کراوە بۆ بابەتەکانی تەسەووف، کە ئیزافەیەکی زۆر گەورەیە و دەوڵەمەندییەکی کەموێنەیە بۆ ئەدەبی کوردی. پێش ئێمەیش، دیارە، شاعیری سۆفی لە کوردستاندا هەبوون. لە ئەدەبی کلاسیکدا شاعیری موتەسەوویفی کورد زۆرن، هەندێکیان زۆریش گەورەن: مەلای جەزیری و مەولەوی و مەحوی، بەڵام شێوەی دەربڕینی ئێستای ئێمە لەگەڵ شێوەی دەربڕینی ئەوان زۆر زۆر جیاوازە.

تۆ دەزانی ڕەمز (نیشانە، سیمبۆڵ) و زمانی ڕەمزدار بنەڕەتێکی گەورە و بەرینی ئەدەبی تەسەووفە. فەرهەنگی وشە و دەربڕین و نیشانەکانی بەرهەمی شاعیرانی سۆفی یەکجار فراوان و دەوڵەمەندە. بەڵام من کە ئەمڕۆ شیعرێکی سۆفییانە دەنووسم ناچم ئەو فەرهەنگە بگوێزمەوە ناو شیعرەکانی خۆم، نایەم پێکهاتەی وێنەکانم لەسەر مۆدێلی کارەکانی ئەوان هەڵچنم، بەڵکە هەوڵ دەدەم ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندتر و جوانتر و فراوانتر بکەم. ئەمە مەعنای دابڕان لەو فەرهەنگە نییە، چونکە دەیان و سەدان نیشانە و ڕەمز هەن کە پێش مەلای جەزیریش هەبوون و ئەمڕۆ منیش سوودیان لێ وەردەگرم، بەڵام هاوکاتیش دەیان و سەدان وێنە و ڕەمزی تازەم هێناوەتە ناو فەرهەنگی شیعری عیرفانییەوە بە زمانی کوردی.

بۆچی تەسەووف لەناو گرووپی ئێمەدا سەری هەڵدا؟ باوەڕ بکە لەم کاتەدا منیش وەرامێکی وەهام پێ نییە کە قەناعەت بە خۆم بکەم. نازانم، منیش نازانم بۆچی. ڕەنگە ئەمەیان خەسڵەتێکی تایبەتی گەرمیان بێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئاوەزکارانەیشم نییە.

> هەنار: من داوای خەسڵەتێکم لێ کردی کە شیعری ئەم قوتابخانەیە لە قوتابخانەکانی هەولێر و سلێمانی جیا بکاتەوە. پێت وا نییە بوونی ئەم تەسەووفە لە شیعری ئێوەدا یەکێکە لەو خەسڵەتانە؟

شاکەلی: مەبەستەکەی منیش هەر ئەوە بوو، ویستم وا بڵێم، ویستم ئەوەت بۆ باس بکەم کە لە کاتی خۆیدا زمان و مێتافۆر دوو خەسڵەتی گەورە بوون. ئەمڕۆ ئەو لایەنە فیکرییەیشی چووەتە سەر، واتە تەسەووف، کە ناوەڕۆک دەگرێتەوە.

## سەبارەت بە شیعری دوای ڕاپەڕین

هەنار: تا چەند ئاگاداری شیعری دەڤەری گەرمیانیت، ئەو شیعرەی لە دوای ڕاپەڕینەوە دەنووسرێ؟

شاکەلی: ڕاستییەکەی لەبەر ئەوەی ٣٠ ساڵە لە کوردستان ناژیم، بۆم نەکراوە بەو شێوەیەی کە ویستبێتم و حەزم کردبێ بکەومە پەیجۆری ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە لەم وڵاتەدا بڵاو دەکرانەوە و دەکرێنەوە. تێکستم بەرچاو کەوتووە، ڕۆژنامە و گۆڤارم بینیوە و جاروبار کتێبیشم پێ گەیشتووە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی من بینیومە بەشێکی کەمی ئەو ئەدەبەیە کە لە کوردستان بەگشتی و لە گەرمیان بەتایبەت نووسراوە. هیوادارم دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێ و بتوانم بە شێوەیەکی زانستی، بە شێوەیەکی ئەکادیمی، لەبارەی ئەدەبی نەوەی تازەوە، لەبارەی ئەدەبی تازەی گەرمیانەوە، لەبارەی ئەدەبی تازەی بادینانەوە، لەبارەی گشت ئەدەبی تازەی کوردییەوە بنووسم.

خۆشبەختانە ئەمڕۆ چەند نووسەر و شاعیری گەرمیان هەن کە لە ئاستی کوردستاندا ناسراون و بەرهەمەکانیان بەشێکی گرنگ و جوانی ئەدەبی کوردین.

هەنار: ئەوەندەی ئاگاداری بە گشتی ئەو شیعرەی دوای ڕاپەڕین دەنووسرێ دڵخۆشکەرانەیە، هیچ سیمایەکی نوێگەریی پێوە دیارە؟

شاکەلی: پرسیارەکەت لە بەردەم دووڕیانێکی سەختدا ڕامدەگرێت، لە لایەکەوە من بێگومان دڵخۆشم هەر گەنجێکی کورد شتێکی تازە بێنی و هەوڵ بدا شتێکی تازە پێشکێش بکات. بەڵام کە من دەستم نەگەیشتبێت و نەگاتە بەشی زۆر و گرنگی ئەو بەرهەمانە، ڕێگە بە خۆم نادەم لەو بارەیەوە شتێک بڵێم بۆنی داوەریکردنی لێ بێت.

## دوا وێستگە

هەنار: بەگشتی بۆچوونێک هەیە ئەویش ئەڵی بە هۆی هێژمەوونیی تەکنەلۆژیاوە شیعر بەرەو نەمان ئەچێ. تۆ لەو بارەوە چی ئەڵێی؟

شاکەلی: شیعر بەرەو فەوتان دەچێ، قسەیەکی ڕەهایە، ئەگەر تۆ وردی بکەیتەوە ئەوا دەتوانی بە شێوەیەکی تر دەریبڕی؛ شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبی، وەک دەربڕینی ئەدەبی بەرەو فەوتان ناچێ، من قەت لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم. تا مرۆڤ لەم سەرزەوییە هەبێ، تا دڵداری و خۆشەویستی بمێنێت، تا کۆمەڵێ هەستی جیاوازی ئینسانی بمێنێ، شیعریش هەر دەمێنێت. ڕەنگە ئەمڕۆ دیوانی کەمتر چاپ بکرێ، ڕەنگە بەو بەربڵاوییەی جاران دیوانەشیعر بڵاو نەبێتەوە و نەفرۆشرێ، ئەوەیان ڕاستە و ڕێی تێ دەچێ، بەڵام شیعری جوان هەر دەمێنێ و خەڵک پێی خۆشە. ئێستایش لە ئەوروپا و ئەمەریکا کە لووتکەی پێشکەوتنی شارستانێتی و تەکنیک و زانستن، شیعر هەر ڕۆڵی خۆی هەیە و خوێنەری خۆی هەیە. لەوەیە ئەمڕۆ شاعیرێکی ئەمەریکایی، ئینگلیز یا ئەڵمانی، شتێکی جوان پێشکێش بکات کۆمەڵێ خەڵکی کەمتر لە دەوری کۆ ببنەوە، بەڵام دڵنیام نرخاندنی بەرهەمەکەی لە جاران قووڵتر دەبێت. من باسی کوردستان ناکەم، لە کوردستان نە ڕەخنەی جیددی و زانستی هەیە و نە نرخاندنی هونەرمەندانە.

من خۆم لە وڵاتێکی یەکجار پێشکەوتووی ئەم دنیایەدا دەژیم و پێوەندییەکی فەرهەنگیی باشیشم لەگەڵ کەسانێک لە ئەمەریکا و فرانسا و ئینگلستانیش هەیە، بەڵام وا هەست ناکەم شیعر بەرەو فەوتان چووبێت. ڕەنگە ڕاستتر وا بێت بڵێین چەندایەتی گۆڕاوە بۆ چۆنایەتی.

هەنار: تۆش هەر بەردەوام دەبی لە نووسین و بڵاوکردنەوە؟

شاکەلی: تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم... ئەگەرچی شیعر بە پێ نانووسرێت... پێم وایە پرسیارێکی زیاتر فیزیکییە. تا ئەو ڕۆژەی تەندروستیم ڕێگەم بدات و هۆشم کار بکات و بەهرەم وشکی نەکردبێت، هیوادارم بتوانم بنووسم. بەڵێ.

هەنار: هەر بە هەمان ئەو جۆشوخرۆشەی کە دەستت پێ کردووە؟

شاکەلی: بێگومان نا، ئەگەر وا بڵێم ڕەنگە ڕاستم نەوتبێت. ئەو سۆزە، ئەو

جۆشـوخرۆش و گـەرموگوڕییـە گۆڕانـی بەسـەردا هـاتووە: ڕاسـتییەکـەی هـەندێ بـابەت لە جـاران گەرمـوگوڕتـر دەنووسم، بەڵام هـەندێ بـابەتی تر، سـاردتر دەنووسـم، یا هـەر وازم لێ هێـناوە. گـەرمـوگـوڕی پێـوەندیی بە تـەمـەنی مـرۆڤـەوە هـەیە، پێـوەنـدیی بە قـەناعـەتی فیکرییەوە هـەیە، پێوەندیی بـە ئـەزموونی هـونەرییەوە هـەیـە. لەوەیە ئێسـتـا شـیـعری دڵداری وەک جـاران نـەنووسم، شـیـعـری سـیـاسـی و شـۆڕشگێـڕی کـە هـەر نـانووسم. بەڵام ئەو شێوە شیعرەی کە ئێستا دەینووسم، بەڵێ لە جاران گەرموگوڕتر بۆم دێت.

هـەنـار: پرسـیـارێک گـەر ئێمە نەمانکردبێ و تۆ حەزت بەوە کردبێ بیکەین؟

شـاکەلی: وەڵڵا سـەدان پرسـیـار هـەن لێت نەپرسیوم.

هـەنـار: وەک؟

شـاکەلی: بـا بمێنێ بۆ کاتێکێ تر.

تێبینـی: ئەم گفتوگۆیە لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/١٩ لە دێی شـاکەل ئەنجام دراوە.

ئامادەکردنی: عەلی نارێنی

سـەرچاوە: هـەنار، گـۆڤاری ئەدەبی، هونەری، ڕووناکبیری، ژمارەی ١٣، سـاڵی دووەم، فێبریوەری ٢٠٠٧، لاپەڕە: ٦٤-٨٦.

## کوردیی خوارووی زمانێکی ستانداردە و دەتوانێت نەخشی زمانی ڕەسمیی کوردستان ببینێت

چاودێر: زمانی ستاندارد چییە و چۆن پێناسەی دەکەیت؟

شاکەلی: "زمانی ستاندارد" یا "بەستاندارکردنی زمان" یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی زمانناسی (Linguistics) و زمانناسیی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics). ئەم بابەتە زانستییە بە تایبەت لەو وڵاتانەدا بایەخی پێ دەدرێت کە کێشەی بەستانداردکردنی زمان و کێشەی هەبوونی کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی و فرەدیالێکتی لە ئارادایە. بەڵام هەر وەک بابەتێکی تیۆرییش گرنگیی خۆی هەیە و لە چوارچێوەی زمانناسی (یا زمانەوانی)دا لە زانستگە پێشکەوتووەکانی دنیادا دەخوێنرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. دیارە خوێندنی تیۆرییەک هەر لەپێناوی زانیاریی تیۆریدا و بەکارهێنانی تیۆری وەک ڕێنوێنێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی زمانەوانی، کە لە ناوەڕۆکدا کێشەیەکی هەم کۆمەڵایەتی و هەم سیاسیشە، دوو شتی جیاوازن. هەر ئەم جیاوازییەیشە (با بڵێین هەر ئەم لەیەکنەچوونەیشە) وا دەکات کە ئێمە دەبێ زۆر بە پارێزەوە لە مەسەلە تیۆرییەکانیش نزیک بکەوینەوە. تۆ ناتوانیت هەروا لە خۆتەوە تیۆرییەک بێنیت و بڵێی با ئەمەیان لە وڵاتانی خۆماندا بخەینە کارەوە، بزانین ئەنجامەکەی چۆن دەبێت. ئەودەم تۆ نەتەوە و نیشتمان دەکەیتە کەروێشکی ئازمایشگە.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێتیی سۆڤیێتی جاران، ناوچەی باڵکان، بەشێکی زۆری ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی هیندۆچین و ئافریقا، لەو ناوچانەن کە کۆمەڵێ ئەزموونی گرنگیان هەبووە و هەیە و دەکرێ مرۆڤ زۆر شتیان لێوە فێر ببێت. بەداخەوە وا پێ ناچێت لە بواری تیۆریدا سامانێکی باش، وەک ئەنجامگرییەکی ئەم ئەزموونانە، لە بەردەستدا هەبێت. لەم بوارەیشدا زمانەوانانی ئەوروپای ڕۆژاوا لە ڕووی تیۆرییەوە کارێکی زۆریان کردووە. ئەو زمانناسانەی لەم

بوارەدا ناوێکیان هەبێت کەم نین، من هەر وەک نموونە لێرەدا ناوی دوو زانای ناودار دەهێنمەوە: ئاینار هاوگن (Einar Haugen 1906-1994) و چارلز ئا. فێرگەسۆن (Charles A Ferguson ١٩٢١–١٩٩٨). بابەتێکی نزیک لە بابەتی ستاندارکردنی زمانەوە "نەخشەبۆدانانی زمانە"، واتە: planning Language، کە لە بەرهەمەکانی فێرگەسۆندا جێگەیەکی دیاری هەیە.

بەستانداردبوونی زمانێک لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی هەم دوورودرێژ و هەمیش ئاڵۆزە، کە کۆمەڵێ هۆ و هەلومەرج نەخشی تێدا دەبینن. ئێمە دەتوانین بە زمانێک بڵێین ستاندارد ئەگەر ئەم قۆناغانەی تێپەڕاندبێت: ١– هەڵبژاردنی شێوەیەک، واتە هەڵبژاردنی یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانەکە وەک بنەڕەت، وەک نۆرم؛ ٢– کۆداندن (واتە بە کۆدکردنی) ئەو شێوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە جیاوازییەکان لە پلەی هەرە کەمتریندا بن؛ ٣– فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی زمانەکە، واتە لە بوارە زانستی و ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و تەکنیکییەکاندا بخرێتە گەڕ؛ ٤– پەژێرتن (قەبووڵکردن) لەلایەن کۆمەڵەوە، واتە کۆمەڵێکی بەکارهێن قەبووڵی بکەن و بە کاری ببەن. ئەم مۆدێلە زیاتر بەرهەمی لێکۆڵینەوەکانی هاوگنە. پرۆفیسۆر ئۆێستەن داڵ (Östen Dahl)ی زمانەوانی سوێدی، بەکارهێنانی زمان وەک زمانی نووسین لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە گرنگترین مەرجی زمانی ستاندارد دادەنێت. لەم ڕووەوە دەکرێ بیر و بۆچوونی جیاواز بدۆزینەوە.

چاودێر: ئایا کورد خاوەنی زمانی ستانداردە و ئەگەر هەیەتی تایبەمەندییەکانی چین؟

شاکەلی: من وا هەست دەکەم لە کوردستاندا چەمکەکانی ستاندارد و ڕەسمی، زمان و دیالێکت، نەتەوە و ناوچە بە جۆرێک تێکەڵ کراون کە بە ڕاستی بووەتە هۆی سەرلێشێوانێکی زۆر و ناپێویست. بەشێک لەم ئاژاوەیە کەسانێک دروستی دەکەن کە بۆ مەبەستی تەسکی خۆپەرستانەی خۆیان سوودی لێ وەردەگرن. بەشێکیش بەو هۆیەوە دروست بووە کە لەو باسوخواسانەدا لەبارەی زمانی کوردی و ستانداردبوونی زمانەوە دەکرێن، خەڵکانێکی زۆر بەشداری دەکەن کە بەڕاستی نەخوێندەوارن و لەو بابەتانە بە هیچ جۆرێک سەر دەرناکەن، کەچی هەر خۆیشیان

دێننە پێشەوە و قسەیەکی زۆری بێناوەڕۆک و نازانستی هەڵدەڕێژن.

بێگومان زمانی کوردی، بەپێی هەموو پێوەرە زانستییەکان، زمانێکی ستانداردە. ئەم ستانداردبوونەی زمانی کوردی، لێرەدا مەبەستم تەنیا شێوەی کوردیی خوارووە، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی و سیاسیی دووروودرێژدا پێگەیشتووە و بووە بە کەرەستەیەکی دەربڕین لە زۆربەی زۆری بوارە زانستی و ڕۆژنامەگەری و سیاسی و کارگێڕی و ئەدەبییەکاندا. لەناو هەموو شێوە و دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا تەنیا کوردیی خوارووە کە بەم پرۆسەی ستانداردبوونەدا تێپەڕیوە و گەیشتووەتە قۆناغێک کە دەتوانێت نەخشی زمانی ڕەسمیی کوردستان ببینێت.

لە وەرامی پرسیاری پێشوودا دیتنی هەندێ زمانەوانی ناوداری جیهانم لەبارەی زمانی ستانداردەوە باس کرد. تۆ دەبینی ئەو مەرجانە هەموویان لە کوردیی خوارووداا هەن و بەرچاون. ئەمڕۆ نووسەرێکی جیددیی کورد لە سنە و کرماشان و سابلاخ بێت، یا کفری و کۆیە، یا قەڵادزێ و خانەقین و باڵەکایەتی، هەموویان، کەموزۆر، وەک یەک دەنووسن. ئەو تێرمینۆلۆگییەی لە کوردستانی عیراقدا چەسپیوە و جێی گرتووە، لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بەتایبەت کوردستانی ئێران، بە کار دەبرێت و لەوێیش جێی خۆی گرتووە. تەنانەت لە کوردیی سەروویشدا، کرمانجی، بە سەدان تێرمی کوردیی خواروو چوونەتە ناو زمانەکەوە و جێی خۆیان گرتووە.

سیمایەکی گرنگی زمانی ستانداردی کوردی ئەوەیە کە ئەگەرچی لە سەرەتادا وەک شێوەی ناوچەیەکی بچووکی کوردستان بە کار هێنراوە، بەڵام لە ماوەی نزیکەی دووسەد ساڵی ڕابوردوودا بە جۆرێکی هێندە زیندوو گەشەی کردووە، کە توانیویەتی وشە و دەستەواژە و دەربڕین لە زۆربەی دیالێکتەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە وەربگرێت و خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، کە ئێستا ئیتر تۆ ناتوانی بڵێیت ئەم زمانە ستانداردە شێوەی ناوچەی سلێمانی یا شارەزوورە، بەڵکە زمانێکی ئەدەبییە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەکەی لە شێوەی ناوچەکانی سنە و سابلاخ و هەولێر و کۆیە و کەرکووک و گەرمیان و هەورامان و فەیلی و دهۆک و بارزان و ئاکرێ و زاخۆوە وەرگرتووە. چوار ساڵی ئاشتیی ١٩٧٠-١٩٧٤ دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانی ستانداردی کوردی، بەتایبەت کە لە

ئەنجامی دووربینی و هۆشیاریی سەرکردایەتیی سیاسیی ئەو کاتەی کوردستاندا، بوو بە زمانی خوێندن و پەروەردە لە سەرتاسەری کوردستانی عیراقدا. لەوەیش بترازێت ئەو دەستگا پەروەردەیی و فەرهەنگی و ڕاگەیاندنانەی لەو سالانەدا دامەزرێنران ژێرخانێکی پتەویان بۆ ستانداردبوونی زمانی کوردی داڕێشت و ئەو نەخشەیان زیاتر چەسپاند.

چاودێر: ئایا پێویستمان بە زمانی ستاندار هەیە و چۆن دێتە ئاراوە؟

شاکەلی: زمانی کوردی یەکێکە لە فاکتۆرە هەرە گرنگەکانی یەکگرتوویی و مانەوەی نەتەوەی کورد. ئێستا هەلومەرجێک هاتووەتە ئاراوە کە کوردستانی خواروو (خوارووی کوردستان، کوردستانی عیراق!) دەوڵەتێکی دەیفاکتۆیە. ئێمە تازە ئیتر ناکرێ هەر وا هەڵسوکەوت بکەین، وا بزانین هێشتا لە شاخین و ئەرکی زمان هەر ئەوەیە دوو بڵاوکراوەی حیزبیی پێ ڕەش بکەینەوە، یا هەندێ نامەی نهێنیی پێ بنووسین و بینێرینەوە بۆ شانە و لێژنەکانی ناو شار. ئەمڕۆ دەبێ لە سیستەمی خوێندن و پەروەردەدا زمانێکی سەرتاسەریی وەها بە کار ببەین کە وەرامی پێویستییە زانستییەکان بداتەوە. دەبێ دەستگاکانی ڕاگەیاندن هەم ئەرکی ڕووناککردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری جێبەجێ بکەن و هەمیش کۆڵەکەکانی هەبوونی نەتەوایەتی ئەستوورتر و پتەوتر بکەن. دەبێ لە سیستەمی کارگێڕیدا بە زمانێک بنووسرێت کە هاووڵاتییەکی کوردستانی بتوانێت لە هەر جێگە و لە هەر شارۆچکەیەکی کوردستاندا کارەکانی خۆی، بێ کێشە و بێ گرفت، ڕایی بکات. ئەمەیش بێ زمانێکی ستاندارد و دامەزراو و پێشکەوتوو ناکرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە ئەو زمانە ستانداردەمان هەیە و سالانێکیشە ئەو نەخشە دەبینێت. ئەوەی پێویستە بکرێت و بە هیچ جۆرێک نابێ بێدەربەستی و سستیی تێدا بنوێنرێت، ئەوەیە کە دەبێ ئەو زمانە ستانداردە بکرێتە زمانی ڕەسمیی کوردستانی عیراق. دەبێ ئەمە بکرێتە قانوون و بکرێتە بڕیارێکی ڕەسمی و هەرچی زووترە بخرێتە کارەوە.

چاودێر: کێن ئەوانەی کە دەتوانن بڕیار لەسەر دەستنیشانکردن و

شاکەلی: من ئەوە سی ساڵە لە وڵاتێکدا دەژیم کە نموونەیەکی بەرزی سیستەمی دێمۆکراسییە. لەم وڵاتەدا بڕیاردان بە شێوەیەکی تایبەت جێبەجێ دەکرێت و دەبێ بە کۆمەڵێ کەناڵدا تێبپەڕێت تا دەگاتە خواری خوارەوەی کۆمەڵ و ئەوەی پێی دەگوترێت بنجی گیا (Grass roots). ئەوەیش دەزانم کە ناتوانم و مافی ئەوەم نییە ئەوەندە گەشبین بم وا بزانم لە کوردستانیش دەکرێت بڕیار و گۆڕینەکان بەو جۆرەی لە سوێد هەیە، ببرێن بە ڕێوە.

ئەگەر دەستگا و دامەزراوەکانی کوردستان بە شێوەیەکی باش و سروشتی و زانستانە دابمەزرانایە، دیارە دەکرا ئەو هیوایەمان هەبووایە کە ئەکادێمیای زمان لەو بوارەدا پێشنیازی بکردایە و دەستگا بڕیاردەرەکان (قانووندانەرەکان)یش بڕیاریان لەسەر بدایە. بەڵام لە کوردستانی ئەمڕۆدا تۆ دەستگایەکی زانستی و زمانەوانیت نییە شایانی چاوەڕوانییەکی وەها بێت. لە سەردەمی ڕێژیمی بەعسدا "کۆڕی زانیاریی کورد" هەبوو کە زۆر لە دەستگا بەناو زمانەوانی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆ کاراتر و زانستانەتر و دڵسۆزتریش بوو. دیارە ئەوە چاکەیەک نەبوو بەعس بۆ کوردی کردبێت، بەڵکە ژیری و دڵسۆزیی سەرکردایەتیی ئەو کاتەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد چەسپاندبووی. ئەو دەستگایەی ئەمڕۆ ناوی خۆی ناوە ئەکادێمیای کوردستان گاڵتەجاڕییەکە، بەڕاستی مایەی ڕیسوایی و شەرمەزاری و داوەشانە. دەبێ نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی نەزۆک و دارێکی زڕ و بێبەر بێت کە ئەمە دەستگای هەرە باڵای زمانەوانیی کوردستان بێت.

لەم بارە یەکجار نالەبار و ئاژاوەیەی ئەمڕۆی کوردستاندا، من پێم وایە چارەسەر هەر ئەوەیە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کۆمەڵێک خەڵکی شارەزا و دڵسۆز، لە دەرەوەی دەستگا ڕەسمییەکان، کۆ بکاتەوە (مەرج نییە هەموویشیان زمانەوان بن)، ڕاوێژ و هاوپرسەکییان لەگەڵ بکات و بڕیاری ئەوە بدات کە زمانی ستانداردی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمیی کوردستان و یەکسەریش بخرێتە کارەوە. لەمە بەولاوە هەر بیرێکی تر و هەر ڕێگەچارەیەکی دیکە ئەنجامەکەی هەر ئەو گاڵتەجاڕی و ئاژاوەیە دەبێت کە ئەوە شانزدە ساڵە سەرتاپێی کۆمەڵی کوردەواریی داپۆشیوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەشەنە دەکات و وەک ڕەگی گولی بە لەشی

نەتەوەیەکدا دەچێتە خوارێ.

چاودێر: ڕات چییە دەربارەی خوێندن بە دوو زاری زمانێک بۆ نەتەوەی کورد لە ڕووەکانی زانستی و پەروەردەیی (کەسێتی و سایکۆلۆژی) و ڕامیاری و ئاسایشی نەتەوەییەوە، کە ئێستا وەزارەتی پەروەردە لە پرۆگرامی نوێی خوێندنی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێی کردووە؟

شاکەلی: سیستەمی خوێندن و پەروەردە یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە زمانی ستاندارد پەرە پێ دەدات و بەهێزی دەکات و دەیچەسپێنێت. بەکارهێنانی یەک زمان و یەک شێوە تاکە ڕێگایە بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی وەها. لە کوردستانی عیراقدا، لەو ڕۆژەوە کە مافی خوێندن بە زمانی کوردی لە دەستووری عیراقدا چەسپیوە، هەر یەک شێوە کراوەتە زمانی خوێندن و ئەمەیش نەوەیەکی خوێندەواری دروست کرد کە لە زۆر ڕووەوە یەکگرتوو بوو. ئەنجامێکی گرنگی دیکەی ئەو سیستەمە ئەوە بوو کە هەستی خۆبەکوردزانین، واتە هۆشیاریی نەتەوایەتیی لای مرۆڤی کورد بەهێز کرد. ئەو هۆشیارییە دەستکەوتێکی گەورەی مێژوویی بوو، کارکردەکەیمان لە ساڵانی١٩٧٠-١٩٧٤دا، لە شۆڕشی ١٩٧٥دا و دواتریش لە ئەنفال و کۆڕەوەکەی ١٩٩١دا بینی. ئەوە پێوەستبوونی نەتەوایەتی بوو کە میلیۆنان کوردی پێکەوە بەستبوو، هەستیان بە یەکێتی و هاوزمانی و هاوئامانجی دەکرد، هەستیان بە هاودەردی و هاومەینەتی و هاوچارەنووسی دەکرد، هەستیان دەکرد هەموویان کوردن و سەر بە یەک نەتەوەن. ئەوە تەنیا سیاسەت نەبوو ئەو شەپۆلە و ئەو لافاوەی کوردایەتیی دروست کردبوو، بەڵکە زمان لەو ڕووەوە نەخشێکی گەورەی هەبوو.

بەکارهێنانی سیستێمێکی دووزمانە لە بواری خوێندن و پەروەردەدا، دژی یەکێتیی نەتەوە و نیشتمانە و دژی بنەما زانستییەکانی پەروەردەیە. ئەگەر ئێمە خۆمان بە یەک نەتەوە دەزانین، دەبێ یەک زمانیش بخوێنین. دەزانم، لە وڵاتی ئێمەدا تا ئێستایش ناڕوونییەک هەیە لەبارەی سنووری نێوان زمان و دیالێکتەوە. زۆرجار ئەوەم بەرچاو دەکەوێت کە گوایە لە بەلژیک سێ زمان دەخوێنرێت و لە فینلاند دوو زمان و لە سویسرا سێ زمان، بەڵام ئەو کەسانە ئەوە تێنەگەیشتوون کە ئەو زمانانە زمانی نەتەوەی جیاوازن، واتە ئەو خەڵکانە لە ڕووی ئێتنیکییەوە سەر بە نەتەوە و

ڕەگەزی جیاوازن. بنەما ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەک یەک زمانی ستانداردی هەیە و ئەو زمانە دەبێتە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت و لە بوارەکانی خوێندن و کارگێڕیی دەوڵەت و ماسمێدیای ڕەسمیدا بە کار دەهێنرێت. هەبوون و بەکارهێنانی زمانی ستاندارد مەعنای ئەوە نییە ئیدی هەموو دیالێکتەکانی دیکەی زمان بخرێنە لاوە و قەدەغە بکرێن. ئەو دیالێکتانە دەمێنن و دەتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن و سامانی ئەدەبی و زمانەوانییان لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا بخوێنرێت. هەروەهایش هەر ناوچەیەک دەتوانێت لەپاڵ ڕاگەیاندنی سەرتاسەریی وڵاتدا، دەستگای ڕاگەیاندنی بۆ ناوچەکەی خۆی و بەو شێوەزمانە هەبێت؛ ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و چاپەمەنیی دیکەیش.

ئێستا کە وەزارەتی پەروەردەی کوردستان دەیەوێ سیستەمی دووزمانە بخاتە کار، ئەمە دژایەتیکردنی مێژووی کورد و هۆشیاریی نەتەوایەتیی کورد و هەستی نیشتمانپەروەرییە. من نازانم کێ بڕیارێکی وەهای دەرکردووە، بەڵام، گرنگ نییە، هەرکێیەک بێت، دەبێ بڵێم هەڵەیەکی مێژوویی و سیاسیی گەورەی کردووە. هێندەی من بزانم و بەڕێز وەزیری پەروەردە بناسم، ئەو وا بیر ناکاتەوە و دژی سیستەمی دووزمانەیە، بەڵام بەرانبەر لادان و لەڕێدەرچوونێکی وا گەورە، بۆچی بێدەنگە؟ هیوادارم کورسییەکەی خۆی لە زمانی کوردی و یەکێتیی نەتەوەی کورد لە لا خۆشەویستتر و پیرۆزتر نەبێت.

چاودێر: کردنەوەی ناوەندەکانی وەرگێڕان و فەرهەنگ و زاراوەسازی لە کوردستاندا، تا چەند کاریگەریی دەبێت لە هێنانەئارای زمانی ستانداردی کوردی؟ پێت وا نییە دەسەڵاتی کوردی لەم بوارەدا کەمتەرخەمە؟

شاکەلی: ئێمە ئەگەر لەبارەی دەستگا و ناوەندی جۆربەجۆری فەرهەنگییەوە قسە بکەین، دەبێ هەموو باسەکە لە یەک چوارچێوەدا کۆ بکەینەوە، ئەویش چوارچێوەی سیاسەتی فەرهەنگییە (السیاسة الثقافیة، Cultural Policy). سیاسەتی فەرهەنگی ئەو ستراتێگییە زانستی و سیاسی و کارگێڕییەیە، ئەو نەخشەی ڕێگایەیە کە هەوڵ دەدات فەرهەنگ وەک سامانێکی نەتەوایەتی و وەک بەرهەمێکی نەتەوایەتی تەماشا

بکات و نەخشە دادەنێت بۆ پێشخستن و پەرەپێدان و گەشەکردنی. ئەم نەخشەیە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەدا و بەپێی قۆناخی مێژوویی دادەڕێژرێت، چونکە ئامانجی سیاسەتی فەرهەنگی لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێک دەتوانێت بگۆڕێت.

دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان، کە شانزدە ساڵە بەرپرسی سەرلەبەری کاروباری کوردستانە، تا ئێستا سیاسەتێکی فەرهەنگیی نییە و لەو ڕووەیشەوە هیچ نازانێت، چونکە دەسەڵاتێکی نەخوێندەوارە. ئێمە ئەگەر تەماشایەکی کارەکانی کۆمەڵە دەستگایەکی فەرهەنگیی کوردستان بکەین: زانستگەکان، وەزارەتی فەرهەنگ [ئەوان پێی دەڵێن ڕۆشنبیری، کە دیارە هەڵەیە]، ئەکادیمیای کوردی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەی خوێندنی باڵا، دەستگا ناوەندییەکانی ڕاگەیاندن... و چەندی دیکەیش، دەبینین ئەمانە بە شێوەیەکی ئەزموونگەرانە کار دەکەن، واتە هیچ ستراتێگی و هیچ بیرکردنەوەیەکی دوورخایێنیان نییە و نەخشەیەکیان بۆ داهاتوو نییە. بەرهەمی ئاژاوە و بێسەروبەرییەکی وەها ئەو داڕووخان و هەڵوەشانەوە و داتەپینەیە کە فەرهەنگ و زمانی کوردی تووشی بووە. پێت سەیر نەبێ کە من تا ئێستا لە چەندین دیداردا وتوومە و دووبارەیشی دەکەمەوە، بێ ئەوەی ناهەقییەکم کردبێت، ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە نییە کە بە کوردییەکی ڕاست و بە ڕێنووسێکی ڕاست نووسرابێت.

پێشنیازی کردنەوەی ناوەندی وەرگێڕان و فەرهەنگ و زاراوەسازی، ئەگەرچی پێشنیازی باش و پێویستە، بەڵام هیچ دەردێکی فەرهەنگی هەڵوەشاوە و داڕووخاوی کوردستان دەرمان ناکات. ئەگەر مەسەلە هەر دامەزراندنی ناوەند و دەستگای جۆراوجۆر بێت، ئەوا ئێستا لە کوردستاندا دەیان دەستگا هەن و لە ڕووی بودجە و کارمەند و باڵاخانە و کورسی و قەنەفەوە لە دەستگا فەرهەنگییەکانی ئەوروپا ئەگەر چاکتر و جوانتر نەبن، کەمتریش نین. بەڵام ئەم دەستگا و هەیتوهووتانە پێویستیان بە مێشکە، پێویستیان بە هۆشیاری و ئاوەزێکی بەرز و زانستی و دووربین و دڵسۆز و لێزانە. دەبێ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان فێری ئەوە ببێت گوێ لە کەسانی شارەزا و دڵسۆز بگرێت، دەست بکاتە لێکۆڵینەوەی جیددی لەبارەی

فەرهەنگی کوردەوە و لە ئەنجامدا ستراتێگی و نەخشەیەکی درێژخایێن دابنێت، واتە سیاسەتێکی فەرهەنگی (Cultural and educational policy) دابڕێژێت. لە چوارچێوەی سیاسەتێکی وەهادا دەکرێت بیر لەوە بکرێتەوە ئەو دەستگا و ناوەندانەی پێویستن و دەبێ بێنە دامەزراندن چین و کامانەن.

لە بواری سیاسەتی فەرهەنگیدا ئەزموونی زۆر و زەبەندی گەلان و دەوڵەتانی دنیامان لە بەردەستدایە و دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین و بەپێی هەلومەرجی کوردستان و بەپێی پاشخانی ماددی و ڕۆحیی نەتەوەی کورد لەو نموونە جیاوازانە کەڵک وەربگرین و بیانخەینە کار. دەتوانین ئەزموونی ڕووناکبیرانی جیددی و شارەزای کورد، چ لە ڕۆژاوا و چ لە کوردستان، بکەینە گەنجینەیەک و سەرمایەیەک لەو پێناوەدا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.

چاودێر: ڕۆڵی سیاسی و مێژوویی زمان چییە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی کورد؟

شاکەلی: سەربەخۆیی تێرمێکی سیاسیی ڕووت و ئابستراکتە، بەڵام بەڕێوەبردن و مومارەسەکردنی سەربەخۆیی پێویستی بە کۆمەڵێ دەستگا و ڕێکخراو و چەمک و بیر و هۆشیارییە کە لە سەرخان و ژێرخانی وڵاتێک و نیشتمانێکدا جێگەیان هەیە و کارکردیان دەبێت. زمانیش یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی هەبوون و پێشکەوتنی نەتەوە و نیشتمان. ئێمە ئەگەر بمانەوێ هەم کۆمەڵی خۆمان پێش بخەین و بیکەینە بەشێکی زیندووی شارستانەتیی ئەمڕۆی جیهان و هەمیش لەو شارستانەتییەدا بەشدارییەک بکەین و جێدەستمان دیار بێت، بێ زمانێکی تۆکمە و دەوڵەمەند و زیندوو ناتوانین ئەو بەشدارییە بکەین. کەواتە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو بیر و پێشنیازانەی لە وەرامی پرسیارەکانی پێشوودا پێشکێشم کردن لەبارەی زمانی ستاندارد و گرنگیی زمانێکی وەهاوە بۆ دروستبوونی نەتەوە. ئەم بیرانە هەموویان بە شێوەیەکی زۆر توندوتۆڵ و ئۆرگانیک پێکەوە بەستراون و کار لە یەکدی دەکەن.

## له هەموو كوردستاندا من تاكە دەستگایەكیش نابینم زانستانە، بەرزویستانە و دووربینانە كار بۆ پرۆژەیەكی گەورەی فەرهەنگی و نەتەوایەتی بكات

كوردستان راپۆرت: لە شوێنێكدا رەخنەت لە (مەسعوود محەمەد) گرتووە كە هانی رۆشنبیری داوە، ئەوەشت روون نەكردۆتەوە كە رۆژهەڵاتناسەكان لەپێناو بەرژەوەندی ئیمپریالیزم بوون. بۆچی ئەم رەئیەت بۆ درووست بووە؟

شاكەلی: مەسعوود محەمەد لە هەموو سەدەی بیستەمدا بیریارێكی تاكانەی كوردە. ئەو پیاوە زۆر بیری قووڵ و گەورەی پێشكەش بە ژیانی فكری و فەرهەنگیی نەتەوەكەی خۆی كرد، لە زۆر بواردا كەسێكی پێشەنگ و رچەشكێن بوو.

خوێنەرێك كە ئەم پرسیارەی جەنابت دەخوێنێتەوە، بە هەڵە لێی دەگات، چونكە پرسیارەكە بە شێوەیەكی نارێك و نامەنتیقی دارێژراوە و جۆرێ ناهەقی و زۆرداریی تێدایە بەرانبەر مامۆستا مەسعوود و بەرانبەر باوەڕ و بۆچوونەكانی منیش. ئێستا من ئەو دەرفەتەم نییە داستانی شانامەت بۆ بگێڕمەوە، بەڵام با خوێنەری خۆشەویست تەماشای دواترین كتێبی بەندە بكات (زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا)، لاپەڕەی ١٣٥ و ١٣٦، لەوێدا وەرامی پرسیارەكەی تۆی دەست دەكەوێت.(*)

من لە زۆربەی دیدار و نووسینەكانمدا بە درێژا باسی رۆژهەڵاتناس و كوردناسەكانم كردووە. ئەم هەڵوێستەی من هیی ئەمڕۆ نییە. ساڵانێكی دوورودرێژە ئەو باسە تێگەیشتووم و دەیان نموونەیشم لە بەردەستدایە. بەڵێ بەشی هەرە زۆری رۆژهەڵاتناسەكان وەك نوێنەری بەرژەوەندییەكانی كۆڵۆنیالیزم و ئیمپەریالیزم كاریان كردووە و زانستیان لەپێناوی سیاسەتی داگیركارانەی ئیمپەریالیزمدا بە كار بردووە. ئەمڕۆ لەپاڵ رۆژهەڵاتناساندا، دەیان گرۆ و تاقمی دیكە پەیدا بوون و بە

(*) ئەم دیمانەیە دوای بڵاوبوونەوەی كتێبی (زمانی گەردەلوول...) چاپی یەكەم ئەنجام دراوە.

ناوی ڕێکخراوە ناحوکمەتییەکانەوە (NGO) کار دەکەن. ئەمانیش بەشێکی زۆریان جاسووس و سیخوڕی دەستگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژاوان. لەناو ڕۆژهەڵاتناسەکان و لەناو ئەو ڕێکخراوانەیشدا، دڵنیام، دەیان کەس هەن کە بە ویژدانێکی پاک و بە مەبەستێکی مرۆڤانەوە کار دەکەن و لەوانەیە هێشتا لە فرۆفێڵی کارناس و گەورەکانی ئەو دەستگایانە تێنەگەیشتوون.

ک. راپۆرت: مەبەست چییە کە لە دوای خوێندنەوەی جەزیری و خانی چوویتە نێو دونیای عیرفانییەوە ئەو تەسەووف و عیرفانیە لە ئێستادا چ کۆمەکێک بە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات؟

شاکەلی: ئەمە چیرۆکێکی درێژی هەیە و باوەڕ ناکەم ئێرە جێگای گێڕانەوەی بێت، بەڵام با هەر بە کورتی چمکێکی باس بکەم. تەسەووف لای من، چ وەک زانست و چ وەک کردەوە و ڕاهێنان، هەرگیز بابەتێکی نائاشنا نەبووە. بە هۆی پاشخانی خێزانەکەمانەوە تا ڕادەیەک شارەزاییم هەبووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە تەمەنی لاوێنیمدا من کەسێکی چەپگەر بووم و نێوانم لەگەڵ دین و باوەڕی دینیدا خۆش نەبوو.

کە هاتمە ئەوروپا و لە زانستگەی ئوپسالا دەستم بە خوێندن کرد، دەبوو کارێکی ئەکادێمیی زانستی پێشکەش بکەم. پێم خۆش بوو لەسەر بیری نەتەوایەتی لە مەموزینی ئەحمەدی خانیدا بنووسم. نزیکەی ساڵێک بەو تێزەوە خەریک بووم و ئەو نووسینەی لێ دەرچوو کە ناوم نابوو "بیری کوردایەتی لە مەموزینی ئەحمەدی خانیدا". تێزەکەم بە ئینگلیزی نووسیبوو، دواییش تەرجەمەی سوێدی و تورکی و عەرەبی کرا. بۆ ئەو نووسینە دەیان سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزیم خوێندەوە. کە داستانە نەمرەکەی خانیم دەخوێندەوە، دەبینم بیری نەتەوایەتی تەنیا بەشێکی بچووکی سیستێمی بیری خانییە، دەبینم تەسەووف تانوپۆی داستانەکەیە و دەبینم خانی سۆفییەکی گەورەیە و ڕووناکبیرێکی بێهاوتایە. ئەم کەسایەتییە قووڵ و بێکەنارەی خانی هانی دام لە لایەکەوە بەرهەمی شاعیری دیکەی سۆفی بخوێنمەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە، پەنا ببەمە بەر سەرچاوە ڕەسەنەکانی تەسەووف و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر تەسەووف نوسراون. ئەمە

دۆزینەوە و کەشفێکی تازە بوو بۆ من، ئەمە عەشقێکی گەورە و بێسنوور بوو، بوو بە پشکۆیەک و کەوتە ناو دڵمەوە... ئیتر دیارە پاشماوەی چیرۆکەکە چۆن بوو...

ئێمە ناکرێ هەموو زانست و فکرێک بەوە بپێوین چەند کەڵکی بۆ کوردایەتی هەیە یا نییە. تەسەووف، زانستێک، ڕێگایەک و فەلسەفەیەکی جیهانییە، سەدان ساڵ پێش پەیدابوونی کوردایەتی هەبووە و هەر دەیشمێنێت. بەڵام ئەگەر سەرنجی مێژووی کوردایەتی، یا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، بدەین دەبینین زۆربەی ڕێبەرانی کوردایەتی کەسانی سەر بە تەریقەتەکانی تەسەووفن.

ئەگەرچی تەسەووف، لایەنی کردەوە و ڕاهێنانەکەی، شێوەی ڕێکخراوێکی جەماوەری و گەلێریی هەیە، بەڵام بە ڕاستی ناوەڕۆکی تەسەووف، گەوهەری فەلسەفەی تەسەووف، ڕێک بە پێچەوانەی ئەو چوارچێوە و تەشکەوەیە. تەسەووف فەلسەفەیەکە، شێوەیەکی بیرکردنەوەیە کە لە پلەی یەکەمدا بۆ تاکەکەس دەست دەدات. تەسەووف ڕێبازێکە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ، بۆ مشتوماڵکردنی ناوەوەی مرۆڤ، بۆ پاککردنەوەی ڕۆح و دەروونی مرۆڤ، بۆ دارنین و دوورخستنەوەی ئارەزووە شەڕانی و مادییەکان و بۆ نزیکبوونەوە لە نرخە جوان و بەرز و پاک و ڕاستەکان. ئەوجا دروستبوونی مرۆڤی وەها، بێگومان، نەک هەر بۆ کوردایەتی، بەڵکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی گەنجینەیەکی وایە کە لە نرخاندن نایەت.

ک. ڕاپۆرت: قسەیەکی زۆر لەسەر ئەدەبی (مهجر) کرا کە چی هیچ جیاوازیەکی نەخولقاند لەنێوان ئەدەبی ناوەوەو دەرەوە وەک بڵێیت ئەوەی لەدەرەوە ئەنوسرێت وەک ئەوە وایە لە کوردستان نوسراوە پێت وانیە ئەم مناقەشەیە تەنها ئەو گرووپە لێکتر دوور بن ئاخۆ جیهانگەرایی ئەو چەمکەی پووچەڵ نەکردۆتەوە؟

شاکەلی: با هەر لەوەوە دەست پێ بکەم، کە چەمکی تاراوگە گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هاتووە و ئیدی ئەو شێوە و ناوەڕۆکەی جارانی نەماوە. ئەگەر لایەنێکی چەمکی تاراوگە دوورکەوتنەوە (یا دوورخرانەوە) بێت لە وڵات و لە نیشتمان، بەڵام لایەنێکی گرنگی دیکەیشی ئەوەیە کە کەسێکی تاراو، یا نەوەیەک کە لە تاراوگەدا بژی، دەستی ناگاتە وڵاتەکەی خۆی و ناتوانێت پێوەندییەکی ڕێکوپێکی بە خەڵک و

نیشتمان و فەرهەنگی خۆیەوە هەبێت. ئەم دووری و ئەم دەستنەگەیشتنە، جاران، دەبووە هۆی پەیدابوونی جیاوازی لەنێوان شێوەی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی فکری و ئەدەبی لای ئەوانەی لە وڵاتدا دەژین و ئەوانەی لە تاراوگە دەژین، چونکە لە دوو دنیای جیاوازدا دەژیان. با ئەوەیشی بچێتە سەر کە تاراوگە، زۆربەی جار، واتە جێگایەکی باشتر و ئازادتر، چونکە ئەو کەسەی لە نیشتمانەکەی خۆیدا ڕاو دەنرا و تەنگیان پێ هەڵدەچنی، پەنای دەبردە بەر جێگایەکی هێمنتر کە ژیانی بپارێزێت و کۆمەکی بکات بە ئازادی بژی.

بۆ ئێمەی کورد، هەتا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو، بەڕاستی تاراوگە ئەو شێوە کلاسیکییەی هەبوو کە باسم کرد. زۆر زەحمەت بوو پێوەندی بە کوردستانەوە بکەین. من خۆم لە ماوەی شانزدە ساڵی ڕێکدا، چاوم بە هیچ کەسێکی نزیکی خۆم، ئەوانەی لە کوردستان دەژیان، نەکەوت. سەدان و هەزارانی وەک منیش هەبوون. باسەکەی ئێمە ئەمە نییە. باسەکەی ئێمە ئەدەب و داهێنانی کوردییە لە تاراوگە. نووسەرانی کوردی تاراوگە ئەوانەن کە پێشتر، لە کوردستان، ژیانی ئەدەبییان دەستی پێ کردووە و لە تاراوگە بەردەوام بوون. لەناو نەوەی دووەم یا سێیەمی تاراوگەدا (ئەگەر سێیەم هەبێت)، باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک هەبێت بە کوردی بنووسێت. ئەو نەوەیەی لە تاراوگەدا لە دایک بوون، زمانی یەکەمیان، بەتایبەت لە بواری نووسین و داهێناندا، زمانێکی دیکەیە و کوردی نییە.

من نامەوێ لەم ڕووەوە بڕیارێکی گشتگرانە بدەم، بەڵام ئەگەر باسی هەڵبژاردەیەکی نووسەر و شاعیر و داهێنەرانی کوردی تاراوگە بکەم، دەتوانم بڵێم لە ڕووی زمانەوە ئەمان بە کوردییەکی جوانتر و پاراوتر و ڕەوانتر دەنووسن، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری نووسەرانی کوردستان کوردییەکی لەنگ و ناڕەوان دەنووسن. تەنانەت لە ڕووی تەکنیکی نووسینیشەوە، جیاوازییەکی فراوان لەنێوان نووسینی ئەو هەڵبژاردەیەی تاراوگە و زۆربەی نووسەرانی وڵاتدا هەیە. ئەم باسی تەکنیکی نووسینە دەکرێ زۆر زیاتری لەسەر بڕۆین و بیکەینە بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوەی شێوازی نووسین، کە دیارە لە دیدارێکی وەهادا ئەوە ناکرێت. نووسینی ئەکادێمی و نووسین لەبارەی بابەتە قووڵ و زانستییەکانی فەلسەفە و فکرەوە لە کوردستاندا ئەوەندە لاوازە کە لە پلەی نەبووندایە.

ئەمرۆ بە هۆی تەکنیکی زانیارییەوە (IT)، ئەو مەودا جیۆگرافی و زانیارییەی کە جاران تاراوگەی دەکردە دۆزەخێک (یا بەهەشتێک) ئێستا ئیتر کرژ و بچووک بووەتەوە و کاریگەریی نەماوە. من ئێستاکە نیوەشەوان، بە هۆی ئینتەرنێتەوە، چەند دانەیەک لە ڕۆژنامەکانی کوردستان دەخوێنمەوە، لە کاتێکدا لە کوردستان هەشت نۆ سەعات دواتر دەیانخوێننەوە.

لارش گوستافسۆن (Lars Gustafsson)، فیلۆسۆف و نووسەرێکی ناسراو و پڕبەرهەمی سویدییە، ماوەی بیستوچوار ساڵ لە ئەمەریکا ژیا و ئەوە دوو سێ ساڵێکە گەڕاوەتەوە بۆ سوێد. لەو بیستوچوار ساڵەدا نزیکەی سیوچوار کتێبی بڵاو کردوونەوە و بەشدارێکی زۆر چالاکی ژیانی فەرهەنگی و فکریی سوێد بوو. دەمەوێ بڵێم ئەو ژیانی تاراوگەیەی خۆی هەڵیبژاردبوو بە هیچ جۆرێک ڕێگەی لێ نەگرت بە ئەدەب و بەرهەم و فکرەکانی ڕۆژانە لە وڵاتەکەی خۆیدا بژی. نموونەی وەک لارش گوستافسۆن زۆرن.

ک. راپۆرت: دیاردەیەک لەکوردستان هەیە بە ناوی گرووپبەندی رۆشنبیری کوردی. ئەم حاڵەتە چۆن تەماشا دەکەیت ئایا بۆچی لە یەکێک لە گرووپەکان نەگیرسایتەوە؟ ئەگەر قبووڵت نەکردووە بۆچی موناقەشەت نەکردووە؟

شاکەلی: دیاردەی گرۆبەندی دیاردەیەکی تازە نییە و هەمیشە لە ئەدەب و فەرهەنگی گەلاندا هەبووە. لە کوردستانیشدا بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی پێ کردووە و ئێستایش هەر بەردەوامە.

لەبارەی دیاردەی گرۆبەندییەوە دەکرێ تیشک بخەینە سەر دوو لایەنی کە وەک بنەمایەک هەمیشە دووبارە و چەندبارە دەبنەوە: یەکەم: ئەوانەی گرۆی ئەدەبی و فەرهەنگی دروست دەکەن لە تەمەنی لاوێتیدا، لە تەمەنی سەرەتای ژیانی ئەدەبییاندا دەستی پێ دەکەن. ڕەنگە ئەمە کاردانەوە و قایمکارییەکی سروشتی بێت بۆ خۆپاراستن و خۆبەهێزکردن بەرانبەر هێز و کەس و گرۆیەکانی دیکە، بۆ ئەوەی لە شەڕی نێوان نەوە ئەدەبییەکاندا بەرەیەک پێک بهێنن؛ دووەمیش: ئەم گرۆ ئەدەبییانە بە گشتی تەمەنکورتن و لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەڵدەوەشێنەوە. ڕەنگە لە گرۆیەکی

هەشت نۆ کەسی، تەنیا دوو یا سێیان ببنە نووسەر و شاعیری باش و ئەوانی دیکە لە بیر دەچنەوە. جاری وایش هەیە، وەک گرۆ و پارتییە سیاسییەکان، لەسەر مێژووی خۆیان و لەسەر ڕەسەنایەتی، ناکۆکی لە نێو ئەندامەکاندا دروست دەبێت و هەر یەکێکیان خۆی بە خاوەنی ئەو مێژووە دەزانێت و پێی وایە خۆی تاکە نوێنەری دڵسۆز و ڕاستەقینەی گرۆیەکەیە. ئەمە مۆدێلێکە کە لە هەموو جێگایەک و لە هەموو سەردەمێکدا دووبارە دەبێتەوە.

لایەنێکی زۆر دزێو کە هەندێ جار لەناو گرۆبەندییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا پەیدا دەبێت، بۆ نموونە لە کوردستاندا، دیاردەی هەڵسوکەوتی مافیائاسایە. کەسێک دەبێتە سەرکردە (Boss, Patron) و ئیدی ئەندامەکان سوێند بە سەری دەخۆن و بە هەق و بە ناهەق پشتگیری لەو و لە خۆیان دەکەن و هەر بەو شێوەیەیش هێرش دەکەنە سەر ئەوەی لەگەڵ ئەوان ناگونجێت یا ناکۆکە. ئەمە ئیتر نە ئەدەبە و نە فەرهەنگ و نە فکر. ئەمە گرۆی مافیائاسا، گرۆی جەردە و قاچاخچی و چەقۆکێشانە.

من ئێستا لە تەمەنێکدا نیم کە خۆم بە گرۆ و گرۆبازییەوە خەریک بکەم و پێویستیشم پێی نییە. لەوە بەولاوەتریش، هیچ گرۆیەکی ئەدەبی و فەرهەنگیی کوردی ئەوەندە لە خۆمەوە نزیک نابینم، کە، بە ئاستەمیش، دەنگ و بۆچوون و فکری خۆمی تێدا بناسمەوە.

ک. ڕاپۆرت: تۆ لەگەڵ ئەوەی ئەدیبێکی باشیت لە هەمان کاتیشدا وەرگێڕێکی کارامەیت. باشە وەرگێڕان وەک بنەمایەکی (کلتوورسازی)، چەندە کاریگەرە لە دروستکردنی پاشخانێکی هزری و بنیاتنانی کلتوور بە گشتی؟ – وەرگێڕان و زانینی دوو زمان بە ئەبستراکتی، چەندە توانای ئاشنابوون و گواستنەوەی کلتوور و مێژووی وڵاتانی دیکەی هەیە بۆ نێو کەلتووری (بۆ وەرگێڕدراو)؟ ئایا لە وەگێڕاندا کێشەیەکمان بۆ دروست نابێت لە تەرجەمەکردنی هزر، بە حوکمی ئەوەی کە لە فەرهەنگی هزریدا هەژاریی وشە و دەستەواژە باڵادەستە؟ لە نێوان وەرگێڕەکاندا دوو ڕوانگە یا دوو چەمک هەیە کە پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە (کلتوورسازی) و (کلتوور گواستنەوە)ن. ئایا جیاوازیی نێوان ئەم

دووانە لە چیدایە و وەرگێڕی کورد زیاتر کاری لەسەر کام یەک لەو چەمکانە کردووە؟

شاکەلی: بەشێکی زۆری پرسیارەکەت پێوەندیی بە لایەنە تەکنیکی و مێتۆدیکەکانی تەرجەمەوە هەیە و لەبەر ئەوەیش بە پێویستی نازانم وەرامیان بدەمەوە.

تەرجەمە شارێگەیەکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە بۆ پێکگەیاندنی فەرهەنگ و شارستانەتی و زمان و ئەدەبی جۆراوجۆر. هیچ کۆمەڵێک و هیچ گەلێک ناتوانێت تەنیا بە بەرهەمی فکری و فەرهەنگیی خۆی بژی، ئەگەرنا تووشی نابزووتن و چەقین و ڕاوەستان (Stagnation) دەبێت. ئەم پێویستییە لای ئەو گەلانەی بەشدارییەکی کەمتریان لە بەرهەمهێنانی فکری و فەرهەنگیدا کردووە، زیاتر و ژیاریترە.

کورد لەو نەتەوانەیە کە تازە تازە دەیەوێ بکەوێتە سەر پێی خۆی و دارەدارە دەکات. ئێمە لە بواری زانست و زانیارییە جۆراوجۆرەکاندا تا ڕادەی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە هەژار و دواکەوتووین. کە دەڵێم دواکەوتوو خۆمان لەگەڵ ئینگلیز و ئاڵمان و چین و سوێد بەراورد ناکەم، چونکە لە خەونیشدا فریای ئەوان ناکەوین، بەڵکە فەرهەنگی کورد لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانەتیی گەلانی نزیک و دەوروبەرمان بەراورد دەکەم: عەرەب، فارس، تورک.

پاشکەوتن خۆی دەردێکی بێدەرمان نییە، زۆری دیکەیش پاشکەوتوو بوون و دواتر خۆیان پێگەیاندووە. دەرد ئەوەیە کە دەرفەتت دەست کەوت بۆ خۆپێگەیاندن، عەقڵێکی وردبین و ڕێبەرایەتییەکی دووربینت نەبێت، بە بەرنامەیەکی تۆکمە و بەرزوپست و زانستییەوە کار بکات. کارەساتەکەی ئێمە ئێستاکە ئەوەیە. ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەگەر بیر لە هەموو بوارەکانی خوێندن و فەرهەنگ و پەروەردە و ڕاگەیاندن بکەینەوە، پێم وایە ساڵانەی هەموویان خۆی دەدات لە یەک میلیارد دۆلاری ئەمەریکی. بەڵام ئەنجامەکە چییە؟ ئایا فەرهەنگ و شارستانەتیی کورد ساڵانە بایی ملیاردێک دۆلار پێش کەوتووە؟ بێگومان نا. ئایا پاشەڕۆژی فەرهەنگ و شارستانەتیی کورد لە جاران باشتر دەستەبەر کراوە و لێیان دڵنیاین؟ بێگومان نا. ئایا زمانی کوردی لە جاران کەمتر مەترسیی لەسەرە؟ دیسانیش بێگومان نا. لەو بوارانە هەموویاندا ئێمە بۆ دواوە ڕۆیشتووین و مەترسی و کۆسپەکان شەش

ئەوەندەی جـارانن. هۆیەکـەیشی ئاشکرایە: ڕێبـەرایەتیی ئێمـە ڕێبـەرایەتیـیـەکی کورتبین و نەخـوێندەوارە، نە خـۆی عـەقڵ و ئاوەزێکی وردبین و زانسـتـانەی هەیە، نە سوودیش لە وزە عەقڵی و زانستی و فکرییەکانی کورد وەردەگرێت.

بۆ ئەمڕۆی فەرهەنگ و زمان و شارستانەتیی کورد، تەرجەمە دەیتوانی و دەتوانێت نەخشێکی گەورەی هەبێت و تەکانێکی ڕاستەقینە بەم بارە بۆگەن و ڕاوەستاوەی فەرهەنگ و زمانی کوردی بدات، بەڵام لە هەموو کوردستاندا من تاکە دەستگایەکیش نابینم بە شێوەیەکی کارناسانە، بە وردبینی، زانستانە، بەرزویستانە و دووربینانە کار بۆ پرۆژەیەکی گەورەی فەرهەنگی و نەتەوایەتی بکات.

ک. ڕاپۆرت: پەیوەندی نێوان بەرهەم هێنەر و دەق و ڕەخنەگر و خـوێنەر پەیوەندییـەکی نیمـچـە بچڕاوە جاری وا هەیـە دەق هەیە بەڵام ڕەخنە نییـە یان بـە پێـچـەوانەوە دەق و ڕەخنە هەن بـەڵام خـوێنەر لـە بەرامـبـەری دا سست و کزە؛ ئایا پـەیوەندی نێوان دەق و ڕەخنە و خوێنەر لـە ئەدەبیـاتی کوردی دا چ ئیشکالییەتێکی هەیە؟

شـاکەلی: ئەمـەیش لەو پرسـیـارانەیە کە گـەلێ جـار قـسـەم لەسـەر کـردووە و لە دەرفەتی جۆراوجۆردا وەرامم داوەتەوە.

ڕەخنەی ئـەدەبیی کـوردی تەنیـا یەک دوو هەنگاوێک لە سـفـر دوور کـەوتووەتەوە. ئەوەی کـە هـەیە، بەشـی هەرە زۆری ڕەخنـەیەکی گـەندەڵ و مـافـیـائاسـایە و هیچ پێوەندییـەکی بە نرخە جوان و ئێستێتیکی و هونەرییەکانەوە نییە. ڕەخنـەیەکە هەتا تەوقـەسـەری لە گـەنکاوی سـیـاسـەت و پێـوەندیی کـەسـایەتی و ناوچەپـەرسـتی و ئیدیۆلۆگیدا نوقمە. لە بارێکی وەهادا هەموو هاوکێشـەکانی تێکست و خـوێنەر و بەرهەمـهـێن و ڕەخنـەگـر هـیچ مـەعنـایەکی زانسـتـیـیـان نامـێنێت و لە هـیچ ئەنسیکلۆپێدیا و فەرهەنگێکی زاراوەی ئەدەبیدا جێیان نابێتەوە.

ک. ڕاپۆرت: ئـایا نـەبوونـی ڕەخنـەی بەراوردکـاری نـەبۆتـە هۆکـاری ئەوە هەندێ لە نووسـەران دەسـتـواڵا بن لە وەرگـرتن و گـواسـتـنەوەی بڕگـە و وێنەی تێڕوانینی نووسەرانی تر بەبێ ئاماژەدان؟

شاکەلی: پرسیارەکەت زۆر ناڕوونە، خۆزگە بە شێوەیەکی دیکە داتبڕێشتایە. ئێمە کە ڕەخنەی ئاساییمان نەبێت، ئیدی بۆچی چاوەڕوانی ڕەخنەی بەراوردکارانە بین؟ نازانم، کە دەڵێی وەرگرتن و گواستنەوە مەبەستت دزیی ئەدەبی یا شتێکی دیکەیە؟

ک. راپۆرت: بە درێژاییی مێژووی ئەدەبی کوردی، مەگەر تاک تاک، ئەگینا ئەوانەی وەک ڕەخنەگر ناسراون، بە هیچ کلۆجێک داوای کۆمەکیان لە میتۆدە ڕەخنەیی – زانستییەکان نەکردووە، بەڵکوو تەنها بۆچوونیان دەربڕیوە (بۆچوونی ساکار)، ئەمە بەدەر لەوەی تا ئێستە میتۆدەکان بە ڕێژەیەکی دڵخۆشکەر نەناسراون و ڕاڤەیان بۆ نەکراوە، بە تێڕوانینی تۆ، ئەو هۆکارانە کامانەن کە بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە ڕەخنانە؟

شاکەلی: تیۆریی ئەدەبی ئەو دەقە پیرۆزە نییە کە ڕەخنەگر نەتوانێت دەست بکا بە ئاودا ئەگەر ئەو کارەی لەگەڵ فلانە برگەی تیۆرییەکدا ڕێک نەکەوێت. بەڵام ئەم قسەیە بۆ کەسێک دەگوترێت کە لە ڕووی زانستی و فەرهەنگییەوە و لە ڕووی چێژ و توانستی داوەرییەوە هێندە پێگەیشتوو بێت کە بە بۆچوون و باوەڕە ئەدەبی و ئێستێتیکییەکانی خۆی بتوانێت جێگەی تیۆرییە ئامادەکان بگرێتەوە، یا هەر نەبێ شتێک پێشکەش بکات کە بارتەقای ئەوانە بڕشت و کارکردی هەبێت. تۆ دەبینیت پیاوێکی وەک مامۆستا عەلائوددینی سەججادی، کاتێ باسی ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەکات، پێویستی بەوە نیە پەنا بباتە بەر تیۆرییەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، چونکە هێندە شارەزای ئەدەبە و چێژێکی هێندە بەرز و ناسکی لەو بوارەدا هەیە کە خۆی دەبێتە خاوەنی سیستێمێکی فکری و هونەریی سەربەخۆ. دیارە ئەگەر مامۆستا سەججادی لەگەڵ ڕەخنەگر و نووسەرێکی گەورەی وەک عەبدولحوسەین زەڕینکووب (١٩٢٣–١٩٩٩)ی ئێرانی بەراورد بکەین، دەبینین زەڕینکووب زەریایەکە لە زانست و ژیربێژی و هونەرناسی، کە نموونە و هاوتای یەکجار کەمن. ڕەفیق حیلمی و مەسعوود محەمەدیش، وەک سەججادی، لە ئاشنایەتیی ئەدەب و هەستی بەرز و ناسکی داوەریدا بەهرەیەکی گەورەیان هەبوو. کەواتە ئەم دیاردەیە لە هەموو مێژووی ئەدەبی کوردیدا نەبووە، بەڵکە ئەوە فەریکەڕەخنەگرەکانی ئەمڕۆیە کە ئەوەندە خوێندەوارییان نییە بتوانن سوود لە تیۆرییەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی

وەربگرن و ئەوەندەیش فەرهەنگ و زانیارییان نییە خۆیان بەپێی سیستێمێکی رەخنەیی و هونەری تێکستە ئەدەبییەکان بنرخێنن و بخوێننەوە.

ئێمە، تۆ و من، کە باسی رەخنەی ئەدەبی دەکەین، پێم وایە لە دوو نوختەی جیاوازی دەرچوونەوە قسە دەکەین و دوو دیمەنی جیاوازمان لە بەرچاوە. نازانم جەنابت تا چ رادەیەک ئاگات لە هەلومەرجی، هەر بۆ نموونە، رەخنەی ئەدەبییە بە زمانانی عەرەبی و فارسی؟ من ساڵانێکی دوورودرێژە هەوڵ دەدەم دوور و نزیک، بە هۆی ئەو زمانانەوە کە دەیانزانم، ئاگام لە بزووتنەوەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی بێت. ئەوەی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی یا سوێدی یا فارسیدا روو دەدات شتێکە دەبێ ئێمە تا داهاتوویەکی دووریش هەر خەونی پێوە ببینین. ئەمەی دەیڵێم بە نزمگرتنی رووناکبیر یا رەخنەگری کورد نییە، بەڵکە دەربڕینی راستییەکە، رەنگە ببێتە هاندەرێک بۆ ئێمەیش و ببێتە هۆی بزواندنی بارە ئەدەبییەکەمان.

رەخنەی ئەدەبی هەر لایەنە تیۆرییەکەی نییە، چونکە تیۆرییەکانی ئەدەب و رەخنە ئەگەر نەبنە پێوەر بۆ نرخاندنی تێکستێکی ئەدەبی یا تەوژمێکی ئەدەبی یا قۆناغێک لە مێژووی ئەدەبدا، وەک کۆمەڵە بنەمایەکی وشک و بێگیان دەمێننەوە. ئەو تیۆرییانە کاتێک زیندوو دەبنەوە و گیانیان بە بەردا دەکرێت کە رەخنەگرێکی وردبین و لێهاتوو بیانکاتە کەرەستەیەکی هونەری بۆ خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی. لەو وڵاتانەدا و لەو زمانانەدا کە ئەدەبێکی پێشکەوتوو هەیە و ژیانێکی پایەدار و دەوڵەمەندی فەرهەنگی هەیە، تۆ دەبینیت کاتێ کۆمەڵەشیعرێک یا رۆمانێکی تازە بڵاو دەبێتەوە، دەیان جار لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا رادەنرێن و لەسەریان دەنووسرێت. رانانی بەرهەمێکی ئەدەبی و هەڵسەنگاندنی ئەوە نییە بە بەژن و باڵایدا هەڵبڵێیت یا بیدەیتە بەر تیری رق و نەفرەت، وەک لە کوردستاندا بووەتە باو، بەڵکە کۆمەڵە هەڵوێستێکی هونەری و بەرپرسیارانەیە، کە دەبنە درێژەپێدانێک بۆ تێکستە ئەدەبییەکە، دەبنە کلیل بۆکردنەوەی کۆدەکانی تێکستەکە و بۆ یارمەتیدانی خوێنەر تا چاکتر لە تێکستەکە بگات و ئەویش بە شێوەی خۆی بیخوێنێتەوە. ئەمەی من باسی دەکەم، تەنانەت وەک تارماییش لە ئەدەبی کوردیدا نییە و بە دی ناکرێت.

ئامادەکردنی: سۆران عەزیز

کوردستان راپۆرت، ژمارە (١٢)، ٢ی نیسانی ٢٠٠٩

## نە من وەک هیچ شاعیرێکی کورد دەنووسم،
## نە هیچ شاعیرێکی کوردیش وەک من دەنووسێت

واتە: پێش ئەوەی باس لە (فەرهاد شاکەلی)ی ئێستا بکەم، حەز دەکەم ئاورێک لە فەرهاد شاکەلیی هەفتاکان بدەمەوە، کاتێ لەگەڵ لەتیف هەڵمەت بەیانی شیعری نوێی کوردیتان دەرکرد. ئایا ئەو نوێکردنەوە شیعرییە بۆ تۆ مێژووە؟ گەر مێژووە دڵنیای لە ئەنجامەکانی بۆ ئەو کاتەش و ئێستاش مێژووە یان بەگومانەوە لێی دەڕوانی؟ ئەو مانیفێستە وا بزانم کۆمەڵە حەز و ئاواتێکی ئەدەبیی سەرەتایی بوو، کەمتر لەگەڵ دەق و ئەزموونتان دەهاتەوە و یەک ئاست دەبوون. ئەم دوو نووسینەی لەگەڵ چاپی دووەمی کۆشیعری (پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی) و (ژێ) بڵاوت کردەوە، هەست دەکرێ ئەڵتەرناتیڤی ئەو مانیفێستە سەرەتاییە، لەو دوو نووسینەدا بنەماکانی شیعر و شاعیریەتی خۆت بە ڕوونی دەرخستووە. دەکرێت لەم بارەوە بۆمان بدوێیت؟

شاکەلی: هەر شتێک لە ڕابوردوودا ڕووی دابێت، دەتوانێ ببێتە مێژوو. (ئێستا)یش هەر دەکرێ ببێتە مێژوو. مێژوو چییە؟ تۆ، ئێستا، واز لە زانستی مێژوو بێنە! مەبەستم ئەو بەشەی زانستەکەیە کە خەریکی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ڕووداوەکانەوە و هەوڵ دەدات لەسەر ئەو شیکردنەوانە تیۆریی تازە هەڵچنێت و دەرئەنجامی تازە ڕابگەیێنێت. لەوە بترازێت، مێژوو کۆمەڵە ڕووداوێکە بەسەر یەکدا کەڵەکە بوونە و هەر کەسێک لە لایەکەوە تێی دەڕوانێت.

بەڵێ، ئەو بەیانە شیعرییەی من و کاک لەتیف هەڵمەتی هاوڕێم لە هاوینی ١٩٧١دا بڵاومان کردەوە بەشێکە لە مێژووی شیعری و مێژووی کەسایەتی و مێژووی داهێنانی هەردووومان، هەروەها بەشێکیشە لە مێژووی ئەدەبی کوردی. بەڵام ئێستا، دوای نزیکەی چل ساڵ چۆنی دەبینین، یا من چۆنی دەبینم؟ ئەوە باسێکی دیکەیە و

دەکرێ قسەی لەسەر بکەین.

بەیانی "شێتەکان: سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە" تەنیا نوختەیەکی بچووکە، نوختەیەکی گەش و ورشەداری سەرەتای ژیانی ئەدەبیمە. من ئەو کاتە هەمووی دوو سێ ساڵێک بوو دەستم بە نووسین کردبوو. بەڵام هەرگیز لەو نوختەیەدا نەوەستاوم و ژیانی ئەدەبیم بە دیار ئەو تێکستەوە قەتیس نەبووە. دوای ئەو بەیانە، ئەوە نزیکەی چل ساڵە دەنووسم و بڵاو دەکەمەوە. ئەگەر ئەوسا ڕووبەری نووسین و بەرهەمەکانم تەنیا زمانی کوردی و تەنیا کوردستانی عیراق بووبێت، ئەمڕۆ ئەو ڕووبەرە هەم سنووری زمانەوانی و هەم سنووره جوگرافییەکەیشی زۆر لەوە فراوانترە.

ئەو سەرنجەی جەنابت ڕاستە؛ ناکرێ مانیفێستی "شێتەکان..." لەگەڵ دوو نووسینی "بە جامی ئەوینێک گیان مەستە و تەن وێران" و "پرۆژەی ئاشکرای کوودەتایەک"دا بەراورد بکرێن. ئەوەی یەکەم هەڵچوونێکی گەنجانەیە کە نەک تەنیا گومان لە دەوروبەر دەکات، بەڵکە گومان لە خۆیشی دەکات، بەڵام ئەم دووە زیاتر دڵنیابوونیان پێوە دیارە، چونکە ئەنجام و بەرهەمی ئەزموونێکی دوورودرێژی نووسین و وردبوونەوە و دەستوپەنجە نەرمکردنن لەگەڵ زمان و ئێستێتیک و تەکنیکدا.

واتە: فەرهاد شاکەلی ناسرابوو بەوەی کەسێکی یاخییە لە تەوژمە باوەکانی شیعر و ژیان و بیر و ئەدەب، ئایا ئەو فەرهادەی ئێستاش ئەو یاخیبوونەی تێدایە یان گۆڕانکارییەک لە توانای شیعریدا ڕووی داوە؟ حەزیش دەکەم بزانم هەوڵە نوێیەکانی شیعرت چ جیاوازییەکییان لەگەڵ ئەوانەی پێشتر هەیە؛ چ وەک فۆرم و ناوەڕۆک و چ وەک زمانی شیعری؟

شاکەلی: یاخیبوون دەکرێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرببڕدرێت. لە هەر تەمەنێکدا و لە هەر پلەیەکی زانیاریدا هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی و هەڵوێستە ئیپیستیمۆلۆگییەکانمان شێوەی جیاواز وەردەگرن، ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا هەر ئەو وزە و گوڕم و هێزە دەروونی و عەقڵییەن کە هەر لە بنەڕەتدا لەناو مرۆڤدا، لێرەدا باسی تاکەکەس دەکەم، هەن و هەبوون. من ئەو یاخیبوونە، ئەو تەوژمەم لە تەمەنێکی کرچوکاڵدا بە بەیانێکی شیعری یا بە نووسینی دیوانی "پرۆژەی کوودەتایەکی

نهێنی" دەردەبڕی. لە بەهاری ١٩٧٤دا بەوە دەرمبڕی کە خوێندنی زانستگە و کار و دڵداریم بە جێ هێشت و چووم، بووم بە پێشمەرگە. لە هاوینی ١٩٧٥دا بەوە دەرمدەبڕی کە لە ناوچەرگەی بەغدای بەعسدا کاری سیاسەتی کوردایەتیم دەکرد و دواتریش بە پێ سنووری ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتم دەبڕی. ئەمڕۆ کەمتر پەنا دەبەمە بەر دەربڕینی فیزیکی. بەڵام هەوڵ دەدەم بە ناوەڕۆکێکی فکری و بە شێوەیەکی ئێستێتیکی، بێزاریی خۆم بەرانبەر هەموو یاسا و ڕێسا ناڕەوا و دزێوەکانی ئەم دنیایە دەربڕم.

لە سەرەتاکانی ژیانی شاعیریمدا جۆرە شێوازێکم بە کار دەبرد کە لە شێوازی سوورڕیالیستەکانەوە نزیک بوو. ئەمەیش هەروا لە خۆوە نەهاتبوو، لە لایەکەوە یاخیبوونی خۆم بوو بەرانبەر شێوە باوەکانی شیعری کوردی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە کارکردی ئەو کتێب و نووسراوانە بوو لەو ساڵانەدا دەمخوێندنەوە. دواتر بە هۆی نزیکبوونم لە مارکسیزمەوە شێوازی نووسینم گۆڕانی بەسەردا هات. ئەمەیش سێ چوار ساڵێکی خایاند. کە چوومە ئەورووپا تووشی جۆرێک کاسبوون، جۆرێک وڕبوون و ماتی و بێدەنگی هاتم؛ هەرچییەکم دەنووسی بە دڵم نەبوو، هەرچییەکم بە بیردا دەهات هەوڵم دەدا نەیخەمە سەر کاغەز. ئەوەیش کە دەمخستە سەر کاغەز هەر زوو لێی پەشیمان دەبوومەوە و دەمدڕی و لەناوم دەبرد. سێ چوار ساڵێک دواتر، وردەوردە بەرەو ئەم شێوازە شیعرییە چووم کە لە چوار دیوانی دوایینمدا دەکرێ بخوێنرێتەوە و لێی بکۆڵرێتەوە.

جیاوازیی شیعری ئێستام لەگەڵ شیعری قۆناغەکانی پێشوودا هەم لە ڕووی فۆرم و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆرن و پێویست ناکات من لێرەدا لێیان بدوێم. بەڵام زمان، زمانی شیعری، لایەنێکی گرنگە و سەرنجی زۆر خوێنەر و لێکۆڵەرەوەی ڕاکێشاوە. ئەو زمانەی من لە شیعردا بە کاری دەهێنم، لە زمانی شاعیرانی دیکە ناچێت. نە من وەک هیچ شاعیرێکی کورد دەنووسم، نە هیچ شاعیرێکی کوردیش وەک من دەنووسێت. ئەمە نە خۆهەڵکێشانە و نە کەمنرخاندنی کەسی دیکە. کە باسی زمانی شیعری دەکەم، مەبەستم تاکەتاکەی وشە (ڤۆکابولێر) نییە، بەڵکە مەبەستم ئەو پێکەوەگرێدانەیە کە سوود لە هەموو بنەما ڕێزمانییەکان و سوود لە هەموو وزە دەنگییەکانی وشە وەردەگرێت و لەگەڵ جوانترین و قووڵترین لایەنە

ئێستێتیکی و زمانەوانییەکانی تەسەووفدا ئاوێتەی دەکات. من زمان تەنیا وەک دیاردەیەکی ڕووتی ئێستا تەماشا ناکەم، بەڵکە وەک هەبوویەکی زیندوو کە مێژوویەکی هونەریی هەیە، وەک ئامرازێکی مۆسیقایی، کە نەخشێکی فەرهەنگی و جوانکارانەی هەبووە، دەیبینم.

ئەوجا من نامەوێ وشە وەک کەرەستەیەکی یەکتوێژە و یەکمەودا بخەمە کار. دەزانم ئەمە ئەرکێکی یەکجار سەختە و بە هەموو کەسێک ناکرێ. لە پلەی یەکەمدا ئەگەر تۆ زانیارییەکی قووڵی زمانەوانیت نەبێت و ئەگەر شارەزای مێژووی هونەریی زمانی کوردی (یا زمانەکەی خۆت) نەبیت، ئەو مەودا جۆربەجۆرانە نادۆزیتەوە و کەشفیان ناکەیت. هەر بە کەشفکردنی مەودای وشەکانیش شیعری جوان و بەرز دروست نابێت، بەڵکە ئەوە شێوەی بەکارهێنانەکەیە دەیکاتە ئافەریدەیەکی تازە و بۆندار و ڕەنگدار کە لە هەموو ڕوویەکەوە تازەیە، بەڵام ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی و هونەریشی هەیە. دەکرێ لەم ڕووەوە زۆر شتی دیکە بڵێم، بەڵام ڕەنگە ئێرە جێگەی نەبێت.

واتە: ئایا پاش تەوژمەکەی ئێوە شیعری کوردی گەیشتە کوێ، شیعری کوردی چەند هەنگاوی پێشکەوتووانەی ناوە؟ دەکرێ ناوی چەند کەسێکمان پێ بڵێی لەم زەمەنەشدا هەر بە هەناسەی داهێنان دەنووسن؟

شاکەلی: شیعر کاڵایەکی بازرگانی یا پلەیەکی سیاسی نییە کە بە هەڵکشان و داکشانی ژمارە و ئامار بپێورێت. ئەو نەوەیەی ئێمە وەک ژمارەی شاعیران هێندە زۆر نەبووین. پێم وایە لەو ساڵانەدا نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ کەسێک شیعریان دەنووسی، بەڵام لەوانە هەمووی ٦–٧ کەسێک وەک شاعیر مانەوە. ئەگەر ژمارە بکەینە پێوانە، لە هەشتاکان بە دواوە ئەوانەی شیعریان نووسیوە و خۆیان وەک شاعیر پێشکەش کردووە، یا خۆیان بە شاعیر زانیوە، دەگاتە ٤٠٠ تا ٥٠٠ کەسێک. لەم ژمارەیە ئەگەر ١٠ تا ١٢ شاعیری باشیان لێ بمێنێتەوە، دەبێ بڵێین شیعری کوردی زۆر پێش کەوتووە. من دەتوانم ئێستا ناوی پانزدە شاعیر بهێنم، کە هیوایەکی زۆرم پێیانە و بە هۆی بەرهەمەکانیانەوە هەست دەکەم بەهرەدار و داهێنەرن، بەڵام چی پێشکەش دەکەن و چەند بڕ دەکەن؟ با چاوەڕوان بین!

دەستگاکانی ڕاگەیاندن و گەلێ هۆکاری دیکەی سیاسی و فەرهەنگی کارێکی وای کردووە کە دەیان ناو وەک ڕووناکبیر و نووسەر و شاعیری گەورە بەسەر خوێنەری کورد و بەسەر فەرهەنگی کوردیدا سەپێنراون، بەڵام من بە شێوەی خۆم دەیانخوێنمەوە و بە لامەوە گرنگ نییە، ئەو دەستگا و مەستگایە چی دەڵێن. ناوی وا هەیە ئەمڕۆ ڕووبەرێکی گەورەی لە فەرهەنگی کورد داگیر کردووە، کاتێ کە من دەیخوێنمەوە، دەبینم نەک شاعیری پلەی یەکەم و دووەم نییە، بەڵکە شاعیری پلەی پێنجەمیش نییە. بە پێچەوانەی ئەوەیشەوە ناوی وا هەیە کە لە هەشتاکان یا نەوەدەکاندا بەرهەمیم خوێندووەتەوە، ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەک باس ناکرێت و کەس هەر نازانێت هەبووە، بەڵام من پێم وایە بەو بەرهەمانەوە کە ئەودەم نووسیونی و بەرچاوم کەوتوون، ئەو کەسە شاعیرێکی چاکە (یا چاک بووە).

میتافۆر (وێنەی شیعری) کۆڵەکەیەکی یەکجار گرنگی تێکستی شیعرییە. میتافۆر بە زمان، بە وشە دروست دەکرێت و پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزکاو و فرەلایەنەی هەیە. کۆکردنەوە و ڕیزکردنی وشە لە خۆیانەوە میتافۆر دروست ناکەن، بەڵکە پێوەندییە ڕێزمانی و فۆنەتیکییەکان، پێوەندییە مێژوویی و ئێتیمۆلۆگییەکان، پێوەندییە فکری و هەستکارییەکان و مەنتیقێکی تایبەتی کە حوکمی پێوەندیی وشەکان دەکات و بەرانبەر یەکدی ڕایاندەگرێت، ئەمانەن کە بنەڕەتەکانی میتافۆر هەڵدەچنن. کەواتە هەر لەنگییەک لەم بنەڕەتانەدا دەبێتە هۆی لەنگیی میتافۆر. من شاعیری کورد دەناسم، لەناو خەڵکدا وەک شاعیرێکی چاک و ڕووناکبیر و مۆدێرن باس دەکرێت. بەڵام من کە بەرهەمەکەی دەخوێنمەوە، دەبینم سادەترین بنەماکانی زمانەکەی خۆی، کە ڕێزمانە، نازانێت و بە هەڵە بە کاری دەبات. لە جێگایەکدا کە دەبێ پۆستپۆزیسیۆن هەبێت، ئەو داینانێت، کەچی لە جێیەکدا کە پێویست بە پۆستپۆزیسیۆن ناکات، ئەو (دا)یەکی دزێو قوت دەکاتەوە. ئەمە هەر وەک نموونە باس دەکەم، ئەگەرنا دەیان هەڵەی لەم بابەتەم بەرچاو کەوتوون. شاعیرێکی وەها، نەک دیوانێک، بگرە ئەگەر (شانامە) و (کۆمیدیای یەزدانی)یش بە کوردی بنووسێت، من پێی ناڵێم شاعیر، ئەوجا با هەرچی ڕەخنەگری هەر چوار پارچەکەی کوردستانە کۆنگرەیەک ساز بدەن و بڕیارێک دەربکەن و بڵێن (فلانی) شاعیرێکی گەورەیە. بڕیارێکی وەها و هاوبیرییەکی لەو چەشنە هێندەی سەرەدەرزییەک کار ناکاتە سەر بۆچوون و نرخاندنەکەی من.

لەم ڕۆژانەدا شیعرێکی تازەم دەنووسی. لە جێگەیەکدا شتێکی وەهام نووسیوە: "...دەشکێنین لەوێ جامی شەراب". ئەگەر یەکێک شارەزای شیعری کوردی و تا ڕادەیەکیش شیعری فارسی و ڕۆژهەلاتی نەبێت، نازانێت ئەم میتافۆرە لە کوێوە هاتووە و بۆ لەوێدا نووسیومە. ئەمە بەشێکی کەمە لە بەیتێکی مامۆستا هێمنی شاعیر کە دەڵێ:

دێم و دەشکێنم لەوێ جـــامی شـــەراب
مـــاچی شـــیـرین نایەڵێ تامی شـــەراب

من تەنیا وێنەی یەکەمم بە کار هێناوە. وێنەی دووەمم بە کار نەهێنا، چونکە لە لایەکەوە شیعرەکەی منی پێ بێهێز دەبوو، لە لایەکی دیکەیشەوە خوێنەرێکی وریا و هۆشیار و شارەزا، خۆی پاشماوەی بەیتەکەی هێمن دەبەستێتەوە بە مێتافۆری شیعرەکەی منەوە و چێژێکی تەواوی لێ وەردەگرێت، واتە خوێنەریش لە داڕشتن و بنیاتنانی شیعرەکەدا بەشداری دەکات، بەشدارییەک کە هێز و توانستی خۆی لە بیرەوەریی زمانەوانی و فەرهەنگیی خوێنەرەوە وەردەگرێت.

ئەم زمانە پڕ لە ڕەمز و فرەلایەن و فرەتوێژە لای شاعیرانی کلاسیکی کورد زۆر پێش کەوتبوو. ئەوان هەم سوودیان لە سامان و گەنجینەی شیعری فارسی و عەرەبی وەردەگرت، هەم لە سیمبۆڵ و دەربڕینەکانی قورئان و ئەدەبی تەسەووف. شاعیرێکی وەک وەفایی کاتێک دەڵێت: "بە جوابی لەن تەرانی (لن تراني) چ بکەم جەرگم براوە"، سیمبۆڵێک لە قورئانەوە وەردەگرێت و بۆ مەبەستێکی عاشقانەی خۆی بە کاری دەهێنێت. وەفایی لەم وێنەیەدا پلەی خۆشەویستییەکەی تا ڕادەی خواپەرستی بەرز دەکاتەوە، چونکە کە مووسای پەیامبەر داوای بینینی خودای کرد، خـــودا پێی وت ناتوانی بمبـــینیت. وەفـــایی خـــۆی دەخـــاتە جـــێی مـــووســـا و خۆشەویستەکەیشی وەک خودایەک دەبینێت. من نازانم ئەمەی بۆ عەشقێکی سۆفییانە نووسیوە یا بۆ ژنێک؟ بۆ هەر کامیانی نووسیبێت، پێم وا نییە گوناهێکی کردبێت. عەشق هەر عەشقە و سەرچاوەی هەموویشی ئەو عەشقەیە کە سەرتاپێی گەردوونی گرتووەتەوە. دەمویست بڵێم ئەگەر خوێنەر شارەزای قورئان یا چیرۆکی مووسا نەبێت، لەو شیعرە ناگات. ئەگەریش تێبگات لە پلەیەکی نزمدا چێژی لێ وەردەگرێت، چونکە پێی وایە ژنێک بە وەفاییی شاعیری وتووە "نەخێر، ڕێگەت نادەم

بمبــینیت!''. ڕەنگە خــوێنەرێکی وەها ئـەوەیشـی پـێ ســەیر بێت بۆچی ئەم ژنـە بە عەرەبی وەرامی شاعیری داوەتەوە؟

هەر لەو شیعرەی خۆمدا کە ئێستا باسم کرد و پێشتریش لە شیعری دیکەدا، من سیـمبۆلی یووسوف و زولەیخام بە کار هێنـاوە، بێ ئەوەی ناچار بم چیرۆکەکەیان بگێڕمەوە. خوێنەرێکی شارەزا و خوێنەوار کە شیعرەکە دەخوێنێتەوە یەکسەر بیری دەچێت بۆ ئەو چیـرۆکـە و لە چوارچێوەی تێگەیشتن و دارشـتنەوەی شـیـعـرەکـەدا جێگەی دەکاتەوە. کاری ڕەخنەگری لێهاتوویش ئەوەیە ئەو پێوەندییە ئاشکرا بکات و بەرچاوی خوێنەر ڕووناک بکاتەوە. لەم جێیـەدا دەبێ ئەوە باس بکەم کە هاوڕێیانی نووسـەر کاک حـەمەسـەعید حەسـەن و کاک پشکۆ نەجمـەددین، کاتێ لەسـەر دیوانی پێشووترم (هەموو ڕازی من ئاشکرایە و هەموو ئاشکرای تۆ ڕاز) نووسیبوویان، زۆر هۆشیـارانە و شـارەزایانـە ڕەمزەکانیـان دەسـتنیشـان کردبوو و پاژە پێکهێنەکانی زمانی شیعرەکانیان لێک دابووەوە.

قـەیرانی هـەرە گەورە و دەردی بێـدەرمـانی ئەمـڕۆی شـیـعـری کـوردی (و ئەدەبی کـوردی بە گشـتی) زمـانە، زمـانی کـوردی. من ئێسـتـا بـاسی ئەو لایەنانەی زمـانی کوردی ناکەم کـە دەگەڕێنەوە بۆ ڕێزمان و ڕێنووس و سـینتاکس، بەڵکە باسی لایەنی جـوانی و هونـەریی زمـانەکـە دەکـەم. زمـانی شـیـعـریی ئەمـڕۆ زمـانێکی بێـپـێـز و یەکتـوێژەیە، زمـانێکە لە دەیـان لایەنی جوانی مـێژوویی و فکری بێبـەشـە، زمـانێکە کـەلەپچـەی کـراوەتە دەست و کـۆت و پـێبــەندی لە پێ کـراوە و بواری ڕاکـردن و هەڵپـەڕینی لێ سـتێنراوەتـەوە. بە زمـانێکی وەها شـیـعـری گەورە و تێکسـتی گەورە نانووسرێت. دەوڵەمەندیی زمان هەر ئەوە نییە وشە و زاراوەی زۆرت هەبێت. ئەوەیان ڕەنگە بـۆ نووسـینی وتارێکی زانسـتی، بۆ لێکۆڵینەوەیەک یارمـەتیت بـدات، بەڵام بۆ نووسینی تێکستێکی ئەدەبیی داهێنەرانە، شیعر یـا چیرۆک، دەبێ زمان لە ڕوویەکی دیکەوە دەوڵەمـەند بێت. دەبێ وشە و دەربڕینەکان هێندە بارگاویی خەیاڵ و فانتازی و لایەن و توێژ بـن کـە بێن بە هانای بچـووکـترین بیـرەوە، بتـوانن وێنـەی ڕەنگدار و بۆندار دروست بکەن. بەشێکی گـەورەی ئەم بێهێـزییـەی زمـانی کـوردی تاوانی ئەو نووسـەر شـاعـیـرانەیە کـە نەیانتـوانیـوە وزە نەپەنی و شـاراوەکـانی زمـانی کـوردی بدۆزنـەوە و بە کـاری بـبـەن. لەناو شـاعـیـر و نووسـەرانی ئەمـڕۆی کـوردسـتـاندا

کەمینەیەکی یەکجار کەم دەستەڵاتیان بەسەر زمانی کوردیدا دەشکێت و دەتوانن بە شێوەیەکی بەرز و هونەرمەندانە بیخەنە گەڕ.

واتە: فەرهاد شاکەلی لە شیعرەوە ڕووی کردە زمان و لە زمانەوە بۆ فیکر. لەم سێ تەوەرەدا لە کوێدا خۆت بە تەواوی دەبینیتەوە و لە کام بەشیان هەست دەکەی بە تەواوی لە ماڵی خۆتدای؟

شاکەلی: زۆر چاکە کە دنیای زانست و داهێنان وەک دنیای ڕاستەقینەی بەرچاو نییە. لە دنیای زانستدا کەس بەرۆکت ناگرێ داوای ناسنامە و بەڵگەی پەڕینەوە و هاتوچۆت لێ بکات. پیاو خۆی دەبێ بزانێت، ئایا دەتوانێ سەر بەو دنیایەدا، بەو سەرزەوینەدا بکات یا نە.

شیعر هەر لە منداڵییەوە لەگەڵمدا بووە و پێکەوە گەورە بووین. زمانیش بە ڕاستی هەر لە تەمەنی لاوێنییەوە حەزم لێ بووە، بەڵام ئەو دەوروبەرەی من تێیدا ژیاوم، ئەو پەروەردەیە و ئەو سیستێمی خوێندنەی ئێمە وەک منداڵی کورد هەمانبوو، بە هیچ جۆرێک بۆ فێربوونی زمان هاندەر نەبوون. من درەنگێ لە هەندێ لایەنی تەکنیکیی زمان و فێربوونی زمان تێگەیشتم. ئەگەر زووتر، ئەگەر لە تەمەنێکی گەنجتردا، ئەو زانیاری و هۆشیارییە زمانەوانییەی ئێستام هەبووایە، خۆمم فێری ١٠–١٢ زمانی تازە دەکرد. زمانەوانی، یا زمانناسی، شتێکی دیکەیە. زمانناسی زانستی پێکهاتەی زمانە، هەر زمانێک بێت. پێت دەڵێت زمان چۆنە و بنەما و قانوونەکانی کارکردن و گەشەکردنی چۆنن و چین؟ پێت دەڵێت سیستێمی بەشە جیاوازەکانی چۆنە.

لە سەرەتای هەشتاکاندا، لە زانستگەی ئوپسالای سوێد، دەستم کرد بە خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستی. بێجگە لە سێ زمانی زیندووی ئێرانی (فارسی، بەلووچی و تاجیکی)، هەندێ لە زمانە کۆنەکانی ئێرانیشم خوێند (فارسیی باستانی، پەهلەوی، پارسی و ئاڤێستا). ئەمە یارمەتییەکی زۆری دام بۆ تێگەیشتن لە پایە و ڕەگوڕیشەی زمانی کوردی و وشەی کوردی. هەر ئەو خوێندنە وای لێ کردم لەگەڵ زمانناسیدا ئاشنایەتییەکی زیاتر پەیدا بکەم. پێشتریش شارەزای دیالێکتی کرمانجی بووبووم. ئەم زانیارییانە زەوینەیەکی باش بوون بۆ من تا لەبارەی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردییەوە بگەمە کۆمەڵێ بۆچوون کە دەکرێ ئەو بەرەڵایی و ئاژاوەیەی لە زمانی

کوردیدا تەشەنەی کردووە، چارەسەرێکی بۆ دابنرێت.

دواتر هەر بە هۆی کاری زانستییەوە لەگەڵ تەسەووفدا ئاشنایەتیی زانیاریم پەیدا کرد، ئەگەرنا پێشتریش بە هۆی بنەماڵەکەمانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ تەسەووفدا هەر هەبووە. ئەم جارە دەستم کردە خوێندنەوەیەکی قووڵ و چڕوپڕ لەبارەی مێژووی تەسەووف، بنەماکانی، ناودارانی، ئەدەبی تەسەووف و گەلێ لایەنی دیکەی تەسەووفەوە. تۆ کە تەسەووف بخوێنیتەوە، بتەوێ و نەتەوێ، لەگەڵ فکر و فەلسەفەدا ڕووبەڕوو دەبیتەوە، چونکە تیۆریی وەحدەت ئەلوجوود (وحده الوجود)ی ئیبن عەرەبی (١١٦٥–١٢٤٠) کۆڵەکەیەکی گرنگی تەسەووفە و تیۆرییەکی قووڵ و فرەلایەنەی فەلسەفەیە. ئەوەیش بوو بە سەرەتای ئاشنابوونم لەگەڵ فکر و فەلسەفەدا بە شێوە زانیاری و تیۆرییەکەی.

لێرەدا دەبێ ئەوەیش ڕوون بکەمەوە کە من نە بیریارم و نە فەیلەسووفم، نە فکر و فەلسەفەیشم ڕۆژێ لە ڕۆژان بە شێوەیەکی سیستێماتیک و بەرنامەڕێژ خوێندووە. من وەک خوێنەرێک کە حەزم لە فێربوونە، فەلسەفە دەخوێنمەوە و هەوڵی تێگەیشتنی دەدەم. ڕاستییەکەی من دژایەتییەک لەنێوان سێ بواری شیعر و زمان و فەلسەفەدا نابینم. بە پێچەوانەوە، ئەو سێیە لە زۆر ڕووەوە تەواوکەری یەکترن. ئەگەر مەسەلە خۆشەویستی بێت، باوەڕ بکە هەر سێ بابەتەکەم خۆش دەوێن، بەڵام شیعر لە دووەکەی دیکە لە ڕۆحمەوە نزیکترە.

واتە: "دەرزیئاژن" و "زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا" پڕن لە هێرش بۆ سەر بارودۆخی زمان و ڕێنووسی کوردی، لە وتارەکانی نێو ئەو کتێبانەتدا جۆرێک لە موتڵەقی و ڕەهایی هەیە لە بابەتی ڕەفزکردنەوە و هاوردنی خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر هەموو ئەو کارە زمانەوانییانەی کەسانێک لەم سەردەمەدا پێوەی سەرقاڵن، ناڕازیبوونی تۆ لەم بارودۆخە زمانەوانییەی ئێستا لە کەیەوە سەری هەڵداوە و چۆن بەو دەرئەنجامە گەیشتی؟

شاکەلی: تەنیا کتێبی دووەمیان لەبارەی زمانەوە نووسراوە. بابەتەکانی "دەرزیئاژن" پێوەندییەکیان بە زمانەوە نییە. بەڵام کتێبی "زمانی کوردی..."یش پڕ

نییە لە هێرش، بەڵکە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە بە ئامانجی پێشاندانی هەلومەرجی داتەپیوی زمانی کوردی و ئەو قەیرانانەی بەرۆکیان گرتووە و ئەوجاریش هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی پرۆسێسی گەشەکردنی زمانی کوردی بە شێوەی دیاکرۆنیک و سینکرۆنیک. ئەگەر بە باشی کتێبەکە بخوێنینەوە دەبینین باسی کاری زمانەوانیی هیچ کەسێکی ئەم سەردەمە ناکات.

نووسین و لێکۆڵینەوەکانی کتێبی "زمانی کوردی..." لە کات و سەردەمی جیاوازدا نووسراون. ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەو مەترسییەیە کە هەندێک کەسی یەکجار کەم هەستی پێ دەکات و بەشی زۆرینەی بەناو خوێنەوار و ڕووناکبیری کورد هەر ئاگایشی لێ نییە و ناشتوانێت تێی بگات. ئەو مەترسییە، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لە دڵی مندا دروست بووە، بەڵام لە سەرەتاوە هەر هەستێکی خۆڕسک و غەریزی (Instinctive) بوو. دواتر بە هۆی کاری زانستییەوە لە لایەنی جیاوازی کێشەکە ورد بوومەوە و گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئەمە خەتەرێکی یەکجار گەورەیە و هەڕەشەیەکی ڕووخێنەرە لە زمان و فەرهەنگی کورد.

تێکچوون و هەڵوەشانەوەی زمانی کوردی خۆی لە خۆیدا ناوەڕۆکی ڕاستەوخۆی نیگەرانییەکەی من نییە، چونکە ئەو دیاردەیە دەرئەنجامی جۆرێک بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتە کە زیان بە سەرتاپێی کۆمەڵی کوردەواری دەگەیێنن. ئەو بیرکردنەوەیە دەکرێ ناوی جۆراوجۆری لێ بنرێت: بێگانەپەرستی، خۆنزمبینی، خۆکەمبینی، خۆبچووکبینی، گرێی ڕۆژاوا یا هەرچییەکی دیکە. نووسەری ئێرانی جەلال ئال ئەحمەد پەنجا ساڵ لەمەوبەر ناوی نابوو (غرب زدگی). منیش پێی دەڵێم (ڕۆژاواپەرستی)، کە دیارە لە پشت ئەمەیشەوە بیرێکی دیکە هەیە بووەتە هۆی ئەوەی کەسانێک وەها بیر بکەنەوە.

لە بەشێکی زۆری نووسینە زمانەوانییەکانمدا من زیاتر نیگەرانی ئەوەم کە دەستەڵاتی سیاسیی کورد لە کێشەی زمان تێنەگەیشتووە و تا ئێستا وێنەیەکی تەواو لەبارەی ڕەوشی زمانی کوردییەوە لە بیرکردنەوەیاندا نەچەسپیوە. من پێم وایە ناکرێ مەسەلەیەکی وەها گرنگ و چارەنووسسازی وەک زمان بە جێ بهێڵین بۆ ڕێککەوت و وا بزانین لە خۆیەوە چاک دەبێت و کێشەکانی چارەسەر دەکرێن. زمانیش، وەک کاروباری ئابووری و عەسکەری و پیشەسازی و سیاسی، دەبێ

نەخشەی بۆ دابنرێت، دەبێ ئامانجە کاتەکی و ئامانجە ستراتیگییەکانی دیاری بکرێن و کاریان بۆ بکرێت. ئێمە دەبێ سیاسەتێکی فەرهەنگی و سیاسەتێکی زمانەوانیمان هەبێت، ئەگەرنا ئەو داهاتووەی بەرەو رووی دەچین، ناکرێ داهاتوویەکی رووناک بێت.

واتە: رێنووسی کوردی بە هەموو گرفتەکانیەوە کۆمەڵێک بەرهەمی باشی پاش راپەرینی بەرهەم هێنا، ئایا ئەو گرفتە رێنووسییانەی باسی دەکەیت هیچ لە جوانی و داهێنانی ئەو بەرهەمانە کەم دەکاتەوە؟

شاکەلی: ئەم پرسیارە دوو بابەتی تێکەڵ بە یەکدی کردوون کە زۆر پێوەندیداری یەکتر نین و رەنگە بگونجێ بە جیا باس بکرێن؛ بابەتی داهێنان و بابەتی رێنووس. راستە داهێنان لەبەر رێنووس پەکی نەکەوتووە. نەک ئێستا کە رێنووسی کوردی هەندێ بنەما و قانوونی بۆ دانراون، بەڵکە لەو سەردەمانەیشدا کە رێنووسی کوردی لەگەڵ رێنووسی فارسیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، دیسان شاعیرانی کورد داهێنانی خۆیان هەر پێشکەش کردووە. بەڵام ئەمە ئەو تیۆرییەیە کە بە شێوە میللییەکەی پێی دەگوترێت: ئاشی نەزان خوا دەیگێرێت. ئێمە ناتوانین زمان و بنەماکانی رێنووس و رێزمان بە جێ بهێڵین و بڵێین: دەی لێ گەرێ، خۆی چاک دەبێت! ئەرکی زمانزانەکان و دەستگا پەروەردەیی و زانستییەکان ئەوەیە زمان بخەنە سەر رێگەیەکی راست، بۆ ئەوەی خەڵک بە ئاسانی فێری ببن و خوێندەواری و زانیاری بە ئاسانی بڵاو ببێتەوە. ئێمە کە باسی زمان و گرنگیی قانوونەکانی زمان دەکەین، بیر لە چل پەنجا، یا دووسەد سێسەد نووسەر و داهێنەر ناکەینەوە، بەڵکە بیر لە نیو ملیۆن منداڵ دەکەینەوە کە لە پاییزدا بۆ یەکەم جار دەست بە خوێندن دەکەن. بیر لە یەک میلیۆن خوێندکار دەکەینەوە کە لە پلەی جۆراوجۆری سیستەمی پەروەردەدا خەریکی خوێندن و خۆپێگەیاندنن.

ئێمە ئەگەر لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەی رابوردوودا سیاسەتێکی فەرهەنگی و زمانەوانیی راستمان هەبووایە، ئێستا هەزاران کەسمان دەبوون کە بە کوردییەکی جوان و پاراو و راست بیانتوانییایە بنووسن و بخوێننەوە و قسە بکەن. ئێستا نووسین بە کوردی دەگەیشتە پلەیەکی بەرز لە رووی زانستی و هونەرییەوە. ئێستا

ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانی ئەم وڵاتە ئاوەها پڕ نەدەبوون لە هەزاران و ملیۆنان هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس. ئێستا کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی کوردستان وەها نەدەبوونە هۆی (تێکچوونی میزاجی کوردەواری)ی نەتەوەیەک. ئێستا کتێبی خوێندنگەکان، لە هەموو پلەیەکدا، ئاوا سەقەت و ناڕێک نەدەبوون. ئێستا لەناو وەزیر و جێگرەکانیان و بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا و لەناو بەرپرسە گەورەکانی دەستەڵاتدا چوار پێنج کەس دەبوون بتوانن بە کوردییەکی ڕەوان و لە پلەیەکی باڵادا قسە بۆ دەستگاکانی ڕاگەیاندن بکەن و زۆر شتی دیکەیش...

واتە: زمانی ستانداردی کوردی زمانێکە جێگەی هەموو شێوە جیاوازەکانی تری زمان دەگرێتەوە، بە ڕای تۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد تا ڕادەیەک شتێک نییە نزیک بێت لە خەیاڵ؟ زەمینەکانی هاتنەدیی ئەو خەیاڵانە زۆر سەختن، ئەمە بە چی دەبێتە واقیع؟

شاکەلی: نازانم ئەو پێناسەیەی لە سەرەتای پرسیارەکەتدا هێناوتە هیی کێیە؟ بەڵام هێندەی من بزانم نە زمانی ستانداردی کوردی و نە هیچ زمانێکی ستاندارد جێگەی شێوەزارەکان ناگرێتەوە و ئەوە بەشێک نییە لە ئەرک و لە تایبەتێتیی زمانی ستاندارد.

ئەگەر بە نیازی ڕوونکردنەوە، زمان لەگەڵ کۆمەڵدا بەراورد بکەم، دەتوانم بڵێم زمانی ستاندارد وەک دەوڵەت وایە. تۆ لە وڵاتێکدا ڕەنگە دەیان پارێزگا و ناوچە و خێڵ و تیرەت هەبن، بەڵام دەوڵەتی ناوەندی ئەو ڕێکخستنەیە کە ویستی هەموویان لە قەوارەیەکی کارگێڕی و سیاسیی یەکگرتوودا کۆ دەکاتەوە، دەبێتە نوێنەری هەموویان، ئەوانیش خۆیان بە بەشێک لەو دەوڵەتە دەزانن و بەشێک لە سەربەخۆییی خۆیان لەپێناوی یەکێتیی وڵات یا نەتەوەدا واز لێ دەهێنن بێ ئەوەی هەبوونی دەوڵەت ببێتە هۆی توانەوە یا لەناوچوونیان. زمانی ستاندارد شێوەی هەرە باڵا و ڕێکخراو و پێشکەوتووی زمانی نەتەوەیەکە، سەر بە هیچ ناوچە و خێڵ و تیرە و شێوەزارێک نییە، بەڵام هەموویشیان لە پەیدابوون و گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنیدا بەشدارییان کردووە و هەموویشیان بە هیی خۆیانی دەزانن، بێ ئەوەی زمانی ستاندارد ببێتە هۆی لەناوچوون و توانەوەی شێوەزارەکان.

دەزانم ئێستایش بەشێکی ڕووناکبیر و خوێنەواری کورد لەوە نەگەیشتوون، کە ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە و ساڵانێکە دروست بووە. ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە کە سەر بە هیچ ناوچە و دیالێکتێک نییە، بەڵام هەموویشیان لە دروستبوونیدا بەشدارییان کردووە. ئێمە کاتێک بە زمانی ستاندارد دەنووسین یا قسە دەکەین، تۆ ناتوانی بڵێیت ئەمە زمانی فلانە ناوچە، یا فلانە دیالێکتە. ئێستا ئەم نووسینەی من کە بە زمانی ستانداردی کوردی نووسیومە، لە هیچ شار و ناوچەیەکی کوردستاندا و لەناو هیچ خێڵ و تیرە و بنەماڵەیەکدا وەها قسە ناکرێت. بەڵام هەر کەسێکی کورد کە پلەیەکی خوێنەواریی هەبێت یا ئاشنای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بێت، دەتوانێ تێی بگات. بەشێکی یەکجار زۆری نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە ماڵ و شار و ناوچەی خۆیاندا بە شێوەی تایبەتی خۆیان دەدوێن، بەڵام کاتێک دەنووسن، کاتێک داهێنانەکانیان بە زمانی کوردی دادەڕێژن، کاتێک شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە دەنووسن و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا یا بە شێوەی کتێب بڵاویان دەکەنەوە، بەم زمانە ئەدەبییە ستانداردە دەنووسن و ئەم زمانە ستانداردە بە زمانی خۆیان دەزانن.

کەواتە ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە و تا ڕادەیەکی باش گەشەی کردووە و جێی خۆی کردووەتەوە. هەنگاوێکی گرنگ و پێویست لەم ڕووەوە ئەوەیە دەستەڵاتی سیاسی ئەم زمانە بکاتە زمانی ڕەسمیی حوکوومەتی کوردستان و دەستگا ڕەسمییەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی پەروەردە و بەو شێوەیەیش سنوورێک بۆ ئەو بەرەڵایی و ئاژاوەیەی سەرتاپێی زمان و فەرهەنگی کوردی گرتۆتەوە، دابنێت. بڕیارێکی وەها تەنیا هەر قەیران و کێشەکانی فەرهەنگ و زمان چارەسەر ناکات، بەڵکە هاوکاتیش دەبێتە هۆی بتەوبوونی هەستی نیشتمانپەروەری و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی.

واتە: بۆ ئەوەندە دژی گۆڕینی ئەلفوبێی ئێستای بۆ لاتینی، ئایا ترسەکەت لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێ؟ ترسی زمانەوانییە یا سیاسی یا شتی دیکە؟ لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆ و لەگەڵ هەندێ کەسانی بواری ڕاگەیاندن و زمانەوانی جەختیان کردووەتە سەر پێویستیی گۆڕینی ئەلفوبێی ئێستا بۆ لاتینی، هەروەها ئەو کەسانە ئەم

گـۆڕینـه بـه پێـویسـت دەزانن بـه هـۆی هـەندێ گـرفـتی تـەکنیکی لـه ڕووی بەکارهێنانی نۆرم و فـۆرمـەکانی زمـان لـه ئێسـتادا، تـۆ لـەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

شـاکـەلی: بیـری بەکـارهێنانی ئـەلفـوبێی لاتینـی بیـرێکه دژی فـەرهەنگ و زمـانی کـوردییـە، دژی شـارسـتـانەتیی کـوردە، دژی ناسنامـەی نەتەوایەتی و نیشـتـمـانیی کوردە. بیری بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بەرهەمی بیرکردنەوەی کورد خۆی نییە، بیرکردنەوەیەک نییە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانەکە یا پڕکردنەوەی پێویستییەکانی، بەڵکه بیری کەمالیزمـە، بیرێکه سەرچاوەیەکی ئیمپـەریالیستیی هەیە و بەشـێکه لە هێرشـی سیاسی و فەرهەنگیی ئیمپـەریالیزم بۆ تێکشکاندنی کەسایەتیی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و بۆ شـێواندنی ناسنامەی نەتەوایەتی. ئەوانەی بیری بەکـارهێنانی ئەلفـوبێی لاتینیـیـان هێناوەتە ناو گـەلانی ڕۆژهەڵاتـەوە، لەپێناوی خـزمـەتکردن و پێشـخسـتنی زمـانی ئەو نەتەوانەدا ئـەم کـارەیان نەکردووە، بەڵکه بۆ مـەبەسـتـێکی سـیـاسی و ئـیـدیۆلۆگی، وەک بەشـێک لە هـەڵمـەتێکی سـیـاسـی و فەرهەنگیی ئیمپەریالیستانە، دەیکەن. ئێمـەی کورد بە هۆی ئەلفوبێی کوردییەوە، بە هۆی ئایینـەوە، بە هۆی فـەرهـەنـگەوە، بە هـۆی جیـۆگرافیـا و مێژووەوە بەشـێکین لە شارستانەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی و ئێرانی و بە هیچ شێوەیەک ناتوانین و نابێت دەستبەرداری ئەو پێوەندییە ژیاری و شـارسـتـانەتییـە ببین. ئەلفوبێی لاتینی هەموو ئەو پێـوەندی و خزمایەتییـە و هەمـوو بنەماکانی ناسنامـەی نەتـەوایەتیمـان هەڵدەوەشێنێتەوە و هیچیش لە جێگایاندا دانامەزرێنێت.

ئەگەر بـەکارهێنانی لاتینی دەرگایەک بێ بۆ تێکەڵبوون بە دنیـای پیشـەسـازی و تەکنیک و زانستی پێشکەوتوو، دەبوو بەشێکی زۆری گەلان و زمانان و وڵاتانی دنیا (چین، تایلاند، کۆریا، یۆنان، ئیسرائیل، ئەتیووپیا، جاپان، ئەریتیریا، عەرەب، ئێران، ئەرمـەنی، بەنگلادێش، پاکسـتـان، هندسـتـان، گورجـسـتـان...هتد) لـە نەتەوە هەرە دواکـەوتووەکانی دنیا ببوونایە، چونکە ئەمـانە هیـچیـان ئەلفـوبێی لاتینی بە کـار نـاهێـنن، بـەڵام دەزانین وا نـین. هـەندێک لـەو نەتـەوانـە، بۆ نمـوونـە جـــاپان، لـە ڕووی تەکنیک و زانسـتـەوە ئەوەندە پێشـکەوتوون کـە شـان لـە شـانی ئـەوروپا و ئەمـەریکا دەدەن. لە لایـەکی دیکەیشـەوە ئـەگـەر ئـەلفـوبێی لاتینی ئەو دەرمـانەیە کـە هەمـوو

دەردێک چارە دەکات، خۆ زمانی وەک سواحیلی و سۆمالی (دوو زمانی ئەفریقایین) بە ئەلفوبێی لاتینی دەنووسن، بەڵام نە بوون بە ئەوروپایی و نە پێش کەوتن و نە لە دەردەکانیان ڕزگاریان بوو.

کورد ئەلفوبێیەکی هەیە کە نزیکەی هەزار ساڵە پێی دەنووسێت و بە کاری دەهێنێت. ئەم ئەلفوبێیە لەم ماوە دوورودرێژەدا و لە ئەنجامی ئەزموون و وردبوونەوەی نووسەران و زمانزانانی کورددا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە؛ گەشەی کردووە، ڕێک خراوە و کێشەکانی چارەسەر کراون. ئەم ئەلفوبێیە گەنجینەیەکە هەموو بەرهەمی عەقڵ و هۆش و ئاوەز و بیرکردنەوە و داهێنانی مرۆڤی کوردی لە خۆیدا هەڵگرتووە و پاراستووە. ئێستا دەبێ چ هۆیەکی گەورە و گران هەبێت تا ئێمە بێین هەروا سووک و ئاسان دەسبەرداری ئەو ڕابوردووە ببین و هەموو گەنجینەی عەقڵ و هۆش و بیرمان بفەوتێنین و لە سفرەوە دەست پێ بکەین؟ بۆچی؟ لەپێناوی چیدا دەبێ ئێمە ئاگر بەر بدەینە هەموو سامانی هۆشەکی و عەقڵانیی خۆمان؟ بۆچی دەبێ ئەلفوبێی کوردی واز لێ بێنین لەپێناوی ئەلفوبێیەکی لاتینیدا کە پڕە لە هەڵە و ناتوانێت دەنگەکانی (فۆنێمەکانی) زمانی کوردی دەرببڕێت؟

من نازانم ئەو مامۆستایانەی جەنابت قسەت لەگەڵ کردوون کێن و بۆچی وا بیر دەکەنەوە؟ بەڵام دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم ئەو کوردەی پێی وایە دەبێ ئێمە واز لە ئەلفوبێی کوردی بهێنین و دەست بکەینە بەکارهێنانی ئەلفوبێی تورکی لاتینی یەکێکە لە دوو کەس: یا لە کرۆکی باسەکە تێنەگەیشتووە و ناتوانێت هەموو لایەنەکانی ببینێت و لێک بداتەوە، یا کەسێکە لە باسەکە گەیشتووە، بەڵام چونکە مێشکی شۆردراوەتەوە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ خزمەتی ئەو پرۆژە ئیمپەریالیستییە دەکات. کەسێک بە ڕاستی کوردیزان و زماناس و نیشتمانپەروەر و هۆشیار بێت، دژی بەکارهێنانی ئەلفوبێی تورکی لاتینی بۆ زمانی کوردی دەوەستێت و بەرگری لە ئەلفوبێی کوردی و فەرهەنگ و زمان و شارستانەتیی کورد دەکات.

لە کتێبی "زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا" بە دوورودرێژی ئەم باسەم شی کردووەتەوە و لێی کۆڵیومەتەوە، ئیدی پێویست ناکات لێرەدا بەڵگە و

بەڵگەکارییەکان دووبارە بکەمەوە.

واتە: کتێبی "کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە" بریتییە لە کۆمەڵێک نووسین و ئاخاوتنی فەرهەنگی و سیاسیی ئەمڕۆ و دوێنێی کولتووری کوردی، لە ٥ بەشی کتێبەکەتدا زۆر مەسەلەی گرینگت درووژاندووە، لە هەندێ لەو وتارانەدا باست لە فەلسەفەی کوردەواری کردووە، ئایا ئێمە بە ڕاستی خاوەنی فەلسەفەیەک و مێژوویەکی فەلسەفیی تایبەت بە گەلی کوردین، یاخۆ بوونی فەلسەفەی تایبەت بە ئێمە وەهمە؟

شاکەلی: با جارێ پێشەکی لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین کە فەلسەفە بە دوو مەعنای جیاواز بە کار دێت. واتایەکی سادە و گشتیی فەلسەفە ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕ و نەریت و فەرهەنگەیە کە کۆمەڵگەیەک یا تاکەکەسێک دەیکەنە ڕێنوێنی ژیانی خۆیان و ڕێگای ژیانی خۆیانی پێ ڕۆشن دەکەنەوە، یا دەیکەنە پێوەرێک بۆ لێکدانەوە و تەفسیرکردنی مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ژیان. بەم مەعنایە هەموو کۆمەڵگەیەک و ڕەنگە هەموو تاکەکەسێکیش فەلسەفەی تایبەتی خۆیان هەیە. تەنانەت کۆمەڵگە هەرە دواکەوتووەکانیش فەلسەفەیەکی خۆیان هەیە. واتای دووەمی فەلسەفە ئەو زانستەیە کە کۆمەڵێ بنەمای خۆی هەیە و مێژوویەکی هەیە و دەکرێ وەک هەر زانستێکی دیکە بخوێنرێت. هیچ پێویستیش ناکات بڵێین ئەوەی فەلسەفە دەخوێنێت فیلۆسۆفە یا دەبێتە فیلۆسۆف. دیارە هەم لە پرسیارەکەی تۆدا و هەم لە کتێبەکەی منیشدا فەلسەفە بەم مەعنایەی دووەمی باس کراوە.

لە دنیای ئەمڕۆدا ناتوانین بڵێین هەر نەتەوەیەک و هەر گەلێک فەلسەفەی خۆی هەیە. تەنانەت لە ڕابوردوویشدا کە باسی فەلسەفەی نەتەوە یا وڵاتی جیاواز کراوە، مەبەست ئەوە بووە کە کۆمەڵێ باوەڕ، یا کۆمەڵێ سیستێمی فکری لە ڕووبەرێکی جیۆگرافیی دیاریکراودا، یا لەناو نەتەوەیەکدا دەستی پێ کردووە، بەڵام دواتر هەموو بیرە فەلسەفییەکان بوونەتە سامانی مرۆڤایەتی. لەو بوارەدا باس لەوە دەکرێت بیریاران و فیلۆسۆفانی نەتەوەیەک یا وڵاتێک چەند بەشدارییان لە سامانی گشتیی فەلسەفە و فکری مرۆڤایەتیدا کردووە. تیۆرییەکی یەکجار گرنگی فەلسەفەی ئیسلامی، بۆ نموونە، تیۆریی (وەحدەت ئەلوجوود: وحدە الوجود)ی ئیبن عەرەبییە،

که له ئەندەلوسی سپانیا له دایک بووه و له وڵاتانی میسر و سووریا و تورکیا ژیاوه. ئەمڕۆ نەک تەنیا لە دنیای ئیسلامی، بەڵکە لە ڕۆژاوایش هەزاران کەس هەن کە باوەڕیان بە تیۆرییەکەی ئیبن عەرەبییە. دەیان هەزاریش هەن کە دەیخوێنن و لێی دەکۆڵنەوە. سەرچاوەی هەرە کۆن و گرنگی فەلسەفە، وەک دەزانین، یۆنانستانە. بەڵام ئەمڕۆ ئەوەندەی فیلۆسۆف لە ئاڵمانیا یا فرانسا یا هیندستان هەیە، سەدیەکی ئەوە لە یۆناندا نییە. فەلسەفەی کۆنی یۆنانی، ئێستا سامانی هەموومانە، هەر کەسێک لەم دنیایەدا پێی خۆش بێت دەتوانێت بیخوێنێت و فێری ببێت.

ئێمە کە باسی مێژووی بیر یا مێژووی فەلسەفە لای کورد دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە بزانین کورد، یا بیریار و فیلۆسۆفی کورد، ئەگەر هەبن، تا چ ڕادەیەک بەشدارییان لە دەوڵەمەندکردنی فەلسەفە و فکردا کردووە. پێم وایە هەردوومان لەسەر ئەوە کۆکین کە شتێک نییە ناوی فەلسەفەی کوردی بێت. گریمانەی پێش ئەو ئەنجامگرییە ئەوەیە بڵێین کورد فیلۆسۆفی نەبووە، واتە کورد بەرهەمهێنی فەلسەفە نەبووە، بەڵکە مەسرەفکار، خەرجکاری فەلسەفە بووە. هەندێ جار لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستانەوە دەگوترێ زەردەشت کورد بووە، یا سوهرەوەردی کورد بووە. ئێمە بەم قسانە، وەک سوێدییەکان دەڵێن، عاقڵتر نابین. بۆچی دەبێ زەردەشت کورد بووبێت؟ سوهرەوەردی ڕێی تێ دەچێت کورد بووبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە کە کوردیی زانیبێت. تەنانەت ئەگەر وایشی دابنێین توانیویەتی بە کوردی قسە بکات، بەڵام یەک دێڕ و یەک وشەیشی بە کودی نەنووسیوە. ئەو فەلسەفەی بە فارسی و بە عەرەبی زانیوە و خوێندووە و نووسیوە. ئیتر بۆچی دەبێ فەلسەفەی سوهرەوەردی موڵکی کورد بێت؟ ئەو فیلۆسۆفێکی موسڵمانی ئێرانییە. هیچ گرنگیش نییە سەر بە کامە نەتەوە بووە. سەیر ئەوەیە ئەو سوهرەوەردییەی دەمانەوێ بە زۆر بیکەینە کورد، بە فەرمانی دەستەڵاتدارێکی کورد، بە فەرمانی سەلاحەددینی ئەییووبی کوژراوە.

من لەو لێکۆڵینەوەیەدا، کورد و مێژووی بیر، هەوڵم داوە وەرامی ئەو پرسیارە بدەمەوە ئایا کورد تا چ ڕادەیەک ئاشنایەتیی لەگەڵ فەلسەفەدا هەبووە؟ ئەو کوردە خوێندەوار و ڕووناکبیرانەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا باس کراون، هیچ کەسێکیان فیلۆسۆف نەبووە، بەڵام شارەزای هەندێ بیر و تیۆریی فەلسەفی بوونە، بە پلەی

جیاواز و جۆراوجۆر. بەداخەوە ئەو لێکۆڵینەوەیە تا سەرەتای سەدەی بیستەم دەگرێتەوە. حەزم دەکرد لەسەری برۆم تا دەگاتە رۆژگای ئەمرۆمان.

واتە: ئاخاوتەیەکی سیاسی یا فەرهەنگی و فکریمان هەیە کە لەنێو خەڵکدا تەشەنەی کردبێت و بووبێتە هۆی بزاوتن و هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان؟ یاخود تا ئەم ساتەش بە دەست جوینەوەی وتارە سواوەکانی نیو سەدەی پێش ئێستەوە دەتلێینەوە؟

شاکەلی: دارشتنی پرسیارەکە هەستێکی وەهام پێ دەدات کە مەبەست ئیدیۆلۆگی یا سیستێمێکی فکریی پتەو و رێکوپێک بێت بۆ بەجۆشهێنانی خەڵک و دواتریش بۆ رێکخستن و بەرێوەبردنی کۆمەڵگەی کورد.

لە سەردەمی شەری رزگاریخوازانەدا، کە زۆرجار لە ئەنجامی داگیرکردن و چەوسانەوەی نەتەوایەتیدا دەست پێ دەکات، ئاخاوتەی فکری و فەلسەفی نەخشێکی ئەوتۆی نییە. جەماوەر و خەڵکی چەوساوە بیر لە شێوە و ناوەرۆکی پاشەرۆژ ناکەنەوە. ئەوان پێش هەموو شتێک دەیانەوێ رزگار بن و وڵاتەکەیان ئازاد بکەن. تۆ دەبینی لەو سەردەمانەدا ئەو حیزب و رێکخراوە سیاسییانەی زۆرترین خەڵک لە خۆیان کۆ دەکەنەوە، ئەوانەن کە لە رووی پارە و چەک و تفاقی لۆگیستیکییەوە دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوون، یا ئەوانەی کە سەرکردەی خاوەنکاریزمایان هەیە، یا پشتیوانییەکی دەرەکیی پتەویان هەیە. کەچی ئەو رێکخراوانەی خۆیان بە وردەکاریی ئیدیۆلۆگییەوە خەریک دەکەن، ئەگەرچی رەنگە بەرنامەیەکی روونتریشیان هەبێت، ناتوانن لەناو خەڵکدا تەشەنە بکەن و جەماوەر لە خۆیان کۆ بکەنەوە، تەنانەت ئەو جەماوەرەی کە ئەمان پێیان وایە بۆیان دەبنە باشترین رێبەر و پارێزەر. لە شۆرشی ئەیلوولدا (١٩٦١-١٩٧٥) یەک پارتی و یەک سەرکردە هەبوو، بەڵام لە شۆرشی تازەدا (١٩٧٦-١٩٩١) پارتی و گروی سیاسی زۆر بوون. لە هەموویان بەهێزتر پارتی و یەکێتی بوون، ئەگەرچی هیچ یەکێکیان بەرنامەیەکی فکری و ئیدیۆلۆگیی روونی نەبوو. لەو شۆرشەدا چوار گرۆی سیاسی هەبوون کە لە رووی فکر و بەرنامەوە لەوانی دیکە رێکوپێکتر بوون؛ کۆمەڵەی رەنجدەران، حیزبی کۆمونیستی عیراق، پاسۆک و بزووتنەوەی ئیسلامی، کەچی ئەمانە هەرگیز

نەیانتــوانی خــەڵکێکی زۆر بە لای خــۆیاندا ڕابکێــشن. ڕەنگە لەناو ئەو چوارەدا کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەوانی دی زیاتر سەرکەوتنی بە دەست هێنابێت و چووبێتە ناو خــەڵکەوە، بەڵام ئەو ســەرکــەوتنــەیان ئەنجــامی فکر و بەرنامــەکــەیان نەبوو، بەڵکە ئەنجامی ئەوە بوو کە لەگەڵ مام جەلال و لەگەڵ یەکێتی بوون.

ئەمـڕۆ، کـە لـە زۆر ڕووەوە لە ســەردەمی شــەڕی ڕزگــاریخـوازی جــیـاوازە، ئێـمـە سنوورێک یا هێڵێک نابینین پارتی و ڕێکخراو و گرۆ سیاسییەکان لە یەکدی جیا بکاتـەوە. جیـاوازیی فکری هەر ئەوە نییـە لەســەر کـاغـەز یا لە بەرنامـەی حـیـزبدا چەسپێنرابێت، بەڵکە کۆی هــەموو کردار و خەبات و بۆچوونەکانی حیزبێک دیاریی دەکـات. یـەکـێـتـیی نیـشـتـمـانیی کـوردســتـان، بۆ نموونـە، خـۆی بە پـارتیـیــەکی سـۆسـیـالدێمـۆکرات دادەنێت، بـەڵام بۆ منێک کە لـە سـوێد دەژیم و بەشـێکی درێژی تەمـەنی خـۆمم لە سـێبـەری سـیـسـتـێـمـێکی سـۆسـیـالدێمـۆکراتدا بردووەتە سـەر، زۆر زەحمەتە ئـەوە بسەلمێنم کە یەکێتی حیزبێکی سـۆسیـالدێمۆکراتە. یەکێتی هیچ لە پارتی دێمۆکراتی کوردسـتـان سۆسـیـالدێمـۆکراتتر نییـە و من جیـاوازییـەکی فکری لەنێـوان ئەو دوو هـێـزەدا نابینم. نـە پارتی و نـە یەکـێـتـی، هیــچـیــان بەرنـامــە و نەخشـەیەکی ڕوونی نییـە بۆ دامـەزراندنـەوە و بەڕێوەبردنی کۆمـەڵگەی کـوردسـتـانی عـیـراق، هـیچ فـەلسـەفـەیەکی سـیـاسـیی دامـەزراویان نییـە، هـەرچییـەکـیش دەڵێن و دەنووسن تەنیا هـەندێ ئیجتیهادی تاکەکەسییە.

دوو فکـر، دوو ئیـدیـۆلۆگی، لە کـوردسـتـانـدا دەیانتـوانی، یا دەتوانن، بەرنامــە و نەخـشـەی ڕوونیـان بـۆ پاشـەڕۆژی کـوردسـتـان هـەبێت؛ مـارکـسـیـسـتـەکـان و ئیسلامیستەکان. بەڵام لە کوردستانی ئەمڕۆدا ڕێکخراوێکی مـارکسیستی نییە. هێزە ئیسلامییەکانیش دوو نوختەی لاواز لە پێکهاتەی فکری و ڕێکخستنیاندا هەیە: لـە لایەکــەوە پـەرتەوازەن، لـە لایەکی دیکەیشــەوە ئەوەنـدەی خــۆیان بـە شــتــە بچکۆلـەکانەوە خـەریک دەکـەن، چواریەکی ئـەوە خـۆیان بـۆ باس و مـەسـەلە گـرنگ و چارەنووسسازەکان تەرخان ناکەن. ڕەنگە سۆسیالیزم وەک سیستێمێکی فکری و وەک مـۆدێلێک بۆ ڕێکخـسـتنی کـۆمـەڵایـەتی و ئابووری و سـیـاسی بتـوانێت لە کوردستانـدا پێگەیەکی هـەبێت، بەو مـەرجەی لە ڕووی تیـۆرییەوە کـاری بۆ بکرێت. لە کوردستـاندا ئاخاوتەی فکری و فەرهەنگی نەبووەتە بزوێنەری کۆمـەڵگە و جەمـاوەر.

بەڵام نایشکرێ بڵێین ئاخاوتەکانی ئەمڕۆ هەر ئەوانەی پەنجا ساڵ لەمەوپێشن. نەخشەی فکری و سیاسیی کومەڵگەی کوردستان لە زۆر ڕووەوە گۆڕاوە. ئێستا هەر ئەوە بەش ناکات بە ئاخاوتەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی یا ژێردەستەیی، کۆمەلانی خەڵک ببزوێنرێن، دەبێ ئاخاوتەیەکی ڕوونتریان پێشکەش بکرێت، دەبێ بەرنامەیەکی کۆنکرێت بخرێتە بەر دەستیان، دەبێ پێویستییە ماددی و ڕۆحییەکانیان بکرێتە بنەڕەت بۆ داڕێشتنی نەخشە و بەرنامەکانی داهاتوویان.

واتە: ڕووناکبیر و دەسەڵات دوو تێرمی زۆر جیاوازن، ڕووناکبیر خاوەنی ستراتیج و شێوازی کارکردنێکە کە جیاوازیی لە دەسەڵات هەیە، سنووری ئاخاوتەی سیاسی و ئاخاوتەی فەرهەنگیی ڕووناکبیران چۆن دەبینی، ئایا ڕووناکبیر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە تەواوی تەسلیم بە دەسەڵات نەبووە؟! یان ڕوویەکی سپیی بۆ خۆی هێشتووەتەوە؟

شاکەلی: لەبارەی ئەم بابەتەوە، ڕووناکبیر و دەستەڵات، زۆر گوتراوە و زۆر نووسراوە. سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوەی قووڵ لەو بارەیەوە نووسراون و بلاو کراونەوە. کێشەکە لە زۆر کاتدا و لە زۆر جێگەی ئەم جیهانەدا هەر یەک شێوەی هەیە. من خۆیشم لە نووسینەکانمدا چەند جارێک لێی دواوم. پێم وایە چاکترە ئەم باسە بە جێ بهێڵین بۆ کاتێکی تر.

واتە: لە وتارێکتدا دەڵێی ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە، ئایا ئەو هەموو شۆڕشە فەرهەنگییانەی کە لە دنیادا ڕوویان داوە هەر هەموویان بوونەتە مایەی سەرکەوتن؟ ئەگەر وەڵامەکە بە ئەرێ بێت، ئایا شۆڕشی فەرهەنگی لە چین لەسەر دەستی ماوتسی تۆنگ نەبووە هۆی هەژارکردنی گەلی چینی و لەناوبردنی ملیۆنەها خەڵکی چین، یان تۆ مەبەستت لە شێوە شۆڕشێکی نوێیە؟

شاکەلی: لێتی ناشارمەوە، من کە باسی شۆڕشێکی فەرهەنگی دەکەم، میکانیزمێکی ڕوونم لە بیردا نییە و نازانم شۆڕشێکی وەها چۆن جێبەجێ دەکرێت. شۆڕشی فەرهەنگیی ماوزەدۆنگ و شای ئێران (!) و موعەممەر قەززافی هەر هەموو

له سـەرەوە، لە ناوەندی دەسـتـەڵات خـۆیەوە جـار دراوە و ئەنجـامـەكـەیشی تەنیـا بەهێزكردنی دەستەڵات، پتەوكردنی ناوەند و پلیشانەوەی خەڵك بووە.

ئەو شۆڕشە فەرهەنگییەی من مەبەستمە لە ڕێگەی دەستەڵاتەوە جێبەجێ ناكرێت. لەوەیە هەندێ تاكەكەسی ناو دەسـتـەڵات، ئەگـەر بە چاوێكی دووربینانە تەمـاشـای داهاتوو بكەن، بتوانن نەخشێكیان لەو پرۆسێسەدا هەبێت. ڕووناكبیران، بەڵام تەنیا رووناكـبـیـرانـی جـیـددی، دەتوانن كـاری بۆ بكەن. هیـوای من ئەوەیە كـە چەمكە بنەڕەتییەكانی فـەرهـەنگەكەمان، ستراتێگیی نەتەوایەتیمان و تێگەیشتنمان لە مێژوو و لە شارستانەتی لە بنجەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت. ئەم گۆڕینەی من باسی دەكەم ئەوەندەی ڕێنێسانسە، ئەوەندە شۆڕشی فەرهەنگی نییە. هەر لەبەر ئەوەیش پێم وایە ڕۆڵی كـەسـانـی خـاوەنبـیـر، كەسـانی بیـریار، ڕۆڵێكی بنەڕەتیـیە. ڕوویەكی دیكەی ڕێنیسـانسێكی وەها ئەوەیە كە ڕووداوێكی درێژخـایێنە، كاتێكی زۆری دەوێت، ڕەنگە ژیانی دوو نەوەی پێویست بێت.

هەندێ نەتەوە سـەركـردەیەكی گەورەیان تێدا هەڵدەكەوێت و دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕینێكی بنەڕەتی لە پێكهاتەی فكری و سیاسی و ستراتێگییاندا. مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) پیـاوێكی ژیر بوو، سـەركـردەیەكی دووربین بـوو. بارزانی لە ماوەی پانزدە ساڵدا كوردی بەرەو ئەوە برد بیكاتە نەتەوە. ئەمە پرۆژەیەكی یەكجار گـەورە بوو. بەڵام پانزدە سـاڵ مـاوەیەكی كـەمـە. ئەگـەر بارزانی پانزدە ساڵی دیكە پێشەوای كورد ببووایە، دڵنیا بە ئێستا جیاوازییەكە جیاوازیی زەوی و ئاسمان بوو. كـێشـەكە ئەوەیە دوای كۆچی مـەلا مـسـتـەفـای بـارزانی هیچ هێـز و ڕێكخـراوێكی سیـاسی نـەیتوانی درێژە بە پرۆژەكەی ئەو پیـاوە بدات. من ناڵێم بارزانـی بیـریار یا فیلۆسۆف بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم پیاوێكی ژیر و سـەركردەیەكی مێژووكردی دووربین بوو.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمـاندا، كە سەركردایەتیی سیاسیی كوردسـتـان (ئێستـا باسی كـوردسـتـانـی عـیـراق دەكـەم) نە پرۆژە و نە سـتـراتێگیـیەكی وەهای هـەیە، دەبێ هیـوایـەكـمـان بەوە هـەبێت كـە بە هۆی بزووتنەوەیەكی فكرییـەوە، بە بـەشـداریی ڕووناكبیرە جیددی و دووربینەكان، ئامـانجێكی وەها بە دی بهێنرێ و پرۆژەیەكی وەها جێبەجێ بكرێ.

واته: پرسیارێک زۆر لە نووسەران و ڕووناکبیران ورووژاندوویانە و تۆش لەنێو وتارێکتدا بەناونیشانی "ئەدەبی کوردی لە تاراوگە" ئاماژەت پێ کردووە، ئەو پرسیارەش پرسیاری بوونی ئەدەبی تاراوگەیە، تۆ پێت وایە لە ڕووی فیزیکی و جیۆگرافییەوە جێگایەکی گرنگ بۆ ئەدەبی تاراوگە هەبێت، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو ئەدەبە لە ڕووی فۆرم و داهێنانەوە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەدەبی ناتاراوگەدا؟

شاکەلی: ئەم پرسیارەیشم لە نووسینێکمدا بە درێژا وەرام داوەتەوە.

واتە: کولتووری کوردی بە دەست ململانێی نوێگەرییەوە دەناڵێنێ، ئەو نوێگەرییەی لە بونیادی ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕوو دەدات بونیادێکی شلۆقە، ئەگەری دارمانی زۆری هەیە، کێ لەم شلۆقییە بەرپرسیارە؟

شاکەلی: فەرهەنگ، وەک زۆر کایەی دیکەی ژیانی نەتەوەیەک و وڵاتێک، دەبێ بەپێی ستراتێگی و بەپێی نەخشەیەکی دووربینانە کار بکرێ بۆ پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی. وەک چۆن نەخشەی درێژخایێن بۆ ئابووری، بۆ کاروباری عەسکەری، بۆ پێوەندیی دیپلۆماتیک، بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ دادەنرێت، دەبێ ئاوهایش نەخشە بۆ فەرهەنگ دابنرێ، ئەگەرنا فەرهەنگ لە خۆیەوە پێش ناکەوێت.

من ئەوە سی ساڵ زیاترە لە وڵاتێکی وەک سوێددا دەژیم و دەبینم چۆن کار بۆ فەرهەنگ و زمان دەکەن. دەیان دەستگا و دامەزراو و ناوەندیان هەیە بۆ ئەم ئامانجە. من خۆیشم ڕاستەوخۆ کارم لەگەڵ کردوون و لەو دەستگا و ناوەندانەدا پرسیان پێ کردووم و وەک ڕاوێژکار گوێیان لێ گرتووم.

لە کوردستانیشدا دەستگا و ناوەند زۆرن: زانستگەکان، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی فەرهەنگ، ڕاگەیاندنی پارتییەکان، ئەکادیمیای کوردی، یەکێتیی نووسەران و زۆر جڕ و جانەوەری دیکەیش. بەڵام ئەم دەستگایانە هیچ هاوئاهەنگییەک لەناویاندا نییە، چونکە دەستەڵاتی سیاسی ستراتێگی و نەخشەیەکی لەو بوارەدا نییە و بیری لێ نەکردووەتەوە. ئەنجامەکە ئەو ئاژاوە و گەڕەلاوژەیەیە کە دەیبینین.

ئەم نەخشــە و نەخـشــەكـارییــەی من لێـرەدا باسـی دەكـەم هیچ پێـوەندییــەكی بە تاكەكەسی داهێنەرەوە نییە. داهێنەر نابێتە بەشێك لە نەخشە و پلانی دەستەڵات. داهێنەر بۆ خۆی دەوڵەتێكە، دەستەڵاتێكی سەربەخۆیە و دەزانێت چۆن كاری خۆی ببا بە ڕێوە.

زەوینەی فەرهەنگیی ئێمە زەوینەیەكی لەرزۆكە؛ لە لایەكەوە چونكە پێوەندییەكی بتەوی لەگەڵ ڕابوردوودا نەماوە، لە لایەكی دیكەیشەوە لەبەر ئەوەی نەخشەیەكی زانستانە بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی لە ئارادا نییە. ئێستا بە هۆی پێشكەوتنی تەكنیكییەوە، تەكنیكی زانیاری، هێرش و داگیركردنی فەرهەنگی لە هێرش و داگیركردنی عەسكەری و سیاسی خێراتر ڕوو دەدات.

واتە: كۆمەڵە چیرۆكێكت چاپ كردووە بە ناوی (بۆنی تاریكی)، چاپی یەكەمی ساڵی ١٩٩٧ لە سوێد بوو، چاپی دووەمیشی ساڵی ٢٠٠٠ لە كوردستان. بە بیانووی چیرۆكی (قەحپە و شەهید) ئەم كتێبە لە كتێبخانەكان كێشرایەوە. كێشانەوەی ئەم كتێبە چ بیانوویەكی تری لە پشتەوە بوو بێجگە لەو بیانووەی سەرەوە؟

شاكەلی: من نازانم جەنابت ئەم دەنگوباسەت چۆن و لە كوێوە دەست كەوتووە. باوەڕ بفەرموو لە ماوەی دە ساڵی ڕابوردوودا ئەمە دووەم جارە گوێم لەم باسە دەبێت و نایشزانم ڕاستە یا نە؟ هەرچۆنێك بێت بە لامەوە گرنگ نییە و ساڵانێكی دوورودرێژیشە بە سانسۆر و بە دژایەتیی نافەرهەنگی ڕاهاتووم. ئێستاكەیش لە هەندێ جێگەی كوردستان و لای هەندێ دەستگای فەرهەنگی، ناو و بەرهەم و هەموو باسێكی من قەدەغەیە. خوێندكاری كورد دەناسم ویستوویەتی نامەی ماستەر یا دۆكتۆراكەی لەسەر شیعری من بكات، بەڵام ڕێگەیان پێ نەداوە. خوێندكار دەناسم دۆكتۆرنامەی لەسەر شیعری تازەی كوردی نووسیوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك ناوی منی نەهێناوە. ڕۆژنامە دەناسم كتێبی منیان بە دیاری بۆ بردوون، تەنیا وەك هەواڵێك بنووسن كتێبێكی فلانە نووسەر بڵاو كراوەتەوە، ناوی وەهایە و ئەوەندە لاپەڕەیە، كەچی یەك وشەیان لەسەر نەنووسیوە. خۆ هەر حیزبی بەعس نییە كە ڕەوتاری فاشیستانەی هەبوو، كوردیش دەزانێت فاشیستانە ڕەوتار بكات.

کتێبی "بۆنی تاریکی" بۆچی لە کتێبفرۆشییەکان کێشراوەتەوە، باوەڕ بکە نازانم و ئاگادار نیم. زۆریشم پێ سەیرە ئەگەر شتێکی وا ڕووی دابێت، چونکە ئەو چیرۆکانە هیچ شتێکی وەهایان تێدا نییە دژی هێزێکی سیاسی نووسرابێت یا زیان بە لایەنێک بگەیێنێت. ڕەنگە تاکە لایەنی زیانبەخشی ئەو کتێبە ئەوە بێت کە من نووسیومە.

واتە: (بۆنی تاریکی) کۆمەڵە چیرۆکێکی گرینگە لە بواری چیرۆکی کوردیدا، کەچی زۆر بە بێدەنگی ڕۆیشت، ئەوەی من ئاگادار بم تەنیا (جەبار جەمال غەریب) نووسینێکی لەبارەوە نووسی، ئەم بارە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

شاکەلی: من هیچ ڕوونکردنەوەیەکی مەنتیقیم لا نییە. لەبارەی کۆمەڵەچیرۆکی "بۆنی تاریکی"یەوە نامەوێ هیچ بڵێم، بەڵام تۆ خۆت لە پرسیاری پێشووتدا وەرامێکی ئەم پرسیارەت داوەتەوە: بێدەنگەکردن لەو چیرۆکانە لەبەر ئەوەیە کە نەگەیشتوونەتە دەست خوێنەری کورد. کتێبەکە هەمووی کراوە بە عەرەبی، ئەگەرچی هێشتا چاپ نەکراوە. هەندێ لە چیرۆکەکان کراون بە تورکی، ئیتالیایی، سوێدی و ئینگلیزی. چاپە ئیتالییەکەی وەک کتێب چاپ کراوە و لەسەریشی نووسراوە. هەر لەبارەی چاپەکەی ئیتالیاوە ڕانانێکی باش لە ڕۆژنامەی (الحیاة)دا بڵاو کرایەوە. هیوادارم بتوانم جارێکی دیکە کۆمەڵەچیرۆکی "بۆنی تاریکی" لە کوردستان بڵاو بکەمەوە و بیگەیێنمە دەستی خوێنەری کورد.

واتە: ئەم شاعیرانەی خوارەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا بە پلەی یەکەم شاعیرن و ناوەناوە چیرۆکیشیان نووسیوە و چیرۆکی گرینگشیان هەیە وەک: ( سەلاح شوان، دڵشاد مەریوانی، سەلام محەمەد، فەرهاد شاکەلی....تاد)، ئایا بیروڕای ڕەخنەییت لەبارەی ئەم حاڵەتەی نووسینە چییە؟ هەردوو، شیعر و چیرۆک دوو ژانری هونەریی سەربەخۆن، ئایا هیچیان دەبێتە ئەڵتەرناتیفی ئەوی دی؟

شاکەلی: بە ڕاستی من خۆم بە چیرۆکنووس نازانم و چیرۆکنووسیش نیم. لە

پێشەکیی کتێبی ''بۆنی تاریکی''یشدا ئەوەم نووسیوە. هەندێ هەست و هەڵچوون، هەندێ ئەزموونی مرۆڤ هەن کە لە چوارچێوەی شیعردا جێیان نابێتەوە، ناچار دەبێ دەفری دیکەیان بۆ بدۆزینەوە. منیش هەر وام کردووە.

ئەگەر شاعیر چیرۆک بنووسێت، یا چیرۆکنووس شیعر بنووسێت، هیچ شتێکی سەیر نییە. ڕاستت دەوێ ئێستا ئەو سنوورە ئەستوورەی نێوان شیعر و پەخشان نەماوە. داهێنان وەک لافاو وایە، کە هات، ''کە دەکا هاژە لەسەردا''، خۆی ئاوەڕۆ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و پرس بە کەس و بە هیچ دەستەڵاتێک ناکات.

لەناو نووسەرانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتیشدا زۆر هەن کە لە دوو یا سێ بواردا دەنووسن. من خۆم پێم وایە نووسەر هێندەی بتوانێت، چاکترە لە بواری کەمتردا بنووسێت. بەڵام ئەم خۆ سنووردارکردنە ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ نووسەرێکی کورد کە لە لایەکەوە ئاگاداری ئەدەب و فەرهەنگی پێشکەوتووی دنیایە و لە لایەکی دیکەیشەوە دەبینێ فەرهەنگی زمانەکەی خۆی چەندە پاشکەوتووە و چەندە پێویستی بەوەیە دەوڵەمەند بکرێت.

واتە: لەناو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردیدا ئاماژە بە سێ گرووپی ئەدەبی دەکرێت: یەکەم: گرووپی (ڕوانگە) کە پێک هاتووە لە جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی. دووەم: گرووپی (کفری) کە پێک هاتبوو لە لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی. سێیەم: گرووپی (پێشڕەو) کە پێک هاتبوو لە جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵا، سەباح ڕەنجدەر، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج، عەباس عەبدوڵا یوسف. هەریەک لەو گرووپانە وا هەست دەکەیت کۆکراوەی شارێکن و بە شێوەی جیاجیاش دژایەتی کراون، بەڵام لە ئەنجامدا گرووپ ناتوانێت ببێتە هێز و پاڵپشتێک بۆ داهێنان. (داهێنان) هێزی ڕۆحی تاکە. ئایا گرووپ زیان بە داهێنان دەگەیەنێت، یان بە پێچەوانەوە؟

شاکەلی: ئەو نەخشە ئەدەبییە دەبوو گرۆی نووسەرانی بادینانیشی تێکهەڵکێش بکرایە، تا وێنەکە تەواوتر بێت. ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە. فاکتۆری جیۆگرافی ڕۆڵێکی ئاشکرای هەبوو لەم بوارەدا. ئەگەر من و لەتیف هەڵمەت هەر لە منداڵییەوە،

یا لە سەرەتای لاوێنییەوە یەکدیمان نەناسیایە، نەدەبووینە هاورێی وەها نزیک و دواتریش بەیانی شیعریمان پێکەوە دەرنەدەکرد. ئەوانی تریش دیارە هەر وەها بوونە.

لە کوردستانی سەرەتای حەفتاکاندا پێوەندیی ئەدەبی و فەرهەنگی لەناو شار و ناوچەکانی کوردستاندا زۆر گەرم و رێکوپێک نەبوو. ئەگەر باری فەرهەنگیی ئەو سەردەمە ئاسایی ببووایە، دەبوو دروستبوونی گرۆ و تاقمە ئەدەبییەکان بەپێی نزیکیی بیرکردنەوە، بەپێی تێگەیشتنی هونەری و ئێستێتیکی بێت، نەک لەسەر بنەمای ناوچە و شار و هاورێتی.

هەبوونی گرۆی ئەدەبیی جۆراوجۆر و بڵاوکردنەوەی بەیانی ئەدەبی و مانیفێستی شیعری دیاردەیەکی ئاسایی و باوە لە هەموو جیهاندا، بە تایبەت لە تەمەنی لاوێنیدا و لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا. بەڵام نە گرۆی ئەدەبی و نە بەیانی شیعری، نووسەر و شاعیر و داهێنەر دروست ناکەن. لەوەیە هەندێ جار گرۆ و خۆبەستنەوە بە گرۆوە ببێتە بارگرانییەک بۆ نووسەری داهێنەر.

لە رۆژاوا کە گرۆی ئەدەبی دروست دەبێت، لە پێش هەموو شتێکدا نزیکیی بیر و روانینی ئەدەبی و ئێستێتیکیی ئەندامەکانی گرۆیەکەیە، یا ئەو سەکۆیە، ئەو تریبیۆنەی پێکەوە دایدەمەزرێنن، دەبێتە هۆی یەکگرتنیان. بەڵام بەزم و رەزمی گرۆ و گرۆکاریی وڵاتی ئێمە لەسەر ئەو بنەرەتانە هەڵنەچنراون.

واتە: ئەو شێوازەی کە لەتیف حامید، سەدرەدین عارف، ئەحمەد شاکەلی لە چیرۆکی کوردیدا هێنایانە ناوەندی رۆشنبیری کوردی، زۆر بە روونی خۆیان لە چیرۆکی پێش خۆیان و دەوروبەریان جیاکردەوە، ئایا بۆچی ئەوان بەردەوام نەبوون؟ یاخود بۆ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کەفوکوڵیان نیشتەوە و بەرەو نەمان چوون، دەکرێت ئەم چیرۆکانەی بەم شێوازە نووسران وەک داهێنانی قۆناغێکی دیاریکراو ئاماژەیان پێ بدرێت؟

شاکەلی: ئەو سێ چیرۆکنووسە لە بواری تازەکردنەوەی چیرۆکی کوردیدا لە پێشەنگەکانن. ئەوان پێش چیرۆکنووسەکانی دیکە هەستیان بەوە کردبوو کە دەبێ چیرۆکی کوردی بە شێوەیەکی تر بنووسرێت و دەبێ جیاواز بێت لە بەرهەمی

نەوەکانی پێشوو. بە ڕاستی من کەمتر ئاگاداری چیرۆکەکانی سەدرەدین عارفم، بەڵام چیرۆکەکانی خوالێخۆشبوو لەتیف حامید و ئەحمەد شاکەلی بۆ ئەو سەردەمە نیشانەی هۆشیارییەکی تەکنیکیی پێشکەوتوو بوون. من پێم وایە ئەو دووە ئەوەندەی بایەخیان بە فۆرم، بە تەکنیک دەدا، زۆر لەوە کەمتر بە لای ناوەڕۆکدا دەچوون. تۆ دەبینی فۆرمێکی، بۆ کاتی خۆی، یەکجار تازەبابەتیان لە چیرۆکێکدا بە کار هێناوە، بەڵام ناوەڕۆکیان بە جۆرێ سەرکوت کردووە کە خوێنەر کەمجار دەتوانێ تا کۆتایی لە خوێندنەوەی بەردەوام بێت. سیمبۆڵ و نیشانەیان هێندە بە چڕی بە کار دەهێنا کە هیچ ڕووناکییەک نەدەگەیشتە پێچەڵپێچەکانی ناوەڕۆک.

بەداخەوە لەتیف حامید لە تەمەنی لاوێنیدا کۆچی کرد، هێشتا سەرەتای ژیانی بوو، وەک نووسەرێک هێشتا سەرەتای داهێنان و بەخشینی بەرهەمی بەرز و جوان بوو. دووەکەی دیکەیش هەر زوو لە نووسین و بڵاوکردنەوە دوور کەوتنەوە. ئەو سێیە ئەگەر پانزدە بیست ساڵێکی دیکە بەردەوام ببوونایە، دڵنیام کاری بەرزیان پێشکەش دەکرد.

واتە: لە یەکێک لە نووسینەکانتدا گوتووتە ئەدەبی کوردی چیرۆکی جوانی تێدایە و لە ئاست ئەدەبی گەلاندایە، ئاماژەشت بە چیرۆکێکی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دابوو، ئایا پێوانەی تۆ بۆ بەجیهانیبوونی ئەدەب چییە؟

شاکەلی: بەجیهانیبوون لە دنیای ئەمڕۆدا هێندەی مەسەلەیەکی سیاسی و ئابوورییە، نیو هێندە هونەری و ئێستێتیکی نییە. سەرمایەداری و ئیمپەریالیزمی ڕۆژاوا ئەدەب و هونەر وەک هەر کاڵایەکی دیکەی بازاڕ تەماشا دەکەن و هەوڵ دەدەن بنەما و قانوونەکانی بازرگانیی بەسەردا بسەپێنن. بەشێکی فراوانی ماسمیدیا (دەستگاکانی ڕاگەیاندن)ی ڕۆژاوا لە ڕووی ئیدیۆلۆگی و هەڵسەنگاندنەوە، هەڵوێستێکی ڕەگەزپەرستانەیان بەرانبەر ئەدەب و هونەری نائەورووپایی هەیە و بە چاوێکی سووک تەماشایان دەکەن. ئەو ناوانەی لە ڕۆژاوا گەورە پێشان دەدرێن، زۆرجار شایانی ئەو ڕێزلێنانە نین. تەنانەت خەڵاتی نۆبێل هەندێ جار دەدرێ بە کەسانێک کە هەرگیز پێوەری هونەری و ئەدەبی نەکراوەتە بناخە بۆ هەڵبژاردنیان.

دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ئەوانەی خەڵاتی نۆبێل وەردەگرن لە نیوە زیاتریان لەبەر هۆی دیکەی نائەدەبی و ناهونەری خەڵات دەکرێن. کەواتە جیهانی و ناجیهانی دەکرێ لە ڕوانگەی جیاوازەوە تەماشا بکرێن.

ئەم ڕاستییەی من لێرەدا باسی دەکەم نابێ وا لێک بدرێتەوە کە ئەدەبی بەرز و چاک و جوان نییە، بێگومان هەیە، بەڵام کەمجار ئەوانەن کە بازاڕی ڕەگەزپەرستانەی ڕۆژاوا ڕووناکییان دەخاتە سەر. من کە باسی ئەدەب و داهێنانی بەرز دەکەم، کە باسی پلەیەکی جیهانی دەکەم، کۆمەڵێ پێوەری دیکەم لە بەرچاو گرتووە. بێگومان لە ئەدەبی کوردیدا تێکستی بەرز و جوان هەن، شیعریش و پەخشانیش، کە دەکرێ لەگەڵ تێکستە بەرز و بەناوبانگەکانی دنیادا بەراورد بکرێن.

کاک ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دۆستێکی خۆشەویست و چیرۆکنووسێکی هێژایە. ڕەنگە ڕەخنەم لە هەندێ بەرهەمی هەبێت، بەڵام ئەوە جێگەی خۆی هەیە کە ئێرە نییە. چیرۆکی "لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا" یەکێکە لە چیرۆکە هەرە سەرکەوتووەکانی نووسەر، بگرە یەکێکە لە تێکستە بەرز و جوانەکانی ئەدەبی کوردی. بیست ساڵێک لەمەوپێش ئەو چیرۆکەم تەرجەمەی زمانی سوێدی کرد و کردبوومە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن لە بەشی کوردیی زانستگەی ئوپسالا. تێکستە کوردییەکە و وەرگێڕانە سوێدییەکەیشی، هەردوویان دەخوێنن. ئەو چیرۆکە هەم بە تەکنیکێکی زۆر هونەرمەندانە نووسراوە، هەم ناوەڕۆکێکی جوان و بەرز و مرۆڤانەی هەیە. گەورەترین کارەساتی کوردستانی عیراق دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی یەک نیشانە، یا یەک وشەی سیاسی بە کار ببات، بێ ئەوەی بچووکترین ڕوونکردنەوە بداتە خوێنەر بە مەبەستی ڕاکێشانی بەزەیی، یا سەرنجی. پێشەکی و پاشەکیی چیرۆکەکە یەک تێکستە، تەنیا دوو سێ ڕستەیەکی لێ گۆڕیوە. بەڵام بەو گۆڕینە بچووکانە دوو دنیای جیاواز، دوو باری لەیەکنەچووی وێنا کردوون: ئاوەدانی و وێرانکردن، ژیان و مردن.

نموونەیەکی دیکەی بەرز لە چیرۆکی کوردیدا "لەپێناوی ئافرەتا"ی مامۆستا عەلائوددین سەججادییە. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە تازە نییە، بگرە هەندێ شتی تێدایە کە لە نرخی چیرۆکەکە دادەشکێنن، بەڵام تەکنیک و زمانی چیرۆکەکە یەکجار بەرزن و دەکرێ زۆریان لەبارەوە بڵێین. لە دوو سێ جێگەدا تەکنیکێکی سایکۆلۆگیی بە کار

بردووه کـە بۆ ئەو سـەردەمـە هەر بە ڕاسـتی دەگـمـەنـە. نموونەی دیکەیش هەن، چ شیعر و چ چیرۆک.

واتە: هەمـوو نووسـەرێک بە شـێـوازی تـایبـەتی خـۆی بەرەو هەقـیـقـەت دەڕوات، ئەو هەقـیـقـەتەی خـۆی تێی دەگات و وێنای کـردووە. ئایا داهێنان لە ناو هەقیـقەتدا لە دایک دەبێت؟ یان ئەو هـەقیقـەتە چییە کە تۆ لە ڕێگای نووسینەوە کۆششی بۆ دەکەیت؟

شاکەلی: نەک تەنیـا هەموو نووسـەرێک، پێم وایە هەموو کەسێک، هەمـوو مرۆڤێک بۆ ڕاسـتی دەگـەڕێت. ڕەنگە ئەوەی بە لای تـۆ و منەوە ڕاسـتـیـیـە، بە لای کـەسـێکی دیکەوە ڕێک پێچـەوانەکـەیەتی. ڕاسـتی چەمکێکی یەکـجـار ڕەها و مـوتڵـەقـە، بەڵام تێگەیشـتنی کـردارێکی ڕێژەیـی (نسـبی) و سنـووردارە. ئەوەی ئەمـڕۆ بە ڕاسـتـیـی ڕەهـای دەزانـین، دوای دە ساڵی دیکە نرخی خۆی دەدۆڕێنێت.

گـەیشـتن بە ڕاسـتی سـەرکـەوتنێکی گـەورەی ڕۆحی و مـەعنەوییـە، خـەبات و پڕووکـانێکی تەواوی پێـویسـتـە. ئەگـەر دۆزینـەوەی ڕاسـتی کـارێکی هێندە ئاسـان ببووایە کە زۆربەی خەڵک بە کـەمترین کۆشش و هەوڵدان پێی بگەیشـتنایە، پێم وایە ژیان و بەردەوامیـی ژیان هیچ تامێک و هیـچ نرخێکی نەدەبوو. من نـازانم ئەزمـوونی کەسانی دیکە چۆنە و چییە، تەنیا دەتوانم باسی هەندێ لایەنی ئەزموونی خۆم بکەم. لە کـاتێکدا بۆ ڕاسـتی دەگـەڕێین و ئەوپـەڕی هەڵپـە و پەلەقـاژەمـانە بۆ گـەیشتن. لە کـاتێکدا، وەک شـێـخ نووری دەڵێ: "بە کـێـوی سـەخـتی ژیانـا، بە پێ، بە چنگەڕنێ" خـەریکین هەڵدەزنێـین، چەندە تـووشی دەرد و ئـازار و پڕووکـان دەبـین، دە هێندەی ئەوەیش خـۆشـیـمـان پێ دەگات، خـۆشـیـیـەکی ڕۆحی، نەک مـاددی. ئـەو گـەڕانە، ئەو گـەشـتـە، زۆرجـار دەبێـتـە ئیلـهامـبـەخـشی هونەر و داهێـنانێکی ڕەسـەن، دەبێـتـە سـەرچاوەی بیری ڕێکخسـتنەوە و دامـەزراندنەوەی ئەم دنیایە، نەک هەر ئەم دنیایە، ئەم گەردوونەیش. تۆ کـە بە ئەوپەڕی هێز و وزە و توانسـتـەوە ڕێگات گرتووەتە بەر، لە ناوەوەی خـۆتدا جیـهـانێک هەیە دارووخـاوە و داری بەسـەر بەردیەوە نەمـاوە. تۆ لە جیـهانێکی فکری و ڕۆحیی وەهادا دەژییت، کە کەلاوەیـەکە، وێرانـەیەکە، جیـهـانێکە تووشـی بوومـەلەرزەیەکی سـامناک هـاتووە، بەڵام تـۆ دەتەوێ سـەرلەنوێ دروسـتی

بکەیتەوە، دەتەوێ دیسان دایبمەزرێنیتەوە، بەڵام بەگوێرەی مەرجە هونەری و فکری و زمانەوانی و جوانیناسییەکانی خۆت. تۆ دەتەوێ مەملەکەتێک جاڕ بدەیت، هەموو قانوونەکانی خۆت داتنابن، دەتەوێ چەمک و زاراوەکانی خۆت تێیدا سەردەست بن. بەشێکی یەکجار گەورەی هونەر و داهێنان، بە هەموو بوارەکانیەوە، دەربڕینی ئەو سەفەرە و ئەو جەزرەبە و پڕووکانەیە. شاکارە گەورەکانی دنیای نووسین بەشێکن لەو گەشتنامەیەی مرۆڤ، لەو "سیاحەتنامە" پانوپۆڕەی هەموومان لە نووسینیدا بەشداری دەکەین.

کێشەیەکی گەورە ئەوەیە چۆن بزانین ئەوەی پێی گەیشتووین ڕاستییە، حەقیقەتە؟ چۆن بتوانین تێبگەین ئەو جێگایە، ئەو نوختەیە، ئەو ڕاستییە دواهێڵی سنوورە و ئیتر لەوە بە دواوە چۆڵەوانییە و پێویست ناکات بۆ هیچی دیکە بگەڕێین؟ دڵنیابوونی موتڵەق یەکجار دەگمەنە.

من لە نووسینی دیکەمدا نموونەیەکم هێناوەتەوە کە ڕەنگە شایانی ئەوە بێت لێرەیشدا دووبارەی بکەمەوە. ئیبراهیم، دروودی خودای لێ بێت، پەیامبەر بوو، هەڵبژاردەی خودا بوو، دەیان نیشانە و بەڵگەی لە خوداوە پێ گەیشتبوو، کەچی هەر دەیویست خودا خۆی پێشان بدات. خودا لێی دەپرسێت: بینینی منت بۆ چییە؟ باوەڕت نەهێناوە؟ [أولم تؤمن؟]. ئیبراهیم دەڵێ: بەڵێ، باوەڕم هێناوە، بەڵام با دڵنیا بم [قال بلى، ولكن ليطمئن قلبي]. ئەو پێداگرتنەی ئیبراهیم ناباوەڕی نەبوو، گومان نەبوو، بەڵکە لاوازیی مرۆڤ بوو بەرانبەر گەورەییی بێسنووری خودا. کەچی ئیمامی عەلی، دروودی خودای لێ بێت، فەرموودەیەکی یەکجار بەرز و جوانی هەیە، دەڵێ: ئەگەر پەردەی سەر ڕازەکانیش هەڵدرێتەوە، دڵنیاتر، یا باوەڕدارتر، نابم. ئەوە ئیتر ئەوپەڕی بڕوا، ئەوسەری ئیمانە.

واتە: دەروێش عەبدوڵای شەمشاڵژەنی ناو شیعرەکانی گۆران و (قالە مەڕە)، چ هەستێکت پێ دەدەن لە حاڵەتی خرۆشانی نووسین و چرکەساتی وروژانی شیعریت؟

شاکەلی: تۆ پرسیاری مۆسیقام لێ دەکەیت [نەک میووزیک، بە زمانی ئەولادی ئەم عەسرە!]. بە ڕاستی من سالانی منداڵی و سەرەتای لاوێتیم لە دێیەکی بچکۆلەی

وەک (شـاکـەل)دا و لە نـاوچەیەکی هـەژار و دواکـەوتووی وەک گـەرمـیـاندا و لەناو بنەماڵەیەکی ئایینپـەروەردا بردووەتە سـەر. لەو ناوچەیەدا و لەو سەردەمەدا گۆرانی زیاتر دەبیـسـترا، نەک مـۆسـیـقـا. گۆرانی بە شـێوەیەکی زیندوو لە زەمـاوەندەکاندا دەبیسـترا. (هۆرەی جـافی) لەو ناوچەیە زۆر بـاو بوو. دەنگخـۆش و گـۆرانیبـێژیش هـەبوون، بۆ نموونە هەورامـی، کە بە مـیـوانی، یا بە هـۆی کـارەوە، ڕێیـان دەکەوتە لای ئێـمـە و گـۆرانییـان دەگـوت. جـاروباریش شـمـشـاڵژەن و ڕەبابەژەن دەهـاتنە ئەو ناوچەیە.

بە هـۆی پەیدابوونـی ڕادیۆوە بواری گـوێگرتن لە مـۆسـیقـا و گـۆرانی فـراوانتـر بـوو. ئەودەم هـونەری کوردی و عەرەبی پێکەوە کاریـان تێ دەکردین. من تا تەمەنی شانزدە ساڵان زۆرم پێ سـەیر بوو کە خەڵک حـەزیان لە گۆرانییەکانی (حـەسـەن زیرەک) بوو. بەڵام لەو تەمەنەدا چێژی گوێگرتنم گۆڕا.

ئێـسـتـا ئەوە سـیـوسێ سـاڵە لە ئەوروپا دەژیم. ئەگـەرچی جـاروبارێک گـوێ لە مۆسـیقـای ئەوروپاییش دەگـرم، بۆ نموونە یۆنانی، بەڵام گۆرانـی و مۆسـیقـای کوردی بەشـێکی یەکجـار گـرنـگ و وزەبەخشـی ژیانمە. مـۆسـیقـای ڕۆژهەڵاتیم بە گشـتی پێ خۆشـە: فارسـی، عەرەبی، هـندی، تورکی، چینی، بەڵام ئەوەی هـەرگیز لێی بێزار نابم، هـەرگیز ناتوانم لێی دوور بکەومـەوە گۆرانی و مۆسیقای کـوردییە. هـەر ئەم حـەزە بوو بە هـۆی ئەوەی کـە لەگەڵ هـەندێ لە هونەرمـەندە گەورە و نـاسـراوەکانی کـوردسـتـاندا ببـینـە دۆست و ئاشنا. زۆرجـار لـە کـاتی کـارکـردندا، لە کـاتی نووسـیـندا، گـوێ لە مۆسیقا دەگرم. بەڕاستی مۆسیقا، وەک شیعر و وەک جوانی، زمانێکە ڕۆحی مرۆڤ دەدوێنێت. گۆران زۆر جـوانی دەربڕیوە کە داوا لە دەروێش عـەبدوڵڵا دەکات: "دە ئەی دەروێش، سکاڵایـەک لەگەڵ ڕۆحی کلـۆڵم کە!" مـەولانا جـەلالوددینی ڕۆمـی پێی وایە نەی، شـمشـاڵ، چیرۆک دەگێـڕێتـەوە و ئەوەی دەیڵێ "ناڵەی جـودایی"یە: بشنو از نی چون حکایت میکند! واز جداییها شکایت میکند.

لە کـوردسـتـانی ئەمـڕۆدا هـونەری مـۆسـیـقـا و گـۆرانی برەوێکی باشـی هەیە و ناوچەیەکی فـراوانی ژیانی خـەڵکی گـرتووەتەوە، بەڵام ناتوانم بڵـێم هـەر لەبەر ئەوەی کوردییـە، ئیتر هـەمـووی چاکە و هـەمووی خۆشـە. بەشێکی یەکجـار زۆری ئەو گۆرانی و مـۆسـیـقـایەی لە کـوردسـتـان بەرهـەم دەهێنرێت هیچ پێـوەنـدییـەکی بـە هـونەر و بـە

چێژی کوردییەوە نییە. بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێ هونەرمەندی گەورە و لێهاتوو هەن توانیویانە چێژی کوردانە بپارێزن و هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردی پێش بخەن.

شیعری کلاسیکی کوردی پڕە لە باسی مۆسیقا و گۆرانی و دەنگی خۆش. هەندێ لە شاعیرەکان بە جۆرێک باسی مۆسیقا دەکەن، تۆ دەزانیت مەسەلە تەنیا حەزکردن نییە، بەڵکە لە شارەزایی و لێزانینەوە قسە دەکەن. لە "مەم و زین"دا، ئەحمەدی خانی وەک مۆسیقازانێک ناوی ئامێرەکان و پلە جیاوازەکانی دەنگ و پەردە دەهێنێت و تێرمەکانی مۆسیقا باس دەکات. مەلای جەزیری، نالی، مەولەوی، گۆران و زۆری دیکەیش ئەوەمان تێدەگەیێنن کە چەندە هۆگری مۆسیقا و دەنگی خۆش بوونە.

مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی نەک هەر لە شیعرەکانیدا باسی مۆسیقا دەکات، بەڵکە لە ژیانی ڕۆژانەیدا گوێی لە مۆسیقا گرتووە و زۆرجاریش ڕووی داوە کە لەگەڵ مۆسیقادا کەوتووەتە سەماکردن، ڕاستەوخۆ شیعری داناوە و بە دەنگ خوێندوویەتیەوە و خەڵکەکەیش شیعرەکانیان نووسیونەوە. لە هەندێ شیعردا مەولانا هێندە ئالوودەی مۆسیقایە کە لە باتیی وشە، لەباتیی ڕستەی ئاسایی، تەنیا کۆمەڵێ دەنگی ڕیز کردووە بۆ هاوئاهەنگیی کێشە عەرووزییەکان.

هەڤپەیڤین: سەلاح حەسەن پاڵەوان

واتە، ژمارە: ١، ئابی ٢٠١٠، لاپەڕە: ١٦٧-١٩١

## ئامادەكارانی دیمانەكان

ئاسی ڕەباتی:

دوای ناچاربوونی هاتنەدەرەوەم، سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ لە سوێد جێگیر بووم. هەر دوای تەقەتەقكردنێكی زمانەكە، لەگەڵ سێ هاوەڵی تردا نووسینگەی پیتچنینی "تارا"مان دامەزراند و بۆ یەكەمین جار لە بواری كۆمپیوتەریزەكردنی زمانی كوردیدا سەركەوتنمان بە دەست هێنا. خۆشبەختانە یەكەمین بەرهەممان ژمارە ٤–٥ی گۆڤاری مامۆستای كوردی فەرهاد شاكەلی بوو. ئەمە لە كاتێكدا لە كوردستان ڕۆنیۆش قەدەغە بوو. كۆتاییی هەشتاكان دە ژمارەی گۆڤاری "كۆچەر"ی منداڵان و پێنج كتێبی منداڵانمان دەركرد، كە بۆ ئەو كاتەی منالّی كوردی ئەوروپا ڕۆڵێكی كەمی نەبوو. ساڵی ١٩٨٦، گەرمەی شەڕی براكوژی، كتێبی (یەكێتی و تاڵەبانی و ...)م چاپ كرد. پاشان لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەكاندا دوو كتێبی نووسەری گەورەی سوێد ئەستريد ليندگرێنم وەرگێڕا و بڵاوم كردنەوە؛ "برایانی شێردڵ" و "نالەتووتە". ساڵی ٢٠٠٦یش فەرهەنگێكی قانوونیی سوێدی كوردیم چاپ كرد و ئێستایش لە بواری وەرگێڕاندا وەک موتەرجیمی قانوونی كار دەكەم.

هیوا قادر:

ساڵی ١٩٦٦ لە سلێمانی لە دایک بووە. لە كۆتاییی ساڵی ١٩٩٢ەوە نیشتەجێی سوێدە. خاوەنی ئەم بەرهەمانەی خوارەوەیە.

١ــ چاوەزەردەكان/ شیعر، ١٩٩١ سلێمانی.

٢ــ كڵاوەكەم پڕە لە باران و گوڵ/ شیعر، ١٩٩٤ ستۆكهۆڵم.

٣ــ ئاوێنە سەرابییەكان/ ڕۆمان، چاپی یەكەم، ١٩٩٦ ستۆكهۆڵم.

٤ــ كیشوەرێک لە خەون/ شیعر، ١٩٩٨ ستۆكهۆڵم.

٥ــ هەنار/ شیعر، وەرگێڕدراو بۆ زمانی سوێدی، ١٩٩٨ ستۆكهۆڵم.

٦ــ دوو كلووەبەفر/ چیرۆكی منداڵان، وەرگێڕدراو بۆ زمانی سوێدی، ١٩٩٨ ستۆكهۆڵم.

٧ــ سەفەرنامە، چاپی یەكەم، ٢٠٠٠ ستۆكهۆڵم.

٨ــ دوو كلووەبەفر/ چیرۆكی منداڵان، ٢٠٠٢ سلێمانی.

٩ــ سێوی سوور/ شیعر، ٢٠٠٤ هەولێر.

١٠ــ بۆنی شەراب لە هەناسەم دێت/ ئەدەبی نامە، ٢٠٠٦ سلێمانی.

١١ــ هاوڕێ نیگارکێشەکەم/ لینگا بۆینگا، ڕۆمان، وەرگێڕان، ٢٠٠٦ سلێمانی.

١٢ــ منداڵێک لەسەر مانگە/ ڕۆمان، ٢٠٠٧ سلێمانی.

فاتیح سەلام محەمەد:

لە ساڵی ١٩٦١ لە قەزای کفری، سەر بە پارێزگای کەرکووک لە دایک بووە. ئاستی خوێندنی تا پۆلی شەشەمی وێژەییە. لە سەرووی ناوەڕاستی حەفتاکانەوە خەریکی خوێندنە و هەوڵی نووسینی داوە. یەکەم شیعری لە تەممووزی ١٩٧٨دا و لە (پاشکۆی عێراق)دا بە ناوی (کوردستان)ەوە بڵاو کردۆتەوە. پاشتر لە دوای ساڵانی هەشتاکانەوە لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەوسای بەغدا شیعر و بابەتی ڕۆژنامەوانیی بڵاوکردۆتەوە: بەیان، هاوکاری، کاروان، ڕەنگین... تاد. لە بڵاوکراوەکانی شاخیشدا بەشدار بووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی وەک: گزنگ، نووسەری کوردستان، ئێزگەی گەلی کوردستان. یەکەم شیعرێک کە بۆ هەڵەبجە نووسرابێت شیعری (لە ئەسکڵی چاوەکانی هەڵەبجە)دایە کە هیی فاتیح سەلام بووە، پاش سێ ڕۆژ لە نووسینی لە شاخدا بڵاو کراوەتەوە .

دوای ڕاپەڕین لە ژمارە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە بووە بە پەیامنێری و تا پرۆسەی ئازادیی عێراق زیاتر لە (٣٠٠٠) دیدار و هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و بابەتی ڕۆژنامەوانیی بڵاو کردۆتەوە. بەشداریی لە چەندین کۆڕ و دیداری شیعریدا کردووە.

ئەندامی هەردوو کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە. جێگری سەرنووسەری هەفتەنامەی (زەنگ)ە کە بەربڵاوترین هەفتەنامەی گەرمیانە و لە کفری دەردەچێت. کۆمەڵە شیعرێکی بڵاوکراوەی هەیە بە ناوی (سووتانی ڕۆح) ساڵی (٢٠٠٤) و سێ کتێبی ئامادەی چاپن بە ناوی: میوان(کۆمەڵە شیعر)، ئەنفال و شەڕەکانی بەرگریی ئەنفال لە گەرمیاندا، ڕۆژنامەگەری.

خێزاندارە و چوار منداڵی هەیە بە ناوی: دلۆڤان، هزرڤان، دابان، هێلین. کارمەندی تەندروستییە لە نەخۆشخانەی کفری.

ڕەوشت محەمەد:

لە ساڵی (١٩٧٩) لە هەورامان لە دایک بووم. لە ساڵی ١٩٩٦ەوە پەیوەندیی توندوتۆڵ و

ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا هەیە. لەو ڕێگایەشەوە حەزێکی گەورەم بۆ ئەدەبی (تەسەووف و عیرفان)ی ئێرانی لا دروست بووە. کتێبێکی شیعریم بڵاو کردۆتەوە (دەمەویّ شتێک بگریم)، ساڵی ٢٠٠٥.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەفتەنامەی (کۆمەڵ) و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (خورماڵ)م. ئێستا خوێندکاری (زانکۆی ئیسلامیی بەغدا)م.

عەلی نارێنی:

ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی (نارێن)ی سەر بە قەزای کفری لە دایک بوومە. ساڵی ١٩٩٦ خوێندنی ئامادەییم تەواو کردووە و ساڵی ٢٠٠٤یش بەشی ئابووری، کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریم لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە سەرقاڵی خوێندنەوە و کاری ئەدەبیم. هاوکات کاری وەرگێڕانیش دەکەم. ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانم. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسم و بڵاو دەکەمەوە. لە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی هەرێمدا نووسین و شیعر بڵاو دەکەمەوە. زیاتر نووسینی ئەدەبی دەنووسم و یان وەردەگێڕم و بڵاو دەکەمەوە. ساڵی ٢٠٠٤ یەکەم کۆمەڵەشیعرم چاپ کردووە بە ناوی ( لە چاوەڕوانیی هاتنتدا). ئێستا جێگری سەرنووسەری مانگنامەی (خەڵک)م کە لە گەرمیان دەردەچێت.

عەزیز کەیخوسرەوی:

لە ساڵی ١٩٤٥دا لە یەنگیجەی سەر بە بۆکان لە بنەماڵەیەکی فەیزوڵڵابەگی لە دایک بووە و پاشان لە سەقز نیشتەجیّ بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە شارەکانی سەقز، مەهاباد، سنە و تاران تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٧٤دا لیسانسی ئەدەبییاتی لە تاران وەرگرتووە و بووە بە مامۆستای خوێندنگەی ناوەندیی دەبیرستانەکانی سەقز. لە ساڵی ١٩٧٦دا بۆ درێژەپێدانی خوێندن چووە بۆ پاریس و بووە بە خوێندکاری دۆکتۆرای ئەدەبییاتی تەتبیقی لە زانستگەی سۆربۆن. لە ساڵی ١٩٧٨دا گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و ماوەی دوو ساڵی دیکەیش درێژەی بە کاری خۆی داوە. لە ساڵی ١٩٨٠دا لە کار لا براوە. لە ساڵی ١٩٨٥دا بوو بە ئەندامی کۆمیسیۆنی ئامۆزش و زمانی یەکگرتوو لە یەکەمین کۆنگرەی مەهاباد. لە ساڵی ١٩٨٦دا لە گۆڤاری سروە دامەزراوە و چەندین نووسراوە و شیعر و وتووێژی لە سروە و گۆڤارەکانی دیکەی کوردی وەک: مامۆستای کورد، قەندیل، کولتوور، پێشەنگ بڵاو بوونەتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا بە خوێندنەوەی شیعر و وتار لە

کۆڕی شیعر و میهرەجانەکانی ورمێ، مەهاباد، سەقز و بانەدا بەشداریی کردووە.

فرات جەوەری:

نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەوانێکی ناوداری کوردە. لە ساڵی ١٩٨٠وە لە سوێد دەژی. یەکێکە لە نووسەرە هەرە چالاک و بەرهەمدارەکانی کورد و بەشدارییەکی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەب و زمانی کوردیدا کردووە. لە ماوەی دە ساڵدا، ١٩٩٢-٢٠٠١، سەرنووسەری گۆڤاری (نوودەم) بوو کە هەتا ئەمڕۆیش سەرچاوەیەکی گرنگی فەرهەنگی کوردییە.

فرات جەوەری کورتەچیرۆک و وتار و ڕۆمانیش دەنووسێت. بەشێک لە چیرۆکەکانی تەرجەمەی چەند زمانێک کراوە. یەکەمین ڕۆمانی جەوەری (پاییزا دەرەنگ)ـە کە باسی ژیانی تاراوگە و تاسەی نیشتمان و گەڕانەوە دەکات.

فرات جەوەری لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوێدە و ئێستا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری پێن PENی سوێدییە. فرات جەوەری تا ئەمڕۆ چوار کتێبی کورتەچیرۆک، یەک ڕۆمان، سێ دیوانی شیعر و ئەنتۆلۆگییەکی چیرۆکی کوردی (١٠٧٠ لاپەڕە)ی بڵاو کردووەتەوە و نزیکەی ١٥ کتێبی لە سوێدی و تورکییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە.

ئازاد عەبدولواحید:

لە ١٧-٥-١٩٥٨ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایک بووە. شەش ساڵی سەرەتایی لە بەغدا و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە. ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٩٤ لە کۆمەڵێ دەستگای جیاوازی کارگێڕیدا، لە هەولێر و سلێمانی، کارمەند بووە. هەتا ساڵی ١٩٩٦ ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستگای گوڵان، بەڕێوەبەری ڕادیۆی گوڵان و بەڕێوەبەری نووسینی حەفتەنامەی گوڵان بووە. لە ١٩٩٦ەوە و تا ئەمڕۆیش بەرپرسی یەکەم و سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان)ـە.

ئازاد عەبدولواحید تا ئێستا ١٦ کتێبی بڵاو کردوونەوە: ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیوانی ئەختەر و شێخ نووری شێخ ساڵح، وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ عەرەبی، لێکۆڵینەوەی شیعری نوێی کوردی، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، وەرگێڕانی چەند شانۆنامەیەک بۆ کوردی و کۆمەڵێ گفتوگۆی گرنگی فەرهەنگی و فیکری. سەدان وتار و لێکۆڵینەوە و تەرجەمەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە گرنگەکانی کوردستان و عیراقدا بە کوردی و عەرەبی بڵاو

کردوونەتەوە و ئێستا پێنج کتێبی ئامادەن بۆ چاپ.

مەحموود زامدار:

نووسەر و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوانێکی ناسراوی کوردستانە. ساڵی ١٩٤٤ لە هەولێر لە دایک بووە. لەناو ڕووناکبیراندا نەخشێکی پێشەنگانەی هەبووە و هەمیشە هاندەری وزە و داهێنانی لاوان بووە.

زامدار فەرهەنگی لەک و لوڕی بە کوردی ئامادە کردووە، چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر فۆلکلۆر و شیعر بڵاو کردوونەوە و کۆمەڵێ بەرهەمی لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە، دیارترینیان قەسیدەی (وێرانەخاک)ی ئیلیۆتە.

مەحموود زامدار وەک ڕۆژنامەنووسێکی چالاک جێدەستی بە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانەوە دیارە. لە گۆڤاری ڕاماندا، وێڕای ئازاد عەبدولواحید، دەیان گفتوگۆی گرنگی فەرهەنگی و فیکریی ئامادە کردووە و تا ئێستا سێ بەرگی وەک کتێب چاپ کراوە.

مەجید ئەحمەدی:

ناوم مەجید ئەحمەدییە، لە ساڵی ١٩٦٧دا لە گوندی کیوەرۆ لە ناوچەی بانە لە دایک بووم. لە ١٩٨٨دا هاتوومەتە سوێد و ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەم، پەری، و کوڕەکەمان، ئارام، لە ستۆکهۆڵم نیشتەجێین. لە سەرەتای نەوەدەکاندا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری دیدار بووم. دیدار لەلایەن "یەکێتیی لاوانی کورد لە سوێد"ەوە دەردەچوو و لە زۆربەی وڵاتاندا بڵاو دەکرایەوە. دواتر بە سەرهەڵدانی ئینتەرنێت تێکەڵ بەو جیهانە بووم و کاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیم زیاتر لەوێدا ڕەنگی دایەوە. لە بەهاری ٢٠٠٣دا بە هاوکاری لەگەڵ پەری هەفتەنامەی دیمانەمان لە ئینتەرنێتدا کردەوە و هەتا بەهاری ٢٠٠٧، بۆ ماوەی چوار ساڵ بەڕێوەمان دەبرد.

ئاسۆ گەرمیانی:

ساڵی ١٩٦١ لە گوندی (خدر وەلی: خدری زیندە)ی سەر بە قەزای دووزی ناوچەی گەرمیانی وڵاتی کەرکووک لە دایک بووە. قوتابخانەی سەرەتاییی لە دێی ئەلبووسەباح، یەکەم و دووەمی ناوەندیی لە قەزای دووز، ناوەندی و ئامادەییی لە کەرکووک خوێندووە. لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٩/ ٨٠ دا لە زانستگە وەرگیراوە و لە ماوەی چوار ساڵدا بەشی زمان و ئەدەبی کوردیی لە زانکۆی سلێمانی (دواتر زانکۆی سەلاحەددین) تەواو کردووە. لە

ساڵی ١٩٨٣/ ١٩٨٤ لە ڕێگەی ئێرانەوە هاتووە بۆ سوێد. دوو ساڵ زمانی سوێدیی خوێندووە و دواتر لە زانکۆی ئوپسالا، لە بەشی زمانە ئێرانییەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ زمانانی ئێرانیی خوێندووە. پاشان وەک مامۆستای زمانی کوردی لە ستۆکهۆڵم کاری کردووە. دواتر لە بەشی پێداگۆگیک لە زانکۆی ستۆکهۆڵم وەرگیراوە و ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەو بەشەدا. هاوکاتیش لە ڕێگەی زانکۆوە پەیوەندیی بە بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی زانکۆی سانت پێتەربۆرگەوە کردووە، لە ڕووسیا، و ئەوە نزیکەی ٤ ساڵە خەریکی ئامادەکردنی تێزێکی زانستییە لەسەر بەراوردێکی ڕێزمانی لەنێوان دیالێکتی فەیلی/ لوڕ و کرمانجیی خوارووە. لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوەدا تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ کردوون:

١ـ کورتە مێژووی کورد و کوردستان، ستۆکهۆڵم/ سوێد ١٩٩٢.

٢ـ ڕێزمانی کوردی بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی، ستۆکهۆڵم، سوێد ٢٠٠١.

٣ـ ڕێزمانی کوردی بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی، ستۆکهۆڵم/ سوێد ٢٠٠١.

٤ـ شاعیری کلاسیکی کورد (مەحوی)، چاپخانەی زانکۆ، ئوپسالا، سوێد ٢٠٠٤.

٥ـ دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ یان سستێمێکی فیدرالی، سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٤.

٦ـ گرنگیی زمانی دایک بۆ منداڵانی بیانی و دایک و باوکانیان (لێکۆڵینەوە، بە زمانی سوێدی)، زانکۆی ستۆکهۆڵم، سوێد ٢٠٠٧ .

٧ـ ئەلفبێی کوردی، ٢٠٠٥.

بێجگە لەم بەرهەمانە، کۆمەڵێک کتێبی دیکەی ئامادەن بۆ چاپ لە بوارەکانی شیعر، کورتەچیرۆک و پەروەردەدا.

هەڵۆ بەرزنجەیی:

لە ساڵی ١٩٦١دا لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی هەر لەوێ تەواو کردووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خۆشەویستیی وشەی کوردی لە دڵیدا چەکەرەی کردووە. تا ئێستا چ بە ناوی خۆی و چ بە ناوی دیکەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە سیاسی و فەرهەنگییەکاندا لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان کۆمەڵێ وتار و بابەت و وەرگێڕانی بڵاو کردوونەوە. لە ساڵی ١٩٨٥ەوە لە ئەڵمانیا دەژی. ئەم بەرهەمانەی بڵاو کراونەتەوە:

١ـ پەرژینی بێدەنگی (دیدار لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەددا)، سوێد ١٩٩٦.

٢ـ ژیان و جیهانبینی (دیدارێکی قووڵ و فراوانی فیکری و سیاسی و مێژوویی و فەرهەنگییە لەگەڵ مامۆستا مەسعوود محەمەددا)، چاپی یەکەم، بەرلین ١٩٩٩، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٩، چاپی سێیەم سلێمانی ٢٠٠١.

٣ـ پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن (دیدار و هاوپەیڤین لەسەر زمان و فیکر و فەرهەنگ لەگەڵ د. مارف خەزنەدار، لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلیدا)، سلێمانی ٢٠٠٥.

٤ـ ئاو، پرۆژەی گاپ... ئەڵقەیەکی تری کۆڵۆنیالیزمکردنی کوردستان، بەرلین ٢٠٠٤.

٥ـ کورد لە سەدەی بیستەمدا (بە زمانی ئەڵمانی، بە هاوکاری لەگەڵ چەند کەسێکی تردا)، بەرلین ٢٠٠٠.

حەمید ئەبووبەکر:

ڕۆژنامەوانە. خاوەن و دامەزرێنەر و سەرنووسەری حەفتەنامەی (بەدرخان)ـە کە ساڵانێک لە سلێمانی بڵاو دەکرایەوە و ئێستا لە هەولێر دەردەچێت.

سەلاح حەسەن پاڵەوان:

کاری نووسینی خۆم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨ کە یەکەمین چیرۆکم بە ناوی "تەرمی شەو" لە کۆواری بەیاندا بڵاو کردەوە. منداڵیم لە کەرکووک بەسەر برد و ساڵانی پڕ چوستوچالاک و دەستپێکردنی نووسینم بۆ پاش ساڵانی ١٩٩٤ دەگەڕێتەوە، یەکەمین جار ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەری هاوڕێم کۆوارێکی ڕەخنەییمان دەرکرد بە ناونیشانی "پرۆژە"، ئەو کاتە یەکەمین کۆواری ڕەخنەیی بوو، تا شەش ژمارەی لێ دەرچوو، یەکەمین کتێبم ساڵی ٢٠٠٣ چاپ کرد، کتێبێکی فیکری بوو بەناونیشانی "داهێنان و مەرگ"، ئەمە جگە لە چاپکردنی ٦ کتێبی تر لە بوارە جیاجیاکاندا. پاشان دەستم دایە کاری وەرگێڕان و کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەیی و فیکری و دەروونناسیم کرد بە کوردی، سەرەتا بە هەردوو زمانە عەرەبی و کوردی نووسینەکانم بڵاو دەکردەوە، بۆ وەرگێڕانیش لە عەرەبە و فارسی و چەند بەرهەمێکیشم لە ئینگلیزی و هۆڵەندییەوە کردووە بە کوردی، کۆمەڵی چیرۆکم ئامادەیە بۆ چاپ. لە سالی ١٩٩٧ەوە لە هۆڵەندا دەژیم.

# پێڕست


فەرهەنگی خۆڕووخێنی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا ........ 7
فەرهەنگی ئێمە زۆر لاوازە، زۆر لەدوایە ........ 13
چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ ........ 21
ئێمە پێغەمبەر نین بڵێین دوای ئێمە پێغەمبەری تر نایەت ........ 46
سۆفیزم بۆ من عەشقێکی زۆر گەورەیە ........ 54
شیعرا باش لسەر هوندورێ مرۆڤ دپەیڤە ........ 60
هەڵسەنگاندنی ڕابوردوومان بە عەقڵێکی سیاسییانە ئەنجام دراوە،... ........ 79
ساتەپشوویەک لە مەینەتخانەکەی شاکەلیدا ........ 132
پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن ........ 141
عەولەمە ئیدیۆلۆگییەکی دڕندە و نامرۆڤانە و دزێوە ........ 217
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بە گەوهەرێ ........ 234
لە کوردستانی ئەمڕۆدا هیچ سیاسەتێکی فەرهەنگی، لە هیچ ناوچەیەکی کارگێڕی و... ........ 251
ڕاستە، پیاوانی وەک گاندی و گیڤارا و ماندێلا پەیامبەر نین، بەڵام بەڕاستی... ........ 261
شیعر منی هەڵبژارد ........ 274
ئێمە پێویستمان بە شۆڕشێکی فەرهەنگییە، شۆڕشێکی ڕاستەقینەی فەرهەنگی ........ 277
ئێمە بووین لە سەرەتای حەفتاکاندا شیعری کوردیمان نوێ کردەوە ........ 286
– کوردیی خواروو زمانێکی ستانداردە. ........ 308
– لە هەموو کوردستاندا من تاکە دەستگایەکیش... ........ 317
– نە من وەک هیچ شاعیرێکی کورد دەوەستم... ........ 327
ئامادەکارانی دیمانەکان ........ 359